وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ۝٤

موعجیزه

به‌ڵگه‌كانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ئاماده‌كردنی
عه‌بدولره‌زاق ره‌زاق ئه‌حمه‌د

چاپی دووه‌م

١٤٣٧ك ٢٠١٦ز

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

موعجیزه

بەناو بانگەکانی پێغەمبەر ﷺ

(٣٠٠)موعجیزە لە موعجیزە گەورە و بەناوبانگەکانی پێغەمبەر ﷺ

ئامادەکردنی :
عەبدولڕەزاق ڕەزاق ئەحمد

چاپی دووەم

١٤٣٧ك ٢٠١٦ زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

* ناوی کتێب : موعجیزه‌ به‌ناوبانگه‌کانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)
* ئاماده‌کردنی : عه‌بدولڕه‌زاق ڕه‌زاق ئه‌حمه‌د
* ساڵی چاپ : ١٤٣٧- ٢٠١٦
* نۆره‌ی چاپ : دووەم
* شوێنی چاپ : هه‌ولێر ـ هه‌رێمی کوردستان
* چاپخانه‌ : هیڤی
* نووسینی کۆمپیوته‌ر : حمید رسول حمدامین (سینا کۆمپیوته‌ر-رانیه)
* هه‌ڵه‌چن : ڕێبوار علی همزه.
* ژماره‌ی سپاردن : ٦٩٢
* تیراژ : ١٠٠٠ دانه

له‌ تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی ئه‌م کتێبه‌ :

یه‌که‌م : پێکهاتووه‌ له‌ ٣٠٠ موعجیزه‌ له‌ موعجیزه‌ گه‌وره‌ و به‌ناوبانگه‌کانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ).

دووه‌م هه‌ر یه‌کێك له‌و موعجیزانه‌ خۆی له‌خۆیدا گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌و نیشانه‌یه‌ له‌سه‌ر ڕاستی و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌داره‌ (ﷺ).

سێیه‌م : مژده‌ده‌ر و دڵنیایی به‌خشه‌ به‌ دڵ و ده‌روونی بڕواداران.

چواره‌م : به‌ڵگه‌یه‌کی ئێجگار گه‌وره‌ و پته‌وه‌ بۆ ئه‌وانه‌ی که‌ له‌ ڕێبازی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره‌(ﷺ) دوورن ره‌وێنه‌ره‌وه‌ی گومان و دوو دڵی ناو دڵه‌کانیانه‌ .

لە بەرهەمە جوانەکانی موعجیزە:-

یەکەم : بۆ ئەوەی بڕوای بڕواداران زیاد بکا
دووەم : یارمەتیدان و سەرخستنی پێغەمبەر(ﷺ)
سێیەم : بۆ ئەوەی هەموو خەڵك ئەوە بزانێ کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە بە هەق و ڕاستی
چوارەم : وە بۆ بانگکردنی غەیری موسڵمانان تا بڕوا بێنن بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان(ﷺ) ئەوەش بۆ وەڵام دانەوەی ووتەی خوای گەورە کە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی

﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ۝٩﴾ الفتح (٨ – ٩)

واتە: بەڕاستی ئەی موحەممەد (ﷺ) تۆمان ناردووە بەشایەت و موژدەدەر و ترسێنەر بۆ ئەوەی باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەکەی بێنن و وەپشتیوانی لێ بکەن و ڕێزی لێ بگرن وەتەسبیحاتی خوا بکەن بەبەیانیان و ئێوارەاندا

خوێنەری بەڕێز :

لەم کتێبەدا ٣٠٠ موعجیزە لە موعجیزە گەورەو بەناوبانگەکانی پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (ﷺ) خراونەتە ڕوو لە چەندین بواری جۆراوجۆردا کەهەر یەکێک لەو موعجیزانە خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەو نیشانەیە لەسەر ڕاستی و دڕووستی پێغەمبەرایەتی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە (ﷺ) جا هیوادارم ئەم موعجیزانە زیاتر ببنە مایەی دڵخۆش بوون و پتەوبوونی بڕوای بڕوادارانو وەبەڵگەیەکی زۆر گەورەش بن بۆ ئەو کەسانەی کەلە ڕێبازی ئەم پێغەمبەرە دوورن ببنە هۆی ڕەواندنەوەی گومانی ناو دڵەکانیان و ناشنابوونیان بە ڕێبازی سەرفرازی و بەختەوەری ئایینی پاکی ئیسلام

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

دروود بۆگیانی پێغەمبەرمان موحەممەد (ﷺ) وەشوێن کەوتووانی بەگشتی تا ڕۆژی دوایی، پێغەمبەران کە خوای گەورە نارددوونی بۆ بەرەی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی ناشنایان بکەن بەڕێیازی سەرفرازی و بەختەوەری. خوای گەورە بەڵگەو نیشانەو موعجیزەی گەورەشی پێ بەخشیوون تاوەکو ببنە مایەی دڵنیایی بۆ خەڵك و گەورەترین بەڵگەشن بۆ ڕاستی و دروستی ئەو پەیام و بەرنامەیەی کەئەو پێغەمبەرانە ڕای دەگەیەنن، جا پێغەمبەری ئیسلامیش (ﷺ) کە کۆتا پێغەمبەرە کە خوای گەورە نارددوویەتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی وە لەدوای ئەو هیچ پێغەمبەری تر نایەن جا بۆیە خوای گەورە چەندەها موعجیزەی گەورەو ناوداری بەخشیوە بەو پێغەمبەرە هەموو یەکێك لەو موعجیزانە خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەو نیشانەن لەسەر ڕاست و دروستی پەیامی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە، وە خوای گەورە گەورەترین کتێبی خۆشی کە قورئانی پیرۆزە نارددوویەتی بۆ ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) کە پڕە لەموعجیزەی گەورە و پایەدار، وە هەموو ووشەو ئایەت و سورەتێکی ئەو قورئانە موعجیزەیەو سەلمێنەری ئەو ڕاستی یە گەورەیە کە خاوەنی ئەو قورئانە خوای زاناو کاربەجێ یە ئەم قورئانە هەواڵ دەدات لەچەندەها ڕووداوی گەورە کەوەك ڕۆ ژی ڕووناك ڕاست و دروستی قورئان دەسەلمێنن کە خوا خاوەنیەتی و نارددوویەتی بۆ پێغەمبەری ئیسلام تاکو

ببینته گه‌وره‌ترین موعجیزه بۆ ئه‌و پەیامه‌ی که‌ئه‌و پێغه‌مبه‌ره رای ده‌گه‌یه‌نێت.به پشتیوانی خوای گه‌وره چه‌ند نموونه‌یه‌ك له‌و بارەوه باس ده‌که‌ین:

قورئان دەفەرمووێ: ﴿ وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ ءَايَةٍ مِّنْ ءَايَٰتِ رَبِّهِمْ إِلَّا كَانُوا۟ عَنْهَا مُعْرِضِينَ ۝٤ فَقَدْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ ۖ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنۢبَٰٓؤُا۟ مَا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ۝٥ أَلَمْ يَرَوْا۟ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا ٱلْأَنْهَٰرَ تَجْرِى مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَٰهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنشَأْنَا مِنۢ بَعْدِهِمْ قَرْنًا ءَاخَرِينَ ۝٦ ﴾

الأنعام (٥- ٦)

واته: وەهەر به‌لگەو نیشانه‌یەك له‌به‌لگەو نیشانكانی په‌روەردگاریان بۆ بێت ئەوان ڕووی لێوەردەگێڕن به‌راستی كاتێك قورئانیان بۆهات به‌درۆیان دانا جا له‌مەو پاش بۆیان دێت هەواڵی ئەو شتانەی كەئەوان گاڵته‌یان پێوەدەكرد ئایا ئەیان دیومو ئەیان زانیوه له پێش ئەوانەوه چەند گەل و ئەوەمان له‌ناوبردووه دەسەلاتمان پێدابوون له‌زەوی داو به‌شێوەیەك كەبه ئێوەمان نەدابوو و بارانی پەیتا پەیتامان به‌سەرا باراندن وه جۆگەو ڕووبارەكانمان واڵ كردبوو كەبەبن باغ و كۆشكەكانیاندا دەڕوێشت له‌ناومان بردن به‌هۆی گوناهەكانیانەوه وەله‌دوای ئەوان دروستمان كرد گەل و ئەوەیەكی تر ، سوڕەتی (الانعام) له‌مەككه هاتۆته‌خوارەوه بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ،باسی بیرو باوەڕو تاك و تەنهایی خوای گەوره دەكات .ئەم سوڕەته له‌كاتێكدا هاته خوارەوه كه بانگەوازی ئیسلام تووشی ناخۆشی و حاڵەتێكی زۆر ناهەموار هاتبوولەكاتی نابڵوقەدانی موسڵمانان له‌لایەن قوڕەیشیه بت پەرستەكانەوه له شیوی ئەبوتالیب دا كرپن و فرۆشتنیان نەگەڵ نەدەكردن و له‌دووای ئەوەش ساڵی خەم و خەفەت هات كەئەبو تالیب و خەدیجەی خێزانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وەفاتیان

کرد هەر لەو ماوەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) ڕووەو تایف ڕۆیی سا بەشکو ببنە یارمەتی دەری لەسەر ڕاگەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی کەچی لەوێدا پێغەمبەریان بەرد باران کرد لەو بارودۆخە ناهەمواردا قورئان دڵنیایی ئەوە بەئیمانداران دەدات کە بێ باوەڕان تێك دەشکێن مژدەی سەرکەوتن و سەرفرازی دەدات بەبڕوادارانکە هەر وەك چۆن قورئان فەرمووی دەقاو دەق وەك ڕۆژی ڕووناك وادەرچوو.

وە هەروەها لە سورەتی (القمر) دا لەمەککە دەفەرموێ :﴿ أَكُفَّارُكُمْ خَيْرٌ مِّنْ أُولَٰئِكُمْ أَمْ لَكُم بَرَآءَةٌ فِى ٱلزُّبُرِ ﴿٤٣﴾ أَمْ يَقُولُونَ نَحْنُ جَمِيعٌ مُّنتَصِرٌ ﴿٤٤﴾ سَيُهْزَمُ ٱلْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ﴿٤٥﴾ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ وَٱلسَّاعَةُ أَدْهَىٰ وَأَمَرُّ ﴿٤٦﴾ ﴾ القمر (٤٢ — ٤٥)

واتە :ئایا کافرەکانی ئێوە نەی خەڵکی مەککە باشترن لەو گەلانەی کەباس کران یان ئێوە ئەمان نامەتان هەیە لە کتێبە ئاسمانیەکان دا کە سزا نادرێن یان دەڵێن کە ئێمە کۆمەڵێکی سەرکەوتووین و نابەزین بێگومان کۆمەڵەکەیان دەشکێنرێ و هەڵدێن بەڵکو بەڵێنیان ڕۆژی دوایی یە وە سزای ئەو ڕۆژە زۆر سەخت ترو تاڵ ترە ، کاتێك ئەو نایەتە هاتە خوارەوە عومەری کوڕی خەتتاب – ڕەزای خوای لێبێت وتی:ئەی پێغەمبەری خوا چ کۆمەڵێك تێك دەشکێن و شکست دەخۆن ؟ جا عومەر دەڵێ : لە جەنگی بەدردا پێغەمبەرم (ﷺ) بینی ئەم ئایەتەی دەخوێند جا ئەو جار لەمانای ئەو ئایەتەحاڵی بووم ،کەئەو جەنگی بەدرەدا ئیمانداران خوای گەورە سەری خستن و کافرە قوڕەیشی یەکانی بە شکانێکی زۆر خراپ تێك شکاند و بەڵێنی قورئان ڕاست دەرچوو . وەهەروەها قورئانی پیرۆز باس لەسەرئنجام و چارەنووسی خراپی چەند کەسێك دەکات و ئەم هەواڵ دانانە هەموویان دێنە دی ، چەند نموونەیەك لەو بارەوە قورئان باسی ئەبو لەهەب دەکات و دەفەرموێ : ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِى

لَهَبٍ وَتَبَّ ۝ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ۝ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ۝ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ مِّن مَّسَدٖ ۝ ﴾ **المسد** (١ -٥)

واته: لەناوچێ هەردوو دەستی ئەبو لەهەب وەلەناویش چوو، سوودی پێ نەگەیاند دارایی یەکەی و ئەوەی کەکردی لە دوژمنایەتی پێغەمبەر (ﷺ) بێگومان لەمەودوا دەچێتە ناوناگری بڵێسەدار لەگەڵ ژنەکەیدا کەهەڵگری دارو چاووگە بۆ ئانەوەی ئازاوە هەمیشە گوریسێکی بادراو لە پەڵی خورمایی ئاگرین وا لەگەردنیدا ،بوخاری و موسلیم لە عەبدوڵلای کوڕی عەببباسەوە گێڕاویانەتەوە دەڵێ : پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێکیان چووە سەر کێوی عەرەفەو هاواری کرد، پاشان قوڕەیش هەموو لێی کۆبوونەوەو ووتیان ئەوە چیتە ؟ چی ڕوویداوە ؟ فەرمووی پێم بڵێن ئەگەر هەواڵتان بدەمێ دوژمن ئێوارە یا بەیانی دەدەت بەسەرتانا ئایا باوەڕم پێ دەکەن ؟ ووتیان بەڵێ . فەرمووی دەمن ئاگادارکەرەوەی ئێوەم لە سزای سەختی قیامەت، پێغەمبەرم بۆسەر ئێوە، ئەبو لەهەب وتی: تیاچوون بۆتۆ بۆ ئانەمە ئێمەت کۆکردەوە ؟ جا خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند بەڕاستی ئانەوە موعجیزەیەکی گەورەیە ،ئەبو لەهەب سەرسەختترین دوژمنی پێغەمبەری خوا بوو و بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا بەربەست لەبەردەم بانگەوازی خوا دروست بکات و وەلەهەڵێکی هەرە بچووك دەگەڕا بۆ ئەوەی بیکات بەبەڵگە بۆ ئەوەی دژایەتی پێغەمبەرو بانگەوازەکەی پێ بکات کەچی قورئان لەبارەیەوە دادەبەزێ و هەواڵ دەدات کەئەبو لەهەب جێگای دۆزەخەو باوەڕ ناهێنێ کە قورئان لەمەککە هەواڵی تیاچوون و چوونە دۆزەخی پێ دەدات کەچی ئەبو لەهەب ماوەیەکی زۆر دوای دابەزینی قورئان لەبارەیەوە ،دەڵێ ئەبو لەهەب تا دوای جەنگی بەدریش هەر لەژیاندا مابوو،جا ئەگەر هاتباو ئەبو لەهەب ساتێك لەساتەکان وتبای خەڵکینە ئەها

موحه‌ممه‌د ده‌ڵێ خوا قورئانی له‌باره‌ی تۆوه ناردووه‌و هه‌واڵ ده‌دات که‌تۆ چاره‌نووست دۆزه‌خه ،به‌ڵام ئه‌وه من ڕای ده‌گه‌یه‌نم که ئیمان ده‌هێنم دێمه ناو ئاپینی موحه‌ممه‌د .

خوێنه‌ری به‌ڕێز ده‌زانی ئه‌گه‌ر وای وتبا خه‌ڵکی ده‌که‌وتنه گومان له‌باره‌ی قورئان و بانگه‌وازی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ڵام چونکه خوای گه‌وره قورئانی دابه‌زاندووه هه‌ر خۆی خاوه‌نیه‌تی به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ئه‌بو له‌هه‌ب هه‌رگیزاو هه‌رگیز قسه‌ی وای نه‌کردو هه‌رگیز ئیمانی نه‌هێنا وه هه‌میشه زیاتر سوورتر و به‌رده‌وام تر ده‌بوو له‌سه‌ردژایه‌تی کردنی به‌رنامه‌ی خوا تا سه‌ره‌نجام به‌کافری مردوو به‌ره‌و دۆزه‌خ ڕۆیی وه‌هه‌روه‌ها وه‌لیدی کوڕی موغیره دێته لای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئه‌ویش قورئانی بۆ ده‌خوێنێ به‌شێوه‌یه‌ك وه‌ك دڵی نه‌رم ببێ ، ئه‌وه به ئه‌بو جه‌هل گه‌یشته‌وه که برازای وه‌لید بوو ،به‌په‌له خۆی گه‌یانده لای و ووتی مامه خزمه‌کانت ده‌یانه‌وێ ماڵ و سامانت بۆ کۆبکه‌نه‌وه ووتی بۆچی ؟ ووتی تابت ده‌نێ چونکه تۆ چوویته لای موحه‌ممه‌د تا شتێکی لێ داوا بکه‌یت. وه‌لید ووتی :

خۆ قوڕه‌یش ده‌زانێ من سامانم له‌هه‌موویان زیاتره وتی : ده‌ی شتێك ده‌رباره‌ی موحه‌ممه‌د بڵێ تا به‌خزمه‌کانت بگاته‌وه که‌تۆ نه‌وت ناوێ وتی: جا چی پێ بڵێم؟ ده‌به‌خوا پیاوێکتان له‌ناودا نی یه که له شیعردا له‌من زاناتر بێ له‌من زیاتر له ڕه‌جه‌زو له قه‌صیده‌ی شیعرو له شیعره‌کانی جینن

شاره‌زاتر بێ ده‌ی به‌خوا نه‌وه‌ی ئه‌و ده‌ڵێ له‌هیچی له‌مانه ناچێ ده‌به‌خوا ئه‌و قسانه‌ی شیرینی یه‌کیان تێدایه‌و گه‌شاوه‌یی و جوانی یه‌کیان به‌سه‌روه‌یه سه‌ره‌تاو کۆتایی یه‌که‌شی پڕ له‌خێرو که‌ڵکی زۆره‌و ئه‌و به‌سه‌ر هه‌موو شتێکدا به‌رزتره‌و هیچ شتێك له‌و به‌رزتر نی یه هه‌ر چیش له‌ژێری دابێت تێکی ده‌شکێنێت ،ئه‌بو جه‌هل وه‌ك شه‌یتانێکی فێڵ باز وازی لێ نه‌هێنا تا ناچاری کرد ڕه‌خنه له قورئان بگرێ قورئان ده‌رباره‌ی دابه‌زی و هه‌واڵی دا که‌ڕه‌نجه‌ڕۆ ده‌بێ و ده‌چێته دۆزه‌خ ئه‌ویش ئیمانی نه‌هێناو به‌کافری مردوو به‌ڵێنی قورئان ڕاست

ده‌رچوو.ئه‌و ئایه‌تانه‌ی له‌بارەی وه‌لیده‌وه هاتن ئه‌مانه‌ن: ﴿ ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيدًا* وَجَعَلْتُ لَهُ مَالًا مَّمْدُودًا*وَبَنِينَ شُهُودًا*وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيدًا*ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ*كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيدًا*سَأُرْهِقُهُ صَعُودًا*إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ*فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ*ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ*ثُمَّ نَظَرَ*ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ*ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ*فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ يُؤْثَرُ*إِنْ هَذَا إِلاَّ قَوْلُ الْبَشَرِ*سَأُصْلِيهِ سَقَرَ*وَمَا أَدْرَاكَ مَا سَقَرُ*لا تُبْقِي وَلاتَذَرُ*لَوَّاحَةٌ لِّلْبَشَرِ*عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ﴾ المدثر (۱۰ – ۳۰)

واته : واز له‌من وئه‌وکه‌سه بێنه که‌دروستم کردووه به‌ته‌نها وه‌دارایی زۆرو زه‌به‌ندم پێ داوه وه‌کوزانی ئاماده‌و وه هۆی ژیانم بۆ ڕاخستووه به‌چۆن ڕاخستنێك وه دوای ئه‌مانه‌ش هێشتا به‌ته‌مایه زیاتری بده‌مێ نه چاوه‌ڕوان نه‌بێ به‌ڕاستی ئه‌و دەربارەی ئایه‌ته‌کانی ئێمه بێ باوەڕێکی که‌له ڕەقه به‌م زووانه سزای سه‌ختی پێ ده‌چه‌ژم چونکه بیری کرده‌وەو هه‌ڵی سه‌نگاند قسه‌که‌ی خۆی ،ده‌ك به‌کوشت چێ چۆنی هه‌ڵیسه‌نگاند و دووباره به‌کوشت چێ چۆنی لێکداوه‌ته‌وه له‌پاشان ته‌ماشایه‌کی کردو ئه‌وسا ناوچه‌وانی گرژو ڕووی ترش کرد ئینجا به‌فیزێکه‌وه پشتی هه‌ڵکرد جا وتی: ئه‌م قورئانه هیچی تر نی یه جادوویه‌ك نه‌بێ که‌وەرگیراوه ئه‌م قورئانه هه‌ر گوفتاری مرۆڤه ئه‌و که‌سه زوو ده‌یخه‌مه دۆزه‌خه‌وه تۆ چووزانیت که دۆزەخ چی یه ؟ناگرێکه هیچ ناهێڵێته‌وه ووازناهێنێ و به‌یه‌کەم هاڵاو پێست ڕەش ده‌کاته‌وه و ده یبرژ یٍنێ نۆزده فریشته ئه‌وه‌تان به‌سه‌ریه‌وه،وه ئه‌گه‌ر سه‌رنجی ژیانی پێغه‌مبه‌ر ی خوا بده‌ین چه‌نده‌ها که‌سایه‌تی زاناو پێگه‌یشتوو که‌به‌خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) گه‌یشتوون یان له‌دوورەوه وەسفی ئه‌ویان بۆ کراوه دانیان ناوه به‌ڕاستگۆیی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره نازیزمو به بینینی چه‌ند موعجیزه‌یه‌کی پێغه‌مبه‌ر موسڵمان بوو ون ،به‌پشتیوانی خوای گه‌وره چه‌ند نموونه‌یه‌ك له‌و بارەوەش باس ده‌که‌ین.

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نامه‌یه‌کی نووسی بۆ هه‌رقل پاشای ڕۆم به ﴿ دحية الكلبي ﴾ دا ناردی، دەقی نامه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌وه بوو:

بسم الله الرحمن الرحيم ﴿ مِن محمد عبدالله ورسوله الى هرقل عظيم الروم سلام على من التبع الهدى ....اما بعد فأني أدعوك بدعا ية الإسلام ،اسلم تسليم، أسلم يؤتيك الله أجرك مرتين،فأن توليت فأنك عليك اثم الاريسيين ﴿ يا اهل الكتاب تعالوا الى كلمة سوا ء بيننا وبينكم أن لا نعبد إلا الله ولا نشريك به شيئا ولايتخذ بعضنا بعضاً أربابا من دون الله فأن تولوا فقولوا أشهدوا بأنا مسلمون﴾.

واته: به‌ناوی خوای به‌خشنده‌ی میهره‌بان:له موحه‌ممه‌ده‌وه به‌نده‌و نێردراوی خوا بۆ هه‌رقل گه‌وره‌ی ڕۆم ،سه‌لام له‌سه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی که‌دوای هیدایه‌ت و ڕاستی ده‌که‌وێت له‌دواییدا :من بانگت ده‌که‌م به‌بانگه‌وازی ئیسلام، موسڵمان به سه‌لامه‌ت ده‌بی‌ومه‌سڵمان به خوا دوو پاداشتت ده‌داتێ ئه‌گه‌ر وانه‌که‌یت و پشت هه‌ڵکه‌یت ئه‌وا به‌ڕاستی گوناهی ئه‌و ڕه‌عیه‌ته‌ش له گه‌ردنی تۆدایه.

دحیه‌ی که‌لبی ده‌گاته بیت المقدس و نامه‌که‌ی ده‌داته ده‌ست هه‌رقل، دحیه ده‌ڵێ که‌نامه‌که‌م دایه فه‌رمانی کرد بۆم بخوێننه‌وه که‌بۆیان خوێنده‌وه برازایه‌کی سورو سپی چاوشینی هه‌رقل لایه‌وه دانیشتبوو تووڕه‌بوو ووتی :مه‌یخوێنه‌وه خاوەن نامه‌که ناوی خۆی پێش خستووه و نه‌شی ووتوه هه‌رقل پاشای ڕۆم به‌ڵکو ووتوویه‌تی گه‌وره‌ی ڕۆم هه‌رقل ووتی: بابیخوێنێته‌وه قه‌یناکات ئینجا هه‌مووی خوێندرایه‌وه به‌سه‌ر ئاماده بووان دا پاش ئه‌وه هه‌رقل هه‌موو ئاماده‌بووانی ناردە دەرەوەو ته‌نها (دحیه) و (ابن ناطور) ی هێشته‌وه ،هه‌رقل چه‌ند پرسیارێکی له دحیه کردو ئه‌ویش به‌چاکی وه‌ڵامی دایه‌وه دوای ئه‌وه له (ابن ناطور) ی پرسی تۆ ڕات چی یه به‌رامبه‌ر ئه‌و قسانه؟ ئه‌ویش ووتی :موحه‌ممه‌دی کوڕی عه‌بدوڵا به‌خوا ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌یه که ﴿ موسا ﴾ و ﴿ عیسا ﴾ مژده‌یان داوه به‌هاتنی ،وه ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌یه که

چاوەڕێی دەکەین هەرقل ووتی:جا تۆ دەڵێی چی بکەین باشە؟ (ابن ناطور) ووتی: من وای بەباش دەزانم کەبڕوای پێ بهێنین و شوێنی بکەوین،هەرقل بەبەڕێوەبەری خۆی ووت :هەموو شام بگەڕێ بەڵکو یەکێکم بۆ بدۆزیتەوە کە لەهۆزی ئەو پێغەمبەرە بێت بیهێنە بۆم ، پاش گەڕانێکی زۆر ئەبوو سوفیان و سی بازرگانیان لەشاری غەززە دۆزیەوەو بردیانن بۆلا هەرقل لە (بیت المقدس) هەرقلیش هەموو گەورە پیاوان و قەشەکانی بانگ کردو تاجەکەی کردە سەری و لەسەر تەختەکەی دانیشت،ئینجا ئەبو سوفیان و بازرگانەکانیان هێنایە بەردەمی هەرقل و لێی پرسین:ئێوە لەهۆزی ئەو پیاوەن کەخۆی بە پێغەمبەر دادەنێت؟ ووتیان بەڵێ ،هەرقل ووتی: کامتان خزمایەتی نزیکی هەیە لەگەڵیدا ؟ئەبوو سوفیان ووتی من خزمی نزیکی ئەوم،هەرقل ووتی خزمایەتیەکەت چی یە؟ئەبو سوفیان ووتی :ئامۆزامە ،چونکە ئەبو سوفیان و پێغەمبەر (ﷺ) لە باوکی چوارەم عەبدول مەناف بەیەک دەگەنەوە ئینجا هەرقل بە ئەبووسوفیانی ووت:کەبێتە پێشەوەو دانیشێ ئەوانی تریش لە پشتی یەوە دابنیشن ،ئینجا ووتی:من پرسیار دەکەم لەئەبوو سوفیان لەبارەی ئەو پێغەمبەرەوە ،ئێوە سەیری وەڵامەکانی بکەن،ئەگەر درۆی کرد لەگەڵم پێم بڵێن و درۆکەی بۆڕاست بکەنەوە ،ئەبووسوفیان لەحاڵێکی شڵۆقدا بوو ئەگەر بەڕاستی وەڵامی بداتەوە پڕوپاگەندەیەکی چاکە بۆ موحەممەد کەچەند ساڵە ئەجەنگێت لەگەڵیدا وە ئەگەر درۆش بکات سی کەس بەرپەرچی ئەدەنەوە لەدوایەوە و دوایی بەدرۆزن ناو دەردەکات،هەرقل ووتی هەوالی ئەو پیاوەم بدەنێ کەلەناوتاندا پەیدا بووەو دەڵێ پێغەمبەرە،

ئەبوو سوفیان ووتی:کەواتە بپرسە با وەڵامت بدەمەوە ،هەرقل ووتی:ئەسەبی موحەممەد چۆنە لەناوتاندا ئایا لەئەشرافتانە؟ ئەبوو سوفیان :بەڵێ : ئەو خاوەن ئەسەبە و لەئەشرافمانە،هەرقل ووتی:کەس پێشتر قسەی وای کردووە ئەم چاوی لێ بکات؟ ئەبو سوفیان ووتی :نەخێر،هەرقل ووتی:ئایا یەکێ لەباب و باپیرانی پادشا بووە لێتان زەوت

کردبێ ئێستا بیه‌وێ به‌و قسانه‌ی ده‌ستی بکه‌وێته‌وه؟ ئه‌بو سوفیان ووتی :نه‌خێر هه‌رقل ووتی: پێم بڵێ ئایا شوێن که‌وتووانی چۆنن ئایا نه‌شراف و گه‌وره پیاوان دوای ده‌که‌ون یان هه‌ژارو بێ نه‌وایان؟ئه‌بو سوفیان ووتی:هه‌ژارو بێ نه‌وایان شوێنی ده‌که‌ون له‌گه‌ڵ گه نجان و ژنان به‌ڵام گه‌وره پیاوان و سه‌رکرده‌کان که‌س شوێنی نه‌که‌وتووه ،هه‌رقل ووتی:ئایا شوێن که‌وتووانی زیاد ده‌بن یان که‌م؟ ئه‌بو سوفیان ووتی شوێن که‌وتووانی زیاد ده‌بن ،هه‌رقل ووتی: ئایا که‌س له‌شوێن که‌وتووانی له‌داخی خراپی دینه‌که وازی هێناوه؟ ئه‌بو سوفیان ووتی نه‌خێر ، هه‌رقل ووتی:ئایا دروٚتان لێ بینیوه پێش نه‌وه‌ی نه‌و قسانه بکات ؟ ئه‌بو سوفیان ووتی نه‌خێر ، هه‌رقل ووتی: ئایا غه‌در ده‌کات و په‌یمان ده‌شکێنێ ؟ ئه‌بو سوفیان ووتی نه‌خێر.هه‌رقل ووتی: ئایا شه‌ڕتان له‌گه‌ڵ کردووه ؟ ئه‌بو سوفیان ووتی به‌ڵێ ،هه‌رقل ووتی:شه‌ڕه‌که‌تان چۆن بووه له‌گه‌ڵی ؟ ئه‌بو سوفیان ووتی :جه‌نگ له‌نێوان ئێمه‌و ئه‌ودا به‌نۆبه بووه ،ئه‌و سه‌رکه‌وتووه به‌سه‌رماندا و جاریش بووه ئێمه سه‌رکه‌وتووین به‌سه‌ریدا ،هه‌رقل ووتی :فه‌رمانتان به‌چی پێ ده‌دات؟ ئه‌بو سوفیان ووتی :پێمان ده‌ڵێ ته‌نها خوا بپه‌رستن و هاوه‌ڵی بۆ بڕیارمه‌دەن،واز له قسه‌و ڕێبازی باب و باپیرانتان بهێنن وه ده‌ڵێ نوێژ بکه‌ن و ڕاستگۆ بن و داوێن پاك بن و خزم دۆست بن، پاش ئه‌و یازده پرسیاره ئینجا هه‌رقل به ئه‌بو سوفیانی ووت:

یه‌که‌م: پێت ووتم که مه‌حه‌ممه‌د نه‌سه‌بی هه‌یه تیاتاندا پێغه‌مبه‌رانیش هه‌روان چونکه له‌نه‌سه‌بێکی شه‌ریفی قه‌ومه‌که‌ی هه‌ڵده‌بژێردرێت.

دووه‌م: پێت ووتم که‌س له پێش ئه‌ودا شتی وای نه‌ووتوه جا ئه‌گه‌ر یه‌کێ پێش ئه‌و باسی پێغه‌مبه‌رایه‌تی بکردایه له‌ناوتاندا ئه‌م ووت موحه‌ممه‌د چاو لێکه‌ری که‌سێکه پێش خۆتان بووه.

سێ یەم : پێت ووتم کەس لەباب و باپیرانی پادشا نەبوون ئێوە لێی زموت بکەن، ئەگەر وابوایە دەم ووت موحەممەد داوای موڵکی باوکی دەکات لەڕێی پێغەمبەرایەتی یەوە.

چوارەم : پێت ووتم ئێوە دروٚتان لێ نەدیوە پێش ئەوەی باسی پێغەمبەرایەتی بکات وە من دەزانم ناگونجێ موحەممەد واز لەدروکردن بهێنێ ئەگەڵ خەڵکداو دروٚ بەدەم خواوە بکات بڵێ من پێغەمبەرم.

پێنجەم : پێت ووتم هەژارو بێ نەوایان شوێنی دەکەون ،جا شوێن کەوتووانی پێغەمبەران هەروان.

شەشەم : پێت ووتم کە شوێن کەوتووانی زیاد دەکەن وکەم ناکەن بەهەمان شێوە شوێنکەوتوانی پێغەمبەران زیاد دەکەن و کەم ناکەن و ڕوو لەزیادبێن هەتا کاری ئیمان دەگاتە جێ .

حەوتەم : پێت ووتم کەس لەشوێن کەوتووانی لەنابین ومرناگەڕێن پاش ئەوەی دینە ناوی ئیمانیش ناوەهایە ئەگەر تێکەڵ بەدڵ و دەروون بوو دەستی لێ هەڵناگیرێ .

هەشتەم : پێت ووتم غەدر ناکات و پەیمان ناشکێنێت ، پێغەمبەرانیش پەیمانشکێن نین .

نۆیەم : پێت ووتم کە فەرمانتان پێ دەکات بە خوا پەرست و هاوبەشی پەیدا نەکردن بۆی،وە جلەو گیریتان دەکات لە پەرستنی بتەکان و داواتان لێ دەکات ڕاستگۆ بن و داوێن پاک بن، پاش ئەو گفتو گۆیە هەرقل گەیشتە ئەو ئەنجامە حاشا هەڵنەگرە کە (موحەممەد پێغەمبەری خوایە) و وە ئەو پێغەمبەرەیە کە مژدە دراوە بەهاتنی لەلایەن پێغەمبەرانی پێش خۆیەوە.

بۆیە هەرقل بە ئەبو سوفیانی ووت :ئەگەر ڕاست بکەی لەوانەی کە پێت ووتم ئەوا ئەو ژێر پێیەی منیش دەگرێت ئەوانەی باست کرد سیفاتی پێغەمبەرن ومن دەمزانی کە دوا پێغەمبەر دێت وبەڵام گومانم نەدەبرد کەلەئێوە بێت و لای ئێوە دەربکەوێت وە ئەگەر بزانم دەتوانم

بگه‌مه لای به‌سه‌لامه‌تی نه‌وه ده‌چووم بۆ مه‌دینه بۆلایی و به‌دیداری شاد ده‌بووم و گوێم نه‌ده‌دایه زه‌حمه‌ت وناره‌حه‌تی گه‌یشتن پێی و وه نه‌گه‌ر له‌لای بوومایه له‌خزمه‌تیا ده‌بووم و قاچیشم بۆ ده‌شووشت بۆ زیاتر خزمه‌ت له‌به‌رده‌میدا ئه‌وقسانه‌ی هه‌رقل زۆر سه‌یر بوو به‌لای ئه‌بو سوفیان و گه‌وره پیاوانی ده‌وڵه‌ت و قه‌شه‌کانه‌وه چۆن پاشای گه‌وره‌ترین ئیمپراتۆریه‌تی جیهان بڵێ من ده‌بمه خزمه‌ت کاری ئه‌و پێغه‌مبه‌رمو قاچی بۆ ده‌شۆم،ئه‌بو سوفیان به‌برادەره بازرگانه‌کانی ووت :به‌ڕاستی مه‌سه‌له‌ی موحه‌ممه‌د گه‌وره بووه ،ئه‌وه‌تا پاشای ڕۆم لێی ده‌ترسێ ،ئینجا ووتی: له‌و ساته وه‌خته‌وه دڵنیابووم که موحه‌ممه‌د سه‌رده‌که‌وێ و ئایینه‌که‌ی بلاو ده‌بێته‌وه.

خوێنه‌ری به‌ڕێز سه‌رنج بده که‌سێکی وەك هه‌رقل که‌پادشای ئیمپراتۆریه‌تی ڕۆمه به بیستنی وەسفی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾دان ده‌نێ به‌و ڕاستی یه که موحه‌ممه‌د پێغه‌مبه‌ری خوایه....وه هه‌روەها له‌سه‌رەتای میژووی ئیسلامەوه تاقیامه‌تیش که‌سانی خاوەن وویژدان که به‌دوای ڕاستیدا دەگه‌ڕێن ڕووده‌که‌نه ئایینی پاکی ئیسلام و به‌دنیادا ڕای دەگه‌یه‌نن، موحه‌ممه‌د ﴿ﷺ﴾ ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌یه که‌پێغه‌مبه‌رانی پێش خۆی مژده‌ی هاتنیان داوه به‌خه‌ڵکی،له ساڵی ٩٢ ز‌اییندا (پاپا جلاسیوس) فه‌رمانی دەرکرد به‌یاساغ کردنی خوێندنه‌وەی چه‌ندەها په‌ڕاو، یه‌کێك له‌و په‌ڕاوانه (ئینجلی به‌رنابا) بوو بۆیه گشت نووسخه‌کانی کۆکرایه‌وەو سووتێنرا ته‌نها نوسخه‌یه‌ك مایه‌وه له کتێبخانه‌ی پاپاداو به‌زمانی ئیتاڵی نووسرابۆوه، کاتێك (فرامینۆ) که ڕاهیبێکی لاتینی بوو چه‌ند نامه‌یه‌کی (ئه‌رینایوس)ی دەست دەکه‌وێ ،سه‌یر دەکات باسی ئینجیلی به‌رنابا دەکات ، بۆیه دەبێته خولیای سه‌ری که‌به‌دوای ئه‌و ئینجیله‌دا بگه‌ڕێ سه‌ره‌نجام له‌کتێبخانه‌ی پاپا (سکتش) ی پێنجه‌مدا که‌هاوەڵی دەبێت ئه‌و ئینجیله به‌دەست دەهێنێت دەکه‌وێته‌لێکۆڵینه‌وەی پاشان زۆر سه‌رسام دەبێت له‌وەی که‌له‌و ئینجیله‌دا ئاماژەی تێدایه

دەربارەی پێغەمبەری پایە بەرزی ئیسلام موحەممەد ﴿ﷺ﴾ هەرومك دەڵێ (وسيبقى هذا الى ان يأتي محمد رسول الله الذي متى جاء كشف الخداع للذين يؤمنون بشريعة الله) ئینجیلی بەرنابا / الباب / ٢٢٠ .

ئەوەش وای کرد کە فرامێنۆ موسڵمان ببێت و هەوڵی زۆر بدات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئینجیلە لە پاشدا نووسخویەکی تری ئیسپانی دۆزرایەوە لەسەرەتای سەدەی هەژدەی زایینی دا کەئەوەش بووە بەڵگەی تری نوێ .

قورئان دەفەرموێ ﴿ وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلعَـٰلَمِينَ* نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلأَمِينُ*عَلَى قَلبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلمُنذِرِينَ*بِلِسَانٍ عَرَبِيّ مُّبِينٍ*وَإِنَّهُ ۥ لَفِى زُبُرِ ٱلأَوَّلِينَ*أَوَلَم يَكُن لَّهُم ءَايَةً أَن يَعلَمَهُ ۥ عُلَمَـٰٓؤُاْ بَنِى إِسرَٰٓءِيلَ﴾ الشعراء ١٩٧ .

واتە: بەڕاستی ئەو قورئانە پەروەردگاری هەموو جیهان ناردوویەتی یە خوارەوە، جبرائیلی ئەمین بەسروش لەخواوە هێناوەیەتی یە ناو دڵتەوە تاکو یەکێك بیت لەترسێنەرانی خەڵکی لە سزای خوا بەزمانێکی عەرەبی ڕوون و ڕەوان وە بەڕاستی ئەو قورئانە لەپەڕاوی گەلە پێشوەکاندا ناماژەی پێکراوە وە ئایانە بووە بەبەڵگەو دڵنیایی بۆیان ، کەزاناکانی ئەوەی ئیسرائیل ئەم ڕاستی یە دەزانن و دڵنیان کە قورئان و سیفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە پەڕاوەکانی بەردەستیاندا ناماژەی بۆکراوەو هەندێکیشیان لێی موسڵمان دەبێت ،وەهەروەها کە پێغەمبەر (ﷺ) لەمەککەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە یەکێك لەزانایانی ئەهلی کتاب دێتە خزمەتی و بەتەواوی لەوە دڵنیادەبێت کە ئەوە پێغەمبەری خوایەو لەبەردەمیدا موسڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێ،ئەنەس – خوا لێی ڕازی بێ دەڵێت:

عه‌بدوللای کوڕی سه‌لام له‌ناوباخدا باخ دەڕنێ ، له‌و کاته‌دا دەبیستێ که پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) کۆچی کردووه بۆ مه‌دینه،جادێ بۆ خزمه‌تی و دەڵێ : من سێ شتت لێ دەپرسم هه‌ر که‌سێ پێغه‌مبه‌ر نه‌بێ نایانزانێ .

یه‌که‌م نیشانه‌ی گه‌ورەی قیامه‌ت چی یه؟ وەیه‌که‌م خۆراکێ که به‌هه‌شتی دەیخوا له‌به‌هه‌شتا چی یه؟ وەهۆی چی یه منداڵ شێوەی له باوکی دەچێ؟ یا له‌دایکی دەچێ و شێوەی دەچێته وه سه‌ر خاڵوانی ؟

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی ﴿ ئانێستا که‌زۆر نی یه که جوبرائیل – سلاوی خوای لێ بێ – ئه‌م سێ شته‌ی پێ فه‌رمووم.عه‌بدوڵلا ووتی: جوله‌که له‌ناوخۆیاندا له‌ناو هه‌موو فریشته‌کاندا جوبرائیل به دوژمنی خۆیان دادەنێن که‌وا دەڵێ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌م ئایه‌ته‌ی خوێندەوه که دەفه‌رموێ :﴿ مَن كانَ عدواً لجبريلَ فإنَهُ نَزَلَهُ علىَ قَلبك ﴾

ئینجا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : یه‌که‌م نیشانه‌ی هاتنی گه‌ورەی قیامه‌ت ئاگرێکه خه‌ڵك له خۆرهه‌ڵاته‌وه دەداته به‌رودەیانبات بۆ خۆر ئاوا ، وه یه‌که‌م خۆراکی به‌هه‌شتی یه‌کانیش پارچه زیادەکه‌ی گۆشته‌که‌ی جگه‌ری نه‌هه‌نگه.

ئاوی پیاویش ئه‌گه‌ر وه‌پێش ئاوی ژن که‌وت منداڵه‌که دەکێشێته سه‌رخۆی ،به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئاوی ژن وه‌پێش ئاوی پیاو که‌وت ،ئه‌وا منداڵه‌که دەکێشێته سه‌رخۆی.

عه‌بدوڵلای کوڕی سه‌لام که ئه‌و وەڵامه ڕاست و دروستانه‌ی له پێغه‌مبه‌ری خواوه بیست بڕوای پێکردو ئیسلام بوو ووتی: شایه‌تی دەدەم که تۆ پێغه‌مبه‌ری ڕاست وئێردراوی خوای له‌به‌ر ئه‌وه شایه‌دی دەدەم که بێجگه له‌خوای گه‌وره هیچ خوایه‌کی تر نی یه،وه شایه‌دیش دەدەم که‌تۆ پێغه‌مبه‌ری ڕەوانه‌کراوی خوای ، ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا بێگومان جوله‌که هۆزێکی بوختانکه‌رو هه‌ڵاتبازن، له پێش ئه‌ومدا که بزانن من موسڵمان بووم پرسیاریان لێ بکه له‌بارەی منه‌وه ، ئه‌گینا له‌ڕقاندا بوختانم بۆ دەکه‌ن، جاکاتێك جوله‌که‌کان هاتن عه‌بدوڵلا له ژوورەوه‌خۆی

شاردەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :عەبدوللای کوڕی سەلام چۆن پیاوێکە لەناوتاندا؟ وتیان چاکترینی ئێمەیەو زاناترینی ئێمەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :باشە پێم بڵێن، ئەگەر عەبدوللاً موسڵمان ببێت ئێوە دەڵێن چی؟ وتیان خوا نەوە نەکا خوا پەنای بدا لەشتی وا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەم پرسیارەی چەند جارێك دووبارەکردەوە بۆیان، بەڵام ئەوان لەکەڵی شەیتان نەهاتنە خوارەوە هەر ئەو وەڵامەیان دایەوە،لەو کاتەدا یەکسەر عەبدوڵای کوڕی سەلام لە ژوور هاتە دەرەوەو بەدەنگی بەرز ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند و ووتی: شایەدی دەدەم کە خوا تاك و تەنهایە هیچ هاوبەشی نی یە،موحەممەدی کوڕی عەبدوللاً پێغەمبەری خوایە،لەو کاتەدا جولەکەکان ووتیان عەبدوللاً خراپترینی ئێمەیەو کوڕی خراپترینی ئێمەیە،ئیتر بەوەشەوە نەوەستان بەقسەی ناشیرین دایان شۆرد، عەبدوللاً ووتی ئەی پێغەمبەری خوا خۆ بینیت ئەمانە چ لەخوا نەترسێکن من پێم نەووتی؟

دەی من لەم زمانە پیسەیان دەترسام. وەهەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بانگی جولەکەکانی دەکرد بۆ سەر ئایینی ئیسلام بۆ ئەمەش یەك یەك یان بەکۆمەڵ قسەی لەگەڵ دەکردن و وەڵامی پرسیارەکانیانی نەدایەوە جا نەك هەر بەقسە بەڵکو کردارو ڕەفتاری جوانیش کاریگەری هەبوو لەسەریان وەك لەم ڕووداوەدا باسی دەکەین، حاکم ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوللاً ی کوڕی سەلامەوە کەدەڵێت:

کاتێك خوا ویستی ڕێنمایی زەیدی کوڕی سەعنە بکات بۆلای ئایینی پیرۆزی ئیسلام زەید ووتی: هیچ نەماوە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی لە موحەممەددا نەیبینم، تەنها دووشت نەبێت کە حیلمەکەی پێش هەڵچوونەکەی دەکەوێت،وەهەرچەندە زیاتر تورە بکرێ زیاتر ئارام دەگرێ ،بۆیە دەم ویست خۆمی لێ نزیك بکەمەوەو خۆم تاقی بکەمەوە، ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵەوە هاتە دەرێ و عەلی لەگەڵ دابوو، پیاوێکی دەشتەکی بەسواری ولاخێکەوە هات و ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی فلآن دێ موسڵمان بوون، وەمن پێم

ووتوون ئه‌گه‌ر موسڵمان ببن رزق و ڕۆزیتان زۆر ده‌بێت ، وانێستاش تووشی ووشکه سانی بوون،ده‌ترسم وەك چۆن به خۆشی و مانْ و حانی چاکه‌وه موسڵمان بوون،ئاوا ئێی دەرچن له‌و باروو زرووفه‌دا ،ئه‌گه‌ر ده‌توانی به‌ڵکو هه‌ندێك یارمه‌تیان بۆ بنێری

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به ئیمامی عه‌لی فه‌رموو :هیچمان له‌به‌رده‌ست دایه بۆیان بنێری ؟ ووتی: نه‌خێر هیچمان لانه‌ماوه، زەید ده‌ڵێ:منیش به‌فرسه‌تم زانی و ووتم : ئه‌ی موحه‌ممه‌د هه‌ندێك خورمام بده‌نێ له ڤلان باخ و بێستان له پێشه‌وه پارەکه‌یت ده‌دەمێ ،ئه‌ویش فه‌رمووی : نا ئه‌ی جوله‌که،خورمات ده‌ده‌ینێ هه‌قی ئه‌و پارەیه به‌ڵام مه‌رج نی یه هی ڤلان باخ بێت، منیش ووتم: باشه‌و هه‌شتا مسقالْ ئالْتونم دایه،که‌دوایی خورمام بده‌نێ ،ئه‌ویش دای به‌کابراو فه‌رمووی بڕۆ به‌دادگه‌ری دابه‌شی بکه به‌ناویاندا،زەید ده‌ڵێ: پێش ئه‌وەی کاتی دانه‌وەی قه‌رزەکه بێت به‌نه‌نقه‌ست هاتم و یه‌خه‌یم گرت و به‌توورەیی ووتم :هه‌قه‌که‌م بده‌ێ ئه‌ی موحه‌ممه‌د،به‌خوا ئێوەی (به‌نی عبدالمطلیب) هه‌روا قه‌رز کوێرن خۆم هه‌ردەم زانی وان، زەید ده‌ڵێ ئه‌م قسانه‌ی من عومه‌ر ڕقی هه‌ستاو سه‌یری کردم و پێی ووتم :ئه‌ی دوژمنی خوا، چۆن ئاوا به پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌ڵێی، به‌و خوایه‌ی که‌به‌هه‌ق ناردوویه‌تی ئه‌گه‌ر له‌به‌ر ئه‌و نه‌بوایه له‌گه‌ردنم ده‌دایت، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌هێمنی و زەرده خه‌نه‌وه سه‌یری عومه‌ری کردو فه‌رمووی: ئه‌ی عومه‌ر ئێمه هه‌ردووکمان شتێکی ترمان له‌تۆ ده‌ویست، که‌به‌من بڵێی به‌چاکی قه‌رزەکه‌م بده‌مه‌وه به‌ویش بڵێی به‌جوانی داوای بکاته‌وه وه ئینجا بڕۆ هه‌قه‌که‌ی بده‌ره‌وه بیست (صاع) یشی بۆ زیاد بکه، جاکه‌عومه‌ر زیاده‌که‌ی دامێ ،ووتم :ئه‌مه‌یان بۆچی یه؟

ووتی:ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وەیه که‌تۆم ترساندووه ، پێم ووت :ده‌مناسی ؟ وتی: نه‌خێر،تۆ کێیت؟ وتم :زەیدی کوڕی سه‌عنه، ووتی :تۆ نازانی جوله‌که‌یت؟ وتم: به‌ڵێ، وتم: باشه چی وای لێکردووی ئاوا بکه‌ی به پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئاوای پێ بڵێی؟ وتم: ئه‌ی عومه‌ر من هه‌موو

نیشانه‌کانی پێغه‌مبه‌رایه‌تی ئه‌وم لا ئاشکرا بوو ته‌نها دوان نه‌بێت که حیلمه‌که‌ی پێش تووڕه‌یی ده‌که‌وێ و چه‌نده‌ش زیاتر تووڕه‌ی بکه‌ی ئه‌وه‌نده‌زیاتر ئارام ده‌گرێ و هه‌ڵناچێ و منیش نێستا ئه‌وم لێ ببینی.....ئه‌ی عومه‌ر: تۆ به‌شایه‌د به ئه‌وه من ڕازیم که خوا په‌روه‌ردگارم بێ و ئیسلام ئایینم بێ و موحه‌مه‌دیش (ﷺ) پێغه‌مبه‌رم بێ، وه من دوڵه‌مه‌ند ترینی جوله‌که‌کانم ، به‌شایه‌دبه که نیوه‌ی ماڵه‌که‌م خێربێت بۆ ئوممه‌تی موحه‌ممه‌د (ﷺ) ،عومه‌ر ووتی: به‌شی هه‌مووی ناکات بڵێ هه‌ندێکیان، منیش ووتم: هه‌ندێکیان، ئینجا زۆید له‌به‌ردەم پێغه‌مبه‌رو هاوه‌ڵانی دا ووتی:﴿أشهدوا أن لا اله إلاّ الله واشهد أن محمداً عبده ورسوله﴾ وه‌هه‌روه‌ها له‌فه‌رموودەیه‌کدا موسلیم ڕیوایه‌تی کردووه ئاواهاتووه،سه‌وبان (خوا لێی ڕازی بێت) ووتی : له خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وەستابووم،مالوومێکی جوولەکه هات و ووتی: سلاو له‌تۆ ئه‌ی موحه‌ممه‌د ،سه‌وبان ده‌ڵێ: منیش پاڵێکی وا تووندم پێوه‌نا خه‌ریك بوو پێی بکه‌وێ : ووتی: بۆچی پاڵم پێوه ده‌نێی ؟ ووتم: ئه‌ی بۆچی ناڵێی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا، ووتی: به‌وناوەوه بانگی ده‌که‌ین که‌که‌سوکاری لێی ناوه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:

به‌ڵێ من ناوم موحه‌ممه‌ده و که‌سوکارم به‌م ناوه منیان ناوناوه ، جوله‌که‌که ووتی: هاتووم پرسیارت لێ بکه‌م پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: ئه‌گه‌ر قسه‌ی هه‌قت بۆ بکه‌م موسڵمان ده‌بیت؟ ووتی: به‌گوێی خۆم ده‌بیستم ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) داریکی به‌ده‌سته‌وه بوو ده‌یژه‌ند له‌زەویه‌که‌وه و فه‌رمووی: ئاده‌ی پرسیارت چی یه بپرسه، ووتی: ئه‌و ڕۆژه‌ی ئه‌و زەوی و ئاسمانه ده‌گۆڕێت به‌زەوی و ئاسمانێکی تر ئه‌و خه‌ڵکه له‌کوێ ده‌بن ؟ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: له‌سه‌ر پردی سیڕات ده‌بن ، ووتی: ئه‌ی کێ یه‌کەم که‌س ده‌بێت که لێی ده‌په‌ڕێته‌وه ؟ ووتی: هه‌ژارانی کۆچکاران ئه‌و هه‌ژارانه‌ی که له مه‌ککه‌وه له‌چه‌نگی کافران کۆچیان بۆ مه‌دینه کردووه، ووتی: کاتێك ده‌چنه به‌هه‌شت یه‌کەم خواردنیان چی یه ؟ فه‌رمووی : پارچه زیاده گۆشته‌که‌ی

جه‌رگی نه‌هه‌نگه‌، وتی: ئه‌ی گه‌رما و گه‌رم له‌دوای ئه‌و چی تره‌خۆن ؟ فه‌رمووی : جوانه‌گاکه‌ی به‌هه‌شتیان بۆ سه‌رده‌برێن که‌له‌ده‌ورو به‌ری به‌هه‌شتدا بۆخۆی ده‌له‌وه‌رێ، وتی: ئه‌ی چی به‌سه‌ردا ده‌خۆنه‌وه ؟ فه‌رمووی : له‌ئاوی ئه‌وسه‌ر چه‌شمه‌یه‌ی به‌هه‌شت که‌ئاوی سه‌لسه‌بیله‌،وتی: ڕاست ده‌که‌ی هاتووشم شتێکی ترت لێ ده‌پرسم که که‌س نایزانێ جگه‌ له‌ پێغه‌مبه‌ران مه‌گه‌ر پیاوێك یان دوانی تریش بیزانن، فه‌رمووی : ئه‌گه‌ر من پێت بڵیم و بیزانم تۆ ئیسلام ده‌بی و له‌ئیسلام بوونت قازانج به‌خۆت ده‌گه‌یه‌نی ؟ وتی: جارێك با گوێم له‌ قسه‌کانت بێ ، مالومه‌ جونه‌که‌که‌ وتی : هاتووم له‌باره‌ی منداڵه‌وه‌ لێت ده‌پرسم ، فه‌رمووی: ئاوی پیاو سپی یه‌و ئاوی ئافره‌ت زه‌رده‌ که‌له‌گه‌ڵ یه‌کدا دروست بوون و ئاوی پیاو سه‌ر ئاوی ژن که‌وت به‌فه‌رمانی خوا نێرینه‌یان ده‌بێت ، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئاوی ژن سه‌ر ئاوی پیاو که‌وت ئه‌وا به‌فه‌رمانی خوا مێ بینه‌یان ده‌بێت، مالوومه‌که‌ وتی: ڕاستت فه‌رموو: به‌ڕاستی تۆ به‌هه‌ق پێغه‌مبه‌ری خوایت،ئه‌وجار گه‌ڕایه‌وه‌و ڕوێشت ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: کاتێك ئه‌و پرسیارانه‌ی لێ ده‌کردم تا ئه‌و چرکه‌یه‌ ئاگام له‌ وه‌ڵامی هیچیان نه‌بوو به‌ڵام خوای گه‌وره‌ به‌وه‌حی یه‌ك به‌یه‌ك وه‌ڵامه‌کانی بۆم نارد. وه‌هه‌روه‌ها پزیشکێکی ناوداری خه‌ڵکی نه‌جرانیش دوای ووتوو وێژکردنی له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوادا بۆی ده‌رده‌که‌وێت که‌ئه‌وه‌ی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ ده‌یڵێ له‌ خواوه‌ فێرکراوه ، بڕوا ده‌هێنێ و موسڵمان ده‌بێت .

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌والی به‌هه‌ندێك شتی پزیشکی داوه‌ که‌ئه‌و زه‌مانه‌ی خۆیدا که‌س نه‌یزانیوه‌ و زانستی تازه‌ش ڕاستی یه‌که‌ی ده‌سه‌ڵمێنێت ،عه‌بدوللای کوڕی عه‌مری کوڕی عاص لاوێکی وریاو زیره‌ك بوو،له‌ماوه‌یه‌کی که‌مدا فێری سریانی و قبطی و ڕۆمانی بوو، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕێی پێدا که‌ فه‌رموده‌ بنوسێته‌وه‌و ئه‌وه‌ی که‌ نووسیه‌وه‌ پێی ده‌ووترا (**الصحيفة الصادقة**) که‌زۆر فه‌رموودەی ڕاست و دروستی پێغه‌مبه‌ری تیادا

تۆمارکردووەو نوسخەی ئەسڵیشی لەشاری (ستۆکهۆڵم) ە لە سوید کەلەسەر ڕووبەرێکی فراوان ڕانوێنراوە لەو صحیفەیەدا هاتووە کە پزیشکێکی ناودار کە خەڵکی ئەجرانەو ناوی (شەمەردەل کوڕی قەباس کە عبی) بوو لە شارەزا یی و داناییدا ڕۆم و فارسەکان دە یانبرد و چا رەسەری نەخۆشی بۆ دە کردن

کا تێك بیستی کە پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە هەڵی بژاردووە تا دوا پەیامی خۆی کە قورئانی پیرۆزە بۆی بنێرێ، چوو بۆلای و لە نیوەڕۆوە تا عەسر لەخزمەتیدا مایەوە و پرسیاری زۆری لێکردو پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە ،پاشان پێغەمبەر (ﷺ) کەوتە پرسیار کردن لێی، هەرچی لێی دەپرسی لە وەڵامدا دەی ووت: نازانم ، ئینجا (شەمەردەل) دڵنیا بوو نەوەی پێغەمبەر (ﷺ) دەیزانی لە خواوەیەو بەوەحی بۆی هاتووە و بڕوای پێهێنا،وەهەروەها کافرەکانی قورەیشیش کەزۆر سەر سەختانە دژایەتی پێغەمبەری خوایان دەکرد بەڵام زۆر سەرسام بوون بەناوازەیی قورئانی پیرۆز و زۆر چاك دەیانزانی کە پێغەمبەر کەسایەتیەکی نەوەندە ڕاست گۆ پاکەو هەرچی خەسڵەتی بەرزو پایەدار هەیە لەو کەسایەتیە گەورەیەدا کۆبۆتەوە جا هەندێکیان دەهاتنە ناو بازنەی ئیمان و ئیسلام و ڕێگای بەختەوەریان دەگرتە بەر وە هەندێکی تریشیان کەوەك ڕۆژی ڕووناك دەیانزانی هەرچی پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرمووێ ڕاست و تەواوەو کەچی حەسادەت و کوفرو گومڕایی زاڵ بوو بوو بەسەریانداو ڕێگای بەختەوەریان نەدەگرتەبەر بەڵێ لەهەر کات و سێردەمێکدا نەگەر خەڵکی خۆیان نەخەڵتێن و ووردبینەوە لە قورئان ئاوا زۆر بەجوانی و وەك ڕۆژی ڕووناك بۆیان دەرئەکەوێ کە قورئان کەلامی خوایە و بەرنامەیەکی ڕاست و پاك و تێرو تەواوە باس لەهەموو بابەتەکانی پەیوەست بەژیانی مرۆڤ دەکات سەرەڕای چەندەها هەوڵ و تێکۆشانی ناحەزانی قورئان بەڵام نەیان توانیوە تاقە یەك ئایەتیش بەوێنەی قورئان بێنن وەهەرگیزاو هەرگیزیش ناتوانن خوای گەورە لەبارەی

پاراستنی قورئانه‌که‌ی ده‌فه‌رموو: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ﴾ الحجر (٩) **واته: بێگومان هه‌ر ئێمه قورئانمان نارد‌وته خواره‌وه و هه‌ر ئێمه‌ش ده‌پارێزین وه‌هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموو:** ﴿ وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ* فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَٰفِرِينَ﴾ **البقرة** (٢٣ – ٢٤) .

واته : وه ئه‌گه‌ر ئێوه له‌گوماندان له‌و قورئانه‌ی که ئێمه نارد‌ووما‌نه‌ته خواره‌وه بۆ به‌نده‌ی خۆمان موحه‌ممه‌د (صلى الله عليه وسلم) ده سوره‌تێك بێنن به ویَنه‌ی ئه‌و وه‌بانگی هاوکاره‌کانتان بکه‌ن له ره‌وانبێژان و شاعیران بێجگه له‌خوا ئه‌گه‌ر ڕاست ده‌که‌ن به‌فه‌رموده‌ی خوای نازانن ئینجا ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌تان نه‌کرد ؟ وه‌هه‌رگیز نایشی که‌ن ئیتر بێ بڕوامه‌بن ده‌ی خۆتان بپارێزن له‌و ئاگره‌ی که سوته‌مه‌نی یه‌که‌ی خه‌ڵکی به‌دکارو به‌رده بۆ بێ بڕوایان سازکراوه و ئاماده‌کراوه وه‌هه‌روه‌ها خوای گه‌وره ده فه‌رموو ﴿قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا] **الاسرا** (٨٧)

واته : ئه‌ی موحه‌ممه‌د (ﷺ) بڵێ سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر ئاده‌می و پەری هه‌موو کۆببنه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی وێنه‌ی ئه‌م قورئانه بهێنن ناتوانن وێنه‌ی ئه‌و بێنن هه‌رچه‌نده پشتیوانی یه‌کتریش بن

خوای گه‌وره شایه‌دی بۆ گه‌وره‌یی و تێڕو ته‌واوی و قورئانه‌که‌ی ده‌دات ودەفه‌رموو: ﴿ قُلْ أَىُّ شَىْءٍ أَكْبَرُ شَهَٰدَةً قُلِ ٱللَّهُ شَهِيدٌۢ بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ ٱللَّهِ ءَالِهَةً أُخْرَىٰ قُل لَّآ أَشْهَدُ ۚ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ

وَإِنَّنِي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ * ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَعۡرِفُونَهُۥ كَمَا يَعۡرِفُونَ أَبۡنَآءَهُمُ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ **الأنعام** (١٩-٢٠)

واته: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌وانه بڵێ که‌شایه‌تیان دەوێت له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌رایه‌تی تۆ کێ هه‌یه گه‌وره‌ترین و ڕاستترین شایه‌دی بدات ؟ هه‌رخۆت بڵێ : خوای گه‌وره شایه‌ته نه‌نێوان من و نێوەدا وه ئه‌و قورئانه‌شم له وه‌حی و نیگا بۆ هاتووه تا نێوەو هه‌موو ئه‌وانه‌ی که پێیان دەگات ئاگادارو بێدار بکه‌م له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌موو ڕوونکردنه‌وانه‌دا ئایا بڕواتان وایه که‌له‌گه‌ڵ خوادا پەرستراوی هه‌یه؟

بڵێ من به‌ش به‌حاڵی خۆم شایه‌تی ناهه‌ق و ناڕەوای وا نادەم،وه به‌ڕاستی ئه‌و خوایه تاك و ته‌نهایه،وه من به‌ڕاستی به‌ریم له‌هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی که‌نێوه دەیانکه‌نه هاوەڵ و شه‌ریکی ئه‌و زاته،ئه‌وانه‌ی که پەڕاوی ئاسمانیمان پێ به‌خشیون له‌گاورو جوله‌که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دەناسن،هه‌روەك چۆن منانه‌کانی خۆیان دەناسن به‌ڵام ئه‌وانه‌ی که‌خۆیان له‌دەست داوەو خۆیان ڕیسوا کردووەو باوەڕناهێنن. هه‌روەها دەفه‌رموێت:﴿ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشۡهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيۡكَۖ أَنزَلَهُۥ بِعِلۡمِهِۦۖ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَشۡهَدُونَۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا﴾ **النسا (١٦٦)**

واته: له‌گه‌ر ئه‌و خه‌ڵکه باوەڕت پێ ناکه‌ن،خوا خۆی شایه‌ته له‌سه‌ر ئه‌وانه‌ی که ڕوانه‌ی کردووه بۆت ،دڵنیابه که‌له‌سه‌ر بنچینه‌ی زانستی خۆی ڕەوانه‌ی کردووه . فریشته‌کانیش شایه‌تی ئه‌وه دەدەن له‌سه‌ر ئه‌وه هه‌رچه‌نده خوا خۆی به‌سه بۆ ئه‌و شایه‌تیه.

به‌ڵێ خوێنه‌ری به‌ڕێز: قورئان ئه‌وەنده کاریگه‌ری هه‌یه بۆ سه‌ر دڵ و دەروونی خه‌ڵکی هه‌تا کافه‌رکانی قوڕەیشیش کاریگه‌ری قورئان له‌سه‌ریان هه‌بووه ،زۆر سه‌رسام بوون به بابه‌ته ناوازەکانی قورئانی پیرۆز ،چه‌ند نموونه‌یه‌ك له‌و بارەوه.

(ئیبن ئیسحاق) وتوویه‌تی: یه‌زیدی کوڕی زیاد له موحه‌ممه‌دی کوڕی که‌عبی ئه‌لقه‌رەزی یه‌وه بۆی گێڕاماوه،ووتوویه‌تی:که عوتبه‌ی کوڕی ڕه‌بیعه که گه‌وره‌یه‌کی قوڕه‌یش بووه ڕۆژێکیان له‌ناو قوڕه‌یشیه‌کان دانیشتبوو، عوتبه ووتی: ئه‌ی قوڕه‌یشیه‌کان ئایا ئه‌چم بۆلای موحه‌ممه‌دو دووقسه‌ی له‌گه‌ڵدا بکه‌م و هه‌ندێك فه‌رمانی بخه‌مه به‌ردەست به‌ڵکو هیوایه‌ی هه‌ندێکیان قبوڵ بکات و ئێمه هه‌رچی یه‌کی بیه‌وێت بیده‌ینێ ؟ ئه‌ویش وازمان لێ بهێنێت ئه‌وەش له‌کاتێکدا که حه‌مزه موسڵمان بووبوو .

بینیان که هاوڕێکانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) زیاددەکه‌ن و ژماره‌یان زۆر دەبێت ئه‌وانیش ووتیان :به‌ڵێ ئه‌ی باوکی وه‌لید هه‌سته بڕۆ بۆ لایی و قسه‌ی له‌گه‌ڵدا بکه،

عوتبه‌ش هه‌ستایه‌وەو ڕۆیشت بۆلای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌لای دانیشت و ووتی: ئه‌ی برازای خۆم :بۆخۆت دەزانی که که‌سێکی له‌ئێمه‌و له‌ناو عه‌شیره‌تدا ڕێزداریت ئه‌وەتا شتێکی زۆر گه‌وره‌ت بۆ تێرەو هۆزەکه‌ت هێناوه، به‌هۆیه‌وه کۆمه‌ڵه‌که‌یانت په‌رته‌وازه کردووه ، هیواو ئاوات و خه‌ونه‌کانیانت به‌نه‌فامی داوەته قه‌ڵه‌م وخواکان و ئایینه‌کانیانت عه‌یبدار کردووه ،باب و باپیری ئه‌مانت به‌هۆی ئه‌م دینه‌وه به‌کافر داناوه گوێ بۆ من بگره : من هه‌ندێك شت ده‌خه‌مه به‌رده‌ستت، تۆش بیریان لێبکه‌ره‌وه، به‌ڵکو هه‌ندێکیان قبوڵ بکه‌یت، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێی فه‌رموو :ئه‌ی باوکی وه‌لید بڵێ منیش گوێ دەگرم، عوتبه ووتی: ئه‌ی برازای خۆم ئه‌گه‌ر تۆ بەم کارو فه‌رمانه‌ی که‌هێناوته مه‌به‌ستت به‌ده‌ست هێنانی پاره‌و پوله ئه‌وا له پاره‌و پولی خۆمان هێنده‌ت بۆ کۆده‌که‌ینه‌وه تا له‌هه‌موومان دەوڵه‌مه‌ندتر بیت،ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستت پێی ڕێزه ئه‌وا دەتکه‌ینه سه‌رۆك و گه‌وره به‌سه‌رخۆمانه‌وه ته‌نانه‌ت هیچ فه‌رمانێك به‌بێ تۆ دەرناکه‌ین،ئه‌گه‌ر مه‌به‌ستت مۆڵکه ئه‌وا به‌سه‌ر خۆمانه‌وه دەتکه‌ینه مۆڵکدار، ئه‌گه‌ر ئه‌وەی بۆت دێت خه‌وەو دەبینیت و ناتوانی له‌خۆتی دوورخه‌یته‌وه ،ئه‌وا پزیشکت بۆبانگ دەکه‌ین و هه‌موو سه‌روەت وسامانی خۆمانت بۆ خه‌رج دەکه‌ین، تاليێ ڕزگارت دەکه‌ین،چونکه هه‌ندێك

جار دەگونجێت ڕەفتارێك بەسەر پیاودا زاڵ دەبێت تانەو کاتەی خۆی چارەسەر دەکات و لێی ڕزگار دەبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لەعوتبە گرت تا بەتەواوی قسەکانی کرد، پاشان فەرمووی : ئەی باوکی وەلید ئایا بەتەواوی لێبوویتەوە ؟ ووتی: بەڵێ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :دەی گوێم لێ بگرە.وتی: بەڵێ . فەرمووی : ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ﴾ ﴿حمٓ * تَنزِيلٌ مِّنَ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ* كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ* بَشِيرًا وَنَذِيرًا فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لَا يَسْمَعُونَ* وَقَالُوا۟ قُلُوبُنَا فِىٓ أَكِنَّةٍ مِّمَّا تَدْعُونَآ إِلَيْهِ﴾ الفصلت(١- ٤) .

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەخوێندنی قورئان بەسەریدا بەردەوام بوو ، کاتێك کە عوتبە گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگرت کە قورئانی دەخوێند بێدەنگ بوو دەستەکانی خستە پشتیەوەو خۆیدا بەسەریاندا،گوێی لێدەگرت، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قورئان خوێندنەکەیدا بەگەشتنە سوجدە کۆتایی هێنا.سوجدەکەی بردو پاشان فەرمووی : ئەی باوکی وەلید بەڕاستی ئەوەی بیستت ئەو شتەی کە بۆمن هاتووەو نیستاش تۆو ئەوە،عوتبە هەستایەوەو ڕۆشتەوە بۆلای هاوڕێکانی ،هەندێکیان بەهەندێکی تریان دەووت سوێند بەخوا دەخوێن ئەبو وەلید بەدەم و چاوێکەوە هاتۆتەوە بۆلاتان جیایە لەو دەم و چاوەی کە پێوەی ڕۆیشت ، کاتێك هاتەوە لایان و لەلایان دانیشت و ووتیان ئەی باوکی وەلید چیت لەژێر سەردایە؟ وتی: ئەوەم لەژێر سەردایە کەمن گوێم لەقسەیەك بوو سوێند بەخۆ هەرگیز قسەی وام نەبیستووە،سوێند بەخوا ئەو شیعر نی یەو سیحر نی یە،فالگرەوەو نهێنی زان نی یە،ئەی هۆزی قورەیش گوێڕایەڵیم بکەن و کێشەی موحەممەد بدەنە دەستی من،ڕێگە چۆلکەن لەنێوان ئەو پیاوەو لەنێوان ئەوەی کەلە بانگەوازەکەیدایە وازی لێ بهێنن،

سوێند به‌خوا ئه‌و قسانه‌ی که‌من له‌وموه بیستم هه‌والێکی زۆر گه‌وره به‌رێوه‌یه، جا ئه‌گه‌ر عه‌ره‌ب به‌شیان به‌رکه‌وت له‌بانگه‌وازمکه‌ی ئه‌وا به‌که‌سانی جگه له‌خۆتان پاڵپشتی ده‌که‌ن، ئه‌گه‌ر سه‌رکه‌وت به‌سه‌ر عه‌ره‌بدا ئه‌وا مولکی ئه‌و ده‌بێته مولکی ئێوه، سه‌ربه‌رزی ئه‌و ده‌بێته سه‌ربه‌رزی ئێوه ،ئێوه ده‌بنه به‌خته‌وه‌رترین مرۆڤ به‌هۆی ئه‌وموه، ئه‌وانیش ووتیان :سوێند به‌خوا ئه‌ی باوکی وه‌لید به‌زمانه‌که‌ی سیحری لێکردوی، وتی: ئه‌مه بیرو باوه‌ڕی منه سه‌باره‌ت به‌و، ئێوه‌ش چی به‌باش ده‌زانن وابکه‌ن. وههه‌روه‌ها شه‌وێکیان ئه‌بو جه‌هل و ئه‌بو سوفیان وئه‌خنه‌سی کوڕی شه‌ریق ،هه‌ریه‌که به‌جیاو بۆخۆی له‌مانۆ ده‌رده‌چن و تاکه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌مانه‌وه شه‌و نوێژ ده‌کات گوێ له قورئان خوێندنه‌که‌ی بگرن، هه‌ریه‌که‌یان شوێنێکی بۆخۆی گرت تاگوێ بگرێ و هیچ کامیشیان به شوێنه‌که‌ی دوانه‌که‌ی تر نازانێت، ئه‌و شه‌وه گوێیان گرت، تاکه ڕۆژیان لێ بوویه‌وه به‌ره‌به‌یان هات هه‌ریه‌که‌یان له شوێنه‌که‌ی خۆی هه‌ستاو له‌ڕێگا یه‌کیان گرته‌وه که‌به‌یه‌کتریان زانی، لۆمه‌ی خۆیان کردو به‌یه‌کتریان ووت: ئه‌گه‌ڕێنه‌وه ئه‌گه‌ر سه‌فیهێکیان بتان بینێ ئه‌وا ئه‌بنه‌هۆی ئه‌وه‌ی که شتێك بکه‌وێته دڵیه‌وه پاشان ڕۆیشتن .

بۆ شه‌وی دووه‌م هه‌رپیاوێکیان به‌بێ ئاگاداری له‌هاتنی دوانه‌که‌ی تر له‌شوێنه‌که‌ی خۆی دانیشته‌وه‌و شه‌و هه‌تا به‌یانی گوێی گرت، تاکه‌به‌ره‌به‌یان ده‌رکه‌وت هه‌ریه‌ك له‌شوێنی خۆی هه‌ستاو له‌ڕێگا یه‌کیان گرته‌وه، ئه‌م جاره‌ش وه‌ك جاری پێشوو ئاموژگاری یه‌کتریان کرده‌وه و پاشان ڕۆیشتن، بۆ شه‌وی سێ یه‌م دیسان هه‌ر پیاوێکیان چوونه‌وه بۆ شوێنه‌که‌ی خۆی و دانیشتن و هه‌تا به‌یانی گوێیان له پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) گرت و تا که به‌ره‌به‌یان ده‌رکه‌وت هه‌ریه‌که‌یان له‌شوێنی خۆی هه‌ستاو له‌ڕێگا یه‌کیان گرته‌وه‌و ووتیان :هه‌تا په‌یمان نه‌ده‌ین که جارێکی تر نه‌گه‌ڕێینه‌وه ،ئه‌م شوێنه‌به‌جێ ناهێڵین ئه‌وه‌بوو په‌یمانیان له‌سه‌ر

نه‌گه‌رانه‌وه داو ، پاشان لێك جووداً بوونه‌وه ،که‌ڕۆژ بوویه‌وه نه‌خنه‌سی کوڕی شه‌ریق داردەستەکەی هەڵگرت و خۆی گەیاندە مالی نەبو سوفیان و ووتی: نه بوو

حه نظه له دەربارەی نەوەی کەلە موحەممەدت بیست ڕات چی یه؟ ووتی: نەبو پە عله بە بەخوا هەندێك شتم بیست کەنەم زانی چین و مەبەستەکەشیانم نەزانی و،هەندێك شتیشم بیست کەنەمانام زانین نەمەبەستیان، نەخنەس ووتی: بەو خوایەی کەسوێندت پێ خوارد منیش هەروابووم، لای نەو دەرچوو وخۆی گەیاندەلای نەبو جەهل و چووە ژوورەوە لای و ووتی: دەربارەی نەوەی کەلە موحەممەدت بیست ڕات چی یه ؟ وتی: جا چیم بیستووە؟ نێمەو نەوەی عەبدول مەناف لەسەر شەرەف و پایەداری ناکۆکی کەوتە نێوا نمان :نانیان دا نێمەش نا نمان دا ،کۆڵیان هەڵگرت نێمەش کۆڵمان هەڵگرت،شتیان بەخشی نێمەش شتمان بەخشی،تا کە بەرامبەر یەك بەیەکسانی وەستاین،ووتیان :نێمە پێغەمبەرێکمان تیادا هەڵکەوتووە کەلە ئاسمانەوە وەحی بۆ دێت، جا ئێمە کەی بەوە دەگەینەوە ؟ دەبەخوا هەرگیز ئیمانی پێ ناهێنین و تەسدیقیشی ناکەین

بەڕاستی خوێنەری بەڕێز : بەڵگەی هەرە گەورەی پێغەمبەری ئیسلام کەدەیسەلمێنێ بەڕاستی ودڵنیایی پێغەمبەری خوایە ،نەخوێندەواریەکەیەتی شتێکی بەڵگە نەویستە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) نەخوێندەوار بووە ئەی باشەچۆن زانی باس لەو هەموو شتانەی کە پەیوەستن بەژیانی مرۆڤ و بوونەوەرو هەموو پێداویستیەکانی تر بکات هەرچیش فەرموویەتی وەك ڕۆژی ڕووناك هاتوونەتە دی نەخوێندەواری پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە لەقورئانە کەیدا زۆر بەڕاشکاوی باسی کردووە وەك دەفەرمووێ:﴿ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ

فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ * قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾**الاعراف** (١٥٧-١٥٨)، **واته :ئەوانەی شوێن پێغەمبەرو نێردراوی نەخوێندەوار دەکەون ئەلایەن پەروەردگارەوە هاتووە ئەوکەسەی کەناماەدارەکان دەیبینن بەنووسراوی لایانە لەتەورات و ئینجیلدا کە فەرمانیان پێدەکات بەچاکەو رێگریان لێدەکات لەخراپە،شتە خاوێن وپاکەکانیان بۆ حەلاڵ دەکات و شتە پیسەکانیان لێ قەدەغە دەکات وبارە قورس و گرانەکانیان لەسەر لادەبات و ئەو کۆت و زنجیرانەش کەبەسەریانەوە بوون ، ئینجا ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو پێغەمبەرە هێنابێت و رێزو قەدریان بۆدانابێت یارمەتیان دابێت و پشتیوانیان لێ کردبێت و پەیڕەوی ئەو نوورەیان کردبێت کەقورئانە کەلەگەڵیدا نێردراوەتە خوارەوە .**

ئەمانە هەمووی کەباس کران لەڕزگار بوانن ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەموتان ئەوخوایەی کە تەنها بۆ ئەوە مونکایەتی هەموو ئاسمانەکان و زەوی بەهیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لەو ،ئەو دەژینێنێت و دەمرێنێت کەواتە بڕوا بەخواو پێغەمبەرەکەی بهێنن کە نێردراوێکی نەخوێندەوارە ئەویش بڕوای بەخواو ووتەکانی هەیە ئێوەش شوێنی بکەون و پەیڕەوی بکەن تابکەونە سەر ڕێگای ڕاست ...

بەڵێ خوێنەری بەڕێز:خوای گەورە لەو چەند ئایەتی قورئانە پیرۆزەکەیدا دووجار ئەو ڕاستی یە دووبارە دەکاتەوە کە پێغەمبەرمان (ﷺ) نەخوێندەوار بووە هەروەها خوای گەورە

ده‌فه‌رمووێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ **الجمعه (٢)**

واته:خوا ئه‌و زاته‌یه که‌ناردوویه‌تی له‌ناو نه‌خوێنده‌واران پێغه‌مبه‌رێکی نه‌خوێنده‌وار له‌خۆیان که‌ئایه‌ته‌کانی خوا ئه‌خوێنێته‌وه به‌سه‌ریانداو پاکیان ده‌کاته‌وه ومنامه‌ی قورئان و فه‌رموده‌ی پڕسوودیان فێرده‌کات هه‌رچه‌نده ئه‌وان له‌مه‌و پێش له‌گومڕاییه‌کی ئاشکرا دابوون،

خوای پەروەردگار بەڵێن بە پێغەمبەرەکەی دەدات کەقورئان لەسنگیدا کۆبکاتەوە،وەك دەفەرمووێ:﴿لَا تُحَرِّكْ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعْجَلَ بِهِۦٓ * إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ * فَإِذَا قَرَأْنَـٰهُ فَٱتَّبِعْ قُرْءَانَهُۥ * ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا بَيَانَهُۥ﴾ القيامة (١٦- ١٩) واتە: زمانت مەجوڵێنە بەخوێندنەوەی سروش تا پەلەی تیادا بکەیت ،بەڕاستی بە پێی بەڵێنێك کەداومانە لەسەر ئێمەیە کۆکردنەوەی لەسنگتاو خوێندنەوەی ئینجا کەقورئانمان بۆ خوێندیتەوە بەهۆی جبرائیلەوە پەیڕەوی خوێندنەوەی ئەو بکە پاشان هەرچیت ویست بۆت ڕوون دەکەینەوە و بۆت ڕاڤە دەکەین وە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرمووێ :﴿ سَنُقْرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ ﴾ الاعلى (٦)

واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) قورئانت بەسەردا دەخوێنینەوەو هەرگیز بیرت ناچێتەوە، دوای ئەم بەڵێنانەی خوای گەورە پێغەمبەر (ﷺ) کەسرووشی بۆ دەهات ،سەری دادەخست و گوێ ی بۆ دەگرت تا لێ دەبۆوە،ئینجا ئەبەر خۆیەوە دەوری دەکردەوەو هەمووی لەدڵیا دەچەسپی .

بەڵێ خوێنەری بەڕێز: ئەو بەڵگەو بەسەر هاتانەی کەباسمان کردن هەموویان وەك ڕۆژی ڕووناك سەلمێنەری ئەو ڕاستی یە گەورەیەن کە

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خوای گه‌وره هه‌ڵی بژاردووه تا دوا پەیامی خۆی به‌هۆی ئه‌وه‌وه به مرۆڤایه‌تی بگه‌یه‌نێت...

خوێنه‌ری به‌ڕێز :

ئه‌م کتێبه‌دا کۆمه‌ڵێکی ئێجگار زۆر له‌موعجیزه گه‌ورەو ناوداره‌کانی پێغه‌مبه‌ری پایه به‌رزی ئیسلام موحه‌ممه‌د (ﷺ) خراونه‌ته ڕوو له‌ژێر تیشکی فه‌رموده صه‌حیحه‌کانی دا له چه‌ندین بواری جۆراوجۆردا که‌هه‌ر یه‌کێك له‌و موعجیزانه خۆی له‌خۆیدا گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ونیشانه‌یه له‌سه‌ر ڕاست و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره پایه‌داره جا هیوادارم ئه‌م موعجیزانه زیاتر ببنه مایه‌ی دڵخۆش بوون و پته‌وبونی بڕوای بڕوا داران وه‌به‌ڵگه‌یه‌کی زۆر گه‌ورەش بن بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که له ڕێبازی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره (ﷺ) دوورن ببنه هۆی ڕەواندنه‌وه‌ی گومان و دوودڵی ناو دڵه‌کانیان و ناشنابوونیان به‌ڕێبازی سه‌رفرازی و به‌خته‌وەری ئیسلام .

وەداوا له‌خوای پەروەردگار دەکەم که ئه‌م نووسراوەم بۆ بکات به زەخیره و تۆشووی ڕۆژی قیامه‌ت وەخوای گه‌وره وامان لێ بکات هه‌رچی که دەیڵێین و دەینوسین ته‌نها مه‌به‌ستمان ڕەزامه‌ندی خوای پەروەردگار بێت .

عەبدولرەزاق رەزاق ئەحمەد / رانیة

موعجیزەی (١) ڕووداوی گەورەی ئیسرا و میعراج و دەرکەوتنی سێ موعجیزەی پایەدار :

لەدوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگەوازە پیرۆزەکەی بەرنامەی خوای گەورەی ناشکرا کردکافرە بتپەرستەکانی قورەیش بەهەموو توانایەکیانەوە کەوتنە ئازاردانی پێغەمبەرو هاوەڵانی شەوو ڕۆژ لەبۆسەدا بوون بۆئەوەی نەهێڵن ئەو بانگەوازە پیرۆزە بلاوببێتەوە پێغەمبەری خواش (ﷺ) زۆر لێبڕاوانە بێ ووچان هەوڵی دەدا تا خەڵکی بەرەو بەرنامەکەی خوا بانگ بکات وە بنکەیەکیشی بۆ ئەم بانگەوازە پیرۆزە دیاری کردبوو کە ماڵی (ئەرقەم) بوو وە ئەبووتاڵیبی مامیشی پشتگیری لێدەکرد،کافرەکان چەندین جار سەردانی ئەبوتاڵیبیان کرد بۆ ئەوەی پێغەمبەریان تەسلیم بکات و واز لە پشتگیری ئەو بهێنێ بەڵام ئەبو تالیب هەموو جارێك ئەو داوایەی ئەوانی دەدایەوە دواوەو ڕازی نەبوو بەو پێشنیارەیان،ئەوجار کافرەکان بینیان ئەو بانگەوازە پیرۆزە وا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەچێتە ناو دڵی خەڵکی و بەرەو ئیمان و ئیسلام دەیانهێنێ بڕیارێکی ستەمکارانەیان دەرکرد کەنابێ کەس ژن و ژن خوازی و کڕێن و فرۆشتنیان لەگەڵدا بکات،بۆماوەی سێ ساڵ پێغەمبەرو یارانی لەشیوی ئەبو تالیب بەبرسیەتی و فەقیری ژیانیان بردە سەر وەئەدوای هەڕەشاندنەوەی ئەم بڕیارە ستەمکارانەیە خەم ومەینەتی و برسیەتی لەکۆڵ نەوەی هاشم و نەوەی موطە ئلیب کەوتن ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) باری سەرشانی سووك بوو ،وە کاروباری مەککە وەك جاران ئاسایی بۆوە ،بەڵام ئەوە بوو دووڕووداو ڕوویاندا ،ئەوانیش بریتی بوون لەکۆچی دوایی خەدیجەی خێزانی پێغەمبەرو ئەبو تالیبی مامی ،کافرەکان دوای مردنی ئەبو تالیب زیاتر

بوونە مایەی ئازاردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جا پێغەمبەر بۆ دوورکەوتنەوە لەوهەموو خەفەت و ئازارەحەتی یە بەرمو تایف رۆیی سا بەشکو لەوێ ببنە پاڵپشت و یارمەتی دەری تا بانگەوازەکەی بڵاو بکاتەوە بەڵام نەفامەکانی تایفیش نەك هەر نەبوونە پاڵپشتی و یارمەتی دەری ، منداڵە ووردەو نەفامەکانیان لێهانداو کەوتنە بەربارانکردنی پێغەمبەرو ئەو هاوەڵەی کەلەخزمەتیدا بوو ،زەیدی کوڕی حاریسە جا لەدوای گەڕانەوەی بۆ مەککە خوای گەورە بۆ دڵدانەوەی پێغەمبەرو سووك کردنی ئەو بارە قورس و گرانەی سەرشانی ئەو ئازیزەی گرتبوو موعجیزەیەکی زۆر گەورەو بایەخداری پیشانی پێغەمبەرەکەیدا، کەئەویش موعجیزەی ئیسراو میعراج بوو ، جابابزانین موعجیزەی ئیسراو میعراج چی یەو چۆنە ؟

ئیسرا : بردنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لەلایەن خوای گەورەو بەدەسەلاتەوە لەمزگەوتی حەرامەوە لەمەککە بۆ مزگەوتی ئەقصا لە قودس ،ئەویش لەبەشێکی شەوداو گەڕانەوەی بۆ شوێنی خۆی هەر لەوشەوەدا ...

میعراجیش : بەرزکردنەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لەبەیت و المەقدیسەوە بۆ حەوت ئاسمانەکەو زۆرتریش ،کەئەوە بوو پێنج فەرزەی نوێژ فەرزکران و گەڕانەوەشی بۆ بەیتولەقدیس ،خوای گەورە لەقورئانەکەیدا باسی ڕووداوی ئیسرای کردووەو فەرمووبەتی:

﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾ الإسراء (١)

واتە: پاك و بێگەردی بۆ ئەو زاتەی کەشەو ڕەوی کرد بەبەندەی خۆی لەشەوێکدا لەمزگەوتی بەڕێزو پیرۆزەوە (مەککە) بۆ مزگەوتی (الاقصی) لە ﴿بیت المقدس﴾ کە دەورو بەریمان پیرۆزو فەڕدار کردووە بۆ ئەوەی هەندێك بەڵگەو نیشانە ڕوونەکانی خۆمانی نیشان بدەین بەڕاستی هەر ئەو بیسەری بینایە . وەلەسورەتی ﴿النجم﴾ دا ئاماژە کراوە بۆ میعراج

.قورئان دەفەرمووێ :﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ * عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ * عِندَهَا جَنَّةُ ٱلْمَأْوَىٰٓ *إِذْ يَغْشَى ٱلسِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ *مَا زَاغَ ٱلْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ *لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ ءَايَـٰتِ رَبِّهِ ٱلْكُبْرَىٰٓ ﴾النجم (١٣- ١٨) . واتە : سوێند بەخوا بێگومان جارێکی تر جوبرەئیلی بینیوە لای دەرەختی (سیدرەتو نمونتەها) کەلای ئەوەودیە بەهەشتی نیشتەجێ بوون کاتێ کە سیدرەی داپۆشی ئەوی کە داپۆشی چاوی ئەو موحەممەد (ﷺ) بەم لاو لادا نەی دەنواڕی لەمەبەست تێ نەدەپەڕی سوێند بەخوا بێگومان بینی گەورەترین بەڵگەو نیشانەی پەروەردگاری ... عەبدوللای کوڕی مەسعودو عائیشەی دایکی بڕوادارانـ خوا لێیان ڕازی بێت ،ئەوەیان لێ ڕیوایەت کراوە کەئەوەی کەلەئایەتی سیازدەهەمدا کە لێیان دەفەرمووێ : بینراوە جبرائیل بووە ، کە پێغەمبەری خوا بەو شێوەی خوا دروستی کردووە و بینیویەتی و تەنها دووجاریش بەو شێوەیەی بینیویەتی: یەکەمیان ئەوکاتەی کەلە ئەشکەوتی حەرڕا دەهاتە خوارەوە و دووەمیش شەوی میعراج ،نیبن کەثیر لەتەفسیرەکەیدا ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووجار جبریلی سەلامی لێ بێ بەو شێوەیە دیوە کەخوای گەورە دروستی کردووە.

یەکەم : دوای وەستانی وەحی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەئەشکەوتی حەرڕا دەهاتە خوارەوە بەشێوەی خۆی کە شەش سەد باڵی هەبوون ولەبەرگەورەیی ئاسۆی دا پۆشی بوو ،چاوی پێکەوت ئەوەبوو لێی نزیك کەوتەوەو ئەو وەحیەشی پێ گەیاند کە خوای گەورە بۆی ناردبوو ،خوای گەورە لەو بارەیەوە فەرموویەتی :

﴿ عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلْقُوَىٰ *ذُو مِرَّةٍ فَٱسْتَوَىٰ *وَهُوَ بِٱلْأُفُقِ ٱلْأَعْلَىٰ *ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ *فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ *فَأَوْحَىٰٓ إِلَىٰ عَبْدِهِۦ مَآ أَوْحَىٰ ﴾ النجم (٥-١٠)

واته‌ :جوبرەئیلی زۆر بەتوانا فێری کردووە خاوەنی بیرو هۆشی بەهێزە، جا لەسەرشێوەی راستەقینەی خۆی راوەستاوە کەبەئاسۆی هەرە بەرزی ئاسمانەوە بوو پاشان نزیك بوویەوە لە موحەممەد (ﷺ) ئینجا هاتەخوارەوە تابەئەندازەی دووکەوان یان کەمتری ماوە مابوو لەگەڵ موحەممەددا (ﷺ) ئینجا ﴿خوا﴾ سروشی کرد بۆ بەندەکەی خۆی ئەوەی کە بۆی کرد.

دووەمیش : لەشەوی ئیسراو میعراجدا لە لای ﴿ **سدرة المنتهى** ﴾ وەك لەسورەتی ﴿ النجم ﴾ دا ئاماژەی بۆ کراوە وەك قورئان دەفەرموێ:﴿ وَلَقَدْ رَءَاهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ *عِندَ سِدْرَةِ ٱلْمُنتَهَىٰ ﴾ النجم (١٣-١٤) واتە : سوێند بەخوا بێگومان جارێکی تر جبرەئیلی بینیوە لای درەختی (سیدرەتو لمونتەها) ، دەربارەی نایەتی ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ﴾ النجم (٨) مەبەستی لەنزیك بوونەوەی جبریلە ، وەك عائیشەی دایکی ئیمانداران و عەبدوللای کوڕی مەسعود (خوا لێیان ڕازی بێ) دەربارە بڕیوە،بەڵام نزیك بوونەوە لەچیرۆکی ئیسرادا نزیك بوونەوەی خوای گەورەیە وکۆڕای زانایان ڕایان لەسەر ئەوەیە کەگەشتی ئیسراو میعراج لەیەك شەودا بووەو لەکاتی بێداری پێغەمبەر (ﷺ) بووەو بەلاشەو بەڕۆحیش بووەو ، فەرموودەی صەحیحی زۆر لەو بارەوە هاتوون هەروەها فەرموودەی صەحیحیش هەن کەسنگی پیرۆزی لەت کراوەو سواری بوراق بووەو پێنج فەرزەی نوێژ فەرز کراون و فەرمایشی لەگەڵ خوادا کردووە ،وهاتوچۆی نێوان خوای گەورەو موسا پێغەمبەری کردووە بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی نوێژەکان ٬ئەمانەهەر هەموویان دەی سەلمێنن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەشتی ئیسراو میعراجی بە لاشەو بە ڕۆح نە نجام داوە، هەردوو ئیمامی فەرموودە لەصەحیحەکەیاندا بەسەنەدی خۆیان [1] لەقەتادەوە لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە لە لەمالیکی کوڕی صەعصەعەوە لەفزەکەش هی

---

[1] صحيح البخارى باب المعراج ٥/ ٦٦ ، صحيح مسلم بشرح النووي ٢/ ٢٢٣ ـ ٢٢٥

بوخاری یه‌ ڕیوایه‌تیان کردووه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) باسی ئه‌و شه‌وه‌ی بۆ کردوون که‌شه‌و ڕه‌وی پێ کراوه‌ و فه‌رموویه‌تی: له‌کاتێکدا که‌ حیجر دا بووم و ڕاکشابووم ،یه‌کێك هات بۆلام قه‌تادەباسه‌که‌ی بڕی و ووتی: گوێم لێی بوو دەیفه‌رموو: هه‌رلێره‌وه‌ تا ئه‌وێی هه‌ندری وتم به‌جارود مه‌به‌ستی چی یه‌ پێی ؟ وتی : له‌قوڕگی یه‌وه‌ هه‌تا خوار ئاوکی ،ئه‌وه‌ بوو دڵمی دەرهێنا پاشان ته‌شتێکی زێڕینیان بۆهێنام که‌ پڕبوو له‌شتێك که‌شۆڕین پێی ئیمان و ژیری و نێزانی تێڕی ته‌واو دەکات،دڵم شۆڕی پاشان پڕکرایه‌وه‌ و خرایه‌وه‌ شوێنی خۆی ، پاشان وولاغێکی سپیم بۆ هێنرا که‌له‌ ئێستر بچووکترو له‌گوێ درێژیش گه‌وره‌تر بوو، جارووڵ لێی پرسی :بوراقه‌ ئه‌ی ئه‌نه‌س؟ ئه‌نه‌س ووتی: به‌ڵێ تاکوێ چاوی بڕ بکات به‌یه‌ك هه‌نگاو دەیگاتێ ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دەفه‌رموێ: سواری کرام و جبریل که‌وته‌ گه‌ڵم تا گه‌یشته‌ ئاسمانی دونیاو داوای کرد دەرگای بۆبکه‌نه‌وه‌،فریشته‌ ووتیان نه‌وه‌ کێ یه‌ ؟فه‌رمووی :جبریلم،ووتیان ئه‌ی کێت له‌گه‌ڵه‌ ؟فه‌رمووی :موحه‌ممه‌د ،ووتیان ئێردراوه‌ به‌دوای دا ؟ فه‌رمووی :به‌ڵێ،ووتیان :به‌خێربێت هاتنێکی چاکه‌ ئێتر دەرگا کرایه‌وه‌ که‌چوومه‌ ژوورەوه‌ دەبینم وائادەم سه‌لامی خوای لێ بێ له‌وێ یه‌ فه‌رمووی :ئه‌وه‌ ئادەمی باوکته‌ سه‌لامی لێ بکه‌،سه‌لامم لێ کردو ئه‌ویش وه‌ڵامی سه‌لامه‌که‌ی دایه‌وەو پاشان فه‌رمووی :کوڕی صاڵح و پێغه‌مبه‌ری صاڵح به‌خێربێت، پاشان جبریل به‌رزی کردمه‌وه‌ هه‌تا گه‌یشتمه‌ ئاسمانی دووهه‌م وداوای کرد دەرگای بۆبکه‌نه‌وه‌ ،فریشته‌ ووتیان ئه‌مه‌ کێ یه‌؟ فه‌رمووی:جبریلم،ووتیان ئه‌ی کێت له‌گه‌ڵه‌ ؟فه‌رمووی :موحه‌ممه‌د ،ووتیان ئێردراوه‌ به‌دوای دا ؟ فه‌رمووی :به‌ڵێ،ووتیان :به‌خێربێت هاتنێکی چاکه‌ ئێتر دەرگا کرایه‌وه‌،که‌چوومه‌ ژوورەوه‌ دەبینم یه‌حیاو عیسا سه‌لامی خوایان لێ بێ که‌ پوورزای یه‌ك بوون له‌وێن،فه‌رمووی :ئه‌وه‌ ئه‌مه‌ یه‌حیاو عیسان سه‌لامی خوایان لێ بێ سه‌لامیان لێ بکه‌، سه‌لامم لێ کردن و ئه‌وانیش وه‌ڵامی سه‌لامه‌که‌یان دایه‌وەو پاشان فه‌رموویان :برای صاڵح و پێغه‌مبه‌ری صاڵح به‌خێربێت، پاشان جبریل به‌رزی

کردمەوە بۆ ئاسمانی سێ هەم وداوای کرد دەرگای بۆبکەنەوە ،فریشتە ووتیان ئەمە کێ یە؟ فەرمووی:جبریلم، ووتیان ئەی کێت لەگەڵە ؟فەرمووی :موحەممەد ،ووتیان نێردراوە بەدوای دا ؟ فەرمووی :بەڵێ،ووتیان :بەخێربێت هاتنێکی چاکە ئیتر دەرگا کرایەوە،کەچوومە ژوورەوە دەبینم وا یوسف لەوێ یە فەرمووی :ئەوە یوسفی براتە سەلامی لێ بکە،سەلام لێکردو ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، پاشان فەرمووی: بۆ ئاسمانی چوارەم و داوای کرد دەرگای بۆبکەنەوە ،فریشتە ووتیان ئەمە کێ یە؟ فەرمووی:جبریلم، ووتیان ئەی کێت لەگەڵە ؟فەرمووی :موحەممەد ،ووتیان نێردراوە بەدوای دا ؟ فەرمووی :بەڵێ،ووتیان : بەخێربێت هاتنێکی چاکە ئیتر دەرگا کرایەوە،کەچوومە ژوورەوە دەبینم وا ئیدریس لەوێ یە فەرمووی :ئەوە ئیدریسە سەلامی لێ بکە،سەلام لێکردو ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، پاشان فەرمووی: بۆ ئاسمانی پێنجەم و داوای کرد دەرگای بۆبکەنەوە ،فریشتە ووتیان ئەمە کێ یە؟ فەرمووی:جبریلم، ووتیان ئەی کێت لەگەڵە ؟فەرمووی :موحەممەد ،ووتیان نێردراوە بەدوای دا ؟ فەرمووی :بەڵێ،ووتیان : بەخێربێت هاتنێکی چاکە ئیتر دەرگا کرایەوە کەچوومە ژوورەوە دەبینم وا هارووننە سەلامی لێ بکە،سەلام لێکردو ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، پاشان فەرمووی: بۆ ئاسمانی شەشەم و داوای کرد دەرگای بۆبکەنەوە ،فریشتە ووتیان ئەمە کێ یە؟ فەرمووی:جبریلم، ووتیان ئەی کێت لەگەڵە ؟فەرمووی :موحەممەد ،ووتیان نێردراوە بەدوای دا ؟ فەرمووی :بەڵێ،ووتیان : بەخێربێت هاتنێکی چاکە ئیتر دەرگا کرایەوە کەچوومە ژوورەوە دەبینم وا مووسا لەوێ یە فەرمووی :ئەوە مووسایە سەلامی لێ بکە،سەلام لێکردو ئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، پاشان فەرمووی: بۆ ئاسمانی

به‌خێربێت. که تێپه‌ڕیم دەستی به‌گریان کردو پێی ووترا :چی ئه‌تگرییێ؟ ووتی :بۆ ئه‌وه دەگریم دوای من منداڵێك کراوه به پێغه‌مبه‌ر که‌له ئوممه‌ته‌که‌ی ئه‌و زیاتر له‌ئوممه‌ته‌که‌ی من ده‌چنه به‌هه‌شت . پاشان به‌رز کرامه‌وه هه‌تا گه‌یشتمه ئاسمانی حه‌وته‌م و داوای کرد دەرگای بۆبکه‌نه‌وه ،فریشته ووتیان ئه‌مه کێ یه؟ فه‌رمووی :جبریلم، ووتیان ئه‌ی کێت له‌گه‌ڵ :فه‌رمووی :موحه‌ممه‌د ،وتیان ئێردراوه به‌دوای دا ؟ فه‌رمووی :به‌ڵێ،وتیان : به‌خێربێت هاتنێکی چاکه ئیتر دەرگا کرایه‌وه که‌چوومه ژووره‌وه ده‌بینم وا ابراهیم له‌وێ یه فه‌رمووی :ئه‌وه باوکته سه‌لامی لێ بکه،فه‌رمووی: سه‌لامم لێکردو ئه‌ویش وه‌ڵامی سه‌لامه‌که‌ی دایه‌وه، پاشان فه‌رمووی: برای صاڵح و پێغه‌مبه‌ری صاڵح به‌خێربێت.

پاشان به‌رزکرامه‌وه بۆ ﴿سدرة المنتهى﴾ ده‌بینم به‌رهه‌می دره‌خته‌کانیان وێنه‌ی کوپه‌ی هه‌جه‌ر‌و گه‌ڵاشیان به‌وێنه‌ی گوێچکه‌ی فیله،جبریل فه‌رمووی :ئه‌مه ﴿سدرة المنتهى﴾ یه ده‌بینم چوار ڕووباری لێ یه فه‌رمووی چوار ڕووبارم بینی دوو ڕووباریان ڕوو پۆش کرابوون دووانه‌که‌ی تریشیان به‌ده‌ره‌وه‌بوون ووتم ئه‌ی جوبره‌ئیل ئه‌م ڕووبارانه چین ؟ ووتی : ئه‌وانه‌ی ڕوو پۆش کرابوون ئه‌وه دوو ڕووباری به‌هه‌شتن ئه‌و دووانه‌ش که به ده‌ره‌وه‌ن ناویان (نیل و فوراته) ،پاشان ﴿ البيت المعمور ﴾ م لێوه ده‌رکه‌وت،ئه‌وه‌بوو قاپێك له‌عه‌ڕەق و قاپێك له‌شیرو قاپێك له‌هه‌نگوینیان بۆم هێنا،منیش شیره‌که‌م وه‌رگرت جبریل فه‌رمووی:ئه‌وه‌ی وه‌رتگرت ئه‌و فیتره‌ته‌یه که‌خۆت و ئوممه‌ته‌که‌ت وان له‌سه‌ری پاشان بۆ هه‌موو ڕۆژێك په نجا نوێژم له‌سه‌ر فه‌رز کراو به‌دوای خۆمدا گه‌ڕامه‌وه به‌ڵای موسادا تێپه‌ڕیم فه‌رمووی:فه‌رمانی چیت به‌سه‌ردادرا ؟ووتم :فه‌رمانم به‌سه‌ردادراوه که‌هه‌موو ڕۆژێك په نجا نوێژ بکه‌م،فه‌رمووی :ئوممه‌ته‌که‌ت توانای نابێت هه‌موو ڕۆژێك په نجا نوێژ بکات چونکه من پێش تۆ خه‌ڵکم تاقی کردۆته‌وه و به‌وپه‌ڕی نار‌ه‌حه‌تی یه‌وه کارو باری به‌نی ئیسرائیلم هه‌ڵ سووراندووه بگه‌ڕێوه بۆڵای په‌روه‌ردگارت با باری سه‌ر شانی ئوممه‌تته‌که‌ت سووك بکات،منیش

گه‌ڕامه‌وه و ده‌نوێژم له‌سه‌ر لابرا که‌گه‌ڕامه‌وه لای مووسا هه‌مان فه‌رمایشی فه‌رموومو‌و دیسان گه‌ڕامه‌وه و ده نوێژی ترم له‌سه‌ر لابرا جارێکی تر گه‌ڕامه‌وه لای مووساو هه‌مان فه‌رمایشی فه‌رموومو‌وه دیسان گه‌ڕامه‌وه وه دیسان گه‌ڕامه‌ومو ده‌نوێژی ترم له‌سه‌ر لابرا نه‌م جارەش گه‌ڕامه‌وه بۆلای مووسا دیسان هه‌مان فه‌رمایشی فه‌رموومو‌وه که‌گه‌ڕامه‌وه فه‌رمانم به‌سه‌ردادرا که ڕۆژی پێنج نوێژ به‌جێ بهێنم فه‌رمووی:نه‌مه‌ته‌که‌ت توانای نابێت هه‌موو ڕۆژێك پێنج نوێژ بکات چونکه من پێش تۆ خه‌ڵکم تاقی کردۆته‌ومو به‌و په‌ڕی نارەحه‌تی یه‌وه کاروباری به‌نی ئیسرائیلم هه‌ڵ سووڕاندووه بگه‌ڕێوه بۆلای په‌روەردگارت داوای لێ بکه بابارى سه‌رشانی نوممه‌ته‌که‌ت سووك بکات،فه‌رمووی :نه‌وه‌ندەم له‌په‌روەردگار داواکراد شه‌رمه‌زار بووم،که‌واته ڕازیم و ته‌سلیم بووم،فه‌رمووی:که‌تێپه‌ڕم کرد بانگم لێکرا بڕیارم له‌سه‌ر فه‌رزکه‌م داومو باری به‌ندەکانیشم سووك کردووموهه‌ندێك ڕیوایه‌تی ئیمام موسلیمیش باسی هاتنی پێغه‌مبه‌ر بۆ (بیت المقدس) و چوونه ناوی و به‌جێ هێنانی دووڕکات نوێژو هه‌ڵبژاردنی قاپه شیرەکه‌و نه‌ویستنی قاپه عارەقه‌که جبریل هه‌ردووکی بۆهێنا نه‌کات،نه‌مه‌ش دوای هاتنه دەرەوەی له (بیت المقدس) هه‌روەها نه‌وەشی باس کردووه که خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی:﴿ يا محمد إنهن خمس صلوات كل يوم وليلة لكل صلاة عشر ،يعني حسنات فذلك خمسون صلاة ، ومن هم بحسنة فلم يعملها كتبت له حسنة، فإن عملها له كتبت له عشراً ، ومن هم بسيئة ولم يعملها لم تكتب شيئاً فإن عملها كتبت سيئة واحدة...﴾ واته : نه‌ی موحه‌ممه‌د له‌شه‌وه ڕۆژێکدا پێنج نوێژن و هه‌ر نوێژێکیش به ده چاکه‌یه،نه‌مه په‌نجا نوێژ هه‌ر که‌سیش نیازی چاکه‌یه‌کی کردو نه‌نجامی نه‌دا به‌چاکه‌یه‌ك بۆی دەنووسرێ هه‌رکه‌سیش نیازی خراپه‌یه‌کی کردو نه‌نجامی نه‌دا هیچی له‌سه‌رنانووسرێ گه‌ر نه‌نجامی دا ته‌نها یه‌ك خراپه‌ی له‌سه‌ر دەنووسرێ ... هه‌روەها هه‌ندێك کتێبی تری فه‌رموودەش باسی نه‌وشتانه دەکەن که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌مه‌ککه‌وه بۆ ﴿بیت

المقدس﴾ چاوی پێکه‌وتوون ،دوو ڕکات نوێژیش که‌له **﴿طور سيناء﴾** و له **﴿بيت لحم﴾** و نه‌نجامی داون،هه‌روه‌ها باس له‌وه دمکه‌ن که‌له **﴿بيت المقدس﴾** پێش نوێژی بۆ پێغه‌مبه‌ران کردووه‌و پێغه‌مبه‌ریش و پێغه‌مبه‌رانیش ستایشی په‌روه‌ردگاریان کردووه. له‌و گه‌شته‌یدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) چاوی به‌مالیکی سه‌رپه‌ریشتیاری دۆزه‌خ دمکه‌وێت که‌به‌هیچ شێوه‌یه‌ك پێ ناکه‌نێ و خۆشی ناکه‌وێته ناوچاوانی هه‌روه‌ها چاوی به‌به‌هه‌شت و دۆزه‌خ دمکه‌وێت. چاوی که‌وت به‌وانه‌ی که‌به‌سته‌م مالێ و سامانی هه‌تیوان ده‌خۆن،که‌وه‌ك ووشتر لمۆزیان هه‌بوو ،وه‌پارچه ئاگری وه‌ك تاشه به‌ردیان ده‌خسته ده‌میانه‌وه‌و له‌دوایانه‌وه ده‌رده‌چوو ،چاویشی به‌سووخۆرمکان که‌وت،که‌وه‌رگێکی وه‌ها زلیان پێوه‌بوو نه‌یانده‌توانی له‌جێی خۆیان بجوونێن و که‌ئالی فیرعه‌ون به‌لایاندا تێپه‌ڕیان دمکرد تانا‌گری دۆزه‌خیان پێشان بدرێت،ئه‌نیشتنه ملیان و نه‌یان پلیشاندن.چاویشی به‌زیناکاران که‌وت که‌گۆشتێکی قه‌ڵه‌وی چاك و گۆشتێکی له‌ڕی گه‌نیویان له‌به‌ردمم دابوو،

له‌گۆشته گه‌نیومکه‌یان ده‌خواردو وازیان له‌قه‌ڵه‌وه چاکه‌که دمهێنا،چاویشی که‌وت به‌هه‌ندێك ئافره‌ت که به‌مه‌مکیان هه‌ڵواسرابوون به‌بۆنه‌ی ئه‌وموه که منداڵی پیاوێکیان به‌هی پیاوێکی تر له‌قه‌ڵه‌م دابوو ،هه‌روه‌ها له‌وسه‌رو له‌وسه‌رموه چاوی که‌وت به‌کاروانێکی قوڕه‌یش که‌ئه‌وبوو ووشترێکیان لێ وون بووبوو پیشانی دان و ئاومکه‌شیان له‌ده‌فرێکی سه‌ر گیراودا بوو کاتێ که‌ئه‌وان خه‌وتبوون ئاومکه‌ی خواردمومو ده‌فرمکه‌شی وه‌ك خۆی به‌سه‌رگیراوی به‌جێ هێشت ،ئه‌وه‌ش بووه به‌ڵگه‌یه‌ك له ڕاستی فه‌رمایشته‌کانی کاتێك که‌له مه‌ککه بۆ قوڕه‌یشی باس کرد ...هه‌ر ئه‌وشه‌وه ئه‌و گه‌شته پیرۆزه ته‌واو بوو که‌ڕۆژ بوویه‌وه، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) باسی ئه‌و گه‌شته‌و ئه‌وشتانه‌ی که‌بینیبوونی کرد بۆ قوڕه‌یش و

ئەوانیش زیاتر لەجاران ملیان بادەداو دژایەتیان دەکرد،داوایان لێکرد باسی ﴿**بیت المقدس**﴾ یان بۆبکات،خوای گەورە وێنەی مزگەوتەکەی بۆدەرخست هەتا بەووردی بۆیان باس بکات ئەویش هەموو ناونیشانێکی مزگەوتی بۆ هەڵدەدان و نەیاندەتوانی ئینکاری لەڕاستی بکەن،هەروەها هەواڵی کاروانەکەی پێدان کەلەم سەرو لەوسەرەوە چاوی پێکەوتبوو، هەواڵی ئەوکاتەشی دانێ کەدەگاتە بەرەومو هەواڵی ئەو ووشترەش کە دەکەوێتە پێش کاروانەکە ،ئەومبوو هەموو هەواڵەکانی بەڕاست دەرچوون کەچی ئەو ستەم کارانە سەرەڕای بینینی ئەو موعجیزە گەورانە لە پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر دەسڵەمینەومو هەتا دەهات بێ باوەڕتر دەبوون.هەر کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی (ئەقصا) دەکات بۆ کافرەکانی مەککە سێ موعجیزەی گەورەو ناودار دەردەکەون :یەکەم : خوای گەورە مزگەوتی ئەقصای بەرزکردەوە لە (بیت المقدس) لە فەلەستین وەهێنای لە مەککە داینا بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) تەماشای دەکرد نزیکتر لە خانووی عەقال یان عەقیل.

دووەم : پێغەمبەر (ﷺ) بەتەنها هەر خۆی مزگەوتی ئەقصای بینیوە جگە لەو کەسانەی کە لەدەوری بوون واتە ئەو کەسانەی دەوری ئەیان بینیوە .

سێیەم : لە دوای ئەوەی پێغەمبەر ( ) کۆتای هێنا لە وەسفکردنی مزگەوتی ئەقصا خوای گەورە مزگەوتی ئەقصای گەڕاندەوە شوێنی خۆی .

موعجیزه‌ی (٢) هه‌ردوو ده‌ستی به‌به‌رده‌که‌وه‌ ووشك بوون :

له‌کاتی گه‌یاندنی بانگه‌وازه‌ پیرۆزه‌که‌ی خوای گه‌وره‌ له‌مه‌ککه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) زۆر نیپراوانه‌ قۆڵی مه‌ردایه‌تی لێ هه‌ڵکردوو که‌وته‌ بانگه‌واز کردن بۆ ئه‌م به‌رنامه‌ پاکه‌.جا ناحه‌زانی حه‌ق وڕاستی و سه‌رکرده‌ ستەمکاره‌ بتپه‌رسته‌کانی مه‌ککه‌ که‌وتنه‌ دژایه‌تی کردنی به‌رنامه‌پاکه‌که‌ی خوای گه‌ورەو ئازاردانی پێغه‌مبه‌رکه‌ی (ﷺ) یه‌کێك له‌و ستەمکاره‌ گومڕایانه‌ که‌به‌هه‌موو هه‌وڵ و تێکۆشانی که‌وته‌ دژایه‌تی کردنی پێغه‌مبه‌رو بانگه‌وازه‌که‌ی نه‌بو جه‌هل بوو نه‌ویش له‌به‌ر حه‌سادەت وخۆبه‌زلزانی ڕێگای ڕاستی نه‌ده‌گرته‌ به‌ر ئه‌گینا زۆر چاك ده‌یزانی که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چ که‌سایه‌تی یه‌کی گه‌وره‌یه‌ له‌ناویاندا که‌سێکی ڕاستگۆیه‌ و هه‌رچی پله‌ی خه‌سڵه‌تی به‌رزو پایه‌دار هه‌یه‌ له‌و پێغه‌مبه‌ره‌دا ده‌درەوشێته‌وه‌ هه‌رچه‌نده‌ خوانه‌ناسان به‌بێ به‌زەیی و دوور له‌ویژدانه‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ده‌جووڵانه‌وەو هه‌موو هه‌وڵێکیان ده‌دا بۆ به‌ربه‌ست دروستکردن له‌به‌ردەم بانگه‌وازه‌که‌یدا پێغه‌مبه‌ری سه‌روەری ئیسلام (ﷺ) له‌بانگ کردنی پیاوه‌ ناوداره‌کانیان کۆڵی نه‌ده‌داو به‌زەیی به‌حاڵیاندا ده‌هاته‌وه‌ پێی خۆش بوو له‌ناگری دۆزەخ ڕزگار ببن و ئیمان بهێنن به‌ پەیامی خوای گه‌وره‌ و واز له‌دژایه‌تی کردنی حه‌ق و ڕاستی بهێنن...به‌یه‌قی له‌ موغیره‌ی کوڕی شه‌عبه‌وه‌ هێناویه‌تی که‌ ووتوویه‌تی: یه‌کەم جار که‌ پێغه‌مبه‌ری خوام (ﷺ) ناسی ڕۆژێك بوو که‌من و ئه‌بو جه‌هلی کوڕی هیشام له‌یه‌کێك له‌کۆڵانه‌کانی مه‌ککه‌دا پێکه‌وه‌ به‌ڕێدا دەڕۆیشتین،تووشی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بووین، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌ئه‌بوو جه‌هلی فه‌رموو:﴿ **يا ابا الحكم هلم إلى الله وإلى رسوله أدعوك إلى الله** ﴾ فه‌رمووی : ئه‌بولحه‌کەم خێراکه‌ بۆڵای خواو بۆڵای پێغه‌مبه‌رکه‌ی بانگت دەکەم بۆڵای خوا،ئه‌بوجه‌هل ووتی: ئه‌ی موحه‌ممه‌د ئایا له‌جنێودان به‌پەرستراوەکانمان واز ناهێنی ؟

ئایا جگه‌ له‌وه‌ی که‌ ئێمه‌ شاهیدی بده‌ین تۆ پێت ڕاگه‌یاندووین، هیچی ترت ده‌وێت؟ ده‌ی وائێمه‌ شاهێدی ده‌ده‌ین که‌تۆ پێت ڕاگه‌یاندووین،به‌خوا ئه‌گه‌ر بزانم ئه‌وه‌ی که‌تۆ ده‌یڵێیت ڕاسته‌ ئه‌وا شوێنت ده‌که‌وم، ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕوێشت ،و ئه‌بو جه‌هل ڕووی تێکردم و وتی: به‌خوا ده‌زانم ئه‌وه‌ی که‌ئه‌و ده‌یڵێت ڕاسته‌،به‌ڵام شتێك قه‌ده‌غه‌م ده‌کات:ئه‌وه‌ی قوصه‌ی ووتیان:﴿ حجابة﴾ له‌ده‌ستی ئێمه‌دایه،وتمان به‌ڵێ، پاشان ووتیان ﴿ سقاية ﴾ ش له‌ده‌ستمان دایه‌و وتمان به‌ڵێ پاشان وتیان ﴿ ندوة ﴾ ش له‌ده‌ستمان دایه‌و وتمان به‌ڵێ : پاشان ووتیان ﴿ لواء﴾ ش له‌ده‌ستمان دایه‌و وتمان :به‌ڵێ پاشان ئه‌وان نانیان داو ،ئێمه‌ش نانمان دا هه‌تا که‌له‌ پایه‌داریدا یه‌کسان وه‌ستاین:ووتیان: پێغه‌مبه‌رمان تیادا هه‌ڵکه‌وتووه‌ به‌خوا شتی واناکه‌م واته‌ : ئه‌بو جه‌هل ووتی دانی پیانانێم و ئیمانی پێ ناهێنم.به‌ڵێ خوێنه‌ری به‌ڕێز:ئه‌بو جه‌هل سه‌رمڕای ئه‌وه‌ی ده‌یزانی که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕاست ده‌کات و ڕاستگۆیه،به‌ڵام سه‌رکه‌شی و بێ ئیمانی به‌سه‌ریدا زاڵ بوو بوو زیاتر که‌وته‌ دژایه‌تی کردنی پێغه‌مبه‌رو بانگه‌وازه‌که‌ی ،ئه‌بو جه‌هل له‌هه‌موو که‌س زیاتر دژایه‌تی ئایینی تازه‌ی ده‌کرد،جگه‌له‌وه‌ی که‌ ئه‌گبه‌تی یه‌خه‌ی پێگرتبوو حه‌زی له‌ کوفرو ستەم بوو،ئه‌و لاشه‌وه‌ ڕقێکی له‌ئه‌وه‌ی هاشم بوو،وەك مه‌خزوومی یه‌ك پێی خۆش بوو له‌شه‌ڕه‌ف و پایه‌داری دا پێشیان بداته‌وه‌ بۆیه‌ که‌هه‌واڵی ئایینی تازه‌ی بیست به‌ڕق و قینێکه‌وه‌ ووتی:ئه‌ی کۆمه‌ڵی قوڕه‌یش موحه‌ممه‌د هیچی ناوێت جگه‌له‌وه‌ی که‌ده‌یبینین که‌بریتی یه‌ له‌ عه‌یبدارکردنی دینه‌که‌مان و جنێودان به‌باب و باپیرانمان و به‌شێت دانانی پیاوه‌ ژیرەکانمان و سووکایه‌تی کردن به‌ په‌رستراوه‌کانمان – ده‌ی من به‌ڵێن به‌خوا ده‌دەم که‌سبه‌ینێ به‌به‌ردێکه‌وه‌ بۆی داده‌نیشم، جا که‌له‌نوێژه‌که‌ی دا سووجده‌ی برد ،سه‌ری پێ له‌ت ده‌که‌م، جا بانه‌وه‌ی عه‌بدول مه‌ناف چییان پێ خۆشه‌ بیکه‌ن،بۆ سبه‌ی ئه‌بو جه‌هل به‌ردێکی به‌ده‌سته‌وه‌ گرت و بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دانیشت هه‌تا بێت،ئه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خوا

(ﷺ) هات و له‌نێوان هه‌رده‌ووك ڕووکنی که‌عبه‌دا ڕووکنی نه‌سوود و ڕووکنی یه‌مانی دا دەستی به‌نوێژ کردو قوڕه‌یشیه‌کانیش هه‌ر کۆمه‌ڵه‌و له‌شوێنی کۆڕو کۆمه‌ڵی خۆیاندا دانیشتن و چاوه‌ڕوان بوون کاتێك که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سووجده‌ی برد ،ئه‌بو جه‌هل دەستی دایه به‌رده‌که‌و به‌ده‌زه دزه به‌ره‌و ڕووی هات تاکه‌ڵێی نزیك که‌وته‌وه ڕەنگی زه‌ردبوو وترسی لێنیشت و هه‌ردوو دەستی به‌به‌رده‌که‌وه ووشك بوون و هۆشی له‌خۆی نه‌ماو به‌رده‌که‌شی له‌دەست که‌وته خواره‌وه به‌چاوی زاقه‌وه گه‌ڕایه‌وه دواوه ،قوڕه‌یش ئاگاداربوون،بگره به‌تایبه‌ت زۆرێکیان به‌بۆنه‌ی به‌ڵێنه‌که‌ی ئه‌بو جه‌هله‌وه له‌وێ کۆبوونه‌وه به‌ته‌مابوون ئه‌بوو جه‌هل به‌رده‌که بکێشێ به پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نه‌فامانه بێئاگابوون له‌وەی نه‌یان دەزانی که‌خوای گه‌وره ناهێڵێ ئه‌م پیلانه گلاوه‌یان سه‌ربگرێ و پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی خۆی ده‌پارێزێ ،بینیان ئه‌بو جه‌هل به‌رده‌که‌ی فڕێ داو کشایه‌وه دواوه وچه‌ندکه‌سێك هاتن بۆڵای ئه‌بو جه‌هل پرسیان ئه‌وه چیته ؟ وتی:هه‌ستام بۆی تابه‌رده‌که‌ی پیادا بکێشم ،به‌ڵام که‌نزیك بوومه‌وه لێی نێره ووشترێك هاته ڕێم به‌خوا هه‌رگیز نێره ووشترم له‌شێوەی که‌لله سه‌رو مل و که‌ڵبه‌ی ئه‌و ووشتره‌دا نه‌دیوه وویستی بم خوات: ئیبن ئیسحاق ووتوویه‌تی: بۆم باسکراوه که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: ﴿ذلك جبريل، ولودنا من لأخذه﴾ واته: ئه‌وه جبریل بووه ئه‌گه‌ر نزیك بکه‌وتبایه‌وه له‌ناوی ده‌برد،وه‌هه‌روه‌ها به‌یه‌قی له‌عه‌بباسه‌وه خوا لێی ڕازی بێ هێناویه‌تی که ووتوویه‌تی: ڕۆژێکیان له‌مزگه‌وت بووم بینیم ئه‌بو جه‌هلی کافرو ستەمکار هات ووتی: به‌ڵێن به‌خاو ده‌دەم ئه‌گه‌ر موحه‌ممه‌د له‌سوجده‌دا ببینم بچمه‌سه‌رملی منیش خێرا ده‌رچووم و خۆم گه‌یانده پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و چوومه ژوورەوه لای وەهوالی ووته‌که‌ی ئه‌بو جه‌هلم دا پێی،ئه‌ویش به‌توڕه‌یی له‌مانْ ده‌رچوو هات بۆ مزگه‌وت،ئه‌وه‌نده‌یه‌له‌ی بوو له‌ده‌رگا نه‌هاته ژوورەوه به‌ڵکو به‌سه‌ردیواره‌که‌دا سه‌رکه‌وت،منیش ووتم:

نه‌مرۆ رۆژێکی ناهه‌مواره‌ ئیزاره‌کەم کۆکرده‌وه‌و که‌وتمه‌ شوێنی نه‌وه‌بوو پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌ستی به‌خوێندنی ﴿اَقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ﴾العلق(١-٢) کردو کاتێك که‌ گه‌یشته‌ لای نه‌و ئایه‌تانه‌ی که‌باسی نه‌بو جه‌هل ده‌که‌ن پیاوێك به‌نه‌بو جه‌هلی ووت :نه‌بولحه‌که‌م نه‌وه‌ موحه‌ممه‌ده‌، نه‌بوجه‌هلیش ووتی:نه‌وه‌ی من ده‌یبینم ئێوه‌ش نایبینن ؟به‌خوا ناسۆی ناسمانم لێ داخراوه‌ له‌ڕێوایه‌تێکیکه‌دا هاتووه‌ : ئێوانی من و نه‌و به‌سوپای مه‌لائیکه‌ت دا پۆشراوه‌ کاتێك که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) گه‌یشته‌ کۆتایی سوره‌ته‌که‌ سووجده‌ی برد [٢] وه‌هه‌روه‌ها نه‌بوجه‌هل جارێکی تریش ده‌ڵێت: به‌ڵێن ده‌دەم به‌خوا که‌ نه‌گه‌رموحه‌ممه‌د له‌سووجده‌دا ببینم ده‌چمه‌ سه‌رملی و ده‌م و چاویشی له‌خۆڵ هه‌ڵ ده‌سووم،نه‌وه‌بوو به‌رمو ڕووی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هات بچێته‌ سه‌ر ملی ،که‌چی له‌ناکاو به‌رمو دواوه‌ پاشه‌کشه‌ی ده‌کردوو به‌هه‌ردووك ده‌ستی خۆی ده‌پاراست، پێیان ووت نه‌وه‌ چیته‌ ؟ ووتی : له‌نێوان من و نه‌ودا چاڵێك ناگرو ترس و له‌رزو باڵ هه‌ن... پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی: ﴿ لودنا مني ،لاختطفته الملائكة﴾ واته‌ :نه‌گه‌ر لێم نزیك بکه‌وتایه‌ته‌وه‌ مه‌لائیکه‌ت ده‌یان فڕاند وه‌هه‌روه‌ها له‌ڕێوایه‌تێکی که‌دا هۆی هاتنه‌ خواره‌وه‌ی ئایه‌ته‌کانی ﴿٦-١٩﴾ کۆتایی سوره‌تی ﴿العلق﴾ وه‌ها باس کراوه‌ که‌نه‌بوجه‌هل به‌ڵای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) که‌نوێژه‌که‌ات تێ ده‌په‌ڕی، نه‌وه‌ش دوای نه‌وه‌ی چه‌ندجارێك ویستبووی ده‌ست دڕێژی بکاته‌ سه‌ر پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ڵام خوای گه‌وره‌ پارێزگاری له‌ پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی کردبوو، نه‌بوجه‌هل خه‌جاڵه‌ت بوو، ده‌ڵێت پێمان نه‌ووتی نوێژ نه‌که‌ی نه‌ی موحه‌ممه‌د ؟ خۆده‌زانی له‌مه‌ککه‌دا هیچ که‌س له‌من زیاتر پشتیوانی نی یه‌، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)

---

[٢] شرح حياة الصحابة ١ / ٤٥٢ – ٤٥٣

گوێی پێنه‌داو لێشی تووڕه‌بوو نه‌وه‌بوو جه‌هل به‌سه‌رشۆڕی و خه‌جاڵه‌تی گه‌رایه‌وه دواوه، خوای گه‌وره‌ دەربارەی نه‌بوجه‌هلی سته‌مکار نه‌و ئایه‌تانه‌ی دابه‌زاندن:

﴿ كَلَّآ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ * أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ * إِنَّ إِلَىٰ رَبِّكَ ٱلرُّجْعَىٰٓ * أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يَنْهَىٰ * عَبْدًا إِذَا صَلَّىٰٓ * أَرَءَيْتَ إِن كَانَ عَلَى ٱلْهُدَىٰٓ * أَوْ أَمَرَ بِٱلتَّقْوَىٰٓ * أَرَءَيْتَ إِن كَذَّبَ وَتَوَلَّىٰٓ * أَلَمْ يَعْلَم بِأَنَّ ٱللَّهَ يَرَىٰ * كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًۢا بِٱلنَّاصِيَةِ * نَاصِيَةٍ كَٰذِبَةٍ خَاطِئَةٍ * فَلْيَدْعُ نَادِيَهُۥ * سَنَدْعُ ٱلزَّبَانِيَةَ * كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَٱسْجُدْ وَٱقْتَرِب ۩ ﴾ العلق(٦-١٩)

واته: بەڕاستی مرۆڤ یاخی دەبێ کەخۆی ببینێ وا دەوڵەمەند بووە بێگومان هەربۆڵای پەروەردگاری تۆیە گەڕانەوە ئایا بینیت ئەو کەسەی کەجلەو گیری دەکات لەبەندەیەك کەنوێژبکات ئایا پێم بڵێ ئەگەر ئەوکەسە لەسەر ڕێ ی ڕاست بوایە یا فەرمانی بدایە بە پارێزگاری باشتر نەدەبوو ئایا بینیت ئەگەر بڕوای بەئایینی بەڕاستی نەبێ و پشتی لێ هەڵکات ڕزگاری دەبێت ئایا نەیزانیوە کەخوا دەیبینێ،وانی یە کەبیری لێدەکاتەوە بەڕاستی ئەگەر وازنەهێنێ ڕای دەکێشین بەقژی پێشەسەری، پێشەسەرێکی دروزنی بەهەڵەدا چوو ئینجا با ئەویانگی هاوڕێکانی خۆی بکات ئێمەش بانگی فریشتەی زەبر بەدەست دەکەین نەخێر بەگوێی ئەوکەسانە مەکە وە کڕنووش بەرەو لە ﴿ خوا ﴾ نزیك بکەوەرەوە.

موعجیزەی (٣) پیاوە ئیراشیەکە قەرزەکەی وەرگرتەوە:

نیبن ئیسحاق ڕیوایەتی کردووەو ووتوویەتی : پیاوێکی هۆزی ئیراش بەچەند سەر ووشترێکەوە هاتە مەککەو ئەبووجەهل لێی کڕی،بەڵام دەستی دەستی بەکابرا دەکردو پارەکەی نەدەدایە،کابرای ئیراشی هیچی بۆنەمایەوە ئەوەندەبێ هاتە لای کۆڕوکۆمەڵی قورەیش و پێغەمبەری خواش (ﷺ) لەلایەکی مزگەوتەوە دانیشتبوو،وتی:ئەی کۆمەڵی قورەیش چ پیاوێکتان ئامادەیە ئەو حەقەم لە ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام بۆ وەربگرێتەوە ؟من غەریب و ڕێبوارم و حەقەکەم ناداتێ ،پیاوانی کۆڕەکە ووتیان :ئائەوە دەبینی ؟ ئاماژەیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد،چونکە دەیانزانی لەنێوان ئەوو ئەبو جەهلدا چ دوژمنایەتیەک هەیە،ووتیان بڕۆ بۆلای ،ئەو حەقەکەت بۆ وەردەگرێتەوە کابرای ئیراشی هاتە سەر سەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسەکەی بۆگێڕایەوە،ئەویش هەستایەوەو پێکەوە ڕۆیشتن کە پیاوانی کۆڕەکە چاویان لێ بوو هەستایەوەو لەگەڵیدا ڕۆیشتن،بە پیاوێکیان کەلە گەڵیدا بوو،وت: شوێنیان بکەوەو بزانە چی دەکات ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت هەتا گەیشتەلای ماڵی ئەبو جەهل تەقەی لەدەرگادا ووتی: ئەوەکێ یە ؟ فەرمووی محمدو وەرە دەرەوە ،کەهاتە دەرەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی:﴿**أعطى هذا الرجل حقه**﴾ واتە: هەقی ئەم کابرایە بدە،وتی: مەڕۆ هەتا چی لەلامە بی دەمێ ،چووە ژوورەوەو هاتە وەو پارەکەی بۆهێناو دایە دەستی، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوەو بەکابرای ئیراشیشی فەرموو:﴿**إلحق لشأنك**﴾ واتە: بڕۆ بەلای کاری خۆتەوە،کابرای ئیراشی هاتەوە بۆلای کۆڕەکەو ووتی:خوا پاداشتی بەچاکەوە بداتەوە هەقەکەمم وەرگرتەوە،کاتێ کەناردیان تابزانێ ئەبو جەهل چی دەکات گەڕایەوە پێ یان ووت: ماڵت کاول بێ چیت دی ؟ ووتی : شتێکی یەکجار سەیرم دی بەخوا هەرنەوەندە

کەتەقەی لەدەرگاکەی دا ،هاتە دەرەوە گیانی تیادا نەمابوو ووتی:حەقی نەم کابرایە بدە،نەویش پێیدا ئەوەندەی پێنەچوو نەبو جەهل هات و ئەوانیش لۆمەیان کردو بەگاڵتەوە پێیان ووت:دەبەخوا ئەوەی تۆ کردووتە تا ئێستا نەمان دیوە،وتی:مانتان کاول بێ هەرنەوەندە کەتەقەی لەدەرگاکەم دا،دەنگێکم بیست و ترسو لەرز دای گرتمەوە نیرە ووشترێکیش بەسەر سەریەوە بوو کەهەرگیز نیرە ووشترم لەشێوەی کەللە سەرو مل و کەڵبەی نەو ووشترە دا نەدیوە دەبەخوا نەگەر بەگوێم نەکردایە دەی خواردم،ئیتر شێوەی نەو نیرە ووشترە هەرگیز لەمێشکی نەبو جەهل دەرنەدەچوو.

لەپاش بینینی نەو هەموو موعجیزانە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبو جەهل چونکە نەگبەتی و بەدبەختی سواری شان وملی بووبوو رێگای هیدایەتی نەگرتە بەرو لەسەر بێ باوەڕی بەردەوام بوو تا سەرەنجام بەکافری دنیای بەجێ هێشت سزای ناگری دۆزەخی بۆ خۆی مسۆگەر کرد...[٢]

موعجیزەی (٤) خوای گەورە چاوی لە ئاستی پێغەمبەردا لە بینین خست :

ئوم جەمیلی هاوسەری ئەبولەهەب یەکێك بوو لەئافرەتە بێ باوەڕەکانی مەککە بەئەوپەڕی دژایەتی پێغەمبەری دەکرد،وەهەروەها ئەبولەهەبی مێردیشی کەهاوکات مامی پێغەمبەر بووزۆر بەبێ ڕەحمانە دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی دەکرد،ئەوەی جێگای سەرنجە ئەبولەهەب کەناوی عەبدولعززە بوو ،کاتێك ﴿ ثُوَيبة ﴾ ی کەنیزەکی هەوالی

---

[٢] ژیانی ئازیزمان (ﷺ) لاپەرە ٢٢٠- ٢٢١

دایه که‌ئامینه‌ی هاوسه‌ری عه‌بدوللای برای کوڕی بووه،ئه‌بو له‌هه‌ب له‌مژده‌ی دا ئه‌و که‌نیزه‌که‌ی نازادکرد،که‌چی کاتێك که‌وه‌حی هات بۆ پێغه‌مبه‌ری نازیز (ﷺ) ئه‌بوله‌هه‌بی مامی له‌هه‌موو که‌س زیاتر دژایه‌تی ده‌کرد،له‌لایه‌که‌وه خزمایه‌تی و له‌لایه‌کی تره‌وه دراوسێیه‌تی و له‌لایه‌کی تریشه‌وه موحه‌ممه‌دی ڕه‌وشت جوان و نه‌رم ونیان،شیاوی دژایه‌تی نی یه،چلو سێ سالْ ته‌مه‌نی به‌ڕاستگۆیی و ده‌ست پاکی به‌سه‌ربردووه تائێستا کارێکی نه‌کردووه که‌دڵی هیچ که‌سێك گه‌ردبگرێت ئوم جه‌میل هه‌وڵی ئه‌دا به‌دووزمانی و قسه‌هێنان و بردن نێوان پێغه‌مبه‌رو خه‌ڵکی تێك بدات ،درك و دانی کۆنه‌کردەوه و ئه‌ی خسته ڕێگاکه‌یه‌وەو پیسی فڕێ ئه‌دایه به‌رده‌رگاکه‌یی و پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) دووری ئه‌خسته‌وه ئه‌ی فه‌رموو: ﴿أي جوار هذا يا بني عبد المناف ؟﴾ واته: ئه‌مه‌چۆن دراوسێیه‌تی یه‌که ئه‌ی ئه‌وەی عه‌بدومه‌ناف ؟ ئه‌وه ڕه‌فتاری ئه‌و ژن و میێرده نامه‌رده‌بوو تا ئه‌وه‌بوو خوای گه‌وره سوڕه‌تی ﴿ تبت يدا ﴾ ی نارده‌خواره‌وه مژده‌ی به‌هه‌ردووکیاندا که‌هه‌ردووکیان ده‌بنه سووته‌مه‌نی دۆزه‌خ کاتێك ئوم جه‌میل بیستی وادەربارەی خۆیی و میێرده‌که‌ی قورئان هاتۆته خواره‌وه هه‌ستاو به‌ره‌و مزگه‌وت که‌وته‌ڕێ تا تۆڵه له‌پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بستێنێ ،له‌وکاته‌دا ئه‌ویش له مزگه‌وتدا له‌په‌نای که‌عبه‌دا له‌گه‌ڵ ئه‌بو به‌کر دا دانیشتبوو،ئوم جه‌میلیش به‌ردێکی پڕ به‌مشتی هه‌ڵگرتبوو ،که‌نزیکیان که‌وته‌وه خوای گه‌وره چاوی له‌ئاستی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) له‌بینین خست و ته‌نها ئه‌بوبه‌کری ده‌بینی، ئه‌مه‌ش یه‌کێکی تره له‌موعجیزه‌کانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وتی: ئه‌بوبه‌کر ئه‌وه هاوه‌ڵه‌که‌ت کوا ؟ پێم گه‌یشتووه که هه‌جووی کردووم، به‌خوا ئه‌گه‌ر ببینم ئه‌م به‌رده ئه‌کێشم به‌ده‌میا به‌خوا منیش شاعیرم پاشان ووتی: **مذمما عصينا و أمره أبينا .ودينه قلينا** .نیتر ڕۆیشت،ئه‌بوبه‌کر ووتی:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ئایا ئه‌تی بینی ؟ فه‌رمووی :﴿ما

رأيتني،لقد أخذ الله ببصرها عني﴾ واته:ئه‌ی بینیم ،خوای گه‌وره‌ له‌ناستی بینینی منذا چاوی له‌بینین خست. [٤]

موعجیزه‌ی (٥) خوای گه‌وره‌ پارێزگاری له‌پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ده‌کات له‌پیلانێکی شه‌یتانیانه‌ی بێ باوه‌ڕه‌ قوڕه‌یشی یه‌کان :

کاتێك هاوه‌لانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) کۆچیان کرد له‌مه‌ککه‌وه‌ بۆ مه‌دینه‌ بت پەرسته‌ قوڕه‌یشی یه‌کان ترسی ئه‌وه‌یان لێنیشت پێغه‌مبه‌ری خواش (ﷺ) کۆچ بکات بۆ مه‌دینه‌و ئه‌وێ هێز پەیدا بکات و دوای ماوه‌یه‌ك بێته‌وه‌ سه‌ریان و مه‌ککه‌شیان له‌بن دەست دەربهێنێ .بۆئه‌مه‌ زۆر خه‌مباربوون، چونکه‌ زۆرچاك ده‌یانزانی ئه‌گه‌ر پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) مه‌ککه‌ جێ بهێڵێت کاریگه‌ری زۆری ده‌بێ چونکه‌ زۆر حه‌کیم و ووردبینه‌، هاوه‌ڵه‌کانیشی چه‌ند به‌غیره‌ت و ڕاستگۆو کۆڵ نه‌دەرن و به‌دڵسۆزی و نیه‌تی پاکه‌وه‌ کار بۆ ئایینه‌که‌یان دەکه‌ن،بۆیه‌ به‌وپه‌ڕی توانایاناوه‌ بۆ ڕێگا چاره‌یه‌ك دەگه‌ڕان ئه‌وه‌بوو پەرله‌مانی مه‌ککه‌ له‌ (دار الندوة) کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجام دا،نوێنه‌ری هه‌موو هۆزه‌ قوڕیشیه‌کان ئامادەی بوون تا ئه‌و کێشه‌یه‌ چاره‌سه‌ر بکه‌ن،کاتێك که‌هاتن بۆ (دار الندوة) شه‌یتان له‌شێوەی ڕیش سپی یه‌کی نه‌جدی دا هاته‌ ڕێیان و دەستێك به‌رگی ئه‌ستووری له‌به‌ردا بوو،که‌بینیان وا له‌به‌ر دەرگادا وەستاوه‌ ووتیان مامه‌ی ڕیش سپی کێ یه‌؟ ووتی : ڕیش سپی یه‌کی نه‌هلی نه‌جدەو ئه‌وەی بیستووه‌ که‌بۆی کۆبوونه‌ته‌وه‌،بۆیه‌ ئه‌ویش له‌گه‌ڵتان ئاماده‌ بووه‌،تا له‌ئامۆژگاری خۆی بێبه‌شتان نه‌کات،ووتیان چاکه‌ فه‌رموو وەره‌ ژووره‌وه‌ دوای ئه‌وەی پیاوانی

---

[٤] ژیانی ئازیزمان (ﷺ) لاپه‌ره‌ ٢٠٤ – ٢٠٥ – ٢٠٦

کۆبوونه‌وه که‌نامادەبوون هەوڵیان دەدا بەهەموویان ڕێگایەك هەڵبژێرن و یەکدەنگ بن لەسەری، جا هەریەکەیان ڕێگە چارەیەکی دیاری دەکر هەموو جارێك شەیتان کەلە شێوەی پیاوێکی ڕیش سپی دابوو دەی ووت نەخێر نەو ڕێگە چارەیە بەکەڵك نایەت و سوودی نی یە، تا سەرەنجام نەبو جەهلی ستەمکارو سیفەت شەیتان ووتی :بەخوا من لەبارەیەوە ڕایەکم هەیە وبڕوا ناکەم ئێوە هیچتان بیرتان لێ کردبێتەوە، ووتیان نەوە چی یە؟ نەبو جەهل ووتی: وای بۆدەچم ئێمە نەهەموو هۆزێك گەنجێکی چاك و خاوەن نەسەب هەڵبژێرین و هەرگەنجێکیش نەوانە شمشێرێکی تیژی بدەینە دەست، پاشان بچنە سەری و هەرهەموو بەجارێك بە شمشێر دای بگرنەوەو بیکوژن، چونکە نەگەر نەو گەنجانە وەها بکەن نەوا خوێنەکەی لەناو هەموو هۆزەکاندا بلاودەبێتەوە و نەوەی عەبدومەناف ناتوانن لەگەڵ نەو هەموو هۆزەدا بجەنگن، ناچاردەبن بەخوێندان ڕازی بن نەوکاتەش ئێمە خوێنەکەی بۆیان کۆدەکەینەوە، ڕیش سپی یە نەجدی یەکە واتە شەیتان وتی :قسە نەوەیە کەنەو پیاوە کردی ،بەم شێوەیە خەڵکەکە لەسەر نەو ڕایە ڕێك کەوتن، کەبڕیارەکەیاندا خوای گەورە جبریلی نارد خوارەوە بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) هەواڵی دایە کەکافرەکان چ نیازێکی پیسیان کردووە، خوای گەورە فرمانی وەهایە نەو شەوی داهاتوو لەسەر جێگاکەی خۆی نەخەوێ، هەر شەو کۆچ بکات لەوبارەوە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە لەفێڵ و تەڵەکەی بێ باوەڕان ئاگاداری کردو فەرمووی ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ ۚ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ ٱللَّهُ ۖ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلْمَٰكِرِينَ ﴾ الانفال (٣٠)

واتە : وە بیر بکەرەوە کاتێك نەوانەی کەبێ باوەڕبوون لەدژت پیلانیان دەگێڕا تابەندو کۆتت بکەن یان بتکوژن یان لەمەککە دەرت بکەن وە نەوانە بەردەوام فڕوفێڵ دەکەن وە خوایش لەبەردەم نەواندا پیلان دەگێڕێت خوا چاکترینی پیلانگێڕانە بەرامبەر پیلانگێڕان. نەو

تاوانبارانه‌ی که‌زیاتر حه‌زیان له‌دژایه‌تی کردنی ئیسلام بوو،ئه‌و ڕۆژه هه‌ر خه‌ریکی خۆئاماده‌کردن بوون بۆجێ به‌جێ کردنی ئه‌و نه‌خشه‌یه‌ی که‌سه‌رله‌به‌یانی پەرله‌مانی مه‌ککه نه (دار الندوة) بڕیاری له‌سه‌ر درابوو، پێغه‌مبه‌ری خواش (ﷺ) هه‌والّی به ئه‌بوبه‌کرداو نه‌خشه‌ی کۆچکردنیان کێشاو گه‌ڕایه‌وه بۆماڵه‌وه ئه‌وه بوو جبریل (سه‌لامی خوای لێبێ) فه‌رمانی پێدابوو که‌شه‌و له‌سه‌ر جێگاکه‌ی خۆی نه‌خه‌وێ که‌دنیا تاریك ده‌هات،گه‌نجه قوڕه‌یشی یه‌کان که‌فه‌رمانی کوشتنی پێغه‌مبه‌ریان وه‌رگرتبوو هه‌موو پێکه‌وه هاتنه به‌رده‌رگاکه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و گه‌ماروّی ماڵه‌که‌یاندا تا بزانن که‌ی ده‌خه‌وێت و هێرش بکه‌نه سه‌ری ،کاتی پیلان بۆ جێ به‌جێ کردنی ئه‌و پیلانه نامه‌ردانه‌یه نیوه شه‌و بوو،بۆیه هه‌موویان به‌وورپایی یه‌وه چاوه‌ڕوانی سه‌عاتی سفریان ده‌کرد،ئه‌وان نه‌خشه‌یه‌کیان دەویست و خوای باڵا ده‌ستیش نه‌خشه‌یه‌کی ترهه‌رچه‌نده قوڕه‌یش هه‌رهه‌موویان خه‌ریك بوون تا ئه‌وکاره‌یان جێ به‌جێ بکه‌ن،به‌ڵام خوای گه‌وره دۆڕان و شه‌رمه‌زاری دونیاو قیامه‌تی کرده به‌شیان .که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌دەورگێرانی ماڵه‌که‌ی ئاگادار بوو شوێنی مه‌ڵاس دانی گه‌نجه شمشێربه‌دەسته‌کانی زانی،هه‌ستی کرد که پێویسته به ووردی نه‌خشه بکێشن،بۆئه‌وه فه‌رمانی به ئیمامی عه‌لی دا که‌ئه‌وکاته گه‌نجێك بوو، پێی فه‌رموو:که‌له‌نوێنه‌که‌ی خۆیدا بخه‌وێ،ئه‌و بوورده سه‌وزه حه ضره می یه بدا به‌خۆیدا.به‌ڵێنیشی پێدا که هیچ خراپی یه‌ك له‌ڕێگه‌ی ئه‌و گه‌نجانه‌وه نایه‌ته ڕێی وئیمامی عه‌لی له‌سه‌ر نوێنه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) خه‌وت وبووردەکه‌شی دا به‌خۆیدا، ئه‌و نه‌خشه جوانه جبریل -سه‌لامی خوای لێ بێ- ئاماژه‌ی پێکرد،که‌ئه‌وه‌بوو سه‌ری له‌بت په‌رسته‌کان شێواند که‌خێرا خێرا له‌درزی ده‌رگاکه‌وه سه‌یریان ده‌کردو که‌وا که‌سێك خه‌وتووه واشیان ده‌زانی که پێغه‌مبه‌ری خوایه (ﷺ) که‌چی ئیمامی عه‌لی بوو،کاتی ئه‌وه هات پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌ماڵ ده‌ربچێت،بتپه‌رستانیش وان

له‌ پشت دەرگاکەوە کافرەبتپەرستەکانیش هاتوون بەدەم نەخشەی شەیتانەوە، لەهەمان کاتدا پێغەمبەری خواش (ﷺ) دەیەوێت بچێت بەدەم نەخشەی خوای پەروەردگارەوە.

جاچۆن بڕوا، واکافرەکان گەمارۆی ماڵەکەیاندا‌وەو شمشێریان لەدەست دایە ؟بەشێك لەشەو ڕۆیشتبوو خوای گەورە فەرمانی دەرکرد بۆچاوەکانیان تا لەبینینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەون، هاتەدەرەوە مشتێك خۆڵیشی هەڵگرت و بۆ زیاتر گانتە پێکردنیان، خۆڵیشی وەشاند بەسەریانداو دەستیشی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز کردنەو ئایەتەی خوێندن﴿ يسٓ *وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْحَكِيمِ *إِنَّكَ لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ *عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ *تَنزِيلَ ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ *لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أُنذِرَ ءَابَآؤُهُمْ فَهُمْ غَٰفِلُونَ *لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ *إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ *وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ﴾ يس (١-٩)

واتە: بەیاسین دەخوێندرێتەوە، سوێند بەقورئانی پڕلەدانایی بەڕاستی تۆ ئەی موحەممەد (ﷺ) لە پێغەمبەرانی خوای لەسەر ڕێبازی ڕاستی قورئان دابەزێنراوەو لەلایەن خوای زاڵی میهرەبانەوە بۆئەوەی گەلێ بترسێنی لە سزا ، کەباوو باپیرانیان نەترسێنرابوون، بۆیە ئەوان بێ ئاگا بوون، سوێند بەخوا بەڕاستی بەڵێنی خوا چەسپاوەو هاتە دی لەسەر زۆربەیان چونکە ئەوان باوەڕناهێنن وەك کەسانێك وان کەتەوقمان کردبێتە گەردنیان جا ئەوتەوقانە تاچەناگەیان هاتبێ گەردنیانی بەتەوای گرتبێتەوە ئینجا سەریان بەرزکرابێتەوە نەتوانن بۆ خوا ڕوو نەم لاو لا بجوڵێنن وەبەربەستمان لەبەردەم و پشتیانەوە داناوە پەردەشمان داوە بەسەر چاویاندا بۆیە ئەوان ڕاستی نابینن، پیاوێکیان نەما خۆڵ بەسەریدا نەکرابێت بەسوپاسێکی زۆری خواوە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو کاری خۆی بۆماڵی ئەبوبەکر ڕۆیشت و بتپەرستانیش چاوەڕوان بوون تا نووستووی ژێر بووردە سەوزە حە ضرە می یەکە بێتە دەرەوەو

دەستی لێ بوەشێنن، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بەپەلە خۆی گەیاندە مالی ئەبوبەکرو ئەبوبەکریش چاوەڕوانی هاتنی ئەوبوو، تا گەشتەکەیان دەست پێبکەن، شمشێر بەدەستەکان هەر چاوەڕوان بوون کەچی لەناکاو پیاوێك لەولاوە هاتوو چاوی بەو گەنجانە کەوت کەلەدەرگا وەستابوون، پرسی :چاوەڕوانی چیین ؟ ووتیان موحەممەد ، وتی: خوا زەرەرمەندی کردوون بەخوا موحەممەد لەناوتاندا دەرچووەو خۆلیشی کردووە بەسەری هەموواندا و چووە بەلای کاری خۆیەوە نابینن چیتان بەسەر هاتووە؟

هەریەکەیان دەستی دا لەسەری خۆیی و ئەبینێ خۆلی لەسەر وەستاوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیشتا بڕوایان نەدەکرد لەبەردەرگاکەوە سەیری نووستووی ناو ژوورەکەیان دەکرد کە بوورەکەی بەخۆیدا دابوو، دەیان ووت ئەوە موحەممەدە خەوتووە و بوورەکەی بەخۆی داداوەو هەروا مانەوە هەتا ڕۆژبوویەوە و دنیا ڕووناك بوو، چوونە ژوورەوە دەبینن ئیمامی عەلی یە، ووتیان کوا موحەممەد ؟ وتی نازانم، ئیتر زانیان کەلەدەستیان دەرچووەو بەمە تووشی خەم وخەفەتێکی زۆرهاتن بۆلەدەست چوونی ئەوهەلەو سەرنەگرتنی نەخشە شەیتانیەکەیان .... بەڵێ: خوێندەری بەڕێز خوای گەورە ئابەو موعجیزە گەورەیە پارێزگاری لەپێغەمبەرە خۆشەویستەکەی خۆی کردو پاراستی لە پیلانی بتپەرستانی نەفام و ستەمکار.[٥]

---

[٥] ژیانی ئازیزمان (ﷺ) لاپەرە ٤٣١ – ٤٣٩ .

موعجیزه‌ی (٦) هه‌رکه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) چووه‌ ناو نه‌شکه‌وتی ثه‌ور سێ موعجیزه‌ی گه‌وره‌ ده‌رکه‌وتن:

کاتێك که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) خوای گه‌وره‌ پاراستی له‌ پیلانی ناحه‌زانی قوڕه‌یش و ئه‌و نه‌خشه‌ شه‌یتانی یه‌ی که‌کافره‌کان له‌ (دار الندوة) دا کێشایان به‌رموماڵی نه‌بوبه‌کر به‌رێ که‌وت و کۆچیان کرد له‌مه‌ککه‌وه‌ بۆ مه‌دینه‌ له‌رێگادا چوونه‌ ناو ئه‌شکه‌وتێك به‌ناوی ثه‌ور خوای گه‌وره‌ سێ موعجیزه‌ی ڕه‌خساند بۆ پاراستنی پێغه‌مبه‌رمکه‌ی (ﷺ) ڕیوایه‌ت کراوه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌گه‌ڵ ئه‌بوبه‌کری هاوه‌ڵیدا خوالێی ڕازی بێت، چوونه‌ ناو ئه‌شکه‌وته‌که‌وه‌ خوای گه‌وره‌ فه‌رمانی دا دره‌ختێك له‌ده‌رگای ئه‌شکه‌وته‌که‌دا سه‌وز بوو لقه‌کانی ده‌رگاکه‌یان دا پۆشی و خوای گه‌وره‌ به‌ئیلهام فه‌رمانی به‌جانۆکه‌دا تا لقه‌کانی ئه‌و دره‌خته‌ به‌ده‌زووه‌که‌ی بته‌نێ و به‌ئیلهامیش فرمانی دا دووکۆتره‌کێویله‌ له‌ئیۆلقه‌کانی ئه‌ودره‌خته‌ دا هێلانه‌یان به‌ست و هێلکه‌ یان تێدا کرد .[٥]

ئه‌م سێ ئیشانه‌یه‌ کاریگه‌ری چاکیان هه‌بوو له‌چه‌واشه‌کردنی موشریکه‌کان تا بگه‌ڕێنه‌وه‌و نه‌چنه‌ ناو ئه‌شکه‌وته‌که‌وه‌ ،قوڕه‌یشی یه‌کان سه‌رسام مان : ئه‌گه‌ر چووینه‌ ناو ئه‌شکه‌وته‌که‌وه‌ ئه‌ی چۆن داوی جانۆکه‌که‌ نه‌دڕاوه‌و هێلکه‌ی کۆتره‌که‌ش نه‌شکاون؟ ئایا پێویست ده‌کات بچنه‌ ناو ئه‌شکه‌وته‌که‌وه‌ ؟ یه‌کێکیان ویستی بچێته‌ ژووره‌وه‌ ،ئه‌وه‌ بوو یه‌کێکی تریان ووتی :

ئه‌م داوی جانۆکه‌یه‌ هی پێش له‌دایك بوونی موحه‌ممه‌ده‌ ،به‌ڵام ماوه‌یه‌ك له‌به‌ردم ئه‌شکه‌وته‌که‌دا وه‌ستان قسه‌یان ده‌کرد، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و ئه‌بو به‌کر گوێیان لێ یان

---

(٥) ئیمام ئه‌حمه‌دو به‌ززار هه‌ریه‌که‌ له‌موسنه‌دمکی خۆیداو قاسمی کوری ثابیتیش له‌ (الدلائل) دا (شرح المواهب) ١/ ٢٩٩ حافیظ ئبن عه‌ساکیریش (البداية والنهاية) ٣ / ١٨١ ، ١٨٢) ئه‌و چیرۆکه‌یان ڕیوایه‌ت کردووه.

بوو، ئه‌بو به‌کر زۆر ترسا پێیان بزانن و پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) تووشی ناره‌حه‌تی ببێ .بۆیه دەی ووت: ئەی پێغه‌مبه‌ری خوا ئه‌گه‌ر که‌سێکیان سه‌یری ژێر پێی بکات دەمان بینێ ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی :ئەی ئه‌بوبه‌کر ئه‌گه‌ر خوای گه‌وره چاودێری دووکه‌س بێ و ئه پشتیان بێ دەبێ کێ بتوانێ زیانیان پێ بگه‌ینێ ؟ خوای گه‌وره‌ش له‌وبارەوه قورئانی نارده خوارەوه،وەك فەرمووی :﴿ إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ ٱللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ثَانِىَ ٱثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِى ٱلْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَٰحِبِهِۦ لَا تَحْزَنْ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُۥ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلسُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ ٱللَّهِ هِىَ ٱلْعُلْيَا ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ التوبة (٤٠)

واته :ئه‌گه‌ر ئێوه یارمه‌تی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره (ﷺ) نه‌دەن ئه‌وه بێگومان خوا یارمه‌تی داوه کاتێك بێ بڕوایان دەریان کرد له‌مه‌ککه پێغه‌مبه‌ر یه‌کێك بوو له‌و دوو که‌سه کاتێك له‌و دووانه پێغه‌مبه‌رو ئه‌بوبه‌کر له‌ئه‌شکه‌وتی ثه وردا بوون ئه‌و کاته به‌هاوه‌ڵه‌کەی دەووت خه‌م مه‌خۆ بێگومان خوا له‌گه‌ڵمانه ئینجا خوای گه‌وره ئارامی و ئاسایشی بۆنارده خوارەوه وەیارمه‌تی دا به‌سه‌ربازانێك که‌نه‌تاندین وتەی بێ باوەڕانی گێڕا به‌ژێر که‌وتوو و ووتەی خوا هه‌ر به‌رزو بڵنده وه خوا زاڵی کاردرووستە .

موعجیزه‌ی (٧) ئه‌سپه‌که‌ی سووڕاقه‌ ده‌سته‌کانی ڕۆده‌چێ به‌ناخی زه‌ویداو دووکه‌ڵی لێ به‌رز ده‌بێته‌وه :

له‌کاتی کۆچ کردنی پێغه‌مبه‌ری خواو هاوه‌ڵه‌که‌ی ئه‌بوبه‌کر له‌مه‌ککه‌وه به‌ره‌و مه‌دینه قوڕه‌یشیه‌کان به‌خششیان دانابوو که‌بریتی بوو له‌ صه‌د سه‌ر ووشتر بۆ هه‌ر که‌سێك که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) یان ئه‌بوبه‌کر به‌زیندووی یان به‌مردوویی بخاته‌ به‌ر ده‌ستیان، جا ئه‌و هه‌واله‌ له‌ده‌شت و ده‌ردا بلاو بۆوه ،خه‌ڵکێکی زۆر که‌وتنه‌ ته‌ماعی ئه‌و هه‌موو ووشتره‌و هه‌وڵیان دەدا شوێن پێیان هه‌ڵبگرن بیانگرن،سووراقه‌ی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوومی مود لیجیش یه‌کێك بوو ئه‌و هه‌وڵده‌رانه‌ وه‌ سوارێکی زۆر نازاش بوو،سووراقه‌ ده‌ڵێ:له‌کاتێکدا که‌له‌کۆڕێکی قه‌ومه‌که‌مدا که‌نه‌وه‌ی موود لیج بوون دانیشتبووم، پیاوێکی هۆزه‌که‌مان هات و له‌سه‌ر سه‌رمان وه‌ستاو ئێمه‌ش دانیشتووین وتی: سووراقه‌ که‌مێك پێش ئێستا له‌که‌ناری ده‌ریادا ڕەشایه‌تی چه‌ند که‌سێکم به‌رچاو که‌وت وای ده‌بینم که‌ موحه‌ممه‌دو هاوه‌ڵه‌کانی بووین مه‌به‌ستی ئه‌وه‌ بوو سووڕاقه‌ ناگادار بکات تا پێکه‌وه‌ بۆ ده‌ستکه‌وتنی خه‌ڵاته‌که‌ی قوڕه‌یش دوایان بکه‌ون،سوڕاقه‌ ده‌ڵێ :زانیم ئه‌وان بوون،به‌ڵام وتم:ئه‌وانه‌ ئه‌وان نه‌بوون،ئه‌وه‌ فڵان و فڵان بوون به‌به‌رچاومانه‌وه‌ ڕۆیشتن به‌دوای ئاژه‌ڵی وونبوودا ده‌گه‌ڕێن،سووراقه‌ ده‌یویست خه‌ڵکه‌که‌ وازبهێنن و دوایان نه‌که‌ون ،تا به‌خۆی به‌ته‌نیا ده‌ستگیریان بکات سوراقه‌ ماوه‌یه‌ك له‌کۆڕه‌که‌دا ده‌مێنێته‌وه، پاشان به‌بێ ده‌نگی هه‌ڵده‌ستێ و ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ ماڵه‌وه‌و فه‌رمان ده‌دا به‌که‌نیزمه‌که‌ی تا ئه‌سپه‌که‌ی بۆ به‌رێت بۆ ئه‌ودیوی گرده‌که‌و له‌وێ ببیه‌ستێته‌وه‌ هه‌تا خۆشی ڕمه‌که‌ی هه‌ڵده‌گرێ و به‌ئه‌سپایی ده‌گاته‌ لای ئه‌سپه‌که‌ی،ئه‌وه‌بوو له‌پشته‌وه‌ له‌ماڵ ده‌رچوو ڕمه‌که‌ی به‌شێوه‌یه‌ك لێکرد که‌ده‌رنه‌که‌وێ که‌ده‌گاته‌ لای ئه‌سپه‌که‌ی خۆی هه‌ڵده‌داته‌ سه‌ری و به‌په‌له‌ لێی ده‌خوڕێ هه‌تا نزیکی

پێغه‌مبه‌رو هاوه‌لانی دەکەوێتەوە. لەوکاتەدا بەفەرمانی خوا ئەسپەکەی پێی هەڵدەکەوێ و سوراقەش بەسەریەوە دەکەوێتە خوارەوە و سواری ئەسپەکەی دەبێتەوە و دوایان دەکەوێتەوە تادیسان لێیان نزیك دەکەوێتەوە ،ئەوەندە نزیك دەکەوێتەوە تاوای لێدێ گوێی لەقورئان خوێندنەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبێ کەئەو ئاوری نەدەدایەوە،بەڵام ئەبوبەکر زۆر ئاوڕی دەدایەوە،وەزۆریش دەترسا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووشی ناڕەحەتی ببێ .ئەبوبەکر ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە سوارێکە وا گەیشتە لامان لەڕێوایەتێکی تردا ئەبوبەکر ووتی :وتم :ئەوەی بەدوامانەوەیە وا گەیشتە لامان فەرمووی :خەمبار مەبە خوامان لەگەڵە ،جا کەنزیکتر کەوتەوە ئەوەندەی ڕمێك یان دوو ڕم یان دەفەرمووێ:ئەوەندەی دوو یا سێ ڕم مابوو بگاتە لامان وتم :ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی بەدوامانەوەیە وا گەیشتە سەرمان و دەستیشم بەگریان کرد،فەرمووی بۆچی دەگری ؟ وتم :بەخوا من بۆخۆم ناگریم بۆتۆ دەگریم ئەوەبوو پێغەمبەری خوا دووعای لێکردو فەرمووی:﴿**اللَّهم اصرعه ، اللَّهم اكفناه بما شئت** ﴾ واتە: خوایە بیدە بەزەوی دا،خوایە بەشتێ کەخۆت ویستت لەسەری بێ لەکۆڵمانی بکەرەوە. سوراقە دەڵێ :هەردوو دەستی ئەسپەکەم تا ئانیشکی چوون بەناخی زەویداو منیش لەسەری کەوتم ودامی بەزەویدا،پاشان پیایدا هەڵشاخیم هەر ئەوەندەبوو کەهەردوو دەستی لەزەویەکەدا دەرهێنان و ڕێك وەستا،دەبینم لەشوێنی دەستەکانیەوە تۆزو گەردێکی وەك دوکەڵ بۆ ئاسمان بەرز بوویەوە بانگم کردن تا ئەمانیان لێوەرگرم و وتم: من سوراقەی کوری مالیکی کوری جوعشومم،بوەستن هەتا قسەتان لەگەڵدا بکەم ،دەبەخوا کارێك گومانی لێبکرێ بەرامبەرتان نایکەم،لەخوا بۆم بپارێوەو زیانت پێناگەیەنم، پێغەمبەری خواش دووعای بۆکرد سوراقە دەڵێ :ئەوان وەستان و منیش سواری ئەسپەکەم بووم وهاتم تاگەیشتمە لایان کاتێك کەئەوشتانە هاتنە ڕێم ئەوە کەوتە دڵمەوە

کەلەلایەن خواوە پارێزراوەو کاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردەگرێ،بۆیە پێم وت: خزمەکانت خەلاتیان داناوە بۆ دەست خستنت،هەواڵی ئەوەشم دایە کەخەڵکی چۆن هەوڵدەدەن دەستگیری بکەن،وتم:

ئەی پێغەمبەری خوا چیت پێ خۆشە فەرمانم پێبدە فەرمووی:﴿ **قف مكانك ،ولا تترك أحداً يلحق بنا،وأخفِ عنا** ﴾ واتە:لەو شوێنەی خۆتدا بوەستەو مەهێڵە هیچ کەس پێمان بگاتەوە و دەنگ و باسمان ئاشکرا مەکە، سوراقە دەڵێ :داوام لێکرد نامەیەکی ئەمانم بۆ بنووسێ،ئەویش فەرمانی بە سەر عا میری کوری فوهەیرە دا دا تا لەسەر چەرمێك بۆم بنووسێ ،پاشان هەڵی دا بۆم منیش هەڵم گرت و خستمە ناو تیردانەکەمەوەو گەڕامەوە،ئەو چیرۆکەی سوراقە بەراستی موعجیزەیەکی گەورەی تێدا دەرکەوت،وە بەئاشکرا دەرکەوت کە پێغەمبەری خوا ڕاست دەکات و لەلایەن خوای گەورەوە پارێزگاری لێ دەکرێ،وەموعجیزەیەکی گەورەی تریش ڕوویدا ئەویش ئەوەبوو کاتێك کە سوراقە ویستی بگەڕێتەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوری دایەوە بۆلای وفەرمووی﴿**كأيي بك يا سراقة تلبس سواري كسرى**﴾ واتە:ئەبینم سوراقە جووتە بازوبەندەکەی کیسرا لەدەست بکەیت....

سوراقە بەسەر سورمانەوە پرسی:کیسرای کوری هورمز ؟ فەرمووی :بەڵێ ،سوراقە ئەوپەری سەرسامی دایگرت،هەواڵێکی سەیرە شتی زۆر بەدڵیدا هات بەبۆنەی ئەو موعجیزەوە وەبڕوای بەوەش دەکرد بەلام چۆن ؟ زۆر سەیرە، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لەخزمەکانی دەشارێتەوە ئەوەکو دەستگیری بکەن،کەچی بەلێنی واگەورە بە سوراقە دەدات ،سوراقە کەگەڕایەوە چەند ڕۆژێك دەنگی نەکرد تانەوە بێ خەم بوو کە پێغەمبەری خوا و هاوەڵانی بەسەلامەتی گەیشتوونەتە مەدینە،ئەوسا باسەکەی خۆیی و ئەو موعجیزە گەورەیەی پێغەمبەری خوای

(ﷺ) بۆ خه‌ڵك ده‌ گێڕایه‌وه‌ ،که‌چۆن به‌سه‌ر ئه‌سپه‌که‌یه‌وه‌ چه‌ندجارێك که‌وتۆته‌ خواره‌وه‌ و ده‌ست و په‌ڵی ئه‌سپه‌که‌شی به‌ناوزه‌یدا ڕۆچوون،تا ئه‌و ده‌نگ و باسه‌ ئه‌سه‌ر زمانی خه‌ڵکی یه‌وه‌ گه‌یشته‌وه‌ مه‌ککه‌و سه‌رکرده‌ بتپه‌رسته‌کانی قوڕه‌یش ئه‌وه‌ ترسان که‌ئه‌و ڕووداوه‌ ببێته‌ هۆیه‌ك بۆ موسڵمان بوونی دانیشتوانی مه‌ککه‌،ئه‌بو جه‌هل نامه‌یه‌کی بۆئه‌وه‌ی موود لیج نووسی،که‌سوراقه‌ ئه‌میرو سه‌روکیان بوو،تابه‌گوێی نه‌که‌ن،سوراقه‌ش وه‌ڵامی ئه‌بو جه‌هل ده‌داته‌وه‌و سوێندی بۆده‌خوات وده‌ڵێ :ئه‌گه‌ر چاوی لێ بوایه‌ چۆن ده‌ست و په‌ڵی ئه‌سپه‌که‌ی ده‌چوون به‌زه‌یدا ،گومانی ئه‌وه‌ نه‌ده‌ما که‌ موحه‌ممه‌د (ﷺ) پێغه‌مبه‌ری خوایه‌،که‌سیش ناتوانێ دژایه‌تی بکات،ڕۆژان ڕابووردو موسڵمانان مه‌ردانه‌ دانیان به‌خۆیاندا گرت وه‌ك ڕۆژانی ڕه‌ش و سه‌ختی مه‌ککه‌یان به‌سه‌ر بردن،ڕۆژانی برسێتی و نارەحه‌تی و گه‌ماروی جه‌نگ و هه‌رای مه‌دینه‌شیان به‌سه‌ربردن ،تانه‌وه‌ بوو پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌تحی مه‌ککه‌ کردو طائیفیش ڕزگارکراو دوا جه‌نگی جونه‌ین سوراقه‌ له‌ (جعرانه‌) هاته‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نامه‌که‌ی ڕۆژی کۆچکرنی پیشاندا،فه‌رمووی : ﴿**اليوم يوم الوفاء والبر أدن**﴾ واته‌ :ئه‌مرۆ ڕۆژی وه‌فاو چاکه‌کردنه‌،وه‌ره‌ پێشه‌وه‌، سوراقه‌ش له‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) چووه‌ پێشه‌وه‌و شایه‌تمانی به‌ڕاستی هێنا ، خوای گه‌وره‌ ته‌مه‌نی به‌سوراقه‌ به‌خشی و تاسه‌رده‌می خه‌لیفه‌ عومه‌ری کوری خه‌تتاب ژیاو،

تانه‌وه‌بوو سوپای ڕزگاری خوازی ئیسلام بۆ ڕزگارکردنی گه‌لان له‌ژێر چنگی ستەمکاران که‌وته‌ڕێ ،سوپای ئیسلام به‌رەو قه‌ڵای پرستەمی ساسانیه‌کان هه‌ڵمه‌تی بردو پایته‌ختی له‌ستەمی ستەمکاران ڕزگارکرد، پادشای ملهوڕو خوا نه‌ناس مه‌دائینی به‌جێ هێشت و تاج و جل و به‌رگ و جووته‌ بازوبه‌ندەکی به‌جێ مان و له‌گه‌ڵ گه‌نجینه‌و ئاڵتوون و زیوی ده‌وڵه‌ت که‌وته‌ ده‌ست موسڵمانان،به‌ده‌ستێکی پاکه‌وه‌ هاوه‌ڵان ئه‌و ده‌ستکه‌وته‌یان هێنایه‌وه‌ بۆ

مه‌دینه‌ی پایته‌ختی ئیسلام،ئه‌و زێڕو دوررو گه‌وهه‌رانه ئه‌وه‌نه زۆر بوون که به ملیۆنه‌ها دینارو درهه‌م مه‌زنده ده‌کران، خه‌لیفه عومه‌ر خوای گه‌وره لێی ڕازی بێت سه‌ری له‌ده‌ست پاکی سه‌ربازو سوپای ئیسلام سورما چۆن ئه‌و هه‌موو شته گرانبه‌هایه‌یان له‌مه‌دائینه‌وه گه‌یاندۆته‌وه مه‌دینه بێئه‌وه‌ی هیچی لێ کەم بکه‌ن...بۆیه فه‌رمووی: به‌ڕاستی که‌سانێك ئه‌مانه‌یان هێنابێته‌وه خاوەن ئه‌مانه‌تن،ئیمامی عه‌لیش خوای گه‌وره لێی ڕازی بێت که‌له‌لای ئاماده‌بوو فه‌رمووی: تۆخۆت ده‌ست پاکیت بۆیه ڕەعیه‌ته‌که‌شت ده‌ست پاك ده‌رچووه، خه‌لیفه عومه‌ر ئه‌وهه‌موو ده‌سته‌وتانه‌ی دابه‌ش کردو هیچی بۆخۆی دانه‌نا له‌وکاته‌دا خه‌لیفه عومه‌ر به‌ڵێنه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوای هاته‌وه یاد که‌به‌سوراقه‌ی فه‌رموو بوو جووته بازو به‌نده‌که‌ی کیسرا له‌ده‌ست ده‌کات،به‌ڵێ جووته بازو به‌نده‌که که‌وتنه ده‌ست موسڵمانه‌کان وبه‌فه‌رمانی خوا گه‌یشتنه مه‌دینه تابه‌ڵێنه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سه‌ربگرێت،عومه‌ر بانگی کرده سوراقه‌و جووته بازوبه‌نده‌که‌ی کیسرای کرده ده‌ستی ،جا ده‌ڵێن هه‌ردوو قۆڵی سوراقه مووی زۆر پێوه بووه ،دوای له‌ده‌ستکردنی خه‌لیفه عومه‌ر خوا لێی ڕازی بێت فه‌رمووی: (**اللّٰه اكبر**) سوپاس بۆ ئه‌و خوایه‌ی که ئه‌و بازوو به‌نده‌ی له کیسرای کوری هورمز سه‌نده‌وه‌و کردنیه ده‌ستی ئه‌عرابیه‌کی نه‌وه‌ی مودلیج،که‌سوراقه‌ی کوری جوعشومه ،خه‌لیفه ده‌نگی به‌رزکرده‌وه‌و پاشان سوراقه ی سواری ولاغێك کردو شاری مه‌دینه‌ی پێوه گێڕاو خه‌ڵکیش ده‌وره‌یان لێدابوو،سوراقه‌ش به‌ده‌نگی به‌رز فه‌رمایشته‌که‌ی خه‌لیفه‌ی موسڵمانان عومه‌ری دووباره‌کرده‌وه‌و ده‌ی وت: ﴿ **اللّٰه اكبر الحمدللّٰه الذي سلبهما كسرى بن هورمز ،وألبسهما سراقة بن جعشم أعرابياً من بني مدلج** ﴾

به‌ڕاستی ئه‌و ڕۆژه دانیشتوانی مه‌دینه گه‌ورەو بچووك هه‌ر هه‌موو کۆبوونه‌وه تا به‌ڵێن فه‌رموودەو موعجیزه‌ی پێغه‌مبه‌ری ڕاستگۆ (ﷺ) به‌چاوی خۆیان ببینن به‌ڕاستی ڕۆژێك بوو

نه‌ڕۆژه ناودارەکانی مەدینه کەموسڵمانان سوپاسی خوای گەورەو مەزنیان دەکرد لەسەرنارەنی قورنان و پێغەمبەرو سەرکەوتن و سەرفرازی و بەختەوەری ،وەسوپاسی خوای گەورەیان دەرکرد کەوا لەژێر سایەو سێبەری ئەم ئایینە ڕاست و دروست و پاك و پوختەدا بوونەتە خاوەنی ڕێزو پایەداری و سەربەرزی دنیاو قیامەت سوپاس و ستایشی زۆری بێ پایان بۆ خوای گەورە لەسەر بەخشینی ئەم هەموو موعجیزە گەورەو ناودارانە بە پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ).

موعجیزەی (٨) پیاوەکە سامی ووشەی (اللّه) ی لێنیشت و لەرزی لێهات شمشێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە

لەکاتی غەزای ﴿ذو أمر﴾ئەم غەزایە گەورەترین هەڵمەتی سەربازی بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش جەنگی ئوحود بەخۆی فەرماندەیی بووبێ ،هۆی ئەم هەڵمەتە ئەوەبوو هەواڵ دەرانی مەدینە هەواڵیکیان گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەئەوە بوو،ئەوەی ئە علە بە و موحاریب کە دوو بنەماڵە ی غە طە فان بوون خەڵکێکی زۆریان کۆکردەوە و نیازیان وایە هەڵبکووتنە سەر مەدینە ی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام،ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ چوارصەدو پەنجا هاوەڵیدا لەمەدینە دەرچوون، کاروباری مەدینەشی بە عوسمانی کوری عەففان سپارد،لەڕێگادا موسڵمانەکان پیاوێکیان گرت کەلەئەوەی ئە علە بە بوو و بردیانە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش بانگی کرد بۆسەر ئیسلام و کابراکە موسڵمان بوو،درایە دەست بیلاڵ و بووە چاو ساغی موسڵمانان بەرەو ناوچەی ئەوەی ئە علبە و موحاریب،کەهەواڵی سوپای ئیسلام گەیشتە دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەموویان لەترسانا بەرەو لوتکەی شاخەکان هەڵاتن،سوپای موسڵمانان دەستی بەسەر ئەوناوچانەدا گرت و

گه‌یشته سه‌ر ئاوی ﴿ذو أمر﴾ که‌شوێنی کۆبوونه‌وه‌ی ئاحه‌زانی ئیسلام بوو کاتێك که‌دانیشتوانی ئه‌و ناوچه له‌ترسی سوپای موسڵمانان هه‌ڵاتن، فه‌رمانده‌ی هێزی ئه‌وه‌ی ئه علبه و موحاریب که (دعثور) یان (غورث المحاربي) بوو هه‌وڵی دا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بکوژێت،ئه‌وه‌ش له‌کاتێکدا بوو که سوپای موسڵمانان سه‌ر ئاوی (ذو أمر) یان کردبووه سه‌ربازگه، ئه‌وه‌بوو ڕۆژێك باران له‌سه‌ر ئه‌و شوێنه باری،به‌هۆی بارانه‌که‌وه جل و به‌رگی پێغه‌مبه‌ری خواش ته‌ڕبوون،بۆیه به‌سه‌ر دره‌ختێك هه‌ڵی خستن بۆئه‌وه‌ی ووشك ببنه‌وه، پاشان پاڵ که‌وت،هه‌روه‌ها هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ریش ا (ﷺ) هه‌رهه‌موویان به‌هه‌ڵ خستنی جل و به‌رگیانه‌وه خه‌ریك بوون،ئالەوکاته‌دا (دعثور) فه‌رمانه‌دی ئه‌وهۆزانه ئه‌وه‌ی به‌هه‌ل زانی و خۆی گه‌یانده سه‌ربازگه‌ی موسڵمانان و ته‌ماعی که‌وته سه‌ر ئه‌وه که پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) بکوژێت،وه‌ئه‌و دعثوره پیاوێکی نازاو به‌جه‌رگ بوو قه‌ومه‌که‌شی هانیان دەدا بۆ ئه‌وه‌ی هه‌وڵی کوشتنی پێغه‌مبه‌ری خوا بدات، ئه‌وکابرایه به‌ناسانی چووه ناو سه‌ربازگه‌ی موسڵمانه‌کان بێ ئه‌وه‌ی که‌س هه‌ستی پێبکات گه‌یشته لای پێغه‌مبه‌ر ی خوا (ﷺ) وبه‌شمشێره‌وه گه‌یشته سه‌رسه‌ری و ووبستی بیکوژێ ،پێغه‌مبه‌ریش هیچ چه‌کی له‌لانه‌بوو،وتی: ئه‌ی موحه‌ممه‌د ئێستا له‌ده‌ستم کێ ڕزگارت دەکات؟ فه‌رمووی :الله ، ئه‌و کابرایه سامی ووشه‌ی (الله) ی لێنیشت و له‌رزی لێهات و شمشێره‌که ی له‌ده‌ست که‌وته خواره‌وه که‌وت به‌پشتا و پێغه‌مبه‌ر یش (ﷺ) شمشێره‌که‌ی هه‌ڵگرت و به‌رزی کرده‌وه به‌کابرای ووت :﴿من يمنعك مني﴾ کێ له‌ده‌ستی من ده‌ربازت دەکات ؟ وتی هیچ که‌س ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) چاوپۆشی له‌کابرا کردو ئه‌ویش به‌دڵ و به‌گیان موسڵمان بوو به‌بینینی ئه‌و موعجیزه‌یه ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) شمشێره‌که‌ی بۆگێڕایه‌وه ،ئه‌وکابرایه به‌موسڵمانی گه‌ڕایه‌وه ناوقه‌ومه‌که‌ی وهه‌والی ئه‌و ڕۆشتنه‌ی پێدان و ئه‌وانیش بۆسه‌ر ئایینی ئیسلامی پیرۆز بانگ کرد،هه‌والی ئه‌وه‌شی پێدان که‌هۆکاری به پشتدا که‌وتنی و به‌ربوونه‌وه

ی شمشێرمکه‌ی له‌دەستی نه‌وه بووه که‌پیاوێکی بالآبه‌رز داویه‌تی به‌سنگی داو کەزانیویشیه‌تی نه‌وه مه‌لائیکه‌یه ئیمانی هێناوەو موسڵمان بووه.[٨].

مۆعجیزه‌ی (٩) ئه‌ربه‌دی کوڕی قه‌یس وعامری کوڕی توفه‌یل بیلانێك دژی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) داده‌ڕێژن خوای گه‌وره‌ش بیلانه‌که‌یان پووچه‌ڵ ده‌کاته‌وه:

ته‌به‌رانی له‌عه‌بدوللای کورشی عه‌بباسه‌وه هێناویه‌تی ئه‌ربه‌دی کوری قه‌یس و عامری کوری توفه‌یل هاتن بۆ مه‌دینه لای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) گه‌یشتنه لای و نه‌ویش دانیشبوو، نه‌وانیش له‌به‌رده‌میدا دانیشتن، عامری کوری توفه‌یل وتی:ئه‌ی موحه‌ممه‌د ئه‌گه‌ر موسڵمان ببم چیم بۆده‌کەی ؟ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: نه‌وەی بۆموسڵمانان هه‌یه بۆتۆش هه‌یه نه‌سه‌ر تۆش هه‌یه، عامری کوری توفه‌یل وتی: ئه‌گه‌ر موسڵمان ببم دوای خۆت هیچم بۆهه‌یه؟ فه‌رمووی:﴿ **ليس لك ولا لقومك ولكن لك اعنة الخيل** ﴾ واته :نه‌وه بۆخۆت و هۆزه‌که‌شت نی یه به‌ڵام ده‌تکه‌مه فه‌رمانده‌ی سواره‌کان ،وتی: ده‌ی من ئێستا نه‌وەم هه‌یه ،به‌ڵکو لادێکان بۆ من و شاریش بۆتۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:نا ، کاتیك له‌لای ده‌رچوون عامر وتی: به‌خوا بۆت پڕده‌کەم له‌نه‌سپ و سه‌رباز، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:خوا ڕێت لێ ده‌گرێ ، ئه‌ربه‌دو عامر ده‌رچوون، عامر وتی: ئه‌ی ئه‌ربه‌د من موحه‌ممه‌د به‌قسه سه‌رقاڵ ده‌کەم و تۆش به‌شمشێر لێی بده ،چونکه ئه‌گه‌ر موحه‌ممه‌د بکوژێت خه‌ڵکی به‌ڕازی بوون به‌سه‌رانه‌دان زیاتر ناچن و ڕقیان له‌شه‌ڕه به‌وه سه‌رانه‌یان ده‌دەینێ، ئه‌ربه‌د وتی:

نیبن که‌ثیر له (البداية والنهاية) دا باسی نه‌وەی کردووه که‌نه‌وەی ده‌ڤۆری خستووه به‌پشتداو شمشێرمکه‌ی له‌دست به‌ردداوته‌وه. جبریل بووه که‌داویه‌تی له‌سنگی .....

باشە، هەردووکیان گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) عامر وتی: ئەی موحەممەد لەگەڵم هەستە تاقسەت لەگەڵدا بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵی هەستا،لای دیوارەکە دانیشتن و پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵی وەستاو قسەی لەگەڵ دەکرد، ئەربەد شمشێری هەڵگرت،بەڵام بەدەستی تواناى شمشێرەکەی نەما،بۆیە لێدانەکەی دواخست پێغەمبەر (ﷺ) لایکردەوەو بینی ئەربەد چی دەکات لەلایان دەرچوو،کەئەربەدو عامر لای پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون گەیشتنە ﴿ ٱلْحَرَّة﴾ دابەزین سەعدی کوری موعازو ئوسەیدی کوری حوزەیر چوون بۆیان و ووتیان :دەرکەون ئەی دوژمنانی خوا نەفرینی خواتان لێبێت، عامر ووتی: ئەوە کێ یە ئەی سەعد ؟ وتی:ئەوە ئوسەیدی کوری حوزەیری عاتبە،دەرچوون تاگەیشتنە ﴿ الرقم﴾ خوا هەورە بروسکەیەکی نارد بۆ ئەربەدو کوشتی عامر دەرچوو تا لە ﴿ الجريم ﴾ خوا دەردێکی بۆ نارد وگرتی و شەو لەماڵی ئافرەتێکی سەلولی بوو قورم کە گەیشتبووە قورگی و دەیوت دەردێ وەك دەردی ووشتر لەماڵی ئافرەتێکی سەلوولی حەز دەکات لەماڵی ئەو بمرێت، پاشان سواری ئەسپەکەی بوو لەگەڕانەوەیدا لەسەری مرد خوای گەورەش لەسەریان ئەو ئایەتەی دابەزاند ﴿أَللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى .....تا.....وَمَالَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ﴾ [1]

---

[1] لەتەفسیری نین کە ثیر (ج٢ ، ص ٥٠٦) واهاتووە

موعجیزه‌ی (١٠) خوای گه‌وره‌ مه‌لائیکه‌ت ده‌نێرێ بۆیارمه‌تی دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌جه‌نگی به‌دردا :

عومه‌ری کوری خه‌تتاب خوا لێی رازی بێ ده‌ڵێ :له‌ڕۆژی به‌دردا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ته‌ماشای کرد هاوبه‌ش پەیداکه‌ران هه‌زارکه‌س بوون،هاوه‌ڵانی خۆشی سێ سه‌دو نۆزده‌ که‌س بوون پێغه‌مبه‌ری خوا ڕووی له‌ ڕووگه‌ کردو ده‌سته‌کانی به‌رزکرده‌وه‌ و داوای له‌خوای گه‌وره‌ ده‌کردو ده‌پارایه‌وه‌و ده‌ی ووت: ﴿**اللهم انجز لي ماوعدتني،االلهم أت ماوعدتني ،اللهم إنك إن تهلك هذه العصا بة من أهل الاسلام لاتعبد في الارض**﴾ واته‌ :ئه‌ی خوایه‌ ئه‌و به‌ڵێنه‌ی که‌ پێتدام بۆم به‌جێ بێنه‌ ئه‌ی خوایه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌وکۆمه‌ڵه‌ی موسڵمانان تیابچێت ئه‌وا له‌سه‌ر زەویدا تۆنا پەرسترێی ،به‌رده‌وام ده‌پارایه‌وه‌ له‌ خوای پەروەردگار ده‌سته‌کانی به‌رزکردبووه‌ به‌رمو قبله‌ هه‌تا عه‌باکه‌ی سه‌رشانی که‌وته‌ خواره‌وه‌ ،ئه‌بوبه‌کر هات عه‌باکه‌ی خسته‌وه‌ سه‌رشانی و ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا خوای گه‌وره‌ ئه‌و به‌ڵێنه‌ی که‌ پێتی داوه‌ بۆتی جێ به‌جێ ده‌کات،خوای گه‌وره‌ قورئانی دابه‌زاندو فه‌رمووی: بیربکه‌نه‌وه‌ کاتێك له‌به‌ردا هاناتان بۆ پەروەردگارتان ده‌برد خواش هات به‌هاناتانه‌وه‌و فه‌رمووی :من ده‌نێرم بۆتان هه‌زار فریشته‌ به‌دوای یه‌کدا دێنه‌ خوارێ وەخوا ئه‌وەی ته‌نها بۆ شادی و مژده‌ نارد تادڵه‌کانتان پێی ئارام بگرێت وەسه‌رکه‌وتنیش ته‌نها لای خوایه‌و به‌س به‌راستی خوا به‌ده‌سه‌ڵاتی کار به‌ده‌ست و کار به‌جێ یه،بیربکه‌نه‌وه‌ کاتێك خوا وەنه‌وزی به‌سه‌رتان دا هێنا بووه‌ هۆی دڵنیایی ئێوه‌ له‌ڵایه‌ن پەروەردگار خۆیه‌وه‌ بارانیشی له‌ئاسمانه‌وه‌ بۆباراندن تاپاکتان بکاته‌وه‌ پێی و پیسی شه‌یتان و دوودڵی وگومان له‌ئێوه‌ دوور بخاته‌وه‌ و پەیوەندی دڵه‌کانتان پته‌وبکات وەبه‌و

بارانه پێکانتان جێگیرو دامه‌زراو بکات بێنه‌وه بیر کاتێك که‌په‌روه‌ردگارت نیگای کرد بۆ فریشته‌کان که‌بیگومان من ﴿خوا﴾ له‌گه‌ڵتانم ده‌ی دڵی که‌سانێك قایم و دامه‌زراو که‌ن که‌باوه‌ڕیان هێناوه به‌زووبی ترس و بیم ده‌خه‌مه دڵی ئه‌و که‌سانه‌ی که‌بێباوه‌ڕبوون جائێوه‌ش له‌سه‌رووی گه‌ردنیان بده‌ن ،واته :سه‌ریان و هه‌موو سه‌رپه نجه‌کانیان واته :له‌هه‌موو لاشه‌یان بده‌ن له‌سه‌ره‌وه تاخواره‌وه ئه‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌به‌ڕاستی ئه‌وانه دژایه‌تی خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌یان کردو هه‌ر که‌سێکیش دژایه‌تی خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بکات ئه‌وه بیگومان تۆڵه‌و سزای خوا زۆر به‌تینه،حوکم و سزای ئێوه ئه‌وه‌یه ده‌ی بیچه‌ژن وه‌به‌راستی بۆ بێ بڕوایان سزای ئاگری دۆزه‌خ هه‌یه(سوره‌تی الأنفال ٩-١٤). هه‌ر له‌که پرمکه‌دا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سه‌رخه‌وێکی شکاندو پاشان به‌خه‌به‌رهات و فه‌رمووی:﴿ **أبشر يا أبابكر فقد أتاك نصرالله ،هذا جبريل أخذ بعنان فرسه يقوده على ثنا ياه النقع** ﴾ واته: مژده‌بێ ئه‌ی ئه‌بوبه‌کر سه‌رکه‌وتنی خوا پێشکه‌ش به موسڵمانان کراو چاویشی له‌جبریله که جڵه‌وی ئه‌سپه‌که‌ی گرتووه‌موو گیانی به‌عارەق خووساوه،وه‌هه‌روه‌ها خوای گه‌وره له‌باره‌ی یارمه‌تی دانی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی له‌به‌ردا فه‌رموویه‌تی:﴿ وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنتُمْ أَذِلَّةٌ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ *إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَن يَكْفِيَكُمْ أَن يُمِدَّكُمْ رَبُّكُم بِثَلَٰثَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُنزَلِينَ *بَلَىٰٓ إِن تَصْبِرُواْ وَتَتَّقُواْ وَيَأْتُوكُم مِّن فَوْرِهِمْ هَٰذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُم بِخَمْسَةِ ءَالَٰفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُسَوِّمِينَ *وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُم بِهِۦ وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ *لِيَقْطَعَ طَرَفًا مِّنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوْ يَكْبِتَهُمْ فَيَنقَلِبُواْ خَآئِبِينَ﴾ال عمران (١٢٣- ١٢٧) واته: سوێند به‌خوا بیگومان خوا ئێوه‌ی سه‌رخست له‌جه‌نگی به‌دردا له‌کاتێکدا که‌ئێوه که‌م وڵاوازبوون ده‌ی له‌خوا بترسن به‌ڵکو سوپاس گوزاری بن بیریان بخه‌ره‌وه ئه‌وکاته‌ی ده‌ت ووت به‌بڕوادارەکان ئایا به‌ستان نی یه

پەروەردگارتان کۆمەکتان بکات بەسێ هەزار لەفریشتە دابەزێنراوەکان بەڵێ ئەگەر ئارام بگرن وە لەخوا بترسن پەلامارتان بدەن لەم کاتانەدا پەروەردگارتان کۆمەکتان بکات بە پێنج هەزار لەفریشتە نیشانەدارەکان وەخوا تەنها ئەو کۆمەکیانەی کرد بە مژدە بۆتان وەبۆئەوەی دڵەکانتانی پێ ئارام ببێ سەرکەوتنیش تەنها لەلایەن خوای بالادەستی دانا وەیە وە ناردنی فریشتەکان بۆ ئەوە دابڕێت لەناوی بات بەشێك لەوانەی کەبێ بڕوان یان خەفەت باریان بکات بەتێشکانیان ئینجا بگەڕێنەوە بەنا ئومێدی .

وەهەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:﴿ وَٱذْكُرُوٓاْ إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِى ٱلْأَرْضِ تَخَافُونَ أَن يَتَخَطَّفَكُمُ ٱلنَّاسُ فَـَٔاوَىٰكُمْ وَأَيَّدَكُم بِنَصْرِهِۦ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾الانفال (٢٦) واتە : بیربکەنەوە کاتێك کەئێوە کەم و لاوازو ژێر دەستەبوون لەزەوی مەککەدا دەترسان کە خەڵکی بتانفڕێنن، ئینجا خوای گەورە پەناى دان وە بەیارمەتی خۆی پشتیوانی کردن وەرسق و رۆزی لەشتە پاك و حەلاڵەکان پێ بەخشین بۆ ئەوەی سوپاس گوزاری خوا بن.....

سەبارەت بەدابەزینی مەلائیکەتەکان لەغەزای بەدردا ئەبو سوفیانیش دا بەو راستی یەدا دەنێت کەسانێکی جل سپی بینیوە لە رۆژی بەدردا کەلەسەر ئەسپی رەش و سپی بوون لەنێوان ئاسمان و زەوی دا،ئیبن ئیسحاق لە عیکرەمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو رافیعی مەولای پێغەمبەر (ﷺ) وتی:من غولامی عەباسی کوری عەبدولوتەلیب بووم ،ئیسلام هاتبووە ناو ئێمەی ئالو بەیت،عەباس موسڵمان بوو ئوم فەزڵیش موسڵمان بوو،منیش موسڵمان بووم،عەباس ترسی لەهۆزەکەی هەبوو حەزی نەدەکرد پێچەوانەیان بوەستێ،موسڵمان بوونی خۆی دەشاردەوە،ئەو لەناو هۆزەکەیدا پارەیەکی زۆری هەبوو کەبلاوبووبوویەوە،ئەبولەهەب لەبەدر دواکەوت و لەباتی خۆی عاصی کوڕی هیشامی کوری

موغیرەی نارد هەروەها ئەوەی دوابکەوتایە لەبری خۆی کەسێکی دەنارد،کەهەوالی بەرکەوتنی بەدریەکانی قورەیشی بیست خوا سەرشۆڕو ڕیسوای کردو ئێمەش لەدەروونماندا هێزو عیززەتمان بەدی کرد،ئەبو ڕافیع دەڵێ:من کەسێکی لاوازبووم و کاری قاپ و قاچاغم دەکرد لەژووری زەم زەمدا نەخشم دەکرد،بەخوا لەوێ سەرقاڵبووم و ئووم فەزڵیش دانیشتبوو بەوهەواڵە خۆش حاڵبووین کەئەبولەهەب هات بەخراپە قاچەکانی ڕادەکێشا تا لەجێ دەرگای ژوورەکەدانیشت و پشتی لە پشتم بوو،دانیشتبوو کەبەخەڵکی ووت:ئەوە ئەبوو سوفیانە هاتووە،ئەبولەهەب ووتی:وەرە بۆلام بەخوا هەواڵت پێ یە،ئەویش لەلای دانیشت و خەڵکی لەدەوری بوون،وتی:برازا پێم بڵی باری خەڵکی چۆن بوو ؟ ووتی: بەخوا کەپێیان گەیشتین شان و گەردنی خۆمان پێدان تاچۆن بیانەوێت بمانکوژن و دیلمان بکەن ؟ئەی هاوار بەخوا لەگەڵ ئەوەشدا سەرکۆنەی خەڵك ناکەم ،بەکەسانێکی سپی ڕەنگ لەسەر ئەسپی ڕەش و سپی کەوتین کەئەنێوان ئاسمان و زەیدا بوون،بەخوا هەرچی بیویستایە دەیکرد ،ئەبو ڕافیع دەڵێ ووتم: بەخوا ئەوانە فریشتە بوون ئەبو لەهەب دەستی بەرزکردەوەو بەتووندی دای بەدەم وچاومدا و ووتی: هاوار بۆت بێدەنگ بە،هەڵیگرتم و دامی بەزەویدا، پاشان لەسەرم دانیشتوو لێی دەدام،منیش کەسێکی لاواز بووم،ئوم فەزڵ داریکی ژوورەکەی هەڵگرت و دای لەسەری،ئازاریکی تووند تووشی سەری بوو،ئوم فەزڵ وتی:بەوەی گەورەکەی لێرە نی یە وای لێدەکەیت ؟ ئەویش بەزەلیلی هەستاو ڕووی وەرگێڕا ،بەخوا حەوت شەو نەژیا تاخوا عەدەسەی بۆناردو کوشتی ،یونس لە ئیبن ئیسحاقەوە ئەوەی بۆ زیادکردووە،دووکورەکەی بەجێیان هێشت پاش مردنی بە سێ ڕۆژ نەیانخستە ژێر گڵ تا بۆنی کرد،قورەیش خۆیان لەو عەدەسەیە دوور دەگرت وەك چۆن خۆیان لەتاعون دوور دەگرت،تا کەسێکی قورەیش وتی: هاوار بۆتان دوو کورەکەی ئایا شەرم ناکەن باوکتان لەماڵەکەیدا بۆگەنی کردووە ئێوەش نایخەنە ژێرخاك ؟ وتیان:دەترسین لەو دوژمنەیە ،وتی:برۆن من چاوم لێتانە

نه‌سه‌ری، به‌خوا نه‌یانشۆرد به‌ڵکو له‌دوورموه ئاویان به‌سه‌ردا کردو ڵێی نزیك نه‌بوونه‌وه، پاشان بردیان بۆسه‌رووی مه‌ککه‌و دایانه پاڵ دیواریك و دواتر به‌ردیان به‌سه‌ردا کرد....وه‌هه‌روه‌ها حاکم له عه‌بدوڵڵای کوری زوبه‌یرموه هێناویه‌تی ده‌ڵێت:ڕۆژی به‌در زوبه‌یری کوری عه‌وام مێزه‌رێکی زه‌ردی به‌ستووه فریشته‌کانیش به‌وشێوه مێزمر به‌ستنه دابه‌زین به‌سه‌ر بێباوه‌ڕانداو وه‌هه‌روه‌ها ئه‌بو نه‌عیم (الدلائل ص ١٧٠) له‌عه‌بدوڵڵای کوری عه‌بباسه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت:سیمای فریشته له‌ڕۆژی به‌دردا مێزه‌ری سپی بوو که‌دابوویان به‌سه‌ر پشتیاندا،ڕۆژی حونه‌ینیش سه‌وز بوون،فریشته‌کان ته‌نها ڕۆژی به‌در شه‌ڕیان ده‌کرد، جارانی تر ته‌نها ژماره‌و یارمه‌تیان زیادی ده‌کردو شه‌ڕیان نه‌ده‌کرد، وه‌هه‌روه‌ها یه‌کێك له پشتیوانان عه‌بباسی کوری عه‌بدواموته‌لیبی دیل کرد، عه‌بباس وتی:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا به‌خوا ئه‌وه منی دیل نه‌کرد به‌ڵکو پیاوێکی قژداهێنراو و قژدرێژ جوانترین ڕووی هه‌بوو نه‌سه‌ر نه‌سپێك بوو له‌وخه‌ڵکه نه‌بوو منی گرت، پشتیوانه‌که وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا من به‌دیلی گرتم، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: بێده‌نگ به به‌ڕاستی خوای گه‌وره به فریشته‌یه‌کی به‌ڕێز پاڵپشتی کردیت.وه‌هه‌روه‌ها هه‌رله‌باره‌ی گرتنی عه‌بباسه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت:ئه‌وه‌ی عه‌بباسی گرت ئه‌بولیوسر که‌عبی کوری عه‌مر له‌به‌نی سه‌له‌مه بوو،ئه‌بولیوسر که‌سێکی کۆکراوه بوو و عه‌بباسیش که‌سێکی زه‌به‌لاح بوو. پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به ئه‌بولیوسری فه‌رموو :چۆن عه‌بباست به‌دیل گرت ئه‌ی ئه‌بولیوسر ؟وتی:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا که‌سێك یارمه‌تی دام که پێشتر دواتریش شێوه‌ی وام نه‌دیبوو، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:فریشته‌یه‌کی به‌ڕێز له‌سه‌ری یارمه‌تی دایت.

وه‌هه‌روه‌ها موسلیم له‌عه‌بدوڵڵای کوری عه‌بباسه‌وه هێناویه‌تی که‌سێك له‌موسڵمانان به‌دوای یه‌کێك له بێباوه‌ڕانی به‌رده‌می یه‌وه بوو،که‌بیستی ده‌نگی قامچی یه‌ك له‌سه‌رووی‌ه‌وه ده‌نگی سوار چاکێك دێ ده‌یوت: پێش که‌وه (حه‌یزوم) ئه‌سپه‌که‌ی جبریل سه‌یری بێباوه‌ڕمکه‌ی کرد که

ڕاکشاومو دابه‌ستراومو به‌لێدانی قامچی دراوه له‌دەم و چاوی، پشتیوانی یەك هات و ئەوەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی:ڕاست دەکەی ئەوە لەیارمەتی ئاسمانی سێ یەمەوە بوو لەو ڕۆژی بەدرمدا موسڵمانان حەفتایان لەکافرەکان کوشت و حەفتایان بەدیل گرت...

وەهەروەها پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی غەزای بەدر مشتێك زیخی هەڵگرت و بەڕوو کافرەکاندا وەشاندی و فەرمووی﴿ **شاهت الوجوه**﴾ کافرەکان شکان، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ وَما رميت إذ رميت ولكن الله رمى﴾.

موعجیزەی (١١) خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەردەخات لەغەزای خەندەق دا بەڕەشەبا:

ئیبن سەعد لەسەعیدی کوری جوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت:ڕۆژی خەندەق لەمەدینە بوو ،ئەبوسوفیانی کوری حەرب و هاوەمانی قوڕەیش و کینانەو عویەیەنەی کوڕی حەصن و غەتەفان و تولەیمەو بەنی ئەسەد و ئەبولئەعورو بەنی سەلیم هاتن،قوڕەیزەش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەلێنێکیان هەبوو،ئەو بەلێنەیان شکاندو دایانە پاڵ بێباوەران،خواش ئەو ئایەتەی لەسەر دابەزاندن:﴿ وَأَنزَلَ ٱلَّذِينَ ظَٰهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن صَيَاصِيهِمْ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ فَرِيقًا تَقْتُلُونَ وَتَأْسِرُونَ فَرِيقًا ﴾ **الاحزاب**(٢٦) **واتە: خوا بەنی قوڕەیزە کە پشتگیری ئەوان قوڕەیش و غەطفانیان کرد هێنانی یە خوارەوە لەقەڵاکانیان وە ترسی خستە ناودڵیانەوە کۆمەڵێکیان دەکوژن وەکۆمەڵێکی تر بەدیل دەگرن...**

جبریل سەلامی خوای لێبێت هات و ڕەشەبای لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) کەجبریلی بینی سێجار فەرمووی:مژدەتان لێبێت خوا ڕەشەبای بۆ بێباوەران ناردو چادریان ڕماو پەتیان بڕاو

بارگەو بنەیان ژێر خاك کەوت،ئەوانیش ڕایان کردو کەسیان لای نەکردەوە بەلای کەسدا ،خوای گەورەش ئەو ئایەتەی لەسەر دابەزاندن ﴿ إِذْ جَآءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴾الاحزاب (٩) واتە: ئەی ئەوکەسانەی کەباوەڕتان هێناوە بیرلەچاکەو بەهرەی خوا بکەنەوەبەسەرتانەوە کاتێ لەشکرێکی زۆرتان بۆهات لەجەنگی خەندەقدا ئینجا ئێمە بایەکی بەهێزمان بۆناردن و لەشکری فریشتەش کەئێوە نەتان بینین وەخوا بەوەی ئێوە دەیکەن بینایە...

ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە،ئیبن سەعد لەحەمیدی کوری هیلالەوە هێناویەتی:دەڵێت قسەو بەڵێنێ لەنێوان پێغەمبەر (ﷺ) و قورەیزەدا هەبوو،کاتێ ئەحزاب هاتن وسەربازیان هێنا جوولەکەکانی بەنو قورەیزە بەڵێنیان شکاندو دایانە پاڵ بێباوەڕان دژ بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوای گەورەش سەربازو ڕەشەبای ناردو ئەوانیش ڕایان کردو ئەوانی دیکەش لەقەڵاکەیان دامانەوە وهەروەها بەزار لەعەبدوڵلای کوری عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت:شەوی ئەحزاب ڕەشەبا هات وتی: بڕۆن تا پێغەمبەر سەردەخەین،بەشەو گەرما ناچێت ،ئەو ڕەشەبایەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ سەرخرا کزە بوو.[١٠]

---

[١٠] کەسەکانی سەنەدە کە صەحیحن ئیبن ئەبی حاتەم لە عەبدوللای کوری عەببباس و ئیبن جەریر لەعیکرەمەوە بەو واتایە هێناویانە وەك لەتەفسیری ئیبن کەثیر ج٣ ص ٤٧٠ دا هاتووە .

موعجیزه‌ی (١٢) جبیرل ده‌چێته‌ سه‌ر قه‌ڵای جووله‌که‌ی به‌نی قوره‌یزه‌:

ئه‌بو نه‌عیم له‌ (الدلائل ص ١٨٢) له‌ئه‌نه‌سه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت: سه‌یری ته‌پ و تۆزێکی نێو ڕێگه‌ی به‌نی غه‌نه‌مم کرد کاروانی جبریل سه‌لامی خوای لێ بێت بوو کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چووه‌ بۆڵای به‌نی قوره‌یزه‌و ئیبن سه‌عد (ج٢ ص ٧٦) له‌ئه‌نه‌سه‌وه‌ هه‌ر به‌م شێوه‌یه‌ هێناویه‌تی،وه‌هه‌روه‌ها له‌ (ج٢ ص ٧٧) له‌حه‌میدی کوری هیلاله‌وه‌ به‌و شێوه‌ باسی به‌نی قوره‌یزه‌ی هێناوه،وه‌تیایدا هاتووه‌ ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وهاوه‌ڵانی چه‌کیان هه‌ڵگرت،جبریل سه‌لامی خوای لێبێت هات بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌ویش چووه‌ دەر بۆڵای، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دابه‌زی و پاڵی دابوویه‌وه‌ به‌لاسنگی ئه‌سپه‌که‌دا ،جبیرل ده‌یوت: ئێمه‌ هێشتا چه‌کمان دانه‌ناوه،تۆز له‌سه‌ر ته‌وێڵی مابوو،هه‌سته‌ بۆ به‌نی قوره‌یزه‌ ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: ﴿ان في أصحاب جهدا فلو أنظر تهم أياما﴾ واته: هاوه‌ڵانم ماندوون ده‌کرێ چه‌ند ڕۆژێ مۆڵه‌تیان بده‌م،جبریل فه‌رمووی: هه‌سته‌ بۆ به‌نی قوره‌یزه‌ ،به‌خوا به‌و ئه‌سپه‌م ده‌چمه‌ قه‌ڵایان و تێکی ده‌شکێنم،جبریل سه‌لامی خوای گه‌وره‌ی لێبێت، له‌گەڵ فریشته‌ هاوده‌مه‌کانی چوو تا ته‌پوتۆز گه‌ڕه‌کی به‌نی غه‌نه‌می پشتیوانانی گرته‌وه‌،وه‌هه‌روه‌ها ئه‌بو نه‌عیم له‌ (الدلائل ص١٨٢) له‌عائیشه‌ی دایکی برواداڕانه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌نگی که‌سێکی بیست ڕاچڵه‌کاو چووه‌ ده‌ره‌وه‌ بۆڵای عائیشه‌ (خوا لێی ڕازی بێت) ده‌ڵێت:منیش شوێنی که‌وتم و سه‌یرم کرد ده‌بینم له‌سه‌ر لاملی ئه‌سپێك پاڵی داوه‌ته‌وه‌و دحیه‌ی کلبیه(ره‌زای خوای لێبێ) ئه‌وه‌ش به‌و شێوه‌ی منیش وامده‌بینی،میزه‌ری به‌ستبووو میزه‌ره‌که‌ی له‌نێوان دووشانیدا به‌ره‌و خوار هاتبوو ، پێغه‌مبه‌ر

(ﷺ) که‌هاته‌ ژووره‌وه‌ بۆلام ووتم تووند هه‌ستایت و دواتر دەرچوویت،منیش سه‌یرم کرد دحیه‌ی که‌لبی بوو،فه‌رمووی ئایه‌ بینیت ؟

وتم به‌ڵێ:فه‌رمووی:ئه‌وه‌ جبریل سه‌لامی خوای لێ بێ بوو :فه‌رمانی پێکردم دەربچم بۆ به‌نی قوره‌یزه‌ وهه‌روه‌ها نه‌بونه‌عیم له‌سه‌عیدی کوری موسه‌ییه‌وه‌ هێناویه‌تی و باسی چیرۆکی به‌نی قوره‌یزه‌ی کردووه‌وتیادا هاتووه‌و ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دەرچوو بۆچه‌ند کۆڕیك که‌له‌نێوان ئه‌وویه‌نی قوره‌یزه‌دا بوون،فه‌رمووی:ئایا که‌س دای به‌لاتاندا ؟وتیان:به‌ڵێ دحیه‌ی که‌لبی له‌سه‌ر وولاخێك که‌له‌ژێریه‌وه‌ کۆپانی دیباج هه‌بوو دای به‌لاماندا،فه‌رمووی:ئه‌وه‌ دحیه‌ نه‌بوو به‌ڵکو جبریل بوو نێردرابوو بۆبه‌نی قوره‌یزه‌ تا قه‌ڵاکانیان بهه‌ژێنێ و ترس بخاته‌ دڵیانه‌وه‌

موعجیزه‌ی (١٣) خوای گه‌وره‌ فریشته‌کانی ده‌نێرێ بۆ یارمه‌تی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی (ﷺ) له‌جه‌نگی حونه‌ین دا:

خوای گه‌وره‌ له‌قورئانه‌که‌ی خۆیدا له‌باره‌ی یارمه‌تی دانی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی له‌جه‌نگی حونه‌ین که‌ ته‌نها چه‌ند که‌سێك به‌هاوه‌ڵه‌کانی له‌دوره‌وه‌ مابوون فه‌رموویه‌تی:﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِي مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ * ثُمَّ أَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعَذَّبَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلْكَٰفِرِينَ * ثُمَّ يَتُوبُ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾التوبة(٢٥-٢٧) واته: سوێند به‌خوا به‌ڕاستی خوا سه‌ری خستن له‌زۆر جێگاو شوێنداو له‌ڕۆژی

حونه‌ینیشدا یارمه‌تی دان که‌به‌زۆری خۆتان ده‌نازین به‌لأم هیچ سودێکی نه‌بوو بۆتان و زمویتان له‌سه‌ر ته‌نگ بوویه‌وه، به‌و فراوانیه‌ی که‌هه‌یه‌تی، پاشان پشتتان کرده دوژمن و هه‌ڵهاتن له‌پاش نه‌وه خوا نارامی خۆی نارد بۆ پێغه‌مبه‌رکه‌ی بۆ برِوادران وهسه‌ربازانێکی له‌ئاسمانه‌وه نارده خوارموه که‌ئێوه نه‌تاندین وهسزای بێبڕواکانیشی دا به‌کوشتن و بریندارى وبه‌دیل گرتن نه‌وه‌ش سزای بێباوه‌ڕانه پاشان خوا خۆش ده‌بێت له‌پاش نه‌وه له‌هه‌رکه‌سێك که‌بیه‌وێ وه‌خوا لێبووردەی میهره‌بانه،له‌غه‌زای حونه‌ین دا ته‌نها سه‌دکه‌س به‌ده‌وری پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) مابوونه‌وهو که‌شه‌ست و حه‌وت که‌سیان له نه‌نصاره‌کان وسی و سێشیان له موهاجیره‌کان بوون،ئاله‌وکاته نارِه‌حه‌تیه‌دا خوای گه‌وره فریای پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ده‌که‌وێ و له‌و ناخۆشی و ناهه‌مواری یه ڕزگاری ده‌کات و چه‌ند موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌ی بۆ ده‌ره‌خسێنێ و له‌شکری زۆروبێ شوماری کافره‌کانی بۆ ده‌شکێنێ و سه‌رکه‌وتن و دڵنیایی به‌پێغه‌مبه‌ره خۆشه‌ویسته‌که‌ی ده‌به‌خشێ،له‌به‌رائی کوری عازبیه‌وه خوالێی ڕازی بێت که‌نه‌ویش یه‌کێك بووه له وانه‌ی که‌له‌ده‌وری پێغه‌مبه‌ری خواوه مابوونه‌وه ده‌وریان چۆڵ نه‌کردبوو ڕِیوایه‌ت کراوه که‌ووتوویه‌تی: به‌وخوایه‌ی که‌جگه‌له‌خۆی خوایه‌کی تر نی یه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پشتی هه‌ڵنه‌کرد،به‌ڵکو داوای سه‌رکه‌وتنی کرد، پاشان له‌سه‌ر وولاغه‌که‌ی دابه‌زی و ده‌یفه‌رموو:﴿ **أنا النبيُّ لاكذب أنا ابن عبدالمطلب** ﴾ وه‌له‌و ساته ناسکانه‌دا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌خواده‌پارایه‌وه و ده‌یفه‌رموو: ﴿**أللهم لك الحمدو إليك المشتكى وأنت المستعان**﴾ یارمه‌تی مه‌لائیکه‌ته‌کان بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌جه‌نگی حونه‌ین دا چه‌ند نموونه‌یه‌ك، ئیبن جه‌ریر له‌عه‌وفی نه‌عرابی له عه‌بدوررەحمانی مه‌ولای ئیبن برِثنه وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت:یه‌کێك له‌بێباوه‌ڕان له‌ڕۆژی جه‌نگی حونه‌ین دا بۆی گێڕامه‌وه وتی:که‌ئێمه‌و هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌ڕۆژی حونه‌ین دا

به‌یه‌ك گه‌یشتین هێندەی شیر دۆشینێك نه‌وەستان بۆمان،که‌به‌سه‌ریاندا زاڵبووین به‌دوایاندا ده‌چووین تاله‌ڵای خاوەنی وولاخی سپی وەستاین،سه‌یرمان کرد پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ،له‌ڵای که‌سانێك سپی و دەم وچاو جوان پێمان گه‌یشتن و پێیان ووتین:دەم وچاوەکان گول بن ،بگه‌رێنه‌وه ،ئێمه‌ش شکاین و ئه‌وانیش به‌سه‌رماندا زاڵبوون و سه‌رکه‌وتن.[١١]

وەهه‌روەها ئیبن ئیسحاق له‌جوبه‌یری کوری موتعه‌مه‌وه –خوا لێی ڕازی بێ – هێناویه‌تی ده‌ڵێت:ئێمه‌ نه‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بووین له‌ڕۆژی حونه‌ین، خه‌ڵکیش شه‌ڕیان ده‌کرد که‌سه‌یرم کرد شتێك وەك جلی ڕەش له‌ ئاسمانه‌وه دەهاته‌ خوار تا که‌وته‌ نێوان ئێمه‌و خه‌ڵکه‌که‌،سه‌یرم کرد میێروویه‌کی بڵاوبۆوه‌یه‌ دۆڵه‌که‌ی پرکردبوو،خه‌ڵکه‌که‌ی تووشی شکست کرد ،گومانمان نه‌بوو ئه‌وه‌ فریشته‌یه.[١٢]

وەهه‌روەها به‌یه‌قی له‌عه‌وفی کوری عه‌بدوره‌حمانی مه‌ولای ئوم برسن له‌که‌سێکه‌وه‌ حونه‌ینی به‌بێباوەڕی دییوو وتی:کاتێك ئێمه‌و پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌یه‌کگه‌یشتین هێندەی دۆشینی مه‌ڕێك بۆمان نه‌وەستان شمشێرەکانمان له‌به‌ردەم پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) گه‌ڕو لاسار که‌وتن تا لێی جیاکه‌وتین له‌نێوان ئێمه‌و ئه‌ودا که‌سانی دەم وچاو جوان هه‌بوون،ووتی: دەم و چاوەکان ناشیرین که‌ون بگه‌ڕێنه‌وه‌ به‌و قسه‌یه‌ شکاین.[١٣]

وەهه‌روەها یه‌کێکی تر ئه‌وه‌ دەگێڕێته‌وه‌ که‌سیغورانی مالیکی کوری عه‌وفی سه‌رکردەی بێباوەڕان له‌جه‌نگی حونه‌ین دا به‌ترس و له‌رزێکی بێ ئه‌ندازه‌ دەگه‌ڕێنه‌وه‌ لای لێیان ده‌پرسێ: تیاداچن،ئه‌وه‌ چیتانه ؟ دەڵێن : پیاوی سپیمان دیتن به‌سه‌ر ئه‌سپی به‌ڵه‌که‌وه‌ به‌خوا خۆمان پێنه‌گیراو ئاوەهامان به‌سه‌رهات...

---

[١١] له‌ته‌فسیری (ئیبن که‌ثیر ج٢ س ٣٤٥) داهاتووه

[١٢] به‌یه‌قی له‌و ڕێگه‌یه‌وه‌ هێناویه‌تی له (البداية والنهاية ج٤ س ٣٢٤) داواهاتووه .

[١٣] له (البداية والنهاية ج٤ س٣٢٢) داواهاتووه .

وه‌هه‌روه‌ها له‌وه‌شاندنی زیخ و خۆڵیش له‌ڕۆژی حونه‌ین دا چه‌ند نموونه‌یه‌ك به‌یارمه‌تی خوای گه‌وره‌باس ده‌که‌ین، به‌یه‌قی له‌سائیبی کوری یه‌سار له‌یه‌زیدی کوری عامری سوائیه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت: ئێمه له‌سه‌ر ئه‌وترسه‌ی خوا له‌ڕۆژی حونه‌ین دا خستی یه دڵی بێباوه‌ڕان پرسیارمان لێکرد چۆن بوو؟ وتی: چه‌وێکی بۆهه‌ڵده‌گرتین و فڕێی ده‌دایه ناو ته‌شتێك ده‌نگی ده‌دایه‌وه، ئێمه ئه‌وه‌مان له‌ده‌روو نماندا به‌دیده‌کرد...[١٤]

وه‌هه‌روه‌ها ته‌به‌رانی و ئه‌بونه‌عیم و ئیبن عه‌ساکیر له‌حارثی کوری به‌ده‌له‌وه هێناویانه ده‌ڵێت: ڕۆژی حونه‌ین پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بینی هاوه‌ڵانی داشکان جگه له‌عه‌بباسی کوڕی عه‌بدولوته‌لیب و ئه‌بوسوفیانی کوڕی حارث پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) مشتێك خۆڵی به‌سه‌رماندا فڕێدا ئێمه‌ش شکاین، وامده‌بینی چی دره‌خت و به‌رد هه‌یه به‌دوامانه‌وه‌یه.[١٥]

وه‌هه‌روه‌ها یه‌عقووبی کوڕی سوفیان له‌عه‌مری کوڕی سوفیانی ڕه قه‌فییه‌وه جگه له‌ویشه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت: ڕۆژی حونه‌ین موسڵمانان شکان و ته‌نها عه‌بباس و ئه‌بوسوفیانی کوڕی حارث له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) مانه‌وه، پێغه‌مبه‌ر مشتێك زیخی هه‌ڵگرت ووه‌شاندی به‌ڕووی دەم و چاویاندا، ده‌ڵێت: ئێمه‌ش شکاین و وامان ده‌زانی چی دارو به‌رد هه‌یه سوارچاکه و به‌دوامانداا دێت، ڕه قه‌فی ده‌ڵێت: چوومه سه‌ر ئه‌سپه‌که‌م تاچوومه تانیف وه‌هه‌روه‌ها ته‌به‌رانی له‌﴿المعجم الكبير والاوسط﴾ دا له‌حه‌کیمی کوڕی[١٦]

خرامه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت: ده‌نگێکمان له‌ناسمانه‌وه بیست که‌هاته سه‌رزه‌وی وەك ده‌نگی چه‌وو زیخ له‌ته‌شتێکدا وابوو، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌وه‌ی وه‌شاندو ئێمه‌ش شکا ین.[١٧]

---

[١٤] (البداية والنهاية ج٤ ص ٣٣)

[١٥] له (كنز العمال ج٥ ص ٣٠٤)داواهاتووه ئیبن مندەو ئیبن عەساکیر بەکورتی لێوەی هێناوە .

[١٦] له (البداية والنهاية ج٤ ص٣٢٢) داواهاتووه .

[١٧] هەیسەمی (ج٦ ص٨٤) دەڵێت سەندەدەکەی باشە.

به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ موعجیزه‌ی ئه‌وه‌ندمگه‌ورەن که‌به‌قه‌د تۆزقالێك گومان وده‌وودڵی ناهێڵن له‌ناودڵه‌کاندا وه‌وه‌ك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام ده‌سه‌ڵێنن هه‌زاران درود بۆ گیانی پاکی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌داره‌ (ﷺ).

موعجیزه‌ی (١٤) به‌وێنه‌ی بڕووسکه‌ پارچه‌ ئاگرێکی بۆ دێ له‌ترسان ده‌ست به‌ چاوبه‌وه‌ ده‌گرێت :

له‌جه‌نگی حونه‌ین دا شه‌یبه‌ی کوڕی عوسمانی عه‌بدەری که‌یه‌کێك بوو له‌دانیشتوانی مه‌ککه‌ له‌ڕۆژی ئازادکردنی مه‌ککه‌دا موسڵمان بوو بوو له‌جه‌نگی نوحوددا هه‌ڵگری ئاڵای قوڕەیش بوو و به‌دەستی موسڵمانه‌کان،له‌گه‌ڵ دەسته‌ی هه‌ڵگرانی ئاڵا دا هه‌ر هه‌موویان کوژرابوون،وویستی له‌تۆڵه‌ی باوکیدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بکوژێت،شه‌یبه‌ دوای ئه‌وەی که‌به‌چاکی ئیمانی هێنا ئه‌و ڕووداوەی دەگێڕایه‌وەو دەی وت: وتم: ئه‌مڕۆ تۆڵه‌ی باوکم دەستێنم،شه‌یبه‌ دەڵێ :هه‌وڵم دا پێغه‌مبه‌ری خوام (ﷺ) دەست بکه‌وێ،شتێك هات به‌ڕوومداو دڵمی داگیرکرد،ئیتر توانای ئه‌م کارەم ئه‌ماو زانیم به‌من ناکوژرێ..ئه‌و شه‌یبه‌یه‌ ئه‌وەنده‌ داخ له‌دڵ بوو دەی ووت ئه‌گه‌ر عه‌ره‌ب و عه‌جه‌م هه‌رهه‌مووی دوای ئیسلام بکه‌وێ و تاقه‌ پیاوێك نه‌مێنێ من شوێنی موحه‌ممه‌د ناکه‌وم،که‌خه‌ڵکه‌که‌ تێکه‌ڵ بوون و پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) له‌سه‌ر ئێسترەکه‌ی دابه‌زی ،شه‌یبه‌ شمشێرەکه‌ی له‌کێلان دەرهێناو لێی نزیك که‌وته‌وەو شمشێری به‌رزکرده‌وەو خه‌ریك بوو دای بێنێته‌وەو پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (ﷺ) بکوژێت،که‌چی له‌و کاته‌دا به‌وێنه‌ی بروسکه‌ پارچه‌ ئاگرێکی بۆدێ که‌خه‌ریك دەبێ له‌ناوی به‌رێ ،وه‌له‌ترسان دا دەست به‌چاوبه‌وه‌ دەگرێ و پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بانگی دەکات:﴿يا شيبة أدنُ مني﴾ واته:شه‌یبه‌ لێم نزیك بکه‌وەرەوه‌ ،شه‌یبه‌ لێی نزیك دەکه‌وێته‌وەو ئه‌ویش

ئاوڕێکی لێدەداتەوە و زمردەخەنەیەك دەکات ودەست بەسەر سنگی شەییەدا دێنێ وپاشان دەفەرموێ:﴿أللهم أعذه من الشيطان﴾ واتە: خوایە لەداوی شەیتان پەنای بدە،شەییە دەڵێت:دەبەخوا هەر ئەوساتە نەوم لە گوێم و چاوم وخۆم خۆشتر دەویست ،وەهەرچی دەربارەی ئەو لەدڵم دا هەبوو خوا لای برد. پاشان فەرمووی:لێم نزیك بەرەوەو جەنگ بکە ،شەییە دەڵێ: منیش لەبەردەمیدا شمشێرم دەوەشاند خوا چاك دەزانێ پێم خۆش بوو بەگیانی خۆم لەهەموو شتێك بیپارێزم،خۆ ئەگەر باوکم زیندوو بوایە لەو ساتەدا تووشی بوومایە شمشێرم لێی نەدەگێڕایەوە .

موعجیزەی (١٥) دەستی لەسەر سنگم لانەبرد،هەتا وام لێهات لەبەدی هێنراوانی خوادا هیچ شتێك نەبوو لەو خۆشەویست تر بێ بەلامەوە:

لەکاتی ئازادکردنی مەککەدا کەگەیشتنە کەعبەی پیرۆز، پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکەم جار تەوافی ماڵی خوای کرد،ئەوەندە قەرەبالغ بوو ئەویش بەسەر پشتی ووشترەکەیەوە بوو بەگۆچانێك ئاماژەی بۆبەردە ڕەشەکە دەکرد، پاشان دووڕکات نوێژی کرد،دوای ئەوە تەشریفی بەرەو زەمزەم ڕۆیی و داوای ئاوی زەمزەمی کرد،بۆ خواردنەوەو دەست نوێژ هەڵگرتن،کاتێك کەدەست نوێژی هەڵگرت موسڵمانەکان نەیاندەهێشت ئاوەکە بگاتە سەرزەوی و دەیانگرتەوە،بت پەرستەکان بەسەر سورمانەوە دەیان ووت :هەرگیز پادشای وەهامان نەدیوەو نەبیستووە،لەو ڕۆژەی کەمەککە تیایدا لەبت و بتپەرستی ئازادکرا لەکاتی تەوافی کەعبەی پیرۆزدا پیاوێکی نەوەی بەکری کوری کەنانە کەناوی فوضالەی کوری عومەیر بوو هەوڵی دا دەست لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوەشێنێت و بیکوژێ،بەڵام خوای گەورە پێغەمبەرەکەی لەوە

ئاگادارکردوکاتێك که فوضاله لێی نزیك کەوتەوه تادەستی لێبوەشێنێ،ئەم پرسیارەی لێکردو فەرمووی:(أ فوضاله) ؟ واتە : فوضاله تۆی ؟ وتی:بەڵێ ئەوم ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی:﴿**ماذا كنت تحدث في نفسك**﴾ واتە:لەدڵی خۆتدا باسی چیت دەکرد؟ فوضاله وتی: زیکری خوام دەکرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ)پێکەنی وپاشان فەرمووی: ﴿أستغفرالله﴾ فەرمووی:داوای لێخۆش بوون لەخوا بکە، پاشان دەستی موبارەکی خستە سەر سنگی ودڵی نیشتەوە، فوضاله دەی ووت:دەستی لەسەر سنگم لانەبرد،هەتا وام لێهات لەبەدی هێنراوانی خوادا هیچ شتێك نەبوو لەو پێغەمبەرە (ﷺ) خۆشەویست تربێتبەلامەوە.

موعجیزەی(١٦) پیلانی جوولەکەکان سەری نەگرت :

بە گێڕانەوەی صەحیح چەسپاوە دەگێڕنەوە کە : جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پاڵی بە دیوارێکەوە دابوومەوە ، جولەکەکان پیلانیان لە دژی پێغەمبەر (ﷺ) سازکردو ، یەکێکان ویستی بەردێکی گەورەی بەسەردا بکێشێت پێش نەوەی دەستی خۆی بووەشێنێت ، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵساو ڕۆیشت [١٨] بەم جۆرە بەبۆنەی پارێزگاری خوای گەورەوە پیلانەکەیان سەری نەگرت .

---

[١٨] (رواه ابن اسحاق الشفا ٢٥٢/١)

موعجیزه‌ی (١٧) گوێی له ده‌نگی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو ، که‌چی به‌چاو نه‌یده‌بینی:

وه‌لیدی کوڕی موغه‌یره ، هات بۆلای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌نیازی ئه‌وه‌ی بیکوژێت ، به‌ڵام خوای گه‌وره چاوه‌کانی واکوێر کرد که‌گوێی له ده‌نگی پێغه‌مبه‌ر بوو ، که‌چی به چاو نه‌یده‌بینی ، ناچار گه‌ڕایه‌وه بۆ لای هاوڕێکانی ، نه‌وانیشی نه‌بینی تابانگیان کرد . هه‌ربه‌م جۆره مایه‌وه هه‌تا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ته‌شریفی له مزگه‌وت دا بوو ، به‌ڵام که‌له‌مزگه‌وت ڕۆیشته ده‌ره‌وه چاوی چاك بووه‌وه چونکه هیچ پێویسته‌یه‌ك به کوێری نه‌و نه‌ما....

موعجیزه‌ی (١٨) شوانه‌که دڵی مۆرکراو له‌بیری چۆوه :

ده‌گێڕنه‌وه که شوانێك ده‌نگو باسی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وئه‌بوبه‌کری ده‌ست که‌وت ، یه‌کسه‌ر به ڕاکردن ڕۆیشت تاکو قوڕه‌یش ئاگادار بکاته‌وه ، که گه‌یشته مه‌ککه ، دڵی مۆرکراو نه‌یده‌زانی چی بکات و له بیری برایه‌وه بۆچی هاتووه تا گه‌ڕایه‌وه جێی خۆی له دواییدا بۆی ده‌رکه‌وت که‌له بیری براوه‌ته‌وه[١٩]

---

[١٩] (الشفا ١/ ٣٥١) .

موعجیزه‌ی (١٩) له‌لای باشترین مرۆڤ هاتوومه‌ته‌وه :

دەگێڕنه‌وه‌ که‌جارێك کابرایه‌کی دەشته‌کی به‌شمشێره‌وه‌ هاته‌ سه‌ر پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و پێی وت : ئێستا کێ ئه‌دەست من ڕزگارت دەکات ؟ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : (الله) یه‌کسه‌ر دەستی پیاوه‌ دەشته‌کییه‌که‌ که‌وته‌ له‌رزین و شمشێره‌که‌ی لێ که‌وته‌ خواره‌وه‌ [٢٠] ئینجا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌ڵی گرته‌وه‌ و فه‌رمووی : ئه‌ی ئێستا کێ تۆ له‌دەستی من ڕزگار دەکات ؟ هه‌ر له‌م ڕیوایه‌ته‌دا دەڵێت : له‌ نه‌نجامدا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) لێی خۆش بوو ، ئه‌ویش گه‌ڕایه‌وه‌ بۆ ناو هۆزه‌که‌ی خۆی و پێی وتن : له‌لای باشترین مرۆڤه‌وه‌ هاتوومه‌ته‌وه‌ .

موعجیزه‌ی (٢٠) ئیتر زانیم که‌س چاری تۆ ناکات و تۆ له‌سه‌ر هه‌قیت:

له‌ مانگی شه‌والی ساڵی شه‌شه‌م دا ، یه‌ك مانگ پێش حودەیبیه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هاوه‌ڵی نازاو لێ هاتووی به‌ناوبانگی عه‌مری کوڕی ئومه‌ییه‌ی ضه‌ مربی ، له‌گه‌ڵ سه‌له‌مه‌ی کوڕی ئه‌سله‌م دا نارد بۆ لای ئه‌بوسوفیانی کوڕی حه‌رب ، که‌ فه‌رمانه‌ی گشتی سوپای مه‌ککه‌ بوو و، فه‌رمانی به‌سه‌ر هه‌ردووکیان دادا که‌ له‌هه‌ر کوێ چاویان پێی که‌وت بی کوژن ، هۆی ئه‌و ناردنه‌ش بۆ کوشتنی ئه‌بو سوفیان ئه‌وەبوو که‌ ئه‌بوسوفیان ئه‌عرابی یه‌کی به‌کرێ گرتبوو و ، فه‌رمانی به‌سه‌ردادا بوو که‌ بچێت بۆ مه‌دینه‌ و پێغه‌مبه‌ری خوا بکوژێت ، کابرا گه‌یشته‌ مه‌دینه‌و هه‌وڵیشی دا که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بکوژێت ، که‌چی خوای گه‌وره‌ کارەکه‌ی ئاشکرا کردو ، به‌رله‌وەی دەست به‌کار بێت ، موسڵمانان گرتیان و ، دوایش دانی نا

---

[٢٠] صحيح : رواه البخاري ومسلم) .

به هەموو شتێك داو پێغەمبەری خواش چاوپۆشی لێ کردو ، دوایش کابرا موسڵمان بوو کورتەی چیرۆکەکە ئەمەیە کە ئەبوسوفیانی کوڕی حەرب لەگەڵ چەند قوڕەیشی یەك کەوتە باسی ئەوەی کەهێزی موسڵمانەکان لە زیاد بوونداید و ، بت پەرستان تێك ئەشکێنن پاشان ئەبوسوفیان وتی: ئەوە کەسێك نیە بچێت موحەممەد بکوژێت و لەدەستی بحەسێینەوە ؟ کە ئەم قسیەی ئەبوسوفیان بڵاوبوویەوە ، ئەعرابیەك هات بۆڵای وپێی وت : وا ئەوپیاوەت دۆزیەوە کەلەهەموو پیاوێك دڵ پتەوترو، دەست وەشێنترو ، لە ڕێ بڕین دا خێراتر بێت مەبەستی خۆی بوو جا ئەگەر تۆ کۆمەکیم بکەیت ، ئەوا ئەچم بۆ ئەوێ و ئەی کوژم خەنجەرێکم پێیە هەر ئەڵێی دەنووکی بازەو ، هیچ کەسیش ناگات بە تۆزی پێم دا ، من خۆم شارەزای هەموو ڕێگایەکم ئەبوسوفیان ئەمەی بە دڵ بوو و، وشترێك و هەندێ پارەی پێدا و داوای لێکرد کە ئەم باسە لای کەس نەدرکێنێ ، شەو لەمەککە دەرچوو ماوەی نێوان مەککەو مەدینە بە پانزە ڕۆژ ئەبڕدرا ، کەچی ئەم ئەعرابیە بە پێنج ڕۆژ بڕیی و سەر لەبەیانی ڕۆژی شەشەم گەیشتە مەدینە کە گەیشت وشترەکەی بەستەوە و ، پاشان هەواڵی پێغەمبەری خوای (ﷺ) پرسی لەبەر ئەوەی پاسەوانی نەبوو ،بەناسانی دۆزیەوە لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مزگەوتی ئەوەی عەبدولئەشهەل بوو کۆمەڵێك لە هاوەڵان لە دەوری بوون ، کابرا بێ خەم خۆی کرد بە ژووردا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرنجی دا هەستی کرد ئەو کابرایە نییەتی خراپە ، بۆیە فەرمووی (ان هذا الیرید غدراً والله حائل بینه وبین مایرید) فەرمووی : ئەمە ئەیەوێ غەدرێك ئە نجام بدات و خواش نایەڵێ ئەعرابیەکە پرسی : کامەتان کوڕی عەبدول موطەللیبە ؟ فەرمووی : من کابرا بە پەلە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیك کەوتەوە و ، وەك بیەوێ نهێنی یەکی پێ بڵێ ، بەسەریا چەمی یەوە و ، ئەی وبست خەنجەری لێ بدا ، کەچی ئوسەیدی کوڕی حوضە یر دەستی دایە ئەعرابیەکەو ڕای کێشایە دواوەو وتی : لە پێغەمبەر دوور بکەرەوە هەردوو دەستی گرت و کە ئیزارەکەی ڕاکێشا ئەبینێ وا خەنجەرێکی

پێ یەو ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە کاری خرا پی بەدەستەوەیە ، ئەعرابی هاواری کرد خوێنەکەم، ئوسەیدی کوڕی حوضە یر کاکۆڵی گرت و خەریك بوو بی خنکێنێ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (أصدقني ما انت وما اقدمك ؟ فان صدقتني نفعك الصدق ، وان كذبتني فقد اطلعت على ما هممت به) فەرمووی ڕاستم پێ بڵێیت بە کەڵکت دێ و گەر درۆیشم لەگەڵ دا بکەیت ئەوا لەوەی کەنیازت کردووە ئاگادار کراوم ئەعرابی وتی : لە خۆم بێ خەم بم ؟ فەرمووی : (وانت امن) باسەکەی بەوردی بۆ گێڕایەوە ئەعرابیەکە لای ئوسەیدی کوڕی حوضە یر بەند کراو ، بۆ سبەینێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کرد و فەرمووی : (قد امنتك فاذهب حيث شئت ، او خير لك من ذلك) فەرمووی : ئەمانم پێ دابوویت ، بۆ کوێت پێ خۆشە بڕۆ ، ئایا لەوە چاکترت ناوێ ؟ وتی: کامەیە ؟ فەرمووی : (ان تشهد ان لااله الا الله وانى رسول الله) کابرا موسڵمان بوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا هەرگیز لە هیچ پیاوێك نەترساوم ، کەچی کەتۆم دیی هۆشم بەخۆمەوە نەما و ترس دای گرتم و ، تۆش بەنیازی دڵمت زانی ، خۆ ڕێوارانیش پێشم نەکەوتوون و ، کەسیش لێی ئاگادار نەبووە ، ئیتر زانیم کەس چاری تۆ ناکات و،تۆ لەسەر هەقیت و حیزبی ئەبوسوفیانیش حیزبی شەیتانە پێغەمبەری خواش (ﷺ) زەردەخەنەی دەکرد[٢١]

موعجیزەی (٢١) پاریزگاری خوای گەورە لە پێغەمبەر (ﷺ) :

پاراستن و پاریزگاری کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن خوای گەورەوە موعجیزەیەکی ئاشکراو ڕاستیەکی یەکجار ڕوونە و بەدەقی ئایەتی قورئان باسی لێوەکراوە کە دەفەرموێت (یاایهاالرسول بلغ ما انزل اليك من ربك وان لم تفعل فما بلغت رسالته والله يعصمك من

---

[٢١] ژیانی نازیزمان (صلى الله عليه وسلم) بەرگی دووەم لاپەرە ٢٢٦ تا ٢٢٨ .

الناس ان الله لايهدى القوم الكافرين) المائدة (٦٧) واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ڕایگەیەنە بەخەڵك ئەوەی هێنراوەتە خوارەوە بۆت لەلایەن پەروەردگارتەوە وەئەگەر وانەکەی ئەوە ڕاسپێریەکەی خوات ڕانەگەیاندووەو بەجێت نەهێناوە وە خوا تۆ دەپارێزێ لەخەڵکی کە بت کوژن بێگومان خوا ڕێنموونی بێ بڕوایان ناکات ... لەو ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزەیەکی زۆر گەورە هەیە ، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی ڕاگەیاند کە خوای گەورە هەڵیبژاردووە تا دوا پەیامی خۆی لەسەر دەستی ئەودا ڕابگەیەنێت بە مرۆڤایەتی ، تە حەددای تەنها تاقمێك ، یان نەتەوەیەك ، یان چەند پێشەوایەکی سیاسی

یان چەند کاربەدەستێکی دیاری کراوی نەکردووە ، بەڵکو تەحەدای هەموو دەستەڵاتداران و خاوەن ئاینەکانی بەگشتی گردووە ، لە کاتێکدا جگە لە خوا هیچ پارێزگارێکی نەبووە ، تەنانەت مام وخزم وکەس وکارو تیرەکەشی دوژمنی بوون ، کەچی سەرەڕای ئەوەش ، بیست و سێ ساڵی ڕەبەق ، بەبێ هیچ پاسەوانێك ، ژیانی بەسەر بردو چەندین ڕووداوی سامناکیشی لەو ماوەیەدا بەسەرهات ، لەگەڵ هەموو ئەوانەش ، هەر تەنها خوای گەورە دەپاراست و ، تانەو کاتەی کۆچی دوای کردوو گەڕایەوە لای خوای گەورە بەو پەڕی دڵنیایی و ئاسوودەییەوە ژیا ، ئەوەش بەڕاستی موعجیزەیەکی زۆر گەورەیە ، هەردووك ئیمامی پایەدار بوخاری و موسلیم و پێشەوایانی تری فەرموودە لە عائیشەی دایکی بڕوادارانەوە دەگێڕنەوە ، کەدەفەرموێت ، تا ئەو کاتەی ئایەتی (و الله يعصمك من الناس) هاتە خوارەوە پێغەمبەر (ﷺ) پاسەوانی هەبوو ، بەڵام کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری لەمانەوە هێنایە دەرەوە و فەرمووی: ﴿ أيها الناس انصرفوا ، فقد عصمني ربي ، عز وجل ﴾ واتە : خەڵکینە فەرموون بڕۆن وا خوا خۆی دەمپارێزێت .

موعجیزه‌ی (٢٢) پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) هه‌والّ ده‌دات به نه‌بوجه‌هل که‌به‌بێ باوه‌ڕی وسه‌ربڕاوی کۆتایی به‌ژیانی دێت

له‌ ڕیوایه‌تێکدا که‌ ئیبن نه‌بوو شه‌ییه‌ له‌عه‌مری کوری عاصه‌وه‌ ده‌ی گێڕێته‌وه‌ که‌ ووتوویه‌تی:ته‌نها ڕۆژێك چاوم لێ بوو که‌ قوڕه‌یش ده‌یان ویست پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بکوژن،نه‌وه‌بوو له‌ په‌نای که‌عبه‌دا دانیشتبوون و که‌وتنه‌ ته‌کبیری نه‌وه‌ی که‌نازاری بدەن وپێغه‌مبه‌ری خواش له‌نزیك مه‌قامدا نزێژی به‌جێ ده‌هێنا،عوقبه‌ی کوڕی نه‌بو موعیط هه‌ستایه‌وه‌ بۆیی و عه‌باکه‌ی خسته‌ ملی وڕای کێشا هه‌تا به‌سه‌ر نه‌ژنۆیدا که‌وت و خه‌ڵکه‌که‌ هاواریان لێ به‌رز بووییه‌وەو وایان زانی گیانی ده‌رچوو،له‌ولاوه‌ نه‌بوبه‌کر (خوا لێی ڕازی بێ)به‌ په‌نه‌ هات و هه‌ردوو قۆڵی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌دواوه‌ گرتن و ده‌ی فه‌رموو پاشان کافرەکان وازیان له‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هێنا، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌ستایه‌وەو ده‌ستی به‌نوێژ کرد ،که‌نوێژەکه‌ی ته‌واو کرد به‌لایاندا هات وکافرەکانیش له‌سێبه‌ری که‌عبه‌دا دانیشتبوون و فه‌رمووی:﴿**يا معشر قريش أما والذي نفس محمد بيده ما أرسلت إليكم إلا با لذبح**﴾ واته‌: ئه‌ی کۆمه‌ڵی قوڕه‌یش به‌وخوایه‌ی که‌ گیانی موحه‌ممه‌دی به‌ده‌سته‌ سه‌ربڕین به‌شتانه‌ نه‌گه‌ر ئیمان نه‌هێنن ، به‌ده‌ستیشی ئاماژەی بۆ قورگی کرد،نه‌بو جه‌هل پێی وت:تۆ هه‌رگیز نه‌فام نه‌بووبیت، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:﴿أنت منهم﴾.[٢٢]

به‌وەش هه‌والّیدا که‌نه‌بو جه‌هل سه‌ربڕین به‌شیه‌تی هه‌روەك پێغه‌مبه‌ر فه‌رمووی:ئه‌وه‌ هاته‌دی ،نه‌وەبوو نه‌بو جه‌هل چونکه‌نه‌گبه‌تی و به‌دبه‌ختی سه‌رشانی گرتبوو یه‌کێك بوو له‌و

---

[٢٢] شرح حياة الصحابة ١/ ٤٤٤ – ٤٤٥

که‌سانه‌ی که‌دەوریکی سه‌رمکی هه‌بوو له‌هه‌لگیرسانی جه‌نگی به‌دردا ئه‌وەبوو له‌و جه‌نگه‌دا به‌کافری تیاچوو و سه‌ری برِدرا....

موعجیزه‌ی (٢٣) هه‌والّدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) که‌خوای گه‌وره ئایینه‌که‌ی خۆی سه‌رده‌خات و ئاشتی و ئاسوودەیی به‌رقه‌رار ده‌بێ:

له خه‌ببابی کوری ئه‌رەتەوه – خوا لێی ڕازی بێ - دەگێڕنه‌وه که وتوویه‌تی:هاتمه خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) که‌له‌سێبه‌ری که‌عبه‌دا بورده‌یه‌کی کردبووه پاڵ پشتی و ئێمه‌ش به‌دەست بت پەرستەکانه‌وه گیرمان خواردبوو وتم:ئایا له‌خوا ناپارێیته‌وه بۆمان ؟دانیشت و دەم و چاوی پیرۆزی سووربووی‌ه‌وەو فه‌رمووی:﴿ **قد كان من كان قبلكم ليمشط بأمشاط الحديد مادون عاظمه من لحم أو عصب،ما يصرفه ذلك عن دينه وليتمن الله هذا الأمر حتى يسير الراكب من صنعاء الى حضرموت مايخاف إلاّ الله عزَّ وجل،والذئب على غنمه وفى رواية (ولكنكم تستجلون)**﴾ [٢٣] واته: ئه‌وانه‌ی له‌پێش ئێوەوه ئیماندا ربوون هیوایان هه‌بوو که‌سته‌مکاران دەیانگرت وبۆنه‌وەی له‌ئایین پاشگەز بێته‌وه به‌شانه‌ی ئاسنین گۆشت و دەماری لاشه‌ی له‌ئێسقانه‌کانیان جیانه‌کردنه‌وه بێ ئه‌وەی ئه‌وه له‌ئایین وازی پێ بهێنێ،جانه‌و ئایینه‌ش به‌جۆرێك خوا به‌ئاکامی دەگه‌یه‌نێت که‌سوار به‌ته‌نیا له‌صنعاوه هه‌تا حه‌ضرەمه‌وت برِواو له‌هیچ نه‌ترسێ جگه له‌خوای گه‌وره،ومگورگیش که‌هه‌له‌ت بۆ مه‌ڕەکانی به‌رێت ،به‌لاّم

---

[٢٣] (رواه البخاري ومسلم)

نێوە پەلە دەکەن هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی دەقاو دەق ئەو هەواڵە هاتە دی و خوای گەورە ئایینەکەی خۆی بە پایان گەیاندو سەری خست...

موعجیزەی (٢٤) هەواڵ دانی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەنووسراوەکەی کابە کەمۆرانە خواردوویەتی جگە لەووشەی بەرزو بڵندی خوای گەورە:

بێ باوەڕانی قوڕەیش بەچاوی خۆیان دەیانبینی بانگەوازی خوایی ڕۆژبەڕۆژ پەرە دەسێنێ خەلکی لەدەوری کۆدەبێتەوە ،زۆرجاك دەیانزانی کەخەڵك شوێن بەرنامەی ئیسلام بکەوێ ئەوە کورسی ئەو ستەمکارانە دەکەوێتە لەرزەوەو ئاستەنگ لەبەردەم بەرژەوەندی یەکانی ئەواندا دروست دەکات،چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی دادگەری و یەکسانی یەو بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ تاکەکانی مرۆڤایەتی دا دەکات،جالەبەرئەوە بەهەموو شێوەیەك کەوتنە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وبانگەوازە پیرۆزەکەی بۆئەوە لەشیوی حەصەب کۆبوونەوە و بڕیاریاندا و سوێندیان خوارد کەدژی ئەوەی هاشم و ئەوەی موتەلیب بوومستن،بەوەی کەئەژن و ژن خوازیان لەگەڵدا بەکەن و ئەکڕین و فرۆشتن ونەهەڵس وکەوت،ئەتێکەڵاوبان نەکەن و نەچنە ماڵیان و قسەیان لەگەڵدا نەکەن ،ئەوەیان لەشێوەی بەڵگەنامەیەکدا نووسی،ئەو نووسراوە بەدەستی بەغیضی کوڕی عامیری کوری هاشم نووسرا، پێغەمبەری خواش (ﷺ) دووعای لێکدروو دەستی ووشك بوو،قوڕەیش بۆئەوەی ئەوبڕیارەیان سەربگرێ و کەس ئەوێرێ لەدژی بوەستێ لەناو کەعبەدا هەڵیانواسی،ئەوەش لەسەرەتای مانگی موحەڕڕەمی ساڵی حەوتەمی پێغەمبەرایەتی دا،ئەوەی هاشم و ئەوەی موتەلیب لەشیوی ئەبو تاڵیبدا بەندکران و لەدانیشتوانی مەککە دابڕان،دابڕان و گەماروی

قوڕەیش بۆ موسڵمانەکان دریژەی کێشا،بەڕادەیەك کەخۆراك و کەل و پەلیان لێبڕا،چونکە هەرخۆراکێك دەهاتە ناو شاری مەککەوە خێرا بت پەرستە دەوڵەمەندەکان دەیان کڕی و موسڵمانەکان بەیەکجاری تەنگیان پێ هەڵچنرا،لەودیوی شیوەکەوە دەنگی منداڵان و ژنیان دەهات کەلەبرسان دەکڕوزانەوە،ئیتر ئەگەر شتێکیان بەنهێنی پێبگەیشتایە و تەنها لەمانگەکانی حەرامدا کەلەشیوەکە دەرچوونایە بۆ شت کڕین ،جاری واش هەبوو کەکاروانێك لەدوورەوە دەهات هەوڵیان دەدا بەرلەوەی بگاتە ناو شاری مەککە دەستیان بگاتێ و شتێکی لێبکڕن،بەڵام هەرکام لەخاوەنانی کاروانەکە ئەگەر خەڵکی مەککە بوایە،کەل وپەلەکەی لەسەرموسڵمانەکان نەوەندەگران دەکرد تاتوانایان نەبێت بی کڕن،ماوەی دووسێ ساڵ بەم شێوەیە مانەوە،ئیبن هیشام باسی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەئەبوتاڵیبی فەرمووە:﴿**یاعم إن الله سلط الأرضة علی صحیفة قریش،فلم تدع فیها إسماً هو لله إلاّ أثبتته فیها،ونفت منها الظلم،والقطیعة والبهتان**﴾ واتە:مامە خوای گەورە مۆرانەی ناردوومو جگە لەناوی خوا هەرچی نووسینی سەر ئەو نووسراوە هەیە لەستەم و ڕەحم بڕیی و بووهتان،هەرهەمووی سڕیوەتەوە...ئەبوتاڵیب وتی: ئایا پەروەدگارت ئەو هەواڵەی پێداوی ؟

فەرمووی: بەڵێ:وتی:دەبەخوا ناهێڵم کەس بچێتە کەعبەوە،خێرا هەستاو هات بۆلای قوڕەیش وتی:ئەی کۆمەڵی قوڕەیش موحەممەدی برازام هەواڵێکی ئاوەهاو ئاوای پێداوم،ئادەی وەرن بەلای نووسراوەکەتانەوە جانەگەر وابوو کە ئەوفەرموویەتی:ئەوا وازلەدابڕانمان بهێنن و لەسەر ئەو بڕیارە دابەزان،خۆ ئەگەر وانەبوو ئەوا برازاکەم دەدەم بەدەستتانەوە،خەڵکەکە ووتیان: ئێمە ڕازین و لەسەر ئەوە پەیمانیان بەست،ئەوە بوو موطعیمی کوری عەدی هەستا بۆ نووسراوەکە،سەیری کرد جگە لە نووسراوی ﴿باسمك اللهم﴾

هه‌رهه‌موو نووسینه‌که مۆرانه خواردوویه‌تی:چۆن پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموو بووی به‌و شێوه‌یه بوو....[٢٤]

موعجیزه‌ی (٢٥) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌په‌یدا بوونی درۆزنێك و خوێن ڕێژێك له‌هۆزی سه‌قیف:

نه‌بو نه‌وفه‌ل ـ خوا لێی ڕازی بێت – وتی: لاشه‌ی عه‌بدوللای کوڕی زوبه‌یرم دی،له‌هه‌ورازه‌که‌ی مه‌دینه به‌دارداکرابوو،واته:له‌و هه‌ورازه که‌وا له‌مه‌ککه، به‌ڵام ناوی هه‌ورازی مه‌دینه‌یه،چونکه له سه‌ر نه‌وڕێگه‌یه یه که‌له‌مه‌ککه‌وه ده‌چێت بۆ مه‌دینه،لاشه‌که‌ی له‌وێدا له‌سێداره درابوو، پیاوانی قوڕه‌یش و خه‌ڵکانی تر به‌لایدا به‌خامۆشی ڕاده‌بوورن،له‌ترسی حه‌ججاج نه‌یان ده‌وێرا قسه‌بکه‌ن،به‌ڵام کاتێك عه‌بدوللای کوڕی عومه‌ر گه‌یشته‌لای،له‌دیاری ڕاوه‌ستاو سێ جار ووتی: سڵاو له‌تۆ ئه‌ی باوکی خوبه‌یب،سێ جاریش وتی:به‌خوا بۆخۆم گه‌ڵێك پێم وتیت که‌دانیشه‌و شتی وامه‌که،سه‌ری خۆت دامه‌نێ،ئینجا ووتی: به‌خوا به پێی ناگا لێبوونی من ،تۆ ڕۆژوو گرێکی زۆر باش بووی و ڕۆژووی سوننه‌تت زۆر ده‌گرت وشه‌ونوێژکه‌ریکی زۆرچاك و خزم دۆستێکی زۆر چاك بووی،

سوێند به‌زاتی خوا گه‌ل و میلله‌تێك که پیاوی چاکی وەك تۆ تیایدا بێ،به‌ڕاستی گه‌لی چاکه،ئینجا عه‌بدوللای کوڕی عومه‌ر تێپه‌ری و ڕۆیشت،کاتێك که‌ئه‌و هه‌ڵوێست و فه‌رمایشتانه‌ی عه‌بدوللای کوڕی عومه‌ر گه‌یشته‌وه به‌حه‌ججاج ناردی لاشه‌که‌یان له‌قه‌دی دار خورماکه داگرت وله‌ناو گۆڕستانی جوله‌که‌کاندا ناشتیان،له پاشان حه‌ججاج ناردی به‌شوێن

---

[٢٤] (ژیانی نازیزمان – صلى الله عليه وسلم -) لاپه‌ره ٣٠٦ - ٣٢٤

ئه‌سمای کچی ئه‌بوبه‌کری هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) که‌دایکی عه‌بدوڵڵابوو،به‌ڵام ئه‌سماڕازی نه‌بوو که بچێ بۆڵای،حه‌جاجیش نوێنه‌رمکه‌ی خۆی ناردموه بۆڵای،که‌وا یان به‌پێی خۆی دێ بۆڵام یان که‌سێکی وادەنێرم که‌هه‌تا به‌پرچی خۆی ڕای بکێشێ ،دیسان ئه‌سما گوێی نه‌دایه قسه‌ی حه‌جاجی زۆردار،وتی:

به‌خوا تانه‌نێرێ به‌پرچه‌کانم پەلکێشم بکەن نایێم بۆڵات،جا حه‌جاج وتی: کوا پێڵاوەکانم لەکوێ یە ؟ پێڵاوەکانی کردە پێی وبەفیزو خوێنەزلزانی یەوە بە پەلە چوو بۆڵای ئه‌سما کەگەیشتەلای پێی وت: خوێدیتت که‌چیم له‌و دوژمنی خوایه کرد ئه‌سما وتی:ئەوەی من دیم ئەوەیە:کەڕاستە تۆ ئەو دنیایەت لەو تێکدا،بەڵام ئەوێش ئەو دنیای تری واتە ژیانی دواڕۆژی لەتۆ تێکدا ،ئه‌سما وتی: بیستوومەتەوە گوایە تۆ بەتانەو تەشەرموە پێی دەڵێی کورمکەی ژنە دوو پشتێن،بەڵێ بەخوا ڕاستە کەمن دوو پشتێنم هەبوو،یەکێکیان نان و خواردەمەنی پێغەمبەری خواو ئەبوبەکرم پێ دەبەست لەلاقەدی ولاخ و ئەوی تریشیان ومك هەموو ئافرەتێك بۆ کارو فەرمان دەمبەستە پشتم،ئەوە هیچ عەیبی تێدا نی یە،بەڵام زۆر چاك بزانە ئەی حه‌جاج که پێغەمبەر (ﷺ) بۆخۆی پێمانی فەرموو:کەلەناو هۆزی سەقیف کەسێکی دروزن پەیدا دەبێت کەلافی پێغەمبەرایەتی لێدەدات لەگەڵ کەسێکی خوێن ڕێژ،ئەوەبوو پێغەمبەرە دروزنەکەمان بەچاوی خۆمان دی کەموختاری کوڕی ئەبو عوبەیدی سەقەفی بوو،وەمن وادەزانم کەخوێن ڕێژەکەش تۆی ئەی حه‌جاج وتی:ئیتر حه‌جاج بەسەری شۆڕموە و لوتی شکاوموە لەلای ئه‌سما هەستاو وەڵامی پێنەدرایەوە.... [٢٥]

---

[٢٥] أخرجه مسلم فضائل : ٦٤٤٢

موعجیزەی (٢٦) هەواڵ دانی پێغەمبەر(ﷺ)سەبارەت بەچارەنووسی بەدی موسەیلەمەی درۆزن:

عەبدوڵلای کوری عەببباس - خوا لێی ڕازی بێت - وتی: موسەیلەمەی درۆزن هات بۆ مەدینە،خەڵکێکی زۆری لەهۆزەکەی خۆی لەگەڵدا بوو دەی ووت:ئەگەر موحەممەد لەدوای خۆی کاروباری بەمن بسپێرێ من بکات بەجێگری خۆی دێمە ناوئایینەکەی ، پێغەمبەریش (ﷺ) سابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماسی لەگەڵ خۆی بردو سابیت خەتیبی پێغەمبەر بوو، پێغەمبەر (ﷺ) پارچە چیلکەیەکی پەلکە خورمای بەدەستەوە بوو کەگەیشتە لای موسەیلەمە لەناو هۆزەکەی دا بوو ،لەدیاری ڕاوەستا و فەرمووی : ئەگەر داوای ئەو پارچە چیلکەیەشم لێبکەی ناتدەمێ چ جای ئەوەی کە بتکەم بەجێنشینی خۆم،تۆ ناتوانی فەرمانی خوا بشکێنی وئەو فەرمانەی خوا لەبارەی تۆوە بڕیاری داوە بەتۆ ڕەت نابێتەوە،خۆ ئەگەر لەمن هەڵگەڕێیتەوە خوا لەگڵو گۆت دەخات، وات دەبینم کەتۆ ئەو کابرایەیت کەبەخەو حاڵی بەدی ئەوم پێ نیشان دراوە،ئەوا من دەڕۆم ئەوە سابیتە چی قسەیەکت هەیە ئەو لەجیاتی من وەڵامت دەداتەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) بەجێی هێشت وڕۆیشت عەبدوڵلای کوری عەببباس وتی: لەبارەی ئەو خەونەی پێغەمبەرموە کەفەرمووی: لەئەبو هوڕەیڕەم پرسی وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: نووستبووم لەخەوما دیم کەلەهەردوو دەستمدا دووبازنی زێڕم دی ئەوە غەمگینی کردم،لەخەوەکەمدا سرووشم بۆکرا،ئادەی فووبان لێبکە،منیش فووم لێکردن،جا هەردووکیان فڕین،ئەو بازنانەم بەدوو درۆزن لێك دایەوە کەلەدوای من شۆڕەتیان بلاودەبێتەوە وناویان دەزێ ئەو دوو درۆزنە یەکێکیان ئەسوەدی عەنسی بوو،ئەوی تریان موسەیلەمەی درۆزن بوو،لەدوا ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد،موسەیلەمەی درۆزن خەڵکێکی زۆری لەخۆی کۆکردەوەو هەڵی خەڵەتاندن و چەواشەی کردن،خەلیفەی

پێغه‌مبه‌ریش ئه‌بوبه‌کر (خوا لێی ڕازی بێت) له‌شکری ئیسلامی بۆناردن ولەگەڵ له‌شکری موسه‌یله‌مه‌ی دروزن ڕووبوڕوو بوونه‌وەو له‌نه نجامدا سوپای بڕواداران سه‌رکه‌وت به‌سه‌ر سوپای شه‌یتانداو موسه‌یله‌مه‌ی دروزن و فێلباز و سته‌مکار به‌کافری کۆتایی به‌ژیانی هات ،هه‌واڵ دانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) که‌ئه‌باره‌ی فه‌رموویووی ڕاست دەرچوو... [٢٦]

موعجیزه‌ی (٢٧) هه‌واڵ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی (أم الحرام)ی کچی (ملحان) که‌به‌شداری غه‌زا ده‌کات له‌سه‌رده‌ریا:

ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك –خوا لێی ڕازی بێت – ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سه‌ردانی (أم الحرام)ی کچی (ملحان) دەکرد که‌ژنی عه‌باده‌ی کوڕی صامت بوو ڕۆژێکیان سه‌ردانی کردو میواندارى کردو خواردنی دایه ئینجا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خه‌وی لێکه‌وت،که‌خه‌به‌ری بوویه‌وه پێده‌که‌نی (أم ملحان) ده‌ڵێ وتم: بۆچی پێده‌که‌نی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ؟ فه‌رمووی: که‌سانێك له‌ئومه‌تم پیشاندرا که‌غه‌زایان دەکرد له‌ڕێی خوادا، سواری دەریا بوو بوون،بووبوونه پاشا له‌سه‌ر عه‌رشی پاشایه‌تی،یان وەکو پاشاکان له‌سه‌ر عه‌رشی پاشایه‌تی ده‌ڵێ:وتم ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دووعام بۆبکه خوا بمکات به‌یه‌کێك له‌وان، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دووعای بۆکرد، پاشان سه‌ری نایه‌وەو خه‌وی لێکه‌وته‌وه که‌هه‌ستا پێده‌که‌نی ووتم بۆچی پێده‌که‌نی؟ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی :که‌سانێك له‌ئومه‌تم پیشاندرا که‌غه‌زایان دەکرد له‌ڕێگای خوا وەکو له‌یه‌که‌مدا فه‌رمووی :ده‌ڵێ وتم :

ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دووعام بۆبکه خوا بمکات به‌یه‌کێك له‌وان، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی: تۆ له‌وانه‌ی پێشووی،ئیتر ئه‌وه بوو له‌سه‌ردەمی معاویه‌ی کوڕی ئه‌بوسوفیان دا (ام الحرام)ی کچی (

---

[٢٦] (أخرجه البخاري والمسلم)

ملمان) سواری کەشتی بوو لەنێودەریادا ،کاتێ لەدەریا دابەزین لە وولاخەکەی بەربوومو شەهید بوو.[٢٧]

موعجیزەی (٢٨) هەواڵ دانی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەپلانێکی عومەیری کوڕی وەهب و صەفوانی کوڕی ئومەییە:

عومەیری کوڕی وەهب و صەفوانی کوڕی ئومەییە ڕۆژێکیان دوای جەنگی بەدر دانیشتبوون باسی لێقەومانی بەدریان کرد،عومەیر وتی:ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە قەرزدارم و نیمە بیدەمەوە،خاوەنی مالْ ومندالّم ودەترسم دوای خۆم بفەوتێن،بەوە عومەیر ئەوەی دەرپڕی کەنیازی کوشتنی پێغەمبەری خوا ی هەیە،صەفوان ئەوەی بەهەل زانی و پێی وت:قەرزەکەت لەسەر من،من بۆت دەدەمەوەو مالْ منداڵەکەشت لەگەڵ مالْ ومندالّی خۆمدا چاودێریان دەکەم ودرێخی ناکەم لەو بارەوە عومەیر وتی: ئەوە ئاشکرا مەکە وتی: باشە پاشان عومەیری کوڕی وەهب بەڕێ کەوت و گەیشتە مەدینە ،لەکاتێکدا کە عومەری کوڕی خەتتاب وچەند موسڵمانێك باسی ڕۆژی بەدریان دەکرد،کەچۆن خوای گەورە بەسەرکەوتنی بەدر ڕێزی لێگرتن،سەیری کرد واعومەیری کوڕی وەهب لەدەرگای مزگەوت ووشترەکەی چۆك پێداداوە، شمشێرەکەی لەکێلان دەرهێناوە،عومەر وتی:ئەوە عومەیری کوڕی وەهبی دوژمنی خوایە بۆنە نجامدانی خراپەیەك هاتووە، پاشان چووە ژوورەوە بۆخزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وهەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند،ئەویش فەرمووی:بیکە ژوورەوە بۆلام،عومەر ڕووی کردە عومەیرو دەستی دایە حەمائە ی شمشێرەکەی کەلەملی دابوو بای داو بەو هاوەڵە ئەنصارانەی کەلەوێش بوون پێی ڕاگەیاندن کەبیبەنە ژورەوە لای پێغەمبەری خوا کەچاوی پێ کەوت

---

[٢٧] پوختەی صەحیحی بخاری لاپەرە ٩٢٨ .

واعومه‌ر دەستی داوەتە حەمائڵەی شمشێرەکەی ملی فەرمووی:عومەربەری بدەمو تۆش عومەیر وەرە پێشەوە،کەنزیك بۆوە پێی فەرموو:﴿**فما جاء بك يا عمير؟**﴾ واتە:بۆچی هاتووی ئەی عومەیر ؟ وتی:بەدوای ئەو دیلەدا هاتووم کەوا لەلای ئێوەیە چاك بن لەگەڵیدا فەرمووی:﴿**أصدقني ماالذي جئت به ؟**﴾ واتە:ڕاستم پێ بڵی بۆچی هاتوویت ؟ وتی: تەنها بۆئەوە هاتووم،فەرمووی:﴿**بل قعدت أنت وصفوان بن أمية في الحجر فذكر تما أصحاب القليب من قريش ،ثم قلت:لولا دين علىً وعيال عندي لخرجت حتى أقتل محمداً،فتحمل لك صفوان بن أمية بدينك وعيالك على أن تقتلني ،والله حائل بينك وبين ذلك**﴾ واتە: بەڵکو تۆو صەفوانی کوڕی ئومەییە لەحیجردا دانیشتن وباسی کوژراوەکانی قوڕەیشتان دەکرد، پاشان تۆ وتت:ئەگەر قەرزم لەسەر نەبوایە ماڵ و منداڵم بەسەردا نەکەوتبایە،دەچووم موحەممەدم دەکوشت،ئیتر صەفوانی کوڕی ئومەییە چووە ژێر قەرزەکەت وچاودێری ماڵ منداڵەکەت،بەومەرجەی تۆ بێیت ومن بکوژیت،خواش ماوەت نادات ئەوە بکەیت،عومەیروتی:شاهێدی دەدەم کەتۆ پێغەمبەری خوایت جاران ئەی پێغەمبەری خوا کەتۆ دەنگ و باسی ئاسمان و ئەوەحی یەی کەدەهاتە سەرت بۆمانت باس دەکرد،ئێمە باوەڕمان پێت نەکرد،ئەم باسەش جگە لەخۆم و صەفوان کەس ئامادەی نەبووەبەخوا چاك دەزانم تەنها خوا لەمەی ئاگادار کردوویت،جا سوپاس بۆئەوخوایەی کەهیدایەتی دام بۆسەر ئایینی ئیسلام وبەوشێوازەش پاڵی پێوەنام، پاشان شایەتمانی هەقی هێنا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿**فقهو أخاكم في دينه وعلمه القرأن ،وأطلقوا أسيره**﴾ واتە:براکەتان لەدینەکەی شارەزا بکەن وقورئانی

فێربکه‌ن ودیله‌که‌شی بۆ به‌ربده‌ن پاشان عومه‌یر وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا جا من پێم خۆشه ماوم بده‌ی بگه‌ڕێمه‌وه بۆ مه‌ککه بانگیان بکه‌م بۆلای خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی و ئایینی ئیسلام،به‌ڵکو خوا هیدایه‌تیان بدات ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ماوه‌ی داو گه‌ڕایه‌وه بۆمه‌ککه،عومه‌یری کوڕی وه‌هب که‌هاته‌وه مه‌ککه ئه‌وێ ده‌ستی به‌بانگکردنی خه‌ڵکه‌که‌ی بۆسه‌ر ئایینی ئیسلام کردو ،ئه‌وه بوو له‌سه‌رده‌ستی ئه‌ودا خه‌ڵکێکی زۆر ئیمانیان هێناو هاتنه ناو ئایینی پاکی ئیسلام...

موعجیزه‌ی (٢٩) هه‌وآل دانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌کوژرانی ئومه‌ییه‌ی کوڕی خه‌له‌ف :

عه‌بدوڵلای کوڕی مه‌سعود – خوا لێی ڕازی بێت - ده‌ڵێ : سه‌عدی کوڕه مه‌عاز – خوا لێی ڕازی بێت - هاته مه‌ککه بۆئه نجام دانی عه‌مره دابه‌زی بۆلای ئومه‌ییه‌ی کوڕی خه‌له‌ف وبووه میوانی ئه‌و،له‌بەر ئه‌وه‌ی ئومه‌ییه‌ش که‌سه‌فه‌ری ده‌کرد به‌ره‌و شام دادەبه‌زی له‌لای سه‌عدو ده‌بووه میوانی ئه‌و،ئومه‌ییه به‌سه‌عدی وت: چاوه‌ڕوان بکه تانیوه‌ڕۆو خه‌ڵکه‌که غافڵ ده‌بن، ده‌رچوون و سه‌عدی کوڕی موعاز ده‌ستی کرد به‌ته‌واف کردن،ئه‌بوجه‌هل هات و ووتی:ئه‌وه کێ یه له‌که‌عبه ته‌واف ده‌کات،سه‌عد وتی: منم سه‌عدی کوڕی موعاز ، ئه‌بوجه‌هل وتی:ته‌واف ده‌که‌ی له‌که‌عبه به‌هێمنی و ئاسایش له‌کاتێکدا که موحه‌ممه‌دو هاوه‌ڵه‌کانی لای ئێوه جێگایان بۆته‌وه ئێوه بوونه هۆی په‌نادانی سه‌عد ووتی: به‌ڵێ وایه ،ده‌نگه‌ده‌نگ و ناخۆشی له‌نێوانیاندا په‌یدا بوو ،سه‌عد ده‌نگی به‌رزکرده‌وه به‌سه‌ر ئه‌بو جه‌هلدا و لێی تووڕه‌بوو،ئومه‌ییه به‌سه‌عدی وت: ده‌نگت به‌رز مه‌که‌وه به‌سه‌ر ئه‌بولحه‌که‌مدا، چونکه ئه‌و گه‌وره‌ی ئه‌و وادی یه‌یه،سه‌عد به‌ئه‌بو جه‌هلی وت:سوێند به‌خوا ئه‌گه‌ر تۆ من قه‌ده‌غه بکه‌ی

له‌ته‌واف کردنی به‌یت، ڕێگای بازرگانیه‌که‌ت لێده‌گرم که‌نه نجامی دەدەی به‌رمو شام، دیسان ئومه‌ییه به سه‌عدی وت: دەنگت به‌رز مه‌که‌وه، سه‌عد توڕه‌بوو ووتی: وازمان لێبێنه گوێم له پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو دەیفه‌رموو: که‌تۆ دەکوژرێی، ئومه‌ییه ووتی: ئه‌و وای وت، سه‌عد وتی: به‌ڵێ، ئومه‌ییه وتی: سوێند به‌خوا دەزانم ئه‌گه‌ر موحه‌ممه‌د ئه‌و قسه‌یه‌ی کردبێت ڕاست دەکات، گه‌ڕایه‌وه بۆلای خێزانه‌که‌یی و ووتی: ئایا دەزانی که برا یه‌ثریبی یه‌که چی دەڵێ؟ خێزانه‌که‌ی وتی: چی دەڵێ؟ وتی: دەڵێ موحه‌ممه‌د ووتوویه‌تی: که‌تۆ دەکوژرێی، خێزانه‌که‌ی ووتی: سوێند به‌خوا موحه‌ممه‌د ڕاستی ووتوه موحه‌ممه‌د قسه‌ی ناڕاست ناکات، کاتێك که‌جه‌نگی به‌در ڕوویدا و خه‌ڵکه‌که دەرچوون له‌مه‌ککه به‌رمو مه‌یدانی جه‌نگ ئومه‌ییه که‌ویستی دەرچێ خێزانه‌که‌ی وتی: ئایا له‌بیرت ماوه که‌برا یه‌ثریبیه‌که‌ت چی پێ وتی؟ ئومه‌ییه وویستی که‌دەرنه‌چێ، به‌ڵام نه‌بو جه‌هلی شه‌یتان وفێڵباز پێی ووت: تۆ ئه‌ی ئومه‌ییه یه‌کێکی له‌ئه‌شراف وپیاوماقوڵانی ئه‌و دۆڵه، وەره له‌گه‌ڵمان ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ له‌گه‌ڵی چوو خوای گه‌وره به‌کوشتن کۆتایی به‌ژیانی هێناو له‌جه‌نگی به‌دردا به‌کافری کوژرا.....[٢٨]

موعجیزه‌ی (٣٠) به‌شوکو ڕۆژێك بێت ئه‌و پیاوه هه‌ڵوێستێکی وای ببێت که‌دڵی تۆی پێ شاد بێت:

له‌ڕۆژی غه‌زای به‌دردا که‌سوهه‌یلی کوڕی عه‌مر دیل کراو هێشتا موسڵمان نه‌بووبوو، عومه‌ری کوڕی خه‌تتاب (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئه‌وه پیاوێکی قسه‌زان و زۆر بڵی یه، ڕووخسه‌تم بده باهه‌ردوو که‌ڵه‌ی خوارەوەی هه‌ڵبکێشم، تاکو له‌مڕۆ به‌دواوه نه‌توانێ قسه‌ت پێ بڵێت، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی: ﴿وعسى أن يقوم مقاماً

---

[٢٨] أخرجه البخاري ٣٦٣٢

﴿بسرك يا عمر﴾[٢٩] واته‌: ئه‌ی عومه‌ر به‌شکو رۆژێك بێت هه‌ر نه‌م پیاوه‌ هه‌ڵوێستێکی وای ببێت که‌دڵی تۆی پێ شاد ببێت،ئه‌وه‌ بوو فه‌رموودەکه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هاته‌دی ،چونکه‌ ئه‌رۆژی رزگارکردنی مه‌ککه‌دا موسڵمان بوو،سوهه‌یل هاوه‌ڵێکی پایه‌داری به‌خزمه‌تی ئێ دەرچوو،له‌رۆژی فه‌تحی مه‌ککه‌دا ئه‌وه‌بوو وه‌ڵامی پێغه‌مبه‌ری خوای (ﷺ) دەدایه‌وه‌،کاتێك که‌پرسیاری دەکرد له‌ قوڕه‌یش دەی فه‌رموو:﴿ماذا تقولون؟﴾ واته‌: چی دەڵێن؟ سوهه‌یلیش دەی ووت:چاك دەڵێن و چاکیش زەن دەبه‌ین،تۆ برایه‌کی به‌ڕێزو کوڕی برایه‌کی به‌ڕێزمانی وهه‌موو دەسه‌ڵاتێکیشت هه‌یه‌،ئه‌ویش فه‌رمووی :

اقول كما قال أخي يوسف: لا تثرين عليكم اليوم .ئه‌وه‌بوو فه‌رموودەکه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هاته‌دی،چونکه‌کاتێك کارەساتی گه‌ورەو دڵته‌زێنی کۆچی دوایی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕووی دا،صه‌برو ئارام له‌لای موسڵمانان نه‌ما،ئه‌بوبه‌کری صدیق(خوا لێی ڕازی بێ) له‌شاری مه‌دینه‌ موسڵمانانی کۆکرده‌وه‌و ووتارێکی بۆدان به‌ڕەوانی وجوانی تیایدا سه‌ره‌خۆشی لێکردن وهه‌ولی دا دڵی هاوه‌ڵانی. پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بهێنێته‌وه‌ جێی خۆی و ئارامی به‌دڵانیان بدات،له‌هه‌مان کاتدا سوهه‌یلی کوڕی عه‌مر له‌شاری مه‌ککه‌دا هه‌مان ڕۆڵی ئه‌بوبه‌کری بینی و ووتارێکی هاوچه‌شنی ووتارەکه‌ی ئه‌وی بۆ خوێندنه‌وه‌،ته‌نانه‌ت تاڕاددەیه‌کیش ووشه‌کانی هه‌ردوو ووتارەکه‌ یه‌ك مه‌به‌ست و واتایان ڕادەگه‌یاند،به‌وەش ئه‌و موعجیزه‌ گه‌ورەیه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هاته‌دی که‌له‌بارەی سوهه‌یله‌وه‌ فه‌رموویووی ،هه‌زاران درود بۆگیانی پاکی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌به‌رزەی ئیسلام .

---

[٢٩] رواه البيهقي وشيخه الحاكم عن الحسن بن محمد مرسلاً

موعجیزه‌ی (٣١) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەعەبباس سەبارەت بەو پارەیەی کەلەلای (أم الفضل) دای نابوو بەنهێنی:

دوا ئەوەی کە عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) نینکاری ئەوەی کرد هیچ پارەو پوڵێك شك ببات، پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ئەو پارەیەی پێدا کەمامی بەنهێنی لای (أم الفضل) ی خێزانی دای نابوو،[٣٠] ئەوەبوو عەبباسی مامی کەهێشتا موسڵمان نەبوو بوو لەغەزای بەدردا دیل کراو پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێکرد خۆی بەپارە لەدیلی ڕزگار بکات،ئەویش وتی: پارە شك نابەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەی مااڵ و سامانەی لای دایکی (أم الفضل) داتنا، چی لێ هات ؟ عەباس ووتی جگەلەمن و ئەو کەسی تر بەو پارەیەی نەزانیوە ئەومش بوو بەهۆی ئەوەی عەبباس موسڵمان ببێت...

موعجیزه‌ی (٣٢) سەرکردەکانی قوڕەیش بەبینینی موعجیزەیەکی گەورە لە پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان دەبن:

بەڕیوایەتێکی صەحیح باسکراوە کەلەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) مەککەی ئازاد کرد لە بت و بتپەرستان،فەرمانی بەبیلال دا(خوا لێی ڕازی بێت) بچێتە سەربانی کەعبەو بانگ بدات لەوکاتەشدا ئەبووسوفیانی کوڕی حەرب و عەتتابی کوڕی ئوسەیدو حاریسی کوڕی هیشام ،کەلە سەرکردەو پیاوە دەست ڕۆیشتووەکانی قوڕەیش بوون لەنزیکی کەعبەو دەورووبەری دانیشتبوون، عەتتاب ووتی: خوا بەزەیی بەئوسەید واتە: باوکی داهاتەوە ،کەئەو ڕۆژەی

---

[٣٠] (رواه أحمد والحاكم وصححه .والبيهقي بسند صحيح)

نەدی حاریسیش ووتی :موحەممەد کەسی نەدۆزیەوە جگە لەو قەلە رەشە ؟ئەبوو سوفیانیش ووتی :من هیچ نالێم، چونکە ئەگەر هەرچی یەک بڵێم ئەم بەردە وەردانە بۆ موحەممەدی دەگێڕنەوە کتوپڕ پێغەمبەر (ﷺ) بەرمو ڕوویان هات و فەرمووی: دەزانم چیتان ووت :ئاواو ئاواتان ووت :چیان ووتبوو هەمووی بۆ گێڕانەوە حاریس و عەتتاب کەئەمەیان بیست یەکسەر ووتیان :شایەتی دەدەین کەتۆ پێغەمبەری خوایت چونکە هیچ کەسێکی ترمان لەگەڵدا نەبووە تاکو بڵێین نەو بۆی گێڕاویتەوە...[٣١]

خوێنەری بەڕێز :سەرنج بدە ئەو سەرکردانەی قوڕەیش کەچەند سەرسەخت بوون بەرامبەر ئیسلام تەنها بەبینینی ئەو موعجیزەیە لەو سەرسەختی و دژایەتی یەی ئیسلام وازیان هێناو موسڵمان بوون و ڕێگای ڕاستیان دۆزیەوە، هیچ گومان و دوودڵی یەکیان نەما بەڕاستی موعجیزە بەلگەیەکی ئیجگار گەورەو شتێکی هەرە سەرەکی یە بۆ ڕێنمایی مرۆڤ بەرەو ڕاستە ڕێگای ژیان و مایەی بەخشینی ئارامی ودڵنیایی یە بەدڵ و دەروون...لەبەرهەمە جوانەکانی موعجیزەکان ئەوەیە :

یەکەم :زیادبوونی بڕوای بڕواداران.

دووەم :سەرخستنی پێغەمبەر (ﷺ) و بەرگری لێکردنی.

سێ یەم :بۆئەوەی کەهەموو خەڵک بزانێ کەموحەممەد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە بەهەق و ڕاستی.

چوارەم :بۆبانگ کردنی خەڵکی ناموسڵمان بۆ بڕوا هێنان بەو ڕاستی یەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بانگەوازی بۆدەکات بۆوەڵامدانەوەی بانگەوازی خوای گەورە کەدەفەرمووێ:﴿ لِّتُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً ﴾الفتح (٨-٩)

---

[٣١] (زاد المعاد المحقق ٢/ ٤٠٩ – ٤١٠ ابن هشام (٤١٢/٢)

واتە :بۆنەوەی باوەڕبەخواو پێغەمبەرەکەی بێنن وەپشتیوانی لێ بکەن وڕێزی لێبگرن،وەتەسبیحاتی خوا بکەن لە بەیانیان و ئێوارانداو وەهەروەها بۆ وەلأمدانەی ووتەی خوای گەورە کەدەفەرمووێ:﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾الاعراف (١٥٨)،

واتە :ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان هەموتان ئەو خوایەی کەتەنها بۆ ئەوە،موڵکایەتی هەموو ئاسمانەکان وزەوی هیچ پەرستراوێکی ڕاست نی یە جگە لەئەو دەژیێنێت و دەمرێنێت کەواتە بڕوا بەخوا و پێغەمبەرەکەی بهێنن کەئێردراوێکی نەخوێندەوارە ئەویش باوەڕی بەخواو بە ووتەکانی هەیە ئێوەش شوێنی بکەون و پەیڕەوی بکەن تابکەونە سەر ڕێگای ڕاست .

موعجیزەی (٣٣) هەوالّ دانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی کیسرا کە کیسرای تری بەدوادا نایەت:

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:﴿إذا هلك كيسرى فلا كسرى بعده﴾.[٣٣]

واتە : کەئەم کیسرایە لەناوچوو،ئیتر کیسرای تری بەدوادانایەت،هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بەئێردراوەکەی کیسرای فەرموو:خوا شێرۆیەی کوڕی کیسرای بەسەرکیسرادا زاڵکردو لەفلان کاتدا کوشتی پاشا کەئەو ئێردراوە لەکاتی کوشتنی کیسرای کۆنیەوە ،بۆیدەرکەوت لەو کاتەدا کوژراوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویوی ئیتر بەهۆی ئەو موعجیزەیەوە موسڵمان بوو...

---

[٣٣] (صحيح رواه البخاري ومسلم والترمذي)

موعجیزه‌ی (٣٤) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی عه‌مماری کوڕی یاسر که‌ده‌سته‌یه‌کی یاخی بوو شه‌هیدی ده‌که‌ن:

یه‌کێکی تر له‌و شتانه‌ی که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پێش ڕووداتی هه‌والی له‌بارەوه داوه ئه‌وه‌یه که‌فه‌رموویه‌تی:﴿إن عماراً تقتله الفئة الباغية﴾.[٣٣]

واته:عه‌مار کۆمه‌ڵی یاخی بووان دەیکوژن،ئه‌وەبوو پاشان له‌جه‌نگی ﴿صفين﴾ دا کوژراو عه‌لی کوڕی ئه‌بو تالیب که‌خه‌لیفه‌ی موسڵمانان بوو فه‌رموودەکه‌ی پێغه‌مبه‌رو کوشتنی عه‌مماری له‌و جه‌نگه‌دا کرد به‌به‌ڵگه له‌سه‌ر ئه‌وەی که‌شوێنکه‌وتووانی معاویه پێڕەیاخی بووه که‌ن،معاویه‌ش حه‌دیثه که‌ی ته‌ئویل کردو عه‌مری کوڕی عاصیش ووتی: یاخی بوومکان ته‌نها ئه‌وانه‌ن که‌عه‌مماریان کوشتووەو هه‌موان ناگرێته‌وه.

موعجیزه‌ی (٣٥) له‌وانه‌یه بمێنیته‌وه تاکو چه‌ند قه‌ومێك سووڕت لێ وەردەگرن وچه‌ند قه‌ومێکی تریش له‌تۆوه تووشی زیان دەبن :

به‌ڕیوایه‌تێکی صه‌حیح چه‌سپاوه ده‌ڵێت:له‌کاتێکدا سه‌عدی کوڕی ئه‌بوو وەققاص ئه‌نه‌خۆشی یه‌کی سه‌خت دابووه، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پێی فه‌رموو:﴿لعلك تخلف حتى ينتفع بك أقوام ويستضربك أخرون﴾.[٣٤] واته: له‌وانه‌یه بمێنیته‌وه تاکو چه‌ند قه‌ومێك سووڕت لێ وەردەگرن و چه‌ند قه‌ومێکی تریش له‌تۆوه تووشی زیان دەبن،ئه‌م فه‌رموودەیه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕای دەگه‌یه‌نێت که‌سه‌عد دەبێت به‌پێشه‌وایه‌کی گه‌ورەو خوای

---

[٣٣] (صحيح ،رواه مسلم وأحمد ورواه البخاري بغير الألفاظ السابقة)

[٣٤] (صحيح رواه البخاري ومسلم)

به‌رزو بێ وێنه‌ له‌سه‌ردەستی ئه‌ودا چه‌ندین وولاّت فه‌تح دەکات و چه‌ندین تیرەو دەسته‌و کۆمه‌ڵیش به‌هۆی ئه‌وەوه‌ دێنه‌ ڕیزی ئایینی ئیسلامه‌وەو به‌وەش سوودێکی زۆڕیان دەست دەکه‌وێت.هه‌روەها چه‌ند تاقمێکی تریش به‌هۆی سه‌عدەوه‌ زیانیان پێ دەگات و دەوڵه‌ته‌که‌یان تیادەچێت،له‌ڕاستیدا هه‌ربه‌و جۆڕه‌ ڕووی دا که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌والّی دابوو،ئه‌وەبوو سه‌عد بوو به‌ پێشه‌وای سوپای ئیسلام و دەوڵه‌تی فارسه‌کانی له‌ناوبردو بووبه‌هۆی ئه‌وەی که‌چه‌ندین تیرەو ئه‌ته‌وەی زۆڕ موسڵمان ببن،به‌ڕاستی ئه‌و موعجیزانه‌ موعجیزەی ئه‌وەنده‌ گه‌ورەن که‌به‌قه‌د تۆزقاڵێك گومان ودوودڵی ناهێڵن له‌ناو دڵه‌کاندا و وەك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام دەسه‌ڵێنن،هه‌زاران دروود بۆ گیانی پاکی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌داره‌ (ﷺ).

موعجیزەی (٣٦) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)له‌باره‌ی ئه‌و قسه‌ نهێنییه‌ی که‌ئه‌بو سوفیان به‌هاوسه‌ره‌که‌ی ووت:

ئه‌و ڕۆژەی کوموسڵمانه‌کان فه‌تحی شاری مه‌ککه‌یان کرد ،که‌یه‌کەم شەوبان به‌سه‌ردا هات تا ڕۆژ بووبه‌وه‌ هه‌ر خه‌ریکی ته‌هلیل و ته‌کبیرو ته‌وافی که‌عبه‌ بوون،ئه‌و شەوه‌ ئه‌بوسوفیان به‌ هیندی هاوسه‌ری ووت:ئایا ئه‌مه‌ له‌خواوه‌ دەزانیت ؟ئه‌ویش ووتی:به‌ڵێ ،ئه‌مه‌ له‌خواوەیه‌،که‌ئه‌بو سوفیان ڕۆژی لێ بووبه‌وه‌ و چووه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:﴿قلت اهند أترى هذا من الله﴾ واته‌: تۆبه‌هێندت وت:ئایا ئه‌مه‌ له‌خواوه‌ دەزانیت ؟ ئه‌ویش ووتی:به‌ڵێ ئه‌مه‌ له‌خواوەیه‌ ،ئه‌بوسوفیان وتی:شاهێدی دەدەم که‌تۆ به‌ندەو پێغه‌مبه‌ری خوایت،به‌و که‌سه‌ی که‌سوێندی پێ دەخورێ ئه‌و ووته‌یه‌ی من جگه‌ له‌هیند تاقه‌ که‌سێکی تر نه‌ی بیستووه [٣٥]

---

[٣٥] ژیانی نازیزمان (صلى الله عليه وسلم) به‌رگی دووەم لاپه‌ره‌ ٥٥٦

موعجیزەی (٣٧) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەمانەوەی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام لەسەر ئیسلام تامردن:

قەیسی کوڕی عەببادە دەڵێ:لەمزگەوتی مەدینە دانیشتبووم ، پیاوێك هاتە ژوورەوە نیشانەی خشوع لەسەر دەموو چاوی بوو،خەڵکی وتیان: ئەم پیاوە لەئەهلی بەهەشتە ، پیاوەکە دوو رکات نوێژی سوننەتی کرد بەخێرایی و چووە دەرەوە،منیش شوێنی کەوتم پێم وت:تۆ کەهاتیتە ناو مزگەوتەوە وتیان:ئەم پیاوە لەئەهلی بەهەشتە ئەویش وتی:بەخوا نابێ کەسێ شتێك بڵێ کەنەیزانی،ئێستا پێت دەڵێم ئەوە لەچی یەوە هاتووە ؟من خەوێکم دی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بۆم گێڕایەوە،لەخەومدا لەباخێکی گەورە خۆش دابووم،لەناوەڕاستیدا عەمووديێکی ئاسن هەبوو،کەلەخوارەوەی زەویدا چەقا بوو،سەرەوەشی لەئاسماندا بوو ،لەسەرەوەی قوڵفێکی پێوەبوو پێم ووترا پیایدا سەرکەوە،وتم: ناتوانم،خزمەتکارێك هات و لەپشتەوە جلەکانی بۆکوکردمەوەو یارمەتی دام سەرکەوتم ودەستم گرت بەقوڵفەکەوە،دەستم بەقوڵفەکەوە بوو خەبەرم بووەوە،کەئەمەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە فەرمووی:ئەو باخە ئیسلامەو ئەو عەمووديەش عەمووديی ئیسلامە ئەو قوڵفە(عروە) یە (عروة الوثقى) یە تۆ لەسەر ئیسلام دەبیت تادەمریت ئەو پیاوە عەبدوواڵای کوڕی سەلام بوو. [٣٦] ئەم هەواڵەش هاتەدی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام سی و سێ ساڵ دوای پێغەمبەر (ﷺ) ژیاو بەموسڵمانی لە مەدینە وەفاتی کرد لەساڵی چل و سێ ی کۆچیدا. بەڕاستی ئەو هەوالانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن کەبەقەدتۆزقاڵێك گومان ودوودڵی ناهێڵن لەناو دڵەکاندا وەوەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەسەلێنن هەزاران درود بۆگیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایە بەرزەی ئیسلام (ﷺ) .

---

[٣٦] (صحيح رواه البخاري ومسلم)

موعجیزه‌ی (٣٨) هه‌والّدانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌ماوه‌ی خه‌لافه‌تی ڕاشدین:

پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌فه‌رموویێت:﴿خلافة النبوة ثلاثون سنة ثم يؤتي الله الملك أو ملكه من يشاء﴾[٣٧] واته: خه‌لافه‌تی نه‌بوه‌ت سی ساڵه‌و پاشان خوای گه‌وره‌ موڵکه‌که‌ی ده‌دات به‌هه‌رکه‌سێك بیه‌وێت،ئه‌وه‌ش هه‌رومك هه‌والّه‌کانی تر به‌ته‌واوی هاته‌دی،خه‌لافه‌تی ئه‌بوبه‌کر(خوا لێی ڕازی بێ) له‌ساڵی یازده‌ی کۆچی یه‌وه‌ ده‌ستی پێکرد تا ساڵی چلی کۆچی که‌حه‌سه‌نی کوڕی عه‌لی (خوا لێی رازی بێ) وازی هێنا له‌خه‌لافه‌ت بۆ معاویه‌ ساڵه‌کانی حوکمرانی خه‌لیفه‌کانی ڕاشیدین به‌م جۆره‌ بوو:

یه‌که‌م:ئه‌بوبه‌کر (خوا لێی رازی بێ) دووساڵو سێ مانگ و ده‌ ڕۆژ.

دووه‌م:عومه‌ر (خوا لێی رازی بێ) ده‌ساڵ و شه‌ش مانگ و هه‌شت ڕۆژ.

سێ یه‌م:عوسمان (خوا لێی رازی بێ) یازده‌ساڵ و یازده‌ مانگ و نۆ ڕۆژ.

چواره‌م:عه‌لی (خوا لێی رازی بێ) چوار ساڵ و نۆ مانگ و حه‌وت ڕۆژ.

حه‌سه‌ن (خوا لێی رازی بێ) نزیکه‌ی شه‌شه مانگ و ده‌کاته‌ (٢٧) ساڵ و(٣٥) مانگ و (٣٤) ڕۆژ که‌به‌وه‌ش ده‌کاته‌ سی ساڵ وچوار پێنج ڕۆژ که‌ئه‌وه‌ش ڕه‌نگه‌ ته‌داخلی ڕۆژه‌کان بێت،به‌راستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه‌ هه‌زاران درود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (ﷺ).

---

[٣٧] (حديث حسن رواه أبوداود)

موعجیزه‌ی (٣٩) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی نامه‌که‌ی (حاطه بی کورِی أبو بلتعه) وه:

حاته‌بی کوڕی نه‌بو به‌لته‌عه نامه‌یه‌کی به‌نافره‌تێکدا نارد بۆکافره‌کانی مه‌ککه هه‌والّی نه‌وه‌ی تیادابوو که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌نیازه به‌رەو مه‌ککه بکه‌وێته ڕێ ونازادی بکات، به‌لاّم خوای گه‌وره به وه‌حی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی خۆی له‌و پلانه ئاگادار کرده‌وه، عه‌لی کوڕی نه‌بو تالیب (خوا لیی رازی بی) ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) من و زووبه‌یرو میقدادی ناردو فه‌رمووی:بڕۆن تادەگه‌نه باخچه‌ی خاخ ،نافره‌تێکی لێ یه له‌که‌ژاوه‌یه‌کدا،نامه‌یه‌کی پێ یه لێی بستێنن،به‌سواری ئه‌سپه‌کانمان به‌په‌له ڕۆیشتین تاگه‌یشتینه باخچه‌که،نافره‌ته‌که له‌که‌ژاوه‌که‌دا له‌وێ بوو،ووتمان نامه‌که ده ربێنه،وتی:هیچ نامه‌یه‌کم پێ نی یه، پێمان وت:نامه‌که دەردێنی یان جله‌کانت ده‌پشکنین ،

له‌ناو پۆشینه‌که‌یدا دەری هێنا هێنامانه‌وه بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) تیایدا نووسرابوو له‌حاته‌بی کوری ئه‌بی به‌لته‌حه‌وه بۆکه‌سانێك له‌موشریکانی مه‌ککه هه‌والیان له‌باره‌ی هه‌ندی کاروباری پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دەداتێ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی ئه‌مه چی یه حاته‌ب ؟وتی پەله‌م لێ مه‌که ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ،من پیاوێکم له‌ناو قوره‌یشدا بووم و له‌وانیش نیم،هه‌رکه‌ست له‌گه‌ڵدایه له هاوه‌ڵان له‌مه‌ککه خزمایه‌تی یه‌کی له‌گه‌ڵیان هه‌یه که‌س وکاری سامانی بۆ بپارێزێت،من که‌خزمایه‌تیم نه‌بوو له‌ناویاندا ،ویستم چاکه‌یه‌کیان له‌گه‌ڵدا بکه‌م تاکو که‌سه‌کانم بپارێزن،ئه‌وەم له‌بێباوەری یان په‌شیمان بوونه‌وه له‌ئایینه‌که‌م نه‌کردووه، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:ئه‌و ڕاستدەکات له‌گه‌ڵتان ،عومه‌ر خوا لێی رازی بێ وتی: لێمگه‌ڕی ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا بابدەم له‌گه‌ردنی،فه‌رمووی:ئاخر ئه‌و هاوبه‌شی به‌دری کردووه ،تۆ چووزانی؟ به‌ڵکو خوای گه‌ورەو بالاّدەست ته‌ماشای ئه‌هلی به‌دری کردبێت و فه‌رموویبێتی:چی دەکه‌ن بیکه‌ن،من چاوپۆشیم لێکردوون،راوبیه‌که ده‌ڵێت:ئایه‌تی:﴿ يا أَيُّها

الَّذِينَ آمَنُوا لا تَتَّخذوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ﴾ واته‌ :ئه‌ی باوه‌رداران دوژمنی من و خۆتان به‌دۆست مه‌گرن دەربارەی ئەو هاتووەته‌ خوارەوە.[٣٨]

موعجیزه‌ی (٤٠) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌وه‌ی که‌ (ئابتی کوری قیس)شه‌هید ده‌بێ:

کاتێك ئەوئایەتە هاتە خوارەوە لەسوورەتی الحجرات کەدەفەرمووێ:﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرْفَعُوٓاْ أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُواْ لَهُ ۥ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ﴾ الحجرات (٢) واتە : ئەی ئەوانەی باوەرتان هێناوە دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەرز مەکەنەوەلەکاتی گفتوگۆدا ،هەروەك چۆن بەدەنگی بەرز قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن،ئەوەکو کردەوەتان پووچ بێتەوەو هەستیشی پێنەکەن،کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی بۆهاوەڵان خوێندەوە ماوەیەك ئابیتی کوری قەیسی نەبینی وئەحوالی پرسی هاوەڵێك ووتی:من هەواڵیت بۆدەپرسم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ پرسیاری کرد بۆی دەرکەوت لەماڵ ئایەتە دەرەوە ،کەچووبۆلایی و ئەحوالی پرسی ،لەوەڵامدا ووتی:من حاڵم باشم نی یەو دەنگم بەرزکردۆتەوە لەسەر پێغەمبەرداو کاروکردەوەم پووچ بۆتەوەو لەئەهلی دۆزەخم،کاتێ ئەوقسەیەیان گەیاندەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:بڕۆن مژدەی بدەنێ ،کەئەهلی دۆزەخ نی یە بەڵکو ئەهلی بەهەشتە.[٣٩]

---

[٣٨] بوختەی صەحیحی بوخاری لاپە ڕە (٩٠٠)

[٣٩] أخرجه البخاری کتاب التفسیر)

هەروەها بەیهەقی و حاکمیش بەسەنەدی صەحیح ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەثابیتی فەرموو:﴿**یا ثابت الا ترضی أن تعیش حمیداً وتقتل شهیداً وتدخل الجنة**﴾واتە:ئەی ثابت بۆ حەزناکەی کەبەسەربەرزی و سوپاس کراوی بژیت وبەشەهیدی سەر بنێیتەوەو بچیتە بەهەشتەوە ؟ثابت ووتی: بەڵێ حەزدەکەم ،جەنگی یەمامە زۆر نارەحەت و قورس بوو موسڵمانان لەسەرەتاوە حاڵیان باش نەبوو ، ثابت کەنەوەی دی وتی: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) ئاوا نەدەجەنگاین،ئێوە خراپ هاوەڵەکانتان ڕاهێناوە،خوایە من بەریم لەوەی کەئەو بڕوادارانە دەیکەن،ئینجا زۆر قارەمانانە جەنگا هەتا شەهید بوو....

موعجیزەی (٤١) پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنگ و باسی غەزای مونتە بۆ یەعلای کوڕی ئومییە باس دەکات:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەڵایەن خوای پەروەردگارەوە ئاگاداری ئەو جەنگە ناهەمواریەی مونتە کرا ،خوای گەورە ڕەزامەندی نواند تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمەدینەوە سەیری جەنگی مونتە بکات و ئاگارداری شەهیدبوونی هەرسێ فەرماندەکەو ئالاهەڵگرتنی خالیدبن وئەوەش یەکێکە لەموعجیزە گەورە بەناوبانگەکانی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ)،بوخاری لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتی ئەوەی کردووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرلەوەی هەواڵی بۆ بێت باسی شەهیدبوونی زەیدو جەعفەرو کوڕی ڕەواحەی بۆ خەڵکەکە کردووە کەفەرمووی:﴿**أخذ الراية زيد فأصيب ،ثم أخذها جعفر فأصيب ،ثم أخذها إبن رواحة فأصيب – وعيناه تذرفان حتى أخذ الراية سيف من سيوف الله حتى فتح الله عليهم**﴾لەریوایەتەکەی بەیهەقی دا کەئاوی هەرسێ فەرماندەکە

دەبات کەشەهید بوون، لەخوای گەورە داوای لێ خۆش بوونیان بۆ دەکەت، دەربارەی خالیدیش دەفەرموێت:﴿اللهم إنه سيف من سيوفك أنت تنصره﴾ ئیتر لەوکاتەوە خالید ناونرا ﴿سيف الله﴾واقیدیش دەڵێت:موحەممەدی کوڕی صالح لەعاصیمی کوری عومەری کوڕی قەتادەوەو عەبدولجەباری کوری عومارەی کوڕی عەبدوللای کوڕی نەبوبەکر بۆیان گێڕامەوە و وتیان:کەخەڵکەکە لەمونتە بەیەك گەیشتن پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر مینبەر دانیشت ونیشانی خۆی و شامی بۆ دەرخرا وسەیری خەڵکەکەی دەرکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿اخذ الراية زيد بن حارثة ،فجاءه الشيطان فحبب اليه الحياة وكره الموت،وحبب اليه الدنيا فقال:الآن حين استحكم الأيمان فى قلوب المؤمنين تحبب إلى الدنيا﴾واتە :فەرمووی:زەید ئالاکەی هەڵگرت شەیتان هاتە لای وڕیانی بەلایەوە خۆشەویست کردو مردنی بەلاوە ناشرین کردوو دنیای بەلاوە خۆشەویست کرد ،ئەویش وتی:ئێستا دێیتە لام ودنیام بەلاوە خۆشەویست دەکەی،کاتێك کەئیمان لەدڵی ئیمانداران داریشکی داکوتاوە بەرەو پێشەوە ڕۆیی و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەرکردو فەرمووی:﴿إستغفروا له فقد دخل الجنة وهو يسعى،ثم أخذ الراية جعفر بن أبي طالب فجاءه الشيطان فعناه الحياة وكره إليه الموت ومناه الدنيا فقال:الأن حين استحكم الإيمان في قلوب المؤمنين تمنيني الدنيا ﴾واتە :فەرمووی داوای لێخۆش بوون بۆ زەیدبکەن ئەو بەهەڵمەتەوە چووە بەهەشت، پاشان جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب ئالاکەی هەڵگرت وشەیتان هاتە لای وڕیان و دنیای بەلاوە خۆشەویست کردو مردنیشی لەلا ناشرین کرد،ئەویش ووتی:ئێستا دڵم بەدنیا خۆش دەکەیەت، کاتێك کەئیمان لەدڵی ئیمانداران داڕیشکی داکوتاوە ،بەرەو پێشەوە ڕۆیی هەتا

شه‌هید بوو، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نوێژی له‌سه‌ر کردو بۆشی پارایه‌وه‌و پاشان فه‌رمووی:﴿إستغفروا لأخيكم فإنه شهيد دخل الجنة،فهو يطير في الجنة بجنا حين من ياقوت حيث يشاء من الجنة، ثم أخذ الراية بعده عبدالله بن رواحة فا ستشهد ودخل الجنة معترضاً﴾ واته:فه‌رمووی:داوای لێخۆش بوون بۆ براکه‌تان بکه‌ن ،ئه‌و شه‌هیدمو چوێته به‌هه‌شت،ئه‌و به‌دووبالی له‌یاقوت دروستکراوه‌وه بۆ هه‌ر شوێنێکی به‌هه‌شت بیه‌وێ ده‌فڕێت، پاشان دوای ئه‌و عه‌بدوللای کوری ڕه‌واحه ئالاکه‌ی هه‌لگرت وشه‌هیدبووو به ئیمتڕازه‌وه چووه به‌هه‌شته‌وه.

ئه‌نصاره‌کان ئه‌وه‌یان به‌لاوه گران بوو،پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:﴿**أصابة الجراح**﴾ واته:له‌چه‌ندین لاوه زامدار بووبوو وترا:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ئیمتڕاضی چی بوو ؟ فه‌رمووی:﴿ **ما أصابته الجراح نكل فعاتب نفسه فشحح،فستشهد فدخل الجنة** ﴾فه‌رمووی:کاتێك که‌زامدار بوو ساردبوویه‌وه‌و ئه‌ویش لوٕمه‌ی ده‌روونی خوٕی کردو غیرەتی به‌به‌ردا هات وشه‌هیدبووو چووه به‌هه‌شته‌وه،ڕاوی ده‌ڵێت:به‌وه خه‌فه‌تی خزمه‌کانی ڕه‌ویه‌وه،له‌ڕیوایه‌ته‌که‌ی ئیبن نسحاقدا وه‌ها هاتوه که کاتێ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دێته سه‌ریاسی عه‌بدوللای کوڕی ڕه‌واحه ماوه‌یه‌ك بێ ده‌نگ ده‌بێ،به‌راده‌یه‌ك که‌ڕه‌نگی ده‌م وچاوی ئه‌نصاره‌کان ده‌گۆڕێ و وه‌هایان به‌بیردا دێت که عه‌بدوللا شتێکی خراپی نه‌نجامدابێ پاشان فه‌رمووی:﴿**ثم أخذها عبدالله بن رواحة فقاتل بها حتى قتل شهيداً**﴾واته فه‌رمووی:پاشان عه‌بدوللا ئالاکه‌ی هه‌لگرت وپێیه‌وه خه‌ریکی کوشتار بوو هه‌تا شه‌هید کرا، پاشان فه‌رمووی:

﴿**لقد رفعوا الى الجنة فما يرى الفائم،على سرر من زهب ،فرأيت في سرير عبدالله بن رواحة اِز وراراً عن سريري**

صاحبيه،فقلت:عمَّ هذا ؟ فقيل لي:مضيا وتردد،ثم مضى﴾

واته:فه‌رمووی به‌شێوه‌ی که‌سێك که خه‌و ببینێ له‌به‌هه‌شتدا،به‌سه‌ر قه‌ڕه‌وێله‌ی زێڕه‌وه پیشانم دران،دەبینم قه‌ڕه‌وێله‌که‌ی عه‌بدوللاّ به‌چاو هه‌ردوو قه‌ڕه‌وێله‌که‌ی تردا خوارببوونه‌وه‌یه‌کی تیادایه وتم: ئه‌مه بۆچی وه‌هایه؟پێمیان فه‌رموو:ئه‌وان هه‌ردووکیان چوونه پێشه‌وه ،به‌ڵام عه‌بدوللاّ دوودڵیه‌کی کرد پاشان چووه پێشه‌وه،له‌کتێبی ﴿اصابه﴾ی ئیبن حه‌جه‌ریشدا هاتووه که‌ئیبن عه‌بباس خوا لێیان ڕازی بێت ووتوویه‌تی:له‌کاتێکدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دانیشتبوو و ئه‌سمائی کچی عومه‌یس هاوسه‌ری جه‌عفه‌ر له‌نزیکیدا دانیشتبوو ،فه‌رموو:﴿**يا اسماء هذا جعفر بن ابي طالب قد مرمع جبريل وميكائيل فردي عليه السلام** ﴾واته:فه‌رموو ئه‌سما ئه‌وه جه‌عفه‌ره له‌گەڵ جبریل و میکائیل تێ په‌ڕین،تۆش وه‌ڵامی سه‌ڵامه‌که‌ی بده‌ره‌وه هه‌روه‌ها فه‌رموو:﴿**فعوضه الله من يديه جناحين يطير بها حيث يشاء**﴾ واته:خوای گه‌وره له‌بری دووده‌سته‌که‌ی دووبالی پێ به‌خشیوه بۆهه‌ر کوێ بیه‌وێ پێی ده‌فڕێ،یه‌علای کوری ئومه‌ییه‌ش به‌هه‌والی جه‌نگی مونته‌وه دێته خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئه‌ویش پێی ده‌فه‌رموێ :﴿**إن شئت فأخبرني،وإن شئت أخبرك**﴾ واته: فه‌رموو ئه‌گه‌ر پێت خۆشه تۆ هه‌والم پێ بده‌ره‌وه ئه‌گه‌ر پێت خۆشه من هه‌والێ به‌تۆده‌دەم،وتی:تۆ هه‌والم بده‌ڕێ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ،ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌والی موسڵمانه‌کانی هه‌رهه‌موو بۆگێڕانه‌وه‌و وه‌صفیشی کرد بۆیان،یه‌علای کوری ئومه‌ییه وتی:به‌وخوایه‌ی به‌دینی حه‌ق ڕه‌وانه‌ی کردووی پێتێك له‌باسه‌که‌ی ئه‌وانت به‌جێ نه‌هێشتووه‌و کاری موسڵمانانیش هه‌روایه که‌باست کرد،ئه‌ویش فه‌رموو:﴿**إن الله رفع لي الأرض حتى رأيت معركتهم**﴾ واته: فه‌رموو:خوای گه‌وره زه‌وی ئه‌وه‌نده به‌رزکرده‌وه بۆم هه‌تا شوێنی جه‌نگه‌که‌یانم

بینی، اللە اکبر لەو موعجیزە گەورەو بەناوبانگە بەڕاستی نەوانە موعجیزەی نەوەندە گەورەن کەبەقەدتۆزقانێك گومان و دوودڵی ناهێڵن لەناودڵەکاندا و وەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەسەلمێنن.بەراستی موعجیزە بەڵگەیەکی ئێجگار گەورەو شتێکی هەرە سەرەکی یە بۆ ڕێنمایی مرۆڤ بەرەو ڕاستە ڕێگای ژیان و مایەی بەخشینی ئارامی و دڵنیایی یە بەدڵ و دەروون، سوپاس بۆخوای گەورەو پەروەردگار وەدروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری پایەداری ئیسلام (ﷺ)...

موعجیزەی (٤٢) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەعەدی کۆڕی حاتەم لەبارەی سێ ڕووداوی گەورە:

عەدی کوری حاتەم دەڵێ:باوەڕناکەم لەناو عەرەبدا هیچ پیاوێك هەبووبێت نەوەندەی من ڕقی لە پێغەمبەر(ﷺ) بووبێت،دەڵێ من پیاوماقوڵێکی ناو خێڵەکەی خۆم بووم و گاور بووم،نەوەندەیان ڕێزلێ دەگرتم کردبوویانمە سەرۆکی خۆیان و چواریەکی مەڕو ماڵاتی خۆیان دەدامێ ، عەدی دەڵێت:کەهەواڵی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست و ڕقم لێی بوو،خزمەت گوزارێکی عەرەبیم هەبوو کەووشتری بۆم بەخێو دەکرد پێم وت:ماڵت کاول بێ لەناو ووشترەکانم کۆمەڵە ووشترێکی تیژڕەو و قەڵەوم بۆ جیابکەرەوە و لەنزیکمدا بیانبەستەرەوە ،جانەگەر بیستت سوپای موحەمەد ڕووی لەم ناوە کردووە ئەوا ئاگادارم بکە،ئەوەبوو نیوەڕۆیەکیان هاتە لام و وتی:ئەی عەدی هەرکارێك نیازت بوو بی کەی ئەگەر سوارچاکانی موحەمەد دایان بەسەرتدا نێستە بیکە،چونکە من چەند ئالأیەکەم بینین و دەربارەیان پرسیارم کردو ووتیان:ئەمە سوپای موحەمەدە،دەڵێ وتم: دەی ووشترەکان بێنە پێشەوە ئەویش هێنانیە پێشەوە ئەوە بوو کەسو کارو ماڵ و منداڵم سوارکردن،پاشان

وتم :خۆم دەگەیەنمە نەصارا هاو دینەکانم لەشام ،رێگەی جەوشەبەم گرتە بەرو لەشوێنی خۆمان کچێکی حاتەم بەجێ هێشت،سوپای ئیسلام هێرشی کردە سەر طه ی و خەڵکێکی زۆر بەدیل گیرا،بەتاییەت سەفانەی خوشکی عەدی،ئەویش هێنرایەوە مەدینەو پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەوالی عەدی دەزانی کەبەرەو شام هەڵاتووەو خوشکەکەشی لەگەڵ ئافرەتە دیلەکاندا لەژوورێکی نزیك دەرگای مزگەوتدا بەند دەکرێن،کاتێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێپەڕی سەفانە کەئافرەتێکی ژیری سەلیقەدار بوو هەستاو ووتی :ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم کۆچی دوایی کردوو خاوەنەکەشم دیار نی یە،چاکەم لەگەڵدا بکەو ئازادم بکە خوا چاکەت بۆ بکات،فەرمووی: ومن و ا فد ك ؟ واتە :خاوەنەکەت کێ یە؟ ووتی عەدی کوڕی حاتەم ،فەرمووی: ﴿الفار من الله ورسوله﴾؟ واتە ئەوەی کەلەبەر خواو پێغەمبەرمکەی هەڵاتووە؟ ئیتر بەجێی نەهێڵێ،بۆ سبەینی ٍ بەهەمان شێوە لەبەردەمیا دەوەستێ وهەمان ووتوونژ ڕووەداتەوەو بەجێی نەهێڵێ،بۆ دوو سبەی سەفانە دەست لەتکا کردن دەشوا،بەڵام پیاوێك لەدوای پێغەمبەرەوە ئامادەی بۆدەکات هەتا قسە بکات،ئیتر هەڵدەستێت و دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوکم کۆچی دوایی کردوو خاوەنەکەشم دیار نی یە، چاکەم لەگەڵدا بکەو ئازادم بکە خوا چاکەت بۆ بکات،فەرمووی:﴿قد فعلت ،فلا تعجلي بخروج حتى تجدي من قومك من يكون لك ثقة،حتى يبلغك إلى بلادك،ثم أذنيني﴾ فەرمووی: باشە بەڵام پەلە مەکە بۆدەرچوون هەتا خزمێکی متمانە پێکراوت دەست دەکەوێ وبتگەیەنێتە وواڵاتی خۆت،ئەوسا ئاگادارم بکە.سەفانە پرسیاری ئەو کەسە دەکات کە ئامادەی بۆ دەکات،دەڵێن عەدی کوڕی ئەبو تالیب بووە ،دوای ماوەیەك کەس و کارو ناسراوانی پەیدا دەبن و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاگادار دەکات وکە پیاوی متمانە پێکراوی دەست کەوتوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پۆشتەی دەکات و ووڵاغی بۆ سواربوون دەداتێ وپارەی بۆ مەسرەف دەداتێ ولەگەڵ پیاوە ناسراوەکان

دێت هەتا ئەگاتە شام، لەکاتێکدا کەعەدی لەناو مالّ ومندالّی دانیشتبوو، سەیردەکات وا نافرەتێك لەناو کەژاوەیەکدا بەرەو لای ئەوان هات، دەڵێن کچەکەی حاتیمە، سەیردەکات دەبینێ ئەوە، کەدەگاتە بەرەوە دست بەگلەیی و لۆمەی عەدی دەکات ودەڵێت: هەی ڕەحم بڕی ستەمکار ژن و مالّ ومنالّەکەی خۆت ڕزگار کردو شەرەف و ناموسی باوکتت بەجێ هێشت، وتی: خوشکە گیان من کردم تۆ نەکەی، ماوەیەك لای ئەبێت، ئەوسا لێی ئەپرسێ: ئەو پیاوەت چۆن دێتە بەرچاو؟ دەڵێت: بەخوا من وای بەچاك دەزانم بەزووترین کات خۆت بگەیەنیتە لای، خۆ ئەگەر پێغەمبەر بێت ئەوا هەرکەس زووتر دوای بکەوێ فەزڵ و پایەی زیاتر دەست دەکەوێ ،ئەگەر پادشایش بێت پیاوی وەك تۆ هەرگیز بەلایەوە بێ ناز نابێت، دەڵێت: بەخوا ئەم بۆچوونە ڕاستە، عەدی بەرەو مەدینە دەکەوێتە ڕێ وخۆی ئەگەیەنێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتێکدا کەلە مزگەوت دادەبێ و سەلامی لێ ئەکات ونەویش دەپرسێ کەئەم پیاوە کێ یە؟ دەڵێت: عەدی کوڕی حاتیمە، بۆ زیادە ڕێزگرتن لەعەدی دەیباتەوە مالّەوە، لەڕێگا پیرەژنێکی لاواز ڕێ بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەگرێت و ماوەیەکی زۆر ئەی وەستێنێ وپاسی پێویستی خۆی دەکات بۆی، عەدی لەدڵی خۆیدا دەڵێت: بەخوا ئەمە پادشانی یە، پاشان پێکەوە چوونەوە بۆ مالّەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمالّەوە تەنها پشتییەکیان هەبوو کەلەچەرم دروستکرابوو بەڕیشاڵیش پڕکرابووەوە، دای نا بۆ عەدی تالەسەری دابنیشێ وفەرمووی: ﴿إجلس على هذه﴾ دەڵێت: بەڵکو تۆ لەسەری دابنیشە، فەرمووی: بەڵکو تۆ لەسەری دانیشە، ئیتر عەدی لەسەری دانەنیشێ و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خۆی لەسەر ئەرزەکە دانەنیشێ ودیسان عەدی بەخۆی دەڵێ: بەخوا ئەمە کاری پادشا نی یە، لەڕیوایەتێکدا عەدی دەڵێ: شایەتی دەدەم کەتۆ بەرزی ودەسەلاّت و خراپکاری سەرزەویت ناوێت کەهاوەڵان بینیان پشتی یەکەی بەعەدی داو خۆی نەسەر زەویەکە دانیشت وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوەی بەتۆوە دیمان تانێستا

بەکەسمانەوە نەدیوە،فەرمووی:﴿هذا كريم قوم ،فإذا أتاكم كريم قوم فاكرموه﴾واتە:عەدی سەردارو پایەداری کۆمەڵێکە،هەرکە گەورەی کۆمەڵێك هاتە لاتان رێزی لێبگرن، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿أيه يا عدي إبن حاتم،الم تكون ركوسيا﴾

واتە:ئەی عەدی ئایا تۆ لەسەر دینی رەکووسی نەبوویت؟رکووسی:دینێك بووە لەناو نەصاراو صابیئەدا نەویش دەڵێ:بەڵێ:نە پرسێ:﴿أولم تكن تسير في قومك بالمرباع﴾ دەفەرمووێ: ئەی تۆ چواریەکی دەستکەوتەکانی قەومەکەت نەدەبرد بۆخۆت؟ئەویش دەڵێ :بەڵێ ،دەفەرمووێ:﴿فإن ذلك لم يكن يحل لك في دينك﴾ واتە:ئەوە لەدینەکەتدا بۆت حەلاڵ نەبوو.دەڵێت:ئەرێ بەخوا،ئیتر بەمە بۆعەدی ساغ دەبێتەوە کە پێغەمبەرمو ئەوەی خەڵك ئای زانێ ئەو دەیزانێ...پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿لعلك ياعدي يمنعك من دخول في هذا الدين ماترى من حاجتهم ،فوالله ليوشكن المال أن يفيض فيهم فلا يوجد من يأخذه،ولعلك إنما يمنعك من دخول فيه ماترى من كثرة عدوهم وقلة عددهم،فوالله ليوشكن أن تسمع بالمرأة تخرج من القادسية على بعيرها حتى تزور هذا البيت لا تخاف،ولعلك إنما يمنعك من دخول فيه أنك ترى أن الملك والسلطان في غيرهم،وأيم الله ليوشكن أن تسمع بالقصور البيض من أرض بابل قد فتحت عليهم﴾واتە:ئەی عەدی ئەو دەست کورتی یەی کەبەموسڵمانەکانەوە ئەیبینی لەموسڵمان بوون قەدەغەت بکات،دەبەخوا هاکا سامان لەناویاندا ئەوەندە زور بوو کەکەس وەری نەگرێ،لەوانەشە ئەو زۆریەی دوژمنان و کەمی یەی موسڵمانان کەئەیبینی لەموسڵمان بوون قەدەغەت

بکات،دەبەخوا هاکا بەرگوێت کەوت وەنافرەتێك لەقادسیەوە بەتەنیا سواری ووشترەکەی بێت وبێت زیارەتی مالی خوا بکات و لەهیچ نەترسێ،لەوانەشە کەنەبینی وا موڵك و دسەلآت لەدەستی غەیری موسڵمانان دایە لەموسڵمان بوونەکەت قەدەغەت بکات،دەبەخوا هاکا بیستت کۆشکە سپی یەکانی بابل بەدەستی موسڵمانان فەتح کراون،ئیتر عەدی موسڵمان دەبێت لەڕیوایەتی ئیبن جەریردا هاتووە کە عەدی دەڵێ:هاتمە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و خاچێکی زێڕین لەملم دابوو،فەرمووی: ﴿**یاعدي:أطرح هذا الوثن من عنقك**﴾واتە :ئەی عەدی ئەو بتە لەملتدا فڕێدەو منیش فڕێم داکەگەیشتمە لای سورەتی (**برأءة**) قورئانی ئەخوێند،ئەوە بوو ئایەتی﴿**أتخذوا احبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله**﴾ ی دەخوێند منیش وتم:ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە قەشەکان ناپەرستین،فەرمووی:﴿ **أليس يحرمون ما أحل الله فتحرمونه ويحلون ماحرم الله فتحلونه؟**﴾واتە: ئەی شتێ کەخوا حەلآلی کردبێ ئەوان حەرامی ناکەن و ئێوەش حەرامی بکەن وشتێکیش کەخوا حەرامی کردبێت ئەوان حەلآلی ناکەن و ئێوەش حەلآلی بکەن؟ دەڵێ:وتم :بەڵێ،فەرمووی:﴿**فتلك عبادتهم**﴾واتە :فەرمووی: دەی ئەوە پەرستنیانە لەڕیوایەتێکی تردا بەڵێنی دەست خستنی گەنج وگەوهەرو زێڕو زیوی کیسرای کوڕی هورمزی پێ دا لەلایەن موسڵمانەکانەوە ،عەدیش بەسەرسوڕمانەوە دەپرسێ:کیسرای کوڕی هورمز؟دەفەرمووێ:کیسرای کوڕی هورموز سێ جار ئەوەی فەرموو:

فەرمووی: ﴿**وليوشكن أن يبتغي من يقبل ما له منه صدقة فلا يجد**﴾ واتە:هاکا ڕۆژێ هات کابرا بگەڕی بەدوای کەسێکا زەکاتەکەی لێوەربگرێ کەچی

دەستی نەکەوێ، جا عەدی دەری دەبڕێ کەلەوسێ بەڵێنە ،بەڵێنی هاتنی ئافرەت لەحیرەوە یان قادسیەوە بەتەنیا بۆ حەج ودەستکەوتنی گەنج و گەوهەری کیسراو زۆر بوونی پارە کەهیچ کەس زەکات وەرنەگرێ دووانیان هاتوونەتە دی :ئافرەت بەتەنیا لەحیرەوە دەچێ بۆ حەج وعەدی بۆخۆشی لەگەڵ نەو نەسپ سوارانەدا بووە کەهێرشیان کردۆتە سەر مەدائینی پایتەختی ساسانی،دوای نەوە سوێند نەخوا کەسێ هەم بەڵێنیش دێتەدی ،چونکە فەرمایشتی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .[٤٠]

بەراستی موعجیزەیەکی گەورەیە :سەرنج بدە نەو عەدی کوری حاتەمە کەچەند رقی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوومو خۆی دوورە پەرێزگرتووە لەهاتنە ناو ئایینی ئیسلام بەڵام بەبینینی چەند موعجیزەیەك لەو پێغەمبەرە پایە بەرزە وەرچەرخانێکی گەورە لەژیانیدا ڕووی داو بەتەواوی دڵنیابوو کەنەو پێغەمبەرە بەڕاست و دروستی پێغەمبەری خوایە ،ئیمانی هێناو ڕێگەی سەرفرازی وبەختەوەری گرتەبەر،بەراستی پێویستە ئیمانداران نەو موعجیزە گەورەو ناودارانەی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) پێشکەش بەمرۆڤی سەرگەردان بکەن کەگەورەترین دیاری یەو مایە سەرفرازی دونیاو قیامەتە.

---

[٤٠] ژیانی ئازیزمان (صلى الله عليه وسلم) بەرگی دووەم -لاپەرە ٦٨١ - ٦٨٧

موعجیزه‌ی (٤٢) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)له‌باره‌ی ئه‌بوو زه‌ری غه‌ففاری که‌پێی فه‌رموو:به‌ته‌نهایی ده‌ڕۆیت و به‌ته‌نهایی ده‌مرێت و به‌ته‌نهاییش زیندوو ده‌کرێیته‌وه:

له‌ غه‌زای ته‌بووکدا هه‌ندێك ده‌یان ووت فلاکه‌س دواکه‌وت، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌ی فه‌رموو:وازی لێبێنن ئه‌گه‌ر خێری تیادابێت ئه‌وه پێتان ده‌گاته‌وه،وه‌ئه‌گه‌ر واش نه‌بێت ئه‌وه خوا له‌کوڵتانی کردۆته‌وه،ئه‌بو زه‌ر سواری ووشترێك ده‌بێت به‌ڵام که ووشتره‌که‌ی پەکی ده‌که‌وێ ،دێته‌خواره‌وه که‌ل و پەله‌که‌ی له‌سه‌ر پشتی داده‌نێ وبه‌دوای شوێنی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕێگا ده‌گرێته‌ به‌ر،وه‌پێغه‌مبه‌ری خواو هاوه‌ڵانی له‌شوێنێك داده‌به‌زن،یه‌کێك له‌موسڵمانان ته‌ماشاده‌کات و ده‌ڵێت:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ئه‌و پیاوه به‌ڕێگادا ده‌ڕوا به‌ته‌نها، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:ده‌ی ئه‌بو زه‌ڕبه،که‌خه‌ڵکه‌که لێی ووردبوونه‌وه وتیان به‌خوا ئه‌بوزه‌ره، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی: خوا ڕه‌حم به ئه‌بوزه‌ر بکات به‌ته‌نها به‌ڕێگادا ده‌ڕواو به‌ته‌نها ده‌مرێت وبه‌ته‌نهاش زیندوو ده‌کرێته‌وه.[٤١] ئه‌وه‌بوو ڕۆژگار تێپه‌ڕی و سه‌رده‌می خه‌لیفه عوسمان هاته‌ به‌ره‌وه هه‌ندێك ڕووداو ڕوویانداو ئه‌بوزه‌ڕیش ڕه‌وانه‌ی ڕه‌بزه کرا،که‌که‌وته‌ سه‌رمه‌رگ وهسیه‌تی بۆژنه‌که‌ی وخزمه‌تکاره‌که‌ی کردو ووتی:ئه‌گه‌ر مردم بمشۆن و که‌فه‌نم بکه‌ن، پاشان هه‌ڵمبگرن و له‌سه‌ر ڕێگاکه دام بنێن که‌یه‌کەم کاروان به‌ڵاتاندا تێپه‌ڕی بڵێن :ئه‌وه ئه‌بو زه‌ره که‌مرد، به‌وشێوه‌یان کرد، ئه‌وه بوو کاروانێك ده‌رکه‌وت وپێیان نه‌زانی تاخه‌ریك بوو ووڵاخه‌کانیان بنیشنه سه‌رجه‌نازه‌که‌ی، ده‌بینن وا عه‌بدوڵڵای کوری مه‌سعودو له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك خه‌ڵکی کوفه‌دا، پرسی ئه‌مه چی یه؟ووترا:جه‌نازه‌ی ئه‌بوزه‌ره، عه‌بدوڵڵای کوری مه‌سعود ده‌ستی به‌گریان کردو وتی: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)

---

[٤١] (زاد المعاد ص ٢٨١)

ڕاستی فەرموو:﴿يرحم الله أباذر،يمشي وحده،ويموت وحده،ويبعث وحده﴾ئیتر عەبدوللا دابەزی وخۆی سەروکاری کرد هەتا ناشتی،بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن هەواڵی دابوو ئاوا ڕاست و دروست هاتەدی،ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ودرووستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ).

موعجیزەی (٤٤) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ)بەوەی کە ئوکەیدەری پادشای (دوقه الجندل) لەکاتی ڕاوی گاکێویدا دەستگیر دەکرێت:

کاتێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خالیدی کوڕیوەلیدی نارد بۆجەنگکردن لەگەڵ ئوکەیدەری سەرۆکی (دوقه الجندل) پێ فەرموو:﴿إنك ستجده يصيد البقر﴾.[٤٢] واتە:کەدەگەیتە لای،دەبینیت خەریکی ڕاوی گاکێوی یە،هەروەها هەواڵی پێدا کە بەبێ هیچ بەرگری کردنێك دیلی دەکات و دەیهێنێت،کەخالید ڕۆیشت و گەیشتە نەوێ،بینی وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی دا خەریکی ڕاو بوو،یەکسەر دیلی کردو هێنای بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەلە بارەی ئەو پێغەمبەرەوە (ﷺ) لەقورئانەکەیدا فەرموویەتی:﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ﴾النجم (٣-٤) واتە: لەهەواو هەوەسەوە قسەناکات کەقورئان دەخوێنێت هەرچی دەیڵێ قورئانەو سروشت دەکرێ بۆی...

---

[٤٢] رواه أبو اسحاق و البيهقي ،بروانە :[الشفا ١ / ٣٤٤ ، زاد المعاد المحقق ٥ / ٥٦٨ ـ ٦٣٩)

موعجیزه‌ی (٤٥) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌وه‌ی که قوڕه‌یش دوای جه‌نگی ئه‌حزاب هێرش ناهێننه سه‌ر موسڵمانان:

بوخاری ده‌گێڕێته‌وه که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌جه‌نگی ئه‌حزابدا فه‌رمووی ئیتر ئێمه هێرش ده‌به‌ینه سه‌ریان وئه‌وان ناتوانن بێنه سه‌ر ئێمه﴿نغزوهم ولا يغزوننا﴾ئه‌وهه‌واڵه‌ش هه‌واڵێکی غه‌ییبیه‌و خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌رمکه‌ی خۆی له‌وه ئاگادارکردبوو،هه‌رواش ده‌رچوو، ئیبن حه‌جه‌ر ده‌ڵێ:ئه‌و فه‌رموودەیه به‌ڵگه‌یه‌که له‌به‌ڵگه‌کانی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چونکه پاش سااێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چوو بۆ عه‌مره بۆمه‌ککه‌و ڕێیان نێگرت وسوڵحی حودەیبیه هاته کایه‌وه،له‌سااێ دواتردا عه‌مره‌یان کرد،له پاش ئه‌وەش فه تحی مه‌ککه کراو به‌وەش دەوری قوڕه‌یش و مه‌ککه ته‌واو بوو له‌هاتنه سه‌ر مه‌دینه له پاش جه‌نگی ئه‌حزاب،به‌راستی موعجیزەیه‌کی گه‌وره‌یه هه‌زاران دروود بۆگیانی پاکی پێغه‌مبه‌ری ڕاستگۆی ئیسلام (ﷺ).

موعجیزه‌ی (٤٦) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌فه‌تحی مه‌دائین:

مسلم ڕیوایه‌تی کردووه که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی:﴿ **لتفتحن العصبة من المسلمين أو من المؤمنين كنوز كسرى التي في القصر الأبيض**﴾حدیث صحیح، واته :کۆمه‌ڵێ له‌بروادارن فه تحی مه‌دائین دەکه‌ن ودەست دەگرن به‌سه‌ر زێڕو زیوو موجه‌وهه‌راتی کیسرادا که‌له‌کۆشکی سپی دایه،ئه‌م هه‌واڵه‌ش هاته‌دی له‌سااێ شازده‌ی کۆچی دا،که‌سه‌عدی کوڕی ئه‌بی وەققاص فه تحی شاری مه‌دائینی کردو

فارسه‌کانی شکاندو کۆشکی سپی کیسراش هه‌رچی تیایدا بوو له‌سامان وزێڕو زیوو بووه غه‌نیمه‌تی موسڵمانان...

موعجیزه‌ی (٤٧) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ڕێکه‌وتنی حه‌سه‌ن و معاویه:

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌سه‌ر مینبه‌ر بوو، حه‌سه‌نیش له‌لایه‌وه بوو، جارێك سه‌یری خه‌ڵکه‌که‌ی کردو جارێکیش سه‌یری حه‌سه‌ن و فه‌رمووی:﴿**ابني هذا سيد ولعل الله أن يصلح بين فئتين من المسلمين**﴾ رواه البخاری،واته:ئه‌م کوڕه‌ی من سه‌یده‌و ڕه‌نگه خوا سوڵحی نێوان دوو ده‌سته‌ی گه‌وره‌ی موسڵمانانی پێبکات،ئه‌م هه‌واڵه‌ش ده‌قاو ده‌ق وه‌ك ڕوژی ڕووناك هاته‌دی له‌سائی چلی کۆچیدا،به‌وه‌ی که‌کاتێك پێشه‌وای ئیمانداران(عه‌لی کوری ئه‌بوتاڵیب)خوا لێی ڕازی بێت،شه‌هیدکراو پێشه‌وا حه‌سه‌ن(خوا لێی ڕازی بێت) هاته جێگای ئه‌و،ده‌ستی له‌خه‌لافه‌ت هه‌ڵگرت بۆ معاویه که‌کاربه‌ده‌ستی شام بوو،ئه‌و سائه‌ش ناونرا سائی یه‌ك ڕیزی موسڵمانان...

موعجیزه‌ی (٤٨) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به فه‌تحی ئیسلامی:

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی:زه‌مانێك دێت کۆمه‌ڵێکی زۆر له‌خه‌ڵکی غه‌زا ده‌که‌ن،ده‌ووترێت:هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌رتان تیادایه،ده‌ڵێن:به‌ڵێ،به‌هۆی ئه‌وه‌وه فه‌تح ده‌که‌ن و سه‌رده‌که‌ون،ئینجا زه‌مانێك دێت ده‌ووترێت که‌سێکتان تیدایه هاوه‌ڵیه‌تی هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ری کردبێت،ده‌ووترێت:به‌ڵێ،به‌هۆی ئه‌و که‌سه‌وه فه‌تحیان بۆده‌کرێت، ئینجا زه‌مانێك دێت ده‌ووترێت که‌سێکتان تیدایه هاوه‌ڵیه‌تی هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ری کردبێت

دەووترێت: بەڵێ، بەهۆی ئەو کەسەوە فە تحیان بۆدەکرێت،[٤٣] ئەم هەواڵەش دەقاودەق هاتە دی لە پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کەغەزاو بلاوکردنەوەی ئیسلام بەردەوام بوو، ئینجا لەجەنگەکاندا بەهۆی هاوەلانی پێغەمبەر(ﷺ) یان هاوەڵی هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) یان هاوەڵی هاوەلانی یارانی پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە یارمەتی دەدان و فە تحیان بۆدەکرا، کاتێك عەمری کوڕی عاص لەگەڵ (مقوقس) ڕووبەڕوو بووەوە لەمیسر، زۆر لەموسڵمانان شکان و خۆیان نەگرت، عەمر لۆمەی کردن وهانی دان لەسەر خۆڕاگری، ئینجا بانگی کردە یارانی پێغەمبەر (ﷺ) کەکۆبوونەوە پێی ووتن: پێشکەون خوا لەسەردەستی ئێوە سەرکەوتن دەدات بەموسڵمانان، ئەوانیش پیاوانە جەنگان وخوا سەرکەوتنی دانێ...

موعجیزەی (٤٩) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە فاتیمەی کچی یەکەم کەس دەبێت لەئاڵی بەیت لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی دەکات:

بەڕیوایەتی صەحیح چەسپاوە کە پێغەمبەر (ﷺ) بەفاتیمەی کچی ڕاگەیاندووە کەئەو﴿أول أهله لحوقاً به﴾.[٤٤] واتە: فاتیمە یەکەم کەس دەبێت لەئاڵی بەیت لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی دەکات، پاش تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) فاتیمە(خوا لێی ڕازی بێت) وەفاتی کرد.

---

[٤٣] أخرجه البخاري والمسلم

[٤٤] صحيح رواه البخاري ومسلم وأحمد والترمذي

موعجیزه‌ی(٥٠) هه‌واڵدان له‌باره‌ی زه‌یدی کوری صووحان به‌وه‌ی که‌ئه‌ندامێکی پێش خۆی ده‌چێته‌ به‌هه‌شت:

له‌باره‌ی زه‌یدی کوری صووحانه‌وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: ﴿ یسبقه عضو الی الجنة﴾.[٤٥] واته‌:ئه‌ندامێکی پێش خۆی ده‌چێته‌ به‌هه‌شت،ئه‌و هه‌واڵه‌ش ده‌قاوده‌ق هاته‌ دی،ئه‌وه‌بوو له‌جه‌نگی نه‌هاوه‌ند دا ده‌ستی قرتاو شه‌هید بوو،به‌وجۆره‌ش ده‌ستی پێش خۆی ڕۆی بۆ به‌هه‌شت..

موعجیزه‌ی (٥١) خرێی یه‌کێتان له‌دۆزه‌خدا هێنده‌ی چیای ئوحود ده‌بێت:

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌کۆمه‌ڵێکی فه‌رموو که‌ئه‌بو هورێره‌و حوزه‌یفه‌شیان له‌ناودابوون﴿ضرس أحدكم من النار مثل أحد﴾.[٤٦]

واته‌: خرێی یه‌کێتان له‌دۆزه‌خدا هێنده‌ی چیای ئوحود ده‌بێت،ئابه‌وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) هه‌واڵی پاشگه‌زبوونه‌وه‌ی یه‌کێك له‌وانه‌ی له‌ ئیسلام ڕاگه‌یاندو پاشه‌ڕۆژی سامناکی ئه‌وی ده‌رخست.ئه‌بوهوره‌یره‌ ده‌ڵێ:ئه‌و کۆمه‌ڵه‌ هه‌موویان مردن و من وپیاوێك ماینه‌وه،ئه‌ویش له‌جه‌نگی یه‌مامه‌دا به‌مورته‌ددی و بێ باوه‌ری کوژرا،به‌وجۆره‌ش هه‌واڵدانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌قاوده‌ق وەك ڕۆژی ڕووناك ڕاست ده‌رچوو،ئه‌وه‌ش به‌ڵگه‌یه‌کی زۆر گه‌وره‌یه‌ له‌سه‌ر ڕاست ودروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام(ﷺ)...

---

[٤٥] الشفاء (١/ ٣٤٣)
[٤٦] (رواه الطبرانی بسند صحیح)

موعجیزه‌ی (٥٢) هه‌واڵدانی له‌باره‌ی پیاوێك كه‌ دۆزه‌خی یه‌:

ئه‌بو هوره‌یره‌ ده‌ڵێ:له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ)نامادەی جه‌نگی خه‌یبه‌ر بووین،ووترا ده‌رباره‌ی پیاوێك كه‌وا پیشان ده‌درا موسڵمانه‌ ووترا ئه‌وه‌نده‌ی ناگره‌،ئه‌بو هوره‌یره‌ ده‌ڵێ:جاكاتێك له‌وێ نامادەبووین ئه‌و پیاوه‌ شه‌رێكی زۆر نازایانه‌ی كردو پێكرا،برینددار بوو،ووترا ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)ئه‌و پیاوەی كه‌تۆ له‌باره‌ته‌وه‌ فه‌رموو:ئه‌ی دۆزه‌خه‌و شه‌رێكی زۆرنازایانه‌ی كردو مرد، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:بۆڵای ناگر رۆیی،خه‌ریك بوو هه‌ندێك له‌خه‌ڵكه‌كه‌ تووشی گومانوودوودڵی بن، كه‌ئه‌وان له‌و حاڵه‌دا بوون،هه‌واڵ هات و ووترا كه‌ئه‌و نه‌مرد،به‌ڵام به‌سه‌ختی برینددار بووبوو،كاتێك كه‌شه‌و داهات دانی به‌خۆیدا نه‌گرت له‌سه‌ر برینداریه‌كه‌ی وخۆی كوشت،كه‌ئه‌وهه‌واڵه‌ درا به‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌و بارەوه‌ فه‌رمووی: الله‌ اكبر شاهێدی دەدەم كه‌من به‌ندەو پێغه‌مبه‌ری خوام،ئه‌وجار فه‌رمانی كرد به‌ بیلال كه‌بانگه‌واز بكات به‌ناو خه‌ڵكیدا،كه‌ناچێته‌ به‌هه‌شته‌وه‌ ته‌نها موسڵمان نه‌بێت،واته‌:ته‌نها موسڵمان ده‌چێته‌ به‌هه‌شته‌وه‌،وه‌خوای گه‌وره‌ پشتیوانی و یارمه‌تی ئاینه‌كه‌ی دەدات،به‌ پیاوێكی خرا پیش...[٤٧]

ئه‌وه‌ش گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وەی كه‌هه‌رچی پێغه‌مبه‌ری خوا ده‌فه‌رمووێ:هه‌مووی له‌لایه‌ن خوای گه‌وره‌وه‌ پێی وتراوه‌ له‌رێگای وه‌حیه‌وه‌ وەك قورئان ده‌فه‌رمووێ:﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴾النجم (٣-٤) واته‌: نه‌ هه‌واو هه‌وەسه‌وه‌ قسه‌ ناكات كه‌قورئان ده‌خوێنێت هه‌رچی ده‌یڵێ قورئانه‌و سرووشت دەكرێ بۆی .

---

[٤٧] (أخرجه البخاري والمسلم)

موعجیزه‌ی (٥٣) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌باره‌ی شوێنی تیاچوونی بتپه‌رستانی قوڕه‌یش له‌جه‌نگی به‌دردا:

له‌ئه‌نه‌سه‌وه – خوا لێی رازی بێ – ده‌ڵێ :پێغه‌مبه‌ری خواو هاوه‌ڵانی به‌رێکه‌وتن به‌رمو به‌در له‌رێگا تووشی به‌نده‌یه‌کی ڕه‌ش بوون هی کورانی حه‌ججاج گرتیان وهێنایان پرسیاریان لێکرد:ئه‌بو سوفیان له‌کوێ یه؟ئه‌ویش ده‌ی گووت:به‌خوا من له‌کاروباری ئه‌بوسوفیان ئاگادارنیم به‌ڵام ئه‌وه قوره‌یشه که‌هاتووه ئه‌بوجه‌هل وعوتبه‌و شه‌یبه‌ی کورانی ره‌بیعه وه ئومه‌ییه‌ی کوری خه‌له‌ف،ئه‌گه‌ر وای ده‌ووت لێیان ده‌دا،ئه‌ویش ده‌ی ووت:وازم لێبێنن وازم لێبێنن هه‌واڵتان پێده‌دەم،که‌وازیان لێده‌هێنا ده‌ی ووت: به‌خوا من ئاگام له کاروباری ئه‌بوسوفیان نی یه،به‌ڵام ئه‌وه قوره‌یشه که‌به‌رمو ڕووتان دێن و له‌ناویان دایه ئه‌بوجه‌هل وعوتبه‌و شه‌یبه‌ی کورانی ره‌بیعه وه ئومه‌ییه‌ی کوری خه‌له‌ف،له‌و کاته‌دا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نوێژی ده‌کردو گوێی له‌و باسه بوو،کاتێك له‌نوێژه‌که‌ی بووه‌وه فه‌رمووی:سوێند به‌وه‌ی گیانی منی به‌ده‌سته ئێوه لێتان ده‌دا کاتێك که ڕاستی ده‌ووت،وه‌وازتان لێده‌هێنا کاتێك که دروێ له‌گه‌ڵ ده‌کردن،ئه‌وه قوره‌یشه هاتووه بۆ یارمه‌تی کاروانه‌که‌ی ئه‌بوسوفیان،ئه‌نه‌س ووتی: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:ئه‌وه شوێنی تیاچوونی فلان که‌سه به‌یانی وده‌ستی موباره‌کی داده‌نا له‌سه‌ر زه‌وی یه‌که وده‌ی فه‌رموو:ئه‌وه‌ش شوێنی تیاچوونی فلان که‌سه به‌یانی وه ده‌ستی موباره‌کی داده‌نا له‌سه‌ر زه‌وی یه‌که وده‌ی فه‌رموو:ئه‌وه‌ش شوێنی تیاچوونی فلان که‌سه‌و ده‌ستی موباره‌کی ده‌خسته سه‌ر زه‌ویه‌که،ده‌ڵێ:سوێند به‌وخوایه‌ی که‌گیانی منی به‌ده‌سته هیچ یه‌کێك له‌وانه‌ی که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئاماژه‌ی به‌شوێنی تیاچوونیانی کردبوو،له‌و شوێنه‌ی که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌ستی خسبووه سه‌ر هه‌ر ئاله‌و شوێنانه تیاچوون وبه‌بێ باوه‌ڕی به‌رمو دۆزه‌خ

بەڕێ کەوتن،وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی فەرموو:هەڵدرانە ناو چاڵی قولەیب لەبەدردا.[٤٨]

بەراستی موعجیزەیەکی گەورەیە ،ئەو هەواڵە دوو موعجیزەیە :

یەکەم:هەواڵدانە بەکوژرانی گەورەو سەرانی قورەیش ،کەئەوەش دیارە خوا هەواڵی داوەتێ ئەگینا کێ وادەی مردنی کێ دەزانێ.

دووەم:هەواڵدانە بە شوێنی کوژرانی ئەو کەسانە کەدیارە ئەوەش هەر غەیبەو خوا پێغەمبەرکەی خۆی لێ ئاگادارکردووە...

موعجیزەی (٥٤) هەواڵدانی لەبارەی مردنی نەجاشی:

لە ئەبو هورەیرەوە – خوا لێی رازی بێت – دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی دا لەبارەی نەجاشی لەبارەی ئەو رۆژەی کەتیایدا مرد،چووە دەرەوە بەرەو شوێنی نوێژکردن خەڵکەکەی ڕیز کرد،وە چوار ٠ االله اكبر)ی فەرموو،[٤٩]

وەهەروەها عیمرانی کوری حوصەین دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ووتین:براکەتان نەجاشی مردووە ،هەستن نوێژی لەسەربکەن،دەڵێ:هەستاین ڕیزمان بەست هەروەك چۆن بۆ نوێژ ڕیزدەبەستری لەسەر مردوو،وەعیمران دەڵێ: نوێژمان لەسەرکرد،هەروەك چۆن نوێژ دەکرێ لەسەرمردوو.[٥٠]

زانای بەناوبانگ (المبارك الكفوری) دەڵێ:ئەوە نیشانەیەکە لەسەر نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئەوەی هەواڵی دا بەمردنی نەجاشی لەو رۆژەی

---

[٤٨] رواه البخاري في كتاب الجهاد (٢٩٨١)

[٤٩] رواه البخاري في الجنائز (١١٨٨) وفي سنن النسائي (١٩٧٢)- (١٩٨٠) وسنن أبي داود (٣٢٠٤) وسنن ابن ماجه (١٥٣٤) .

[٥٠] صحيح رواه الترمذي (١٠٣٩) وفي سنن ابن ماجه (١٥٢٥)

تیایدا مرد، له‌گه‌ڵ دووری له‌نێوان زەوی حه‌به‌شەو مه‌دینه‌دا،[٥١] به‌راستی ئەوانه موعجیزەی ئەوەنده گەورەن که‌به‌قەد تۆزقاڵێك گومان و دوودڵی ناهێڵن، له‌ناو دڵه‌کاندا و وەك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام دەسه‌لێنن هەزاران درود بۆگیانی پاکی ئەو پێغه‌مبه‌ره پایه‌داره (ﷺ).

موعجیزەی (٥٥) هەواڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌بارەی ته‌مه‌نی عه‌بدوللاّی کوری به‌سر به‌وەی که صەد ساڵ دەژی:

له عه‌بدوللاّی کوری به‌سه‌رەوه دەڵێ: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێی فەرموم: ئەو منداڵه یەك قەرن واته صەد ساڵ دەژی، هەروەك چۆن پێغه‌مبه‌ر فەرمووی، صەد ساڵی ته‌واو ژیا، الله اکبر به‌راستی ته‌نها ئەو موعجیزه گەورەیه به‌سه که‌ببێته به‌ڵگه‌یه‌کی ڕاست و دروست له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام ئه‌گینا کێ دەزانێ ته‌مه‌نی خه‌ڵك دیاری بکات، به‌ڵێ ئەوه خوای گەوره خاوەنی زانست و زانیاری بێسنوورئەو هەواڵەی به‌وەحی به پێغه‌مبه‌رەکەی خۆی ڕاگه‌یاندووه، تاکو ببێته به‌ڵگه‌یه‌کی ناشکرا له‌سه‌ر هەموو ئەو شتانه‌ی که پێغه‌مبه‌ری خوا ڕایان دەگه‌یه‌نێ و هەواڵیان له‌بارەوه دەدات ، سوپاس بۆ ئەو خوایه‌ی که‌له‌بارەی ئەو پێغه‌مبه‌ره ڕاستگۆیه له‌قورئانه پیرۆزەکه‌یدا فەرموویه‌تی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ * إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ﴾النجم (٣-٤) واته: له‌هه‌واو هەوەسەوه قسه ناکات که‌قورئان دەخوێنێت هەرچی دەیڵێ قورئانەو سرووشت دەکرێ بۆی .[٥٢]

---

[٥١] (تحفة الأحوذي ١١٥/٤)

[٥٢] (صحيح :قال الألباني في السلسلة الصحيحة ٦/ (٢٤٢) (٢٦٦٠) أخرجه البخاري في التاريخ الكبير (١/١/ ٣٢٢ وفي الصغير (ص ٩٢) والحاكم(٥٠٠/٤) والبيهقي في (الدلائل النبوة)٦ / ٥٠٢) والطبراني في المسند الشاميين(٨٣٦) وابن عساكر في تاريخ دمشق (٩ / ٤ / ٢)

موعجیزه‌ی (٥٦) هه‌واڵدانه‌که‌ی سه‌ر شاخی ئوحود:

له ئه‌نه‌سه‌وه –خوا لێی رازی بێ– ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سه‌رکه‌وته‌سه‌رشاخی ئوحود، ئه‌بوبه‌کرو عومه‌رو عوسمانیشی له‌گه‌ڵ بوون، شاخی ئوحود که‌وته له‌رزه، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی: جێگیربه‌و مه‌له‌رزه ئه‌ی ئوحود له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر پشتته پێغه‌مبه‌رێکه‌و راستگۆیه‌که‌و دوو شه‌هیدن، چۆنی فه‌رموویو، له‌دواییدا وادەرچوو، هه‌واڵدانه‌که به‌راست و دروست هاته‌دی له پاش وەفاتی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئه‌بوبه‌کر بوو بوجێنشینی موسڵمانان وماوه‌ی خه‌لافه‌تی ئه‌بوبه‌کر–خوا لێی رازی بێت– دوو ساڵ و سێمانگ و ده ڕۆژ بوو، له‌دوای ئه‌و عومه‌ری کوری خه‌تتاب بوو به‌جێنشینی موسڵمانان ،ماوه‌ی خه‌لافه‌تی عومه‌ریش –خوالێی رازی بێ– ده ساڵ و شه‌ش مانگ و هه‌شت ڕۆژ بوو، وه‌له‌دواییدا شه‌هید کرا، له‌دوای ئه‌ویش عوسمانی کوردی عه‌ففان– خوا لێی رازی بێ– بوو به‌جێنشینی موسڵمانان و ماوه‌ی خه‌لافه‌تی عوسمانیش :یازده ساڵ ویازده مانگ و نۆ ڕۆژ بوو، ئه‌ویش شه‌هیدکراو هه‌واڵدانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) وەك ڕۆژی ڕوونناك دەقا ودەق ڕاست دەرچوو.[٥٣]

---

[٥٣] اخرجه البخاري في فضائيل (٣٦٧٥)

موعجیزه‌ی (۵۷) هه‌واڵدانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌باره‌ی جه‌نگی حونه‌ین دا:

پێغه‌مبه‌رو موسڵمانان به‌ڕێکه‌وتن به‌رمو حونه‌ین، تانزیك که‌وتنه‌وه ، پیاوێکی فارس هات و ووتی :ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا :له‌شکری هه‌وازین به ڕەگ وڕیشه‌یان وژن و منداڵ و ئاژه‌ڵیانه‌وه له شیوی حونه‌ین کۆبوونه‌ته‌وه، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) زمرده‌خه‌نه‌ی کردوو پێکه‌نی و فه‌رمووی:﴿تلك غنيمة المسلمين غداً إن شاء الله تعالى﴾.[۴۸] واته: ئه‌وانه‌ده‌بنه غه‌نیمه‌تی موسڵمانان ئینشا الله تعالی به‌یانی چۆنی فه‌رموویوو ئاوا دەقاودەق وەك ڕۆژی ڕووناك هاته‌دی، خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌رکه‌ی خۆی سه‌رخست له‌غه‌زای حونه‌یندا‌و دەستی که‌وت ده‌ستکه‌وت و غه‌نیمه‌تی زۆر له‌دوژمنه‌کانی داو دابه‌شی کرد به‌سه‌ر موسڵمانانداا.

موعجیزه‌ی (۵۸) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌باره‌ی که‌سێك که‌زه‌وی ڕاگیری ناکات:

ئه‌نه‌س-ڕەزای خوای لێ بێ- وتی:پیاوێك هه‌بوو وه‌حی دەنووسی بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌لگه‌رایه‌وه له‌ئایینی ئیسلام وپه‌یوەندی کرد به‌بت پەرستان ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:﴿إن الأرض لا تقبله﴾واته:زەوی له‌ناو خۆیدا ڕاگیری ناکات،ئه‌بو طه ڵحه ده‌ڵێت: ئه‌و زەویه که‌ئه‌وکه‌سه‌ی له‌سه‌ر مرد که‌ناشتیان زەوی فڕێی دایه دەرموه وتی:ئه‌وه بۆ

---

[۴۸] صحيح أخرجه أبوداود (۲۵۰۱)،والحاكم (۹۳/۲)،(والطبراني في الكبير ٦٩/٦) والبيهقي في السنن (١٤٩/٩)،(صحيح الترغيب والترهيب (١٢٣٥).

ئەوای لێهاتووە؟ووتیان چەند جارێك ئاوا ناشتوویانە بەڵام زەوی فڕێی داوەتە دەرموو ڕاگیری نەکردووە...[٥٥]

موعجیزەی (٥٩) هەواڵدانی دەربارەی کەسێك کە دزی لە دەستکەوتی غەزاکردبوو:

يقول عبدالله بن عمرو (كان على ثقل النبي (ﷺ) رجل يقال له :كركرة فمات فقال رسول الله (ﷺ) هو في النار فذهبوا ينظرون اليه فوجدوا عباءةً قد غلّها)[٥٦]

واتە:پیاوێك ناوی (کرکرە) بوو مرد،پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:ئەو لەئاگردایە،ڕۆیشتن تەماشایان کرد عەبایەکی لابوو بۆخۆی پەنای دابوو لەدەستکەوتی غەزا...

موعجیزەی (٦٠) هەواڵدانی لەبارەی پیاوێك وخێزانەکەی سەبارەت بەڕێزگرتنی میوانێکی پێغەمبەر (ﷺ) :

ئەبو هورەیرە- رەزای خوای لێ بێ - وتی:پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی:من ماندوویەتی و برسیەتی تینی بۆ هێناوم- پێغەمبەری خوا ناردی بۆ لای هەندێك لەخێزانەکانی وتیان:سوێند بەو خوایەی بەهەق تۆی ناردووە هیچمان لانی یە تەنها ئاو نەبێت،ئەوجار ناردی بۆلای ئەوانی کەش،ئەوانیش وتیان سوێند بەوخوایەی کەتۆی بەهەق

---

[٥٥] (صحيح :أخرجه أحمد (٣/ ١٢١-١٢٢) وابن حبان(٧٤١) (الموسوعة الحديثية).

[٥٦] (صحيح :أخرجه البخاري(٣٠٧٤)

ناردووه هیچمان نی یه ته‌نها ئاومان هه‌یه،تاهه‌ر هه‌موویان وتیان ته‌نها ئاومان هه‌یه، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی:کێ میوانداری ئه‌و پیاوه ده‌کات ئه‌مشه‌و ،خوا ره‌حمی پێ بکات، پیاوێك له‌ئه‌نصاره‌کان هه‌ستاو وتی:من میوانداری ده‌که‌م ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا، پێکه‌وه له‌گه‌ڵ پیاوه‌که به‌رێکه‌وتن به‌رمو ماڵه‌وه،به‌ژنه‌که‌ی وت:ئه‌رێ هیچت لایه له خواردن؟ژنه وتی:نا ته‌نها به‌شی منداڵه‌کانم لایه،وتی:ئافره‌ت بیان خافڵێنه به‌شتێك،کاتێك خواردنت هێنا بۆ میوانه‌که‌مان چرایه‌که بکوژێنه‌ره‌وه بۆئه‌وه‌ی وا بزانێ که‌منیش له‌گه‌ڵی ده‌خۆم ،ده‌ڵێ:پیاوه‌که تێری خواردو ئه‌و ژن و پیاوه‌ش به برسیه‌تی ئه‌و شه‌وه‌یان به‌رێ کرد،به‌یانی که‌چوونه‌وه بۆ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)فه‌رمووی:به‌راستی خوای گه‌وره زۆر موعجیب بوو له میوانداریه‌که‌ی ئه‌مشه‌وتان.[٥٧]

خۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌گه‌ڵیان نه‌بوو،تابزانێ میوانداریان چۆن له‌و پیاوه کردووه،به‌ڵکو ئه‌وه له‌ئاسمانه‌وه هه‌والی پێدرابوو ،وه‌خوای گه‌وره ئاگاداری کردبووه‌وه له‌و بارەوه.

موعجیزه‌ی (٦١) هه‌واڵدانی له‌باره‌ی ووشتره‌که‌ی له‌غه‌زای ته‌بووکدا:

ئیبن ئیسحاق ده‌ڵێت:خه‌ڵکی له‌غه‌زای ته‌بووکدا به‌یانیان کردەمو ئاویان پێنه‌بوو،باسی حاڵی خۆیان کرد لای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێغه‌مبه‌ریش دووعای کرد،خوای گه‌وره هه‌وریکی ناردوو بارانی باراند تا خه‌ڵکه‌که تێر ئاوبوون وکه‌ل و په‌له‌که‌ی خۆیان پرکرد له‌ئاو،ئه‌وجار پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌ستی به‌رۆیشتن کرد،جاله‌شوێنێك ووشتره‌که‌ی لێ ون

---

[٥٧] (صحيح :أخرجه مسلم) (٢٠٥٤)

بوو،زەیدی کوری لەصیت کەیەکێك بوو لە منافیقەکان وتی:وا خۆ پیشان دەدا دەڵێت پێغەمبەرم وهەواڵتان دەداتێ لەهەواڵەکانی ئاسمان بەڵام نازانێ ووشترەکەی لەکوێ یە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی پیاوێك ئاوای ووتووە، باسی قسەکەی ئەو منافیقەی کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:سوێند بەخوا هەرشتێك خوا فێرم نەکات ئای زانم،وا خوای گەورەش پیشانی دام لەکوێ یە،وا لەو دۆڵەدا لەفڵان شیودا درەختێك بەهۆی ڕەشوەکەیەوە بەندی کردووە،کەڕۆیشتن پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆنی فەرموویوو ئاوا بوو،ووشترەکەیان هێنایەوە.[٥٨]

موعجیزەی (٦٢) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی قسەو باسی منافیقان لەغەزای تەبووکدا:

قەتادە لەڕیوایەتێکی دەڵێ:لەکاتێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆغەزای تەبووك ئەڕۆیشت وچەند کەسێکی منافیقی لەپێشەوە دەڕۆیشتن و وتیان:ئەو پیاوە بەتەمایە کۆشك و قەڵاکانی تەبووکی بۆ فەتح بکرێت؟ئەی هوو،ئەی هوو ،ئەوە بوو خوای گەورە پێغەمبەرەکەی لەوە ئاگادار کردوو ئەویش فەرمووی:﴿**إحبسوا على هؤلاء الركب**﴾فەرمانی دا ئەوانە بوەستێنن،گەیشتە لایان و فەرمووی:﴿**قلتم كذا قلتم كذا**﴾واتە:فەرمووی:وەهاو وەهاتان وت:وتیان:ئەی پێغەمبەری خوا گاڵتەو گەپمان دەکرد،ئەوەی کەدەیبیستن دەربارەیان هاتە خوارەوە ،خوای بالادەست ئەو ئایەتەی نارده خوارەوە:﴿ يَحْذَرُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُم بِمَا فِى قُلُوبِهِمْ ۚ قُلِ ٱسْتَهْزِءُوٓا۟ إِنَّ

---

[٥٨] زاد المعاد، ص ٢٨١

ٱللَّهَ مُخۡرِجٞ مَّا تَحۡذَرُونَ * وَلَئِن سَأَلۡتَهُمۡ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلۡعَبُۚ قُلۡ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمۡ تَسۡتَهۡزِءُونَ ﴾التوبه (٦٤-٦٥)

واته:دوو رووەکان مەترسی دەکەن لەوەی کەسورەتێك دەربارەیان بنێردرێتە خوارەوە کەهەواڵیان پێبدا بەوەی کەلەدڵیان دایە.ئەی موحەممەد (ﷺ)بڵێ:گاڵتەولاقرتێ بکەن بەراستی خوا دەرخەرو ناشکراکاری ئەوەیە کەمەترسی لێدەکەن.سوێند بێ ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت بەراستی دەڵێن دڵنیا بن ئێمە هەر دەمەتەقێ و گاڵتە دەکەین.تۆش بڵێ:ئایا بەخوا وبەڵگەکانی وپێغەمبەرەکەی ئێوە گاڵتەو لاقرتێتان دەکرد.پاشان خوای پاك وبێگەرد بۆی ڕوونکردنەوە کەئەو گاڵتە کردنەیان بەرەو کوفر بردوونی﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ إِن نَّعۡفُ عَن طَآئِفَةٖ مِّنكُمۡ نُعَذِّبۡ طَآئِفَةَۢ بِأَنَّهُمۡ كَانُواْ مُجۡرِمِينَ ﴾التوبه (٦٦) واته:بەهانە مەهێنەنەوە بەراستی ئێوە بێ بڕوا بوونەوە پاش بڕوا هێنانتان ئەگەر ببورین وچاوپۆشی بکەین لەکۆمەڵ و تاقمێکتان بەهۆی گەرانەوەتانەوە سزای کۆمەڵ و تاقمێکی تردەدەین.لەبەر ئەوەی بێگومان ئەوانە تاوانباربوون. وەهەروەها دەربارەی ئەو مونافیق و دوو ڕووانە ئەم ئایەتەش هاتە خوارەوە:﴿ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ وَهَمُّواْ بِمَا لَمۡ يَنَالُواْۚ وَمَا نَقَمُوٓاْ إِلَّآ أَنۡ أَغۡنَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ مِن فَضۡلِهِۦۚ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيۡرٗا لَّهُمۡۖ وَإِن يَتَوَلَّوۡاْ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ عَذَابًا أَلِيمٗا فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَمَا لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مِن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٖ ﴾ التوبه (٧٤) واته : دوو ڕووەکان سوێند دەخۆن بەخوا ئەو وتانەی دراونەتە پاڵیان ئەیان ووتوە.سوێند بەخوا بێگومان ووتەی بێبڕوەڕیان ووتوە وە بێ بڕوا بوونەوەتەوە لەپاش موسڵمان بوونیان و نیازی شتێکیان بووبەڵام بۆیان نەکرا، پیلانی کوشتنی پێغەمبەریان هەبوو کاتی گەرانەوەی لەتەبووك وە هیچ ڕەخنەو ڕقێکیان نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کەخواو پێغەمبەرەکەی بڕوادارانیان

دەوڵەمەند کردووە لەبەهرەی خۆی ئینجا ئەگەر ئەوان بگەڕێنەوە و پەشیمان ببنەوە ئەوە چاکترە بۆیان وەئەگەر ڕوو وەرگێڕن ئەوە خوا سزایان ئەدات بەسزایەکی سەخت لە دونیاو پاشەڕۆژ دا وەلەزەویدا نی یە بۆئەوان هیچ دۆست و یارمەتی دەرێك .ئیبن کەثیر ووتوویەتی:ضە حاك ووتوویەتی:کۆمەڵێك لەمونافیقان دەیانەوێت دەست لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوەشێنن ئەوەش لەشەوداو لەکاتی ڕۆیشتندا.ئەوانە دەونەوەندە کەسە بوون ونەونایەتەی سەرەوە دەربارەیان هاتە خوارەوە.واحیدیش لە ضە حاکەوە دەگێڕێتەوە ::مونافیقان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرەو تەبووك کەوتنە ڕێ،کەهەندێکیان تاك ئەکەوتنەوە جنێویان بە پێغەمبەرو هاوەڵانی ئەداو تانەیان لەدین ئەدا،ئەوە بوو حوزەیفە ئەو قسانەیانی گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش پێی فەرموون:﴿**يا أهل النفاق ماهذا الذي بلغني عنكم**﴾ واتە:فەرمووی ئەی ئەهلی نیفاق ئەمە چی یە کە لێتانەوە پێم گەیشتووە؟دەستیان بەسوێند خواردن کرد کەهیچی لەوەیان نەووتووە،کەچی قورئان بۆ بەدرۆخستنەوەیان هاتە خوارەوە،سوپای ئیسلام،سوپاس بۆخوا بەسەلامەتی وبەسەرکەوتنەوە بەرەو مەدینەی پایتەخت گەڕایەوە،لەکاتی گەڕانەوەدا کۆمەڵێك مونافیق ویستیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شوێنێکی بەرزەوە هەڵدێرن،بەیەکی لە حوزەیفەی کوری یەمانەوە ڕیوایەتی کردووە کەووتوویەتی:من دەستم بەلغاوی ووشترەکەی پێغەمبەری خواوە گرتبوو،عەممارپش لە ووشترەکەی دەخوڕیی،هەتا کەگەیشتینە کۆسپەکە،دەبینین وا لەوێ دوازدە پیاو ڕێیان پێگرتووە،دەڵێ:منیش پێغەمبەری خوام (ﷺ) ئاگادارکردو قیراندی بەسەریانداو ئەوانیش هەڵاتن،فەرمووی:﴿**هل عرفتم القوم؟**﴾فەرمووی:ئەو خەڵکەتان ناسین؟ وتمان :نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا دەم و لووتیان هەڵبەستبوو،فەرمووی:﴿**هؤلاء المنافقون يوم القيامة،وهل تدرون ما**

أرادوا؟﴾واتە :فەرمووی :ئەوانە منافیقەکانی رۆژی قیامەتن،ئەی ئەزانن چیان نەویست؟ وتمان نەخێر،فەرمووی:﴿ارادوا يزحموا رسول الله في العقبة فيلقوه منها﴾ واتە :فەرمووی: ویستیان تەنگ بەپێغەمبەری خوا هەڵبچنن و لە کۆسپەکەوە بیخەنە خوارەوە، وتمان :ئەی نانێری بۆڵای کەس وکاریان تا هەریەکەیان سەری خزمەکەیان بنێرن بۆت؟ فەرمووی:﴿لا أكره أن يتحدث العرب أن، محمداً قاتل بقومه حتى إذا أظهره الله بهم أقبل عليهم يقتلهم﴾واتە :فەرمووی:نەخێر پێم ناخۆشە عەرەب باسی نەوە بکەن کەموحەممەد بەقەومەکەی جەنگی کرد هەتا کەخوا سەری خست،دەستی داوەتە کوشتنی پیاوانی قەومەکەی ،دوا نەوە دووعای لەمونافیقەکان کرد...

موعجیزەی (٦٣) هەوڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهەڵکردنی بایەکی بەهێز لەغەزای تەبووکدا:

لەئەبو حەمیدەوە-خوا لێی رازی بێ – وتی:دەرچووین لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەغەزای تەبووك گەیشتینە(وادي القرى) بەلای باخێکی نافرەتێکدا رۆیشتین فەرمووی:بیقەرسێنن ،دەڵێ:ئێمەش قرساندمان،وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قرساندی فەرمووی:دەویستە وە فەرمووی:بەنافرەتەکە بیژمێرە،هەتا ئێمە دەگەڕێینەوە بە پشتیوانی خوا،دەڵێ رۆیشتین هەتا گەیشتینە تەبووك ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:ئەمشەو بایەکی بەهێز بەسەرتاندا هەڵدەکات باکەستان لەشوێنی خۆی هەڵنەستێتەوە،وەهەر یەکێك لەئێوە ئەگەر ووشترێکی پێ یە با تووند بە ڕیشومکەوە بیبەستێتەوە، با بەهێزەکە

هەڵی کرد هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی لەبارەوە دابوو، پیاوێك هەستا بایەکە هەڵی گرت و فڕاندی تا بردیە سەر شاخی (طه ی) دەڵێ:دوایی کەگەڕاینەوە کەگەیشتینەوە (وادي القرى) پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لەنافرەتەکە کرد، لەبارەی بەرووبومی باخەکەی کەچەند بووە؟ وتی: دەویسق بووە...[٥٩]

بەراستی موعجیزەیەکی گەورەیە،بەراستی پێویستە ئیمانداران نەو موعجیزە گەورەو ناودارانە پێشکەش بەمرۆڤی سەرگەردان بکەن کەگەورەترین دیاری یەو مایەی سەرفرازی دونیا وقیامەتە...

موعجیزەی (٦٤) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەپەیدا بوونی دووکۆمەڵ کەئەهلی ئاگرن:

عن أبي هريرة قال :قال رسول الله (ﷺ) صنفان من أهل النار لم أرهما :قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات، مميلات مائلات رأوسهن كأسنمة البخت المائلة، لايدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا كذا .[٦٠]

نەبوو هورەیرە خوای لێ رازی بێ دەڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : دوو جۆر لە خەڵکی هەن دەچنە دۆزەخ کە نەم دیون خەڵکانێ کە قامچیان پێیە هەروەك کلکی مانگاو لەخەڵکی دەدەن و ئافرەتانێ کە پۆشتەن بەڵام وەك ڕووت بن جلەکانیان یان تەنگە یان تەنکە یان کورتە و ڕووتن لادەرن لەڕاستی و هاندەری ئافرەتانی تریشن و بە فیزو لارو لەنجەوە دەڕۆن بەڕێوە قژیان وەك کۆپارەی حوشتر بەرز کردۆتەوە کە کۆپارەکە ئەوەندە

---

[٥٩] (أخرجه مسلم في فضائيل نووي ١٥ / ٤١ ، ٤٣)

[٦٠] (پووختەی صەحیحی موسلیم بەرگی ٢ لاپەرە ٦٨٢)

قەبەیە لە قەڵەویدا لار دەبێتەوە ئەوانە نە دەچنە بە هەشت و نە بۆنیشی دەکەن لە کاتێکدا کە بۆنی بەهەشت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەوە دێت.

موعجیزەی (٦٥) هەواڵدانی لەبارەی بەفیرودانی ئەمانەت:

لە عەطائی کوری یەسارەوە لەئەبو هەرەیرەوە دەڵێ:لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکۆڕێکدا قسەی دەکرد بۆخەڵك:عەرەبێکی دەشتەکی هات وتی:کەی قیامەت دادێ؟ پێغەمبەری خوا بەردەوام بوو لەسەر قسەکردنەکەی هەندێك لەخەڵکەکە ووتیان گوێی لێ بوو،هەندێکی تریان ووتیان گوێی لێنەبوو،تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەفەرمایشتەکەی بوومەوە،فەرمووی: لەکوێ یەو ئەو کەسەی کە پرسیاری کرد لەبارەی قیامەتەوە؟کابرا ئەعرابییەکە وتی:ئائەوە من بووم ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:﴿ **فإذا ضيعت الأمانة فانتظر الساعة قال:كيف إضاعتها؟ قال إذا وسد الأمر الى غير أهله فانتظير الساعة**﴾.[٦١] واتە: فەرمووی:ئەگەر ئەمانەت بەفیڕۆ درا چاوەڕوانی قیامەت بکە، پیاوەکە وتی:چۆن ئەمانەت بەفیڕۆ دەدرێ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی:ئەگەر کاروبار درایە دەستی کەسێك کەشیاوی ئەوە نەبێت کەکارو باری بدرێتە دەست چاوەڕوانی قیامەت بکە.

هەزاران درود بۆگیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام بەراستی هەروەك ئەو فەرموویەتی لەو ڕۆژگارەدا ناوای لێهاتووە،کەسێك کەموسڵمانەوڕاستەو ئەمانەت پارێزەو لەخوا ترسەو دەست پاکە خەڵکی نایکەن بەبرا گەورە بەسەر خۆیانەوە.

---

[٦١] (صحيح :رواه البخاري)

موعجیزه‌ی (٦٦) هه‌واڵدانی به‌نه‌مانی حوکمی ئیسلامی و پاشان نوێژکردن:

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:﴿ لينقضن عرى الاسلام عروة فكلما انتقضت عروة تشبث الناس بلتي تليها وأولهن نقضا الحكم وأخرهن الصلاة﴾[٦٢] واته: قۆناغەکانی خێمەی ئیسلامەتی یەك یەك دەپچڕێت،هەرکاتێك یەکێکیان پچڕا خەڵك دەست بەوی تریانەوە دەگرێت،یەکەمیان حوکمەودواهەمینیان نوێژە،بەراستی هەروا دەرچوو خەلافەتی ئیسلامی ڕوخێنراو دووژمنانی ئیسلام هەر ڕۆژەی بیانوویەك بە ئیسلام دەگرن وخەڵکانێکی زۆریش وازیان لەنوێژکردن هێناوە..

موعجیزه‌ی (٦٧) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌هێرشی دووژمنان بۆ سه‌ر موسڵمانان:

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:﴿ يوشك الامم أن تداعي عليكم كما تداعي الاكلة الى قصعتها ،فقال قائل :ومن قلة نحن يومئذ ؟ قال :بل أنتم يومئذ كثير ولكنكم غثاء كغثاء السيل،ولينز عن الله من صدور عدوكم المها بة منكم ،وليقذفن الله في قلوبكم الوهن،فقال قائل:يارسول الله وما الوهن ؟ قال:حب الدنيا وكراهية الموت ﴾[٦٣]

---

[٦٢] (حديث حسن رواه الأمام أحمد)

[٦٣] حديث حسن رواه أبو داود .

واتە: رۆژێك دێت گەلان هێرش دەکەنە سەرتان، چۆن کۆمەڵە ووشتێکی برسی هێرش دەبەنە سەر ئالف و خواردنیان، یەکێ وتی: ئەو رۆژەدا لەبەر کەمیمانە وامان لێدێت؟ فەرمووی: نەخێر بەڵکو ئێوە ئەو رۆژەدا زۆرن، بەڵام وەك کەف وپۆش وپەڵاشی سەر لافاو وان وخوای گەورە ترستان و هەیبەتتان لەدڵی دوژمن دەردەکات ولاوازن (الوهن) دەخاتە دڵتانەوە، یەکێ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو لاوازی یە (الوهن) چی یە؟ فەرمووی: خۆشەویستی دنیاو حەزنەکردنە ئەمردن ، بەراستی ئەم فەرموودەیەش وەك ئەوانی تر زۆر بەراست ودروستی هاتۆتە دی ،ئەوە حاڵی موسڵمانانە کەچۆن دنیا غافڵیان دەکات وحەزناکەن گیان فیدا بن و حەزناکەن بمرن لەڕێی خوادا، ئەومش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داهاتووی ئوممەتەکەیی وقۆناغەکانی ژیانیانی پیشان دراوە لەلایەن خوای گەورەو پەروەردگارەوە کەزانایە بەنهێنی و ئاشکرا، ئەو رێنماییانەی پێغەمبەریش (ﷺ) بۆ ئەوە بووە کەموسڵمانان لەخۆیان تێبگەن وشارەزای دەردو نەخۆشی یەکان بن ودوژمنان باشتر بناسن ونەخەڵەتێن بەفاك و فیکی ناحەزان وپڕوپاگەندەی پیاوانی شەیتان...

موعجیزەی (٦٨) هەواڵدانی بەشوێنکەوتن و چاولێکردنی گاورو جولەکە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ: ﴿ **لتتبعن سنن من كان قبلكم شبراً بشبر ذراعاً بذراع حتى لو سلكو جحرضب لسلكتموه قلنا**

یارسول الله الیهود والنصاری؟؟ قال فمن﴾[٦٤] واتە: بەراستی شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون بست بەبست وباڵ بەباڵ،تەنانەت ئەگەر بچنە کونی بزن مژمشەوە دەچن بەدوایاندا،ووتمان پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستت جولەکەو گاورە؟ فەرمووی:ئەی گوایە کێ؟ئانەوە هەواڵدانە لەداهاتوو،کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئامازەی پێکردووە دەقاو دەق ئەوە هاتۆتە دی،ئەوەتا جولەکەو گاور کۆنادەن و وازناهێنن،وەخوای گەورەش لەقورئانە پیرۆزەکەیدا ئامازەی بۆ ئەمە کردووە بۆ ئەو شوێن کەوتنەش بە ملیارەها دۆلار سەرف دەکرێ وهەرچی هۆکاریش هەیە خراونەتەکار لەکەنالە ئاسمانی یەکان وڕۆژنامەو گۆڤارەکان وپڕوپاگەندەی ئەڵقە لەگوێ یەکان وکڕینی خەڵکان وگومڕا کردنیان...

موعجیزەی (٦٩) هەواڵدانی بەبڵاوبوونەوەی سوو خواردن:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت:﴿ **لیاتین علی الناس زمان لایبقی منهم أحد إلا أکل الربا فمن لم یأکل اصا به من غبار﴾**[٦٥] واتە: ڕۆژێك دێت کەس نامێنێت سووی نەخواردبێت ئەوەش کەسووی نەخواردبێ پریشکی بەرکەوتووە یان تۆزی سووی لێ نیشتووە،بەراستی ئەوەش موعجیزەیەکی زۆر گەورەیە ،چونکە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) سووخواردن هەبووە بەڵام بەهۆی ئەوەی کەئیسلام جەنگیکی گەورەی بەرپاکرد دژی سوو خۆری وحەرامی کرد، باشە کێ دەڵێ سەرهەڵدەداتەوە ؟ باشە ئەگەر سەریشی هەڵدایەوە چۆن ئاوا زۆر بلاو دەبێتەومو هەموو کەس دەگرێتەوە؟ ئەگەر

---

[٦٤] (حدیث صحیح :أخرجه البخاري والمسلم)

[٦٥] (حدیث صحیح:رواه ابن ماجه)

سەیری ئەم سەردەمەی خۆمان بکەین ڕاستیێتی ئەم فەرموودەیە بە چاکی دەبینین ئەوەتا کاروباری بانقەکان لەسەر سووخواردن بەندە و خەڵکانێکی زۆر کە ترسی خوای گەورە لە دڵیاندا نیە سڵ لە سووخواردن ناکەنەوە و زۆر کەسیش نەگەر ڕاستەو خۆ سوو نەخوات پڕیشکی بەردەکەوێت ....

موعجیزەی (٧٠) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە شوانەوێڵەو پێخواسەکان دەبنە خاوەنی کۆشک و تەلار :

جیبریل پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بارەی هاتنی کاتی قیامەت ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : پرسیار لێکراو زاناتر نیە لە پرسیار کەر لەبارەی ئەو ڕۆژەوە ، جیبریل : فەرمووی : هەواڵم بدەرێ لە نیشا نەکانی : فەرمووی : دەبینی ڕووت و قوت وپێخواس و شوانەوێڵە بینای بەرز بەرز دروست دەکەن و دەبنە خاوەنی کۆشک و تەلار[٦٦] هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە ڕاستگۆیە چۆنی فەرموە پێش زیاتر لە ١٤ سەدە ئێستا ئەوە زۆر بە ئاشکرا دیارەو هەیە .....

موعجیزەی (٧١) هەواڵدانی لە بارەی فرۆشتنی ئاین بە کەل وپەلی دنیا :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : بادروا بالأعمال فتناً كقطع الليل المظلم ، يصبح الرجل مؤمنا ويمسي كافراً ، أو يمسي مؤمناً و يصبح كافراً ، يبيع دينه بعرض من الدنيا [٦٧]

---

[٦٦] (صحيح : اخرجه البخاري (٥٠) ومسلم (٨،٩،١٠) .

[٦٧] (صحيح : اخرجه مسلم (١١٨) .

واتە : پیشبڕکێ بکەن بۆ کردەوەی چاکە چونکە لەومو دوا فتینەو ناڕاوە پەیدا دەبن وەك پارچەیەك لەشەوی تاریك ، پیاو هەیە بەیانی ئیماندارە ، نێوارە کافربووە ، هەیە نێوارە ئیماندارە بەیانی کافر بووە ، لەبەر ئەومی دینەکەی خۆی بە کەل و پەلی دنیا دەفرۆشێ ، بەڕاستی هەرومك چۆن پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : ئەومش بە تەواوی هاتۆتە دی ،کەسی وا هەیە خۆی بەکەسێکی زانا دەزانێ لەجیاتی ئەومی ڕێزی خۆی ڕابگرێ و نەخەڵەتێ کەچی بە فاك و فیکی کەسانێکی دوور لە دین ولە خوا نەترس دەخەڵەتێ و لە پێناو دەستکەوتنی چەند دینارێك ئاینەکەی خۆی دەدۆڕێنێ و بەشان و باڵی ستەمکارو ملهوران هەڵدەڵێ و خۆی تووشی ڕق وتووڕەیی خوای پەروەردگار دەکات و ئیمانەکەی لە دەست دەچێ .....

موعجیزەی (٧٢) هەواڵدانی لەبارەی پەیدابوونی پۆلیسی خراپ و ستەمکار:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ : وعن أبي أمامة –رضى الله عنه – أن النبي (ﷺ) قال (سيكون في آخر الزمان شرطة يغدون في غضب الله ويروحون في سخط الله)[٦٨] واتە : لە نەبی ئومامەوە – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : لە ئاخیری زەماندا پۆلیسانێك پەیدا دەبن بەیانی دەکەنەوە لە کاتێکدا کە خوای گەورە غەزەبی لێ گرتوون ، وە نێوارە دەکەنەوە لەناو تووڕەبوونی خوادا واتە : خوای گەورە لێیان تووڕەیە ، هەزاران دروورد بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە بە ڕاستی هەرچی کە فەرمویەتی : هەمووی تەواوە و دەقاو دەق هاتۆتە دی خوای گەورە لە بارەی پێغەمبەرەکەی خۆی لە قورئاندا

---

[٦٨] (حديث صحيح ، انظر صحيح الجامع (٣٦٦٦) .

فه‌رموويه‌تى : (وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحى يوحى) النجم ٣-٤ واته‌ : له‌ هه‌وا و هه‌وه‌سه‌وه‌ قسه‌ناكات كه‌ قورئان ده‌خوێنێت هه‌رچى دەيڵێ قورئانه‌ و سروشت دەكرێ بۆى ....

موعجيزه‌ى (٧٣) هه‌واڵدانى له‌ باره‌ى ڕۆيشتن به‌ ناو مزگه‌وتدا و نوێژ تيادا نه‌كردنى :

عن ابن مسعود – رضي الله عنه- ان النبي (ﷺ) قال : من أشراط الساعة ان يمر الرجل في المسجد لا يصلي فيه ركعتين وان لايسلم الرجال الا على من يعرف [٦٩] واته‌ : له‌ نيشانه‌كانى هاتنى قيامه‌ت ئه‌وه‌يه‌ ، كه‌ پياو به‌ ناو مزگه‌وتدا دەڕوات دوورِكات نوێژى تيادا ناكات ، وه‌پياو سه‌لام ته‌نها له‌ كه‌سێك دەكات كه‌ بيناسێ ئه‌وەى كه‌ ناياسێ سه‌لامى لێ ناكات ، به‌ڵێ خوێنه‌رى به‌رِێز نێستا ئه‌وه‌ زۆر به‌ئاشكرا دەبينرێ كه‌سى واهه‌يه‌ دێته‌ ناو مزگه‌وت به‌ڵام دوورِكات نوێژى تيادا ناكات ، وه‌هه‌روه‌ها چه‌نده‌ها خه‌ڵك هه‌يه‌ ئه‌گه‌ر كه‌سێك نه‌ناسێ هه‌رگيز ناماده‌ نيه‌ سه‌لامى لێبكات .....

موعجيزه‌ى (٧٤) هه‌واڵدانى له‌باره‌ى نزيك بوونه‌وه‌ى زه‌مان و كه‌مى به‌ره‌كه‌ت له‌كاتدا :

عن أنس بن مالك – رضى الله عنه- أن النبي (ﷺ) قال : لا تقوم الساعة حتى يتقارب الزمان فتكون السنة كالشهر ، والشهر كالجمعة ، وتكون الجمعة كاليوم ، ويكون اليوم

---

[٦٩] (صحيح (انظر حديث رقم (٥٨٩٦) في صحيح الجامع) .

كالساعة كالضمرة بالنار)[٧٠] واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە –خوای لێ ڕازی بێ– لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی قیامەت هەڵناستێ هەتا زەمانە نزیك بوونەوە بە خۆیەوە ئەبینێ وای لێ دێ سائیلێك وەك مانگێکی لێ دێ واتە: لە ڕووی تێپەڕیندا ، وە مانگێك وەك جومعەیەکی لێ دێ ، وە جومعە وەك ڕۆژێکی لێ دێ ، وە ڕۆژێکیش وەك سەعاتێکی لێ دێ وەزانایان دەربارەی ئەو فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاوا دەڵێن : مەبەست لێی زوو تێپەڕینی کاتە ، کەمبوونەوەی بەرەکەتە تیایدا وەکەم بوونەوەی دووری ڕێگاکانە بە هۆی پێشکەوتنی کەل و پەل و هۆکارەکانی گواستنەوەوە .... بە ڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەر پایەدارە (ﷺ) .

موعجیزەی (٧٥) هەواڵدانی بەوەی کە ئەبوبەکر وعومەر دەبنە جێنشین:

بە ڕیوایەتی صحیح چەسپاوە و دەرکەوتووە کە چەندین جار پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی : (اقتدوا باللذ ين من بعدي أبي بكر وعمر) صحيح : رواه الترمذي وابن ماجه والحاكم وأحمد والبيهقي واتە: لە پاش خۆم شوێن ئەودوانە بکەون کەلە دوای من دێن ،کە ئەبوبەکر و عومەرن واتە : هەواڵی ئەوەی داوە کە ئەم دوانە دوای خۆی دەمێنن و دەبن بەجێنشین و بە چەشنێك کە خوای گەورە پێی ڕازی بێت ، ئەرکی جێنشینی ئەنجام دەدەن و ،ئەبوبەکر ماوەیەکی کەم جێنشین دەبێت ، بەڵام عومەر ماوەیەکی زیاتر چەندین فتوحاتی زۆریش دەکات .

---

[٧٠] (صحيح انظر الحديث رقم (٧٤٢٢) في صحيح الجامع).

موعجیزەی (٧٦) هەواڵدانی بەوەی کە خەلافەت لە دوای خۆی سی ساڵ بەردەوام دەبێت پاشان دەبێتە بەپاشایەتی یەکی گەزندە :

لە فەرموودەی صحیح دا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە کە خەلافەت لە دوای خۆی سی ساڵ بەردەوام دەبێت ، پاشان دەبێت ، بە پاشایەتی یەکی گەزندە ، رواه أحمد والترمذي والدارمي و أبو يعلى وابن حبان . وەهەروەها فەرموویەتی (وان هذا الامر بدأ نبوة ورحمة ، ثم يكون رحمة وخلافة ، ثم يكون ملكاً عضوضاً ، ثم يكون عتواً وجبروتاً وفساداً في الأمة) صحيح: رواه أحمد والبزار والطبراني في الأوسط بەوەش ماوەی جێنشینی خەلافەتی ڕاشیدی بە سێ ساڵ دەستنیشان کرد ، کە بەشەش مانگەکەی خەلافەتی حەسەنی کوڕی عەلی – خوالێبێان ڕازی بێ هەر سێ ساڵەکە پڕ دەبێتەوە ،ئینجا پادشایەتی و ستەمکاری و فەساد لەناو نەتەوەی ئیسلامدا یەک لەدوای یەک دێن پەیدا دەبن هەر بەو جۆرەش هاتەدی کە ئەو فەرموویەتی .....

موعجیزەی (٧٧) فەرمووی بازرگانیەکەت قازانجی کرد :

حاکم لە عیکریمەوە دەگێڕێتەوە وە دەفەرموێت : کاتی سوهەیب کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە بێ باوەڕانی مەککە شوێنی کەوتن ئەویش لەوەی تیرەکانی تێدا بوو چل تیری دەرهێناو وتی : سوێند بەخوا ناگەن بەمن هەتا هەر یەکەتان تیرێک لەم تیرانەی لێ نەدەم پاشان بەشمشێر کەم دەجەنگم لەگەڵتانداو ئێوەش دەزانن من چۆن پیاوێکم لەشەڕدا ، وە من

لەمەککەدا سامانەکەم لە دوو دەفردا بەجێ هێشتووە هەردووکیان بۆنێوە نەگەر ڕێگرم نەبن لە ڕۆیشتنم بۆ مەدینەو نەوانیش ڕێگەیان پێدا جا ئەم ئایەتە دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) کە دەفەرمووێ: (ومن الناس من يشرى نفسه ابتغاء مرضات الله) جاکاتێ گەیشتە مەدینەو پێغەمبەر (ﷺ) بینی فەرمووی ئەبوو یەحیا بازرگانیەکەت قازانجی کرد پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە وەهەروەها کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سوهەیبی بینی فەرمووی ئەی ئەبوو یەحیا بازرگانیەکەت قازانجی کرد سێ جار وای فەرموو : سوهەیب دەڵێ : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا هیچ کەسێك پێشم نەکەوتووە بۆخزمەتت هیچ کەسیکیش هەواڵی پێ نەداوی تەنها جبریل –سەلامی خوای لێ بێ – هەواڵی پێ داوی [٧١]

موعجیزەی (٧٨) هەواڵ دانێکی ڕاست ودرووست لەحەجی ماڵئاوایدا:

لە جابرەوە –خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : پێغەمبەرم بینی (ﷺ) بەردی پێ بوو شەیتانی پێ ڕەجم دەکرد لە ڕۆژی جەژنی قوربانداو دەی فەرموو : کاروباری حەج و مەناسیکەکانی لەمن وەرگرن وفێرببن ، چونکە نازانم لەوەیە دوای ئەو حەجە ئیتر جارێکی تر نەگەڕێمەوە بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج [٧٢] لەو فەرمووده یەدا هەواڵدانی غەیبی تیایدایە ئەویش وەفاتی پێغەمبەر بوو (ﷺ) پێش هاتنەوەی وادەی حەجی داهاتوو ئەوەش دەقاو دەق هاتەدی وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاستی فەرموو خوای گەورە لەبارەی پێغەمبەرەکەی

---

[٧١] (حديث صحيح واخرجه البيهقي في الدلائل (٢/٢٤٥ ، ٢٤٦) بلفظه .

[٧٢] (حديث صحيح رواه مسلم) .

فه‌رموویه‌تی (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحی یوحی) النجم ٣-٤ واته: له‌هه‌واو هه‌وه‌سه‌وه قسه ناکات که‌قورئان ده‌خوێنێت هه‌رچی ده‌یڵێ قورئانه و سرووش ده‌کرێ بۆی .

موعجیزه‌ی(٧٩)هه‌واڵدانی له‌باره‌ی چاره‌نووسی عومه‌یری کوڕی حومام:

ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك –خوای لێ ڕازی بێ – ده‌ڵێ : پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) (بسیسة) ی به‌هه‌والگری نارد تاسه‌یربکات بزانێ حوشتره بارهه‌لگرەکانی ئه‌بوسوفیان چیان به‌سه‌ر هاتووه ، هاته‌وەو ماڵه‌که که‌سێکی تری تێدا نه‌بوو جگه له پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) (بسیسة) هه‌واڵه‌که‌ی گه‌یاند ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕۆیشته ده‌ره‌وه و که‌وته ئاخاوتن و فه‌رموو : (ئێمه داخوازیه‌کمان هه‌یه و بۆی ده‌چین هه‌رکه‌سێ ولاغه‌که‌ی ئاماده‌یه با له‌گه‌ڵمان سواربێ) هه‌ندێ که‌س داوای مۆڵه‌تیان لێکرد تا بچن له‌سه‌رووی مه‌دینه‌وه ولاغه‌کانیان بهێننه‌وه فه‌رموو : (نه‌خێر با ته‌نها که‌سێ بێت که ولاغه‌که‌ی ئاماده‌یه) پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) و هاوه‌ڵانی ڕۆیشتن و له پێش گه‌یشتنی بێباوەڕان گه‌یشتنه به‌در دواتر بێباوەڕان هاتن پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)فه‌رموو : (که‌س بۆ هیچ دەست به‌کار نه‌بێ تا من پێی نه‌ڵێم) ئینجا بێباوەڕان نزیك که‌وتنه‌وه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموو : (هه‌ستن بۆ دەست خستنی ئه‌و به‌هه‌شته‌ی که پانتاییه‌که‌ی به‌قه‌د ئاسمانه‌کان و زەوی یه) ئه‌نه‌س وتی : عومه‌یری کوڕی حومامی ئه‌نصاری – خوای لێ ڕازی بێ – ده‌یوت : به‌خ به‌خ ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموو : (چی وات لێده‌کات بڵێیت به‌خ به‌خ) وتی : به‌خوا ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ته‌نها ئه‌وه وای لێکردم که هه‌زده‌کەم شایسته‌ی ئه‌و به‌هه‌شته بم فه‌رموو : (تۆ له‌خه‌ڵکی

بەهەشتیت) ئینجا چەند دنکە خورمایەکی لە تیرخانەکەی دەرهێناو کەوتە خواردنیان پاشان وتی :

نەگەر من بژیم تا ئەم چەند خورمایە دەخۆم بەڕاستی ئەوە ژیانێکی دوورو درێژە ، ئەنەس وتی : هەموو ئەو خورمایانەی کە پێی بوون فرێی دان پاشان جەنگا لەگەڵ بێباوەڕان دا هەتا شەهید کرا[٧٣]

موعجیزەی (٨٠) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی چارەنووسی کافرە موشریکەکان لە غەزای بەدردا :

ئەبو تەلحە –خوای لێ ڕازی بێ – وتی : پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا ، فەرمانی فەرموو لاشەی بیست و چوار کەسیان لەگەورە پیاوە کافرەکانی قورەیش ، کەلە بەدردا کوژرابوون ، فرێ دایە ناو بیرێ لە بیرەکانی بەدرەوە کە بەبەرد هەڵچنرابوون ، بەڕاستی تابلێی بیرێکی پیس و چەپەڵ بوو ، پێغەمبەر (ﷺ) دەستوری وابوو کەخوا سەری دەخست بەسەر هۆزێکدا سێ شەو لەو مەیدانەدا لەدەشتایی بەرمالاّن دەمایەوە لەغەزای بەدریش دا لەڕۆژی سێیەمی زاڵبوونی دا ، فەرمانی فەرموو وشترەکەیان بۆ کۆپان کرد ، ئەوسا سواری بوو و ڕۆیشت ویارانی شوێنی کەوتن و وتیان : لەوەیە بۆکارێکی تاییەتی خۆی بچێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سواربوو ، ڕۆیشت هەتا چووە سەرلێوارێ بیرەکەو لەوێ ڕاوەستا ودەستی کرد بەبانگ کردنی کافرە کوژراوەکانی ناو بیرەکەو یەکەیەکە ناوی خۆیان و بەناوی باوکیانەوە بانگی دەکردن ودەیفەرموو : (ئەی فیساری کوڕی فیسار ئەی ئەومو ئەی ئەوە پەشیمانیتان

---

[٧٣] (پوختەی صحیحی موسلیم لا پەرە ٥٦٤) .

حاسڵ کردو ئێستا خۆزگه‌ دەخوازن که‌ ئەو پەندەتان بەخۆتان نەدا بایە ، وەلە دنیادا موسڵمان بوونایەو لەفەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی دەرنەچوونایەو، ئەو ڕۆژە ڕەشەتان بەسەر خۆتان نەهێنا بایە ، دەی بزانن ئەوا ئێمە لەسایەی خوای گەورەوە بەناواتی خۆمان گەیشتین و ئەو مژدەو بەڵێنەی کە خوای خۆمان وادەی پێ دابووین دەستمان کەوت و بەچاوی خۆمان دیمان ، دیارە کە ئێوەش بەتۆڵەی سەختی کاری بەدی خۆتان گەیشتوون و ئەو هەڕەشەو ئێش ونازارەی کە خوا وادەی ئەوەی پێتان دابووی بە چاوی خۆتان بینیتان ، عومەر –خوای لێ ڕازی بێ – وتی : قسەی چی لەگەڵ لاشەی بێ گیاندا دەکەی ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بەو خوایەی کەگیانی منی لەدەستدایە ،ئەوانیش وەک ئێوە ناوا گوێیان لەم قسانەی منە ، بەڵام ئەوەندە هەیە کەناتوانن وەڵام بدەنەوە[٧٤]

موعجیزەی (٨١) هەواڵ دانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی شەهید بوونی خوبەیبی کوڕی عەدیی :

لە مانگی سەفەری ساڵی چوارەم دا کۆمەڵێك لە هۆزی عەضەل و قارە هاتنە مەدینە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خۆیان بە موسڵمان خستە پێش چاو وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا خەڵك لەلای ئێمە موسڵمان بووە ، جا چەند کەسێك لە هاوەڵانت بنێرە لەگەڵمان تا لەدین شارەزامان بکەن و قورئانمان پێ بڵێن و شەریعەتی ئیسلاممان فێر بکەن ، بۆ ئەم داوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نۆ هاوەڵی هەڵ بژارد و وەک لەلای بوخاری هاتووە و صەحیح تریشە ، مورثیدی کوڕی ئەبو مورثیدی غەنەویی کردە سەرۆکیان ، کەیەکێ لەو هاوەڵانەش عاصیمی کوڕی ثابیتی کوڕی ئەبونەفلەح بوو، کەلەتیر هاویشتن دا پاڵەوانێکی

---

[٧٤] (اخرجه مسلم في الجنة وصفة نعيمها واهلها ، باب : عرض مقعد الميت من الجنة والنار عليه رقم : ٢٨٧٥) .

بەناوبانگ بوو ، لەڕۆژی نوحودیش دا یەکێ لە ئەرکانی جەنگی سوپای ئیسلام بوو و بەتیری ئەویش دوان لە هەڵ گرانی ئالای قورەیش لەو جەنگەدا کوژرابوون لە ڕیوایتێکی تردا دەڵێ : عاصیم سەرۆکی هاوەڵەکان بووە . ئەو دەستە قورئان خوێنە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ناپاکەدا بەرەو مەککە کەوتنە ڕێ ، هەتا گەیشتنە سەر ئاوی ڕەجیع کەناوچەی هوذەیلە ، ئەنێوان عوسفان و مەککەدا ، موسڵمانەکان لەسەر ئاوەکەدا لایان داو هیچ خەمیان نەبوو ، کەچی مونافیقەکان ناپاکیان لەگەڵیان دا کردن ، یەك لەدوای یەك خۆیان دزیەوە و بەرەو ڕووی هۆزی هوذەیل چوون و هاواریان لێ کردن تابێنە سەر موسڵمانەکان ، ئەوەبوو دووسەد پیاوێکیان هاتن و هێرشیان کردە سەر موسڵمانەکان ، موسڵمانەکان کەسەیریان کرد ، چوار دەوریان بەپیاوی شمشێر بەدەست گیراوە خێرا هەردە موسڵمانەکە دەستیان دایە شمشێرەکانیان تابەرگری لە خۆیان بکەن جەنگ گەرم بوو کە کافران دەست و شمشێری موسڵمانەکانیان بینی زانیان چاریان ناکەن ، بۆیە کەوتنە فڕوفێڵ و داوای وەستانی جەنگیان کرد و وتیان : ئێمە بەخوا نامانەوێ بتان کوژین عەهدو پەیمانی خوا بێت کەناتان کوژین موسڵمانەکان کە ئەمەیان بیست دووڕایان هەبوو بەشی زۆریان دەریان بڕیی کەبەهیچ شێوەیەك بە بەڵێن و پەیمانی کافر بڕوا ناکەن حەوتیان ئەوە ڕایان بوو ، بۆیە هەڵمەتیان داو دەستیان بەکوشتاری کافران کرد ، بەڵام کافران یەکجار زۆر بوون هێرشیان کردە سەر ئەو بەڕێزەپاك و خاوێنانە و هەموویان شەهید کردن بەڵام سیانەکەی تر کەبینیان بەرگری ئەوان کەڵکێکی نیەو هەر ئەیان کوژن ، بڕوایان بەبەڵێنەکەیان کردو خۆیان بەدەستەوە دا ئەو سیانەش زەیدی کوڕی دەثینە و، خوبەیبی کوڕی عەدیی و عەبدوڵلای کوڕی طاریق بوون خۆیان بەدەستەوەدا ، ئەو ناپاکانە قۆڵ بەستیان کردن و بەپەڵە بەرەو مەککە دایاننەبەر ، تا لەوێ بیان فرۆشن بە کافرانی مەککە ، کەدەیان زانی قورەیش یەکجار شادمان دەبن هاوەڵانیان دەست بکەون ، کە عەبدوڵلای کوڕی طاریق ناپاکی

ئەو بت پەرستانەی بینی خێرا پەشیمانی خۆیەدەستەوەدانەکەی بووەوە ، کەگەیشتنە ظە هران لەسەر رێی مەککە عەبدوڵلاّ دەستی خۆی داماڵی وشمشێرەکەی فڕاندو دەستی دایە جەنگ پت پەرستەکان ئەیان وێرا بچنە مەیدانی شەڕە شمشێری عەبدوڵلاّ وە ناچار هەر لەدوورەوە بەردیان تێ دەگرت ، هەتا شەهیدیان کرد و گیانی سپارد ، -خوای لێ ڕازی بێت- پاشان هوزەیل خوبەیب و زەیدی یان بردن بۆمەککە جالەبەر ئەوەی مەککەو مەدینە ناکۆک بوون سەردارانی قوڕەیش ئەم کارەی هوزەیلیان زۆر بەدڵ بوو کەوتنە سەرو خوار لەگەڵ هۆزەیل دا تا لەسەر نرخەکەیان ڕێك بکەون و بەکوشتنیان تۆڵەی کوژراوەکانیان وەربگرنەوە سەرەنجام قوڕەیش دیل بەدیل لەگەڵ هوزەیل ڕێککەوتن خوبەیب و زەیدی یان دایە دەست قوڕەیش جا ئیبن سەعد باسی ئەوەی کردووە کە صەفوانی کوڕی ئومەییەی جوممەحیی زەیدی کڕیوە ، تا لە بری ئومەییەی کوڕی خەلەفی باوکی دا ، کە موسڵمانەکان لەجەنگی بەدردا کوشتبویان بی کوژێتەوە ، حوجەیری کوڕی ئەبو ئیهابیش خوبەیبی کڕی و دایە دەست عوقبەی کوڕی حاریثی خوشکەزای تا لەبریی باوکی دا کەموسڵمانەکان کوشتبویان بی کوژێتەوە ئەو ڕووداوە لە مانگەکانی حەرام دا ڕووی دا ، بۆیە دانیشتوانی مەککە جێ بەجێ کردنی لە سێدارەدانی ئەم دوو هاوەڵەیان دواخست ، تا ئەو مانگانە بەسەر بچن و پاشان بەشێوەیەکی درندانە شەهیدیان کردن لەو ماوەیەدا خوبەیب لە ماڵێکی ئەوەی حارث دا بەند کرابوو ، کەماوەی شەهیدکردنەکەی نزیك بوویەوە لە کەنیزەکێکی ماڵەکە گوێزانێکی وەرگرت تا خۆی پاك بکاتەوە ، ئیتر کەنیزەکەکە بەشتی ترەوە پەشۆکا و منداڵێکی ساوای ماڵی ئاغاکەی لەیاد چوو و منداڵەکەش ڕۆیشت بۆلای خوبەیب و ئەویش منداڵەکەی لەسەر ڕانی خۆی دانا کەکەنیزەکەکە ئەوەی دی داچڵکا و بەترس و لەرزێکەوە لە دڵی خۆیدا وتی : بەخوا کابرا بەکوشتنی منداڵەکە تۆڵەی خۆی سەند خوبەیب هەستی بەترس و پەشۆکانی ئافرەتەکە و ئەوەش کەبەدڵی داهات کرد ، بۆیە پێی وت : ئەترسیت بی کوژم ؟ انشاءالله

شتی وەها ناکەم ، کەنیزەکەکە دوای ئەوەی موسڵمان بوو بوو باسی نەکرد ، هەرگیز دیلی چاکی وەك خوبەییم نەدیوە ، چاوم لێ بووە کەلە هێشووە تڕێی خواردووە و ئەو ڕۆژەش لە مەککەدا هیچ میوەیەك نەبووە و کۆت و زەنجیریش لە دەست و پێی دا بووە و ئەوەش ڕزقێك بوو کە خوا پێی بەخشی بوو قوڕەیش هەروەك لەمانگە حەرامەکان دا خوێنیان نە نەڕێژا ، هەروەها لەناوچەی حەرەمی مەککیش خوێنیان نەنەڕێژا بۆیە هەردوو هاوەڵەکەیان لەحەرەم بردنە دەرەوە و لە ناوچەی تەنعیم شەهیدیان کردن کاتێك کەهەردوو دیلەکە بەرەو نەو شوێنە نەبران ، زۆرێك لە دانیشتوانی مەککە لە ژن و پیاو و منداڵ وبەندە ، هەتا نەبوسوفیانی سەرداری مەککە ، دوایان کەوتبوون ، بۆیە لەم هەڵوێستەدا پێویست بوو هەردوو هاوەڵە مەزنەکە ، نەوپەڕی نازایەتی و چاونەترسی بنوێنن ، تا ناستی سەربازی موسڵمان بە بەرزو بڵند بێتە بەرچاوی خەڵکێك کە دوژمنی دینەکەیانن خوا پاداشتیان بداتەوە هەردوکیان نمونەی پاڵەوانی بە جەرگ بوون نەوە بوو صەفوان زەیدی دایە دەست بەندەیەکی کەناوی (نسطاس) بوو فەرمانی بەسەردا دا کە بی کوژێ ، کاتێك کەزەیدی کوڕی دەثینە هێنرایە پێشەوە تا بی کوژن ، بۆ تاقیکردنەوەی نەبوسوفیان لێی پرسی : نەی زەید بۆ خوا لێت نەپرسم ، نایا پێت خۆش نەبوو نیستا موحەممەد لە جێی تۆدا بوایە ، بدرایە لەملی و تۆش لەناومانْ و منداڵی خۆت دا بوویتایە ؟ زەید – خوای لێ ڕازی بێ –وەڵامی دایەوە : نابەخوا پێم خۆش نیە نیستە موحەممەد لەو شوێنەی خۆیدا دڕکێکی پێبابچێ و نازاری بدات و منیش لەناوکەس و کاری خۆم دا دانیشتبم ، نەبوسوفیان وتی : نەم دیوە هیچ کەس کەسێکی خۆش بووێ وەك هاوەڵانی موحەممەد موحەممەدیان خۆش نەوێ بەر لەوەی (نسطاس) بێتە پێشەوە بۆ شەهید کردنی زەید ، بت پەرستەکان دەستیان کرد بەنازاردانی بەستیانەوە و دەستیان کرد بە تیر هاویشتن بۆی ، بەڵام لەشوێنی وەهایان نەنەدا کەبی کوژێ ، بەو هیوایەی بەڵکو پەشیمان بێتەوە و لەدین وەربگەڕێ ، کەچی تانەهات ئیمانی

دامه‌زراو تر ده‌بوو وزیاتر خۆی ته‌سلیمی خوای گه‌وره‌ نه‌کرد ، به‌ڵام خوبه‌یبی شه‌هید ، قوره‌یش ناهه‌نگێکی یه‌کجار گه‌وره‌میان بۆ شه‌هید کردنی سازدا ، خه‌ڵکێکی زۆر هاتبووه ته‌ماشای پارچه‌ پارچه‌کردنی لاشه‌ی مرۆڤی نیمان دار ، پێش نه‌وه‌ی بی کوژن به‌سێداره‌وه‌ هه‌ڵیان واسی ، ده‌ستیان کرد به‌هه‌ڕه‌شه‌کردن لێی به‌ڵکو واز له‌ دینه‌که‌ی بهێنێ ، به‌ڵێنیان پێ دا که‌نه‌گه‌ر له‌دینی موحه‌مه‌د پاشگه‌ز بێته‌وه‌ ، نازادی بکه‌ن و له‌کوشتن ڕزگاری ببێ ، جا که‌وازی نه‌نه‌هێنا به‌ ڕم لێیان دەدا ، نه‌ویش – خوای لێی ڕازی بێ – وه‌ك نیماندارێکی ڕاستگۆ که‌شه‌هیدبوونی به‌لاوه‌ شیرین بێ ده‌ی وت : کوشتنی من له‌ پێناو خوادا کارێکی یه‌کجار که‌مه‌ ، شایانی باسه‌ که‌خوبه‌یب پێش هه‌ڵواسینی داوای له‌ کافرانی قوره‌یش کرد که‌مۆڵه‌تی بدەن دوو ڕه‌کعه‌ت نوێژ بۆ خوا به‌جێ بهێنێ ، نه‌ونیش ڕێگه‌یان دا نه‌ویش – خوای لێ ڕازی بێ - دوو ڕکاتی به‌جوانی و به‌خشووعه‌وه‌ بۆ خوا به‌جێ هێنا ، وه‌ك بڵێ : خوای په‌روەردگارم واهاتم بۆ خزمه‌تت خوایه‌ هه‌ر تۆم لێ ڕازی بێ ئیتر هیچی ترم ناوێ ، خوایه‌ به‌وپه‌ڕی زه‌لیلی یه‌وه‌ له‌دەرگای تۆدا وەستاوم نائومێدم نه‌که‌ی له‌ ڕه‌حمه‌تی خۆت بێ به‌شم نه‌که‌ی خوایه‌ ، که‌لێ بوویه‌وه‌ ، ڕووی له‌ موشریکه‌کان کردو وتی : به‌خوا له‌به‌ر نه‌وه‌ نه‌بوایه‌ که‌ نه‌ترسم وابزانن له‌ترسی مردن دڕێژه‌ به‌ نوێژه‌کەم نه‌دەم نوێژی زۆرم به‌جێ نه‌هێنا ئیبن ئیسحاق ووتوویه‌تی : خوبه‌یبی کوری عه‌دیی یه‌کەم که‌سێکه‌ که‌به‌جێهێنانی نه‌و دوو ڕکاته‌ی له‌کاتی کوشتن دا کرده‌ سوننه‌ت ، کاتێك که‌خوبه‌یب به‌سه‌ر سێداره‌که‌وه‌ هه‌ڵواسرا بوو له‌ خوای گه‌وره‌ پاڕایه‌وه‌ و وتی : خوایه‌ هیچ که‌س لێره‌ نیه‌ هه‌تا سه‌لامم به‌ پێغه‌مبه‌رکه‌ت ڕابگه‌یه‌نێ ، خۆت سه‌لامی منی پێ ڕابگه‌یه‌نه‌و ، پێشی ڕابگه‌یه‌نه‌ که‌چیمان پێ نه‌کرێ ، خوای گه‌وره‌ به‌سۆزو شه‌فه‌قه‌تی فراوانی دووعای شه‌هیدی ستەم لێکراوی گیرا کردو ، پێغه‌مبه‌ری دەربا‌ره‌ی خوبه‌یب ئاگادار کرد که‌چی پێ نه‌کرێ ، نوسامه‌ –خوای لێ ڕازی بێ - گێڕاویه‌تەوه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌و ڕۆژەدا که‌ خوبه‌یب له‌ سێدارەدرا بوو له‌ناو

هاوەڵەکانی دا دانیشتبوو و ئەو حاڵەتەی کەلەکاتی وەحی دا بەسەردا ئەهات ، بەسەری هات و گوێمان لێ بوو ئەی فەرموو : (وعليه السلام ورحمةالله وبركاته) پاشان فەرمووی : (هذا جبريل يقرئني السلام خبيب قتلته قريش) دوای وەڵامدانەوەی سەلامەکە فەرمووی : ئەوە جبریلە هاتووە و سەلامم لێ ئەکات قوڕەیش خوبەییان کوشتووە [٧٥] پاشان خوبەیب لەخوا پاڕایەوە تا قوڕەیش لەناوبەرێت و ئەی وت : (اللهم احصهم عدداً، واقتلهم بدداً ، ولاتغادر منهم احداً) .

موعجیزەی (٨٢) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی چارەنوسی عەبدوڵلاّی کوڕی عمروی کوڕی حرام :

جابیری کوڕی عەبدوڵلاّ-خوا لێ ی ڕازی بێ – دەڵێ : باوکم لە ڕۆژی ئوحوددا پێکرا، جلەکەم لەسەر ڕوومەتی لادەبرد و دەگریام نەهیان لێ دەکردم لە گریان، پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێ نەکردم، دەڵێ: فاتیمەی کچی عمرو بۆی دەگریا ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بۆ دەگریت یان بۆی ناگریت لەوکاتەوە فریشتەکان سێبەریان بۆدەکرد ، بە باڵەکانیان هەتا هەڵتان گرت [٧٦] هەروەها جابیر -خوای لێ ڕازی بێ –وتی : پێغەمبەرم (ﷺ) پێ گەیشت پێی فەرموم : ئەی جابیر دەتبینم قوپاویت چیتە ؟ جابیر دەڵێ : وتم ئەی پێغەمبەری خوا کەڕۆژی ئوحود باوکم شەهید بوو ، خێزان و قەرزێکی زۆری بەسەردا بەجێ هێشتووم بیر لەوە دەکەمەوە فەرمووی : حەز دەکەی باسی ئەوەت بۆ بکەم کە خوا چەند بەخۆشی پێشوازی لە باوکت کرد ؟ وتم : فەرمو : ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی : هەرگیز خوای گەورە لە پشتی

---

[٧٥] (ژیانی نازیزمان (ﷺ) لاپەرە ١٢ تا ١٦ .

[٧٦] (بخاري الجنائز (١٣٣١)) .

پەردەوە نەبێ قسەی لەگەڵ کەسێ نەکردووە بەڵام باوکتی زیندوو کردەوە و بەبێ پەردەو ڕووبەڕوو ، قسەو گفتوگۆی لەگەڵ دا کرد ، فەرمووی : پێی : ئەی بەندەی خۆم دڵت چی دەخوازێت داوای بکە لێم دەیدەم پێت نەویش وتی : ئەی پەروەردگارم زیندووم بکەرەوە هەتا دیسانەوە لە پێناوی تۆدا دەکوژرێمەوە پەروەدگاری گەورەو سەروەریش فەرمووی : لەمێژەوە بڕیارەو داومە نەوەی لەم دنیایە دەرچوو جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ جیهان جابیر وتی : جاخوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە (ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون) ال عمران (١٦٨) [٣٧] واتە : هەرگیز وا گومان مەبەن نەوانەی کەکوژران لە ڕێی خوادا مردوون نەخێر وانیە بەڵکو نەوانە زیندوون لای پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن....

موعجیزەی (٨٣) هەواڵدانی لەبارەی قسەکردنی ئەبوهورەیرە لەگەڵ شەیتان:

ئەبوهورەیرە – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاودێری کردنی زەکاتی سەرفیترەی ڕەمەزانی خستە نەستۆی من ، لەشەودا زەلامێك هات بۆ لام سەیر دەکەم بەمشت خەریکە دزە لە خۆراکەکە ئەکات ، منیش گرتم و وتم : بەخوا ئەبێت بتدەمە دەست پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش وتی : من کابرایەکی ناتاج و نەدارم و ماڵ و منداڵیکی زۆرم کەوتووە بەسەردا و زۆر پێویستیم پێ یەتی : دەڵێت : ئیتر وازم لێ هێنا بە بەیانیدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبوو هورەیرە ئەسیرەکەی ئەم شەوت چی لێ بەسەر هات ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا کابرا سکالای ناتاجی ونەداری مالّ ومنداڵی زۆری کرد ، منیش

---

[٣٧] (حديث حسن عند الترمذي) .

به‌زه‌یم پێدا هاته‌وه‌و وازم لێ هێنا فه‌رمووی : ده‌چاك بزانه ئه‌و دروٚی له‌گه‌ڵ کردوویت ئه‌یش گه‌ڕێته‌وه منیش زانیم ئه‌گه‌ڕێته‌وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رمووی : ئه‌گه‌ڕێته‌وه منیش به‌ووردی قه‌ڕه‌وڵم لێ گرت ئه‌وه‌نده‌م زانی هاته‌وه ده‌ستی دایه‌وه خوٚراکه‌که و دزه‌ی لێ ئه‌کرد منیش گرتم و وتم : ئه‌بێ بتبه‌م بوٚ لای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) وتی لێم گه‌ڕێ من ئاتاج و نه‌دارم مالٚ منداڵم که‌وتووه به‌سه‌را ئیتر نایه‌مه‌وه منیش به‌زه‌یم پێدا هاته‌وه و وازم لێ هێنا به‌به‌یانیدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێی وتم : ئه‌ی ئه‌بوهوره‌یره دیله‌که‌ت چی لێ به‌سه‌ر هات وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا سکاڵای هه‌ژاری و نه‌داری و منداڵ زوٚری خوٚی زوٚر بوٚکردم منیش به‌زه‌ییم پێدا هاته‌وه و وازم لێ هێنا فه‌رمووی چاك بزانه که‌ئه‌و دروٚی له‌گه‌ڵ کردوویت و ئه‌ویش ئه‌گه‌ڕێته‌وه منیش بوٚجاری سێیه‌م هه‌م دیسان خوٚم لێ مه‌ڵاس دایه‌وه ئه‌وه‌نده‌م نه‌زانی هاته‌وه و ده‌ستی کرده‌وه به‌دزه‌کردن له خوٚراکه‌که منیش گرتم و وتم : ئه‌تبه‌م بوٚلای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئه‌مه‌یش دواهه‌مین جاره‌و سێ جار دووباره‌ت کرده‌وه و ده‌شڵێی نایه‌مه‌وه هه‌ر درووده‌که‌یت و هه‌ر ئه‌یش گه‌ڕێته‌وه وتی : لێم گه‌ڕێ باچه‌ند وشه‌یه‌کت فێرکه‌م که‌به‌هوٚیه‌وه خوا سوودت پێ ده‌گه‌یه‌نێت وتم : ئه‌و وشانه چین ؟ وتی : کاتێ چووییت بوٚتاو جێگه‌که‌ت (آیة الکرسی) بخوێنه ئه‌وه ئیتر به‌رده‌وام له‌لایه‌ن خواوه چاودێریت له‌سه‌ر ئه‌بێت و ئه‌ت پارێزێ و شه‌یتان توخنت ناکه‌وێت تابه‌یانی منیش وازم لێ هێنا به‌به‌یانیدا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) پێی وتم : ئه‌سیرمکه‌ت چی لێ هات وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا به بیانووی ئه‌وه‌ی گوایا چه‌ند وشه‌یه‌کم فێرده‌کات که به‌هوٚیه‌وه خوا سودم پێ ده‌گه‌یه‌نێت ، وازم لێ هێنا فه‌رمووی : جا ئه‌وانه چی بوون ؟ وتم : پێی وتم : کاتێ چوویته ناو جێگا (آیة الکرسی) بخوێنه وه‌پێشی وتم : به‌رده‌وام له‌خواوه چاودێریت له‌سه‌ر ئه‌بێت و شه‌یتان توخنت ناکه‌وێت تا ڕوٚژ ئه‌بێته‌وه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : چاك بزانه ئه‌و ڕاستی له‌گه‌ڵ کردوویت هه‌رچه‌نده خوٚی درووزنه ده‌زانی سێ شه‌وی ڕه‌به‌قه تو له‌گه‌ڵ

کێ قسە ئەکەیت ئەی ئەبوهورەیرە وتم : ئەخێر فەرمووی : ئەوە شەیتان بوو . پوختەی سەحیحی بوخاری لاپەرە ٤٥٤ - ٤٥٥

موعجیزەی (٨٤) هەواڵدانی بەبوونی شەیتان لە مااڵی قەتادەی کوڕی نوعمان دا :

ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرمودە سەحیحەی لە ئەبوو سەعیدی خودر یەوە -خوای لێ ڕازی بێ- گێڕاویەتیەوە کە : لەشەوێکی بارانی تاریکدا قەتادەی کوڕی نوعمان نوێژی خەوتنانی لەخزمەتی پێغەمبەر دا (ﷺ) بەجێ هێنا ، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) دار عەسایەکی کورتی پێدا فەرمووی بڕۆ ئەم دار عەسایە دەگەڵ لە پێش خۆتەوە و دەگەزیش لە پشتەوە ڕووناك دەکاتەوە کاتێکیش گەیشتە ماڵەوە شتێکی ڕەش دەبینیت ، ئەوە شەیتانە و هەر بەم دارە لێی بدە تا دەڕواتە دەرەوە ، قەتادەش ڕۆیشت و تا گەیشتە ماڵەوە شتە ڕەشەکەی بینی و بەدارەکەی دەستی لێی دا تاکو ڕۆشتە دەرەوە [٧٨] بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) .

---

[٧٨] (رواه أحمد وابن خزيمة والحاكم ، وقال : صحيح الاسناد على شرط الشيخين ولم يخرجاه و وافقه الذهبي) .

موعجیزه‌ی (٨٥) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌وه‌ی که‌فریشته‌ گوێی له‌قورئان خوێندنی ئوسه‌یدی کوڕی حوضه‌ یر گرتووه‌ :

بوخاری وموسلم دەقەکە هی ئەوە لەئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویانە ئوسەیدی کوڕی حوضە یر –خوای لێ ڕازی بێ– لەشەوێکدا لەحەوشەکەی دا قورئانی دەخوێند کەئەسپەکەی هەڵبەزی وکەوتە حیلە هەمدی وایکرد دووبارە وایکرد ئوسەید وتی : ترسام یەحیا بشێلێ بۆیە هەستام بۆلای ئەسپەکە سەیرم کرد شتێ وەك سێبەر لەسەر سەرمە لەئاسمان دا بەرزبویەوە تا نەمدی بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)وتم :ئەی پێغەمبەری خوا من دوێنێ لەتاریکی شەودا لەحەوشەکەم قورئانم دەخوێند

کەئەسپەکەم هەڵبەزی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : کوڕی حوزەیر بخوێنە منیش خوێندم هەمدی وایکرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : کوڕی حوزەیر بخوێنە وتی: خوێندم هەمدی هەڵبەزی پێغەمبەر (ﷺ) هەمان شتی وت و منیش لاچووم چونکە یەحیا لێوەی نزیك بوو ترسام بیشێلێت شتێ وەك سێبەرم دی بەسەرمەوە بەرەو ئاسمان بەرز بویەوە تا نەمدی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەوە فریشتە بوو گوێی لێدەگرتیت ئەگەر بتخوێندایە بەیانیت دەکردەوە خەڵکی فریشتەکەیان دەبینی و لێیان دا پۆشراو شاراوە نەدەبوو حاکم بەو شێوەیە بەکورتی هێناویەتی و دەڵێ : لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە تیایدا دەڵێ: لایکردەوە شێوەی چرا گەلی بینی وتی: لەنێوان ئاسمان و زەویدا بوو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا نەمتوانی بچم فەرمووی : ئەوە فریشتە بوو دابەزی بۆ قورئان خوێندن ئەگەر تۆ بچوو تیایە

شتی سەرسوڕهێنەرت دەبینی [٧٩] بەڕاستی ئەوانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن کە دڵنیایی تەواو دەبەخشن بە دڵ و دەروونە ساغەکان سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و پەروەردگار وە درود بۆ گیانی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) .

موعجیزەی (٨٦) هەواڵدانی لەبارەی شۆردنی حەنزەڵە لایەن فریشتەکان لەجەنگی ئوحوددا :

حەنزە لەگەنجێکی خواناس و سەر ڕاست بوو لەشەوی جەنگی ئوحوددا حەنزە لەیەکەم شەوی زاوایەتی بوو ، هەر ئەو شەوە جەمیلەی کچی ئوبەی کوڕی سەلوولی گواستبووەو ، حەنزە لەپیاوانە بەشداری جەنگی ئوحودی کرد حەنزە لە ئەو پیاوەیە کەناونراوە (غسیل الملائکة) چونکە کەشەهیدکرا لەشی گران بوو وبەفەرمانی خوا مەلائیکە شۆردیان کەبەیانی زوو جارێدا بۆجیهاد بووکی بەجێ هێشت و دەستی دایە کەرەسەی جەنگ و بێ ئەوەی ماوەی هەبێ خۆی بشوا ، بەپەلە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەجەنگ دەستی پێکرد حەنزە لەخۆی کرد بەناوی ڕیزەکان داو گەیشتە ناو جەرگەی مەیدانی جەنگ و گەیشتە لای ئەبوسوفیانی فەرماندەی گشتی سوپای مەککە و هەڵمەتێکی دایەو چوارپەلی ئەسپەکەی قرتاندو ئەبوسوفیان لەسەری کەوتە خوارەوە کە ئەبوسوفیان کەوتە زەوی حەنزە لە هەڵمەتی دا و پەڕی یە سەرسەری و وێستی سەری ببڕێ، بەڵام بەفەرمانی خوا ڕۆژی ئەبوسوفیان تەواو ئەبوو بوو وئەبوا ئەمرێ هەتا ئیمان بهێنێ و پلەی هاوەڵێتی دەست

---

[٧٩] (له الترغیب والترهیب ج ٢، ص١٣) دا هاتووە ئیبن حبان و تەبەرانی و بەیهەقی لە ئوسەیدی کوڕی حوزەیرەوە بەهەمان شێوە گێڕانەومکەی حاکمیان هێناوە وەلە کنز العمال ج٧ ص٧ داهاتووە ، ئەبوو عوبەید لە الفضائل وئەحمەد و بوخاری بە موعەللەقی و ئەسانی و جگە لەوانیش بەکورتی لێیانەوە هێناوە تیایدا دەفەرموێت (تلك الملائکة دنیت لصوتك ولو قرأت لاصبح الناس حتی ینظروا الیها لانتواری منهم) .

بکەوێ ، ئەومبوو یەکێ لە پیاوەکانی دەوروبەری ئەبوسوفیان کەناوی شەددادی کوڕی ئەسوەد بوو بەنازناوی (ابن شموب) ناسرا بوو بەپەلە هەڵمەتی دا تا ئەبوسوفیان ڕزگار بکات بەشمشێر حەنزە لەی داگرتەوە و شەهیدی کرد ، دوای شەهیدبوونی حەنزە لەی پاڵەوان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ان صاحبکم لتغسله الملائکة فاسالوا اهله ماشانه) فەرمووی : مەلائیکە حەنزە لە ئەشۆن ، لەهاوسەرەکەی پرسیار بکەن بزانن هۆی ئەمە چی یە ؟ کە پرسیار لەهاوسەرەکەی کرا ، وتی : کاتێك کەدەنگی جارچی جیهادی بیست بەلەشی گرانەوە کەوتە ڕێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :(لذلك غسلته الملائکة) فەرمووی : لەبەر ئەوە مەلائیکەت شۆردوویانە [٨٠].

موعجیزەی (٨٧) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی دابەزینی فریشتەکان لەبەر خاتری سەعدی کوڕی موعاذ :

ئیبن سەعد (ج٣،ص٤٢٧) لەمەحمودەوە هێناویەتی کاتێ باڵی سەعد لە ڕۆژی خەندەق پێکرا باری قورس بوو ، بۆلای ئافرەتێ بردیان کە پێی دەوترا (رفیده) فەرموودەکە بەو شێوە دێنێ تیایدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو و نیمەش لەگەڵی دەرچووین خێرا دەچوو تاقایشی نەعلەکانمان پچڕان و عەبای سەرشانمان کەوت ، هاوەڵانی سکاڵای ئەوەیان کرد ئەی پێغەمبەری خوا لە ڕۆیشتندا ماندووبووین ، فەرمووی : (اني اخاف ان تسبقنا الملائکة الیه فتغسله کما غسلت حنظلة) فەرمووی : من دەترسم فریشتەکان پێشمان بکەون بۆی و بیشۆن وەك حەنزەلە یان شۆرد هەروەها (لەج٣ ، ٤٢٣) لەعاصی کوڕی عومەری کوڕی

---

[٨٠] (ژیانی ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم) بەرگی یەکەم لاپەرە ٧٥٠-٧٥١) .

قه‌تادەوه هێناویه‌تی ده‌ڵێت : فریشته‌یه‌ك هات بۆلای یان وتی : جبریل (سه‌لامی خوای لێ بێ) هات بۆلای کاتێ له‌خه‌و هه‌ستا وتی : کام که‌س له‌ ئوممه‌تت ئه‌مشه‌و مرد خه‌ڵکی ئاسمان به‌مردنی موژده‌ به‌خش بووین ؟ فه‌رمووی نازانم به‌ڵام سه‌عد ئێواره‌ نه‌خۆش بوو سه‌عد چی کرد ؟ وتیان ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا مرد وهۆزه‌که‌ی هاتن و بردیان بۆ شوێنی خۆیان ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نوێژی به‌یانی کرد پاشان له‌گه‌ڵ خه‌ڵك چوو و خه‌ڵکیش به‌ پێ ده‌چوون تاقایشی نه‌عله‌کانیان دڕاو عه‌بایان له‌شانیان ده‌که‌وت، که‌سێ پێی وت : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا خه‌ڵکی ماندوو بوون ، فه‌رمووی : (اني اخشي ان تسبقنا اليه الملائكة كما سبقتنا الى حنظلة) فه‌رمووی : ده‌ترسم فریشته‌کان پێشمان بکه‌ون بۆلای وەك بۆ حه‌نزه‌ له‌ پێشمان که‌وتن.

هه‌روەها ئیبن سه‌عد (ج٣ ، ٤٢٨) له‌سه‌له‌مه‌ی کوڕی نه‌سله‌مه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت من پێغه‌مبه‌رم (ﷺ) بینی و له‌به‌رده‌رگادا بووین دەمان ویست به‌دوایدا بچین پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) چوویه‌ ژوورو که‌س له‌مانْ دا نه‌بوو جگه‌ له‌ سه‌عد به‌که‌وتوویی ، بینیم هه‌نگاوی دەنا ، که‌بینینم وەستام و ئاماژەی بۆکردم بوەستە ، منیش وەستام و به‌دوای خۆمدا گه‌ڕامه‌وه ، ماوەیه‌ك دانیشت پاشان دەرچوو ، وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ، که‌سم نه‌بینی له‌مانْ که‌چی هه‌نگاوت دەنا و ئه‌ملاو ئه‌ولات دەکرد ، فه‌رمووی : (ماقدرت على مجلس حتى قبض لى ملك من الملائكة أحد جناحية فجلست) واته‌ : شوێنێکم به‌دی نه‌کرد تایه‌کێ له‌فریشته‌کان دووبا‌ڵه‌که‌ی داخست بۆم و منیش دانیشتم ئینجا فه‌رمووی : (هنيئالك ابا عمر) سێ جار فه‌رمووی: پیرۆزت بێ ئه‌بوعه‌مر ، هه‌روەها به‌زار له‌ ئیبن عومه‌رەوه‌ هێناویه‌تی : ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : حه‌فتا هه‌زار فریشته‌ دابه‌زین بۆ سه‌عدی کوڕی موعاذ که‌ پێشتر که‌سیان پێیان نه‌که‌وتبووه‌ سه‌ر زەوی کاتێ سه‌عد خرایه‌ ژێر خاك فه‌رمووی (سبحان الله)

ئەگەر کەسێ لەگۆڕموشار ڕزگاری بوایە بەدڵنیایەوە سەعد لێی دەربازی دەبوو [٨١] هەروەها ئیبن سەعد (ج٣ ، ص٤٢٠) لە ئیبن عومەرەوە –خوایان لێ ڕازی بێ– بەو واتایە هێناویەتی ، ئیبن سەعد (ج٣، ص٤٢٩) لەسەعدی کوڕی ئیبراهیمەوە هێناویەتی دەڵێت : کاتێ ڕاخەرەکەی سەعد هێنرایە دەر خەڵکی لە دوو ڕووەکان وتیان تەرم یان ڕاخەرەکەی سەعد چەندە سووکە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بەڕاستی حەفتا هەزار فریشتە دابەزین بەشداری تەرمی سەعد بوون ، کەسیان پێش ئەمڕۆ نەها تووتە سەر زەوی وەهەروەها ئیبن سەعد (ج٣ ، ص٤٢٠) لەحەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت : کاتێ سەعدی کوڕی موعاذ- خوا لێی ڕازی بێ – مرد کەسێکی زەبەلاح بوو ، دووڕوومکان کەلە پشت تەرمەکەیەوە دەچوون دەیان وت : وەك ئەمڕۆ کەسمان هێندە سووك و سادە ئەدیوە ، وتیان دەزانن بۆچی؟ لەبەر بڕیاردانی بەرامبەر جولەکەکانی بەنی قورەیزە ، ئەوە باسکرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی : (والذي نفسي بيده لقد كانت الملائكة تعمل سرية) واتە : سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە فریشتەکان تەرمەکەیان هەڵدەگرت .

موعجیزەی (٨٨) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی سزاو ئەشکەنجەی ئەبوجەهل لە ژیانی بەرزەخدا :

تەبەرانی لەئیبن عومەرەوە – خوای لێ ڕازی بێ – هێناویەتی دەڵێت : من بەلای بەدردا دەڕۆیشتم کەکەسێ لەچاڵێ هاتە دەرو زەنجیرێك لەملیدا بوو ،هاواری لێکردم ئەی عەبدوڵلا ئاوم پێ بدە ،ئەی عەبدوڵلا ئاوم پێ بدە،ئەی عەبدوڵلا ئاوم پێ بدە ، نازانم ئاوی ژانیم یان وەك ئەریتی عەرەب بانگی کردم، یەکێك لەوانی ئاوگۆڕ هاتە دەرو قاپێیەك بەدەستیەوە

---

[٨١] (هەیسەمی (ج٩ ،ص ٣٠٨) دەڵێت : بەزار بە دوو سەنەد هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەش صحیحن).

بوو هاواری لێکرد ئەی عەبدوللا ئاوی پێ مەدە ئەو بێباوەڕە دواتر بە شمشێر لێیداو بردیەوە ناو گۆڕەکەی خێرا هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بۆم گێڕایەوە . ئەویش پێی فەرموو ئایا بینیت ، وتم بەڵێ : فەرمووی : ئەوە دوژمنی خوا ئەبووجەهل بوو وئەومش سزایەتی تا ڕۆژی دوایی [٨٢]

موعجیزەی (٨٩) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی بوونی کەسێکی ڕەش پێست کە یەکێك لەقۆڵەکانی وەك مەمکی ئافرەت وایە لەناو کۆژراوانی خەواریج دا :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی (ذو الثدية) واتە : (خاومن مەمك) ی ڕاگەیاندووە و نیشانەیەکی جیاکەرەوەی ئەویشی باسکردووە و هەواڵی داوە کەلە کۆژراوەکانی خەواریج دەبێت لە ڕاستیشدا وابوو لەناو کۆژراوەکانیان دا بوو ، ئەو نیشانەیەش کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی کردبوو ، ئەوە بوو کەفەرموویووی ، پیاوێکی ڕەش پێستەو یەکێك لە قۆڵەکانی وەك مەمکی ئافرەت وایە [٨٣] لەپاشان عەلی کوڕی ئەبوتالیب – خوالێی ڕازی بێ –ئەوەی کرد بەبەڵگە لەسەر ئەوەی کەخۆی لەسەر هەقەو موعجیزەکەی پێغەمبەری خوای ئاشکرا کرد .

---

[٨٢] (هەیثەمی ج٦ ، ٨١) دا دەڵێت : تەبەرانی لە (المعجم الاوسط) دا هێناویەتی .

[٨٣] (حديث صحيح رواه البخاري ومسلم) .

موعجیزه‌ی (٩٠) هه‌والّدانی له‌باره‌ی فه‌تح کردنی قوسته‌نتینیه:

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رموویه‌تی: (لتفتحن القسطنطينية فلنعم الامير اميرها ولنعم الجيش ذلك الجيش) [٨٤] واته: شاری قوسته‌نتینیه نه‌سته‌مبوولی نێستا فه‌تح دەکرێت و چاکترین نه‌و میر وسوپایه‌ن که‌فه‌تحی دەکه‌ن به‌و هه‌والّدانه نه‌وه‌ی پاگه‌یاند که‌شاری نه‌سته‌مبوولْ موسلّمانان فه‌تحی دەکه‌ن و موحه‌ممه‌دی فاتیحیش پله‌یه‌کی به‌رزی دەبێت هه‌روەهاش دەرچوو که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی به‌پاستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه هه‌زاران درود بۆ گیانی پاکی نه‌و پێغه‌مبه‌ره پایه‌داره.

موعجیزه‌ی (٩١) هه‌والّدانی به‌وه‌ی فه‌رمووی: هه‌تا عومه‌ر له ژیاندا مابێت فیتنه‌وه ناشووب هه‌لّناگیرسێت:

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی (ان الفتن لاتظهر مادام عمر حياً) [٨٥] واته: هه‌تا عومه‌ر له ژیاندا مابێت، فیتنه‌و ناشووب هه‌لّناگیرسێت و سه‌ر هه‌لّنادات هه‌روەك فه‌رمووی وابوو به پاستی نه‌وانه موعجیزه‌ی نه‌وه‌نده گه‌وره‌ن که‌به‌قه‌د تۆزقالێك گومان و دوودڵی ناهێلن له‌ناو دڵه‌کان داو وەك رۆژی پرووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر دەسه‌لمێنن.

---

[٨٤] (صحيح رواه احمد والحاكم وقال صحيح الاسناد والبخاري في التاريخ الصغير).

[٨٥] (صحيح رواه البخاري ومسلم والترمذي وغيرهم).

موعجیزه‌ی (٩٢) لەپاش سێ ساڵ چۆنی فەرموو وەها هاتە دی:

بەچەشنێکی ڕاست وبێ گومان ئەوەچەسپاوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەتەوەی ئیسلامی بێدار کردۆتەوە کەفەرموویوتی : (اذا مشوا المطیطاء ، وخدمتهم بنات فارس والروم ، رد الله باسهم بینهم وسلط شرارهم علی خیارهم) [٨٦] واتە هەرکات موسڵمانان وایان لێ هات کەبەفیزودەمارەوە بە ڕێگادا بڕۆن و کچانی فارس و ڕۆم خزمەتیان بکەن ، ئەوا خوا دەیانکات بە دوژمنی یەکترو خرا پەکارانیان بەسەر چاکەکارانیان دا زاڵ دەکات . لە پاش سی ساڵ چۆنی فەرموو وەها هاتەدی .

موعجیزه‌ی (٩٣) ئەتەوەکەم بەموڵك و دەستەڵاتداری ئەو جێگایانە دەگەن کەهێنرانە پێش چاوم :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (ان الله زوی لي الارض فرایت مشارقها ومغار بها وان امتي سیبلغ ملکها مازوي لي منها) [٨٧] واتە : خوای گەورە زەوی بۆهێنامەوە یەك بە چەشنێ خۆرهەڵات وخۆرئاوا یم دی و ، ئەتەوەکەشم بەموڵك ودەسەڵاتداری ئەوجێگایانە دەگەن کە هێنرانە پێش چاوم ، هەربەو جۆرەی کەفەرمووی دەقاو دەق ئاوا هاتەدی بەڕاستی ئەوەش سەلێنەری ئەو ڕاستیە گەورەیە کە ئەو پێغەمبەرە هەرچی کەدەیفەرمووێ هەمووی لەلایەن خوای گەورەوە پێی ڕاگەیەنراوە بەڕاستی جێی سەر سوڕمانە کە بەدبەختانی دوور لەدین ئەم

---

[٨٦] (صحیح رواه الترمذي بروایه (صحیح الجامع الصغیر ٨١٣)

[٨٧] (صحیح رواه مسلم والترمذي وابو داود وابن ماجه واحمد)

هەموو بەڵگە ڕوون و ئاشکرایانە دەبینن ، کەچی هانیان نادات بۆ بڕواهێنان بەرەو هەڵدێری گومڕایی هەڵدەخلیسکێن و ئیمان ناهێنن .

موعجیزەی (٩٤) هەواڵدانی لەبارەی دەست و پێڕی قەدەری یە:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :(القدرية مجوس هذه الامة) [٨٨] واتە: دەستەو پێڕی قەدەریيە مەجوسی ئەم نەتەوەیەن ئەمەش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵی قەدەری یە کەئینکاری قەدەری خوایان دەکردو لەناو خۆیاندا چەند تاقم و کۆمەڵێك بوون ئا ئەوەش هەرومك فەرموبووی دەقاودەق هاتە دی بەڕاستی جوانی فەرموە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەکەیدا لە بارەی پێغەمبەرەکەیەوە کە دەفەرمووێ : (وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحي يوحى) النجم ٢-٣،واتە لەهەواو هەوەسەوە قسە ناکات کەقورئان دەخوێنێت هەرچی کە دەیڵێ قورئانەو سروشت دەکرێ بۆی .

موعجیزەی (٩٥) هەواڵدانی لەبارەی چەند پیاوێکی وڵاتی فارس کە شەیدای زانست وزانیارین :

لە فەرموودەی صەحیحدا چەسپاوە کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (ان الدين لوكانه منوطا بالثريا لتناو له رجال من ابناء فارس) [٨٩] واتە : ئەگەر ئایینی ئیسلام تەنانەت بە ئەستێرەی کۆ (ثریا) یشەوە هەڵبواسرابێت ، چەند پیاوێکی خەڵکی وڵاتی

---

[٨٨] (حسن ، رواه ابو داود والحاكم) .

[٨٩] (صحيح رواه البخاري ومسلم والترمذي واحمد) .

فارس دەستی خۆیانی دەخەن ، ئەوەش ئامازەیە بۆ ئەوزاناو ئەولیاو پیاوچاکانەی هاوچەشنی ئیمامی ئەبوو حەنیفە –رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێ– کەخەڵکی وڵاتی فارسە بەڕاستی ئەوەش موعجیزەیەکی تڕە لە موعجیزە گەورەو بەناوبانگەکانی پێغەمبەری پایەداری ئیسلام هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە (ﷺ)

موعجیزەی (٩٦) هەواڵدانێکی گەورە لەغزای خەندەق دا :

سەڵمانی فارسی – خوای لێ ی ڕازی بێ –دەڵێت : لەکاتی چاڵ هەڵکەندندا لە جەنگی خەندەق دا گیرم خوارد بە دەست بەردەڵانێکەوە ، چەند هەوڵم دا سوودی نەبوو وەبەردەکان نەدەشکان کەپێغەمبەر (ﷺ) بینیمی پاچەکەی لە دەست وەرگرتم و یەکەم پاچی لێدا پڕیشکی دایەوە دووەم پاچی لێدا بەهەمان شێوە پڕیشکی دایەوە و سێیەم پاچی لێدا بەهەمان شێوە بوو ، لێم پرسی دایك وباوکم بەفیدات بن ئەوە چی یە کەپاچی لێدەدەیت ئاوا پڕیشك دەداتەوە فەرمووی : بۆ ئەوەت بینی ئەی سەڵمان ؟ فەرمووی لەیەکەمیاندا خوا یەمەنی بۆ فەتح کردم ، لە دووەمیاندا خوا شام و ڕۆژئاوای بۆ فەتح کردم ، لە سێیەمیشدا خوا ڕۆژهەڵاتی بۆ فەتح کردم ، جالەسەردەمی عومەرو عوسماندا – خوایان لێ ڕازی بێ – کاتێ ئاوچەیەك لەوانە فەتح دەکرا ئەبو هورەیرە دەی وت : کوێتان دەوێ فەتحی بکەن ، بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ، هەرشارێکتان فەتح کردووە و هەرچیش فەتح دەکرێ خوا پێشتر پێغەمبەری (ﷺ) لێ ئاگادار کردووە [٩٠]

---

[٩٠] (ل ٨٠، ١٧٤ المعجزات المحمدية وليد الاعظمي) .

موعجیزه‌ی (٩٧) سێ هه‌واڵدانی گه‌وره‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) :

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌فه‌رموێ : (تغزون جزيرة العرب فيفتحها الله لكم ، ثم فارس فيتحها الله لكم ، ثم تغزون الروم فيفتها الله) رواه مسلم واته : غه‌زای نیوه‌ دوورگه‌ی عه‌ره‌ب ده‌که‌ن و خوا فه‌تحی ده‌کات بۆتان، ئینجا غه‌زای ولاتی فارس ده‌که‌ن و خوا فه‌تحی ده‌کات بۆتان ، ئینجا غه‌زای ڕۆم ده‌که‌ن و خوا فه‌تحی ده‌کات ، بێجگه‌ له‌وه‌ی خه‌به‌ردان به‌فه‌تح کردنی نه‌و سێ شوێنه‌ موعجیزه‌یه ، خاڵێکی گرنگی تریشی تیایدایه‌ بۆ نیوه‌دوورگه‌ی عه‌ره‌ب و فارس ده‌فه‌رموێ : خوا بۆتانی فه‌تح ده‌کات (فيفتحا الله لكم) چونکه‌ ئه‌م دوانه‌ له‌سه‌ر ده‌ستی صه‌حابه‌کان دابوو وه‌ (خطاب) مه‌که‌ش بۆ نه‌وان بوو ، به‌ڵام بۆ فه‌تحی ڕۆم که‌شاری (قسطنطينية) که‌ (استانبول) ی ئێستایه‌ ده‌فه‌رموێ (فيفتحها الله) خوا فه‌تحی ده‌کات و ووشه‌ی (لكم) به‌کار ناهێنێ چونکه‌ له‌ زه‌مانی هاوه‌ڵاندا نه‌بوو هه‌رچه‌نده‌ له‌ زه‌مانی (معاويه) شدا هه‌وڵ درا ، به‌ڵکو نه‌و فه‌تحه‌ گه‌یشته‌ زه‌مانی (محمد فاتح) دوای چه‌ند سه‌ده‌یه‌ک [٩١] به‌ ڕاستی نه‌وانه‌ موعجیزه‌ی نه‌وه‌نده‌ گه‌وره‌ن که‌به‌قه‌د تۆزقاڵێک گومان ودوودڵی ناهێڵن له‌ناو دڵه‌کاندا و وه‌ک ڕۆژی ڕووناک پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌سه‌لێنن به‌ڕاستی جێی سه‌رسوڕمانه‌ که‌به‌دبه‌ختانی دوور له‌ ناین ئه‌م هه‌موو به‌ڵگه‌ ڕوون ناشکرایانه‌ ده‌بینن که‌چی ڕێگای ڕاست ناگرنه‌ به‌ر و به‌رمو هه‌ڵدێر گومڕایی هه‌ڵده‌خلیسکێن و ئیمان ناهێنن .

---

[٩١] (له‌ خزمه‌تی قورئاندا نوسینی : نه‌ندازیار عثمان لا په‌ره‌ ٢٢٩) .

موعجیزه‌ی (٩٨) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی په‌یدابوونی ئاگرێك له‌خاکی حیجاز که‌گه‌ردنی ووشتر له‌شاری بوصرای شامه‌وه‌ ڕووناك ده‌کاته‌وه:

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌فه‌رموێت : (لا تقوم الساعة حتى تخرج نار من ارض الحجاز تضئ اعناق الابل ببصري) [٩٢] واته‌ : قیامه‌ت نایێت تا ئه‌وکاته‌ی ئاگرێك له‌خاکی حیجازدا په‌یدا ده‌بێت ، گه‌ردنی ووشتر له‌ شاری (بوصرا) ی شامه‌وه‌ ڕووناك ده‌کاته‌وه ، ئه‌م فه‌رموودەیه‌ش له‌ساڵی ٦٥٤ کۆچیدا هاته‌دی ، واته‌ : دوای نزیکه‌ی شه‌ش سه‌ده‌نیو ، به‌شێوه‌ی بورکانێکی گه‌وره‌ له (حره) نزیك شاری مه‌دینه‌ی پیرۆز ته‌قیه‌وه‌ و چه‌ند شه‌وو ڕۆژێکی خایاند و شه‌وی تاریکی کردبووه‌ ڕۆژی ڕووناك و له‌دووری چه‌نده‌ها کیلۆمه‌تره‌وه‌ ده‌بینرا گه‌ردنی ووشتری له‌ (بصری) شام ڕووناك کرده‌وه‌ میژوو نوسانی ئه‌و ڕۆژگاره‌ به‌ ووردی باسیان کردووه‌، وەك ئه‌بی شامه‌ که‌له‌ ساڵی ٦٦٥ ك وەفاتی کردووه‌ وەئیبن ساعی که‌له‌ساڵی ٦٧١ ك دا وەفاتی کردووه‌ ، وەقورتوبی که‌له‌ ساڵی ٦٧١ ك دا وەفاتی کردووه‌ وه‌ شێخی نیسلام ئبن ته‌یمیه‌ش تۆماری کردووه‌ که‌دوای چه‌ند ساڵێك له‌ ڕووداوەکه‌ له‌ دایك بووه‌ [٩٣] الله‌ اکبر ئه‌و موعجیزه‌ گه‌ورەو به‌ناوبانگه‌ به‌ڕاستی به‌س به‌ته‌نها ئه‌و موعجیزەیه‌ به‌سه‌ که‌ گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ بێ بۆ ڕاست ودروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (ﷺ) له‌به‌رهه‌مه‌ جوانه‌کانی موعجیزه‌ :

یه‌که‌م : بۆئه‌وەی بڕوادارانی زیاد بکا .

دووه‌م : یارمه‌تی دان و سه‌رخستنی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وه‌ به‌رگری لێ کردنی .

---

[٩٢] (صحيح : رواه بخاري ومسلم)

[٩٣] (كتنبى نبوة محمد من الشك الى اليقين) .

سێ یه‌م : بۆنه‌وه‌ی هه‌موو خه‌ڵك نه‌وه‌بزانێ که موحه‌ممه‌د (ﷺ) پێغه‌مبه‌ری خوایه به‌هه‌ق و راستی .

چواره‌م : وه بۆبانگ کردنی غه‌یری موسڵمانان تابڕوا بێنن به پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌رمان (ﷺ) نه‌وه‌ش بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ووته‌ی خوای گه‌وره که‌له‌قورئانه پیرۆزمکه‌یدا فه‌رموویه‌تی : ﴿إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً ﴿٨﴾﴾ الفتح ٨-٩ واته : به‌ڕاستی نه‌ی موحه‌ممه‌د (ﷺ) تۆمان ناردووه به‌شایه‌ت ومژده‌ دەرو ترسێنه‌ر بۆنه‌وه‌ی باوەڕ به‌خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بێنن وه‌پشتیوانی لێ بکه‌ن و ڕێزی لێ بگرن وه‌ته‌سبیحاتی خوا بکه‌ن به‌به‌یانیان و ئێواران دا .

موعجیزه‌ی (٩٩) هه‌واڵدانی له‌باره‌ی ئه‌وگه‌له‌ی جاوو لوت بچکۆله‌ وروومه‌ت سوور :

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : (لاتقوم الساعة حتى تقاتلوا الترك صغار الاعين ، حمرالوجوه ، ذلف الانوف ،كان وجوههم المجان المطرقة)[٩٤] واته : قیامه‌ت نایه‌ت هه‌تا شەڕ له‌گه‌ڵ تووركدا ده‌كه‌ن چاوولووت بچكۆله‌ وروومه‌ت سوور ، ڕوومه‌تیان خڕوو گۆشتن نه‌ڵێ ی قه‌ڵغانێكی دووچینه‌ ونه‌ستوره‌ واته : قه‌ڵغانێك به‌پێستی تووراق دا پۆشرابێ و نه‌ستوور بووبێ نه‌مه‌ش له‌ هێرشی ته‌ته‌رمكاندا خۆی ده‌بینێته‌وه ، كه‌موسڵمانان ته‌واو نارەحه‌ت بوون به‌ دەستیانه‌وه‌ و شەڕێكی دڕێژخایه‌نیان له‌گه‌ڵ كردن و سه‌ره‌نجام موسڵمانان سه‌ركه‌وتن و نه‌وانیش زۆریان لێ موسڵمان بوون ، ئیبن ته‌یمیه‌ كه‌خۆی له‌ڕووداوه‌كاندا ژیاوه‌ ده‌ڵێ : نه‌گه‌ر

---

[٩٤] (صحيح: رواه بخاري ومسلم) .

خۆت نەو گەلە ببینی نازانی وەك پێغەمبەر (ﷺ) وەسفیان بكەی ، بەڕاستی ئەوانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن كەبەقەد تۆزقاڵێك گومان و دوودڵی ناهێڵن لەناو دڵەكاندا و وەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) دەسەلێنن ئەوانەش گەورەترین بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەرچی كە ئەو پێغەمبەرە دەفەرمووێ هەمووی لەلایەن خوای گەورەو زاناوە پێی ڕاگەیاندراوە . وەك خوای گەورە دەفەرمووێ : (وما ينطق عن الهوى ان هو الا وحى يوحى) النجم ٢-٣ واتە: وەلەهەواو هەوەسەوە قسەناكات كەقورئان دەخوێنێ هەرچی كەدەیڵێ قورئانەو سرووش دەكرێ بۆی .

موعجیزەی (١٠٠) هەواڵدانی بەوەی كەقەڵای خەیبەر فەتح دەكرێت:

بوخاری لە سەهلی كوڕی سەهلەوە –خوای لێ ڕازی بێ– هێناویەتی كە پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی خەیبەردا فەرمووی : (لاعطين هذه الراية غدا رجلا يفتح الله على يديه يحب الله ورسوله ويحبه الله ورسوله) واتە: سبەینێ ئەم ئاڵایە دەدەمە دەست كەسێك خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو فەتحی دەكات ، ئەو كەسە خواو پێغەمبەری خوای خۆش دەوێت ، خواو پێغەمبەری خواش ئەویان خۆش دەوێت ، خەڵكیش ئەو شەوەیان وابردە سەر تابزانن ئاڵاكە دەداتە دەست كێ ، كەبەیانی بوویەوە خەڵكی دەچوون بەدەوری پێغەمبەردا (ﷺ) هەركامیان هیواداربوون ئاڵاكە بداتە دەست ئەو ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : عەلی كوڕی ئەبوتالیب لەكوێیە ؟ وتیان :ئەوەتا ئەی پێغەمبەری خوا بەدەست چاوی یەوە هاواریەتی ، پێغەمبەری خوا ناردی بەشوێنیدا و ئیمامی عەلی هات و پێغەمبەر (ﷺ) تفی دا لەچاوەكانی نزای بۆكرد، ئیمام عەلی چاك بوویەوە وەك ئەوەی هیچی نەبووبێت ئینجا

پێغەمبەر (ﷺ) ئالاکەی دایە دەستی ئیمامی عەلی ئەویش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا لەگەڵیان بەشەڕدێم تاوەك ئێمە بن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (انفذ على رسلتك حتى تنزل بساحتهم ، ثم ادعهم الى الاسلام و اخبرهم بما يجب عليهم من الله تعالى فيه ، فوالله لان يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من ان يكون لك حمر النعم)[٩٥] واتە : کاری خۆت بەجێ بگەیەنە تا دەگەیتە مەیدانیان ، دواتر بانگیان بکە بۆ ئیسلام و پێیان بڵێ بە موسڵمان بوونیان چ مافێکی خوایان لەسەر شان دەبێت ، چونکە سوێند بەخوا ئەگەر خوای گەورە بتکاتەهۆکاری موسڵمان بوونی یەك کەس لە ووشتری تەواو گرانبەها بۆت باشترە . هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەوڵی دابوو وەها هاتەدی قەڵای خەیبەر لەسەردەستی ئیمامی عەلی فەتح کرا،بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە (ﷺ).

موعجیزەی (١٠١) هەوڵدانی بەوەی کەپادشاوسەرکردەی ئەمەوییەکان ستەمکار دەبن :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەمەوییەکان ماڵی خوا لەناو خۆیاندا دەستاو دەست پێ دەکەن[٩٦] و پادشاو سەرکردەکانیان ستەمکار دەبن و چەند کەسێکی وەك یەزید و وەلیدیان تێدا پەیدا دەبێت[٩٧] ئەوەش بەو جۆرە هاتەدی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەوڵی دابوو .

---

[٩٥] (مسلیمیش لە ج٢ س ٢٧٩ بەو جۆرە هێناویەتی) .

[٩٦] (رواه الترمذي والحاكم والبيهقي انظر صحيح الجامع الصغير ٤١٢) .

[٩٧] (حديث حسن رواه ابو يعلى انظر صحيح الجامع الصغير ٢٧٥٩ المطالب العالية لابن حجر ٤٥٢٨-٤٥٢٩) .

موعجیزه‌ی(١٠٢)هەواڵدانی کەعەبباسیەکان بەئاڵای ڕەشەوە پەیدا دەبن:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی ئەوەی داوە کە عەبباسیەکان بە ئاڵای ڕەشەوە پەیدا دەبن و ، مولکیان چەندین ئەوەندەی ئەوانەی پێش خۆیان زیاد دەکات [٩٨] بەمەش ڕایگەیاند کەعەبباسیەکان دوای ئەمەوییەکان پەیدا دەبن و لەئەمەوییەکانیش زیاتر لە حوکمدا دەمێننەوە ، هەر بەو جۆرەش ئەو هەواڵەی پێغەمبەر (ﷺ) وەک ڕۆژی ڕووناک هاتەدی بەڕاستی سەیرمو جێی سەرسوڕمانە کەبەدبەختانی دوور لەدین ئەو هەموو بەڵگە ڕوون وئاشکرایانە دەبینن کەچی هانیان نادات بۆ ئیمان هێنان بەرەو هەڵدێری گومڕایی هەڵدەخلیسکێن ڕێگای ڕاست ناگرنەبەر .

موعجیزه‌ی (١٠٣) هەواڵدانی بەوەی کەخلیفە عوسمان لەکاتێکدا شەهید دەکرێت کەقورئان دەخوێنێت :

بەڕیوایەتی صەحیح و بێ گومان ئەوە ڕاگەیندراوە کەپێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی داوە خەلیفە عوسمان – خوای لێ ڕازی بێ- لەکاتێکدا شەهید دەکرێت کەقورئان دەخوێنێت [٩٩] هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرمودویەتی (ان الله عسی ان یلبسه قمیصاً وانهم یریدون خلعه) [١٠٠] واتە : نزیکە خوا کراسێك بکاتە بەر عوسمان ، بەڵام ئەوان دەیانەوێت لەبەری دابمالن ، چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویووی ئەوەش دەقاودەق هاتە دی .

---

[٩٨] (رواه احمد والطبراني والحاكم و صحيح اسناده العلامة احمد شاكر في المسند) .

[٩٩] (صحيح : فضائل الصحابة للامام أحمد ٥٠١/١ الحديث رقم ٨١٧) .

[١٠٠] (صحيح رواه الترمذي وابن ماجه) .

موعجیزەی (١٠٤) هەواڵدانی لەبارەی چارەنووسی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر:

لە ڕیوایەتێکی صەحیحی تردا هاتووە کە لەو کاتەدا پێغەمبەر (ﷺ) کەڵەشاخی دەگرت ، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لەخوێنی پێغەمبەری (ﷺ) بۆ پیرۆزی خواردەوە ڕۆی نەکردەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ویل للناس منك ، وویل لك من الناس)[١٠١] بەمەش نەوەی ڕاگەیاند کە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر بەنازایەتی یەکی بێ وێنە کاروباری خەڵکی دەخاتە ئەستۆی خۆیەوە و هێرشێکی سەختی دەکرێتە سەر و بەهۆی ئەوەوە بەڵاو موسیبەت تووشی خەڵکی دێت ، لەپاشە ڕۆژدا بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی دابوو ، هاتەدی ئەوەبوو لەسەردەمی ئەمەویەکاندا ، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر -خوای لێ ڕازی بێ- لەشاری مەککەدا جێنشینی خۆی ڕاگەیاندوو حەجاجی کوڕی یوسفی ستەمکاریش بەسوپایەکی زۆر گەورەوە نابلوقەی شاری مەککەی دا ، لەپاش چەند شەڕێکی سەخت و جەنگی خوێناوی وپاش دەرخستنی نازایەتی یەکی بێ وێنە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر شەهیدکرا .

---

(١٠١) (حدیث حسن ،رواه الطبرانی وابو یعلی والبزار والحاکم)

موعجیزه‌ی (١٠٥) هه‌واڵدانی له‌باره‌ی ئاشووربه‌کانی جه‌نگیزخان و هۆلاکۆ:

له‌ فه‌رموودەی صه‌حیح دا ئه‌وەباسکراوه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : (ویل للعرب من شر قد اقترب) [١٠٢] واته‌ : به‌دبه‌ختی بۆعه‌ره‌ب له‌بەر ئه‌و شه‌ڕو ئاشوبه‌ی لێیان نزیك بووەته‌وه‌ ئه‌وەش هه‌واڵدانی ئاشووبه‌کانی جه‌نگیزخان و هۆلاکۆ بوو ، که‌ده‌وڵه‌تی عه‌بباسی عه‌ره‌ب له‌ناو ده‌بەن چۆنی فه‌رموو بەو جۆره‌ ئه‌و هه‌واڵه‌ش دەقاودەق هاته‌دی ئه‌وەش سەڵمێنه‌ری ئه‌و ڕاستییه‌ گەورەیه‌ که‌خوای گەوره‌ له‌ قورئانه‌که‌یدا له‌باره‌ی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ (ﷺ) فه‌رموویه‌تی (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحی یوحی) انجم ٢-٣ واته‌ : له‌هه‌واو هه‌وەسه‌وه‌ قسه‌ناکات که‌قورئان دەخوێنێ هه‌رچی که‌دەیڵێ قورئانه‌و سرووش دەکرێ بۆی .

موعجیزه‌ی (١٠٦)هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی حوسه‌ینی کوڕی علی که‌له (الطف) واته‌ که‌ربه‌لا شه‌هید دەکرێت :

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌واڵی داوه‌ وەك ئوم سه‌له‌مه‌ –خوای لێ ڕازی بێ – دەیگێڕێته‌وه‌ که‌ حوسه‌ین – خوای لێ ڕازی بێ – له‌ (الطف) واته‌ : له‌که‌ربه‌لادا شه‌هید دەکرێت [١٠٣] ئه‌وه‌ بوو پاش په‌نجا ساڵ ئه‌و ڕووداوه‌ ڕووی داو هه‌واڵه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خواش (ﷺ) هاته‌دی ...

---

[١٠٢] (صحیح رواه البخاري ومسلم) .

[١٠٣] (حدیث صحیح رواه الامام احمد والطبراني وانظر صحیح الجامع الصغیر ٢١٧) .

موعجیزه‌ی (١٠٧) هه‌واڵدانی له‌باره‌ی چه‌ند هه‌رزه‌یه‌کی قوڕه‌یش که‌سته‌مکارو دڵڕه‌ق :

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) فه‌رموویه‌تی : (هلاك امتي على يدي اغيلمة من قريش)[١٠٤] واته : نه‌ته‌وه‌که‌م له‌سه‌ر ده‌ستی چه‌ند هه‌رزه‌یه‌کی قوڕه‌یشدا تیا ده‌چن و تووشی نه‌شکه‌نجه‌ ده‌بن به‌و چه‌شنه‌ هه‌والّی یه‌زیدو وه‌لیدو هاوچه‌شنی نه‌وانی له‌سه‌رۆکه‌ خرا په‌کارو زیانبه‌خشه‌ نه‌مه‌ویه‌کان داوه‌ هه‌روه‌ك فه‌رموویووشی ئاوا هه‌والّه‌که‌ هاته‌دی ...

موعجیزه‌ی (١٠٨) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی سزای جووله‌که‌کان له‌ناو گۆڕدا:

في الصحيحين[١٠٥] عن ابي ايوب –رضي الله عنه قال : (خرج النبي (ﷺ) وقد وجبت الشمس ، فسمع صوتا ، فقال يهود تعذب في قبورها) واته : پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌کاتی ڕۆژئاوابووندا گوێ ی له‌ دەنگێك بوو ، فه‌رمووی : ئه‌وه‌ جووله‌که‌ن سزا ده‌درێن له‌ناو گۆڕکانیاندا .

---

(١٠٤) (صحيح رواه البخاري واحمد) .

(١٠٥) (رواه البخاري برقم ١٣٧٥ واللفظ له ، ومسلم برقم ٢٨٦٩) .

موعجیزه‌ی (١٠٩) پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕای سپاردووم نه‌مرم تا ده‌سه‌ڵات ده‌گرمه‌ ده‌ست :

ئیبن ئه‌حمه‌د له‌ الزوائد وئیبن ئه‌بی شه‌یبه‌و به‌زارو حارث و ئه‌بو نه‌عیم و به‌یهه‌قی له‌ (الدلائل) وئیبن عه‌ساکیر له‌ خوزاله‌ی کوڕی فوزاله‌ی ئه‌نساریيه‌وه‌ هێناویانه‌ ده‌ڵێت : له‌گه‌ڵ باوکم چووم بۆ (ینبع) بۆ سه‌ردانی عه‌لی کوڕی ئه‌بوتالیب – خوای لێ ڕازی بێ – که‌له‌وێ ئه‌خۆش بوو ، باوکم پێی وت : لێره‌ چی ده‌که‌یت ؟ ئه‌گه‌ر بمریت ته‌نها ده‌شته‌کیه‌کانی جوهه‌ینه‌ت له‌گه‌ڵ دا ده‌بن سوار به‌تا دێیته‌ مه‌دینه‌ ، ئه‌گه‌ر سه‌ره‌ مه‌رگت هات هاوه‌ڵانت له‌گه‌ڵ ده‌بن و نوێژت له‌سه‌ر ده‌که‌ن ، ئه‌بو فوزاله‌ له‌به‌شداربووانی غه‌زای به‌دربوو ئیمامی عه‌لی وتی : من به‌م ده‌رده‌ نامرم ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ڕای سپاردووم نه‌مرم تا ده‌سه‌ڵات ده‌گرمه‌ ده‌ست پاشان ئه‌مه‌م واته‌ : ڕیشی تێك ئاڵاوی خوێنی ئه‌مه‌ ده‌بێت واته‌ : روخسارو ته‌وێڵی [١٠٦] به‌ ڕاستی ئه‌وه‌ش یه‌کێکی تره‌ له‌ موعجیزه‌ گه‌ورەو به‌ناوبانگه‌کانی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (ﷺ) هه‌روه‌ك فه‌رموویووی ئه‌و هه‌واڵه‌ش ده‌قاودەق هاته‌دی ئه‌وه‌ش سه‌ڵمێنه‌ری ئه‌وه‌یه‌ که‌ هه‌موو ئه‌و هه‌والآنه‌ خوای گه‌وره‌ پێی ڕاگه‌یاندووه‌ وەك قورئان ده‌فه‌رمووێ : (وما ینطق عن الهوی ان هو الا وحی یوحی) النجم ٢-٣ واته‌ : له‌هه‌واوهه‌وسه‌وه‌ قسه‌ناکات که‌قورئان ده‌خوێنێ هه‌رچی که‌ده‌یڵێ قورئانه‌و سرووش ده‌کرێ بۆی .

---

[١٠٦] (صحیح له‌ (المنتخب کنز العمال ص٩٥) داهاتووه‌ و ده‌ڵێت : که‌سه‌کانی سه‌نه‌دەکه‌ی جێ متمانه‌ن) .

موعجیزه‌ی (١١٠) هه‌واڵدانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌زیلجه‌ و شه‌نی ضه‌بابی ده‌قاو ده‌ق دێته‌دی :

ته‌به‌رانی له‌ زیلجه‌وشه‌نی ضه‌ بابیه‌وه‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ ده‌ڵێت : پاش ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌شه‌ڕی به‌در بوویه‌وه‌ کوڕی قه‌رحانم برد بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و وتم : ئه‌ی موحه‌ممه‌د وائل بن قرحانم بۆ هێناویت تا بیگریت ، فه‌رمووی (لا حاجة لي فيها ، وان اردت اقضيك بك المختار من دروع بدر فعلت) واته‌ : هیچ پێویستیه‌کم پێی نیه‌ ئه‌گه‌ریش پێت خۆشه‌ له‌جیاتی قه‌ڵغانه‌کانی به‌در ده‌تده‌مێ منیش وتم : ئه‌مڕۆ هیچ بایه‌خێکی بۆم نیه‌ تا بیگۆڕمه‌وه‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی (لاحاجة لی فيه) واته‌ : منیش هیچ پێویستیه‌کم پێی نیه‌ پاشان فه‌رمووی : (یاذا الحوشن الا تسلم فتكون من اول هذا الامر؟) واته‌ :موسڵمان نابێت تا ببێته‌ یه‌که‌می ئه‌م کاره‌ی ؟ وتم : ده‌بینم هۆزه‌که‌ت گیرۆده‌ت ده‌که‌ن ، فه‌رمووی : (كيف بلفك عن مصارعهم ببدر؟) واته‌ : له‌سه‌ر له‌ناوچوونیان له‌به‌در چۆنت بیستووه‌ ؟ وتم : بیستومه‌و هه‌واڵم پێ گه‌یشتووه‌ ، فه‌رمووی : (فانا لهدى لك) وتم : بابه‌سه‌ر که‌عبه‌دا زاڵ بیت و ئه‌وێ دابنیشێت فه‌رمووی : (لعلك ان عشت ترى ذالك) واته‌ : به‌ڵکو بژیت ئه‌وه‌ ببینیت پاشان فه‌رمووی : (يا فلان خذ حقيبة الرجل فزوده من العجوة) واته‌ : فلان که‌س کۆڵه‌که‌ی ئه‌و کابرا بێنن و خورمای زیاتری بۆ دابنێن کاتێك لام کرده‌وه‌ تا بچم فه‌رمووی : (اما انه من خير فرسان بني عامر) واته‌ : ئه‌مه‌ یه‌کێکه‌ له‌ چاکترین سوار چاکانی به‌نی عامیر ، ده‌ڵێت : سوێند به‌خوا له‌گه‌ڵ که‌س وکاره‌که‌مدا بووم که‌سواربێك هات وتم خه‌ڵکی چی ده‌که‌ن ؟ وتی : موحه‌ممه‌د دەستیگرت به‌سه‌ر که‌عبه‌داو له‌وێ سه‌قامگیر بووه‌ ، زیلجه‌وشه‌ن ده‌ڵێ : وتم : دایکم ڕۆڵه‌ ڕۆم بۆ بکات ئه‌گه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ موسڵمان بوومایه‌و دوایی داوای حیرەم لێکردبایه‌ پێی ده‌دام ، له‌گێڕانه‌وه‌یه‌کی دیکه‌دا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پێی فه‌رموو (ما يمنعك من ذالك) چی

وادەکات موسڵمان نەبیت ؟ وتم : دەبینم بڕوایان پێ نەکردوویت ودەریان کردوویت و لەگەڵتان بەشەڕ دێن ، بزانم چیت بەسەر دێت ؟ ئەگەر بەسەریاندا سەرکەوتیت باوەڕت پێ دێنم و شوێنت دەکەوم ، ئەگەریش بەسەرتدا زاڵ بوون شوێنت ناکەوم [١٠٧]

موعجیزەی (١١١) دووعاکردنی بۆ هۆزی ثەقیف گیرا دەبێ :

وترا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووعا بکە لەهۆزی ثەقیف فە رمووی : (اللهم اهد ثقیفاً وات بهم) واتە : خوایە هیدایەتی هۆزی ثەقیف بدەو بیان هێنە بۆ لام ، خوای گەورە وەڵامی نزاکەی پێغەمبەری (ﷺ) دایەوە ، هۆزی ثەقیف هاتن و موسڵمان بوون [١٠٨]

موعجیزەی (١١٢) دووعای پێغەمبەر (ﷺ) گیرا دەبێ لە ستەمکارەکانی قوڕەیش :

بوخاری لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعودەوە – خوای لێ ڕازی بێ – ڕیوایەتی کردووە کە : جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) لەنزیک ماڵی خوادا نوێژی دەکردو ، ئەبو جەهل و چەند هاوەڵێکیشی دانیشتبوون ، بە یەکتریان وت : کێتان دەچێ منداڵ دانی ووشتری نەوەی فلان دێنێ و، دەیخاتە سەر پشتی موحەممەد کاتێ لە سەجدەدا دەبێ ؟ بەد بەختی هەموو خەڵکەکە ، عوقبەی کوڕی ئەبو موعیط ، هەڵمەتی داو چوو هێنای ودانی بەخۆدا گرت هەتا پێغەمبەری خوا سەجدەی بردو ئەویش خستیە سەر پشتی لە نێوان هەردوو شانی دا ،

---

[١٠٧] صحیح هەیسەمی لەج٦ ص١٦٢ دا دەڵێت : عەبدوڵلای کوڕی ئەحمەد دویاوکی گێڕاویانەتەوە و دەقەکەی تەواو نەکردووە ، تەبەرانیش هێناویەتی و پیاوانی سەنەدی هەردووکیان صەحیحن ، ئەبوو داودیش هەندێکی گێڕاوەتەوە) .

[١٠٨] (حدیث حسن : اخرجه احمد ٢/ ٢٤٣ والترمذي ٥ / ٣٩٤٢ عن جابر) .

عه‌بدوڵلای کوڕی مه‌سعود ده‌ڵێ: منیش سه‌یرم دەکرد هیچم لێ نه‌ده‌هات ، خۆزگه‌ دەسه‌لاتم ببوایه ، ئه‌وانیش پێ دەکه‌نین و خۆیان دەدا به‌سه‌ر یه‌کتریدا بۆ خۆشی و ڕابواردن و پێغه‌مبه‌ری خواش (ﷺ) وا له‌ سه‌جده‌دا و سه‌ر به‌رز ناکاته‌وه ، هه‌تا فاتیمه‌ هات و له‌سه‌ر پشتی فڕێی داو ، سه‌ری به‌رز کرده‌وه ، پاشان فه‌رمووی : (اللهم عليك بقريش) سێ جار ، فه‌رمووی : خوایه‌ تۆڵه‌ له‌ قوره‌یش بستێنی ، که‌ دووعای لێکردن قوره‌یشه‌کان زۆریان به‌لاوه‌ ناڕه‌حه‌ت بوو،به‌لایه‌نه‌وه‌ وەها بوو که‌ دووعاکردن له‌و شارەدا گیرا دەبێت پاشان پێغه‌مبه‌ر ناوی هێنان و فه‌رمووی : (اللهم عليك بأبي جهل ،وعليك بعتبة بن ربيعة ،وشيبة بن ربيعة،والوليد بن عتبه،وامية بن خلف ،وعقبة بن أبي معيط) واته‌ خوایه‌ ، تۆڵه‌ له‌ ئه‌بو جه‌هل ،عوتبه‌و،شه‌یبه‌و وەلیدو ،ئومیه‌و ،عوقبه‌ بستێنی ،حه‌وته‌میشی ناو هێنا به‌ڵام له‌به‌ری نه‌کردبوو، ده‌ڵێ ده‌ به‌و که‌سه‌ی که‌ گیانی منی به‌ دەسته‌ ،هه‌موو ئه‌وانه‌ی که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ناوی هێنان به‌چاوی خۆ دینم به‌ کوژراوی خرانه‌ بیرەکه‌ی به‌درەوه[١٠٩]

موعجیزه‌ی (١١٣) داواکارم خوای گه‌وره‌ شێره‌که‌یت بۆ بنێرێ:

طه‌ به‌رانی به‌شێوه‌ی (مرسل) له‌ قه‌تاده‌وه‌ هێناویه‌تی که‌ ووتوویه‌تی : عوته‌یبه‌ی کوڕی ئه‌بولەهه‌ب ئوم کلثومی کچی پێغه‌مبه‌ری خوای (ﷺ) ماره‌ کردبوو ، پوقیه‌ش دەستگیرانی عوتبه‌ی کوڕی ئه‌بولەهه‌بی برای بوو ، هێشتا نه‌ی گواستبووه‌ وه‌ ، تا ئه‌وەبوو وەحی بۆ پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم) هات ، جا کاتێك که‌ فه‌رمایشتی خوای گه‌وره‌ (تبت يدا أبي لهب وتب) هاته‌ خوارەوه‌ ، ئه‌بو له‌هه‌ب به‌ عوتبه‌و عوته‌یبه‌ی وت : سه‌رم له‌سه‌رتان حه‌رام بێت واته‌ : پەیوەندیم پێتانەوه‌ نه‌مێنێ ، ئه‌گه‌ر هه‌ردوو کچه‌که‌ی موحه‌ممه‌د ته‌ڵاق نه‌دەن:

---

[١٠٩] (صحيح البخاري : ١/٣٧).

دایکیشیان وتی : کوڕەکانم هەردووکیان تەلاق بدەن ، ئەوانیش تەلاقیان دان ، کاتێ کە عوتەبیە نوم کلثومی تەلاق دا هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی : بە دینەکەت کافرم وکچەکەشتم تەلاق دا ، نەبێنتە لام ونەبێمە لات ، پاشان هەڵمەتی دایە پێغەمبەر(ﷺ) وکراسەکەی دڕاند ، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە عوتەبیە نیازی هەبوو بۆ بازرگانی بەرەو شام بکەوێتە ڕێ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :(أما اني اسأل الله ان يسلط عليك كلبه) واتە: داواکارم خوای گەورە شێرەکەیت بۆ بنێرێ ، ئەوەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک بازرگانی قورەیش دا کەوتنەڕێ هەتا گەیشتنە شوێنێک کە پێی دەوترێ (الزرقاء) کە شوێنێکە لە شام ونزیک مەعان کەبەدڕندەی زۆرو دڕبەناوبانگە شەو لەوێ باریان خست ، ئەوشەوە شێرێک هات و بەدەوریان دا سووڕایەوەو عوتەبیەش دەی وت ، ئەی دایکە ڕۆ بە خوا ئەمە، وەک موحەممەد ووتوویەتی دەم خوات ، موحەممەد وا لەمەککەو منیش لە شام کەچی ئەم کوژێ ، شێرەکە هات و لەناو ئەو خەڵکەدا هەڵمەتی دایە عوتەبیەو گازێکی پڕبە پڕی دەمی لێ گرت وکوشتی، زوهەیری کوڕی عەلاء وتوویەتی : هیشامی کوڕی عوروە لە باوکیەوە بۆمانی باسکردووە کە ئەو شەوە شێرەکە بە دەوریان دا سووڕاوەتەوە دوای ئەوە ڕۆیشتووە و،ئەوانیش خەوتوون و ،عوتەبیە دەخەنە ناوەڕاستی بازرگانەکانەوە ،کەچی شێرەکە دێتەوە وهەنگاویان بەسەر دادەنێ و،قە پێک بەسەری عوتەبیەدا دەکات وتێکی دەشکێنێ ... [١١٠]

---

[١١٠] (شرح حياة الصحابة ١/٤٥٤-٤٥٥) .

موعجیزەی (١١٤) لەدەستدانی چاویان بەهۆی نزای پێغەمبەر(ﷺ) :

نەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی مغفلی موزەینەوە هێناوەیەتی دەڵێت: ئێمە لە حودەیبیە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوین ، فەرموودەی ڕێکەوتنی حودەیبیەدێنێ و تیایدا هاتووە ،لەوبارەدا بووین سی گەنجی چەکدار بە ڕوومانداا هاتن پێغەمبەر(ﷺ) نزای لێدەکردن ، خواش کوێری کردن ، ئێمەش چووین بۆیان و بەدیلمان گرتن ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئایا لە بەڵێنی کەسدا هاتوون یان ئایا کەس پەنایەکی پێداون ،وتیان نا ، ئەویش بەریدان ، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند (وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيراً {٢٤}) الفتح -. واتە: خوا ئەو زاتەیە کەدەستی ئەوانی واتە: کافران لە ئێوە کۆتاکرد ، دەستی ئێوەشی لەوان کۆتاکرد بە ڕێکەوتنی حودەیبیە لە ناو جەرگەی مەککەدا لە پاش ئەوەی ئێوەی بەسەر ئەوان دا زاڵ کردوە خوا بەهەر چی ئێوە دەیکەن بینایە .... [١١١]

موعجیزەی (١١٥) نزای پێغەمبەر(ﷺ) لە عەبدوڵڵای کوڕی قەمیئە گیرا دەبێ:

عەبدوڵڵای کوڕی قەمیئە، لەڕۆژی ئوحود دا کەڕوخساری پێغەمبەری زامدار کردو ددانە چوارینەی لە لای ڕاستەوە، لەشەویلگەی خوارەوەی شکاند، وتی، هاوەری بگرە ئەم گوررە

---

[١١١] هەیسەمی لە ج ٦ ،ص١٤٥) دەڵێت کەسەکانی سەندەمکە سەحیحن ،ئەسانی بەهەمان شێوە هێناویەتی ، وەك لە تەفسیری (نیین کە ئیر ج٤،ص١٩٢) هاتووە

لەدەستی ئیبنو قەمیئە، پێغەمبەر (ﷺ) خوێنەکەی لەڕوخساری سڕی و فەرمووی : نەوە چیتە بۆ وات کرد :(أقماك الله) واتە (أذلك الله) خوا داماوو کەساست کا جا خوای گەورە سابڕێنە کێوبیەك زاڵ دەکا بەسەریدا ، بەقۆچ دەیکوژێت و هەر شۆقی تێ هەڵ دەداهەتا پارچە پارچەی دەکات... [١١٢]

موعجیزەی (١١٦) دووعا کردنی لە پادشای فارس گیرا دەبێ :

هەواڵ بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هات کە پەروێزی پادشای فارس نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەت وپەت کردووە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (أللهم مزقه) واتە : خوایە لەت وپەتی بکە ، نەوە بوو لەت وپەت کرا ، چونکە خوای گەورە شێرۆیەی کوڕی پادشای بەسەر باوکیدا زاڵ کردوو بەخەنجەر کووشتیئینجا سەعدی کوڕی نەبو وەقاصیش موڵك و دەستەڵاتداریەکەی لەت و پەت کرد و هیچ شوێنەوارێکی نەو پادشایە و سەرۆکایەتی فارس لە دنیا نەما ، [١١٣]بەڵام قەیسەرو پادشاکانی تر موڵك وپادشایەتیان مایەوە ، لەبەر ئەوەی ڕێزی نامەکانی پێغەمبەریان (ﷺ) گرت ...

موعجیزەی (١١٧) دووعاکردنی لەهۆزی (مُضَر) گیرا دەبێ :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای لە هۆزی (مُضَر) کرد کە هۆزێکی گەورەبوون چونکە پێغەمبەریان (ﷺ) بە درۆ خستبۆوە، وە باوەڕیان پێ نەکردبوو، نەوە بووگرانی و بێ

---

[١١٢] (مختصر صحيح البخاري ص(٢٨٩)) .

[١١٣] (صحيح : رواه البخاري ومسلم وأحمد والبيهقي) .

بارانی ته‌نگی پێ هه‌ڵچنین ، ناچار قوڕه‌یشیه‌کان له پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) تکایان کرد، دووعای ڕزگاربوونیان بۆبکات ، که‌دووعای بۆکردن ، خوا بارانی بۆبارندن .... [١١٤] به ڕاستی ئه‌وانه موعجیزه‌ی ئه‌وه‌نده گه‌ورەن که به‌قه‌د تۆزقاڵێك گومان و دوودڵی ناهێڵن له‌ناو دڵه‌کاندا هه‌زاران دروود بۆ گیانی پاکی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره ده‌ست پاك وڕاست گۆیه‌ی ئیسلام (ﷺ)

موعجیزه‌ی (١١٨) ئه‌ی خوایه له موحه‌للیم خۆش مه‌به :

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) سریه‌یه‌کی به‌سه‌رکردایه‌تی عامیری کوڕی ئه‌زبه‌ت بۆ جێگایه‌ك ناردوو موحه‌للیمی کوڕی جه‌ثثامه‌شی له‌گه‌ڵ دابوو ، له ڕێگادا موحه‌للیم به‌غه‌در عامیری کوشت ، که هه‌والْ گه‌یشته پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) تووڕبوو فه‌رمووی : (اللهم لاتغفر لمحلم) واته : خوایه له موحه‌للیم خۆش مه‌به ، پاش حه‌وت ڕۆژ موحه‌للیم مرد ، [١١٥] و ناشتیان که‌چی زه‌وی واته : قه‌برەکه‌ی فڕێی دایه ده‌ره‌وه ، پاشان ناشتایانه‌وه دیسان چه‌ند جارێکی تر فڕێی دایه‌وه ده‌ره‌وه ، تاله ئه‌نجامدا خستیانه ناو شیوێکه‌وه و به‌به‌رد شیوه‌که‌یان له‌سه‌ر پڕ کرده‌وه .. [١١٦]

---

[١١٤] (صحیح : (رواه البخاری ومسلم) .

[١١٥] (رواه ابو داود وابن ماجه وأحمد والبیهقي) .

[١١٦] (رواه ابو القاسم الاصفهانی في دلائل النبوة) .

موعجیزه‌ی (١١٩) له‌دوای ئه‌وه‌ی که پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دووعای لێکرد ده‌ستی ڕاستی بۆده‌می به‌رزنه‌کرده‌وه :

جارێکیان پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پیاوێکی بینی به‌ده‌ستی چه‌پ پاروو ده‌خسته ده‌میه‌وه پێی فه‌رموو : (كل بيمينك) واته : به‌ده‌ستی ڕاستت بخۆ پیاوه‌که وتی : (لا أستطيع) واته :ناتوانم ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : (لااستطعت) واته :ده‌سا یاخوا هه‌ر نه‌توانیت دوای ئه‌وه ده‌ستی ڕاستی بۆ ده‌می به‌رز نه‌کرده‌وه [١١٧]

موعجیزه‌ی(١٢٠)دوعاکردنی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بۆ سائیبی کوڕی یه‌زید:

جوعه‌یدی کوڕی عه‌بدوڕه‌حمان-ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێ-وتی : سائیبی کوڕی یه‌زیدم بینی – خوای لێ ڕازی بێ –ته‌مه‌نی نه‌ومدوچوار ساڵ بوو،هێشتا به‌هێزوو به‌خۆوه‌بوو،بالای ڕێك وپێك بوو نه‌چه‌مابۆوه،خۆی وتی : زۆرباش ده‌زانم که‌بۆچی هه‌تا ئێستاش ته‌ندروستیم باشه ، به‌تایبه‌تی ته‌ندروستی چاو وگوێم ، که‌به‌باشی ده‌بینم و ده‌بیستم ،ئه‌م به‌هره‌یه به‌هۆی دوعای پێغه‌مبه‌ره‌وه‌یه (ﷺ) پووڕم بردمی بۆخزمه‌تی ، عه‌رزی کرد : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ،ئه‌م کوڕه‌ی خوشکه‌زام نه‌خۆشه نزای بۆ بکه ، پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) نزای بۆکردم [١١٨]

---

[١١٧] (صحيح : (رواه مسلم واللفظ له ، وابن حبان والدارمي)

[١١٨] (مختصر صحيح البخاري ص٩٩) .

موعجیزه‌ی (١٢١) ئه‌گه‌ر خۆڵی بکرێیبایه قازانجی ده‌کرد :

عوروه‌ی ئه‌ل باریقی-خوای لێ ڕازی بێ-وتی : پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دینارێکی زێڕی پێم دا ، که‌مه‌رێکی بۆبکرم بۆ قوربانی ، منیش به‌و دیناره دوومه‌ڕم کڕی ، یه‌کێکیانم فرۆشته‌وه به دینارەکەو، دینارێك و مه‌رێکیشم بۆ بردەوه، وه له‌حاڵه‌که حاڵیم کرد ، ئه‌ویش له‌و سه‌ودایه‌ی من ڕازی بوو، بۆیه نزای بۆم کرد، که خوای گه‌وره پیت وفه‌ڕ بخاته مامه‌ڵه‌و سه‌ودامه‌وه ، له پیت وفه‌ڕی نزاکه‌یه‌وه ، ئیتر له‌وەو دوا ئه‌گه‌ر خۆڵی ناسایم بکرێیبایه قازا نجم لێ ی ده‌کرد [١١٩]

موعجیزه‌ی (١٢٢) ده‌رگا و حه‌وشه‌ی ماڵه‌که وتیان ئامین کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دووعای کرد بۆ ئالی عه‌باس :

ته‌به‌رانی له ئه‌بو ئوسه‌یدی ساعدیه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌عباسی کوڕی عه‌بدولموته‌لیبی فه‌رموو: (لاتبرح منزلك و بنوك غدا حتى أتيكم فانى فيكم حاجة) واته: به‌یانی خۆت و منداڵه‌کانت له ماڵ بن تا دێم بۆ لاتان چونکه کارێکم پێتانه چاوەڕێیان کرد تا دوای چێشته‌نگاو هات بۆ لایان ، فه‌رمووی : سه‌لامتان لێ بێت ، وتیان علیك سلام ورحمة الله وبركاته ، فه‌رمووی به‌یانیتان چۆنه ؟ وتیان سوپاسی خوا دەکەین فه‌رمووی : نزیك ببنەوەو بدەنه پاڵ یەکدی تاوایان کرد ئه‌ویش به عه‌باکه‌ی سه‌ر شانی داپۆشین و فه‌رمووی : خوایه ئه‌وه مامی من وپشتی باوکمه ، ئه‌وانه‌ش ئالوبه‌یتی منن ، دەی

---

[١١٩] مختصر صحيح البخاري ص ١٣٣) .

له ئاگردا دایانپۆشه وەك داپۆشینی من به ئەم عەبایەم بۆیان ، ئەوی خواروو دەرگا و حەوشەکانی مالْ ئامینیان کردو وتیان ئامین ،ئامین،ئامین ... [١٢٠]

به ڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە (ﷺ) .

موعجیزەی (١٢٣) جێگیر بوونی جەریر لەسەر ئەسپەکەی بەهۆی نزای پێغەمبەر (ﷺ):

ئیبن ئەبی شەیبە لە جەریرەوە هێناویەتی دەڵێت : پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموم (ألا تريحني من ذي الخلصة) واتە : ئایا ئاسوودەم ناکەیت لەسەر (زیلخلسە) مالێك بوو کەلە سەردەمی نەفامیدا هی خەسعەم بوو بە کەعبی یەمانی ناو دەبرا ، دەڵێ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا من کەسێکم لەسەر ئەسپ ناوەستم وە تەبەرانی لە جەریرەوە هێناویەتی دەڵێت : من لەسەر ئەسپ نەدەوەستام ، ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش بە دەستی دای بەسەر سنگمدا تا دەستی پێغەمبەرم لەسەر سنگم بینی ، فەرمووی : (اللهم أثبته واجعله هاديا مهديا) واتە : خوایە چەسپاوی بکەو بە ڕێنمون و ڕێنمونکاری بگێڕە جەریر دەڵێ : لەوە بەدواوە لەسەر ئەسپەکەم نەدەکەوتم [١٢١]

---

[١٢٠] (حديث حسن ، هەمان سەرچاوەی (هەیسەمی ج٩ ،س٢٧٠) دەڵێ : سەندەمکەی باشە ، هەروەها بەیهەقی لە ئەبو نوسەیدەوە بەو شێوەیە و ئیبن ماجە بە کورتی لێوەی هێناوە ، وەك لە (البداية والنهاية)ج ٦،س١٣٣) دا هاتووە ، ئەبو ئەعیم لە الدلائل س١٥٤ بە دوورو درێژی لێوەی هێناوە .

[١٢١] (لە منتخب ج٥ ، س ١٥٢ دا واهاتووە) .

موعجیزه‌ی (١٢٤) فراوان بوون و زۆر بوونی ڕزق و ڕۆزی ماڵه‌که‌ی عه‌بدوڵڵای کوڕی بوسر به‌هۆی نزای پێغه‌مبه‌ره‌وه (ﷺ) :

ئیبن عه‌ساکیر له‌ عه‌بدوڵڵای کوڕی بسره‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت:من وباوکم له‌به‌ر ده‌رگای ماڵمان دانیشتبووین که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌سواری ولاخێ هات،باوکم پێی وت:نایا ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا دانابه‌زیت و نان بخۆیت ونزای به‌رمکه‌ت بکه‌یت ؟ئه‌ویش دابه‌زی و نانی خواردوو فه‌رمووی:خوایه‌ ڕه‌حمیان پێ بکه‌و لێیان خۆش به‌ به‌رمکه‌ت بخه‌ره‌ ناو ڕۆزیانه‌وه‌ ته‌به‌رانی به‌ دوورو درێژی هێناویه‌تی و ئه‌وه‌شی بۆ زیاد کردووه،به‌رده‌وام فراوانی ڕۆزیمان له‌لای په‌روه‌ردگارمانه‌وه‌ به‌دی ده‌کرد[١٢٢]

موعجیزه‌ی (١٢٥) پێدانه‌وه‌ی بینایی به‌هۆی نزای پێغه‌مبه‌ری خواوه (ﷺ) :

ئه‌بو نه‌عیم له‌ (الدلائل النبوة) ص٦٣ له‌ عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌باسه‌وه‌ – خوایان لێ ڕازی بێ – هێناویه‌تی ده‌ڵێت : پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌مزگه‌وت دا قورئانی ده‌خوێندو به‌ ئاشکرا ده‌یخوێند تا خه‌ڵکی له‌ قوڕه‌یش پێی بێزار بوون تا هه‌ستا لاییه‌ن ، ده‌ستیان برد بۆگه‌ردنیان وهه‌مووکوێرونابینا بوون ، هاتن بۆلای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ووتیان : بۆ خاتری خواو له‌به‌ر خزمایه‌تی ئه‌ی موحه‌ممه‌د ، ده‌ڵێت : چی به‌شی قوڕه‌یش بوو له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نزیکایه‌تیان هه‌بوو، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نزای کرد تا ئه‌وه‌یان له‌سه‌ر لاچوو ، ئه‌وکات

---

[١٢٢] (صحيح : له‌ المنتخب ج٥ ، ص ٢٢٠ دا واهاتووه‌) .

خوا ئه‌و ئایه‌ته‌ی دابه‌زاند ({١} وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ {٢} إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ {٣} عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ {٤} تَنزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ {٥} لِّتُنذِرَ قَوْماً مَّا أُنذِرَ آبَاؤُهُمْ فَهُمْ غَافِلُونَ {٦} لَقَدْ حَقَّ الْقَوْلُ عَلَى أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ {٧}) ده‌ڵێت که‌س له‌وانه‌ باوه‌ڕیان نه‌هێنا....

موعجیزه‌ی (١٢٦) چاوه‌که‌ی قه‌تاده‌ چاك ده‌بێته‌وه‌و بینایی زیاد ده‌بێ به‌هۆی نزاکه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) :

ته‌به‌رانی له‌قه‌تاده‌ی کوڕی نوعامه‌نه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت : که‌وانێ پێشکه‌شی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) کرا ، نه‌ویش ڕۆژی ئوحد دای به‌من ، منیش له‌به‌ردەم پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) تیرم پێ هاویشت تا له‌کار که‌وت ، له‌به‌ردەم پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وەستام و تیرەکانم به‌رخۆم دەدا تا هه‌رکاتێك تیرێ به‌رمو لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دەهات خۆم دەدایه‌ به‌ری و سه‌رم به‌ر پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دەکه‌وت بێ ئه‌وەی تیرێ بوەشێنم ، کۆتا تیریان به‌سه‌ر ڕووی کولّمم که‌وت و کۆو جه‌مه‌که‌ جیا که‌وت ، به‌دەستم پێڵووم گرت و له‌ دەستمدا بردم به‌رمو لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بینی چاوەکانی فرمێسکیان ڕشت و فه‌رمووی : (اللهم ان قتادة قد أوجه نبيك بوجه فاجعلنا أحسن عينيه واحدهما نظر) واته‌: خوایه‌ قه‌تاده‌ ڕووی خۆی خسته‌ به‌ر پێغه‌مبه‌رەکه‌ت دەی چاوەکانی بکه‌ به‌ باشترین و به‌هێزترین بینین خواش نزاکه‌ی گیرا کرد دار قوتنی و ئیبین شاهین له‌ مه‌حموودی کوڕی لبیدەوه‌ له‌ قه‌تادەوه‌ هێناویه‌تی که‌ ڕۆژی

ئوحد چاوی پێکراو که‌وته‌ سه‌ر کوڵمی ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خستیه‌ شوێنی خۆی ئه‌و چاوه‌ی بووبه‌ سه‌لامه‌ترین چاو ... [١٢٣]

موعجیزه‌ی (١٢٧) ده‌زووی ده‌کرد به‌ده‌رزیدا کاتێ ته‌مه‌نی هه‌شتا ساڵ بوو چاوه‌کانیشی سپی بوون :

ئه‌بوو نه‌عیم له‌ (الدلائل ص٢٢٣) له‌ رفاعه‌ی کوڕی رافعه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت : ڕۆژی به‌در تیرێ وه‌ شێنراو چاوی کوێر کردم ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) تفی لێداو نزای بۆ کردم ، ئیدی هیچ ئازاری نه‌دام ، ئیبن ئه‌بی شه‌ییه‌ له‌ که‌سێك له‌به‌نی سلامان له‌ دایکیه‌وه‌ هێناویه‌تی حه‌بیبی کوڕی فوه‌یکی خاڵۆی بۆی گێڕایه‌وه‌ بردی بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و چاوه‌کانی سپی هه‌ڵگه‌ڕا بوون وهیچی پێ نه‌ده‌بینین : پرسیاری لێکرد وتی : من له‌سه‌ر ووشتڕێ خۆم فێر ده‌کرد که‌ پێم که‌وته‌ سه‌ر هێلکه‌ ماڕێ و چاوه‌کانم تۆش بوون ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فووی کرد به‌ چاوه‌کانیدا به‌وه‌ بینایی پێ به‌خشرایه‌وه‌ ده‌ڵێت بینیم ده‌زووی ده‌کرد به‌ ده‌رزیدا کاتێ ته‌مه‌نی هه‌شتا ساڵ بوو چاوه‌کانیشی سپی بوون [١٢٤]

---

[١٢٣] (دار قوتنی وبه‌یهه‌قی له‌ ئه‌بووسه‌عیدی خودریه‌وه‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویانه‌ له‌ (الاصابة ج٢، ص٢٢٥) دا هاتووه‌ ، ئه‌بوو نه‌عیم له‌ (الدلائل) ص١٧٤ له‌قه‌تاده‌وه‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی له‌ گێڕانه‌وه‌که‌یدا هاتووه‌ : چاکترین و به‌هێزترین چاووی بوو)

[١٢٤] (ئیبن سکن ده‌ڵێت ته‌نها موحه‌مه‌دی کوڕی بیشر هێناویه‌تی وبۆ حه‌بیبیش ته‌نها ئه‌م فه‌رموده‌ ده‌بینم له‌ (الاصابة ج١، ص٣٠٨) دا هاتووه‌ ، ته‌به‌رانیش له‌ که‌سێ له‌ سلامانی کوڕی سه‌عید له‌ دایکیه‌وه‌ به‌ هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی به‌ڵام له‌ گێڕانه‌وه‌که‌ی ئه‌مدا هاتووه‌ : من ووشترمکانم به‌ڕێده‌کردن (هه‌ یێشه‌ می ج٨ ، ص٢٩٨) ده‌ڵێت له‌ سه‌نه‌ده‌که‌دا که‌سی واهه‌ن که‌ نایانناسم ، ئه‌بو نه‌عیم ل (الدلائل ص ٢٢٣ بەو سه‌نه‌ده‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی) .

موعجیزەی (١٢٨) پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزا بۆ نابینایەك دەکات ، خوای گەورەش چاوەکانی چاك دەکاتەوە :

ئیمامی نەسائی لەعوسمانی کوڕی حونەیفەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ : نابینایەك عەرزی پێغەمبەری (ﷺ) کرد ئەی پێغەمبەری خوا ، لەخوا داوابکە چاوم چاك بکاتەوەو دەری بخات ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئاوا؟ یان وازت لێ بهێنم ؟ وتی : پێغەمبەری خوا ئەم کوێری یەم زۆر بێزاری کردووم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : انطلق فتوضأ ثم صل ركعتين ، ثم قل : اللهم اني أسألك وأتوجه اليك بنبيي محمد نبي الرحمة،يا محمد اني أتوجه الى ربك ،أن يكشف لي عن بصري،اللهم شفعه في ، وشفعني في نفسي ، فرجع وقد كشف الله عن بصره (١٢٥)

واتە : بڕۆ دەست نوێژ بگرەو دووڕکات نوێژ بکەو ، پاشان بڵێ : خوایە داوات لێ دەکەم و ڕووت تێدەکەم ، بەهۆی پێغەمبەرەکەمەوە کە موحەممەدەو پێغەمبەری میهرەبانی یە ئەی موحەممەد (ﷺ) من بەهۆی تۆوە ڕوو لەخوا دەکەم کە پەردە لەسەر چاوم لابدات ، خوایە شەفاعەتی ئەوم لێ وەربگرەو هی خۆیشم عوسمان : دەڵێ : کە گەڕایەوە چاوی چاك کرد بووەوە بە ڕاستی موعجیزە یەکی گەورەیە ئەو معجیزانە ئەوەندە گەورەو ناودارن کەبەقەد تۆزقاڵێك گومان و دوودڵی ناهێڵن لەناو دڵەکاندا سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورەو خاوەن هێزوو توانی بێ سنور وە دروود بۆگیانی پێغەمبەرە پایە دارەکەی ئیسلام(ﷺ)

---

(١٢٥) (صحيح : رواه النسائي واللفظ له ، والترمذي وقال : حسن صحيح غريب ، وابن ماجه وابن خزيمة والحاكم وقال: صحيح الاسناد على شرط الشيخين ولم يخرجاه ، والامام أحمد والطبراني وابن السني ....

موعجیزەی (١٢٩) نزاکردنی بۆ عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف :

ئیمامی بەیهەقی و غەیری ئەویش لە پێشەوایانی فەرموودە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بەرمکەتی بۆ عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف کرد [١٢٦] کە یەکێکە لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ درا ، بەبەرکەتی ئەو دووعایە مالْ و سامانێکی زۆری دەست کەوت ، بە رادەیەکی وا کە جارێکیان کاروانێکی حەوت سەد حوشتری ، بە خۆیان و سوارەو بارەکانیانەوە ، لە ڕێگای خوادا بەخشی [١٢٧]

موعجیزەی (١٣٠) عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر بەرەکەت دەکەوێتە کەسابەتەکەیەوە هەرچی یەکی دەکڕی قازانجی لێ دەکرد :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووعای بۆ عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەرکرد کەبەرەکەت بکەوێتە کەسابەتەکەیەوە ، ئەوەبوو وای لێ هات هەرچی یەکی دەکڕی قازانجی لێ دەکرد [١٢٨] بە چەشنێك کەلە سەردەمی خۆیدا ، هەروەك بەسەخاوەتمەندو دەست ڕەنگینی بەناوبانگ بوو ، هەروەها بە خاوەن سەروەت و سامانیش ناوبانگی دەرکردبوو ....

---

[١٢٦] (صحيح : رواه البخاري ومسلم والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد).

[١٢٧] (الشفاء ٣٢٦/١).

[١٢٨] (صحيح : رواه أحمد والنسائي و أبوداود وأبو يعلى والطبراني مختصر).

موعجیزه‌ی (١٣١) خوایه‌ هه‌رکاتێك سه‌عد لێت پارایه‌وه‌ دووعای گیرا بکه‌ :

نیمامی تیرمیزی دەگێڕێته‌وه‌ که‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) دووعای بۆ سه‌عدی کوڕی نه‌بوو وەفقاس کردو فه‌رمووی : (اللهم استجب لسعد اذا دعاك)[١٢٩] واته‌ : خوایه‌ هه‌رکات سه‌عد لێت پارایه‌وه‌ ، دووعای گیرابکه‌ ، به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ دووعای سه‌عد هه‌میشه‌ گیرا بووه‌ ،ئه‌م دووعا گیرا بوونه‌ش هێنده‌ به‌ناوبانگ بووه‌ که‌ خه‌ڵکی دەترسان سه‌عد دووعایان لێ بکات.

موعجیزه‌ی (١٣٢) له‌ ته‌مه‌نی حه‌فتا ساڵیدا مرد وەك ته‌مه‌نی پازده‌ ساڵ بێ وابوو :

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌ نه‌بوو قه‌تاده‌ی فه‌رموو : (أقلع وجهك ، اللهم بارك له في شعره وبشره)[١٣٠] واته‌ : دەم وچاوت سه‌رفراز بێت ، خوایه‌ به‌رەکه‌ت بخه‌ره‌ پێست و مووبه‌وه‌ ..که‌له‌ ته‌مه‌نی حه‌فتا ساڵیدا مرد ، دەت وت ته‌مه‌نی پازده‌ ساڵ بووه‌ ..[١٣١]

---

[١٢٩] (صحيح : رواه الترمذي واللفظ له ، وابن حبان والحاكم وقال : صحيح الإسناد ولم يخرجاه) .

[١٣٠] (صحيح : (رواه الحاكم) .

[١٣١] رواه البيهقي ، بروانه نسيم الرياض ١٢٨/٣.

موعجیزه‌ی (١٣٣) سه‌رماوگه‌رما کاریان تێ نه‌ده‌کرد چونکه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نزای بۆ کردبوو :

له‌ ڕیوایه‌تێکی صحیح دا هاتووه‌ : ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دووعای بۆ ئیمامی عه‌لی کردو فه‌رمووی : (اللهم اکفه الحر والقر) واته‌ : خوایه‌ گیان سه‌رماوگه‌رمای له‌کۆڵ بکه‌ره‌وه‌ ، ئه‌وه‌بوو هه‌رگیز نه‌سه‌رمای ده‌بوو ، نه‌گه‌رما ، له‌زستاندا به‌رگی هاوینه‌و ، له‌ هاوینیشدا به‌رگی زستانه‌ی ده‌پۆشی [١٣٢]

موعجیزه‌ی (١٣٤) سه‌دو بیست ساڵ ژیا که‌چی ده‌م وددانی له‌هی هه‌موو که‌سێك جوانتر بوو ، ددانیشی نه‌که‌وت :

کاتێك شاعیری به‌ناوبانگ (النابغة الجعدي) له‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوادا ئه‌م شیعره‌ی وت : (بلغنا السماء في مجدنا وسنائنا وانانريد فوق ذلك مظهرا) واته‌ : له‌سه‌ر به‌رزیدا گه‌یشتووینه‌ته‌ ئاسمان ، چاوه‌ڕوانی له‌وه‌ش به‌رزتر ده‌که‌ین پێی بگه‌ین ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : (الی أین یا ابالیلی؟) واته‌ : بۆکوێ ئه‌بو له‌یلا ؟ ئه‌ویش وتی : الی الجنة یارسول الله ، واته‌ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا بۆبه‌هه‌شت پاشان پارچه‌ شیعرێکی خوێنده‌وه‌ ، که‌ پڕبوو له‌ واتای گه‌وره‌وبه‌رزوبڵند ، ئینجا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : (لافضل الله فاك) واته‌ خوا دەمت هه‌ڵنه‌وەشێنێت ، ئه‌وه‌بوو دەموو ددانی له‌هی هه‌موو که‌سێك جوانتر بوو ، ددانیشی نه‌ده‌که‌وت ، خۆنه‌گه‌ر دانیشیبکه‌وتایه‌ له‌ جێگایدا ددانێکی تر دەردەهات ، سه‌دوبیست

---

[١٣٢] (رواه ابن ماجه واللفظ له ، والطبراني في الاوسط واسناده جيد ، وابن أبي شيبة ، ورواه الامام أحمد) .

سانیش ژیا ، هه‌ندێك ده‌ڵێن : زیاتریش ژیاوه .. [١٣٣] به ڕاستی ئه‌و موعجیزانه‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌نده‌ گه‌ورەن که‌ وەك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام دەسه‌ڵمێنن وه‌ به‌قه‌د تۆزقاڵێك گومان ودوودڵی ناهێڵن له‌ناو دڵه‌کان دا سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ خوای گه‌وره‌ وه‌ دروود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام (ﷺ) .

موعجیزه‌ی (١٣٥) دووعاکردنی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بۆ فاتیمه‌ی کچی گیرا ده‌بێ :

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دووعای بۆ فاتیمه‌ی کچی کرد هه‌رگیز خوا برسیه‌تی به‌سه‌ردا نه‌هێنێت ، فاتیمه – خوای لێ ڕازی بێ – ده‌ڵێ : پاش ئه‌وه‌ هه‌رگیز برسیم نه‌بووه .. [١٣٤]

موعجیزه‌ی (١٣٦) که‌ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) نزای بۆکرد هیچی له‌بیر نه‌ده‌چۆوه :

ئه‌بوو هوره‌یره‌ ده‌ڵێ : عه‌رزی پێغه‌مبه‌رم (ﷺ) کرد : فه‌رموودەی زۆرت لێ ده‌بیستم که‌چی له‌بیرم ده‌چنه‌وه‌ فه‌رمووی به‌رگه‌که‌ت ڕابخه‌ ، که‌ڕامخست ، دەستی موباره‌کی پیادا هێناو پاشان فه‌رمووی : هه‌ڵی بگره‌وه‌ ، منیش هه‌ڵمگرته‌وه‌ ، ئیتر پاش ئه‌مه‌ هیچ شتێکم له‌بیر نه‌چووه‌ته‌وه‌ ... [١٣٥]

---

[١٣٣] (برزانه‌ شرح الشفا لعلي القاري ١/ ٦٦) .

[١٣٤] (رواه الطبراني والبيهقي برزانه‌ : الشفا ١/٢٢٨)

[١٣٥] (صحيح : رواه البخاري والترمذي ، ورواه غير هما بسياقات اخرى) .

موعجیزەی (١٣٧) نزاکردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەعد دەبێتە هۆی چاك بوونەوە :

سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص –خوای لێ ڕازی بێ– وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی کردم فەرمووی : خوایە شیفای سەعد بدە سێ جار وای فەرموو ، خوای گەورە شیفای بۆناردو چاکی کردەوە لەنەخۆشیەکەی ... [١٣٦]

موعجیزەی (١٣٨) خوای گەورە دووعاکەی پێغەمبەر (ﷺ) گیرا دەکات و عومەری کوڕی خەتتاب موسڵمان دەبێ :

لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە – خوای لێ ڕازی بێ –لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەڵێ فەرمووی : (خوایە ئیسلام بەعیززەت کەی بەو دووپیاوە ، بە ئەبوجەهل یان بەعومەری کوڕی خەتتاب [١٣٧] ژانای گەورە (اللهم كفوري) لەشەرحی ئەو فەرموودەدا دەڵێ : بەعیززەت کردنی ئیسلام وەك هێزوپیارمەتی دان و سەرخستنی بەسەر کوفردا ، بە ئەبوجەهل یان بەعومەری کوڕی خەتتاب بەڵام عومەر لای خوای گەورە خۆشەویست بوو ، بۆیە خوای گەورە ئیسلامەتی خستە دڵی عومەرەوەو موسڵمان بوو .

---

[١٣٦] (صحيح : اخرجه مسلم (١٦٢٨)) .

[١٣٧] (صحيح سنن الترمذي ٢٩٠٧، والمشكاة ٦٠٣٦) .

موعجیزه‌ی (١٣٩) دووعا کردنی بۆعەبدوڵڵای کوڕی عەببباس :

لەهەردوو سەحیحەکەداوانە :لەبوخاری وموسلیم دا هاتووە : لە عەبدوڵڵای کوڕی عەببباسەوە-خوای لێ ڕازی بێ –دەڵێ : پێغەمبەر(ﷺ) چوودەست بەناو بگەیەنێ ، منیش ناوی دەست نوێژم بۆ نامادەکرد فەرموو ی: کێ ئەو ناوەی نامادە کردووە ؟ دەڵێ وتم : من فەرمووی : خوایە شارەزای بکە لەئاین دا دووعاکەی پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە گیرای کرد عەبدوڵڵا بوو بەزانایەکی زۆر گەورەو شارەزا لە ئاین دا و ناوی دەرکرد بە تەرجوومانی قورئان [١٣٨]

موعجیزه‌ی (١٤٠) عوسمانی کوڕی عاص قورئانی لەبیرنە دەچۆوە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دووعای بۆکردبوو :

لە عوثمانی کوڕی ئەبی عاصەوە دەڵێ : من قورئانم لەبیردەچۆوە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا من قورئانم لە بیر دەچێتەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی موبارەکی کێشا بەسەر سکی عوثمان دا و فەرمووی : وەرە دەرەوە ئەی شەیتان لەناو سنگی عوثمان ، عوثمان دەڵێ هیچ شتێکم لەبیر نەچۆوە لەوەدوا گەرویستبام لەبەری بکەم ... [١٣٩]

---

[١٣٨] (رواه البخاری برقم ١٤٢ واللفظ له ، ومسلم برقم ٢٤٧٧) .

[١٣٩] (اخرجه الحارث في مسنده كما في بغية الباحث عن زوائد مسند الحارث رقم (١٠٢٨) والطبراني في المعجم الكبير ٤٧/٩ رقم ٨٣٤٧ وقال الهيثمي في المجمع ٣/٩ وفيه عثمان بن بشر ولم أعرفه وبقية رجاله ثقات) .

موعجیزه‌ی (١٤١) نزاکەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەنەس گیرا دەبێت:

لە قەتادەوە-خوای لێ ڕازی -وتی گوێم لە ئەنەسی کوڕی مالیك بوو دەی وت : ئوممو سولەیم وتی : ئەی پێغەمبەری خوا دووعا بۆ ئەنەس بکە پێغەمبەر فەرمووی : (اللهم اکثر ماله ، وولده ، وبارك له فیما رزقته) واتە: خوایە مالێکی زۆرو ، ئەولادی زۆری پێ ببەخشە وە پیت وفەڕبخەرە رزق وڕۆزیەوە ... [١٤٠] بەڵێ : خوێنەری بەڕێز خوای گەورە دووعاکەی پێغەمبەری گیرا کرد ئەنەس دەڵێ : سوێند بەخوا مالێکی زۆرم هەیە ، ومنداڵەکانم و منداڵی منداڵەکانم گەیشتوونەتە سەد کەس وەهەروەها ئەنەس دەڵێ من لەهەموو مالە ئەنصاریەکانی مەدینەدا زیاتر مالم هەیە ئەوەش هەموو بەهۆی بەرەکەتی نزاکەی پێغەمبەرە (ﷺ) کە خوای گەورە ئاوا چاکەی لەگەڵ کردبوو...

موعجیزه‌ی (١٤٢) خوا بەرەکەت بخاتە ئەو شەوەتانەوە :

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە –خوای لێ ڕازی بێ– دەڵێ : ئومسولەیم لە ئەبو تەڵحە کوڕێکی هەبوو نەخۆش کەوت لەو نەخۆشیەی کە تیایدا مرد ، کاتێك کەمرد دایکی بە پۆشاکێك دای پۆشی ئەبو تەڵحە هاتەوە وتی: کوڕەکەم چۆنە ؟ ئوموسەلیم وتی : پشووی داوە و ئارامە ئەوشەوە ، وە کەبەشێکی شەوڕۆیی ئوم سولەیم وتی : ئەگەر پیاوێك سپاردەیەکی لەلای تۆ دانا دوایی داوای کردەوە تۆ نایدەیتەوە ؟ وتی : با وتی: خوای گەورە ئەو کوڕەی بەئەمانەت لای تۆدا نابوو، ولە تۆی وەرگرتەوە ، بەیانی چوو بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی

---

[١٤٠] (رواه مسلم في الصحيح عن محمد بن مثنى ، عن أبي داود واخرجه البخاري من وجهين عن شعبة) .

پێدا لەوبارەومو لەوەی ئەوشەوە ڕوویدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : خوا بەرەکەت بخاتە شەومکەتانەوە ، دەڵێ منداڵێکمان بوو ناومان نا عەبدوڵلا ، باس کرا ئەو کوڕە لەچاکترین خەڵکی ئەوسەردەمەی خۆی بوو [١٤١] ئەوەش بەهۆی بەرەکەتی دووعاکەی پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە ئەوچاکەیەی لەگەڵ ئەو ژن و پیاوەدا کردو ئەو منداڵە خوا ناسەی پێ بەخشین ، وەهەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا ئاواهاتووە ، دەڵێ : دایکی ئەنەس ئەبو تەڵحەی مێردی زۆر خۆشدەویست ، منداڵێکیان پەیدا بوو، وەمرد ، ئەبو تەڵحە دەرچوو بوو بۆ دەرەوە بۆکارێکی خۆی ، کاتێك کەلەشەودا هاتەوە بۆماڵ ، خێزانەکەی بە شێوەی ئەو کاتەی بوکێنی کە هاتە ماڵی ئەبو تەڵحە ئا بەوشێوە خۆی بۆ ڕازاندەوە ، ئەوجار چوونە لای یەك وەك ئەوەی پیاو دەچێتە لای خێزانەکەی خۆی ، ئەبو تەڵحە وتی : کوڕەکەم حاڵی چۆنە ؟ خێزانەکەی وتی : ئەی ئەبو تەڵحە چۆنی دەبینی کەئەگەر دراوسێیەك کەل وپەلێکی لەلای دراوسێیەکی دانا دوایی داوای کردەوە ، بەڵام ئەو نەیدەویست بیداتەوە ئەبو تەڵحە ووتی باش نیە دەبێ بیداتەوە ، وتی دەی کەواتە کوڕەکەمان خوای گەورە بەئەمانەت لەلای ئێمەی دانابوو لێوەرگرتینەوە ومرد ، کەهاتە لای پێغەمبەر و هەواڵەکەی پێدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (اللهم بارك لهما في ليلتهما) واتە : خوا بەرەکەت بخاتە شەومکەیانەوە دووعاکەی پێغەمبەر خوای گەورە گیرای کرد منداڵێکیان پەیدابوو ئەو منداڵە حەوت کوڕی لێ پەیدا بوون هەموویان قورئان خوێن بوون .. بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە.

---

[١٤١] -(نقله السيوطي في الخائص الكبرى ١٧٠/٢ عن المصنف) .

موعجیزەی (١٤٣) خوای گەورە لەبەر هەوڵ و تێکۆشانی پێغەمبەرەکەی فریای گەنجێك دەکەوێت و لە نەهامەتیەکی گەورە رزگاری دەکات :

لە عەبدوڵلای کوڕی نەبی نەوفاوە دەڵێ : ئێمە دانیشتبووین لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە یەکێك هات وتی : ئەی پێغەمبەری خوا ئا لەوێ گەنجێك نەخۆشە پێی دەڵێن بڵێ (لاالە الاالله) بەڵام ناتوانێ وابڵێ : پێغەمبەر (ﷺ) هەستا دەڵێ ئێمەش لەخزمەتی دا هەستاین هەتا گەیشتە لای گەنجەکە و فەرمووی : ئەی گەنج بڵێ (لاالە الاالله) وتی : ناتوانم فەرمووی : بۆ لەبەر چی ، وتی : دڵم قوفڵ دراوە هەرکاتێك دەمەوێ ئەو ووشەیە بڵێم ، فەرمووی : بۆ لەبەر چی ؟ وتی : لەبەر مافی دایکم بەسەرمەوە فەرمووی : دایکت زیندووە ؟ وتی : بەڵێ : ناردی بەدوای دایکیدا ، کەهات ، فەرمووی : بە دایکی کوڕەکە ، ئەوە کوڕتە ، دایکی وتی: بەڵێ : فەرمووی : ئەگەر ببینی ئاگرێکی گەورە بکرێتەوە بە تۆبوترێت ، یان لێ ی خۆش دەبیت ، یان دەیخەینە ئەو ئاگرەوە ؟ ژنەکە وتی : بەڵێ : ئەی پێغەمبەری خوا لێی خۆش دەبم پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بڵێ خوا شایەدبێ ، تۆش شایەد بە کە ئەوا لێی ڕازی بووم ، ژنەکە : وتی : ئەی خوایە تۆشایەدبە ، وەپێغەمبەرەکەشت شایەد بێ کە ئەوا من لەو ڕازی بووم ، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەی گەنج بڵێ (لاالە الاالله) گە نجەکە وتی : (لاالە الاالله وحده لاشريك له) پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەوە ڕزگاری کردی لە ئاگر... [١٤٢]

---

[١٤٢] (ذكره الهيثمي في مجمع الزوائد ١٤٨/٨) وقال : رواه الطبراني وأحمد باختصار كثير وفيه ابو الورقاء هو متروك) .

موعجیزه‌ی(١٤٤) به‌هۆی نزای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) جوله‌که‌یه‌ك موسڵمان ده‌بێ :

له نه‌نه‌سی کوڕی مالیکه‌وه –خوای لێ ڕازی بێ– وتی : جوله‌که‌یه‌ك نه‌خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ) دانیشتبوو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) پژمی ، جوله‌که‌که‌وتی : خوا ره‌حمت پێ بکات پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) به جوله‌که‌که‌ی فه‌رموو : خوا هیدایه‌تت بدات ، ئیتر جوله‌که‌که موسڵمان بوو [١٤٣]

موعجیزه‌ی (١٤٥) دووعاکردنی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بۆ طوفه‌یلی کوڕی عه‌مری ده‌وسیی:

یه‌کێك له‌و پیاوه ناودارانه‌ی که‌سه‌ردانی مه‌ککه‌یان ده‌کرد ، پیاوێك بوو به‌ناوی طوفه یلی کوڕی عه‌مری ده‌ویسی ، که پیاوێکی به‌ڕێزی ماقوولی ژیری خاوەن سه‌لیقه بوو ، ده‌ستی شیعریشی هه‌بوو ، طوفه یل خۆی باس ده‌کات که جارێکیان دێته شاری مه‌ککه و ده‌بینێ وا پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌وێ یه ، که‌قوره‌یشی یه‌کان چاویان به طوفه یل ده‌که‌وێ ، خێرا چه‌ند پیاوێکیان ده‌وره‌ی لێ ده‌دەن تا به‌ر له‌وەی ڕێی نه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) بکه‌وێت و گوێ له‌ده‌نگ وباسی دینی تازه بگرێ ، نه‌وان مێشکی پڕ بکەن ، چوونه لای و پێیان وت : طوفه‌یل تۆ هاتوویته‌وه ولاتی ئێمه‌و ، ئه‌م پیاوەش که‌وا له‌ناومان دا گیرمان خواردووه به ده‌ستیه‌وه : کۆڕو کۆمه‌ڵمانی په‌رته‌وازه کردووه ،ئێمه ده‌ترسین ئه‌وەی به‌سه‌ر ئێمه‌دا هاتووه

---

[١٤٣] (نقله السيوطي في الخاصائص الكبرى ١٦٧/٢ عن المصنف) .

بەسەر تۆو خزمەکانیشت دا بێت ، بەهیچ شێوەیەك قسەی لەگەڵ نەکەیت و ،گوێ شی لێ نەگریت ، طوفەیل دەڵێت : دەبە خوا ئەوەندەیان باس کرد بۆم تانەوەبوو هاتمە سەر ئەوەی کە گوێ بۆ قسەیەکی نەگرم و قسەیەکیشی لەگەڵدا نەکەم ، هەتا کەبەیانی چووم بۆ مزگەوت ، لەترسی ئەوەی نەوەکو قسەیەکی بەرگوێم بکەوێ و کارم تێ بکاو منیش نەمەوێ بی بیستم و حەزی پێ نەکەم لەترسی ئەوە هەردوو گوێم بە لۆکە ئاخنین ، دەڵێ : بۆ بەیانی چووم بۆ مزگەوت و دەبینم پێغەمبەری خوا(ﷺ) وا لەمزگەوتدا و لە پەنای کەعبەدا نوێژ دەکات ، منیش لەنزیکی دا ڕاوەستام خوای گەورە وێستی وەها بوو هەندێ لە فەرمایشتەکانی بدات بە گوێم دا ، فەرمایشتێکی جوانم بیست ، طوفەیل : دەڵێ لە دڵی خۆمدا وتم : دایکم بۆڵە بۆم بۆ بکات ، خۆمن پیاوێکی ژیری شیعر زانم و چاك وخراپم لێ تێك ناچێ ، باشە چی تیادایە ئەگەر گوێ لەم پیاوە بگرم بزانم چی دەڵێ؟ ئەگەر شتی چاکی بۆ باس کردم ئەوا وەری دەگرم و ، ئەگەر خراپیش بوو وازی لێ دێنم ، دانم بەخۆدا گرت هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دوای کەوتم هەتا کەچووە ماڵەوە ، منیش چوومە ژوورەوە لای و وتم : بەوەی کە پێمیان وتبوو دە بەخوا ئەوەندەیان ترساندم لەو کارەی تۆ هەتا گوێم بە لۆکە ناخنین تا قسەکانت نەبیستم ، بەڵام خوای گەورە وێستی وەها بوو شتێکی لێ ببیستم ، بە ڕاستی فەرمایشتێکی جوانم بیست دەتۆش دینەکەتم بۆ باس بکە ، ئەویش ئیسلامی بۆ باس کردم و قورئانی بۆ خوێندم دەڵێت : دەبە خوا هەرگیز فەرمایشی لەوە جوانترو ، فەرمانی لەوە ڕاست تر وبەدادترم نەبیست بوو ، دەڵێت : ئیتر موسڵمان بووم وشەهادەتی هەقم هێنا و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ، من پیاوێکم لە ناو خزمەکانم دا گوێ ڕایەڵیم بۆ دەکرێ و ، دەشمەوێ بگەڕێمەوە ناویان و بۆموسڵمان بوون بانگیان بکەم جا لە خوای گەورە داوا بکە نیشانەیکم پێ ببەخشێ تانە بانگ کردنیان دا بۆ سەر ئیسلام یارمەتیم بدات ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (اللهم اجعل له اية) طوفەیل دەڵێ: بەرمو لای قەومەکەم

که‌وتمه‌ ڕێ ، هه‌تا که‌ گه‌یشتمه‌ دەربه‌ندێك که‌ خه‌ڵکه‌که‌م لێوه‌ دەر نه‌که‌وت ، نوورێك به‌وێنه‌ی چرا له‌ نێوان هه‌ردوو چاوم دا په‌یدا بوو ، نه‌ڵێ : وتم : خوایه‌ بابه‌دەم و چاومه‌وه‌ نه‌بێت ، چونکه‌ نه‌ترسم واتێ بگه‌ن که‌ نه‌مه‌ تۆڵه‌ و پێ نواندنه‌ له‌دەم وچاومدا ، له‌سه‌ر وازهێنان له‌ دینه‌که‌یان ، په‌یدا بووه‌ نه‌ڵێ : نوورەکه‌ له‌وێ گوازرایه‌وه‌ بۆ سه‌رنووکی قامچی یه‌که‌م ، به‌شێوەیەك که‌کاتێ له‌ دەربه‌نده‌که‌وه‌ دا نه‌به‌زیمه‌وه‌ خوارەوه‌ خه‌ڵکه‌که‌ به‌ قامچی یه‌که‌مه‌وه‌ نه‌و نوورەیان وەك چرای هه‌ڵواسراو نه‌بینی ، هه‌تا گه‌یشتمه‌ لایان کاتێ که‌ دابه‌زیم باوکم که‌ ڕیشی سپی یه‌کی به‌ته‌مه‌ن بوو هات بۆ لام ، نه‌ڵێ : وتم : بابه‌گیان لێم دوور بکه‌ڕەوه‌ نه‌تۆ په‌یوەندیت به‌منه‌وه‌ هه‌یه‌ و ، نه‌منیش به‌ تۆوه‌ وتی : بۆچی نه‌ی کوڕەکه‌م ؟ نه‌ڵێ :وتم : من موسڵمان بووم و شوێن دینی موحه‌ممه‌د (ﷺ) که‌وتووم باوکم وتی : دینی من دینی تۆیه‌ ، چوو خۆی شۆردو جل وبه‌رگه‌که‌ی خاوێن کردەوه‌ و پاشان هات ئیسلامم بۆ باس کرد و نه‌ویش موسڵمان بوو ، دەڵێت : دوای نه‌وه‌ هاوسه‌رەکه‌م هات بۆ لام و پێم وت دوور بکه‌ڕەوه‌ ، وتی بۆچی ؟ نه‌ڵێ : وتم ئیسلام من وتۆی جیاکردۆته‌وه‌ ، ئیتر نه‌ویش موسڵمان بوو ، داوام له‌ دەوسیش کرد تا موسڵمان ببن ، که‌چی خێرا به‌ده‌مه‌وه‌ نه‌هاتن ، طوفه‌یل وەك خه‌م خۆرو دڵسۆزی خۆی وکه‌س وکاری بوو وەهاش دڵسۆزی هۆزەکه‌ی بوو ، پێی خۆش بوو موسڵمان ببن و له‌سزای ئاگری دۆزەخ سه‌رفرازبن ، جا که‌بینی وا هۆزی دەوس بۆ موسڵمان بوون سستی نه‌که‌ن ، دێته‌وه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) له‌ مه‌ککه‌و، نه‌ڵێ : نه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا دەوس به‌ گوێم ناکه‌ن ، له‌بەر نه‌وه‌ دووعایان لێ بکه‌ ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دڵی نه‌هات دووعایان لێ بکات ، به‌ڵکو دووعای هیدایه‌تی بۆکردن که‌ فه‌رمووی : (اللهم اهد دوسا) پاشان به‌ طوفه‌یلی فه‌رموو : (ارجع الی قومك فادعهم وارفق بهم) فه‌رمووی : بگه‌ڕێرەوه‌ بۆناو قه‌ومه‌که‌ت ، بانگیان بکه‌وبه‌نه‌رمی له‌گه‌ڵیان بجووڵێرەوه‌ طوفه‌یل نه‌ڵێ : گه‌ڕامه‌وەو به‌رەوام له‌ناوچه‌ی دەوس دا خه‌ریکی بانگ کردنیان بووم بۆ سه‌ر ئیسلام هه‌تا

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی بۆ مەدینە کردو لە جەنگی بەدرو ئوحودوخەندەق بوویەوە ، دوای ئەوە بەخۆم و ئەو خزمانەمەوە کە موسڵمان بووبوون هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبینین تەشریفی لە خەییەرەو، منیش لەگەڵ حەفتایان هەشتا ماڵی دەوس هاتینە مەدینە [١٤٤]،[١٤٥]

موعجیزەی (١٤٦) بەرەکەتی دەستی موبارەکی پێغەمبەرو دوو موعجیزەی زۆر گەورەو بەناوبانگ:

سەڵمانی فارسی کۆیلەی جوولەکەکان بوو، ئاغاکانی پەیمانیان بۆ نووسی لەکۆیلەیی ئازادی بکەن، بەمەرجێ سێ سەد شەتڵ خورمایان بۆبڕۆێنێت و سەوز بن وبەریان دەربکەوێت وبخورێت وئینجا چل ئۆقیەش ئاڵتوونیان بداتێ پێغەمبەر (ﷺ) هەڵسا و هەموو ئەو شەتڵانەی بەدەستی پیرۆزی خۆی بۆ ناشت ، یەکێکیان نەبێت کەیەکێکی تر ناشتی هەموویان سەوزبوون ئەویەکە نەبێت ، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵی کێشاو لەجێی خۆیدا سەرلەنوێ ناشتیەوە ، ئینجا ئەویش سەوزبوو ، بەزۆر لە کتێبەکەیدا دەگێڕێتەوە کەهەر ئەوسالە دار خورماکان بەرەکەیان دەرکەوت ، یەکێکیان نەبێت ، ئەویش پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵی کێشاو ناشتیەوە ، هەرلەو سالەدا ئەویش بەرەکەی دەرکەوت ئینجا بە ئەندازەی هێلکەیەک ئاڵتونی بەسەڵمان دا ، دوای ئەوەی کە هێنای بەسەر زمانی خۆیدا ، تاکو بیبات بۆ ئاغاکانی کە بۆی بردن ، چل ئۆقییەی لەو ئاڵتونە بۆ کێشان و، هێشتا بە ئەندازەی ئەوەی دای بەوان

---

[١٤٤] (ذكره في البداية ٢/١٠٠) عن ابن اسحاق مع زيادة يسيرة) .

[١٤٥] (شرح حياة الصحابة : ١/ ٣٥٤-٣٥٦)

له‌و ئالْتونه‌مایه‌وه [١٤٦] الله اکبر له‌و موعجیزه گه‌ورمو به‌ناوبانگه به‌راستی ئه‌وانه موعجیزه‌ی ئه‌وه‌نده گه‌ورەن که‌به‌قه‌د تۆزقالْێك گومان و دوودڵی ناهێڵن له ناو دڵه‌کاندا و وەك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام دەسه‌ڵمێنن ، به‌ڕاستی موعجیزه به‌ڵگه‌یه‌کی هه‌ره سه‌ره‌کی و ئێکجار گه‌ورەیه بۆ ڕێنمایی مرۆڤ به‌رەو ڕێگای ڕاست و مایه‌ی به‌خشینی ئارامی و دڵنیایی به دڵ ودەروون سوپاس بۆ خوای گه‌وره و پەروەردگار وه دروود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ری پایه‌داری ئیسلام (ﷺ) .

موعجیزه‌ی (١٤٧) هیزه ڕۆنه‌که‌ی ئوم ماليك و موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره:

ئوم ماليك که‌یه‌کێکه له هاوه‌ڵان هیزەیه‌کی هه‌بوو ڕۆنی تێدەکردو به‌دیاری بۆ پێغه‌مبه‌ری (ﷺ) دەبرد ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمانی پێ دا که‌هه‌ڵی بگرێت و نه‌یگووشێت ، ئینجا هیزەکه‌ی دایه‌وه به ئوم ماليك سه‌یری کرد هێشتا هه‌ر پڕه له ڕۆن ، جا هه‌رکاتێك منداڵه‌کانی داوای پێخۆریان لێ دەکرد ، ئه‌گه‌ر هیچیان نه‌بوایه دەچوو بۆڵای هیزەکه‌و ڕۆنی لێ دەردەهێنا به‌م جۆره مایه‌وه لایان ، تا جارێکیان هیزەکه‌یان گووشی ، ئیتر پاش ئه‌وه ڕۆنیان تێدا نه‌بینی یه‌وه [١٤٧]

---

[١٤٦] (حديث حسن : رواه أحمد واللفظ له ، والبزار والطبراني والبيهقي) .

[١٤٧] (صحيح : رواه مسلم واللفظ له ، و أحمد) .

موعجیزه‌ی (١٤٨) هیچ بیرێك له‌ مه‌دینه‌دا به‌ نه‌ندازه‌ی نه‌وبیره‌ ئاوه‌که‌ی خۆش و سازگار نه‌بوو :

نه‌بوو نه‌عیم له‌ (دلائل النبوة) داو پیاوانی تری فه‌رموده‌ دەگێڕنه‌وه‌ که‌ بیرێك له‌ مالّی نه‌نه‌سدا هه‌بوو ، پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ئاوی دەمی خۆی ڕۆکرده‌ ناو نه‌و بیرەو دووعای کرد ، پاش نه‌وه‌ هیچ بیرێك له‌ مه‌دینه‌دا به‌ نه‌ندازه‌ی نه‌و بیره‌ ئاومکه‌ی خۆش و سازگار نه‌بوو [١٤٨] وه‌ هه‌روه‌ها ئیمامی به‌یهه‌قی و پێشه‌وا یانی تری فه‌رموده‌ دەگێڕنه‌وه‌ : هه‌ندێك جار بیری (قه‌با) ئاومکه‌ی که‌می دەکرد تا هیچی تێدا نه‌دەما پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌ پاشماوه‌ی دەست نوێژی خۆی کرده‌ ناوی له‌ پاش نه‌وه‌ ئیتر وای لێ نه‌هاته‌وه‌ [١٤٩] وه‌هه‌روه‌ها ئیمامی نه‌حمه‌دی کوڕی حه‌نبه‌ل دەگێڕێته‌وه‌ که‌ : جارێکیان دۆڵچه‌یه‌ك ئاویان له‌بیرێکه‌وه‌ هێنا بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نه‌ویش ئاوی له‌دەمی ومرداو کردیه‌وه‌ ناوی ، ئینجا نه‌و دۆڵچه‌ ئاوه‌ کرایه‌وه‌ ناو بیرەکه‌ ، له‌ پاش نه‌وه‌ ، بۆنی ئاوی نه‌وبیره‌ له‌هی میسك خۆشتر بوو [١٥٠] وه‌هه‌روه‌ها ئیبن ماجه‌ دەگێڕێته‌وه‌ که‌ دۆڵچه‌یه‌ك ئاوی زەمزەمیان هێنایه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) نه‌ویش ئاوی له‌ دەمی ڕادا وکردیه‌وه‌ ناوی ، له‌پاش نه‌مه‌ ، بۆنی نه‌و ئاوه‌ له‌بۆنی میسك خۆشتربوو.. [١٥١]

---

[١٤٨] (الشفا ١/ ٢٣١)

[١٤٩] (رواه البيهقي بروانه : الشفا ١/٢٣١) .

[١٥٠] (صحيح ؛ (رواه الامام أحمد) .

[١٥١] (حديث : صحيح (رواه ابن ماجه واحمد) .

موعجیزه‌ی (١٤٩) کەسەرنجی خورماکانی دا هەر دەتوت هیچی لێ کەم نەبۆتەوە :

جابیر – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : عەبدوڵڵای کوڕی عمرو وەفاتی کرد قەرزداریش بوو ، چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تا هاوکاریم بکات بۆ ئەوەی خاوەن قەرزەکان لە قەرزەکانیان ببورن پێغەمبەر (ﷺ) داوای لێکردن کەچی ئەوان لێینەبووردن ئەوسا پێغەمبەر ((ﷺ)) پێی وتم : بچۆ خورماکانت جیا بکەرەوە (عجوة) بەجیاو (غدق زید) بەجیا پاشان بنێرە بە شوێنمدا منیش هەروام کردو پاشان ناردم بەشوێن پێغەمبەر (ﷺ) ئیتر ئەولای سەرووی یان ناوەڕاستیەوە وەستا پاشان فەرمووی : ئادەی بۆ خزمان بکێشە ، منیش بۆم کێشان و هەتا بەقەد قەرزەکانیان هەقی خۆیان وەرگرت کەسەرنجی خورماکانم دا هەر دەتوت هیچی لێ کەم نەبۆتەوە ...[١٥٢] وەهەروەها لە پوختەی صەحیحی بوخاریدا لاپەرە (٨٣٦) دا ئاوا هاتووە جابری کوڕی عبدوالله خوایان لێ ڕازی بێ دەڵێت : مەدینە پیاوێکی جولەکەی لێ بوو پێشینەی بۆ خورماکەم دەدامێ تاکاتی چنینەوەی باخەکەی جابیر لەڕێگەی (ڕەومەوە) بوو سااێك بەرهەمی نەبوو جابر دەڵێت جولەکەکە هاتوو هیچم لێ کۆ نەکردبۆوە داوام لێکرد چاوەڕێ بکا بۆ ساڵی داهاتوو نەویش قبوڵی نەکرد ئەو هەواڵە گەیشتە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی باهاوەڵانی بێن با داوای دووا خستن لە جولەکەکە بۆ جابیر بکەین دەڵێ هاتن بۆ لام بۆ باخەکەم پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ جولەکەکە قسەی دەکرد ئەویش دەی ووت : ئەبولقاسم دووای ناخەم کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بینی هەڵسا بە باخەکەدا گەڕا پاشان هاتەوە و لەگەڵ جولەکەکەدا قسەی کرد کەدووای بخات هەر قبوڵی

---

[١٥٢] (پوختەی صەحیحی بوخاری لاپەرە ٨٣٦) .

نەکرد جابیر دەڵێت : هەستام و کەمێك خورمام هێناو لەبەردەم پێغەمبەر دا (ﷺ) دام نا خواردی پاشان فەرمووی : کە پرەکەت شوێنی کۆکردنەوەی خورماکەت لە کوێ دایە؟ دەڵێت نیشانمدا فەرمووی : جێگەیەکم تیایدا بۆ پا بخە جێگەم ڕاخست چووە ناوی و تیایدا ڕاکشا پاشان هەڵسا مشتێکی تر خورمام بۆ هێنا و لێی خوارد پاشان ن هەڵسا و قسەی لەگەڵ جولەکەکە کرد هەر ڕازی نەبوو بۆ جاری دووەم بەناو خورما گەیشتوومکانی باخەکەدا گەڕا پاشان فەرمووی : جابیر بیچنەرەوەوە و قەرزەکەی بدەرەوە جولەکە وەستا خورماکانم چنیەوە و قەرزەکەی نەوم لێ دایەوە و لێشیی زیاد بوو پاشان چووم تا گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) مژدەم دایە فەرمووی : شاهیدی دەدەم کە من پێغەمبەری خوام(ﷺ)

موعجیزەی (١٥٠) دووعاکردنی پێغەمبەر ((ﷺ)) بۆ عەبدوڵڵای کوڕی هیشام :

عەبدوڵڵای کوڕی هیشام – خوای لێ ڕازی بێ – کەبەخزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتووە بە منداڵی و دایکی کە زەینەبەی کچی حەمیدە بردی بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : بەیعەتی لێ وەرگرە ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەویش فەرمووی : ئەوە منداڵە ئەمجا دەستی هێنا بەسەریداو دووعای خێری بۆکرد هەر لەوەوە دەگێڕنەوە کە دەرچووە بۆ بازاڕ و خۆراکی دەکڕی ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر –خوای گەورە لێیان ڕازی بێ– پێیان دەووت : بەشمان بدە چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دووعای بەرەکەتی بۆکردووێت ئەویش بەشی دەدان جاری واش هەبوو باری ووشترەکە هەروەکو خۆی بوو کەدەینارەوە بۆ ماڵەوە لێی کەم نەدەبوو..[١٥٣]

---

[١٥٣] پوختەی صحیحی بوخاری لاپەرە ٤٨٨ .

موعجیزه‌ی (١٥١) باران بارین به‌هۆی دووعای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)

ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك – خوای لێ ڕازی بێ – ده‌ڵێت : له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خه‌ڵکی تووشی بێ بارانی بوون ، له کاتێکدا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌سه‌ر مینبه‌ر بوو ، ووتاری جومعه‌ی ده‌خوێنده‌وه ، ده‌شته‌کیه‌ك هه‌ستاو وتی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) مااڵمان له‌ناوچوو ، منداڵمان برسی بوو ، دووعامان بۆبکه ، ئه‌ویش هه‌ردووده‌ستی به‌رزکرده‌وه و ئێمه هیچ په‌ڵه‌هه‌ورێکمان به ئاسمانه‌وه نه‌دی، سوێند به‌وکه‌سه‌ی که گیانی منی به ده‌سته ، ده‌ستی دانه‌گرت تاوه‌کو هه‌مووهه‌وره‌کان به‌چه‌شنی شاخان چوون به‌یه‌کدا ، هه‌روه‌ها له‌مینبه‌ره‌که‌ی نه‌هاته خواره‌وه تا ئاو به‌ڕیشی موباره‌کی دا چۆڕاوگی به‌ست ، ئه‌و ڕۆژه باری ، به‌یانی و دوای به‌یانیشی تا جومعه‌که‌ی تر هه‌تا ئه‌و پیاوه ده‌شته‌کیه ، یان که‌سێکی تر له‌جومعه‌دا هه‌ستاو وتی :ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا خانووه‌کانمان رووخا ، مااڵمان نوقم بوو ، له خوا نزامان بۆ بکه ، ئه‌ویش ده‌سته‌کانی به‌رزکرده‌وه و فه‌رمووی : خوایه به‌سه‌ر خۆمانی دا مه‌بارێنه ، به‌ڵکو به‌سه‌ر چواردەورماندا ، به‌ده‌ستی ئاماژەی بۆ هه‌رشوێنێك بکردایه ، خێرا هه‌وره‌کان ده‌ڕوینه‌وه ، تا شاری مه‌دینه وه‌کو بازنه‌و کاڵو ڕۆژنه‌ی لێ هات واته : هه‌وره‌که له‌سه‌ری ڕه‌وی یه‌و شیوی قه‌ناتیش یه‌ك مانگ لافاوی لێ هه‌ڵنیشتبوو ، هه‌ر که‌سیش که‌له هه‌رلایه‌که‌وه ده‌هات ، باسی ئه‌وبارانه زۆرەی ده‌کرد ... [١٥٤]

هه‌روه‌ها له ڕیوایه‌تێکی تردا ئاوا هاتووه ئه‌نه‌سی کوڕی مالیك –خوای لێ ڕازی بێ – ده‌ڵێت : پیاوێك ڕۆژی جومعه له دەرگایه‌که‌وه که به‌رامبه‌ر مینبه‌ره‌که بوو هاته ژووره‌وه و پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) به پێوه بوو ووتاری ده‌خوێنده‌وه ، کابرا وه‌ستاو ڕووی کرده پێغه‌مبه‌ر

---

[١٥٤] (پوخته‌ی مسه‌حیحی بوخاری لاپه‌ڕه ٢٢٠) .

(ﷺ) و وتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) مه‌رومالات له‌ناوچوون ، ڕێگاوبانه‌کان چۆڵ بوون داوابکه‌ بارانمان بۆببارێ ده‌ڵێت پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌ردوودەستی به‌رزکرده‌وه‌ ووتی : خوایه‌ بارانمان بۆ ببارێنی ، خوایه‌ بارانمان بۆ ببارێنی ، خوایه‌ بارانمان بۆ ببارێنی ، ئه‌نه‌س ده‌ڵێ : سوێند به‌خوا هیچ هه‌ورێك هیچ پەڵه‌ هه‌ورێك هیچ شتێکمان به‌ ئاسمانه‌وه‌ نه‌بینی له‌نێوان ئێمه‌و (سلع) دا هیچ خانوویك نه‌بوو ، ده‌ڵێت : له‌پشت (سلع)دا پەڵه‌ هه‌ورێك له‌شێوه‌ی بازنه‌یه‌کدا ده‌رکه‌وت و کاتێك گه‌یشته‌ ناوەڕاستی ئاسمان بلاوبوویه‌وەو باران باری ده‌ڵێت : سوێند به‌خوا تا شه‌ش ڕۆژ خۆرمان نه‌بینی ، جومعه‌ی داهاتوو پیاوێك له‌ده‌رگای پێشه‌وه‌ی مزگه‌وت هاته‌ ژوورەوه‌ و پێغه‌مبه‌ریش (ﷺ) به‌پێوه‌بوو ووتاری ده‌خوێنده‌وه‌ ، پیاوه‌که‌ هه‌ستاو ڕووی تێکردو وتی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ماڵمان وێران بوو ، ڕێگاوبان نه‌ما ، دووعای بکه‌ خۆشکاته‌وه‌ ، ده‌ڵێت : پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌سته‌کانی به‌رز کرده‌وه‌ و پاشان فه‌رمووی : ئه‌ی خوایه‌ به‌ چواردەورماندا ، نه‌ك به‌سه‌رماندا ، ئه‌ی خوایه‌ به‌سه‌ر ته‌پۆڵکه‌ نم وچیاکاندا به‌سه‌ر بێبه‌ش و گردۆڵکه‌کاندا ، به‌سه‌ر شیوو دره‌خته‌کان دا ڕاوی : ده‌ڵێت : خۆشی کرده‌وه‌، کاتی ده‌رچووین هه‌تاوبوو .. [١٥٥]

موعجیزه‌ی (١٥٢) مسوڵمان بوونی دایکی ئه‌بو هوره‌یره‌ به‌هۆی دووعای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ):

ئه‌بو هوره‌یره‌ خوای لێ ڕازی بێ ده‌ڵێ:من داوام له‌ دایکم ده‌کرد بۆ لای ئیسلام و مسوڵمان بوون، که‌ ئه‌و ژنێکی موشریك بوو، ده‌ڵێ ڕۆژێك بانگم کرد بۆ لای ئیسلام شتێکم لێ بیست

---

[١٥٥] (پوخته‌ی صحیحی بوخاری لاپه‌ڕه‌ ٢٣٦) .

دەربارەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ پێم ناخۆش بوو، ڕۆیشتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾لەکاتێکدا من دەگریام، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من بانگی دایکم کرد بۆ لای ئیسلام بەڵام بەقسەی نەکردم، ئەمڕۆ بانگم کرد دەربارەی تۆ شتێکم لێ بیست پێم ناخۆش بوو، داوا لە خوا بکە کە ڕێنمای دایکی ئەبوهورەیرە بکات، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی: خوایە هیدایەتی دایکی ئەبوهورەیرە بدە، دەڵێ: دەرچووم بە مزگێنییەوە بەهۆی دووعای پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ کە گەیشتمە جێ بۆ لای دەرگا ڕۆیشتم، گوێم لە خشەی پێی دایکم بوو، ووتی لە جێگای خۆت بوەستە ئەبوهورەیرە ووتی گوێم لە خشەخشەی ئاو بوو، کاتێك خۆی شوشت جلەکانی لەبەر کردەوە و بە پەلە خۆی داپۆشی، دەرگای کردەوە ئەوجا ووتی:

ئەی ئەبوهورەیرە (أشهدوا أن لاإله إلاالله، وأشهدوا أن محمداً عبده ورسوله) دەڵێ: گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەگریام لە خۆشیدا دەڵێ ووتم ئەی پێغەمبەری خوا مژدە بێ لێت خوای گەورە دوعاکەی گیرا کردی هیدایەتی دایکی ئەبو هورەیرەی دا سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و فەرمووی زۆر چاکە دەڵێ ووتم ئەی پێغەمبەری خوا داوا لە خوای گەورە بکە کە من و دایکم خۆشەویست بکات لەلای بەندە ئیمانداڕەکان و ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست بکات، دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: خوایە خۆشەویستی بکە بەندەکەت ئەبوهورەیرەو دایکی لەلای بەندە بڕوادارەکانت، وە ئیمانداریش لەلای ئەوان خۆشەویست بکەی[١٥٦]

موعجیزه‌ی (١٥٣) پێغه‌مبه‌ری خوا فوو ده‌کات به قاچی سه‌له‌مه‌ی کوڕی ئه‌کوه‌ع برینه‌که‌ی ساڕێژ ده‌بێ:-

له یه‌زیدی کوڕی نه‌بو عوبه‌یدەوه ده‌ڵێ: شوێنی لێدانێکم به به قاچی سه‌له‌مه‌ی کوڕی ئه‌کوه‌عه‌وه بینی پێم ووت: ئه‌و لێدانه چییه؟ ووتی لێدانێکه که‌تووشم بووه ڕۆژی جه‌نگی خه‌یبه‌ر، خه‌ڵکه‌که وتیان سه‌له‌مه پێکرا، پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ هات بۆ لای منی فووی کرد له شوێنی پێکرانه‌که، هه‌تا ئێستا هه‌ستم به هیچ ئێشێك نه‌کردووه [١٥٧]

موعجیزه‌ی (١٥٤) سپی نه‌بوونی سه‌ری سائیبی کوڕی یه‌زید به‌هۆی ده‌ست لێدانی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾:

له عه طائه وه مه‌ولای سائیبی کوڕی یه‌زید ده‌ڵێ: سائیبی کوڕی یه‌زیدم بینی ڕیشی سپی بووبوو به‌ڵام سه‌ری ڕەش بوو، ده‌ڵێ: ووتم: ئه‌ی گه‌ورەم بۆچی سه‌رت سپی نه‌بووه؟ ووتی: قه‌ت سه‌رم سپی نابێ، ئه‌وەش له‌بەر ئه‌وەی جارێك پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ ته‌شریفی دەڕۆی به‌ڕێگادا و به‌لای ئێمه‌دا ده‌هات وه من منداڵ بووم یاریم ده‌کرد له‌گه‌ڵ منداڵه‌کان، سه‌لامی کرد، وەمن له‌ناو منداڵه‌کاندا بووم، وەڵامی سه‌لامه‌که‌م دایه‌وه له‌ناو منداڵه‌کاندا، بانگی کردم فه‌رمووی: پێم بڵێ ناوت چییه؟ ووتم ناوم سائیبی کوڕی یه‌زیده کوڕی خوشکی (النمر) دەستی پیرۆزی له‌سه‌ر سه‌رم دانا وه فه‌رمووی: (بارك الله فيه) شوێنی دەستی پیرۆزی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ هه‌رگیز سپی نابێ... به‌ڕاستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه به‌ڕاستی

---

[١٥٧] (البخاري في المغازي فتح ٩م١١).

ئەوانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن کە بەقەد تۆسقاڵێك گومان و دوو دڵی ناهێڵن لەناو دڵەکاندا وەك رۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەسەلێنن .

بەڕاستی موعجیزە بەڵگەیەکی هەرە سەرەکی و ئێجگار گەورەیە بۆ ڕێنمایی مرۆڤ بەرەو ڕێگای ڕاست و مایەی بەخشینی ئارامی و دڵنیاییە بە دڵ و دەروون سوپاس بۆ خوای گەورەو پەروەردگار وە درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری پایەداری ئیسلام (ﷺ) [١٥٨]، لەو شوێنەی کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەستی پیرۆزی پێدا هێنابوو ئەوە ڕەش بوو، بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە [١٥٩].

موعجیزە ی (١٥٥) : چاك بوونەوەی زمان گیرانی بەشیر بەهۆی چارەسەرکردنی لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) :

لە بەشیری کوڕی (**عقربة الجهنی**) یەوە ووتی : باوکم (**عقربة الجهنی**) بردمی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئەوە کێیە لە گەڵت ئەی **عقربة**؟ وتی : کوڕەکەمە (بەحیر) فەرمووی نزیك بەرەوە لێم دەڵێ : نزیك بوومەوە لێ ی هەتا لە لای ڕاستی پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتم دەستی موبارەکی بەسەرم دا هێناو فەرمووی ناوت چییە؟ وتم ناوم بەحیرە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : نەخێر بەڵکو تۆ ناوت بەشیرە دەڵێ : لە زمانمدا گرێیەك هەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فووی کردە دەمم گرێیەکە لە زمانم لاچوو و زمان گیرانەکەم چاك بوومەوە وەدەڵێ هەموو شوێنێکی سەرم سپی بو جگە لەو شوێنەی کە

---

[١٥٨] (أخرجه الطبراني في الكبير ١٩٠/٥ والأوسط (٣٩٠٢) مجمع البحرين والصغير ٢٤٩/١ وقال الهيثمي وذكره الحافظ وأخرجه ابن عساكر في تاريخ دمشق ٢٠/ ١١٥-١١٦).

[١٥٩] أخرجه إسحاق بن إبراهيم الرملي في فوائده، كما ذكره الحافظ في الأصابة ١٥٤/١/ ٦٧١).

پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دەستی پیرۆزی پیادا هێنا بوو ئەو ڕەش بوو بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە (اخرجه اسحاق بن ابراهیم الرملی فی فوائیده ، کما ذکره الحافظ فی الاصابة ١٥٤/١ /٦٧١)

موعجیزەی (١٥٦)تەمەنی هەشتا ساڵ بوو نیشانەی پیری لێ دەرنەکەوتبوو:

پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ دەستی شیفا بەخش و موبارەکی خۆی بەسەری عومەیری کوڕی سەعدا هێناو دووعای بەرمکەتی بۆ کرد، کاتێ کە عومەیر کۆچی دوای کرد تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، کەچی هێشتا نیشانەی پیری لێ دەرنەکەوتبوو [١٦٠].

موعجیزەی (١٥٧) هیچ ئافرەتێك نەبینراوە دەمووچاوی ئەوەندە جوان بێت:-

جارێکیان پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ دەست نوێژی دەگرت، لە ئاوی دەست نوێژەکەی بە دەمووچاوی زەینەبی کچی ئوم سەلەمەدا پڕژاند کە هێشتا منداڵ بوو، لەپاش ئەوە هێندە جوان بوو، دەیان ووت هیچ ئافرەتێك نەبینراوە دەمووچاوی هێندە جوان بێت[١٦١].

---

[١٦٠] الشفاء ١/٢٣٤).

[١٦١] (رواه الطبراني ، الشفاء ١/ ٢٣٤).

موعجیزه‌ی (١٥٨) له‌ته‌مه‌نی سه‌د ساڵیدا کۆچی دوای کرد که‌چی جێگای ده‌سته‌که‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ به‌ڕه‌شی مابۆوه:-

پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ ده‌ستی موباره‌ك و پیرۆزی به‌سه‌ری قه‌یسی کوڕی زه‌یدی جوزامیدا هێناو دوعای بۆ کرد، کاتێك قه‌یس له‌ته‌مه‌نی سه‌د ساڵیدا کۆچی دوای کرد، سه‌ری سپی بووبوو، به‌ڵام جێ ده‌سته‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ هه‌ر به ڕه‌شی مابۆوه، له‌بەر ئه‌وه پێیان دەووت (الأغر) واته: سه‌رماش و برنج[١٦٢].

موعجیزه‌ی(١٥٩)که‌سێکی ناشیرین بوو به‌ڵام به به‌ره‌که‌تی ده‌ستی پیرۆزی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ بوو به پیاوێکی که‌ڵه‌گه‌ت و جوان:-

عه‌بدولڕه‌حمانی کوڕی زه‌یدی کوڕی خه‌تتاب به منداڵی ناشیرین بوو، پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ ده‌ستی پیرۆزی به‌سه‌ریدا هێناو دووعای به‌ره‌که‌تی بۆ کرد، که گه‌وره بوو، بوو به پیاوێکی که‌ڵه‌گه‌ت و جوان[١٦٣].

---

[١٦٢] (الشفاء ١/ ٢٢٤).

[١٦٣] (الشفاء ١/ ٢٢٥ الإستيعاب ٨٢٢/٢، الإصابة ٣٦/٥).

موعجیزه‌ی(١٦٠)ئه‌و جێ ده‌سته‌ی سپی و دیار بوو :

ڕووخساری (عائیذي کوری عه‌مر) له‌ ڕۆژی غه‌زای حونه‌یندا بریندار بوو خوێنی پێیادا ده‌هاته‌ خواره‌وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ خوێنه‌که‌ی له‌ ڕووخساری سڕی و دووعای بۆ کرد، ئیتر ئه‌و جێ ده‌سته‌ی وه‌ك ناوچاوی ئه‌سپ سپی و دیار بوو[١٦٤]...

موعجیزه‌ی (١٦١) ڕووخساری بریقه‌ی لێوه‌ ده‌هات به‌ به‌ره‌که‌تی ده‌ستی پیرۆزی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾:

جارێکیان پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ ده‌ستی پیرۆزی به‌سه‌ر ده‌م و چاوی قه‌تاده‌ی کوڕی میلحان داهێنا، له‌ پاش ئه‌وه‌ ڕووخساری قه‌تاده‌ بریقه‌ی لێوه‌ ده‌هات به‌ چه‌شنێك که‌ چۆن سه‌یری ئاوێنه‌ ده‌کرێت به‌و جۆره‌ش سه‌یری ده‌م وچاوی ئه‌و ده‌کرا[١٦٥].

به‌ڕاستی پێویسته‌ ئیمانداران ئه‌و موعجیزه‌ گه‌وره‌و به‌ناوبانگانه‌ی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێشکه‌ش به‌ مرۆڤی سه‌رگه‌ردان بکه‌ن که‌ گه‌وره‌ترین دیاری یه‌و مایه‌ی سه‌رفیرازی دنیاو قیامه‌ته‌ هه‌زاران درووود بۆ گیانی پاکی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌داره﴿ﷺ﴾.

---

[١٦٤] (أخرجه الحاكم واللفظ له، والطبراني، الشفاء ١/ ٣٢٤).

[١٦٥] (الشفاء ١/ ٣٢٤ ورواه الإمام أحمد بغير هذا السند، ورجاله رجال الصحيح).

موعجیزه‌ی (١٦٢)ساریژ بوونی برینەکەی قەتادە بە دەستی شیفا بەخشی پێغەمبەر(ﷺ):

لە فەرموودەی صەحیح دا چەسپاوە کە پێغەمبەر(ﷺ) ئاوی دەمی خۆی خستە سەر ئەو برینەی کە تیرێك لە جەنگی زی قەرەد دا کە غەزایەك بوودوای رێکەوتنامەی حودەیبیە لە نزیك مەدینەو لە باکوورییەوە رووبدا لە دەموچاوی قەتادەدا دروست کردبوو، قەتادە دەڵێ: لە دوای ئەوە برینەکەم نە ئازاری دام، نە کێمیشی کرد چونکە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پیرۆزی بەسەردا هێنا بوو [١٦٦].

موعجیزه‌ی (١٦٣)چاك بوونەوەی دەستە قرتاوەکەی موعە ووە ذی کۆرِی عەفرا لە غەزای بەدردا :

لە غەزای بەدردا ئەبو جەهل دەستی موعە ووە ذی کۆرِی عەفرا ی بڕی ، کە یەکێکە لەو چواردە کەسەی لە شەڕی بەدردا شەهید بوون موعە وە ذ دەستە قرتاوەکەی هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش تفی بەسەردا کرد و لکاندیەوە بە جێگاکەی خۆیەوە ، جێی خۆی گرتەوەو لکایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ جەنگ تا شەهید کرا هەر شەڕی کرد [١٦٧].

---

[١٦٦] (صحيح رواه الترمزي والحاكم والبيهقي).

[١٦٧] (الشفاء ٣٢٤/١، الإصابة ١٩٢/٦).

موعجیزەی (١٦٤)پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فوی کرد بەسەر شانی خوبەیبی کوڕی یەساف لە غەزای بەدردا خوای گەورە شیفای بۆ ناردوو چاك بووەوە:

خوبەیبی کوڕی یەساف لە غەزای بەدردا لەگەڵ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بوو شمشێرێ دابووی لەسەر شانی بە ڕادەیەك کە نەو لایەی لار بووبووەوە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ خستیەوە جێی خۆی و فووی پێداکرد تا چاك بووەوە[١٦٨].

موعجیزەی (١٦٥)پێیە شکاوەکەی علی کوڕی حەکەم چاك بووەوە بێ ئەوەی لە ئەسپەکەش دابەزی:

ئیمامی بەغەوی دەگێڕێتەوە لە غەزای خەندەقدا پێی علی کوڕی حەکەم پێکراو شکا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەستی پیرۆزی بەسەر شوێنە شکاوەکەیدا هێناو یەکەسەر چاك بووەوە، بێ ئەوەی لە ئەسپەکەش دابەزی[١٦٩]....

---

[١٦٨] (رواه ابن وهب والأصبهاني في دلائل النبوة والبيهقي وأحمد الشفاء ١/ ٢٢٤).

[١٦٩] (أخرجه اليفوي الطبراني، الإصابة ٥٦٢/٤ الشفاء ١/ ٢٢٣ نسيم الرياض ١١٨/٣).

موعجیزەی (١٦٦)ئیمامی علی ئازاریکی هەبوو پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دووعای بۆ کرد ئیتر چاك بووەوە

ئیمامی بەیهەقی و غەیر ئەویش دەگێڕنەوە کە جارێکیان ئیمامی علی کوڕی ئەبو تالیب ئازارێکی هەبوو، دەستی بە پارانەوە کرد، پێغەمبەریش ﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ فەرمووی: ﴿اللهم اشفه يان عافه﴾ واتە خوایە شیفای بدەیت و چاکی بکەیتەوە پاشان پێغەمبەر﴿ صلى الله عليه وسلم ﴾ بە پێی خۆی نێیدا، ئیتر لەدوای ئەوە ئەو ئێش و ئازارەی نەما [١٧٠].

موعجیزەی (١٦٧)پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەستی پیرۆزی بەناو لەپی داهێناو تا ئەو لووەی هەڵگرت و هیچ شوێنەوارێکی نەما:

لوویەك لەناو لەپی شورە حبیلی جوعفی دا هەبوو بەو هۆیەوە نەیدەتوانی دەسکی شمشێرو جڵەوی وڵاغەکەی بەدەستەوە بگرێت، ناچار سکاڵای دەستی بردە لای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەویش بەردەوام دەستی پیرۆزی خۆی پێدا دەهێنا ، تا ئەو لووەی هەڵگر تو هیچ شوێنەوارێکی نەما [١٧١].

---

[١٧٠] (رواه الترمذي وقال: حسن صحيح، والنسائي في الكبرى، ورواه الإمام أحمد والحاكم وابن حبان).

[١٧١] (رواه الطبراني والبخاري في التاريخ الكبير واللفظ له الشفاء ١/ ٣٢٤، الإصابة ٢/ ٢٢١).

موعجیزه‌ی (١٦٨) مرۆڤێکی هێنده‌ ژیر ده‌رچووکه‌ له‌ خه‌ڵکی ژیر تر بوو:

ئیبن ئه‌بی شه‌یبه‌ که‌ یه‌کێکه‌ له‌ پێشه‌وایانی زانستی فه‌رموده‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌ جارێکیان ئافره‌تێك له‌ تیره‌ی (خشعم) هاته‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) منداڵێکیشی پێ بوو که‌ تووشی به‌ڵایه‌کی وه‌ها بووبوو نه‌یده‌توانی قسه‌ بکات، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئاوی له‌ ده‌می ڕاداو ده‌ستی شۆردو پاشان ئه‌و ئاوه‌ی دا به‌ ئافره‌ته‌که‌و فه‌رمانی پێکرد که‌ ده‌رخواردی منداڵه‌که‌ی بدات و پێی بهه‌نوێت، ئیتر منداڵه‌که‌ چاك بووموه‌، له‌ پاشاندا مرۆڤێکی هێنده‌ ژیر ده‌رچووکه‌ له‌ خه‌ڵکی ژیر تر بوو[١٧٢].

موعجیزه‌ی (١٦٩) برینه‌که‌ی موحه‌مه‌دی کوڕی حاته‌ب ساڕێژ بوو به‌ فووی ده‌می پیرۆزی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ):

ئیمامی به‌یهقی و ئه‌سائی ده‌گێڕنه‌وه‌: ده‌ڵێن: موحه‌مه‌دی کوڕی حاته‌ب منداڵ بوو، جارێکیان مه‌نجه‌ڵێك ئاوی گه‌رم به‌سه‌ر ده‌ستیدا ڕژا، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌ستی به‌سه‌ردا هێناو دووعای بۆ کرد، فوویه‌کی ته‌ڕی به‌ برینه‌که‌ی دا کرد که‌ ئاوی ده‌می پیرۆزی پێوه‌ بوو، یه‌کسه‌ر چاك بووموه[١٧٣].

---

[١٧٢] (اخرجه ابن أبي شيبة ومن طريقه ابن ماجه ورواه الطبراني الشفاء ١/ ٣٢٤).

[١٧٣] (رواه النسائي وابن حبان وابن أبي شيبة الطبراني الشفاء ١/ ٣٢٤).

موعجیزه‌ی (١٧٠)چاك بوونەوەی زمان گیرانی منداڵێك:

منداڵێکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) کە گەورە بووبوو بەڵام هێشتا زمانی نەگرتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە منداڵەکەی فەرموو من کێم؟ یەکسەر ووتی رسول الله واتە: تۆ پێغەمبەری خوایت، بەم جۆرە خوای گەورە زمانی بەردا [١٧٤].

موعجیزه‌ی (١٧١)ئەوەندە شەرمن و بەحەیا دەرچوو کە لەشاری مەدینەدا هیچ ئافرەتێکی تر نەبوو هێندەی ئەو بەشەرم و حەیا بێت:

لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) خەریکی خواردن بوو، کچێك داوای خواردنی لێ کرد پێغەمبەریش (ﷺ) ئەوەی پێدا کە لەبەر دەستیدا بوو، ئەم کچەش کەم شەرم بوو، ووتی: ئەومم دەوێ کە لەناو دەمتدایە، خۆ پێغەمبەریش (ﷺ) هەر شتێکی لێ داوا بکرایە دەیبەخشی، لەبەر ئەوە هەرچیەکی لەدەمدا بوو دای بەو کچە، هەر هێندەی پاروەکە لە گەدەی کچەکەدا جێگیر بوو، ئەوەندە شەرمن و بە حەیا دەرچوو کە لە شاری مەدینەدا هیچ ئافرەتێکی تر نەبوو هێندەی ئەو بەشەرم و بەحەیا بێت [١٧٥]

---

[١٧٤] (رواه البيهقي في الخصائص الكبرى، نسيم الرياض ٣/ ١٠٥).

[١٧٥] (رواه الطبراني الشفاء ١/ ٢٢٤

موعجیزه‌ی (١٧٢)منداڵێکی ساوا دێته‌ قسه‌و شایه‌تی بۆ ڕاستگۆی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌دات:

جه‌ڵاله‌دینی سیووتی- ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێ- که‌ ئیمامی چه‌رخ و سه‌رده‌می خۆی بوو، ده‌گێڕێته‌وه‌ که‌: پیاوێکی خه‌ڵکی یه‌مامه‌ منداڵێکی خۆی هه‌ر نه‌و ڕۆژه‌ی که‌ تێیدا له‌ دایك بووبوو هێنایه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌ منداڵه‌که‌ی فه‌رموو: منداڵ من کێم؟ یه‌کسه‌ر منداڵه‌که‌ هاته‌ زمان و ووتی: (أنت رسول الله) فه‌رمووی: (صدقت بارك الله فيك) پاشان نه‌و منداڵه‌ نه‌هاته‌وه‌ زمان تا گه‌وره‌ بوو، خه‌ڵکی پێ یان ده‌ووت: (مبارك اليمامه) چونکه‌ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) دووعای به‌رمکه‌تی بۆ کردبوو ئیمامی سیووتی له‌باره‌ی نه‌م فه‌رموودەوه‌ ووتویه‌تی: حديث الحسن [١٧٦].

(الله أكبر)له‌و موعجیزه‌ گه‌ورەو به‌ناوبانگه‌ به‌ڕاستی به‌ته‌نها نه‌و موعجیزەیه‌ به‌سه‌ له‌سه‌ر ڕاستی و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) که‌ وەك ڕۆژی ڕووناك ده‌یسه‌لمێنی هه‌زاران دروود بۆ گیانی نه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ پایه‌داره‌.

---

[١٧٦] (الشفاء ١/ ٢١٩، الإصابة ١٨/٦، ابن عساكر ٣٧٨/٤).

موعجیزه‌ی (١٧٣) هه‌ر که‌ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌ستی پیادا هێنا هیچ شوێنه‌وارێکی نه‌ما :

ئه‌بو نه‌عیم له‌ (الدلائل ص٢٢٣) دا له‌ ئه‌بیه‌زی کوڕی حمالی مه‌نارێنیبیه‌وه‌ هێناویه‌تی برینێك واته‌: دمردی (قوباء) به‌ دمووچاویه‌وه‌ بووکه‌ لوتی داشاربوو، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بانگی کردو دمستی هێنا به‌سه‌ر دمم و چاوی دا، له‌و رۆژه‌وه‌ هیچ شوێنه‌وارێکی نه‌ما [١٧٧].

موعجیزه‌ی (١٧٤)پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ده‌ست به‌سه‌ر حه‌نزه‌له‌دا دێنێ و دووعای بۆ ده‌کات:

ته‌به‌رانی له‌ حه‌نزه‌له‌ی کوڕی حوزه‌یفه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت:له‌گه‌ڵ حوزه‌یمی باپیرم هاتم بۆ لای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)باپیرم ووتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا منداڵی به‌ته‌مه‌ن و خاوه‌ن ڕیشم هه‌یه‌ و جگه‌ له‌وانیشم هه‌یه‌، ئه‌مه‌ش بچوکترینیانه‌، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) نزیکی کردمه‌وه‌و دمستی هێنا به‌سه‌رمداو فه‌رمووی: (بارك الله فيك) زمیال ده‌ڵێت: حه‌نزه‌له‌م بینی پیاوی ڕوو وه‌رمکردوو یان مه‌ڕی گوان وه‌رمم کردوو هێنرا بۆ لای، ئه‌ویش دمیووت به‌ناوی خوا له‌سه‌ر جێ دمستی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) دمستی دمهێنا به‌سه‌ریدابه‌وه‌ وه‌رمه‌که‌ نه‌دمما.. [١٧٨].

---

[١٧٧] (نیز سه‌عد (ج٥، ص٢٤) به‌همان شێوه‌ هێناویه‌تی).

[١٧٨] (صحیح :هه‌یثمی ج٩، ص٤٠٨ ده‌ڵێت: ته‌به‌رانی له‌ (المعجم الوسیط والکبیر)دا به‌همان شێوه‌ هێناویه‌تی، ئه‌حمه‌دیش له‌ فه‌رموودمیه‌کی دوورو دڕێژدا هێناویه‌تی و که‌سه‌کانی سه‌نه‌دمکه‌ی جێی متمانه‌ن).

موعجیزەی (١٧٥)خوایە سەرمایان لە ڕووداو بشکێنە:

ئەبو نەعیم لە (الدلائیل ص١٦٦) لە جابیری کوڕی بیلالەوە هێناویەتی دەڵێت: لە شەوێکی ساردا چووم بۆ نوێژ، کەس نەهاتبوو، بانگمدا، کەسێ سەلامی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بیلال چییانە؟ ووتم: سەرما ڕێی لێ گرتوون بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم، فەرمووی: (خوایە سەرمایان لە ڕووداو بشکێنە) بیلال دەڵێت: بینیم حەزیان لە مەلە بوو لە نوێژی بەیانی یان چێشتەنگاودا....[١٧٩].

موعجیزەی (١٧٦)خوایە جوانی بکەو درێژە بە جوانیەکەی بدە تەمەنی گەیشتە سەد سالّ زیاتر، تالّە مووی سپی لە ڕیشیدا نەبوو کەمێك نەبێت:

ئەحمەد لە ئەبو زەیدی ئەنساریەوە هێناویەتی: دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: نزیك بەرەوە لێم دەستی موبارەکی هێنا بەسەرمداو فەرمووی(خوایە جوانی بکەو درێژە بە جوانیەکەی بدە) ئیدی تەمەنی گەیشتە سەدو ئەوەندە سالّ و مووی سپی لە ڕیشیدا نەبوو کەمێك نەبێت، ڕووکراومو ڕووخسار فراوان بوو تامرد هەروا بوو[١٨٠].

لە (الأصابة، ج٤ ، ص٧٨)دا دەڵێت:لەگێڕانەوەیەکی ئەحمەد لەلایەکی دیکەوە لە ئەبو نوهەیکەوە دەڵێت ئەبو زەید پێی ووتم: پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئاوی لێکردم منیش قاپێك

---

[١٧٩] (بەیهەقی لە جابر لە ئەبویەکر لە بیلالەوە بەو واتایە بەکورتی هێناویەتی وملك (البداية والنهاية) ج٦، ص١٦٦ دا هاتووە ئیایدا دەفەرموویت: (اللهم إذهب عنهم البر) پاشان بەیهەقی دەڵێت ئەیوبی کوڕی یەسار بەتەنها هێناویەتی ابن كثير دەڵێت موصول نە .هاوشێوەی لە فەرموودەی ئاسراوی حوزەیفە لە باسی خەندەقدا هەیە

[١٨٠] (صحيح سوهەیل دەڵێت: سەنەدەکەی سەحیحی مەوصولە لەا البداية والنهاية، ج٦، ص١٦٦)دا هاتووە.

ئاوم بۆ برد، موویەکی تێدا بوو لامبرد پێغەمبەر(ﷺ) (فەرمووی خوایە جوانی بکە)، ئەبو نوعەیل دەڵێت: بینم تەمەنی نەومدو چوار ساڵ بووتانی ڕیشی سپی نەبووبوو[١٨١].

موعجیزەی (١٧٧)کە موویسیبەت دەهات ڕێی فرمێسکی لە چاوانی دەبینی، بەڵام نەدەڕژایە سەر کوڵمەکانی :

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٨) لە نوم ئیسحاقەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ براکەم کۆچم کرد بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە نیوەی ڕێدا پێی ووتم: نوم ئیسحاق دابنیشە، چونکە خەرجی و شتم لە مەککە لە بیر چووە، نوم ئیسحاق ووتی: من لە فاسق دەترسم بەرامبەرت واتە: میردەکەی ووتی: نا پشت بەخوا، نوم ئیسحاق ووتی: چەند ڕۆژێك مامەوە، کەسێك کە دەمناسی و ناوم نەدەزانی دای بەلامدا، ووتی: نوم ئیسحاق بۆچی لێرە دانیشتوویت؟ ووتی: چاوەڕێی براکەم دەکەم ، ووتی دوای ئەمڕۆ برات نەماوە، میردەکەت کوشتی، دەڵێ منیش خۆم ڕاگرت و چوومە مەدینەو خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ دەستنوێژی دەگرت، لەبەر دەمیدا وەستام و ووتم، ئەی پێغەمبەری خوا ئیسحاق براکەمی کوشت، هەرچی سەیرم دەکرد دەستنوێژی هەڵدەگرت و مشتێك ناوی بە دەموچاممدا دەپڕژاند کە موویسیبەت دەهاتە ڕێی فرمێسکی لە چاوانی دەبینی، بەڵام نەدەڕژایە سەر کوڵمەکانی[١٨٢]

---

[١٨١] (ئیبن حبان وحاکم بە صەحیحیان داناوە ئەبو نەعیم لە (الدلائیل ص١٦٤) لە ڕێگەی ئەبو نوعەیکەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی لە گێڕانەومیەکدا هاتووە: بینیم تەمەنی نەومدو سێ ساڵ بوو تانێ مووی سپی لە ڕیشیدا نەبوو.

[١٨٢] (بوخاری لە میژووەکەیدا و کهی دینارێ موزمنی دایە گەورەی لە نوم ئیسحاقی غەنەوی مەولایەوە بەو واتایە هێناویەتی وەك لە (الإصابة ج١، ص٣٢)دا هاتووە.

موعجیزه‌ی (١٧٨)هه‌روه‌ك به‌ناو حه‌مام دا به‌ڕێوه بچم له به‌ر گه‌رماوابوو:

حوزه‌یفه ووتی: له خه‌ندەقدا له خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خودا(ﷺ) بووین که پێغه‌مبه‌ری خوا به‌شێکی شه‌و شه‌ونوێژی کردو پاشان ئاوڕی دایه‌وه بۆ لامان و فه‌رمووی ﴿من ینظر لنا ما فعل القوم ثم یرجع﴾ فه‌رمووی: کێ ده‌چێ بزانێ دوژمن چیان کردووەو پاشان بگه‌ڕێته‌وه، مه‌رجی ئه‌وەشی دانا که بگه‌ڕێته‌وه پاشان فه‌رمووی: ﴿ أسأل الله أن یکون رفیقی فی الجنة﴾واته :له‌سه‌ر ئه‌وه داوا له خوا ئه‌کەم که له به‌هه‌شتدا هاوڕێم بێ، حوزه‌یفه ووتی: له به‌ر ترسی زۆرو برسیه‌تی و سه‌رمای زۆر پیاوێکمان هه‌ڵ نه‌سا، جا که هیچ که‌س هه‌ڵ نه‌سا، منی بانگ کرد، منیش چارم نه‌بوو که بانگی کردم هه‌ستام فه‌رمووی: ﴿ یا حذیفه إذهب فادخل في القوم فانظروالا تحدثن شیئاًحتی تاتینا﴾ فه‌رمووی ئه‌ی حوزه‌یفه برۆ خۆت بکه به‌ناو سوپای دوژمندا و سه‌یر بکه و هه‌واڵ بزانه، به‌ڵام هه‌تا دێته‌وه لامان هیچ نه‌که‌یت، حوزه‌یفه‌ش هه‌ستا له‌گه‌ڵ ئه‌وەدا ترس و سه‌رماو برسیه‌تی و تاریکی ته‌نگیان پێ هه‌ڵ چنیبوو فه‌رمانی پێغه‌مبه‌ری خوای(ﷺ) به‌جێ هێنا، حوزه‌یفه ده‌ڵێ ڕۆیشتم واته : له خه‌ندەق کردمه ئه‌و به‌رو خۆم کرد به‌ناو دوژمندا، دیتم ڕەشه‌باو سه‌ربازه‌کانی خوا چی یان پێ ئه‌کردن که نه قابله‌مه‌و نه بینایان ڕاگیر ئه‌ئه‌بوون، حوزه‌یفه-خوای لێ ڕازی بێت ئه‌ڵێ: پاشان غیره‌تم نایه به‌ر خۆم و چوومه ناو سه‌ربازگه‌که‌وه، ئه‌بینم نزیك ترین که‌س لێمه‌وەنه‌وەی عامیرن، ئه‌ڵێت باربکه‌ن، باربکه‌ن دانیشتنتان بۆ نه‌ماوه ڕەشه‌باش سه‌ربازگه‌که‌ی به‌گیر هێنابوو، ده به‌خوا گوێم له دەنگی به‌رد بوو له‌ناو بارو پێخه‌فه‌کانیان دا ڕەشه‌با پاشان لێی ئه‌دان ده‌ڵێ: گوێشم له (غه طه فان) بوو وەك قوڕەیش خۆیان نه پێچایه‌وه و گه‌ڕانه‌وه بۆ ولاتی خۆیان، حوزه‌یفه له‌سه‌ر باسه‌که‌ی دەڕوات و ده‌ڵێ: پاشان

گه‌ڕامه‌وه، هه‌رومك به‌ناو حه‌مامدا به‌ڕێوه بچم له‌به‌ر گه‌رما ، هاتمه‌وه بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ که گه‌یشتمه نیوه‌ی ڕێ، نه‌بینم نزیکه‌ی بیست سوار دەمووچاویان هه‌ڵبه‌ستبوو وتیان: هاوه‌ڵه‌که‌ت ئاگادار بکه که خوا سه‌رفرازی کرد، گه‌ڕامه‌وه خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ نه‌بینم قوماشیکی له خۆی پێچاوەو نوێژ نه‌کات، دەبه‌خوا هه‌ر نه‌وه‌بوو گه‌ڕامه‌وه ئیتر سه‌رماکه‌م بۆ هاته‌وەو له سه‌رماندا هه‌ڵ دەنه‌رزیم، پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ هه‌ر خه‌ریکی نوێژ بوو، به دەستی ئاماژەی بۆ کردم، منیش نزیك که‌وتمه‌وه، قوماشه‌که‌ی دا به‌سه‌ر منیشدا هه‌رکاتێ پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ ناڕه‌حه‌تیه‌کی ببوایه دەستی به نوێژ دەکرد، هه‌واڵم دایه که من نه‌حزابم به‌جێهێشتن باریان نه‌کرد، له ڕیوایه‌تێکی تردا واهاتووه که خوزه‌یفه وتوویه‌تی: گوێم له نه‌بوسوفیان بوو نه‌ی ووت: ئه‌ی کۆمه‌ڵی قوڕه‌یش با هه‌ریه‌که له ئێوه بزانێ کێ له ته‌نیشتی دانیشتووه ئاگاداری سیخوڕو جاسوس بن، حوزه‌یفه دەڵێ منیش دەستی نه‌وەم گرت له‌لای ڕاستمه‌وه دانیشتبوو وتم: تۆ کێیت؟ ووتی مه‌عاویه‌ی کوڕی نه‌بو سوفیانم، دەستی نه‌وەشم گرت که له‌لای چه پمه‌وه بوو وتم تۆ کێیت؟ وتی عه‌مری کوڕی عاصم نه‌مه‌شم له‌ترسی نه‌وه کرد نه‌وەکو پێم بزانن.... [١٨٣].

موعجیزه‌ی (١٧٩)چیا و به‌رده‌کان سه‌لامیان له پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ دەکرد:

به گێڕانه‌وەی صه‌حیح چه‌سپاوه که ئیمامی علی و جابیرو عایشه فه‌رمووبانه: پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ به‌لای هه‌ر چیاو به‌ردێکدا ته‌شریفی موباره‌کی بڕۆیشتایه، یه‌کسه‌ر نه‌و

---

[١٨٣] (ژیانی نازیزمان ﴿ﷺ﴾به‌رگی دووەم، لاپه‌ڕه (١٤٥تا ١٤٧).

چیایه یان ئەو بەرده دەیووت (السلام علیك یا رسول الله)، له ڕیوایەتەکەی ئیمامی علی دا خوای لێ ڕازی بێ دەڵێت:له مەککه لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دابووین تەشریفی برد بۆ هەندێ شوێنی دەوروبەری مەککه، هەرچی چیاو درەخت لەو ناوەدا بوو هەموویان ووتیان (السلام علیك یا رسوالله) [١٨٤].

موعجیزەی (١٨٠)بەردێك له مەککەدا دەناسمەوە:

له ڕیوایەتێکی تردا که له جابیری کوڕی سەموورەوە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی ﴿إني لأعرف حجراً بمكة كان يسلم عليه﴾ واتە: بەردێك له مەککەدا دەناسمەوە که له پێش پێغەمبەرایەتیدا سەلامی لێ دەکردم دەڵێ ئەمە ئامازەیە بۆ (حجر الأسود) [١٨٥].دایکی ئیمانداران -عایشه خوای لێ ڕازی بێ دەگێڕێتەوە که پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی ﴿لما استقبلني جبريل بالرسالة، جعلت لاأمرُّ بحجر ولاشجر إلا قال: السلام عليك يا رسوالله﴾ واتە دوای ئەوەی جوبریل پێغەمبەرایەتی بۆ هێنام، بەڵای هەر بەردو درەختێکدا تێپەڕیم دەیووت (السلام علیك یا رسول الله) واتە ئەی پێغەمبەری خوا سەلامت لێ بێت [١٨٦].

موعجیزەی (١٨١)مینبەرەکە کەوتە لەرینەوەو تەکاندان:

عبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر-خوا لێی ڕازی بێ- دەگێڕێتەوە که پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر ئایەتی ﴿وما قدروا الله حَقَّ قَدرِهِ﴾الانعام(٩١) واتە وەك پێویست خوایان

---

[١٨٤] (رواه الترمزي والدارمي والطبراني والحاكم والبيهقي).

[١٨٥] (صحيح: رواه مسلم والترمزي وأحمد واللفظ له).

[١٨٦] (حديث صحيح: رواه البزار الشفاء ٢٠٧/١).

نه‌ناسی خوێندەوه، پاشان فه‌رمووی: ﴿یمجد الجبار نفسه، یقول: أنا الجبار أنا الجبار، أنا الکبیر المتعال﴾ واته خواوەند ته‌مجیدی خۆی دەکات و دەفەرموێت: من خواوەندی خاوەن و زەبرو دەسەلاتی زۆرم، منم خواوەندی خاوەن زەبرو دەسەلاتی زۆر، منم گەورەی له هەموو شتێك گەورەو بەرزتر، که ئەمەی فەرموو: یەکسەر مینبەرەکە کەوتە لەرینەوەو تەکاندان، بەڕادەیەك که وتمان هەر نێستا پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەرەکە دەکەوێتە خوارەوە..[١٨٧]

موعجیزەی (١٨٢)ئاماژەی بۆ هەربتێك دەکر یەکسەر دەکەوت:

زانای ئومەتی ئیسلام عەبدوڵلای کوڕی عەببباس خوایان لێ ڕازی بێ هەروەها عەبدوڵلای کوڕی مسعود خوایان لێ ڕازی بێ [١٨٨]که یەکێکە له زانایان و هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەگێڕنەوە که لەدەورویەری کەعبەدا سێ سەدو شەست بت هەبوون قاچیان به قورقوشم لەناو بەردا قایم کرابوو، کاتی سالی نازادکردنی مەککە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ڕۆیشتە ناو مزگەوتەکە وە بەدارێك که به دەستیەوە بوو، بێ ئەوەی دەست لەبتەکان بدات ئاماژەی بۆ ئەو بتانە دەکرد و دەیفەرموو: ﴿جاء الحق وزهق الباطل، إن الباطل کان زهوقاً﴾ ألإسرا (٨١) واته: هەق هات و ناهەق بەتاڵ بۆوەو هەر دەشبێت بەتاڵ بێتەوە، ئاماژەی بۆ هەر بیتێك دەکرد یەکسەر به پشتدا دەکەوت وە بۆ پشتی هەرکامێکیشیانی دەکرد به ڕودا دەکەوت، تا هیچ بتێك له کەعبەدا نەما [١٨٩]

---

[١٨٧] صحیح: (رواه مسلم والنسائي وأحمد).

[١٨٨] صحیح: (رواه مسلم والنسائي وأحمد).

[١٨٩] حدیث إبن عباس رواه الطبراني ورجاله ثقات والبزار باختصار).

موعجیزەی (١٨٣)پێغەمبەر ﷺ تەشریفی هات و پەڵە هەورێکی بەسەرەوە بوو سێبەری بۆ دەکرد هەر کە دانیشت سێبەرەکە هات بۆ لای:

ئەم موعجیزەیە بریتییە لە چیرۆکی بەناوبانگی بوحەیرای ڕەبەن [١٩٠]. کە بەم جۆرە پێغەمبەر ﷺلە پێش پێغەمبەرایەتیدا لەگەڵ ئەبو تالیبی مامی و کۆمەڵێکی قوڕەیشی دا ڕۆیشتن بۆ ناوچەکانی شام، کە گەیشتنە تەنیشت کلێسای ئەو ڕەبەنە، دانیشتن ئەم ڕەبەنەش نەدەهاتە دەرەوە بۆ لای کەس، بەڵام ئەم جارە هاتە دەرەوەو بەناویاندا گەڕاو یەکەیەکە سەیری دەکردن تا دەستی پێغەمبەری ﷺگرت و وتی: ئەمە گەورەی هەموو جیهانەو خوای گەورە دەیکاتە ڕەحمەت بۆ هەموو جیهان چەند ڕیش سپیەکی قوڕەیش پێیان ووت:بە چیدا دەزانیت؟ ووتی: دارو بەرد ئەما سوجدەی بۆ ئەبەن، خۆ پێغەمبەر ئەبێ سوجدە بۆ کەسی تر نابەن پاشان ڕاویەکە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ تەشریفی هات و پەڵە هەورێکی بەسەرەوە بوو سێبەری بۆ دەکرد، کە نزیکی خەڵکەکە بووەوە، سەیری کرد ئەوان پێش ئەم لە ژێر سێبەری درەختەکەدا دانیشتوون، هەر کە ئەم دانیشت سێبەرەکە هات بۆ لای[١٩١]

---

[١٩٠] (حديث الراهب صحيح رواه الترمذي).

[١٩١] (الشفاء ٢٠٨/١).

موعجیزه‌ی (١٨٤) بەدرێژای تەمەنی شانازی بەم شمشێرەوە دەکرد:

لە غەزای بەدری گەورەدا کە سەرچاوەی چەندین شتی سەیرو سەرسوڕهێنەرە شمشێرەکەی عەکاشەی کوڕی مەحصەنی نەسەدی شکا پێغەمبەر(ﷺ)داریکی نەستوری دایە دەستی و فەرمووی: شەڕی پێ بکە، ئەم دارە لە دەستی عەکاشەدا بوو بە شمشێرێکی تیژی درێژی سپی و نەستورو جەنگی پێ کرد ئیتر لە هەموو غەزایەکدا ئەم شمشێرەی لابوو بەکاری دەهێنا تا لە جەنگی یەمامە کە لەگەڵ پاشگەز بوومکاندا کرا شەهید بوو[١٩٢].

ئەو ڕووداوە ڕووداوێك بوو بە قەتعی چەسپاوەو عەکاشە بە درێژایی تەمەنی شانازی بەم شمشێرەوە دەکرد، بە شمشێری (العون) واتە: یارمەتی ناوبانگی دەرکردبوو، جا ناوبانگ دەرکردنی ئەم شمشێرەو، شانازی کردنی عەکاشە دوو بەڵگەی ترن کە ڕووداوەکە دەچەسپێنن.

موعجیزه‌ی (١٨٥)پەلە دارخورمایەکی دایەو لە دەستیدا بوو بەشمشێر:

(ابن عبد البر)کە یەکێکە لە زانا لێکۆڵەرو هەڵکەوتووەکانی چەرخی خۆی، لە عەبدوڵلای کوڕی جەحشەوە کە کوڕی پووری پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ دەگێڕێتەوە[١٩٣]، کە عەبدوڵلا لە غەزای ئوحود لەو کاتەدا کە خەریکی جەنگ بووشمشێرەکەی لە دەست چوو پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ پەلە دارخورمایەکی دایە دەستی و لە دەستی عەبدوڵلادا بوو بە شمشێر (ابن سید الناس) لە

---

[١٩٢] (رواه البیهقی مسنداً. نسیم الریاض ١٥٦/٢).

[١٩٣] (رواه البیهقی فی حدیث مسند: الإستیعاب لإبن عبد البر، القسم الثالث ٨٧٩) الشفاء ٢٢٢/١).

کتێبه‌که‌یدا ده‌ڵێت: ماوه‌یه‌کی زۆر ئه‌م شمشێره‌ لای عه‌بدوڵڵا مایه‌وه، تا له‌ دوایدا به‌ دووسه‌د دینار فرۆشرابه‌یه‌کێك که‌ ناوی (بغاءالترکي) بوو[١٩٤]، به‌ڕاستی ئه‌وانه‌ موعجیزه‌ی ئه‌وه‌نده‌ گه‌وره‌و به‌ناوبانگن که‌ به‌قه‌د تۆسقاڵێك گومان و دوو دڵی ناهێڵن له‌ ناو دڵه‌کاندا سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گه‌وره‌و پەروەردگار وەدروود بۆ گیانی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾.

موعجیزه‌ی (١٨٦)ئه‌و تیرانه‌ی که‌ نووکیشیان نه‌بوو وه‌ك ئه‌وه‌ی باڵیان گرتبێت له‌ که‌وان ده‌رده‌چوون:

قازی عه‌یاز له‌ له‌ سه‌عدی کوڕی ئه‌بی وەققاصه‌وه‌ دەگێڕێته‌وه[١٩٥]، که‌ یه‌کێك بووه‌ له‌و ده‌ که‌سه‌ی مژده‌ی به‌هه‌شتیان دراوەتێ‌و خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوای ﴿ﷺ﴾ کردووه، یه‌کێك بووه‌ له‌ پێشه‌وایانی سوپاکان له‌ سه‌رده‌می ئیمامی عومه‌ردا سه‌رکردەی سوپای ئیسلام بووه ـ ئه‌م سه‌عده‌ دەگێڕێته‌وه‌ و دەڵێ: له‌ غه‌زای ئوحود دا پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ تیری بێ نووکی دەدامێ و دەیفه‌رموو: تێیان بگره‌ هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ به‌ که‌وانه‌که‌ی خۆی ئه‌وه‌نده‌ تیری تێگرتن تا که‌وانه‌که‌ی شکا ئه‌و تیرانه‌ش که‌ نووکیان نه‌بوو، وەك ئه‌وه‌ی باڵیان گرتبێت له‌ که‌وان دەرده‌چوون و، له‌ جه‌سته‌ی کافران جێگیر دەبوون.....

---

[١٩٤] (عیون الأثر لإبن سید الناس ٢٠/٢، الإصابة لإبن حجر برقم: ٤٥٨٣).

[١٩٥] (الشیفاء ٣٢٢/١).

موعجیزه‌ی (١٨٧)کچێکی مردوو وەلأمی پێغەمبەر ﷺ دەداتەوە:

ئیمامی پایەدارو لە خوا ترس حەسەنی بەصری لەسەردەمی تابیعینەکاندا، دەگێڕێتەوەو دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ عەرزی کرد کە کچێکی مردووەو لە فلأن شیودا ناشتوویەتی، پێغەمبەر ﷺ دڵی بۆی نەرم بوو، لەگەڵیدا ڕۆیشت بۆ ئەو شیوە، لەوێ کچەکەی بەناوی خۆی بانگ کردوو فەرمووی: ئەی فلأنە کەس بە ئیزنی خوا وەلأمم بدەرەوە، ئەویش هاتە دەرەوەو ووتی: (لبیك وسعدیك) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دایك و باوکت مسوڵمان بوون، جا ئەگەر حەز دەکەیت دەتگێڕمەوە بۆ لایان، لە وەلأمدا ووتی: هیچ ئیشێکم پێیان نییە، خوا باشترە بۆم تا ئەوان[١٩٦].

موعجیزه‌ی (١٨٨)کە خستیانە ناو گۆڕەکەیەوە قسەی کرد:

بەیهەقی و غەیری ئەویش، لە عبدڵلای کوڕی عبدوڵلای ئەنصاری یەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: من یەکێك بووم لەوانەی کە ئابیتی کوڕی قەیسیان ناشت کە لە غەزای یەمامەدا شەهید بوو، لەو کاتەدا کە خستمانە ناو گۆڕەکەیەوە گوێمان لێ بوو دەیووت: (محمد رسول الله، أبوبکرالصدیق، وعمر الشهید، وعثمان البر الرحیم) کە سەیرمان کرد بینیمان گیانی تێدا

---

[١٩٦] (الشیفاء ١/٣٢٠، نسیم الریاض ٣/١٠٦).

نییه [١٩٧]. واته: پێش نه‌وه‌ی عومه‌ری کوڕی خه‌تتاب ببێ به خه‌لیفه‌ی مسوڵمانان، نه‌و هه‌والّی شه‌هید بوونی ڕاگه‌یاند.

موعجیزه‌ی (١٨٩)له کاتێکدا که مردبوو ژنان له‌سه‌ری ده‌گریان هاته قسه‌و پێی ووتن بێده‌نگ بن:

نوعمانی کوڕی به‌شیر، ده‌گێڕێته‌وه‌و ده‌ڵێ: زه‌یدی کوڕی خاریجه له یه‌کێك له کۆڵانه‌کانی مه‌دینه‌دا که‌وت به‌لاداو مرد، خه‌ڵکه‌که‌ش هه‌ڵیان گرت و دایان پۆشی له نێوان خه‌وتناندا که ژنان به‌سه‌ریدا ده‌گریان، گوێیان لێ بوو ده‌یووت: بێ ده‌نگ بن بێ ده‌نگ بن ئینجا سه‌ری خۆی هه‌ڵدایه‌وه و ووتی (محمد رسول الله) پاشان ووتی: (السلام عليك يا رسوالله ورحمة الله وبركاته) پاشان مرده‌وه[١٩٨]. به‌ڕاستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه که که‌سێکی مردوو شاهێدی له سه‌ر ڕاستگۆیی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ ده‌دات. هه‌زاران دروود بۆ گیانی پاکی نه‌و پێغه‌مبه‌ره پایه‌داره ﴿ﷺ﴾.

---

[١٩٧] (رواه البخاري في التاريخ الكبير، الشيفاء ٣٢٠/١).

[١٩٨] (صحيح رواه الحاكم والبيهقي والطبراني بإسنادين رجال احدهما ثقات وذكره البخاري في التاريخ الكبير مختصراً).

موعجیزەی(١٩٠)جوبریل ومیکائیل پارێزگاری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن:

لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە -خوای لێ ڕازی بێ- دەڵێ: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی لە ڕۆژی غەزای ئوحد دا دوو پیاوی لەگەڵدا بوو شەڕیان دەکرد و پارێزگاریان لێ دەکرد کە جلی سپیان لەبەردا بوو نە لە پێشدا بینیبونم و وە لەومو دواش نەم بینینەوە ئەوانەش جبریل و میکائیل بوون- سەلامی خوایان لێ بێت[١٩٩].

موعجیزەی (١٩١)ئەوە جبریلە کە ئاینەکەتان فێر دەکات:

بوخاری موسلیم پێشەوایانی فەرموودە، هەموویان لە عومەری کوڕی خەتتابەوە- خوای لێ ڕازی بێ دەگێڕنەومو دەڵێ: ڕۆژێکیان کە لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین، لە پڕ پیاوێك کە بەرگەکانی بەری یەکجار سپی و مووی جەستەی تەواو ڕەش بوو، هیچ شوێنەوارێکی سەفەریشی پێوە دیار نەبوو، کەسیشمان نەمان دەناسی، هات لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ)دانیشت و پرسیاری لەبارەی ئیسلامەو ئیمان و ئیحسانەوە لە پێغەمبەر (ﷺ)کردوو، ئەویش وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، پاشان فەرمووی:عومەر ئایا دەزانیت ئەوە کێیە ئەو پرسیارانە دەکات؟وتم:خوداو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، فەرمووی:ئەو جیبریلە، بۆ ئەوە هات کە ئاینەکەتان فێرکا[٢٠٠]

---

[١٩٩] (متفق عليه رواه البخاري في المغازي (٣٨٢٨) ومسليم في الفضائل(٢٣٠٦/٤٧).

[٢٠٠] (صحيح: رواه مسلم)

موعجیزه‌ی (١٩٢) هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جیبریل لەسەر شێوەی کەسێك دەبینن.

لە چەند ڕیوایەتێکی صەحیح ڕیوایەت کراوەکە زۆرجار هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جیبریلیان لەسەر شێوەی هاوەڵی بەڕێز (دحیته اکلبی)دا دەبینی کە پیاوێکی گەنجێك جوان بوو [٢٠١] هەندێك لەو هاوەڵانە ئەوانە بوون، عومەری کوڕی خەتتاب، عەبدوڵڵای کوڕی عەببباس، ئوسامەی کوڕی زەیدە حاریث، ئوم سەلەمە، عائیشە، خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت.

موعجیزه‌ی (١٩٣) ڕوناکییەك لەگەڵ لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بینراوە:

دایکی پێغەمبەر ﷺ بینیویەتی [٢٠٢] کە بریتییە لە ڕوناکییەك لەگەڵ لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ ئەوەش جگە لە دایکی پێغەمبەر ﷺ دایکی عوسمانی کوڕی عاص و دایکی عەبدوالرحمانی کوڕی عەوفیش کەلەشەوی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لەلای دایکی پێغەمبەر ﷺ بوون بینیویانەوە وتویانە: لەکاتی لەدایکبوونیدا ڕوناکییەکمان بینی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوای گرتەوە.

---

[٢٠١] ﴿صحيح: رواه مسلم والبخاري و أحمد و الحاكم والطبراني﴾

[٢٠٢] ﴿صحيح: رواه احمد والبيهقي وجماعة، وصححه ابن حبان و الحاكم﴾

موعجیزەی (١٩٤)سێبەرکردنی هەور بۆ پێغەمبەر ﷺ :

دەگێڕنەوە کە حەلیمەی سەعدی یە دایەنی کاتی پێغەمبەر ﷺ بەمندالی لەلای بوو، چاوی بە پەڵە هەورێك کەوت سێبەری بۆ پێغەمبەر ﷺ دەکرد [٢٠٣] مێردەکەشی کە ئەوەی بینی، خەڵکی تریشی لێ ئاگادار کردەوە و ئیتر ئەوە بوو بە ڕووداوێکی زانراوی بەناوبانگ هەروەها کاتێك پێغەمبەر ﷺ لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا لەگەڵ مامی ڕۆیشت بۆ شام، بوحەیرای ڕەبەن پەڵە هەورێکی بەسەر ئاستی سەری پێغەمبەر ﷺ بینی و پیشانی کەسانی کەشی دا [٢٠٤]

هەروەها لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: کاتێك پێغەمبەر ﷺ لەسەفەرەکەی شام گەڕایەوە، خەدیجەو ژنانی دەوروبەری دوو مەلائیکەتیان بینی کەوەك پەڵە هەور سێبەریان بۆ دەکرد، خەدیجە کەئەوەی بینی، بۆ مەیسەرەی غوڵامی خۆی باس کرد کەلە سەفەرەکەدا هاوڕێی پێغەمبەر ﷺ بوو، مەیسەرەش بە خەدیجەی ڕاگەیاند کە ئەو پەڵە هەورەی ئەو بینیویەتی، ئەمیش بەسەر پێغەمبەر ﷺ بینیویەتی لەو کاتەوە بۆ سەفەر لەماڵ دەرچوون [٢٠٥]

---

[٢٠٣] ﴿رواه الواقدي وابن عساكر وابن سعد في تاريخه عن ابن عباس﴾

[٢٠٤] ﴿صحيح: رواه الترمذي﴾

[٢٠٥] ﴿نسيم الرياض ٣/٢١٨﴾

موعجیزەی (١٩٥) هەر کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لای دایە ژێر سێبەری درەختەکە یەکسەر دەوروبەری سەوز بوو:

بە صەحیحی چەسپاوە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نە سەفەرێکی پێش پێغەمبەریدا، لای دایە ژێر سێبەری درەختێکی وشک، یەکسەر دەوروبەری سەوز بوو، درەختەکەش گەشەی کردو، لق و پەلەکانی بەسەریدا شۆڕ بوونەوە [٢٠٦] اللە اکبر لەو موعجیزە گەورەو باناوبانگە بەڕاستی ئەوانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن کەبەقەد تۆزقاڵێک گومان و دوودڵی ناهێڵن لەناو دڵەکاندا، بەڕاستی موعجیزە بەڵگەیەکی هەرە سەرەکی و ئێجگار گەورەیە بۆ ڕێنمایی مرۆڤ بەرە و ڕێگای ڕاست و مایەی بەخشینی ئارامی و دڵنیایی یە بەدڵ و دەروون.

موعجیزەی (١٩٦) ئەگەر لەگەڵیاندا خواردنی بخواردایە هەموویان تێر دەبوون:

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کەبە منداڵی لە ماڵی ئەبو تالیبی مامیدا بوو، هەرکاتێک ئەگەڵ مامی و خاو خێزانەکەی مامیدا خواردنی بخواردبایە، خاو خێزانەکە هەموویان تێر دەبوون، بەڵام ئەگەر پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئامادەی خواردنەکە نەبوایە، تێریان نەدەخوارد [٢٠٧]

---

[٢٠٦] ﴿نسیم الریاض ٢/٣١٨، الشفا ١/٣٦٨﴾

[٢٠٧] ﴿رواه ابن سعد و غیره، نسیم الریاض ٢/٣١٥﴾

موعجیزەی (١٩٧)فەرِو بەرەکەت دەکەوێتە ناو مەرِو مالّات و ووشترەکانیەوە:

بەهۆی بەرەکەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پیت و فەرِ کەوتە ناو مەرِو مالات ووشترەکانی حەلیمەی شیر دەری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾، بە پێچەوانەی کەسانی تری ئەو تیرەو ناوچەیە، ئەوش رووداوێکی زۆر راست و ناوادارە[٢٠٨] بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە.

بەڕاستی پێویستە بڕوادارانی ئەو مەعجیزە گەورە و ناودارانەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێشکەش بە مرۆڤی سەرگەردان بکەن، کە گەورەترین دیاریيە و مایەی سەرفرازی دنیاو دواڕۆژە.

موعجیزەی (١٩٨) هیچ کاتێک لەدەست برسیەتی و تینوویەتی سکاڵای نەکردووە:

بە ڕیوایەتی صەحیح چەسپاوە (ئوم ئەیمەن)دایەن و کۆیلەی ئازادکراوی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وتوویەتی: هیچ کاتێک نەمدیوە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەدەست برسیەتی و تینوویەتی سکاڵا بکات، چ بە بچوکی و، چ بە گەورەیی[٢٠٩]

---

[٢٠٨] ﴿نسيم الرياض ٢/٢١٢﴾

[٢٠٩] ﴿اخرجه ابن سعد في الطبقات ١/١٦٨ والفضاجي في نسيم الرياض ٢/٢١٥﴾

موعجیزه‌ی (١٩٩)کتێبه‌ ئاسمانیه‌کان شاهێدی له‌سه‌ر ڕاست و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ ده‌ده‌ن.

به‌ پشتیوانی خودای گه‌وره‌ چه‌ند نمونه‌یه‌ك باس ده‌که‌ین له‌ شاهێدی په‌راوه‌ ئاسمانیه‌کان که‌وه‌ك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ ده‌سه‌لمێنن:

١- ئایه‌تێکی ته‌ورات ده‌ڵێت: ﴿إن الله قال لإبراهيم، إن هاجر تلد، ويكون من ولدهامن يده فوق الجميع، ويد الجميع مبسوطة إليه بالخشوع﴾سفر التكوين:١٧ واته‌: خوا به‌ ئیبراهیمی فه‌رموو: هاجه‌ر منداڵی ده‌بێت و، له‌و منداڵه‌ش که‌سێك ده‌که‌وێته‌وه‌، که‌ ده‌ستی له‌سه‌ر هه‌موانه‌وه‌ ده‌بێت و، ده‌ستی هه‌موانیش به‌و په‌ڕی ڕێزه‌وه‌ له‌به‌رده‌میدا بلاو ده‌بنه‌وه‌.

٢- وه‌هه‌روه‌ها ئایه‌تێکی تری ته‌ورات ده‌ڵێ: ﴿وقال يا موسى: إني مقيم لهم نبياً من بني إخوتهم مثلك واجري قولي في فمه، والرجل الذي لايقبل قول النبي الذي يتكلم باسمي، فانا أنتقم منه﴾ سفر التثنية:١٨ واته‌: به‌ موسای ووت: من پێغه‌مبه‌رێکی وه‌ك تۆ یان له‌ برازایانی خۆیان بۆ داده‌نێم و، وته‌ی خۆم له‌سه‌ر زاری ئه‌و ده‌رده‌برم، جا هه‌ر که‌س وته‌ی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ ومرنه‌گرێت که‌به‌ناوی منه‌وه‌ ده‌دوێت، خۆم تۆڵه‌ی لێ ده‌سێنم.

٣- وه‌ ئایه‌تێکی تری ته‌ورات ده‌ڵێ: ﴿قال موسى: رب إني أجد في التوراة أمة هم خير امة أخرجت للناس، يأمرون بالمعروف و ينهون عن المنكر و يؤمنون بالله، فاجعلهم أمتي قال: تلك أمة محمد﴾ واته‌: موسا وتی: ئه‌ی په‌روه‌ردگارا ده‌بینم ته‌ورات باسی نه‌ته‌وه‌یه‌ك ده‌کات که‌ باشترین نه‌ته‌وه‌ن له‌ مرۆڤ دا هه‌ڵبکه‌ون و فه‌رمان به‌ چاکه‌و ڕێگری له‌ خراپه‌ ده‌که‌ن و باوه‌ڕیان به‌ خوا هه‌یه‌، خوایه‌ داواکارم ئه‌وانه‌ بکه‌یت به‌ ئومه‌تی من، خوا فه‌رمووی: ئه‌وانه‌ ئومه‌تی موحه‌ممه‌دن.....

٤- پاش قسه‌کردن له‌گه‌ڵ موسادا، درووی خوای لێبێت ڕوودکاته‌ ئه‌و پێغه‌مبه‌ره‌ی

کەلەدوای موسادا دێت و پێی دەڵێت: ﴿يا أيها النبي إنا أرسلناك شاهداً ومبشرا و نذ يراً وحرزا للأميين، أنت عبدي، سميتك المتوكل، ليس بفظ، ولا غليظ، ولاسخاب في الأسواق، ولا يدافع السيئة بالسيئة، بل يعفو و يغفر، ولن يقبضه الله حتى يقيم به الملة العو جاء بأن يقولوا: لا إله الا الله﴾ سفر الشعيا: ٤٢، صحيح البخاري ٢٤١/٥ باب ﴿إنا أرسلناك شاهداً و مبشراً ونذيراً﴾ المستدرك للحاكم ٦٧٨/٢ الأحاديث المختارة للمقدس ٤٦٠/٩ وتە: ئەی پێغەمبەر وا تۆمان ناردو کردمانیت بە شایەت و مزگێنیدەر و ترسێنەر و دادەی نەخوێندەواران تۆ بەندەی منیت و ناوم ناویت بە پشت بەخوا بەستوو تۆ تورەو تووندوتیژ و قرەقرکەری ناو بازارەکان نیت، پێغەمبەرێکی وەهایت کە لە تۆڵەی کاری خراپیدا خراپە ناکاتەوە، بەڵکو لێبوردە دەبێت، خوا نایگێڕێتەوە بۆ لای خۆی هەتا میللەتە لارەکەی پێ ڕاست نەکاتەوە بەوەی کە بڵێن ﴿لا إله إلا الله﴾.

٥- هەروەها لە ئایەتێکی کەی تەورات دا هاتووە: ﴿أنت عبدي و رسولي سميتك المتكول﴾ ورد أيضاً في الحديث الصحيح الذي رواه بخاري وأحمد والبيهقي: واتە تۆ بەندەو پێغەمبەری منیت و ناوم ناویت پشت بەخوا بەست.

٦- هەروەها لە تەواراتدا هاتووە: ﴿محمد رسول الله، مولده بمكة، وهجرة بطيبة، وملكه بالشام، وأمة الحامدون﴾ و رواه الطبراني في مجمع الزوائد للهيثمي ٢٧١/٨ وقال: فيه من لم أعرفهم، الفردوس للديلمى ٤٠٠/٢ ورمز لحسنه، وفيض القدير للمناوي ١٩٥/٤ واتە: موحەمەد پێغەمبەری خوایە، لەدایك بوونی لە مەككەیەو، کۆچی بو (طيبه)یە و مولکی لەشامدایەو، ئوممەتەکەشی سوپاسگوزاری خوان هەروەها ئایەتێکی کەی تەورات دەڵێ: ﴿عبدى المختار ليس بفظ ولا غليض﴾ واتە :بەندە هەڵبژاردەکەم تورەو تووندو تیژ نییە، وەهەروەها لەبابی سی و سێ هەمی کتێبی پێنجەمی تەوراتیشدا ئەم ئایەتە دەڵێت: وتی: پەروەردگار لە (سینا) موە هات و لە (ساعیرا) وە هەڵات و درەوشایەوە و لەچیای

(فاران)یش هه‌ق ئاشکرا دەکرێت و له‌ڵای ڕاستیه‌وه هه‌زاران مرۆڤی پاکی له‌گه‌ڵ دەبێت، سفر التثنية: ٢/٣٣ ئه‌و ئایه‌ته پێغه‌مبه‌رایه‌تی -موسا- سه‌ڵامی خوای لێ بێ دەگه‌یه‌نێت و، له‌وەی که دەڵێت له ساعیردا دەرەوشایه‌وه، هه‌واڵی پێغه‌مبه‌رایه‌تی عیسا سه‌ڵامی خوای لێ بێ ڕادەگه‌یه‌نێ، له‌هه‌مان کاتیدا هه‌واڵی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام موحه‌ممه‌د (ﷺ) ڕادەگه‌یه‌نێ بەوەی که دەڵێت: هه‌ق له‌ڵای چیای فارانه‌وه ئاشکرا دەبێت، له‌به‌رئه‌وەی به کۆی دەنگی هه‌موو شارەزایان: فاران ناوی چیاکانی ناوچه‌ی حیجازه. ئه‌م ئایه‌ته‌ی ته‌ورات به‌بێ پێویست بوون به هیچ به‌ڵگه‌یه‌کی تر، وەك ڕۆژی ڕووناك هه‌واڵی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام موحه‌ممه‌د (ﷺ) ڕادەگه‌یه‌نێت، ئینجا ئه‌وەش که‌دەڵێ: له‌ڵای ڕاستیه‌وه هه‌زاران مرۆڤی پاکی له‌گه‌ڵ دادەبێت ئه‌و ڕاستیه دەسه‌ڵێنێ که‌له‌ئایه‌ته‌که‌ی سوڕەتی (الفتح)دایه که دەفەرموێ ﴿ذلك مثلهم في التوراة﴾ چونکه ئایه‌ته‌که‌ی ته‌ورات باسی هاوه‌ڵه‌کانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)به پاکان و قیددیسان دەکات، که ئه‌ولیاو پیاو چاکانن، وه هه‌روەها له بابی چواردەمی کتێبی میخائیل پێغه‌مبه‌ردا ئه‌م ئایه‌ته هه‌یه که‌دەڵێ: له ئاخر زەماندا ئوممه‌تێکی ڕەحم پێکراو دەبن که خواوەندی هه‌ق دەپه‌رستن و له‌ڵای چیا پیرۆزەکه خه‌ڵکێکی زۆر کۆدەبنه‌وه که‌له‌هه‌موو هه‌رێمێکه‌وه دێن و پەروەردگار دەپه‌رستن و هاوبه‌شی بۆ بڕیارنادەن ئه‌و ئایه‌ته عه‌رەفه دەردەخات و خه‌ڵکه زۆرەکه‌ش حاجیانن که به‌رەو ئه‌و چیا پیرۆزە دەچن و خواوەند دەپه‌رستن، ئوممه‌ته ڕەحم پێکراوەکه‌ش ئوممه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلامه (ﷺ) چونکه ئه‌و ناونیشانه دروشمی ئه‌وانه. هه‌روەها ئه‌م ئایه‌ته‌ش که له بابی چل و دووهه‌می کتیبی (ئه‌شعیا) دایه دەڵێت: خوای حه‌ق تعالا له ئاخیر زەماندا هه‌ڵبژاردەکه‌ی خۆی ڕەوانه دەکات و (روح الامین) که‌جبریله دەنێرێت بۆ لای و فێری دەکات پاشان ئه‌ویش جبریل چۆنی فێر کردووه هه‌ر به‌و جۆره خه‌ڵکی فێر دەکاته‌وه و به‌هه‌ق و ڕەوا حکوم ڕانی نێوانیان دەکات ئه‌و هه‌ڵبژارادەیه‌ی خوای گەورە ڕووناکیه‌کی وەهایه

کەخەڵکی لەتاریکی دەریاز دەکات و بەرەو ڕووناکی دەیانبات خوای پەروەردگارم هەموو ئەو شتانەی فێرکردوم کە ڕوو دەدات وا منیش بە ئێوەی دەڵێم ئەم ئایەتەش بە تێروتەواوی وەسفەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوون دەکاتەوە وەهەروەها ئینجیلیش لە چەندەها ئایەتی دا هاتووە (وانی أطلب من ربی فیعطیکم فارقلیطاً یکون معکم الی الابد) ئینجیلی یوحەننا (١٤ ، ١٦) واتە لە پەروەدگارم داوا دەکەم فارەقلیتێکتان بداتێ کەی هەتا دنیا دنیایە لەگەڵتان دا بێت مامۆستا عەبدولوەهاب نەججار لە (قصص الانبیاء) دا لاپەڕە (٣٩٧ ، ٣٩٨) باسی ئەوە دەکات کە پرسیاری لە ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگی ئیتالی دکتۆر (کارلۆ نیلینۆ) لە بارەی ئەو ووشەیەوە کردووە بەو سیفەتەی کە پسپۆری زمانە یۆنانیە کۆنەکانە لەوەلامدا ووتیەتی فارەقلیت واتە : بە مانای ئەو کەسەی کە زۆر حەمد بکرێت واتە بە تەواوی مانی ووشەی (محمد و أحمد) دەگرێتەوە وەلە ئایەتی سێزدەهەمی بابی دووهەمی ئینجیلی یوحەننا دا دەڵێت کاتێ کە ئەو گیانی ڕاستیە دێت بۆ هەموو ڕاستیەك ڕێنمایتان دەکات چوونکە لەخۆیەوە نادوێت بەڵکو هەرچیەك دەبیستێت پێتان دەڵێت و هەواڵی ئەو شتانە شتتان پێڕادەگەیەنێت کە لە داهاتوودا دەبن و ڕوودەدەن ئەم ئایەتەش زۆر بە ڕاشکاوی لە بارەی پێغەمبەری﴿ صلی الله علیه وسلم ﴾ئیسلامەوە دەدوێ، لەبەر ئەوەی ئایا کێیە لەو جگە لەو کە هەموو خەڵکی بەڕاستی بانگکردبێت و جگە لە سروش و وەحی خوای گەورە هیچی تر نەڵێت و هەرچی جبریل- سەلامی خوای لێبێت- پێی بڵێت ئەویش ڕاییگەیەنێت و هەواڵی ڕووداومکانی دوا ڕۆژ و قیامەتی بەدرێژی ڕاگەیاندبێت؟

عیسا پێغەمبەر – سەلامی خوای لێبێت- لە ئینجیلدا فەرموویەتی: من دەڕۆم تاکو سەرگەورەی جیهان بێت، ئایا لە دوای عیسا – سەلامی خوای لێبێت- جگە لە پێغەمبەری ئیسلام﴿ﷺ﴾ کەسی تر هاتووە کە سەرگەورەی جیهانی کردبێت و هەق و ناهەقی لە یەك جیاکردبێتەوە و خەڵکی بۆ ڕێگای خێر و چاکە ڕێنمایی کردبێت؟ واتا: عیسا – سەلامی خوای

لێبێت- هه‌میشه مژده‌ی هاتنی پێغه‌مبه‌رێکی داوه که له دوای خۆی دێت وملك خوای گه‌وره له قورئانی پیرۆزدا ئه‌مه زۆر به ڕوونی دەرده‌برێت و دەفه‌رموێت:

﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾﴾الصف

واته بیر بکه‌ره‌وه کاتێ که عیسای کوڕی مه‌ریه‌م گوتی: ئه‌ی کوڕانی یه‌عقوب بێگومان من نێردراوی خوام بۆ لای ئێوه، ئه‌و ته‌وراته‌ی که له پێش منداهاتووه به ڕاستی دانه‌نێم وه مژده‌تان پێده‌دەم به پێغه‌مبه‌رێك که له دوای من دێ ناوی ئه‌حمه‌ده، وه‌مه‌ره‌وها له زه‌بوورێشدا چه‌نده‌ها ئایه‌ت هه‌ن که زۆر به ڕوونی و ڕاشکاوی باسی هاتنی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام موحه‌ممه‌د ده‌که‌ن، چه‌ند نمونه‌یه‌ك له‌م بارەیه‌وه: ئایه‌تێك له زه‌بوورد ده‌ڵێ: أللّهم ابعث لنا مقيم السنة بعد الفترة. واته: خوایه پاش ئه‌و ماوەیه، دامه‌زرێنه‌ری سوننه‌تمان بۆ بنێره. بێگومان خۆ (مقيم السنه)یش یه‌کێکه له ناوه‌کانی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ وه له بابی حه‌فتاودوهه‌می زه‌بوورێشدا ئه‌م ئایه‌ته هه‌یه که ده‌ڵێ: له دەریاوه تا دەریا و له ڕووبارەکانه‌وه تا ئه‌وپه‌ڕی زەوی مولکی ئه‌و دەبێت و له یه‌مه‌ن و دوورگه‌کانه‌وه دیاری بۆ دێت و پادشایان ملکه‌چی دەبن و شوێنی دەکه‌ون و له هه‌موو کاتێکدا سلاواتی له‌سه‌ر دەدرێت و له هه‌موو ڕۆژێکدا دوعای به‌ره‌که‌تی بۆ دەکرێت و له مه‌دینه‌وه ڕووناکییه‌کانی ئه‌و دەدره‌وشێته‌وه و هه‌تایه هه‌تایه ناوی هه‌ر دەمێنێت و پێش ئه‌وەی خۆر به‌دی بهێنرێ ناوی ئه‌و بووه و تا خۆرێش بمێنێ ناوی ئه‌و هه‌ر دەمێنێت، ئه‌م ئایه‌ته‌ش وملك ڕۆژی ڕووناك به ئاشکرا وەسفی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ دەکات، چونکه دوای داود – سه‌لامی خوای لێبێت- جگه له‌و موحه‌ممه‌د﴿ﷺ﴾ ئایا هیچ پێغه‌مبه‌رێك هاتووه که بانگه‌وازی ئایینی ئاشکرا کردبێت و به

خۆرهەلآت و خۆرئاوادا بلاوی کردبێتەوە و پادشایانی ملکەچ کردبێت کە باجی جزیەی بدەنێ و، پادشا و دەسەلآتدارەکانی بەوپەڕی خۆشەویستییەوە ملکەچی بن، هەرچی ڕۆژ لە پێنجیەکی مرۆڤایەتییەوە نزا و سەلآواتی پێشکەش بکرێت و ڕووناکییەکانی لە مەدینەوە بدرەوشێتەوە ئایا جگە لە موحەممەد پێغەمبەر(ﷺ) کەسی تر هاتووە وەها بێت؟ بێگومان نەخێر، وەهەروەها لە (صوحوف)ی پێغەمبەراندا چەند ناوێکی پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە کە بە زمانی سریانی و عیبری واتای (محمد ، أحمد ، المختار، مصطفى) دەگەیەنن، لە صوحوفی شوعەیبدا – سەلامی خوای لێبێت- وشەی (موشەففەح) بە واتای موحەممەد و لە تەوراتیشدا وشەی (حمیاطا) واتە: پێغەمبەری حەرەم هەیە، هەروەها المختاریشی تیادایە و لە تەوراتدا (الحاتم) و (الخاتم) و(مقیم السنه)یش و لە تەورات و زەبوورداا مازمار لە صوحوفی ئیبراهیم و تەوراتدا و نوحەید لە تەوراتدا هەیە.

خوێنەری بەڕێز ئابەو شێوەیە کتێبە ئاسمانیەکان وەک ڕۆژی ڕووناک و زۆر بە ڕاشکاوی دان دەنێن بە ڕاستی و دروستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام محمد(ﷺ) هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە.

موعجیزەی (٢٠٠) پێغەمبەر(ﷺ) لە پشتەوەشڕا بینیویەتی:

عن أبي هريرة(رضي الله عنه) أن رسول الله (ﷺ) قال (هل ترون قبلتي هاهنا فوالله ما يخفى على خشوعكم ولا ركوعكم إني لأراكم من وراء ظهري)[٢٠٠]

واتە: ئەبو هورەیرە-خوا لێی ڕازی بێت- دەڵێت: پێغەمبەر خوا (ﷺ) فەرمووی : ئایا وا دەزانن کە من تەنها پێشەوەی خۆم دەبینم نازانم لە پشتەوە چی دەکەن؟ سوێند بە خوا

---

[٢٠٠] پوختەی صەحیحی بوخاری، ل ١٢٠.

هیچم لێ وون نابێت نه سوجه‌داکانتان و نه رکوعه‌کانتان، چونکه من له پشتی خۆمه‌وه ده‌تانبینم، به‌راستی ئه‌وه‌ش موعجیزه‌یه‌کی تره له موعجیزه گه‌وره و ناوداره‌کانی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام(ﷺ).

موعجیزه‌ی (٢٠١) گۆڕه‌که‌ی فرێی دایه ده‌ره‌وه :

ئه‌نه‌س –خوای لێ ڕازی بێ– وتی : پیاوێکی نه‌صرانی هه‌بوو ، موسڵمان بوو ، سووره‌تی به‌قه‌ره‌و سووره‌تی ئاڵی عیمرانی خوێند ، جاروبار که‌نایه‌تێ ده‌هات بۆ پێغه‌مبه‌ر ئه‌و ده‌ینووسی ، له پاشا بووه‌وه به‌گاور وه‌ده‌یوت : موحه‌ممه‌د بێجگه له‌وه‌ی که‌من بۆم نوسیوه هیچی تر نازانێ ،جا خوا مراندی و کۆمه‌ڵه‌که‌ی ناشتیان ، وه بۆ سبیه‌نێ که‌ته‌ماشا ده‌که‌ن وا زه‌وی لاشه‌که‌ی تۆڕ دابوویه ده‌ره‌وه وتیان : ئه‌مه ئیشی موحه‌ممه‌دو هاوڕێکانیه‌تی ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕایکردووه له ده‌ستیان و له ئاینه‌که‌یان په‌شیمان بۆته‌وه ، ئه‌م هاوڕێ یه‌ی ئێمه‌یان بۆ سوکایه‌تی پێ کردن والێ کردووه ، دیسان گۆڕێکی قوڵتریان بۆی هه‌ڵکه‌ندو ناشتیانه‌وه ، به‌ڵام بۆ سبیه‌نێ دیسانه‌وه زه‌وی تۆڕی دابووه ده‌ره‌وه ، دیسان وایان وتووه‌و هه‌تا توانیان گۆڕێکی قوڵ قوڵیان بۆ هه‌ڵکه‌ندوه ، که‌چی بۆ سبیه‌نێ هه‌مدیسان زه‌وی لاشه‌که‌ی تۆڕدابووه ده‌ره‌وه ، ئیتر زانیان که‌ئه‌وه ئیشی خوایه و له‌خه‌ڵکه‌وه نیه ،له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌وانیش تووڕیان داو خواکردی به‌ په‌ندو کردی به‌به‌ڵگه‌یه‌کی ڕوون و ئاشکرا له‌سه‌ر ڕاست ودروستی ئاینی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) [٣٠١]

---

[٣٠١] (اخرجه مسلم في صفات المنافقين واحكامهم رقم ٢٧٨١).

موعجیزه‌ی (٢٠٢) ترس خستنه دڵی ناحەزەکانی :

تەبەرانی لەموعاویەی کوڕی حیدەی قوشەیریەوە هێناویەتی دەڵێت : من چووم بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) کەچوومە لای فەرمووی : (اما اني سالت الله ان يغنيني بالسنة تحفيكم وبالرعب يجعله في قلوبكم) واتە : من داوام لەخواکرد بە ووشکە سالی بۆ ڕیشەکێشکردنتان و ترس خستنە دڵتانا یارمەتیم بدات ، بەدەستەکانی ئاماژەی کردو وتی : من ئاواو ئاوا سوێندم خواردووە باوەڕت پێ نەهێنم شوێنت نەکەوم بەردەوام ووشکە سالی ڕیشەکێشی کردم و ترسم لەدڵمدا بووتا هاتمە بەردەمت[٢٠٢]

موعجیزه‌ی (٢٠٣) سەرکەوتن بەتاڵە مووەکانی پێغەمبەر (ﷺ):

تەبەرانی لە جەعفەری کوڕی عەبدوڵلای کوڕی حەکەمەوە هێناویەتی خالیدی کوڕی وەلید لە ڕۆژی یەرموك کڵاوێکی (قلنسوة) ی لەدەستدا وتی : بۆی بگەڕێن بەڵام نەیان دۆزیەوە ، وتی : بۆی بگەڕێن ئەمجارە دۆزیانەوە سەیریان کرد قلنسوەیەکی دڕاو وکۆنە ، خالید وتی : پێغەمبەر (ﷺ) عەمرەی کردو سەری تاشی و خەڵکی هەڵپەیان بوو بۆ تاڵەموەکانی ، من پێشیان کەوتم و لەلایەوە کردمە ناو نەم کڵاوە ، دوای ئەوە هەر شەڕێکم کردبێ و نەم قلنسوومە پێبووبێت سەرکەوتنم پێبەخشراوە[٢٠٣]

---

[٢٠٢] (هەیسەمی لە ج٦ ، ل ٦٦) دا دەڵێت : سەنەدەکەی حەسەنە نەسانی و جگە لەویش لە باسی ترس هێناویانە) .

[٢٠٣] (هە یثە می ج٩ ، ل٣٤٩) دەڵێت تەبەرانی و ئەبو یەعلا بەهەمان شێوە بەکەسی سەحیح هێناویانە) .

موعجیزه‌ی (٢٠٤) پرشنگه‌که مایه‌وه تاچوونه‌وه لای داکیان :

نه‌حمه‌د له نه‌بو هوره‌یره‌وه –خوای لێ ڕازی بێ– هێناویه‌تی ده‌ڵێت : ئێمه له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوادا (ﷺ) نوێژی عیشامان ده‌کرد که‌سوجده‌ی ده‌برد حه‌سه‌ن وحوسه‌ین –خوا لێیان ڕازی بێ– ده‌چوونه سه‌ر پشتی ، که سه‌ری به‌رز ده‌کرده‌وه ده‌یخستنه پشتیه‌وه و زۆر به‌نه‌رمی له‌سه‌ر پشتی لای ده‌بردن ، که‌ده‌گه‌ڕایه‌وه بۆسوجده بردن ده‌چوونه سه‌ر پشتی تا نوێژه‌که‌ی ته‌واو ده‌کرد له‌سه‌ر ڕانی خۆی دایده‌نان ، نه‌بو هوره‌یره ده‌ڵێت : منیش هه‌ستام چووم بۆ لای وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا بیان به‌مه‌وه ؟ بریسکه‌یه‌ك هات ، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : (بچنه‌وه لای دایکتان) پرشنگه‌که مایه‌وه تا چوونه لای دایکیان [٢٠٤] هه‌روه‌ها نه‌بوو نه‌عیم له (الدلائل ص ٢٠٥) له نه‌بوهوره‌یره‌وه – خوای لێ ڕازی بێ – هێناویه‌تی ده‌ڵێت : حه‌سه‌ن –خوای لێ ڕازی بێ – لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوونه شه‌وێکی تاریکدا پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) حه‌سه‌نی زۆر خۆشده‌ویست حه‌سه‌ن وتی : ده‌چمه‌وه بۆلای دایکم ، منیش وتم : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) منیش له‌گه‌ڵی بچم ؟ فه‌رمووی : نا بریسکه‌یه‌ك له‌ئاسمانه‌وه هات ، حه‌سه‌ن له‌به‌ر ڕۆشناییه‌که‌یه‌وه چوو تاگه‌یشته‌وه لای دایکی به ڕاستی ئه‌وه موعجیزه‌یه‌کی زۆر گه‌وره‌و ناوداره سوپاس بۆ خوای گه‌وره وه دروود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ره پایه‌داره‌که‌ی (ﷺ) .

---

[٢٠٤] (هه‌ ڕێته‌ می له‌ ج٩ ، ص١٨١) دا ده‌ڵێت : نه‌حمه‌د و به‌زار به‌کورتی هێناویانه و واهاتووه : له‌شه‌وێکی تاریکدا ، که‌سه‌کانی نه‌حمه‌د جێی متمانه‌ن ، به‌یه‌قی له نه‌بوهوره‌یره‌وه به‌هه‌مان شێوه هێناویه‌تی وه‌ك له (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٢) دا هاتووه

موعجیزەی (٢٠٥) پەنجەکانی ڕۆشناییان دەبەخشی :

بوخاری لە حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمیەوە –خوای لێ ڕازی بێ– هێناویەتی دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین لەشەوێکی تاریکدا بوو جیابووینەوە و پەنجەکانم ڕۆشناییان دەبەخشی تا هەمووان لەسەر ئەو ڕووناکیە دەچوون پەنجەکانیشم ڕووناکیان دەبەخشی [٢٠٥]

موعجیزەی (٢٠٦) خەڵکی لەماڵەکانیان گوێیان لەدەنگی بوو :

دەنگی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زۆر دەڕۆیی هیچ کەسێکی تر وەک ئەو دەنگی نەدەگەیشتە خەڵکی لە عایشەوە –خوای لێ ڕازی بێ– دەڵێ : پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی هەینی دانیشتبوو لەسەر دوانگە فەرمووی بەخەڵکی دانیشن عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە دانیشت لە (بني غنم) وترا ئەی پێغەمبەری خوا کوڕی ڕەواحە دانیشتووە لە (بني غنم) کە گوێ ی لەتۆ بووە کەبەخەڵکت دەوت دانیشن ئەویش لە جێگای خۆی دانیشتووە [٢٠٦]

---

[٢٠٥] (ئیبن کە ثیر لە البداية والنهاية ج ٨ ص٢١٢ دا دەڵێت : بوخاری لە میژوەکەیدا بەسەندەی باش بەکورتی هێناویەتی ، وئەبو نەعیم لە الدلائل ص٢٠٦ لە حەمزەوە بەهەمان شێوەی بوخاری هێناویەتی) .

[٢٠٦] (اخرجه ابو نعيم (ص ٣٢٩) واخرجه البيهقي في الدلائل (ج٦، ص٢٥٦، ٢٥٧) .

موعجیزەی (٢٠٧) خوای گەورە دڵی موسڵمانان پەیوەست دەکات بەیەکەوە :

یەکێکی تر لە موعجیزە ناشکراو دیارەکان پەیوەست کردنی دڵی موسڵمانانە بەیەکەوە لەلایەن خوای گەورەوە نەوەش وەك پشتگیرییەکی ناشکرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە لەقورئانەکەی دا دەفەرموێ ﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مَّا أَلَّفْتَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَٰكِنَّ اللَّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ إِنَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٦٣﴾ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَسْبُكَ اللَّهُ وَمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٦٤﴾ ﴾ الانفال ٦٢-٦٤ واتە : هۆگری خستە دڵەکانیان ئەگەر بەختت بکردایە هەرچی لەزەویدا هەیە هۆگریت نەدەخستنە نێوان دڵەکانیانەوە بەڵام خوا هۆگری خستنە نێوانیان بەڕاستی هەر ئەو زاڵی کار درووستە ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خوات بەسە هەروەها ئەو بڕوادارانەش کەشوێنت کەوتوون وەهەروەها خوای گەورەو پایە بەرز دەفەرموێت : (وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعاً وَلاَ تَفَرَّقُواْ وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً وَكُنتُمْ عَلَىَ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ النَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ {١٠٣} ال عمران ١٠٣ واتە : هەموتان دەست بگرن بەهۆی پەیوەستیتان بەخواوە کەقورئانە چەند بەرەکەو لێك جیا مەبن بیر لەبەهرەو چاکەی خوا بکەنەوە بەسەرتانەوە لەکاتێکدا کەئێوە دوژمنی یەکتر بوون بەڵام خوا هۆگری خستە نێوان دڵەکانتان ئیتربوون بەبرای یەکتر بەهۆی چاکەی خواوە وە ئێوە لەسەر لێواری چاڵێ بوون لەناگر بەڵام خوا

ڕزگاری کردن لێ ی ئابەو جۆرە خوا بەڵگەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆتان تابەردەوام بن لەسەر ڕێنموونی یان لەسەر شارەزایی خوای گەورەو پایەبەرز هۆگری خستە نێوان دڵی بڕوادارانو ڕیزەکانی ڕێك خستن وە ووتەکانی کۆکردنەوە و کردنی بەیەك وەکردنی بەیەك دەست کەوایان لێ هات تەنها خوای گەورە و پێغەمبەر (ﷺ) و بڕوادارانی بەوەلی و سەرپەرشتیاری خۆیان بزانن ، وەبەری و دەست بەرداری کوفر و ئەهلی کوفر بن وە دژایەتی بکەن و بجەنگن دژی کوفرو کافران لەیەك سەنگەرو خەندەقدا ، وایان لێ هات کە تووندووتیژ بن بەسەر کافران و لەنێوان خۆشیاندا واتە: لەنێوان بڕواداران دا بەبەزەیی و سۆزبن بەڕاستی ئا ئەوەش موعجیزەیەکی ئاشکرایەو پشتگیریەکی ڕوون ڕەوانە لە پێغەمبەر (ﷺ).

موعجیزەی (٢٠٨) پێغەمبەر ﷺ سێ جار بەهێزترین پیاو دەدات بە ئەرزدا کە ناوی ڕوکانە بوو.

لە ئەبوو ئوماموە -خوا لێی ڕازی بێت- دەڵێ: پیاوێك هەبوو لە بەنی هاشم پێیان دموت ڕوکانە کە یەکێك بوو لە بەهێزترین خەڵکی و زۆر تووند و تیژ بوو وە هاوبەش پەیداکەر بوو، وە شوانی مەڕ بووە لە دۆڵێکدا، کە پێیان دموت (إضم) پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك لە ماڵی عائیشەوە دەرچوو ڕووی کردە ئەو دۆڵە، وە گەیشت بە ڕووکانە، پێغەمبەر ﷺ هیچ کەسێکی لەگەڵدا نەبوو، ڕوکانە لەبەری هەستا و وتی: ئەی موحەممەد تۆی قسە بە پەرستراوەکانمان لات و عوززا دەڵێی، وە خەڵکی بانگدەکەی بۆ لای خوای زاڵ و لێزان؟ ئەگەر خزمایەتیم لە گەڵ تۆدا نەبوایە قسەم لە گەڵدا نەدەکردی، مانای ڕوکانە هەڕەشەی کوشتنی لە پێغەمبەر ﷺ کرد، وە وتی داوا لە خوای زاڵ و کاربەجێی خۆت بکە بتپارێزێ

له من، وه وتی: من پێشنیاری شتێکت بۆ دەکەم: ئایا زۆرانبازی له گەڵ من دەکەی؟ وه داوا له خوای زاڵ و کاریه‌جێی خۆت بکه یارمه‌تیت بدات و سه‌رت خات به‌سه‌رمندا، ڕوکانه وتی منیش داوا له لات و عوززا دەکەم؟ وتی ئه‌گه‌ر تۆ منت خست به‌زمویدا ئه‌وا من ده مه‌ڕت دەدەمێ، پێغه‌مبه‌ر ﴿ ﷺ ﴾ فه‌رموی: به‌ڵێ ئه‌گه‌ر تۆ بته‌وێ: پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ داوای کرد له خوای زاڵ و کاریه‌جێ که یارمه‌تی بدات و سه‌ریخات به‌سه‌ر ڕوکانه‌دا، ڕوکانه‌ش داوای له لات و عوززا کرد که یارمه‌تی بدات و سه‌ری بخات به‌سه‌ر موحه‌ممه‌ددا، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ په‌لاماری داو گرتی و خستی به‌زمویدا و له‌سه‌ر سنگی دانیشت، ڕوکانه وتی هه‌سته تۆ نه‌بووی نه‌وەت کرد له گەڵ منداو خستمت به زمویدا، به‌ڵکو ئه‌وه خواکەت خوای زاڵ و کار به‌جێ بوو یارمه‌تی دایت، لات و عوززا سووك و سه‌رشۆڕ بوون، وه هیچ که‌سێ پێش تۆ وای پێم نه‌کردووه، با نه‌وجاریش زۆرانبازی بکه‌ینه‌وه، ئه‌گه‌ر نه‌وجاره‌ش سه‌ریکه‌ویته‌وه به‌سه‌ر منداو نه‌و ده مه‌ڕی تریشت دەدەمێ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ گرتی و هه‌ریه‌که‌یان داوای له خوای خۆی کرد، هه‌روەك یه‌که‌مجار داوایانکرد، دیسان پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ سه‌رکه‌وت به‌سه‌ریدا و خستیه‌سه‌رزەوی و دانیشت له‌سه‌ر جگه‌ری، ڕوکانه دووباره گوتی هه‌سته تۆ نه‌بوویت من خست به‌زمویدا و سه‌رکه‌وتی به‌سه‌رمدا، به‌ڵکو ئه‌وه خواکەت خوای زاڵ و کاریه‌جێ بوو، که یارمه‌تی دایت و سه‌ری خستیت به‌سه‌ر منداو لات و عوززای سوك و سه‌رشۆڕ کردن، هیچ که‌سێك پێش تۆ نه‌یتوانیوه وام لێ بکات و بمخات به‌زمویدا، نه‌وجاریش ڕوکانه وتی: با نه‌و جاره‌ش زۆرانبازی بکه‌ینه‌وه ئه‌گه‌ر نه‌وجاره‌ش تۆ منت خست به‌زمویدا ئه‌وا ده مه‌ڕی تریشت دەدەمێ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ گرتی و نه‌وجاره‌ش هه‌ریه‌که‌یان داوایان له په‌رستراوی خۆیان کرد که سه‌ری بخات، بۆ سێیه‌م جار پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ سه‌رکه‌وت به‌سه‌ریدا و خستی به‌زمویدا، ڕوکانه وتی: تۆ نه‌بووی نه‌وەت کرد به من و بۆ سێ جار یارمه‌تی دایت و لات و عوززای سوك و ڕیسواکرد، وتی سی مه‌ڕ له مه‌ڕەکانم بۆ خۆت هه‌ڵبژێره، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾

پێی وت من نه‌وه‌م ناوێ، به‌ڵام بانگت ده‌که‌م بۆ لای ئیسلام، ڕوکانه وتی: نه‌خێر تا نیشانه‌یه‌کم پیشان نه‌دەی، دره‌ختێکی سه‌موره‌ له‌وێ نزیك بوو، که خاوه‌نی لق و پۆپ بوو، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ ناماژەی بۆکرد و فه‌رمووی وەر پێشه‌وه به فه‌رمانی خوا، دره‌خته‌که بوو به دوو له‌ته‌وه، به‌رەو لای هات له سه‌ر نیوەی له‌ت بوونه‌که‌ی به لق و پۆپه‌کانیه‌وه تا هاته به‌رده‌ستی پێغه‌مبه‌ری خوا﴿ﷺ﴾، ڕوکانه وتی: شتێکی گه‌وره‌ت پیشاندام، پێی بڵێ بگه‌ڕێته‌وه، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێی فه‌رموو: خوا شاهید بێ له‌سه‌رت که من داوام له خوای گه‌وره کرد(عز وجل) که دره‌خته‌که بگه‌ڕێته‌وه شوێنی خۆی و گه‌ڕایه‌وه، تۆ وه‌ڵامی بانگه‌وازی من دەده‌یته‌وه له بارەی نه‌وەی که تۆی بۆ بانگ ده‌که‌م، ڕوکانه وتی: به‌ڵێ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ فه‌رمانی کرد به دره‌خته‌که به لق و پۆپه‌که‌یه‌وه تا به‌یه‌که‌وه لکایه‌وه و گه‌ڕایه‌وه شوێنی خۆی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ به ڕوکانه‌ی فه‌رموو موسڵمان به سه‌لامه‌ت دەبی، ڕوکانه وتی: شتێکی گه‌ورەم نیَت ببینی، به‌ڵام نه‌وەم پێ ناخۆشه که ژن و منداڵی مه‌دینه قسه‌م له بارەوه بکه‌ن، بڵێن ڕوکانه ترسی چووه‌ته دڵه‌وه، به‌ڕاستی ژن و منداڵی مه‌دینه دەزانن که که‌س به‌سه‌ر منداَ سه‌رنه‌که‌وتووه و هیچ کاتێك چ به‌شه‌و چ به‌ڕۆژ ترس نه‌چۆته ده‌ڵمه‌وه هه‌رگیز، به‌ڵام داوا ده‌که‌م که مه‌ڕه‌کان هه‌ڵبژێری، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێی وت: من پێویستیم به مه‌ڕه‌کانت نییه، نه‌گه‌ر سه‌رپێچیم بکه‌یت و موسڵمان نه‌بیت، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ ڕوکانه‌ی به‌جێهێشت و گه‌ڕایه‌وه، وه نه‌بوبه‌کر و عومه‌ر گه‌یشتن پێی له ماڵه‌که‌ی عائیشه‌دا، هه‌والی پێدان که ڕوویکردۆته دۆڵی (إضم) نه‌بوبه‌کی و عومه‌ر پێیان وت نه‌ی پێغه‌مبه‌ری﴿ﷺ﴾ چۆن چووی بۆلای نه‌و دۆڵه به ته‌نیا که ده‌تزانی که نه‌وێ شوێنی ڕوکانه‌یه، که نه‌و به‌هێزترین که‌سه له ناو خه‌ڵکدا، وه که‌سێکی زۆر سه‌رسه‌خته به‌رامبه‌ر به تۆ و باوەڕت پێناکا؟ پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێکه‌نی بۆیان و نه‌وجار فه‌رمووی: نه‌دی خۆ خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی: ﴿والله یعصمك من الناس﴾ واته: خوا ده‌تپارێزێ له دەست خه‌ڵکی، نه‌و

ناتوانێ و دەستی ناگات بە من، خوا لەگەڵ منداید، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ تۆ سەرکەوتووی بەسەر روکانەدا لە زۆرانبازیدا، سوێند بەو خوایەی کە تۆی بە حەق و راستی ناردووە، ئێمە نەمانزانیوە کە هیچ کەسێك بەسەریدا زاڵ بووبێ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی: من داوام لە خوا کرد کە یارمەتی دام بەسەریدا، خوای گەورە (عزوجل) یارمەتی دام بە دە ئەوەندە بەشە لە هێز و قووەت و هێزی دەکەس[٣٠٧].

موعجیزەی (٢٠٩) خواردەمەنی تەسبیحاتی خوا دەکات:

عن ابن مسعود قال: لقد كنا نسمع تسبيح الطعام وهو يؤكلُ وفي غير هذه الرواية عن ابن مسعود كنا نأكل مع رسول الله﴿ﷺ﴾ الطعام ونحن نسمعُ تسبيحه[٣٠٨].

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێ: ئێمە گوێمان لە تەسبیحاتی خواردەمەنی بوو لە کاتێکدا کە دەخورا، وە لە ڕیوایەتێکی تردا هەر لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە دەڵێ: ئێمە خواردنمان دەخوارد لە گەڵ پێغەمبەری خوادا﴿ﷺ﴾ گوێمان لە تەسبیحاتی خواردنەکە بوو، بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری ئیسلام﴿ﷺ﴾. وە هەروەها بوخاری لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە هێناویەتی و دەڵێت: ئێمە نایەتەکانمان بە بەرەکەت و ئێوە بە ترساندن لەبەر چاوە، ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لەسەفەرێك بووین کە ئاو کەم بوو، فەرمووی:(اطلبوا فضلة من ماء) ئەوانیش قاپێکیان هێنا کە ئاوێکی کەمی تێدابوو، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەستی بردە ئاو قاپەکە و دواتر فەرمووی :(حي على الطهور المبارك والمباركة من الله) بینیم ئاو لە نێو

---

[٣٠٧] ذكره البيهقي في الدلائل (٦/٢٥١) هذا وقصته مصارعة النبي (ﷺ) و ركانة كانت مروية في سنن أبي داود والترمذي والمستدرك وغيرها.

[٣٠٨] (أخرجه البخاري في المناقب ٣٥٧٩).

پەنجەکانی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ هەڵدەقوڵا، ئێمە گوێمان لە تەسبیحاتی خواردن بوو کە دەخورا[٣٠٩].

موعجیزەی (٢١٠) تەسبیحاتی بەرد لە دەستی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾

لە ئەبو زەوی غەفاریەوە خوای لێ رازی بێ دەڵێ: من ئامادە بووم لەلای پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ وە شاهێدی ئەوە بووم لە یەکێك لەکۆڕەکانی دانیشتنیدا، لەدەستیدا هەبوون وردە بەرد کە تەسبیحاتیان دەکرد لەدەستی موبارەکی دا، وە لامان بوون ئەبوبەکر و عوسمان و عەلی، خوا لێیان ڕازی بێ هەرچی لەو کۆڕەدا بوون گوێیان لە تەسبیحاتی ئەو بەردانە بوو، لە پاشان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾بەردەکانی دایە ئەبوبەکر لەلای ئەویش تەسبیحاتیان دەکرد، ئەوەی لەو کۆڕەدا بوون گوێیان لێ بوو،لە پاشان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بەردەکانی دایە عومەر لەدەستی ئەویشدا تەسبیحاتیان دەکرد، وە ئەوەی کە لەکۆڕەکەدا بوون گوێیان لە تەسبیحاتیان بوون، لە پاشان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بەردەکانی دایە عوسمان لەدەستی ئەویشدا تەسبیحاتیان دەکرد، پاشان بەردەکانی دان بەئێمە بەڵام لای هیچ کەسێك لە ئێمە تەسبیحاتیان نەکرد[٣١٠].

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە ﴿ﷺ﴾

---

[٣٠٩] ترمذي دەڵێ فەرموودەکە حەسەنی صەحیحە.

[٣١٠] ﴿أخرجه الطبراني في الأوسط (١٤٢/٢) حديث رقم (١٢٦٦)﴾

موعجیزەی (٢١١) دار عەصا ڕۆشنایی دەدات:

لە ئەنسەوە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ ئوسەیدی کوڕی عوضە یر و پیاوێکی تر لە ئەنصارەکانی خەڵکی مەدینە لای پێغەمبەری خوا بوون ﷺ قسەیان دەکرد لە لای بۆ پێویستێکی خۆیان تا چەند ساتێك لە شەو تێپەڕی، وە ئەو شەوە شەوێکی زۆر سەخت و تاریك بوو، لەدواییدا دەرچوون لای پێغەمبەری خوا ﷺ و گەڕانەوە لەدەستی هەر یەکێك لەوان دار عەصایەك هەبوو دار عەصای یەکێکیان ڕووناکی دەداو لەبەر ڕۆشنایی ئەو دار عەصایە بەڕێگادا دەڕۆشتن، هەتا کە ڕێگەکەیان لێك جووداو بوویەوە، عەصاکەی ئەوی تریشیان ڕۆشنایی دەدایەوە و بەردەمی ڕووناك دەکردەوە، هەر یەکێکیان لەبەر ڕۆشنایی عەصاکەی بەڕێگادا دەڕۆیی تا گەیشتنەوە لای ئەهلو کەسەکانیان، بەڕاستی ئەوانە موعجیزەی ئەوەندە گەورەن کەبەقەد تۆزقاڵێك گومان و دوو دڵی ناهێڵن لەناو دڵەکاندا سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورەو پەروەردگار وە دروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرەکەی خاوەنی موعجیزاتی گەورەو بەناوبانگ[٢١١].

---

[٢١١] ﴿أخرجه أحمد ٣/١٣٨، ١٣٧﴾ وأخرجه البخاري في صحيحه (فتح الباري) باب منقبة اسيد بن حضير و عباد بن بشر ٧/١٥٦ حديث رقم (٣٨٠٥) و أخرجه الحاكم في المستدرك ٣/٢٨٨ وقال: صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه و وافقه الذهبي وأخرجه البيهقي دلائل النبوة (٦/٧٧) وأخرجه أبو نعيم في دلائل النبوة (٢/٥٦١) وأخرجه الجوزجاني في الكتاب أمارات النبوة (ص ٤٠٧، ٤٠٦).

موعجیزه‌ی (٢١٢) خوای گەوره ترس دەخاته دڵی ناحەزانی پێغەمبەر(ﷺ) بەك مانگ پێش ئەوەی كه بگاته لایان.

لەهەردوو صەحیحەكەدا چەسپاوه واته: صەحیحی بوخاری و موسلیم، كه دەفەرموێ: خوا سەری خستووم به ترس خستنه ناو دڵی دوژمنانی ئیسلام بەماوەی مانگێك بەمانای ئەوەی كه پێغەمبەر(ﷺ) نیازی بوایه شەڕ لەگەڵ گەلێكی بێ باوەڕ بكات خوا ترسی دەخسته دڵی ئەو گەلە بێ باوەڕە، پێش ئەوەی كه پێغەمبەر(ﷺ) بگاته لایان بەمانگێك، ئەگەر دووری ئەو شوێنی ئەو گەلە بێ باوەڕە مانگە رێگایەكیش بوایه [٣١٢]، وەهەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: پێنج شتم دراوەتێ ئەدراوە بەهیچ كەسێك لەپێش منداسەرخراوم بەسەر ناحەزانم دا بەترس خستنه ناو دڵیانەوە بەر لەوەی بگەمە لایان بە ئەندازەی مانگە رێگایەك، وە زەویم بۆ كراوە بە مزگەوت و پاك و خاوێن، غەنیمەت و دەستكەوتی جەنگم بۆ حەڵاڵ كراوە، بۆ هیچ كەسێكی پێش من حەڵاڵ نەكراوە، وە شەفاعەتی رۆژی قیامەتم پێبەخشراوە، وە پێغەمبەرانی پێش من تەنها بۆ نەو گەلانە هاتبوون كه ئەو پێغەمبەرانە لەناویاندا بوون، بەڵام من رەوانە كراوم و كراوم بە پێغەمبەر بۆ هەموو خەلكی بەگشتی.

موعجیزه‌ی (٢١٣) زۆر بوونی ئیمانداران بەهۆی بەرەكەتی پێغەمبەری خواوە(ﷺ):

ئەبو نەعیم دەڵێ: نوح پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت مایەوە لەناو گەلەكەی هەزار ساڵ تەنها پەنجا ساڵ نەبێت، وەئەوەی كه بڕوایان هێنا پێی لە پیاوان و نافرەتان، ئەوانەی

---

[٣١٢] ﴿هذا من حديث رواه الشيخان عن جابر بن عبدالله رضى الله عنه﴾

که‌له‌گه‌ڵیدا سواری که‌شتیه‌که بوون، دەگەیشتنە سەد کەس، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێنا بە پێغەمبەری ئیسلام لەماوەی بیست ساڵدا، خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ستەمکارو زۆردارەکانی زەوی ترسیان لێ نیشت کە ملک و دەسەڵاتەکەیان لەدەست دەربچێ ئەوانەش وەک کیسراو قەیسەر وە نەجاشیش موسوڵمان بوو، ئەوانەی تریش لە دەسەڵات دارەکانی تری زەوی جیزیەیان دا وەک ئەهلی (نەجران ، وهجر ، وأيلة وە دومة الجندل) وەسەرکەوتنی سەرکەوتنەکان هاتە کایەوە وە خەڵک پۆل پۆل چوونە ناو ئایینی خواوە هەروەک خودای گەورە فەرمویەتی: (إذا جاء نصر الله والفتح ورأيت الناس يدخلون في الدين الله أفواجا) النصر.واتە: کاتێک کە یارمەتی و کۆمەکی خوا هات لەگەڵ سەرکەوتن شاری مەککە ئازاد کرا وە خەڵکت دی پۆل پۆل دێنە ناو ئایینی خواوە. کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، خوای گەورە فەتحی مەدینە و خەیبەر و، مەککە، وە بەشێکی زۆر لە یەمەن و حە ضرە مەوتی بۆ کردبوو، وە تا کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد ژمارەی هاوەڵەکانی گەیشتبووە سەد هەزار هاوەڵ و زیاتریش، وە لە ئاخیری ژیانی پڕ پیت و پیرۆزیدا نامەی نارد بۆ زۆربەی دەسەڵاتدارەکانی زەوی وە بانگی کردن بۆ لای بەرنامەی خودای گەورە، جاهەیان بوو لەوانە ولامی بانگەوازەکەی پێغەمبەریان دەدایەوە، وەهەشیان بوو خۆی بەزۆر گرت کە دۆراو خەسارەت مەند بوو، لەدوای پێغەمبەر(ﷺ) خەلیفەکانی کە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی بوون خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت بەردەوام بوون لەسەر فەتحی ئیسلامی کە توانیان ئەم بانگەوازە پیرۆز و پڕ خێر و بەرەکەتە بە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بڵاو بکەنەوە لەدەریای غەربی و بۆ دەریای شەرقی هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە(ﷺ). (السيرة النبوية والمعجيزات للقاضي الشيخ محمد بن احمد كنعان ص ٤٥٦)

موعجیزه‌ی (٢١٤)له‌ت بوونی مانگ مه‌عجیزه‌ گه‌وره‌و ناوداره‌که :

خوای گه‌وره‌ ده‌فه‌رموێ: ﴿ إقتربت الساعة وانشق القمر ﴾ واته‌: رۆژی دوایی نزیك بوویه‌وه‌و مانگ له‌ت بوو موعجیزه‌ی له‌ت بوونی مانگ له‌به‌ردەم کۆمه‌ڵێکدا ڕووی داوه‌ که‌ ده‌عوای پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ریان ﴿ﷺ﴾ بیست و ئینکاری یان کرد، ئه‌م موعجیزه‌یه‌ش بۆ چه‌سپاندنی ئه‌و ده‌عوایه‌ ڕووی داوه‌، سه‌رسه‌ختی و ملنه‌دانی کافرانی ئه‌وکاته‌ به‌ پێی هه‌والی میژوو شتێکی به‌ناوبانگ و زانراوه‌ جا کاتێك که‌قورئانی پیرۆز به‌ ئایه‌تی (وانشق القمر) ڕاگه‌یاند و ده‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ش به‌هه‌موو لایه‌کدا بڵاوبووه‌وه‌ هیچ کام له‌و کافرانه‌ی که‌باوه‌ڕیان به‌قورئان نه‌ده‌هێنا، نه‌یانتوانی و پڕکێشی ئه‌وه‌یان نه‌کرد که‌ئه‌م ئایه‌ته‌ به‌درۆ بخه‌نه‌وه‌ واته‌: بڵێن ڕووداوی وا ڕووی نه‌داوه‌ چونکه‌ ئه‌گه‌ر ئه‌و موعجیزه‌یه‌ ڕووی نه‌دایه‌، شتێکی چه‌سپاو نه‌بوایه‌ لایان ئه‌وا به‌توندی بۆ به‌درۆخستنه‌وه‌ی و به‌تاڵکردنه‌وه‌ی ده‌عوای پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ ڕاده‌په‌ڕین، هه‌موو کتێبه‌کانی میژوو بگه‌ڕێ، هیچ کامیان چ قسه‌یه‌کی کافرانی سه‌بارەت به‌ ئینکاری له‌ت بوونی مانگ نه‌قڵ نه‌کردووه‌، ئه‌و کافرانه‌ی ئه‌و موعجیزه‌یان به‌چاوی خۆیان بینی وتیان که‌واته‌: با چه‌ند که‌سێك بڕۆن بۆ شوێنانی ترو بپرسن ئایا خه‌ڵکی ئه‌و شوێنانه‌ش ئه‌مه‌یان بینیوه‌؟ که‌ ڕۆژ بوویه‌وه‌ له‌یه‌مه‌ن و شوێنانی ترموه‌ کاروان گه‌یشته‌ ئه‌وێ، کافرەکانیش هه‌والی ئه‌وه‌یان لێ پرسین، ئه‌وانیش وتیان: به‌ڵێ ئه‌مه‌مان بینیوه‌، به‌ڕاستی ئه‌وه‌ش موعجیزه‌یه‌کی گه‌ڵێك گه‌وره‌و به‌ناوبانگه‌، خوای گه‌وره‌ ئه‌م ڕووداوه‌ی به‌سه‌ر مانگ دا هێناوه‌ و کردوویه‌تی به‌ ڕووداوێکی بازدەر به‌سه‌ر هه‌موو یاسا گه‌ردوونی یه‌کان دا، له‌پێناوی چه‌سپاندنی

پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ره خۆشه‌ویسته‌که‌یدا ﴿ﷺ﴾ و بۆ ئه‌وه‌ی که دەری بخات بانگه‌وازی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره ﴿ﷺ﴾ بانگه‌وازێکی ڕاسته، وه له فه‌رموده صه‌حیحه‌کانیش باسی له‌ت بوونی مانگ کراوه ئه‌م ڕووداوه گرنگه فه‌رموودەی صه‌حیح باسی لێوه کردووه بوخاری له ئیبن مه‌سعوده‌وه دەگێڕێته‌وه دەڵێ: ﴿انشق القمر فی عهد رسول الله ﴿ﷺ﴾ فرقتین فرقة فوق الجبل و فرقه دونه، فقال علیه الصلاة والسلام اشهدوا﴾ واته: مانگ دوو که‌رت بوو له‌سه‌ردەمی پێغه‌مبه‌ردا ﴿ﷺ﴾ به‌جۆرێك که شاخه‌که له نێوانیان دا بوو، پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی: سه‌یرکه‌ن و به چاوی خۆتان ببینن...

الله اکبر له‌و موعجیزه گه‌وره و به‌ناوبانگه به‌ڕاستی به‌ته‌نها ئه‌و موعجیزه گه‌ورەو ناوداره به‌سه بۆ که‌سانێك که له گومان و دووڵی دان بۆ ئه‌وه‌ی به‌ته‌واوی دڵنیابن و ڕێگای ڕاست بگرنه‌به‌ر، ئه‌م موعجیزانه به‌ڵگه‌ی ئه‌وه‌نده گه‌ورەن که‌به‌قه‌د تۆزقاڵێك گومان و دووڵی ناهێڵن له‌ناو دڵه‌کان دا وه وەك ڕۆژی ڕووناك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام دەسه‌ڵێنن سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گه‌وره و پەروەردگار وه دروود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ .

موعجیزه‌ی (٢١٥) کوڕی پیرژنه‌که زیندوو ده‌بێته‌وه:

ئیبن ئه‌بی دنیا له ئه‌نسی کوڕی مالیکه‌وه خوا لێی ڕازی بێ هێناویه‌تی دەڵێت: سه‌ردانی گه‌نجێکی پیشتوانانمان کرد، خێرا مرد و دامان پۆشی و جلێکمان به‌سه‌ردادا، یه‌کێکمان به‌دایکی ووت: چاوەڕێی پاداشتی لای خوا به، ووتی مرد؟ وتمان به‌ڵێ ئه‌ویش دوو دەستی بۆ ئاسمان به‌رز کردەوه و وتی: خوایه من باوەڕم هێنا به‌تۆ و کۆچم کرد بۆ لای پێغه‌مبه‌ره‌که‌ت، ئه‌گه‌ر سه‌ختیه‌کم بهاتایه‌ته ڕێ، له سه‌رت لادەبردم دەی خوایه داوات لێ دەکه‌م ئه‌م

موسیبه‌ته‌م له‌سه‌ر لابه‌، ده‌ڵێت: جله‌که‌ی له‌سه‌ر دەم و چاوی لابرد، هێنده‌ی نه‌برد نانمان خوارد نه‌ویش نانی له‌گه‌ڵدا خواردین، به‌یه‌قی له ڕێگای صالحی کوڕی به‌شیری یه‌کێك له زاهیدانی به‌سراوه هێناویه‌تی له‌گه‌ڵ نه‌رمییه‌ك له فه‌رموودەی نه‌نه‌سه‌وه چیرۆکه‌که دێنێ و تیایدا هاتووه ئومسائیب پیرەژنه‌کی کوێر بوو، به‌یه‌قی له عه‌بدوڵلای کوڕی عه‌ون له نه‌نه‌سه‌وه، هێناویه‌تی ده‌ڵێت: له‌م ئوممه‌ته‌دا به‌سیان گه‌یشتم نه‌گه‌ر له‌ناو به‌نی ئیسرائیلی بونایه گه‌لان بۆی دابه‌ش نه‌ده‌بوون، ووتمان نه‌بو حه‌مزه نه‌وانه کێن؟ ووتی: ئێمه لای پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ له صوفه‌دا بووین، ژنێکی کۆچه‌ر کوڕێکی خۆی له‌گه‌ڵدابوو که بالغ ببو هات بۆ لای پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ نه‌ویش ژنه‌که‌ی خسته پاڵ ژنه‌کان و کوڕه‌که‌ی هێنا بۆلای ئێمه، هێنده‌ی نه‌برد ده‌ردی مه‌دینه‌ی گرت و نه‌خۆش که‌وت و پاش چه‌ند ڕۆژێك مرد، پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمانی کرد کفنی بکه‌ن، که وویستمان بیشۆین فه‌رمووی: ئه‌ی نه‌نه‌س برۆ بۆلای دایکی و پێی بڵێ منیش پێم ووت: ژنه‌که هات و لای پێیه‌کانی کوڕه‌که‌ی دانیشت و قاچه‌کانی گرت و وتی خوایه به حه‌زی خۆم موسوڵمان بووم و بێباکانه دژایه‌تی بته‌کانم کرد و به حه‌ز کۆچم کرد له‌به‌ر تۆ، خوایه مه‌مده‌ره به‌ر گورزی بتپه‌رستان و له‌م نسیبه‌ته‌دا شتێکم توش مه‌که که‌نه‌توانم له نه‌ستۆی بگرم، ووتی: به‌خوا قسه‌که‌ی ته‌واو نه‌بوو تاقاچه‌کانی جوڵاند و جله‌که‌ی سه‌ر دەم و چاوی لابرد و ژیا تا پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾وه‌فاتی کرد و دایکیشی مرد، به‌ڕاستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه [٣١٢].

---

[٣١٢] له البدية النهاية ج٢، ص٢٩٢ دا ده‌ڵێ: که‌سه‌کانی سه‌نه‌ده‌که‌ی جێی متمانه‌ن، نه‌بو نه‌عیم له (الدالائل ص٢٢٤) له ڕێگای صالح له ثابت له نه‌نه‌سه‌وه به‌هه‌مان شێوەی پێشوو هێناویه‌تی.

موعجیزەی (٢١٦) نەگۆڕانی لاشەی دوو هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لەناو گۆڕدا:

جابیری کوڕی عەبدوللا-خوا لێ ی ڕازی بێ – دەڵێ : باوکم لە ڕۆژی ئوحوددا پێکرا ، جلەکەم لەسەر ڕوومەتی لادەبرد و دەگریام نەهیان لێ دەکردم لە گریان ، پێغەمبەر (ﷺ) نەهی لێ نەکردم ، دەڵێ : فاتیمەی کچی عمرو بۆی دەگریا ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بۆ دەگریت یان بۆی ناگریت لەوکاتەوە فریشتەکان سێبەریان بۆدەکرد ، بە باڵەکانیان هەتا هەڵتان گرت [٣١٤] هەروەها جابیر -خوای لێ ڕازی بێ-وتی : پێغەمبەرم (ﷺ) پێ گەیشت پێی فەرمووم : ئەی جابیر دەتبینم قوپاویت چیتە ؟ جابیر دەڵێ : وتم ئەی پێغەمبەری خوا کەڕۆژی ئوحود باوکم شەهید بوو ، خێزان و قەرزێکی زۆری بەسەردا بەجێ هێشتووم بیر لەوە دەکەمەوە فەرمووی : حەز دەکەی باسی ئەوەت بۆ بکەم کە خوا چەند بەخۆشی پێشوازی لە باوکت کرد ؟ وتم : فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی :

هەرگیز خوای گەورە لە پشتی پەردەوە نەبێ قسەی لەگەڵ کەسێ نەکردووە بەڵام باوکتی زیندوو کردەوە و بەبێ پەردەو ڕووبەڕوو ، قسەو گفتوگۆی لەگەڵ دا کرد ، فەرمووی : پێی : ئەی بەندەی خۆم دڵت چی دەخوازێت داوای بکە لێم دەیدەم پێت نەویش وتی : ئەی پەروەردگارم زیندووم بکەرەوە هەتا دیسانەوە لە پێناوی تۆدا دەکوژرێمەوە پەروەدگاری گەورەو سەروەریش فەرمووی : لەمێژەوە بڕیارەو داومە نەوەی لەم دنیایە دەرچوو جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ جیهان جابیر وتی : جاخوا ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە (ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون) ال عمران (١٦٨) واتە : هەرگیز وا

---

[٣١٤] (بخاري الجنائز(١٢٣١)).

گومان مەبەن ئەوانەی کەکوژران لە ڕێی خوادا مردوون نەخێر وانیە بەڵکو ئەوانە زیندوون لای پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن

(حاکم لە ج٣، ص٢٠٣) لە ئەبو نەزرە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویەتی و دەڵێت: کاتێك شەڕی ئوحد هاد شەو باوکم بانگی کردم ووتی: وا دەبینم یەکەم هاوەڵی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەبم کە بکوژرێم و بەخوا واز ناهێنم لە کەسێ، واتە: لە تۆ بەعیززەت تر بێت لەسەر من دوایی خودی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ من قەرزێکم لەسەرمو قەرزەکەم بدەرەوە و لەگەڵ خوشکەکانتدا چاك بە، دەڵێت: بەیانی یەکەم کوژراو باوکم بوو، لەگەڵ یەکێکی دیکە دا لەگۆڕێکدا خستمانە ژێر خاك، پاشان دەرونم ئارامی نەگرت لەیەك گۆڕدا لەگەڵ کەسێکی دیدا دای بنێم، دوای شەش مانگ چووم تا دەری بهێنم، سەیرم کرد وەك ئەو ڕۆژە وابوو کە خستبوومە ناو گۆڕەکەی جگە لە گوێی کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو[٣١٥]. لە گێڕانەوەکەی ئەبو نەزەردا هاتووە: شەش مانگ مابنەوە پاشان دەرونم ئارامی نەگرت تا ئەوەی وبستم بەتەنها لە گۆڕێکدا ببینم، چوم لە گۆڕەکەدا دەری بهێنم سەیرم کرد زەویەکە هیچی لە لەشی باوکم نەخواردووە و جگە لە نەرمایی گوێی، لە گێڕانەوەیەکی تردا بەو سەنەدە دەڵێت: هیچ شێوانێکم لێنەدی جگە لەوەی چەند تاڵێکی ڕیشی چوبونە ناو خاك خورابوون[٣١٦].

ئیبن سەعد ج٣ ص ٥٦٣ لە ئەبو زوبەیر لە جابرەوە خوایان لێ ڕازی بێ هێناویەتی دەڵێت: هاوارمان بۆ کرا بۆ مردووەکانمان کاتێ موعاویە جۆگەی ناوی ڕاکێشاو دوای چل ساڵ دەرمان

---

[٣١٥] (حاکم دەڵێت: ئەم فەرمودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە، ئیبن سەعد ج٣، ص٥٦٢ لە ئەبو نەزەرەوە بە کورتی بەهەمان شێوە لێوەی هێناوە).

[٣١٦] (بو خاری لە عەتائی کوڕی جابرەوە بەشێوەی دەقەکەی حاکم هێناویەتی وەك لە البدایة والنهایة ج٤، ص١٤٣ دا هاتووە.

هێنا نه‌رمی له‌شیان چوار دەوری داگرتبوون [٣١٧]. ئیبن ئیسحاق چیرۆکه‌که‌ دێنێ و دەڵێ: باوکم له‌چه‌ند به‌ته‌مه‌نێکی پێشتیوانانه‌وه‌ بۆی گێڕامه‌وه‌ ووتیان: کاتێ معاویه‌ ئه‌و جۆگه‌ ئاوەی لێدا که‌به‌سه‌ر

گۆڕی شه‌هیداندا تێده‌په‌ڕی کانیاوەکه‌ به‌سه‌ریاندا ته‌قیه‌وه‌، ئیمه‌ش هاتین تا شه‌هیده‌کان دەر بهێنین، عومه‌ر و عه‌بدوڵڵامان دەرهێنان و دوو عه‌بایان به‌سه‌ره‌وه‌ بوو که‌ دەم و چاویان داپۆشیبوون و شتێ له‌گه‌ڵ گڕۆ گیا له‌سه‌ر قاچیان بوو، وەك خۆیان وابوون دەدووت دوێنێ خراونه‌ته‌ ناو گۆڕەوە [٣١٨]. هه‌روەها ئه‌حمه‌د له‌ فه‌رموودەیه‌کی دورودرێژدا له‌ جابره‌وه‌ هێناویه‌تی دەڵێت من له‌ خیلافه‌تی معاویه‌ی کوڕی ئه‌بو سوفیاندا بووم که‌ که‌سێ هات بۆ لام وتی: ئه‌ی جابر کار که‌رانی معاویه‌ ڕێیان که‌وتۆته‌ سه‌ر ئه‌شی باوکت و به‌شێ له‌ئه‌شی دەرکه‌وتووه‌، منیش چووم سه‌یرم کرد له‌سه‌ر ئه‌و شێوەیه‌ی خستبومه‌ ناو گۆڕ هیچی نه‌گۆڕابوو جگه‌ له‌ شوێنه‌واری کوشت وکوشتار [٣١٩]. هه‌روەها مالیك له‌ عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی ئه‌بو صه‌عصه‌عه‌وه‌ هێناویه‌تی بیستی عه‌مری کوڕی جه‌مووح عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌مر که‌ پشتیوانی و سوننه‌می بوون لافاو گۆڕەکانی دەر خستبوون، ئه‌وان له‌یه‌ك گۆڕدا بوون و له‌ڕۆژی ئوحوددا شه‌هید بوون، گۆڕیان بۆ هه‌ڵکه‌ندرا تاله‌و شوێنه‌یان بگوازرێنه‌وه‌، سه‌یرکرا له‌شیان نه‌گۆڕاومو دەتووت دوێنی مردوون، یه‌کێکیان برینداربوو ببو دەستی خستبووه‌ سه‌ر برینه‌که‌ی، که‌ خرایه‌ ژێر خاك هه‌روا بوو دەستی له‌سه‌ر برینه‌که‌ی لابرا دوایی چووەوە سه‌ر هه‌مان بار له‌

---

[٣١٧] ئه‌بو نه‌عیم (الدلائل ص ٢٠٧) له‌ ئه‌بو زوبه‌یر له‌ جابره‌وه‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی، له‌ گێڕانه‌وەیه‌کی دیکه‌دا له‌ ئه‌بو زوبه‌یر له‌ جابره‌وه‌ هێناویه‌تی، ئیبن ئه‌بی شه‌یبه‌ش له‌ جابره‌وه‌ له‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی وەك له‌ (کنز العمال ج٥، ص٢٧٤ دا هاتووه).

[٣١٨] لای ئیبن سه‌عد له‌ ڕێگه‌ی ئه‌بوو زوبه‌یر له‌ جابره‌وه‌ شایه‌تێکی به‌سه‌نه‌دی سه‌حیح هه‌یه، له‌ فه‌تح الباری ج٣، ص١٤٢ دا هاتووه.

[٣١٩] سه‌مهودی له‌ (وفاء الوفاء ج٢، ص١١٦) دا دەڵێت: ئه‌حمه‌د به‌ که‌سه‌کانی سه‌نه‌دی سه‌حیح هێناویه‌تی.

نێوان شه‌ڕی ئوحد و ئه‌و ڕۆژه‌دا ٤٦ ساڵ ماوه بوو[٢٢٠]. هه‌روه‌ها ئیبن سه‌عد له (ج٣ص٥٦٢) ده‌ڵێت: عبدوڵڵای کوڕی عه‌مر که‌سێکی سور بوو که‌سه‌ری ڕووتاوه بوو باڵای به‌رز نه‌بوو، عه‌مری کوڕی جه‌موحیش که‌سێکی باڵا به‌رز بوو، ناسران و له‌یه‌ك گۆڕدا خرانه ناو گۆڕ، گۆڕمکه‌یان له‌به‌ر لافاو بوو به‌وه گۆڕمکه‌یان دمرکه‌وت، که‌له‌شیان دمرکه‌وت دوو نیشانه‌یان له‌سه‌ر بوو عه‌بدوڵڵا برینی به‌دمم و چاوموه بوو دمستی له‌سه‌ر برینه‌که‌ی دانابوو، دمستی له‌سه‌ر برینه‌که لابرا خوێن هات، دمستی خرایه سه‌ر برینه‌که یه‌کسه‌ر خوێنه‌که وه‌ستا، جابر ده‌ڵێت: باوکم له گۆڕمکه‌دا بینی ده‌تووت خه‌وتووه، هیچ له‌له‌شی نه‌گۆڕابوو نه‌کهم و نه‌زۆر پێی وترا: کفنه‌کانت بینی؟ ووتی له کفن کرابوو که درابوو به‌سه‌ر دمم و چاویداو له‌سه‌ر قاچه‌کانی گیای (حرمل) دانرابوو سه‌یرمان کرد ئه‌وانیش هه‌روه‌ك خۆیان بوون، ماوه‌ی نێوان کوژران و دمرکه‌وتنی له‌شیان ٤٦ساڵ بوو. هه‌روه‌ها به‌یه‌قی له جابرموه هێناویه‌تی ده‌ڵێت: کاتێ معاویه جۆگا ئاوه‌که‌ی لای کوژراوانی ئوحود لێدا، ئه‌وه‌ش دوای ٤٠ساڵ، هاوار کرا بچن بۆ ئه‌وێ، چووین و ته‌رمه‌کانمان دمرهێنا نوکه ئاسنێ به‌ر پێی حه‌مزه که‌وت و خوێنی هات[٢٢١].

---

[٢٢٠] ئه‌بو عومه‌ر ده‌ڵێت: گێڕه‌روان ڕا جیاواز ئین له‌سه‌ر موئه‌ته‌یحه‌که‌ی واتاکه‌ی له‌چه‌ند ڕوویه‌کی سه‌حیحه‌وه موئته‌سیله، زه‌ڕقانی ئه‌مه ده‌ڵێ وه‌ك له (الأرجز ج٤، ص١٠٧) دا هاتووه.

[٢٢١] له (البداية النهاية ج٤، ص٤٣)دا هاتووه. ئه‌بو ئه‌عیم (الدلائیل ص٢٠٧) له عه‌مری کوڕی دینار و ئه‌بو زوبه‌یرموه هێناویه‌تی هه‌مان قسه‌ده‌که‌ن، سه‌مهودی (وفاء الوفاء ج٢، ص١١٦)دا ده‌ڵێ مامۆستامان له (لاڤجز ج٤، ص١١)دا به حه‌سه‌نی زانیوه که چیرۆکه‌که سێ جار دوای شه‌ش مانگ و دوای چل ساڵ له‌کاتی ئیدانی جۆگاوه‌که‌و دوای ٤٠ساڵ به‌هاتنی لافاو ڕووی داوه، ئه‌مه‌ش له‌به‌ر زۆری گێڕانه‌وه له‌هه‌رسێ جارمکه‌دا (سه‌مهودی ج٢، ص١١٧)دا ده‌ڵێت له‌هه‌موو ئه‌مانه‌دا موعجیزه دمردمکه‌وێ و ئه‌ونی له‌دووبارەبوونه‌وشیدا نه‌وه‌یه.

موعجیزەی (٢١٧) بۆنی میسك لە گۆڕی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) سەعدی کوڕی موعاز دێت:

ئەبو نەعیم لە (المعرفة)دا لە موحەمەدی کوڕی شەرحەبیلەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك شتێ لە خۆڵی گۆڕی سەعدی کوڕی موعازی هەڵگرت و کردیەوە سەیریکرد میسکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (سبحان الله سبحان الله) تا دەم و چاوی ناسرا [٣٢٢].

هەروەها ئیبن سەعد لە (ج٣، ص٤٣١)دا لە ڕەبیعی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو سەعیدی خودری لە باکیەوە لە باپیریەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەوانە بووم کە گۆڕمان هەڵکەند بۆ سەعد لە بەقیع، هەرچەندە چینە خۆڵیکمان هەڵدەکەند بۆنی میسکمان بەسەردا دەهات تا گۆڕەکەمان تەواو کرد.

موعجیزەی (٢١٨)ڕۆچوون بەناخی زەویدا :

بەزار لە بورەیدەوە هێناویەتی کەسێ ڕۆژێ ئوحود وتی: خوایە ئەگەر موحەممەد لەسەر حەقە ڕۆم ببە بە زەویدا خواش ڕۆی برد بە زەویدا [٣٢٣].

---

[٣٢٢] (لە کنز العامل ج٧، ص٤١)دا هاتووە و دەڵێت: سەندەکەی سەحیحە، ئیبن سەعد (ج٣، ص٤٣١) لە موحەمەدی کوڕی شەرحەبیلی کوڕی حەسەنەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام فەرمودەکەی نەهێناوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا ئیومی هێناوە دەڵێت: کەسێ مشتێ خۆڵی لە گۆڕی سەعد هەڵگرت و بردی سەیری کرد دەبینێت میسکە...

[٣٢٣] (هەیسەمی لە ج٦، ١١٢)دا دەڵێت: کەسەکانی سەندەکە سەحیحن

موعجیزه‌ی (٢١٩) ده‌نگێکیان بیست نه‌یانده‌زانی کێیه:

ئیبن سه‌عد (ج٢، ص٢٧٧٦) له ئیبن عه‌بباسه‌وه خوا لێی ڕازی بێ هێناویه‌تی ده‌ڵێت: کاتێ پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ کۆچی دوایی کرد ئه‌وانه‌ی دەیانشۆرد ناکۆك بوون، دەنگێکیان بیست و نه‌یانده‌زانی کێیه دەیوت: پێغه‌مبه‌رتان به جله‌کانیه‌وه بشۆن، به‌وه پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ به‌جله‌که‌یه‌وه شۆردرا [٣٢٤].

موعجیزه‌ی (٢٢٠) باڵنده‌یه‌ك چووه سه‌ر ته‌رمه‌که‌ی هاوه‌ڵه‌ی پایه‌داری پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ ئیبن عه‌بباس و له‌گه‌ڵی چووه ناوگۆڕ:

له‌هه‌ردوو صه‌حیحه‌که‌داواته :له‌بوخاری وموسلیم دا هاتووه : له عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌بباسه‌وه-خوای لێ ڕازی بێ –ده‌ڵێ : پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) چوودەست به‌ئاو بگه‌یه‌نێ ، منیش ئاوی ده‌ست نوێژم بۆ ئاماده‌کرد فه‌رموو ی: کێ ئه‌و ئاوه‌ی ئاماده کردووه ؟ ده‌ڵێ وتم : من فه‌رمووی : خوایه شارەزای بکه له‌ئاین دا دووعاکه‌ی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خوای گه‌وره گیرای کرد عه‌بدوڵڵا بوو به‌زانایه‌کی زۆر گه‌ورەو شارەزا له ئاین دا و ئاوی ده‌رکرد به ته‌رجوومانی قورئان

حاکم (ج٣، ص٥٤٣) له سه‌عیدی کوڕی جوبه‌یرەوه هێناویه‌تی ده‌ڵێت: ئیبن عه‌بباس خوایان لێ ڕازی بێ له ئائیف مردو منیش ئاماده‌ی مه‌راسیمه‌که‌ی بووم، باڵنده‌یه‌ك که هاوشێوه‌ی

---

[٣٢٤] (ئیبن سه عد (ج٢، ص٢٧٦) له عائیشه‌وه بەو واتایه هێناویه‌تی)

نەبینرا بوو هاتە ژوورو چوویە سەر تەرمەکەی سەیرمانکرد بزانین ئایا دەردەچێت؟ نەبینرا بێتەدەر کاتێ خرایە ژێر خاك ئەو ئایەتە نە سەر گۆڕەکەی خوێنراو نەزانرا کێ خوێندی (یاأیتها النفس المطمئنة ارجعی الی ربك راضیة مرضیة فادخلی في عبادی وادخلی جنتي) حاکم دەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی عەلی و عیسای کوڕی عەلی دەڵێت بانگەبەکی سپی بووە.

موعجیزەی (٢٢١) سەوادی کوڕی قارب بەهۆی بینینی موعجیزەیەك موسوڵمان دەبێت:

ئەبو یەعلا لە موحەمەدی کوڕی کەعبی قورەیزیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب خوای لێ ڕازی بێت ڕۆژێ دانیشتبوو کە کەسێ دای بەلایدا، وترا ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەو کابرایە دەناسیت؟ ووتی: کێیە؟ ووتیان ئەوە سوادی کوڕی قارپە کە جنۆکە هەواڵدەرمکەی هەواڵی دەرکەوتنی پێغەمبەری ﴿ﷺ﴾ پێدا، عومەر ناردی بەدوایدا و پێی ووت: تۆ سەوادی کوڕی قارپیبیت؟ ووتی: بەڵێ: ووتی تۆ لە سەرباری کاهینیت بووی؟ ئەویش تورە بوو ووتی: لەو کاتەوەی موسوڵمان بووم ئەی ئەمیری باوەڕداران کەس ئەوەی پێ نەوتووم، عومەر ووتی: سوبحانەڵلا، ئەو بێباوەڕیەی ئێمە لەسەری بووین مەگەر لەو کاهینەی تۆ چی کەمتەرە، دەی پێم بڵێ جنۆکە هەواڵدەرمکەت چۆن هەواڵی دەرکەوتنی پێغەمبەری خوای پێدایت؟ ووتی: بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران من شەوێ نیمچە خەواڵوو بووم کە هەواڵ دەرمکەم هاتوو بە پێی لێی دام و ووتی: ئەی سەوادی کوڕی قارب هەستە من قسەم بۆبستەو نەگەر عەقڵت هەیە لێی تێبگە پێغەمبەرێ لەناو لوئەی کوڕی غالب نێردراوە بانگەواز دەکات بۆلای پەرستنی خوا پاشان ووتی:

عجبت للجن و تطلابها وشدها العيس باقتابها
تهوي الى مكة تبغي الهدى ماصادق الجن ككذا بها
فارحل الى الصفوة من هاشم ليس قوامها كأذنابها

منیش ووتم: وازم لێبێنە لە ئێوارەوە خەو زۆری بۆ هێناوم، بۆ شەوی دووەم هەمان شتی کرد و ووتی لەنێو لونەی کوێ غالبدا پێغەمبەری خوا هاتووە بانگەواز دەکات بۆ خوا و پەرستنی خوا، پاشان ئەم شعرەی ووت:

عجبت للجن و تحيارها وشدها العيس بأكوارها
تهوي الى مكة تبغي الهدى ما مؤمنوا الجن ككفارها
فارحل الى الصفوة من هاشم بين رواربيها وأحجارها

منیش هەستام و ووتم وازم لێ بێنە لە ئێوارەوە خەو زۆری بۆ هێناوم بۆ شەوی سێیەم هەمان شتی کردو ووتی لەنێو لونەی کوری غالبدا پێغەمبەری خوا هاتووە و بانگەواز دەکات بۆ خوا و پەرستشی پاشان ئەم شعرەی ووت

عجبت للجن وتجساسها وشدها العيس بأحلاسها
تهوى الى مكه تبغى الهدى ما خير الجن كانجاسها
فارحل الى الصفوة من بنى هاشم واسم بيعينيك الى رأسها

منیش هەستام و وتم خوا دڵی تاقیکردومەتەوە، سواری ووشترەکەم بووم و دواتر هاتم بۆ شار واتە: مەککە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەنێو هاوەڵانی دا بوو، نزیك بوومەوە و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ گوێ بگرە لەم قسەم، فەرمووی:

ئادەی ووتم: أتاني نجي بعد هدء رقدة وهم يك فيما قد تلوت بكاذب

ثلاث ليال قوله كل ليلة	أتاك رسول من لؤى بن غالب
فشمرة عن ذيل الأزارو وسطة	بي الذعلب الوجفاء غير سباسب
فاشهد ان الله لاشيء غيره	وأنك مامون على كل غالب
وانك أدنى المرسلين وسيلة	الى الله يا ابن الأكرمين الأطاليب
فمرنا بما ياتيك يا خير من نقفى	وان كان فيجا جاء شيب الذوائب
وكن لي شفيعا يوم لاذو شفاعة	سواك بمغن عن سواء بن قارب

باس لەبەسەرهاتەکەی دەکات و لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﴿ﷺ﴾ شایەتومان دێنێ و داوای فەرمان و ڕێنوینی و دواتر شەفاعەتی ڕۆژی دوایی لێدەکات، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و هاوەڵانی زۆر بە ووتەکەم دڵخۆش بوون تا ئەوەی خۆشی لە ڕووخساریاندا دەبینرا، دەڵێ: عومەری کوڕی خەتتاب هەڵساو وتی من حەزم دەکرد ئەو قسە لە خۆتەوە ببیستم، ئەی ئێستا ئەو جنۆکە دێت بۆ لات؟ ووتی: لەو کاتەوەی قورئان دەخوێنم نا، پاشان عومەر ووتی:

ڕۆژێ لە ناوچەیەکی قورەیشدا بووین کە بەو کەسانە دەوترا (أل ذريح) گوێرەکەیەکیان سەر بڕیبوو و پاککەر سەرقاڵی بووکە دەنگێکمان لەناو سکی گوێرەکەکەوە بیست و هیچمان نەدەبینی، ووتی: ئەی (أل ذريح) باری سەرکەوتوو هاوارکاری بەزمان پاراوی هاوار دەکات و شایەتی دەدات هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خوا [٣٢٥].

---

[٣٢٥] خەرائینتی لە (هواتف الجان) لە ئەبو جەعفەر موحەمەدی کوڕی عەلی و نیبن عەساکیر لە سوادی کوڕی قارب بە ڕائیش هێناویانە.

موعجیزه‌ی (٢٢٢) عوسمانی کوڕی عەففان به بینینی موعجیزەیەك موسوڵمان بوو:

واقدی له عاصمی کوڕی عومەرەوه هێناویەتی که عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێ وتی: نەگەڵ کاروانێك چووین بۆ شام پێش نەوەی پێغەمبەری خوا ببێت به پێغەمبەر، لەنزیك شام بووین لەوێ ژنه کاهینێ هەبوو هاته ڕێمان وتی: هاوەڵەکەم هات بۆ لام و لەبەر دەرگامدا وەستا وتم: نایەیته ژوورەوه؟ وتی: ڕێی نەوه نادرێ نەحمەد هاتووه و بارێ هاتووه که له توانادا نییه، پاشان گەڕامەوه بۆ مەککه سەیرمکرد پێغەمبەری خوا له مەککه بانگەواز دەکات بۆ خوا [٢٢٦].

موعجیزه‌ی (٢٢٣) ڕاهیبێك پێی وت: چاکترینی پێغەمبەرانه نەکەی هیچ کەسێ پێشت بکەوێ بۆ لای:

ئەبو نەعیم له تەمیمی داریەوه خوا لێی ڕازی بێ هێناویەتی که ووتویەتی، کاتێك که پێغەمبەر ﷺ وەحی بۆهات من لەشام بووم، نەوه بۆ ئیش و کارێکی خۆم دەرچووم و شەوم بەسەردا هات، وتم: ئەمشەو خۆم نەخەمه پەنای گەورەی ئەم شیوەوه، دەڵێت کاتێك که ڕاکشام بۆ خەوتن، گوێم لەدەنگێك بوو بانگی نەکرد، بەڵام نەم بینی، پەنا بەخوا بگرە، چونکه جینینی له حزووری خوادا نەوبێ شەرمی یه ناکەن و پەنای هیچ کەس نادەن وتم: سوێند بەخوا نەڵێیت وتی: پێغەمبەری ئوممیەکان (عەرەب) پێغەمبەری خوا ﷺ

---

[٢٢٦] (البداية النهاية ج٢، ص٣٣٨) داوا هاتووه، ئەبو نەعیم له (الدلائل ص٢٩) لەڕێگەی واقدیەوه بەهەمان شێوه هێناویەتی.

دەرکەوتووە، لە حەجوون لەدوایەوە نوێژمان بەجێ هێناو موسوڵمان بووین و شوێنی کەوتین و فروفێڵی جین تیاچوو، ئەستێرەی کشاویان تێگیرا، بڕۆ بۆ لای موحەمەدی پێغەمبەری (رب العالمین) و موسوڵمان ببە، تەمیم ئەڵێت:

کە ڕۆژم لێ بوویەوە چووم بۆ گوندی (دیر ایوب) دیر ئەییوب: گوندێکە لە حەوران لە دەورووبەری دیمەشق، ئەییوب پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێ لەو گوندەدا ژیاوە و هەر لێرەشدا خودای گەورە تاقیکردۆتەوە لەو کانیەشی تێدایە کە پێی دا لەزەوی و بەفەرمانی خوای هەڵقوڵی بووە مایەی چاك بوونەوەی قەبرمکەشی هەر لەوێیە، تەمیمی داری دەڵێ: لەوێ پرسیارم لە راهیبێك کرد و، هەوالەکەم پێدا، راهیبەکە وتی: راستیان پێ وتویت، ئەو پێغەمبەرە لە حەرەمدا دەردەکەوێت لە حەرەمیشەوە کۆچ ئەکات و، چاکترینی پێغەمبەرانە، ئەکەی هیچ کەس پێشت بکەوێ بۆ لای تەمیم دەڵێ: هەوڵم ئەدا بەسەر شاخ و گرددا سەر بکەوم، تا ئەوە بوو گەیشتمە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ و موسوڵمان بووم[٣٢٧].

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورەو درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرمکەی ﴿ﷺ﴾

---

[٣٢٧] (كذا في البداية ٢/٢٥٠ شرح حياة الصحابة: ٤/٣٩١-٣٩٢).

موعجیزه‌ی (٢٢٤) له‌خه‌وه‌که‌یدا بینی که‌سێك هات بۆ لای و فڕێی ده‌دایه‌ ناو ئاگر پێغه‌مبه‌ریشی ﷺ بینی ده‌یگرت تا نه‌که‌وێته‌ ناوییه‌وه:

به‌یهه‌قی له‌ جه‌عفه‌ری کوڕی موحه‌مه‌دی کوڕی عه‌بدوڵڵای کوڕی عه‌مری کوڕی عوسمانه‌وه‌ هێناویه‌تی، ده‌ڵێت: موسوڵمان بوونی خالیدی کوڕی سه‌عیدی کوڕی عاص کۆنه‌، ئه‌و یه‌کێکه‌ له‌سی ناو براکانی بوو که‌ موسوڵمان بوو، سه‌ره‌تای موسوڵمان بوونی ئه‌وه‌ بوو له‌ خه‌وی دا بینی له‌ که‌ناری ئاگرا وه‌ستێنراوه‌، باسی فراوانی ئاگرەکه‌ دەکات که‌ هێنده‌ی خوا خۆی ده‌زانێت فراوان بووه‌، له‌خه‌وه‌که‌دا وا ده‌بینێت، که‌سێك هات بۆلای و فڕێی ده‌دایه‌ ناو ئاگرەکه‌و پێغه‌مبه‌ریشی ﷺ بینی ده‌یگرت تا نه‌که‌وێته‌ ناوییه‌وه‌، له‌خه‌وه‌که‌یدا ترسا نینجا که‌ هه‌ستا له‌ خه‌و وتی: سوێند به‌خوا ئه‌م خه‌وه‌ ڕاسته‌، ئه‌بوبه‌کری کوڕی ئه‌بو قوحافه‌ی بینی و باسی ئه‌وه‌ی بۆ کرد، ئه‌بو به‌کریش وتی: خێری تێدا بووه‌ ئه‌وه‌ پێغه‌مبه‌ری خوایه ﷺ ده‌ی شوێنی بکه‌وه‌ چونکه‌ ئه‌گه‌ر شوێنی بکه‌ویت له‌گه‌ڵیدا ئه‌چیته‌ ناو ئیسلام ئیسلامیش ڕێ نادات بچیته‌ ناو دۆزه‌خ ئه‌کاتێکدا باوکت که‌وتۆته‌ ناو دۆزه‌خه‌وه‌، ئه‌ویش گه‌شت به‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌و کاته‌دا پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌ ئه‌جیاد بوو وتی:ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ئه‌ی موحه‌ممه‌د بانگه‌واز بۆچی ده‌که‌یت؟ پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رموی: (أدعوك الى الله وحده لاشريك له وأن محمداً عبده و رسوله وتخلع ما أنت عليه من عبادة حجر لا يسمع ولايبصر ولا ينفع ولا يدري من عبده ممن لا يعبده) واته: بانگت ده‌کەم بۆ لای خوای تاك و ته‌نهای بێ هاوەڵ و ئه‌وه‌ی موحه‌ممه‌د پێغه‌مبه‌ر و به‌نده‌یه‌تی واز له‌ په‌رستنی ئه‌و بتانه‌ بهێنیت و که‌له‌ به‌رد دروستکراون و نابیستن و نابینن و سودیان نیه‌و نازانن کێ ده‌یان په‌رستێت و کێ نایان په‌رستێت و خالید وتی: شایه‌دی ده‌دەم هیچ خوایه‌ك نیه‌ جگه‌ له‌

(الله)، تۆش پێغەمبەری خوایت، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بە موسوڵمان بوونی دڵخۆش بوو، خالید دوور کەوتبوویەوە باوکی بە موسوڵمان بوونی زانی بوو، بۆیە ناردی بە شوێنیدا و هێنایان، بەو پەڕی تووندی و هەڕەشەوە دواندی و بە داردەستێك لەدەستی بوو لێیدا و شکاندیەوە بە سەریدا، وتی سوێند بەخوا نانت لێ دەگرمەوە، خالید وتی ئەگەر لێم دەگریتەوە خوا هێندە ڕۆژیم دەداتێ پێی بژیم، چوو بۆلای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەویش ڕێزی لێگرت و پێکەوە بوون[٣٢٨].

موعجیزەی (٢٢٥) لەخەوەکەیدا بینی کە ڕووناکیەك لە کەعبەوە دەرکەوت تا شاخی یەسریبی ڕوناك کرد:

ڕەویانی و ئیبن عەساکیر لە عەمری کوڕی موڕەی جوهەنیەوە خوا لێی ڕازی بێ هێناویانە دەڵێت: لەسەردەمی نەزانیدا بە کۆمەڵێکی هۆزەکەمەوە هاتین بۆ حەج و لەخەومدا بینیم لە مەککە بووم کە ڕووناکیەکی درەوشاوە لە کەعبەوە دەرکەوت تا شاخی یەسریبی بۆ ڕۆشن کردمەوە لە ڕوناکیەکەوە گوێم لە دەنگێك بوو دەیوت: ستەمکاران لەناوچوون و ڕووناکی دەرکەوت و کۆتایی پێغەمبەران نێردرا، پاشان ڕووناکیەکی تری دایەوە سەیری کۆشکەکانی حیرەو سپیایی مەدائینم کرد، لە ڕووناکیەکەوە گوێم لە دەنگێك بوو دەیوت: ئیسلام سەرکەوت و بتەکان شکان و پەیوەندی خزمایەتی گەیەنرا، منیش لە ترسا بێدار بوومەوە و پێم وتن: سوێند بەخوا لەم شوێنەی قوڕەیشدا ڕووداوێك دەبیستن، وتم کە چ خەوێکم بینیوە کە گەیشتینەوە ولاتی خۆمان هەواڵ هات کەسێك بەناوی نەحمەدەوە نێردراوە، منیش چووم تا

---

[٣٢٨] لە (البدایة النهایة ج٢ ص٣٢٢ داواهاتووە)

گه‌یشتمه لای وتم چ خه‌ونێکم بینیوه؟ ئه‌ویش فه‌رموی: ئه‌ی عه‌مری کوڕی موڕه، من پێغه‌مبه‌ری نێردراوم بۆ هه‌موو به‌نده‌کان و بانگیان ده‌که‌م بۆ ئیسلام (وامرهم بحقن الدماء وصلة الارحام، وعبادة الله وحده، ورفض الاصنام، وبحج البيت وصيام شهر رمضان – شهر من اثنى عشر شهرا فمن اجاب فله الجنة ومن عصى فله نار، فامن يا عمرو، يؤمنك الله من هول جهنم) واته: فه‌رمانیان پێده‌که‌م تا خوێن نه‌ڕێژن و په‌یوه‌ندی خزمایه‌تی بگه‌یه‌نن و خوای ته‌نها بپه‌رستن و به‌رپه‌رچی بته‌کان بده‌نه‌وه حه‌ج بکه‌ن و ڕۆژووی مانگی ڕه‌مه‌زان بگرن مانگێك له‌ناو دوازده مانگدا، هه‌ر که‌س بێت به‌دەم نه‌مه‌وه به‌هه‌شتی بۆ ده‌بێت، هه‌ر که‌سێکیش سه‌ر که‌ش بێت دۆزه‌خی بۆ هه‌یه، ئه‌ی عه‌مر ده‌ی بڕوا بهێنه خوا ده‌تپارێزێت له گوڕوتینی دۆزه‌خ، منیش شایه‌تمانم هێناو وتم: باوەڕم هێنا به‌هه‌رچی حه‌ڵاڵ و حه‌رامێك که ده‌ڵێیت، پاشان چه‌ند دێره شعرێکم له‌سه‌ر وت،

كاتێك بيستم هاتووه، بتێكمان هه‌بوو كه باوكم خزمه‌تكارى بوو، منيش هه‌ستام و شكاندم، پاشان گه‌یشتم به پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ودەموت:

شهدت بان الله حق واننى	الالهة الاحجار اول تارك
وشمرت عن ساق الازارمهاجرا	اجوب اليك الوعث بعد الدكادك
لاصبح خير الناس نفسا و والد	رسول مليك الناس فوق الحبائك

پێغه‌مبه‌ریش ﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی: (مرحبا يا عمر) وتم: به دایك و باوكمه‌وه به قوربانت بم بمنێره بۆ لای هۆزه‌كه‌م به‌ڵكو خوای گه‌وره به‌هۆی منه‌وه منه‌تباریان بكات ومك چۆن تۆ منه‌ت بارت كردم، ئه‌ویش ناردمی و فه‌رمووی: (عليك بالرفق والقول السديد و لاتكن فظاو ولا متكبرا ولا حسودا) واته: نه‌رمونیان به‌و قسه‌ی دروست بكه‌و ڕەق و تون و خۆ به‌زلزان و حه‌سوود مه‌به منیش چوومه‌وه لای هۆزه‌كه‌م وتم: به‌نی ڕەفاعه به‌ڵكو ئه‌ی كۆمه‌ڵی جوهه‌ینه

من نێردراوی پێغەمبەری خوام بانگتان دەکەم بۆ ئیسلام و فەرمانتان پێدەکەم تا خوێن نەڕێژن و پەیوەندی خزمایەتیتان هەبێت و خوای تاك و تەنها بپەرستن و بت نەپەرستن و حەج بکەن و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرن کامتان ڕازی بوو بەهەشتی بۆ دەبێت، کامیشتان یاخی بوو دۆزەخ بەشیەتی، ئەی کۆمەڵی جوهەینە خوای گەورە بە چاکترینی ئەوانەی لەون و ئەوەی لای عەرەبی تر خۆشەویست بوو لەسەردەمی نەفامیتاندا لای ئێوە ناشیرنی کردووە، چونکە ئەوان دوو دوو خوشکیان پێکەوە دەهێناو لە مانگی حەرامدا شەڕیان دەکرد و کەسێك لەدوای باوکی ژنەکەی باوکی دەهێنایەوە، دەی ومن بەدەم ئەم پێغەمبەروە کە لەبەنی لوئەی کوڕی غالبدا نێردراوە، بەوە سەر بەرز و بەڕێزی دونیاو دواڕۆژ دەبن، هەر کامێکیان دەهات بۆلام دەیوەت: ئەی عەمری کوڕی موڕە خوای گەورە ژیانی والێکردوویت فەرمانمان پێدەکەیت تا واز لە خواوەندەکانمان بهێنین و لە ئاینی باب و باپیرانمان واز بهێنین بۆ ئەوەی ئەو قوڕەیشیەی ناو تۆهامە بانگەشەی بۆدەکات؟ ئەوە هیچ خۆشەویستێو ڕێزداریکی تێدانییە، پاشان پیسێکیان ئەم شعرەی وت:

ان ابن مرة اتى مقالة ... ليست بمقالة من يريد صلاحا

اني الاحسيب قول فعاله ... يوما وان طال الزمان ذباحا

ليسفه الاشياخ ممن قد مضى ... من رام ذالك لاصاب فلاحا

عەمریش وتی: خوا ژیانی درۆزنمان تاڵ بکات و زمانی لەگۆ بخات و سەری سپی بکات، سوێند بەخوا نەمرد و کوێر بوو عەقڵی لەدەستدا و نان خواردنی نەبوو، عەمری کوڕی ئەسلەمیش لەلایان چوو تا هاتنە خزمەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و ئەویش سەلامی لێ کردن و بەخێرهاتنی کردن و نامەیەکی بۆ نووسین بەم جۆرە:

بسم الله الرحمن الرحيم :

(هذا كتاب من الله العزيز على لسانه رسوله بحق صادق وكتاب ناطق مع عمرو بن مرة لجهينة بن زيد، ان لكم بطون الارض و سهولها وتراع الادوية وظهورها على ان ترعو انياتها وتشربو ماء ها على ان تؤدوا الخمس وفي الغنيمة والصريمة شاتان اذا اجتمعا فان خرفتنا فشاة شاة ليس على اهل المثيرة صدقة ولا على الواردة ليقه، والله شهيد على ما بيننا ومن حضر من المسلمين)[٢٢٩] واتە: ئەمە نامەیەکی خوای بەدەسەڵاتە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی بە هەقێکی ڕاست و کتێبێکی دەربڕ کە بە عەمری کوڕی موڕرەی بۆ زیدی کوڕی جوهەینە، ئاوو دەشت و دەرو دۆڵ و سەری زەویتان بۆهەیە تا درەخت و گیای سەرپشتی بکەن و ئاوی بخۆنەوە بەرامبەر بەوەی پێنج یەك بدەن و پێنج نوێژەکە بکەن و لە دەستکەوتی صەریعیشدا دوو بەرخ ئەگەر کۆبوونەوە، ئەگەر جیا بوونەوە یەك یەك لە سەر خەڵکی، خواش شاهێدە لەسەر ئەوەی لە نێوان ئێمەو ئامادەبوانی موسوڵمانانداا هەیە

موعجیزەی (٢٢٦) ئەم ووشانە لە تێر و تەواویدا گەیشتونەتە بەرزترین پلە:

موسلیم و بە یەهقی لە ئیبن عەببباسەوە خوایان لێ ڕازی بێ هێناویانە دەڵێت: زەماد پیاوێکی ئەزدی شەنوونە بوو هات بۆ مەککە گوێی لە هەندێ گەمژەی خەڵکی مەککە بوو دەیانوت: موحەممەد شێتە ئەویش وتی: ئەو پیاوە لەکوێ یە؟ بەڵکو خوا لەسەر دەستی من شیفای بدات، دەڵێ چووم بۆلای موحەممەد وتم من نوشتە دەکەم بۆ چاك بونەوەی شێتی،

---

[٢٢٩] لە کنز العمال ج٧ س٦٤ داهاتووە. هەروەها ئەبو نەعیم بە دوور و درێژی هێناویەتی لە بدایە والنهایە ج٢ س٣٥١ دا هاتووە و تەبەرانی بە دوور و درێژی هێناویەتی لە الجمع ج٨ س٢٤٤ دا هاتووە.

خوای گه‌وره‌ کێی بوێت له‌سه‌ر ده‌ستی من شیفای ده‌دات، ده‌ی وه‌ره‌ موحه‌ممه‌د فه‌رموی: (ان الحمد الله نحمده ونستعينه، من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، اشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له) واته‌: سوپاسی خوا ده‌که‌ین و پشتی پێ ده‌به‌ستین، هه‌ر که‌س خوا ڕێنوێنی بکات گومڕایی بۆ نییه، هه‌ر که‌سیش گومڕا بێت ڕێنوێنی بۆ نی یه، شایه‌تی ده‌ده‌م هیچ په‌رستراوێك نییه، جگه‌ له‌خوای تاك و ته‌نهای بێهاوه‌ڵ، سێ جار ئه‌وه‌ی فه‌رموو، ئه‌ویش وتی: به‌خوا گوێم له‌ قسه‌ی فاڵچی و جادوگه‌ر و شاعیران بوو، به‌ڵام شتی وام نه‌بیستووه‌، ده‌ستت بێنه‌ با به‌یعه‌تی موسوڵمان بوونت پێبده‌م، پێغه‌مبه‌ریش فه‌رمووی: به‌یعه‌تی هۆزه‌که‌شتم پێبده‌ بانگیان بکه‌یت بۆ ئیسلام ئه‌ویش به‌یعه‌تی پێدا، دوایی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ سوپایه‌کی نارد دایان به‌ پاڵ هۆزی زه‌ماددا، به‌ڕپرسی سوپاکه‌ به‌ سریه‌که‌ی وت: هیچتان له‌و هۆزه‌ بردووه‌ یه‌کێکیان وتی: من پاککه‌ره‌وه‌یه‌ك (مه‌سینه‌) یه‌کم لێبردن ئه‌ویش وتی: بیگێڕه‌وه‌ بۆیان چونکه‌ ئه‌وانه‌ که‌سانی زه‌مادن، له‌ گێڕانه‌وه‌یه‌کی تردا، زه‌ماد پێی وت: قسه‌کانت دووباره‌ بکه‌ره‌وه‌ بۆم، چونکه‌ گه‌یشتونه‌ته‌ نێوه‌ندی ده‌ریا واته‌: له‌و په‌ڕی به‌هێزیدان[٣٣٠].

هه‌روه‌ها نه‌سائی و به‌غه‌وی و موسه‌ددیش له‌ موسنه‌ده‌که‌یدا و ئیبن حه‌جه‌ر له‌ الاصابه‌ ج٢ ص٢١٠ دا هێناویانه‌، ئه‌بو نه‌عیمیش له‌ دلائل النبوه‌ ص٧٧ له‌ ڕێگه‌ی واقدیه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت: موحه‌ممه‌دی کوڕی سوله‌ت له‌ باوکیه‌وه‌ له‌ عه‌بدوڵڕه‌حمانی عه‌دویه‌وه‌ بۆی گێڕامه‌وه‌ وتی: چوم بۆ مه‌ککه‌ تا عه‌مره‌ بکه‌م، له‌کۆڕێکدا دانیشتم ئه‌بو جه‌هل و عوتبه‌ی کوڕی ڕه‌بیعه‌و ئومه‌ییه‌ی کوڕی خه‌له‌فی تێدا بوون، ئه‌بو جه‌هل وتی: ئه‌م پیاوه‌ مه‌به‌ستی پێغه‌مبه‌ره‌ ﴿ﷺ﴾ نێوانی تێکداوین و به‌ سوك سه‌یری هیواکانمان ده‌کات، ئومه‌ییه‌ وتی:

---

(٣٣٠) له‌ البداية والنهاية ج٣ ص٣٦ دا واهاتووه‌.

بێگومان شێته، زەماد وتی: منیش ئەم قسەیەم لای خۆم لێکدایەوە و وتم: من کەسێکم تۆشبوانی شێتی چاك دەکەمەوە لە کۆڕەکە هەستام چوم بەدوای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بەڵام ئەم ڕۆژە نەمبینی، بەیانی هات و چوم بۆلای دەبینم لە پشت مەقامەوە نوێژ دەکات، منیش دانیشتم تا لێبوویەوە، پاشان لای دانیشتم و وتم: کوڕی عەبدولمتەللیب ئەویش ڕوی تێکردم و فەرموی: چیت دەوێ؟ وتم من چارەسەری تۆشبوانی شێتی دەکەم، ئەگەر حەزدەکەی چارەسەرت دەکەم، شتەکەت لەسەر سەخت نەبێت، من چارەسەری کەسی وام کردووە کە لەتۆ زیاتر تۆش بووە و چارەسەری وەرگرتووە، من گوێم لە هۆزەکەت بوو چەند خەسڵەتێکی خراپی تۆیان دەوت کە ڕێزت تێك داون و ئەوەی لەوان مردووە بە گومڕای دەزانی و گاڵتە بە پەرستراوەکانیان دەکەیت، تەنها کەسێك ئەمە دەکات کە جۆرە شێتییەك لێی دابێت، پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾ فەرمووی:

(ان الحمد الله نحمدوه و نستعينه،من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له، اشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له) زەماد دەڵێت: قسەیەکم بیست هیچ کات شتی وام لەوە جوانتر نەبیستبوو، داوام کرد دووبارەی بکاتەوە بۆم، ئەویش دووبارەی کردەوە، وتم: بانگەواز بۆچی دەکەیت؟ فەرمووی: (الى ان تؤمن بالله وحده لا شريك له تخلع الأوثان من رقبيتك وتشهد اني رسول الله) واتە: بۆ بڕواهێنانت بە خوای تاکی بێهاوتا و لابردنی پەرستشی بتەکان لە سەر گەردنت و شایەتی بدەی من پێغەمبەری خوام، وتم: ئەگەر ئەمە بکەم چیم بۆ دەبێت؟ فەرمووی: (لك الجنه) واتە: بەهەشتت بۆ دەبێت منیش وتم: شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نی یە جگە لەخوا و پەرستشی بتەکان لەسەر گەردنم ناهێڵم نکۆڵیان لێدەکەم و شایەتی دەدەم تۆ بەندەو پێغەمبەری خوایت، ئینجا لەگەڵ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هەستام چەند سورەتێکی قورئان فێر بووم، پاشان گەڕامەوە ناو هۆزەکەم، عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولڕەحمانی عەدەوی دەڵێت پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ملی کوڕی ئەبو تالیبی

به سریه‌یه‌کەوه نارد و له شوێنێك ٢٠ وشتریان گرت و به‌رێیان خستن، عه‌لی کوڕی ئه‌بو تالیب بیستی ئه‌وانه له هۆزی زەمادن بۆیه وتی: بیان گێڕنه‌وه بۆیان، ئه‌وانیش ٢٠ وشترەکه‌یان بۆ گێڕانه‌وه.

موعجیزه‌ی (٢٢٧) له‌تکردنی سنگی پیرۆزی پێغه‌مبه‌ر ﷺ:

ڕۆژێکیان موحه‌ممه‌د ﷺ و برا شیریه‌که‌ی که ئه‌ته‌مه‌نی چوار ساڵی دا بوون، له پشتی ماڵه‌کانه‌وه به‌لای مه‌ڕەوه بوون، ئه‌ناکاو براکه‌ی ڕای کردەوه بۆماڵه‌وه هاواری کرد: دوو پیاو که جل و به‌رگی سپیان له‌به‌ردا بوو هاتن برا قوڕەیشیه‌که‌میان گرد و پاڵیان خست و سکیان دڕی حه‌لیمه‌ش له‌گه‌ڵ میردەکه‌ی به پەله به‌ره‌و لای پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ ئه‌ڕۆن ئه‌بینن وا هه‌ستاوەته‌وه سه‌ر پێ و ڕەنگیشی هه‌ڵبزکاوه حه‌لیمه‌و میردەکه‌ی ئه‌ی گرن و ماچی ئه‌که‌ن و حاریث لێ ی ده‌پرسێ: ڕۆڵه گیان چیت به‌سه‌ر هاتووه؟ فه‌رموی: (جاء ني رجلان عليها ثياب بيض، فاضجعاني، وشقا بطني، ثم استخرجا منه شيئا لاأدري ماهو؟فطرحاه ثم رداه كماكان) واته: فه‌رمووی: دوو پیاوی جل و به‌رگ سپی هاتن و پاڵیان خستم و سکیان دڕیم پاشان شتێکیان تیا دەرهێنا که نازانم چی بوو، فڕێیان داو، پاشان وەکو خۆیان لێکردەوه ئیتر دەیهێننەوه ماڵەوه، حاریث له‌م ڕووداوه تێناگات و ترسی لێده‌نیشێ که موحه‌ممه‌د توشی شتێکی خراپ هاتبێ، بۆیه داوا له حه‌لیمه دەکات که هەتا زووه و مه‌ترسییه‌کی لێوەدەر نه‌که‌وتووه بییه‌نه‌وه بۆلای که‌س و کاری و با له‌جیاتی چاکەو پیاوەتی به‌خێو کردنی خه‌جاڵەت نه‌بن کوڕه به‌ناچاری هه‌ڵدەگرن و ئه‌ییه‌نه‌وه مه‌ککه لای دایکی که دایکی ئه‌مه دەبینێ سه‌ری سوڕ دەمێنێ بۆیه پرسیار دەکات: ئه‌ی دایه‌نی دڵسۆز چۆن هێناوته‌وه له‌کاتێکدا که تۆ زۆر له‌سه‌ر ئه‌وه سور بویت له‌لات بمێنێته‌وه؟ حه‌لیمه وەڵامی ئه‌داته‌وه

له‌خوا به‌زیاد بێ کورەکەم گەورە بووە و ئەوەی لەسەر شانم بووە جێبەجێم کردووە خوانەخواستە دەترسام شتێکی لێڕوبدات، بۆیە منیش بەو شێوەیەی کە تۆ پێت خۆش بێت هێناومەتەوە بۆت، خاتو ئامینە بڕوای بە قسەکانی حەلیمە نەکرد، بۆیە وتی ئەمە کاری تۆنییە ڕاستیەکەیم پێبڵێ وازی نەهێنا تا حەلیمە ڕاستی باسەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە ئەویش وتی ترسایت شەیتان دەستی لێ بوەشێنێ؟ وتی بەڵێ،دەڵێ وتی نەبەخوا، شەیتان دەستی بەسەردا نابوا و ئەم کورەشم پایەدار دەبێت، هەوڵت بۆ بگێڕمەوە؟ حەلیمە دەڵێ بەڵێ، کاتێ کە سکم پێوەی پڕ بوو چاوم لێبوو نورێکم لێوەدەر چوو کە کۆشکەکانی بوصرای لە وڵاتی شام ڕوناککردنەوە بۆم، پاشانیش بەخوا نەمدیوە هیچ سکێك ئەوەندە سوك و ئاسان بێت، کاتێکیش کە لەدایك بوو کەوتە سەر زەوی هەردووە دەستی لە سەر زەوی داناو سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە گوێی مەدەرێ وازی لێ بێنەبەم شێوەیە دایکی دڵی حەلیمەی دایەوە و بەوپەڕی ڕێز و ئیحتیرامەوە خوا حافیزی لێکرد و ڕەوانەی وڵاتی خۆیانی کردەوە، کۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواش ﴿ﷺ﴾ پێی دەڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا هەوڵی خۆتمان بۆ باس بکە فەرموی: بەڵێ (أنا دعوة أبي إبراهيم، وبشرى أخي عيسى، ورأيت أمي حين حملت بي أنه خرج منها نور أضاءت لها قصور الشام، واسترضعت في بني سعد بن بكر، فبينا أنامع أخ لي خلف بيوتنا نرعى بهما لنا إذا اتاني رجلان عليهما ثياب بيض بطست من ذهب مملوءة ثلجا، ثم أخذاني فشقا بطني، واستخرجا قلبي فشقاه، فاستخرجا منه علقة سوداء فطرحاها، ثم غسلا قلبي وبطني بذالك الثلج حتى أنقياة، ثم قال أحدهما لصاحبه: زنه بعشرة من أمته، فوزنني بهم، فوزنتهم، ثم قال: زنه بمائة من امته فوزنني بهم، فوزنتهم، ثم قال: زنه بألف من أمته، فوزنني بهم، فوزنتهم ثن قال: دعه عنك، فوالله لو وزنته بأمته لوزنها)[٣٣١].

---

[٣٣١] سيرة ابن هاشم ١٦٦/١ قال ابن كثير: وهذا إسناد جيد قوي.

واته: فه‌رمووی: به‌ڵێ من ئه‌نجامی نزاو پاڕانه‌وه‌ی ئیبراهیمی باوکه گه‌ورمم و مژده‌که‌ی عیسای برامم و کاتێکیش که‌له‌سکی دایکما بووم، دایکم نورێکی وه‌های بینی که لێوه‌ی دمرچوو کۆشکه‌کانی شامی ڕووناك کردموه له‌ناو نه‌وه‌ی سه‌عدی کوڕی بیکریش دا شیرم پێ دراوه کاتێك له‌گه‌ڵ برایه‌کم دا له پشتی ماڵه‌کانمانه‌وه خه‌ریکی مه‌ڕ له‌وه‌ڕاندن بووین دوو پیاوی جل و به‌رگ سپی(که جبریل و میکائیلن) هاتن و ته‌شتێکی له ئالتون دروستکراویان پێ بوو که پڕ له‌به‌فر بوو منیان گرت و سکیان له‌ت کردم و دڵیان دمرهێنام و له‌تیان کرد و نه‌ڵقه‌یه‌کی ڕەشیان تیایا دمرهێناو فڕێیان دا پاشان دڵ و سکمیان به‌و به‌فره وه‌ها شۆردن هه‌تا پاك پاکیان کردنه‌وه و پاشان یه‌کێکیان به هاوڕێکه‌ی وت: (به دمکه‌سی ئوممه‌ته‌که‌ی دا کێشانه‌ی بکه، نه‌ویش کێشانه‌ی کردم و من له‌هه‌موویان قورس تر بووم پاشان وتی: به سه‌د که‌سی ئوممه‌ته‌که‌یدا کێشانه‌ی بکه کێشانه‌ی کردم من له هه‌موویان قورستر بووم پاشان وتی به هه‌زار که‌سی ئوممه‌ته‌که‌یدا کێشانه‌ی بکه نه‌ویش کێشانه‌ی کردم من له هه‌موویان قورستربووم ، پاشان وتی به‌هه‌موو ئوممه‌ته‌که‌یدا کێشانه‌ی بکه ئه‌م له‌هه‌موویان قورستر دمبێت.

وه‌هه‌روه‌ها له صه‌حیحی موسلیمیشدا هاتووه:

(عن أنس بن مالك: أن رسول ﷺ أتاه جبريل عليه سلام وهو يلعب مع الغلمان فأخذه فصرعه فشق عن قبله فاسخرج القلب، واستخرج منه علقة سوداء، فقال: هذا حظ الشيطان، ثم غسله في طست من ذهب بماء زمزم، ثم لأمة، ثم أعاده في مكانه، وجاء الغلمان يسعون إلى أمه يعني ظئره فقالوا أن محمدا قد قتل، فاستقبلوه وهو منتقع اللون قال أنس: وقد كنت أرى أثر ذلك المخيط في صدره)[٢٣٢].

---

[٢٣٢] (صحيح مسلم بشرح النووي: ٢/٢١٦).

دەگێڕێتەوە کە جبریل سەلامی لێ بێ دێتە لای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کە لەگەڵ منداڵان دا یاری دەکرد، گرتی و دای بەزەویدا و سنگی لەت کرد و دڵی دەرهێنا و ولەتی کرد و نەڵقەیەکی ڕەشی لەناویا دەرهێناو فەرموی: ئەمە بەشی شەیتانە، پاشان لە تەشتێکی زێڕیندا بە ئاوی زەمزەم شۆردی، پاشان لکاندیەوە خستیەوە شوێنی خۆی و منداڵانیش بە پەلە خۆیان گەیاندە لای حەلیمەو وتیان: موحەمەدیان کوشت کە چوون بە پیریەوە دەبینن وا بەرەنگ هەڵبزرکاوی هاتەوە ئەنەس دەڵێ: شوێنی ئەو دورینەومیەم لەسەر سنگی بەدی دەکرد بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەو پێغەمبەرە پایە بەرزە ﴿ﷺ﴾.

موعجیزەی (٢٢٨) مۆری پێغەمبەرایەتی لەسەر شانی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەبوو:

چەندین ڕیوایەت دەربارەی ئەوە هاتووە کە پارچە گۆشتێکی بەرزەوە بووو بەموو داپۆشراو لەسەر شانی چەپی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ هەبووە بەوێنەی هێلکەی پۆر یان کۆتر وەك لە صەحیحی بوخاری و مسلیمدا هاتووە ، ئەمەش بە مۆری پێغەمبەرایەتی ناسراوە، جا ڕیوایەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەم مۆرە لە کتێبە پێشوەکان دا بە یەکێك لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی لە قەڵەم دراوە وەك لە چیرۆکی بوحەیرای ڕاهیب داهاتووە ، ئەوە بوو بە هەر حاڵ هەوڵی دا تا چاوی بە مۆرەکەی سەر شانی کەوتو کە لەلای یەقین بوو خۆیەتی ئەبو تالیبی مامەی تێگەیاند ئەوەی ڕاستی بێ ئەم مۆرە دوای لە دایك بونی لەسەرشانی پەیدابووەو ڕاست تریش دوای لەت کردنی سنگی هەردوو پێشەوا ،ئیمامی بوخاری وموسلیم بەسەندی خۆیان لە سائیبی کوڕیەزیدەوە لە صەحیحەکەیاندا ڕیوایەتیان کردووە کە ووتویەتی : پووڕم بردمی بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾

ووتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەم خوشکەزایەم نازاری هەیە ، ئەوەیش دەستی موبارەکی هێنا بەسەرم داو دووعای فەرموبەرەکەتی بۆ کردم پاشان دەست نوێژی گرتوو لە ئاوی دەست نوێژەکەیم خواردەوەو لە پشتیەوە وەستام و لە نیوان هەردوو شانی دا سەیری مۆری پێغەمبەرایەتیم کرد وەک هێلکەی پۆڕ وەها بوو [٣٣٤] ئیمامی موسلیمیش بەسەندی خۆی لە جابیری کوڕی سەمورەوە ریوایەتی کردووە کە وتویەتی :لەسەر پشتی پێغەمبەری خوا ﷺ مۆرێکم بینی کەوەک هێلکەیەی کۆتر وەهابوو [٣٣٥]

موعجیزەی (٢٢٩)مانگایەک شایەتی بۆ ڕاستگۆیی پێغەمبەر ﷺ دەدات:

پێشەوا ئەحمەدلە موجاهیدەوە هێناویەتی دەڵێت بە تەمەنێک کەسەردەمی نەفامی دیبوو لە غەزای (رۆدس) دا قسەی بۆ کردم ، ئاوی ئێبن عیسا بوو ، وتی من مانگایەکی مالەوەمان دەلەومڕاند کە لە ئاو سکیەوە دەنگیکم بیست دەیوت (یا آل ذریح) ووشەیەکی ڕەوانبێژانە کەسێکی ئامۆژگاری کار دەڵێ هیچ پەرستراوێک نیە جگە لە خوا ، دەڵێت :چووینە مەککە سەیرمانکرد پێغەمبەری خوا ﷺ لەمەککە بانگەواز دەکات [٣٣٦]

بەڕاستی ئەوە موعجیزەیەکی ئەوندە گەورە یە کەوەک ڕۆژی ڕووناک پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﷺ دەسەلێنێت و دڵنیایی وئاسودەیی تەواو دەبەخشێ بە دڵ و دەروون هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە ﷺ .

---

[٣٣٤] صحیح البخاری کتاب المناقب ـ باب ختم النبوة

[٣٣٥] صحیح مسلم کتاب الفضائل ـ باب صفة خاتم النبوة

[٣٣٦] هەیثەمی لە ج٨ ص ٢٤٣ دەڵێت کە سەکانی سەنەدەکە جێ متمانە ن

موعجیزه‌ی (٢٣٠) هه‌رکه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ گۆچانه‌که‌ی دا له‌ووشتره‌که نه‌وه‌نده خێرابوو پێش ووشتره‌کانی تر ده‌که‌وت :

جابیری کوڕی عه‌بدوڵا – خوایان لێ ڕازی بێت – ووتی : له غه‌زایه‌کدا له خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ردابووم ، ووشتره‌که‌م له ژێر ماوه ستاو له سوپاکه به‌جێ مام ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌دوای سوپاکه‌وه بوو ، ته‌شریفی هات وبه‌من گه‌یشت فه‌رمووی جابیر عه‌رزم کرد : به‌ڵێ فه‌رمووی : نه‌وه چیته وا جێماوی؟ وتم : ووشتره‌که‌م په‌کی که‌وتووه و وه‌ستاوه له‌به‌ر نه‌وه به جێماوم ، جا پێغه‌مبه‌ر ﷺ له ولاخه‌که‌ی دابه‌زی و به گۆچانه‌که‌ی خۆی چه‌ند گۆچانێکی دا له ووشتره‌که‌ی من ،نه‌و جا فه‌رمووی: سوار به منیش سواربوومه‌وه سه‌رنجم دا ووشتره‌که خێرابوو، ناچاربووم که جله‌وی بگرمه‌وه نه‌وه‌کو پێش ووشتره‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بکه‌وێ ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی : نه‌ی‌جابیر ژنت هێنا ؟ ووتم : به‌ڵێ، فه‌رمووی: چیت هێناوه کچ یان بێوه‌ژن ؟ جابیر ده‌ڵێ : وتم بێوه‌ژنێکم هێناوه فه‌رمووی : نه‌ی بۆ چی کچێکت نه‌هێنا پێکه‌وه یاری ودەست بازی بکه‌ن ؟ وتم : نه‌ی پێغه‌مه‌ری خوا خۆت دەزانی که عه‌بدوڵلای باوکم له غه‌زای نوحود دا شه‌هید بوو باوکم که‌مرد حه‌وت خوشك و یا هه‌شت منداڵکاری به‌سه‌ردا به جێ هێشتم له‌به‌ر نه‌وه بێوه ژنێکم هێنا که کارامه‌بێ ، ماڵ و مێردی بینیبێ هه‌تا سه‌رپه‌رشتیان بکاو نه‌هێڵێ سه‌ریان لێ بشێوێ و سه‌ریان شانه بکاو سه‌روکاریان بکا جا پێغه‌مبه‌ر ﷺ نزای باشی بۆکردم و فه‌رمووی : نه‌وا دەڕۆیته‌وه که چوویته‌وه هۆشیار به نه‌که‌ی به‌هۆی دووریه‌وه بۆسه‌رجێیی جله‌وی هۆش له دەست بده‌ی نه‌و جار پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی : نایه ووشتره‌که‌ت دەفرۆشیت ؟ وتم :

به‌ڵێ جا به نۆقیه‌ك كه دەكاته چل دەرهەمی زیوو لێی كریم نه‌نجا پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ له پێش منه‌وه گه‌یشته‌وه ماڵه‌وه ، منیش بۆ به‌یانی گه‌یشتمه‌وه جێ ڕۆشتم بۆ مزگه‌وت و ته‌ماشم كرد پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ له به‌ر دەرگای مزگه‌وت بو ، فه‌رمووی: نێستا گه‌یشتیته‌جێ ؟ وتم : به‌ڵێ فه‌رمووی: دەوشتره‌كه‌ت به‌رده بچۆره ناومزگه‌وت و دوورکات نوێژی سوننه‌تی گه‌ڕانه‌وه له‌سه‌فه‌ر له‌ناو مزگه‌وت دا بكه منیش چوومه ژوومه‌وه نوێژه‌كه‌م كرد، نه‌وجا پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾فه‌رمانی به بیلال كرد نۆقیه‌یی زیوی له جیاتی ووشتره‌كه‌م بۆم كێشاو وله كێشانه‌كه‌یش سڵاوی دایه‌و قورس كێشای منیش پاره‌كه‌م وەرگرت و ڕۆیشتم تا پشتم هه‌ڵكرد له‌وان به‌ره‌و ماڵ كه‌وتمه‌ڕێ ،كه‌چی گوێم لێی بوو فه‌رمووی : جابیره بۆ بانگ بكه‌ره‌وه منیش له دڵی خۆمدا وتم : نه‌ی نێستا وشتره‌كه‌م دەداته‌وه به‌سه‌ردا وه له دڵه‌وه له‌وەم پێ ناخۆش تر نه‌بوو كه وشتره‌كه‌م بداته‌وه به‌سه‌ردا كه‌چی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی:وشتره‌كه‌ت به‌ره‌وه بۆ خۆت وپاره‌كه‌یش هه‌ر بۆ خۆت [٢٣٧]

موعجیزه‌ی (٢٣١) ڕێگای بۆچۆڵ كه‌ن و وازی لێ بێنن له‌به‌رنه‌وه‌ی فه‌رمانی پێ كراوه :

له كاتی گه‌شته‌كه‌ی له‌مه‌ككه‌وه به‌ره‌و مه‌دینه پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) ڕۆژانی دووشه‌مه‌و سێ شه‌مه‌و چوارشه‌مه‌و پێنج شه‌مه له (قوباء) مایه‌وه و ڕۆژی هه‌ینی به‌ره‌و (طيبة) واته : مه‌دینه‌ی پیرۆز كه‌وته‌ڕێ و له‌ڕێگادا گه‌یشته شوێنی نیشته‌جێ بوونی نه‌وەی سالمی كوڕی عه‌وف كاتی نوێژی هه‌ینی هاته‌به‌ره‌وه و له‌ومزگه‌وته‌دا كه‌دەكه‌وێته ناو شیوه (رانوناء) موه

---

[٢٣٧] (حديث صحيح : أخرجه مسلم فى صلاة المسافرين وقصرها باب استحباب تحية المسجد رقم ٧١٥

، ئێسته‌ پێی دەوترێ مزگەوتی جومعه‌ ، نوێژی جومعه‌ی لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەجێ هێناو ئەوەش یەکەم نوێژی جومعه‌ بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئە نجامی دابێ ،لەووتاری یەکەم جومعه‌ی پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) زۆربەکاریگەری باسی ئیمان و یەقینی کردو ئامۆژگاری موسڵمانانی کرد دوای نوێژی جومعه‌ نەوەی سائی کوڕی عەمری کوڕی عەوف هاتنە خزمەتی و ، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا لەناومان دا لەناو پیاوی زۆرو چەك و هێزوپارێزگاری دا ، بمێنەرەوە دەستیان بەجلەوی وشترەکەیەوە نەگرت بەشکو لەلایەن بمێنێتەوە نەویش دەی فەرموو : (خلو سبیلها فانها مامورة) واتە : ڕێی بۆ چۆڵ کەن و وازی لێ بێنن چونکە فەرمانی پێکراوە،جلەوی وشترەکەشی شل دەکردو هەرچی بەلای مانێکی نەنصاری دا کەلەڕێگاکەی دا بوون ، تێ نە پەڕی داوایان لێ دەکرد لەلای پیاوی زۆوچەك وپارێزگاریدا بمێنێتەوەو هەمان فەرمائیشی پێ دەفەرموونەوە ، هەتا نەوە بوو گەیشتە شوێنی مزگەوتە پیرۆزەکەی و لەوێ وشترەکە چۆکی دا داو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەریەوە دانەبەزی و وشترەکە هەستایەوە و کەمێك ڕۆیشت و پێغەمبەری خواش (ﷺ) جلەوی بۆ شل کردبوو ،کەچی وشترەکە ئاوڕی بۆ دواوە دایەوەو گەڕایەوە شوێنی چۆك دا دانی یەکەم جاری و چۆکی دا دایەوە ، مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینە بنیاتنرا نەوەبوو لەو شوێنەدا بنیاتیان نا کە وشترەکە چۆکی دادا ، کەلەبنەڕەتدا باخ بوو و هەندێکی وێران بووبوو و کرابوویە قەبرستان و هەندێکیشی کرابوویە خەرمانی ووشك کردنی خورما و هی دووبرای هەتیو بوو بەناوی سەهل و سوهەیلی کوڕانی عەمر ، کە ئەسعەدی کوڕی زوراره سەرپەرشتی دەکردن ، پێغەمبەر (ﷺ) ویستی موعامەلەیان لەگەڵ دا بکات هەتا شوێنەکە بکڕێ بۆ مزگەوت کەچی دووبراکە ڕازی نەبوون بی فرۆشن و وتیان :

دەی بەخشین بە خواو پێغەمبەرەکەی ، بەڵام پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) ڕازی نەبوو و بڕیاریدا دەبێ بەکڕین بێ ئەوەبوو کڕی بە دە دینار و ئەبوبەکریش پارەکەی دا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی دا دار خورماکان ببڕن و زەوی یەکەشی تەخت بکرێ ئا بەوجۆرە مزگەوتە پیرۆزەکەی مەدینە دروست کرا لەو شوێنەدا کە وشترەکە چۆکی لێ دادا بەڕاستی ئەوەش موعجیزەیەکی گەورەیە[٢٣٨]

موعجیزەی(٢٣٢) تیژ ڕەوەبوونی ئەسپەکەی ئەوبو تەلحە:

ئیمامی بوخاری و پێشەوایانی تری فەرموودە دەگێڕنەوە کە : شەوێك دانیشتوانی مەدینە لە دەنگێك ڕاچڵەکین ،هەندێکیان ڕوومو دەنگەکە ڕۆیشتن لە ڕێگا دا گەیشتن بە پێغەمبەر(ﷺ) کەلەو سەرەوە دەهاتەوەو پێش ئەوان بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتبوو دەیفەرموو: مەترسن شتێکی ئەوتۆ نی یە مەترسی ببێت پێغەمبەر(ﷺ)بەسواری ئەسپەکەی ئەبوو تەلحە بەرەو دەنگەکە ڕۆیشتبوو ، کە ئەسپەکەش زینی لەسەر نەبوو شمشێرێکیش کرابووە ملی پاشان بە ئەبوو تەلحەی فەرمووی : (إنا وجدنا فرسك بحراً) واتە : ئەسپەکەت زۆر تیژڕەوە ، ئەم ئەسپەش زووتر لەڕۆشتندا زۆر سست بوو ، بەڵام پاش ڕۆداوی ئەم شەوە هیچ ئەسپێکی تری پێ ئەدەگیشتەوە .[٢٣٩]

---

[٢٣٨] ژیانی ئازیزمان (ﷺ) بەرگی (١) لاپەڕ ٤٧٥-٤٧٦-٤٧٧-٤٨٦ .

[٢٣٩] صحيح رواه بخاري و مسلم و أبو داود والترمذي و ابن ماجه و احمد

موعجیزه‌ی (٢٣٣) تا پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌ نوێژه‌که‌ی بووه‌وه‌ ئه‌سپه‌که‌ هیچ نه‌ندامێکی خۆی نه‌جوڵاند :

به‌ڕیوایه‌تێکی صه‌حیح چه‌سپاوه‌ که‌ : پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)له‌سه‌رفه‌رێکدا هه‌ڵسانوێژ بکات، به‌ئه‌سپه‌که‌ی خۆی فه‌رموو : خوا فه‌رو به‌رمه‌که‌تت پێ ببه‌خشێت له‌ جێی خۆت مه‌جوڵێ هه‌تا نوێژه‌که‌مان ده‌که‌ین ئه‌مه‌ی فه‌رموو :ئینجا له‌ ڕوی قیبله‌وه‌ دایانا هه‌تا پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌ نوێژ بووه‌وه‌ نه‌و ئه‌سپه‌ هیچ نه‌ندامێکی خۆی نه‌جوڵاند[٣٤٠]

به‌ڕاستی جێی سه‌رسوڕمانه‌ به‌د به‌ختانی دوور له‌ دین ئه‌م هه‌موو به‌ڵگه‌و موعجیزه‌ گه‌ورانه‌ ده‌بینن که‌چی ڕێگای ڕاست ناگرنه‌به‌ر به‌رمو هه‌ڵدێری گومڕایی و سه‌رلێشواوی هه‌ڵده‌خلیسکێن وه‌ ئیمان ناهێنن .

موعجیزه‌ی (٢٣٤) سکاڵای وشتێك له‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ردا (ﷺ)

ئه‌م ڕوداوا بریتی یه‌ له‌ به‌سه‌رهاتی نه‌وه‌ ووشتره‌ی که‌ له‌ پێنج شه‌ش ڕێگاوه‌ له‌ هاوه‌ڵه‌ به‌ناوبانگه‌کانه‌وه‌ گێڕدراوه‌ته‌وه‌ وه‌ك : نه‌وبو هوره‌یره‌، ئه‌ عله‌به‌ ی کوڕی ماليك ، جابیری کوڕی نه‌بوو نه‌وفا و چه‌ند که‌سێکی تریش له‌ هاوه‌ڵانی وه‌ك نه‌مانه‌ جا هه‌موو ئه‌م هاوه‌ڵانه‌له‌وه‌دا یه‌کده‌نگن که‌ : ووشتره‌که‌ هاته‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) و سوژده‌ی ڕێزی له‌ به‌رده‌م بردوو قسه‌ی له‌گه‌ڵ کرد هه‌ر ئه‌م هاوه‌ڵانه‌ له‌ چه‌ند ڕێگاو ڕیواته‌تێکی

---

[٣٤٠] الشفا ١ / ٣١٥ نسيم الرياض ٢ / ٩٥

تردا دەگێڕنەوە کە : ئەو ووشترە لە باخێکدا هەڵچووبوو، هەر کەسیش بڕۆیشتایەتە ناو باخەکە هەڵمەتی بۆ دەبرد ، بەڵام کە پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشتە ناو ئەو باخە ووشترەکەی بانگ کردو دەمو لمۆزی پێ نایە سەرزەوی و لەغاوی لەدەم کرد [٢٤١] لە فەرموودەیەکی تردا دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) لێی پرسین : بۆچی وا ئەو ووشترە هەڵچووە؟ لە وەڵامدا عەرزیان کرد : وێستمان سەری ببڕین [٢٤٢]

لە ڕیوایەتێکی تر دەڵێت : پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەم ووشترە سکالای ئەوەی لەلا کردم کە ئەو کاتەوە بچووک بووە تا ئێستا لە ئیشوکاری قورسدا کاریان پێ کردووەو ئێستاش وویستویانە سەری ببڕن لەوەڵامدا عەرزیان کرد : بەڵێ وایە .

موعجیزەی (٢٣٥) لە پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ووشترەکەی وازی لە خواردن و خواردنەوە هێنا و مانی گرت :

ووشترەکەی پێغەمبەر(ﷺ) کە ناوی (العضباء) بوو، لەپاش کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) هیچی نەخواردوو نەخواردەوە هەتا مرد [٢٤٣]

بەڕاستی ئەوانەموعجیزەی ئەوەندە گەورەن کە بەقەد تۆزقاڵێك گومان و دوودڵی ناهێڵن لە ناو دڵەکان داو وەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) دەسەلمێنن .

---

[٢٤١] احادیث تکلم الجمل وردت باسانید صحیحة و جیدة

[٢٤٢] صحیح رواه احمد باسناد جید واخرجه حاکم وقال صحیح الاسناد ولم یخرجاه ووافقه الذهبی

[٢٤٣] الشفا ١/ ٢١٣

موعجیزه‌ی (٢٣٦) ئاسکێك شاهێدی دەدات کە خوا تاك و تەنهایە و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە :

لە ئوم سەلەمەوە خوای لێ ڕازی بێت – دەگێڕنەوە کە دەڵێ : جارێکیان پێغەمبەر(ﷺ) لە بیابانێکدا بوو لەو کاتە دا ئاسکێك بانگی کرد : ئەی پێغەمبەری خوا دەڵێت ئاسکەکە ڕای دەکردو دەیوت {أشهد أن لاإله إلاالله وأنك رسول الله}[٢٤٤]

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە بەدبەختانی دوور لە دین ئەم هەموو بەڵگەو موعجیزە گەورانە دەبینن کە چی ڕێگای ڕاست ناگرنە بەرو بەرەو هەڵدێڕی و گومرایی و سەرلێ شێواوی و ماڵ وێرانی هەڵدەلیسکێن و ئیمان ناهێنن .

موعجیزه‌ی (٢٣٧) بزن مژەیەك شاهیدی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەدات و دێتە قسەکردن بەهۆی ئەو موعجیزەیە گەورە ناوداره هەزار کەسی دوور لە دین موسڵمان دەبن :

لە عومەری کوڕی خەتتابەوە – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناو هاوەڵانی دا بوو ئەعرابیەك لە هۆزی بەنی سولەیم کە بزن مژەیەکی پێ بوو کە ئەو کۆمەڵەی بینی وتی : ئەوە چیە ئەو خەڵکە ؟ وتیان ئەوە ئەو پیاوەیە کە دەڵێ من پێغەمبەرم کابرای ئەعرابی هات بە ناو ڕیزی خەڵکەکە داڕەت بوو دەستی کرد بە هەرەشەکردن لە پێغەمبەر(ﷺ) و زۆر بە تونڈی قسەی لەگەڵ کرد عومەری کوڕی خەتتاب - خوای لێ ڕازی بێ – ووتی : لێم گەڕێ ئەی پێغەمبەری خوا با هەستم بدەم

---

[٢٤٤] رواه الطبراني والبيهقي وصححه ابن حجر لوروده من طرائق اخر

له ملی ئه‌و ئه‌عرابیه و بی کوژم پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ که خاوه‌نی سۆزو به‌زبیه ڕێگای ئه‌دا به عومه‌ر که بی کوژێ ، ڕوی کرده ئه‌عرابیه‌که قسه‌ی خێری له‌گه‌ڵ کرد ئه‌عرابیه‌که وتی : به‌ڵات وعوزا ئیمانت پێ ناهێنم هه‌تا ئه‌و بزن مژمیه ئیمانت پێ نه‌هێنێ، بزن مژمکه هاته به‌رده‌ستی پێغه‌مبه‌ری خوا﴿ﷺ﴾ پێغه‌مبه‌ری خوا پێی فه‌رموو : ئه‌ی بزن مژمکه ، بزن مژمکه هاته قسه‌و وه‌ڵامی دایه‌وه به زمانی عه‌ره‌بی ڕوونو ڕەوان خه‌ڵکه‌که هه‌موویان گوێیان لێ بوو ووتی : به‌ڵێ : له خزمه‌تت دام پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێی ووت : کێ ده‌په‌رستی ئه‌ی بزن مژه : وتی ئه‌وه‌ی عه‌رشه‌که‌ی له ئاسمانه واته : خوای گه‌وره ، موڵك و دەسته‌ڵاتی ئه‌زه‌ویدایه ، وه‌له دەریادایه ڕێگاکه‌ی و ره‌حمه‌ت و به‌زه‌یی له به‌هه‌شتدایه وەسزاکه‌ی له ئاگردایه ، ئه‌وه جار پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی من کێم ئه‌ی بزنمژمکه : ووتی :

تۆ پێغه‌مبه‌ری په‌روه‌ردگاری جیهانیانی وه کۆتایی پێغه‌مبه‌رانی ئه‌و که‌سه به‌خته‌وەر بووەو سه‌رکه‌وتووه که‌برِوا به تۆ دێنێ به‌ڕاستت دەزانێ وەدۆڕاو مالّ وێرانه ئه‌وەی برِوابه تۆ ناکات ئه‌عرابیه‌که له پاش ئه‌وەی که ئه‌وه قسه‌کردنه‌ی بزن مژمکه‌ی به چاوی خۆی بینی و به گوێی خۆی گوێی لێ بوو ،به ته‌واوی بۆی ده‌رکه‌وت که ڕاست ده‌کات و پێغه‌مبه‌ری خوایه وتی : سوێند به خوا که هاتم بۆلات له‌سه‌ر پشتی زەویدا ڕقم له هیچ که‌سێك نه‌بوو ئه‌وه‌ندی ڕقم له تۆ بوو ، به‌ڵام ئه‌مڕۆ ئێستا تۆ ئه‌ونه‌ده له‌لام خۆشه‌ویستی هه‌تا خۆشترم ده‌وێی له دایك وباوکم وه‌له چاوەکانم جا ئه‌و جار شایه‌تمانی هیناو موسڵمان بوو وتی (أشهد أن لاإله إلاالله وأنك رسول الله) پێغه‌مبه‌ری خوا﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی: سوپاس بۆ ئه‌و خوایه‌ی که هیدایه‌تی دایت به هۆی منه‌وه، ئه‌وئایه‌نه ئایینێکی زۆر به‌رزه هیچ شتێك له‌و به‌رزتر نیه وه ئه‌وەش وەرناگیرێ به نوێژ نه‌نجام دان نه‌بێ وەنوێژیش وەرناگیرێ ئه‌گه‌ر قورئانی تیادا نه‌خوێندرێ وتی : فێرم که ئه‌ویش فێری کرد سوره‌تی { قل هوالله أحد } وتی : زیاترم فێر

که پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی : ئەی ئەعرابی ئەوە کەلامی خوایە ئەگەر تۆ {قل هوالله أحد} بخوێنی جارێك پاداشتەکەی وەك ئەوەوایە کە سێ یەکی قورئانت خوێندبێ ، وەئەگەر سێ جار بیخوێنی وەك ئەوەوایە هەموو قورئانت خوێندبێ ئەعرابییەکە وتی : بەڵێ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : ئایە مااڵو دارایت هەیە ؟ ووتی : لە ناو بەنی سولەیم دا هیچ کەسێکی تێدا نیە لەمن فەقیرتر بێ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : بە هاوەاڵکانی ببەخشن پێ و کۆمەکی بکەن ، ئەوانیش وەاڵمی بانگەوازکەی پێغەمبەریان ﴿ﷺ﴾ دایەوەو پێیان بە خشی مااڵ و دارایی و کۆمەکیان کرد ، کە ئەعرابییەکە گەرایەوە بۆ شوێنی خۆی تووشی هەزار ئەعرابی هۆزی بەنی سولەیم بوو، لەسەر هەزار ووڵاخ سوار بووبوون، وەپێیان بوو هەزار شمشێرو هەزار ڕم پێی ووتن چیتان دەوێ و بۆ کوێ دەڕۆن ؟ وتیان دەڕۆین بۆ سەر ئەوەکەسەی کە قسە بە پەرستراومکانمان دەڵێ دەی کوژین مەبەستیان پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بوو ئەعرابییەکە ووتی : وامەکەن من شاهێدی دەدەم و دەڵێم {أشهد أن لاإله إلاالله وأن محمداً رسول الله} وە دەنگ و باسەکەی بۆ گێرانەوە واتە :بەقسەهاتنی بزن مڕەکە کە ئەو موعجیزە گەورەیان بۆ باس کرا هەر هەموویان وتیان : {أشهد أن لاإله إلاالله وأن محمداً رسول الله} وە هەزار کەسەکە هەرهەموویان موسڵمان بوون و هاتنە خزمەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەیان ووت {أشهد أن لاإله إلاالله وأن محمداً رسول الله} ئەوجار وتیان ئەی پێغەمبەری خوا فەرمانمان پێ بکە فەرمووی : لە ژێر ئاڵای خالیدی کوڕی وەلید دابن هیچ کەسێك لە عەرەبو غەیرە عەرەبیش وەك ئەو هەزار کەسە ئاوا بە کۆمەڵ هەموویان تێکرا موسڵمان نەبوون

{ الله أكبر} ئەو موعجیزە گەورەیە و بە ناوبانگە بەڕاستی بەتەنها ئەو موعجیزەیە بەسە کە ببێتە گەورەترین بەڵگەو نیشانە لەسەر ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی ئەو پێغەمبەرە﴿ﷺ﴾ بەڕاستی پێویستە نیمانداڕانیش بەو موعجیزەگەورانەی

پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر دڵخۆش بن و ئیمانیان پتەو و دامەزراو بێ و شانازی بکەن بەوەی کە خوای گەورە کردوونی بە ئوممەتی ئەو پێغەمبەرە پایەدارە وە هەوڵ بدەن کە ئەوە موعجیزانە پێشکەشی مرۆڤە سەرگەردانەکان بکەن کە گەورەترین دیاری یەو مایەی سەرفرازی دنیاو قیامەتە [٣٤٥]

موعجیزەی (٢٣٨) گورگێك قسە دەکات وشاهێدی لەسەر ڕاست گۆیی پێغەمبەر (ﷺ) دەدات :

بەسەرهاتی بەناوبانگی گورگەکە لە چەندین ڕێگاوە گێڕدراوەتەوە لە زۆرێك لە هاوەڵ بەناوبانگەکانەوە وەرگیراوە وەك (ئەبوسەعیدی خودری، سەلەمەی کوری ئەکوەع و ئیبن ئەبی وەهەب و ئەبو هوریرە)- خوا لە هەموویان ڕازی بێت :- هەروەها ئەم هاوەڵەش کەبەسەرهاتەکەی بەسەردا هاتووە کە ناوی (ئوهبانی) شوانە [٣٤٦]

هەموو ئەوانە لەچەند ڕێگایەکی جیاجیاوە دەگێڕنەوە کە : لەو کاتە دا شوانێك خەریکی لەوەڕاندنی مەڕەکانی بوو گورگێك هەڵمەتی بۆ یەکێك لە مەڕەکانی برد شوانەکەش مەڕەکەی لەدەست ئەو گورگە دەربازکرد ئینجا ،گورگەکەلەولاوە هەڵتروشکاو کەوتە قسەکردن و بە شوانەکەی ووت:ئایە لە خوا ناترسیت وانەتهێشت ڕۆزی یەکەم بخۆم ؟ شوانەکەش وتی: شتێکی سەیرە گورگ وەك مرۆڤ قسە بکات گورگەکەش ووتی : لەوە سەیرترت پێ بڵێم؟ لەوەسەیرتر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینە دا دەنگ و

---

[٣٤٥] اخرجه ابو نعيم فى الدلائل ص ٢٢٠ واخرجه البيهقى فى الدلائل ٦ /٢٨، ٣٦ وذكره ابن الكثير فى البداية ٦ / ١٤٩ والسيوطى فى الخصائص ج ٢ ص ٦٥

[٣٤٦] رواه البخارى فى التاريخ الكبير والبيهقى وابو نعيم

باسی ئه‌وانه‌ی پێشو دەگێڕێته‌وه دەرگاکانی به هەشتی بۆ خراوەته سەر پشت و ئێوەی بۆ بانگ دەکات تاکو لێیانه‌وه بڕۆنه ژوورەوه ئه‌بوهریره –خوای لێ ڕازی بێت- دەیگێڕێته‌وه دەڵێ : ئه‌وەکاته‌دا که ئه‌و گورگه وای به شوانه‌که ووت ، شوانه‌که وتی : جا کێ سەرپەرشتی مەڕەکانم بۆ دەکات تا دەڕۆم و دێمەوه ؟گورگه‌که ووتی :من شوانه‌که‌ش مەڕەکانی پێ سپارد و ڕۆیشت، ئینجا ئه‌ ڕیوایه‌ته‌که‌دا بەدرێژی بەسەرهاته‌که‌ی وموسڵمان بوونی و بەخزمەت گەیشتنی پێغه‌مبه‌ری خوای ﴿ﷺ﴾ له‌کاتی جەنگدا گێڕاوەته‌وه [٢٤٧]

پاشان که گەڕاوەته‌وه بۆلای مەڕەکانی سەیری کردوومگورگه‌که وەک شوانێکی دەست پاک سەرپەرشتی مەڕەکانی کردووه ژمارەیان که‌می نه‌کردووه ئینجا ئه‌ پاداشتی ڕێنمایی کردنه‌که‌یدا مەڕێکی بۆ گورگه‌که سەربڕیوه .

موعجیزەی (٢٣٩) وتی ئه‌گەر ئه‌و موعجیزەیه ئه‌مه‌ککەدا باس بکرێت کەسی تێدا نامێنێت و چۆڵ دەبێت

ڕیوایەت کراوه که جارێکیان ئه‌بوسوفیان ی کوڕی حەرب و صەفوانی کوڕی ئومەییه ، شتێکی سەیریان بەسەرهات ، ئەوەبوو گورگێکیان بینی کەوتبووه دوای ئاسکێك ،ئاسکه‌که‌ش خۆی کرد به (حەرەم) داو ئیتربەوه گورگه‌که وازی لێ هێنا، ئەوانیش سەریان له‌م کاره سوڕما ، گورگه‌که هاته زمان و ووتی : سەرتان سوور نەمێنێت ،له‌مەسەیرتر موحەممەدی کوڕی عەبدوللایه ﴿ﷺ﴾ له‌مەدینه بانگتان دەکات بۆ بەهەشت ئه‌بوسوفیان به صەفوانی کوڕی

---

[٢٤٧] رواه الامام احمد وغيره

ئومەییەی ووت : بەڵاتو عوززا ئەگەر ئەوە لەمەککە دا باس بکەیت کەسی تێدا نامێنێت و چۆڵ دەبێت [٢٤٨]

بەڕاستی ئەوە مەعجیزەیەکی ئەوەندە گەورەیە کە زۆر بەڕاشکاوی بەبێ گومان پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام ﴿ﷺ﴾ دەسەلمێنێت وە دڵنیایی وئاسوودەیی تەواو دەبەخشێ بە دڵ و دەروون سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە وە درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرەکەی ئیسلام ﴿ﷺ﴾ .

موعجیزەی (٢٤٠) کۆمەڵە گورگێك دێنە خزمەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ داواکاری یەکانیان دەخەنەڕوو:

بەپەەقی لە حەمزەی کوڕی نوسیدەوە هێناویەتی دەڵێت : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾لەگەڵ تەرمی پشتیوانێکدا چوو بۆ بەقیع ، گورگێك لەسەر رێگەکەقاچەکانی ڕاخستبوو ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرمووی: هاتووە داوای ماف بڕینەوە دەکات دەی بەشی بۆ ببڕنەوە {هذا جاء يستفرض فارفضوالە} وتیان بڕیارت لەسەر چەندێکە بۆی ببڕینەوە ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی { من كل سائمة شاة في كل عام } واتە (لەهەر ڕانەگەلێك سەرێك بۆ هەرسانێك وتیان

ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾زۆرە ، پێغەمبەریش ﴿ﷺ﴾نامازەی کرد بۆ گورگەکە وازیان لێ بێنە ، گورگەکەش وازی هێناو لاچوو ،هەروەها واقیدی لە کەسێکەوە لە موتەلیبی کوڕی عەبدوللای کوڕی حەنتەبەوە هێناویەتی دەڵێت : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾لە مەدینە بوو کە

---

(٢٤٨) الشفا ١ /٢١١ نسيم الرياض٢ /٨٤

گورگێك هات و له‌به‌ردەستیدا وەستاو پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾فه‌رمووی: ئه‌مه‌وەفدی دڕندەکانه بۆتان ، ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ن شتێکی بۆ ببڕنه‌وه بۆ جگه ئه‌وی تێمه پەڕێنن،ئه‌گه‌ریش حه‌زده‌که‌ن وازی لێ بێنن و که‌ناری لێ بگرن چی برد ئه‌وه ڕۆزیه‌تی، ووتیان ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ دڵمان هیچ ناگرێ هیچی پێ بده‌ین ، پێغه‌مبه‌ریش ﴿ﷺ﴾به سێبه نجه‌ی ئاماژەی کرد بۆ گورگه‌که‌و وازیان لێ بێنه ڕێی خۆت ببڕه ، ئه‌ویش به ئووره ئور دەرچوو وه هه‌ورەها ئه‌بونه‌عیم له جوهه‌ینه‌وه هێناویه‌تی ده‌ڵێت : وەفدی گورگه‌کان که نزیکه‌ی سه‌د گورگ بوون هاتن بۆ لای پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ پێغه‌مبه‌ریش﴿ﷺ﴾ نوێژی دەکرد بۆیه دانیشتن پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾فه‌رمووی : ئه‌وه وەفدی گورگه‌کان هاتن بۆلاتان ، داواتان لێده‌که‌ن له‌به‌شه‌خۆراکتان به‌شیان بۆ ببڕنه‌وه له جگه له‌وه دڵنیاو بێ خه‌م بن ، ئه‌وانیش سکاڵایان لاکرد، پێویستیان پێیه‌تی ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾فه‌رمووی : {فادبرهم} { دەی پشتیان لێ بکه‌ن و بڕۆن} ئه‌وانیش لاچوون و لووڕیان دەهات [٢٤١] به‌ڕاستی موعجیزیه‌کی گه‌وره و به ناوبانگه .

موعجیزەی (٢٤١) هه‌رکه‌باسی پێغه‌مبه‌ری خوای ﴿ﷺ﴾ لای شێره‌که کرد شێره‌که زیانی پێ نه‌گه‌یاندو ڕێگاکه‌ی پێشاندا:

حاکم له {ج ٣ ،ص٦٠٦} له موحه‌مه‌دی کوڕی مونکه دیرموه هێناویه‌تی،سه‌فینه‌ی مه‌ولای پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ وتی: چوومه دەریاو ئه‌و که‌شتیه‌ی تیایدا بووم شکا بۆیه چوومه سه‌ر پارچه‌یه‌کی فڕێی دامه شوێنێك که شێرێکی تێدا بوو به‌ره‌و ڕووم هات،من وتم :ئه‌ی ئه‌بو

---

(٢٤١) به‌یه‌قی و به‌زار له ئه‌بوو هورەیره‌وه به‌کورتی هێناویانه له (البداية والنهاية)ج٦،ص١٤٦دا واهاتووه

حارث من مەولای پێغەمبەری خوام ئەویش سەری دانەواندوبە شانی خۆی دایە لام و پاڵی پێوەنام و تانەوێ دەریکردم وبردمیە سەر رێگەکەو سووکە نرکەیەکی کرد ،وامزانی مانناواییم لێ دەکات ئەومکۆتا بینینشم بوو بۆی [٣٥٠]

هەروەها بەزار لە سەفینەوە هێناویەتی دەڵێت : من لە دەریا دا بووم کە کەشتیەکەمان شکا،رێگەمان نەزانی تا ئەوە بوو شێرێك هاتە رێمان ، هاوەڵانم دواکەوتن و من لێی نزیك بوومەوە ، وتم من سەفینەی هاوەڵی پێغەمبەرم ﴿ﷺ﴾ و رێمان ونکردووە ئەویش لەبر دەممەوە چوو تا چووینەسەر رێگەکە دواتر نزیك بوویەومو پاڵی پێوەنام وەك ئەوەی رێگەکەم نیشان بدات وا تێدەگەیشتم مانناواییمان لێدەکات [٣٥١]

بەڕاستی موعجیزەیەکی ئەوەندە گەورەو ناوداراە کە بەقەد تۆزقاڵێك گومان و دووڵی ناهێڵێت لە ناو دڵەکان داو ناسوودەیی و دڵنیایی تەواو دەبەخشێ بە دەڵ ودەروون و وەك رۆژی رووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەسەلمێنێ .

---

(٣٥٠) حاکم دەڵێت ئەم فەرمووەە لە سەر مەرجی موسلیم صەحیحە و بوخاری و موسلیم ئەیان هێناوە زەهەبیش ئەسەری کۆکە بوخاری لە (التاریخ الکبیر ج٢ س ١٢٩ لە ئیبن موئکەدیرەوە وە لە سەفینەوە هێناویەتی ئیبن منەدش هێناویەتی وەك لە (البدایە والنهایە) ج٥ س ٣١٦) دا هاتووە تەبەرانیش هێناویەتی وەك لە (المجمع ج ٩ س ٣٦٦) لە سەفینەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی .

(٣٥١) هەیسەمی لە ج٩ س ٣٦٧) دەڵێت کەسەکانی بەزار و تەبەرانی جێ متمانەن

موعجیزه‌ی (٢٤٢) کۆتره‌کانی شاری مه‌ککه سێبه‌ریان بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ کرد :

ئیبن وەهب دەگێڕێته‌وه : که‌ له‌و ڕۆژه‌دا فه‌تحی مه‌ککه‌کرا، کۆتره‌کانی شاری مه‌ککه سێبه‌ریان بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ کرد ، پێغه‌مبه‌ریش ﷺ دووعای به‌ره‌که‌تی بۆکردن[٢٥٢]

موعجیزه‌ی (٢٤٣) کۆتره‌که که ڕێزی دەگرت له پێغه‌مبه‌ر ﷺ :

عائیشه دایکی ئیمانداران – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : کۆترێکی ماڵیمان هەبوو تا پێغه‌مبه‌ر ﷺ له ماڵه‌وه بوایه نه‌و کۆتره بۆخۆی له جێی خۆیدا دەسرەوت نه‌دەهات و نه‌دەڕۆیشت، به‌ڵام هەرکه پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌ماڵه‌وه دەردەچوو، نه‌و دەکه‌وته هاتوچۆو جموجۆڵ[٢٥٣]

واته‌ نه‌و کۆتره‌ گوێرایه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بوومو هەتا پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌ماڵه‌وه بوایه نه‌و له جموجۆڵ که‌تووه. به‌ڕاستی پێویسته‌ ئیمانداران به‌بینینی نه‌م موعجیزانه زۆر دڵخۆش بن و شانازی به‌وەبکه‌ن که خوای گه‌وره کردوونی به ئوممه‌تی نه‌و پێغه‌مبه‌ر پایه‌داره ﷺ وەهەوڵ بدەن نه‌و موعجیزه گه‌ورانه پێشکه‌ش بکه‌ن به مرۆڤه سه‌رگه‌ردانه‌کان که گه‌وره‌ترین دیاری یه‌و مایه‌ی سه‌رفرازی دنیاو قیامه‌ته.

---

(٢٥٢) الشفا ١ / ٣١٢

(٢٥٣) صحيح رواه احمد والبزار وابو يعلى والبيهقى والطبرانى

موعجیزەی(٢٤٤) هیچ عەترو میسکێك بۆنی لە عەرەقی پێغەمبەر(ﷺ) خۆشتر نەبووە :

عەرەقی پێغەمبەر(ﷺ) موعجیزە بووە دووکەس کەزۆر نزیکی پێغەمبەری خوابوون ، یەکێکیان عائیشەی خێزانیەتی – خوای لێ رازی بێت – دەڵێ { كان عرق رسول الله(ﷺ)في وجهة مثل الؤ لؤ اطيب من مسك الاصفر . واتە : شێوەی ئارەق بەروخساری پێغەمبەر(ﷺ) وەك مرواری وابووە ئەبریسکایەوەو بۆنەکەشی لە میسکی {أصفر} خۆشتربوو ، خۆشترین بۆن بۆنی میسکەو لە ناو جۆرەکانی میسکیشدا خۆشترینیان {أصفر}ە هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك – خوا لێ ڕازی بێ- دووەم کەسیانە کە نزیك بە پێغەمبەر(ﷺ) بووەو دەوری دەسااڵ خزمەتکاری بووەو دەڵێ :

{ما شممت عنبرا ولا مسكا اطيب من ريح رسول الله(ﷺ)}[٢٥٤]

واتە: هیچ عەترو میسکێك بۆنی لە عەرەقی پێغەمبەری خوا خۆشترنەبووە کاتێکیش تەوقەی لەگەڵ کەسێکدا بکردبایە بۆنی دەستی ئەوکەسەش خۆش دەبوو.

موعجیزەی (٢٤٥) نووری ڕووخساری پیرۆزی پێغەمبەر(ﷺ) دەدرەوشایەوەو ڕووناکی دەبەخشی :

عائیشە – ڕەزای خوای لێبێت – دەڵێ { استمرة ابرة من حفصة بنت رواحة فطلبتها فلم اقدر عليها}

---

[٢٥٤] صحيح رواه الشيخان

واته‌ :داوای دەرزییەکم لە حفصەکرد،دەرزی درووماں بۆ دوورینەوەی هەندێ جلو بەرگی پێغەمبەر(ﷺ)پاشان لێم وونبوو گەرام بۆم نەدۆزاریەوە {فدخل رسول الله (ﷺ) { فتبينة الابرة بشعاع وجه} واتە کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) خۆی کرد بە ژووردا دەڵێ : یەکسەر دەرزیەکەم دۆزیەوە بەهۆی رووناکی و نووری ڕوخساری پێغەمبەر(ﷺ) [٢٥٥]

موعجیزەی (٢٤٦) گریانی بنە داریك لە تاو دووركەوتنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لێیەوە :

بێتاقەتی ئەو بنە دارە وشکەی کە لە مزگەوتەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دابوو لەتاو ئەو جیابونەوە کاتی یەی لە پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بە ناڵەو گریان لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵاندا،مزگەوتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە دا لە سەر چەند بنەدارێکی ووشکی دارخورما سەری گیرابوو، جا هەرکات پێغەمبەر (ﷺ) بیویستایە وتاریان بۆ بدات ، پاڵی بەیەکیدا ئەو بنە دارانەوە دەدا ،بەڵام کاتێ کە داونگەیان بۆ دروست کردو ووتاری لەسەر خوێندەوە ، دەنگێکی وەك دەنگی وشتری ئاوس لەو بنە دارە بیسترا کەدە ینالاندو دەگریا ئەم گریانەشیدا بەردەوام بوو هەتا پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هات و دەستی خستە سەری و قسەی لەگەڵ کردوو دڵی دایەوە،ئینجا بنەدارەکە بێدەنگ بوو،ئەم موعجیزە گەورەیە و بە ناو بانگە لە چەند رێگایەکی جۆراوجۆرەوە باس کراوە،ئەوهاوەڵە بەڕێزانەی کە ئەم موعجیزەیان گێڕاوەتەوە بریتێن لە (ئەنەسی کوڕی مالیك ، جابیری کوڕی عەبدوللاّ ، عەبدوللاکوڕی عومەر ، عەبدوللاّی کوڕی عەباس ، سەهلی کوڕی سەعد ، ئەبو سەعیدی خودری ، ئوبەی کوڕی کەعب ، بورەیدە ، ئوم سەلەمەی دایکی برواداران – خوای گەورە لە

---

[٢٥٥] رواه ابن عساكر فى الدلائل وديلمى فى مسند الفردوس وفى (جامع الكبير)

هەمویان رازی بێ -) نیمامی بوخاری وموسلیم جگەلە وانیش لە خاوەنی کتێبە صەحیحەکانی فەرموودە ئەم موعجیزە گەورەو ناوداره یان ڕیوایەت کردووە (جابیر) – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) ووتاری بخوێندبایەوە پاڵی بەیەکێك لەو بنەدارانەوە دەدا کە بنمیچی مزگەوتەکەیان لەسەر دانرابووو ، کاتێك کە داونگەکەیان بۆ دروست کرد و پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ووتار خوێندنەومڕۆیشتە سەری دەنگێکی وەك دەنگی وشتری ناوسمان لەو بنەداره بیست ، هەتا پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی هات و دەستی لەسەر دانا ، ئینجا بێدەنگ بوو[٢٥٦]

ئەنەس دەڵێ بەڕادەیەکی وابوو کە مزگەوتەکە لەبەر نالە نالی نەو بنە داره ، کەوتە لە ڕینەوە[٢٥٧]

سەهلی کوڕی سەعد پش دەڵێ :خەڵکەکەش کە نەم گریانەو بێتاقەتیەی بنەدارکەیان بینی و بیست زۆر گریان [٢٥٨] ئویەی کوڕی کەعبیش دەڵێ : ئەوەندە گریا تالەت وپەت بوو [٢٥٩]

یەکێکی تریش شتێکی زیاتر دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(إن هذا بكى لما فقد من الذكر)[٢٦٠] واتە: ئەوە لەبەرئەو زیکرە گریا کە لەدەستی چووو،یەکێکی کەش دەگێڕێتەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(والذى نفس بيده لولم ألتزمه لم يزل هكذا الى يوم القيامه)[٢٦١]

---

(٢٥٦) صحيح رواه البخاري والترمذى وابن ماجه واحمد والدارمي

(٢٥٧) أخرجه الضياء فى المختارة ٤/ ٢٥٧ ورواه احمد والدارمي

(٢٥٨) اخرجه ابن سعد فى الطبقات الكبرى ١ / ٢٥٠ وقد عزى الخفاجى ٣ / ٦٢ رواية الى الشيخين

(٢٥٩) صحيح رواه ابن ماجه والضياء فى المختارة ٣٩٢/٣ والشافعي واحمد والدارمي

(٢٦٠) صحيح رواه البخارى واحمد وابن ابى شيبة

(٢٦١) رواه الدرامي عن أنس بن مالك وفي رواية ابن عباس (فأتاه فاحتضنه فسكت قال ولو لم احتضنه لعن الى يوم القيامة) قال العلامة احمد شاكر فى تحقيق المسند اسناده صحيح

واتە : بەوکەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر باوەشم پێدا نەکردبایە و دڵم نەدایەتەوە تا رۆژی قیامەت ئاوا دەگریا.

بورەید دەڵێت : کاتێ بنەدارەکە گریا ، پێغەمبەر(ﷺ)دەستی موبارەک وپیرۆزی لەسەر داناو فەرمووی{إن شئت أردك إلى االحائط الذى كنت فيه ،ينبت لك عروقك و يكمل خلقك ويجد دلك خوص وثمرة ، وإن شئت أغرسك الى الجنة فيأكل أولياءالله من ثمرك} واتە :ئەگەر دەتەوێ دەتنێرمە وە بۆ ئەوە باخەی تیایدا بویت، بەچەشنێك کەرەگەکانت بڕوێنەوەو بە تەواوای دروست بکرینەوە ولق وپەل و پەرەکەشت نوێ ببنەوە ،ئەگەر دەشتەوێ لە بەهەشتدا دەتنێژم تاکو ئەولیاکانی خوا لەبەروبووەت بخۆن ، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) گوێی بۆ بنەدارەکە ڕاگرت تاکو بزانێ چی دەڵێت،ئەویش لەوەڵامدا وتی:{بل تغرسني في الجنة فيأكل مني أولياء الله وأكون في مكان لاأبلي فيه} واتە :بەڵکو دەمەوێت لە بەهەشتدا بمنێژیت ،تاکو ئەولیاکانی خوا لەبەرەوبوومم بخۆن و لە جێگایەکدا بم هەرگیز دانەڕزێم هەموو ئەوانەی کەڵێی نزیك بوون گوێیان لەم وەڵامە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی{ قد فعلت} واتە جێ بەجێم کرد ، پاشان فەرمووی{ إختار دار البقاء على دار الفناء} [٣٦٢] واتە خانەی هەمیشەیی بەسەر خانەی فانی دنیاد هەڵبژارد .ئەبوو ئیسحاقی ئیسفراییینی کە یەکێکە لە پێشەوایانی (زانستی کەلام)ووتویەتی پێغەمبەر(ﷺ)خۆی نەڕۆیشتووە بۆ لای بنەدارەکە،بەڵکو بانگی کرد،ئەویش ڕێگای بڕی و هاتە خزمەتی و پێغەمبەر(ﷺ) باوەشی پێداکرد،ئینجا فەرمانی پێ دا بگەڕێتەوە بۆ جیگای خۆی ئەویش گەڕایەوە [٣٦٣] بەڕاستی ئەو موعجیزەیە ئەوندە گەورەو ناوداڕە کەوەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام دەسەلمێنێ و ئارامی و دڵنیایی تەواو دەبەخشێ بە دڵ و دەروون .

---

(٣٦٢) رواه ابن ماجه والشافعي واحمد والدارمي الفتح الربانى احمد عبدالرحمن البنا ٢٢ /٤٩

(٣٦٣) شفا ١/٣٠٤

له‌به‌رهه‌مه‌کانی موعجیزه‌کان :-

یه‌که‌م : بۆ ئه‌وه‌ی بڕوای بڕواداران زیاد بکا .

دووه‌م : یارمه‌تی دان و سه‌رخستنی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وه‌به‌رگری لێ کردنی .

سێ یه‌م : بۆ ئه‌وه‌ی هه‌موو خه‌ڵك ئه‌وه‌بزانێ که موحه‌ممه‌د(ﷺ) پێغه‌مبه‌ری خوایه به‌هه‌ق ڕاستی .

چواره‌م : وه بۆ بانگ کردنی غه‌یره موسڵمانان تا بڕوا بێنن به پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌رمان (ﷺ) ئه‌وه‌ش بۆ وه‌ڵامدانه‌وه فه‌رموودەی خوای گه‌وره که له قورئانه پیرۆزه‌که‌یدا فه‌رمویه‌تی : {إنا أرسلناك شاهداً ومبشراً ونذيراً * لتؤ منوا بالله ورسوله وتعزرو وتوقره وتسبحوه بكرة وأصيلا} الفتح ٨- ٩

واته : به‌ڕاستی ئه‌ی موحه‌ممه‌د (ﷺ) تۆمان ناردووه به شایه‌ت و مژده‌درو ترسێنه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی باوەڕ به خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی بێنن و پشتیوانی لێبکه‌ن و ڕێزی لێ بگرن وه ته‌سبیحاتی خوا بکه‌ن به به‌یانیان و ئێواران دا .

موعجیزه‌ی (٢٤٧)شایه‌تی دانی دره‌ختێك له‌سه‌ر ڕاست گۆیی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ):

زانای گه‌ورەو ناودار قازی عه‌یاز له کتێبی (الشفا) دا به‌سه‌نه‌دێکی صه‌حیحه‌وه ، له عبدوللای کوڕی عومه‌ره‌وه – خوایان لێ ڕازی بێ – دەگێڕێته‌وه که : که له سه‌فه‌رێکدا له خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) دابووین پیاوێکی دەشته‌کی لێی نزیك بووەوه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) پێی فه‌رموو : (أين تريد) پیاوەکه ووتی : بۆلای خێزان و منداڵم ،

پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی : هل لك إلى خير ؟ واتـە : حەزدەکـەی خێرێکت دەست بکـەوێت ؟ ئەویش ووتی : کام خێر؟ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی : تشهد أن لاإلـهإلا الله وحـده لاشـريك لـه و أن محمـداً عبـده ورسـوله :واتـە : شـایە تمان بهێنیت کـە تـەنها خـوا گـەورە خوایـە وهاوبەشی نی یەو ، موحەممەدیش بەندەو نێردراوی ئەوە ،، پیاوەکە وتـی : جـا ئایـا کـێ شایەتە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت ؟ پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾ فـەرمووی: هـذا الشجرة السمرة : واتە ئەو درەختی سەموورەیە ،درەختەکەش لە لێوارێ شیوەکە دابوو،ئینجـا درەختەکـە رێگـای بڕی وهاتە بەردەستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾سێ جار داوای لـێ کـرد شـایەتی بدات،

درەختەکەش بەو جۆرەی کە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی : شایەتی دا ،ئینجا ڕۆیشتەوە بۆ جێی خۆی [٣٦٤] هەروەها لەڕێی: ئیبن صاحیبی لەسلەمی یەوە بەنەقڵێکی صەحیح و ڕاست لە بورەیدەوە دەگێڕنەوە کە دەڵێت : دەشتەکی یەك داوا ی نیشانەی لە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کرد پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ پێی فەرموو : (قل لتلك الشجره رسول الله ﴿ﷺ﴾ يدعوك : واتە بەو درەختە بڵێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بانگت دەکات کە پێی وت ، درەختەکە بەڵای ڕاست وچەپ و بەردەم وپشتەوە ی خۆی داتەکانی داو ڕەگەکانی قرتـاو کەوتە ڕێ ڕەگەکانی بەدوای خۆیدا کێش کرد تـا هاتە بەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ڕاوەستاو وتـی : السلام و عليك يارسول الله : پیاوە دەشتەکی یەکە ووتی : فەرمانی پێ بدە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی ، کە فەرمانی پێ دا ، گەڕایەوە و ڕەگەکانی شۆڕکردنەوە بۆ ناو زەوی و لە جێی خۆیدا ڕاوەستاو جێگیر بووەوە، ئینجا پیاوە دەشتەکیەکە بە پێغەمبەری﴿ﷺ﴾ وت: ڕوخسەتم بدە سوژدەت بۆ ببەم ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی: ئەگەر فەرمانم بە سوژدە بردنی کەسێك

---

(٣٦٤) صحيح رواه ابو يعلى بسند صحيح والبزار والطبراني وابن حبان في صحيحيه

بۆکەسێکی تر بدابایە ، فەرمانم بەژن دەدا سوژدە بۆ مێردەکەی ببات ، بەڵام نابێ هیچ کەسێك سوژدە بۆ هیچ کەسێکی کە ببات دەبێ تەنها بەس بۆ خوای گەورە سوژدە دەبێ ببرێ : دەشتەکیەکە وتی : رێم بدە هەردوو دەست و هەردوو قاچت ماچ بکەم ، ئەویش رێی پێ دا[٢٦٥]

موعجیزەی (٢٤٨) جیبریل – سەلامی خوای لەسەر بێ – موعجیزەیەك پێشانی پێغەمبەر(ﷺ) دەدات :

ئیبن ماجە و دارەمی و بەیهەقی لەئەنەسی کوڕی مالیك و ئیمامی عەلی و بەزار و بەیهەقیش لە ئیمامی عومەرەوە –خوای گەورە لەهەموویان رازی بێ- دەگێڕنەوە: سێ کەس لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویانە : پێغەمبەر(ﷺ) لەوەی کە کافران بڕوایان پێ نەکردووە بەرپەرچیان دەدایەوە زۆر خەفەتبارو دڵگران بوو ،لەبەرئەوە لە خوا پارایەوە و فەرمووی : {اللهم أرنی آیة لاأبالی من کذبنی بعدها}واتە: خوایە نیشانەیەکی وەهام پێشان بدە کە ئیتر گوێ بە هیچ کەسێك نەدەم بە درۆم بخاتەوە لە ریوایوتەکەی ئەنەسدا دەڵێت : جبریل- سەلامی خوای لەسەر بێ- کە پێغەمبەری(ﷺ) بەخەفەتباری بینی ، وتی : حەز دەکەیت نیشانەیەکت پێشان بدەم ؟پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ،ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بۆ درەختێکی ڕوانی کە لە پشتی شیوەکە بوو جیبریل فەرمووی : ئەو درەختە بانگ بکە کە بانگی کرد درەختەکە کەوتەڕێ و هاتە بەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)جیبریل وتی:فەرمان بدە بچێتەوە شوێنی خۆی ،کە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمانی پێ دا،گەڕایەوە بۆ جێگای خۆی[٢٦٦]

---

(٢٦٥) اورده الهیثمی في المجمع (١٠/٩) ولیس فیه ذکر السجود ، وقال الخفاجي : رواه البزار مسندا ، نسیم الریاض فی الشرح الشفا للقاضي عیاض٢ /٤٩

(٢٦٦) حدیث حسن رواه البزار وابو یعلی والبیهقي

موعجیزه‌ی (٢٤٩) دارو به‌رده‌کان داواکاری یه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ جێبه‌جێ ده‌که‌ن:

ئوسامه‌ی کوڕی زەید - خوا یان لێ رازی بێ - که یه‌کێکه له فه‌رمانده‌ی سوپاکانی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ دەگێڕێته‌وه و دەڵێ : له‌سه‌فه‌رێك دا له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ری خوادا بوین ﴿ﷺ﴾جێگایه‌کی وا چۆڵیش نه‌بوو که له که‌سه‌وه دیار نه‌بێت و بۆ نه‌وه دەست بدات که بکرێت به شوێنی دەست به ئاو گه‌یاندن ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی: { هل ترى من نخل أو حجارة} واته : هیچ دارخورماو به‌رده‌ێك دەبینیت؟ وتم : به‌ڵێ چه‌ند دارخورمایه‌ك دەبینم له‌یه‌که‌وه نزیکن فه‌رمووی : {إنطلق قل لهن : أن رسول الله ﴿ﷺ﴾ يأمركن تأتين لمخرج رسول الله وقل للحجارة مثل ذلك} واته: برۆ پێیان بڵێ : پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ فه‌رمانتان پێ دەدات که‌برۆن بۆنه‌و جێگایه‌ی دەستی تێدا به ئاو دەگه‌یه‌نێت ، به‌به‌رده‌کانیش هه‌روه‌ها بڵێ، منیش نه‌وەم پێ ووتن ،به‌و خوایه‌ی پێغه‌مبه‌ری﴿ﷺ﴾ به‌هه‌ق ڕەوانه‌کردووه ، به‌چاوی خۆم بینیم که دارخورماکان له یه‌کتر ی نزیك بوونه‌وه هه‌تا کۆبوونه‌وەو به‌رده‌کانیش یه‌ك له‌سه‌ر یه‌ك که‌نه‌که بوون له پشتی دارخورماکانه‌وه ، کاتێك پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ گه‌ڕایه‌وه فه‌رمووی: {قل لهن يفترقن }واته: پێیان بڵێ : له‌یه‌ك جیا ببنه‌وه، به‌و خوایه‌ی گیانی منی به‌دەسته به چاوی خۆم دەمبینی دره‌خت و به‌رده‌کان بلاوەیان کردو هه‌ریه‌کیان ڕۆیشته‌وه بۆ جێگای خۆی [٣٦٧] به‌ڕاستی موعجیزەیه‌کی گه‌وره‌و ناوداره هه‌زاران دروودوبۆ گیانی پاکی نه‌و پێغه‌مبه‌ره پایه داره ﴿ﷺ﴾ .

---

(٣٦٧) حديث حسن : رواه احمد باسنادين والطبراني بنحويه واحد اسناد احمد رجاله رجال صحيح

موعجیزه‌ی (٢٥٠) دره‌ختێك ڕوخسه‌ت وه‌رده‌گرێت له‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ تا سه‌لامی لێ بکات :

یه‌علای کوری سه‌یابه‌ دەگێڕێته‌وه‌ که‌ جارێکیان دره‌ختی (ته‌لح) یان (سه‌موره‌) بوو هات و یه‌ك جار به‌ دەوری پێغه‌مبه‌ر ﷺ گه‌ڕاو پاشن ڕۆیشته‌وه‌ بۆ جێگاکه‌ی خۆی ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌مووی : { إنها استاذنت أن تسلم علي } واته‌ : ئه‌م دره‌خته‌ ڕوخسه‌تی وەرگت بێت سلاوم لێ بکات[٢٦٨]

موعجیزه‌ی (٢٥١) دره‌ختێك هه‌واڵی دا به‌پێغه‌مبه‌ر ﷺ که‌جنۆکه‌کان ده‌یانه‌وێت بێنه‌ خزمه‌تی :

بوخاری و موسلم له‌ ئیبن مه‌سعوده‌وه‌ دەگێڕنه‌وه‌ ، ده‌ڵێ : ئه‌و شه‌وه‌ی که‌ جنۆکه‌کان هاتن گوێ یان له‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ڕاگرت ، دره‌ختێك هه‌واڵی به‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ دا که‌ جنۆکه‌کان ده‌یانه‌وێت بێنه‌ خزمه‌تی ئه‌وەش له‌و شه‌وەدا بوو که‌ جنۆکه‌کانی {نوصه‌ یبین } له‌ { بطن نخلة }دا ناوی جێگه‌یه‌که‌ له‌ باکوری خۆرئاوای مه‌ککه‌ ڕۆژه‌ ڕێ یه‌ك لێیه‌وه‌ دووره‌، هاتنه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر ﷺ تاکو موسڵمان بن ، جا دره‌ختێك بوو هات هه‌واڵی هاتنی ئه‌و جنۆکانه‌ی به‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ ڕاگه‌یاند ، موجاهید له‌ ئیبن مه‌سعوده‌وه‌ له‌ بارەی ئه‌م فه‌رموودەوه‌ دەگێڕێته‌وه‌ و ده‌ڵێت : جنۆکه‌کان عه‌رزی پێغه‌مبه‌ریان ﷺ کرد : کێ شایه‌تیت بۆ دەدات ؟ له‌سه‌رپێغه‌مبه‌رایه‌تی، پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌مووی ئه‌م دره‌خته‌ ئینجا به‌ دره‌خته‌که‌ی فه‌رموو: دره‌خته‌که‌ وەره‌ ئه‌ویش ڕەگه‌کانی له‌گه‌ڵ خۆیدا

---

(٢٦٨) صحيح رواه احمد والبيهقي والطبراني

کێش کردو دەنگە دەنگیکیی وەك دەنگی چەکی لێ دەهات و هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ (٣٦٩)

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە بەدبەختانی دوور لە دین نەم هەموو بەڵگە ڕون و ئاشکرایانە دەبینن کەچی هانیان نادات بۆ ئیمان هێنان بەرەو هەڵدێری گومرایی هەڵدەخلیسکێن و ڕێگای ڕاست ناگرنە بەر.

موعجیزەی (٢٥٢) مل کەچ بوونی دار و درەخت بۆ پێغەمبەر ﷺ

عبادەی کوڕی وەلیدی کوڕی عبادەی کوڕی صامت – خوا لێی ڕازی بێ – دەڵێ : من و باوکم ڕۆیشتن بە دوای زانستدا دەگەڕاین لەناو تیرەی {انصار} دا بە ر لەوەی لەناو بچن یەکەم گەس تۆشمان هات{ أبو الیسر} ی هاوەڵی پێغەمبەربوو ﷺ غولامێکی خۆی لەگەڵ بوو دەستەیەك کاغەزی پێچراوەی پێبوو{أبو الیسر} بردەیەك و معافری یەکی لەبەردابوو ، غولامەکەشی هەر بردەیەك و معافری یەکی لەبەردابوو ، باوکم پێی ووت : مامە شوێنەواری تومرەبوون لەناوچاوتان بەدی دەکەم وتی : بەڵێ قەرزێکم هەبوو لەسەر فلانی کوڕی فلانی لە تیرەی حەرام ، چووم بۆلای منداڵەکانی سەلامم لێکرد ووتم فلان لەوێیە ووتیان : نەخێر کوڕێکی منداڵی تۆندو تۆڵی هەبوو هات بۆلام و پێم ووت : باوکت لەکوێیە ؟ وتی : گوێی لەدەنگی تۆبوو خۆی کرد بە ناو چرپایەو پەردەکوللەکەی دایکمدا ، بانگم کرد : وەرە دەرەوە زانیم وای لە کوێدا هاتە دەرەوەو ووتم بۆچی خۆت لێ شاردمەوە ووتی : سوێند بە

(٣٦٩) صحیح رواه بخاري و مسلم

خوا قسەت بۆ دەکەم و درۆت لەگەڵ ناکەم ، سوێند بە خوا لەوە ترسام قسەت بۆ بکەم و دۆرت لەگەڵ بکەم ، بەڵێنت پێ بدەم و بەڵێنەکەم نەبەمەسەر ، تۆ هاورێی پێغەمبەر(ﷺ) بووی سوێند بەخوا منیش هەڵارم وتم توخوا ؟ وتی: بەخوا وتم ، نوخوا؟ وتی بەخوا ؟ وتم توخوا ؟ وتی بەخوا دەڵێ قەرزنامەکەم هێناو بەدەستی خۆم سڕیەوە ، وتم : ئەگەربووت بمدەرەوە ، ئەگەر نەتبوو نازادبە ، شایەتی دەدەم بینایی نەم دووچاوەم بینی هەردوو پە نجەی دانا لەسەر چاوانی هەردووگوێم بیستی، دڵم وەریگرت ئاماژەی گرد بەبەندی دڵی پێغەمبەر(ﷺ) کەدەیفەرموو : هەرکەسێك مۆڵەتی هەڵارێك بدات یان هەندێ لە قەرزەکەی دا شکێنێ خوا دەیخاتە ژێر سێبەری خۆی دەڵێ : پێم ووت : ئەی مامە ئەگەر بوردەی خزمەتکارت بۆ خۆت هەڵبگرتایە بۆ خۆت و بوردەکەی خۆتت بدابایە بەو ، ئەوکاتە تۆیش جلەکانت یەکرێنگ دەبوو، ئەویش جلەکانی یەکرەنگ دەبوو ؟ دەستی هێنا بەسەرمداو ووتی : ئەی خوایە فەرو پیرۆزی کەیت ، ئەی برازام بەبینایی نەم دووچاوەم بەبیستنی نەم دوو گوێیەم ، نەم دڵە یشم ئاماژەی کرد بۆ بەندی دڵی وەریگرتووە لە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەیفەرموو: خۆراکیان بدەنێ لەوەی خۆتان دەیخۆن و پۆشاکیان بۆ بکەن لەوەی خۆتان دەیپۆشن ئەگەر لە خۆشیەکانی دنیای بدەمێ لام ناسانترە لەوەی لە چاکەکانی من بەرێ لەڕۆژی قیامەت، پاش ئەوەی ڕۆیشتین هەتا هاتینەلای جابری کوڕی عەبدوڵڵا لەمزگەوتەکەیدا نوێژی دەکرد تەنهایەك پارچە جلی لەبەردابوو ئالاندبووی لە خۆیەوە هەنگاوم هەڵگرت بەسەر خەڵکەکەدا ، تا گەیشتمە لای ئەو ، دانیشتم لە نیوان ئەو قیبلەدا وتم خوا ڕەحمت پێ بکا ، بەیەك پارچە پۆشاکەوە نوێژدەکەیت و عەباکەیشت وا لە پاڵتا؟ ئاماژەی کرد بەدەستی بەرەو سینەم و پە نجەکانیشی بلاوە پێکرد و خواری کردنەوە فەرمووی: وبستم گەوجێکی وەك تۆ بێتە لام و بمبینێت بزانێ من چۆن دەکەم ونەویش وەها بکات ، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەلامان و ئالەم مزگەوتەدا لقێ دار خورمای {ابن خطاب}

به‌دەستەوه‌ بوو له‌ قیبله‌ی مزگه‌وته‌که‌دا به‌ڵغه‌میکی دی به‌سه‌ری دارخورماکه‌ کراندی، نه‌ مجا ڕووی تێکردین و فه‌رمووی: کێتان حه‌زده‌کات خوا ڕووی لێ وەربگێڕێت ؟ ده‌ڵێ : ڕاچڵه‌کاین دیسانه‌وه‌ فه‌رمووی : کێتان حه‌ز ده‌کات خوا ڕووی لێ وەربگێڕێت ؟ده‌ڵێ ڕاچڵه‌کاین ؟ دیسانه‌وه‌ فه‌رمووی : کێتان حه‌ز ده‌کات خوا ڕووی لێ وەربگێڕێت ؟ وتمان که‌سمان حه‌ز ناکه‌ین ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا فه‌رمووی: یه‌کێ له‌ ئێوه‌ هه‌رکات هه‌ستا نوێژ بکات نه‌وه‌ به‌ڕاستی خوای به‌رزو بڵند له‌به‌رده‌میدایه ، باهیچ که‌س له‌به‌رده‌میدا و به‌ڵای ڕاسیتدا تف ڕۆنه‌کات ، به‌ڵای چه‌پیداو به‌ژێر پێی چه‌پدا تف ڕۆبکات، ئه‌گه‌ر شتێك یه‌خه‌ی پێگرتوو نه‌یتوانی وەها بکات به‌ جله‌کانی به‌م شێوه‌یه‌ لێ بکات نه‌ مجا هه‌ندێ له‌جله‌کانی پێچایه‌وه‌ به‌سه‌ر هه‌ندێکی تریدا پاشان فه‌رمووی : گوڵاوم بۆ بهێنن گه‌ نجیکی نه‌و گه‌ڕه‌که‌ پەڵاماری داو به‌ پەڵه‌ خۆی گه‌یانده‌ ماڵه‌وه‌یان ، عه‌ترێکی هێنا له‌سه‌ر له‌ پی ده‌ستی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وەریگرت و خستی یه‌ سه‌ر لقی دار خورماکه‌و سووی به‌ شوێنه‌واری به‌ڵغه‌مه‌که‌دا، جابر ده‌ڵێ: له‌ وێوه‌ یه‌که‌ بونی خۆشتان بردۆته‌ ناو مزگه‌وته‌گانتان ڕۆیشتین له‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ردا(ﷺ) له‌ جه‌نگی {بطن بواط}دا ، که‌به‌دوای {مجدی کوڕی عمروی الجهنی} دا ده‌چوو، پێنج وشه‌ش وحه‌وت که‌سمان به‌نۆره‌ سواری یه‌ك ووشتر دەبوین ، سه‌ره‌ گه‌ڕایه‌وه‌ سه‌ر پیاوێکی ، {أنصار}ی بۆسواری وشتڕێکی خۆی پیخی داو سواری بوو ، هه‌ڵیسان، وشتره‌که‌ هه‌ندێ هه‌ڵوێسته‌ی کرد پێی ووت {شأ} واته‌ : هه‌چه‌له‌عنه‌تی خوات لێ بێت ، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی: نه‌و کێ بوو له‌عنه‌تی کرد له‌و وشتره‌که‌ی؟وتی : من بووم ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا م فه‌رمووی : دابه‌زمو له‌گه‌ڵ له‌عنه‌ت لێکراودا هاوڕێمان مه‌به ، دووعای شەڕ مه‌که‌ن له‌ خۆتان و منداڵتان و ماڵتان ، نه‌وەکو داواکه‌تان یه‌کبگرێ له‌گه‌ڵ نه‌و ساته‌دا داوای به‌خشین تیادا وەربگیرێت و له‌ئێوەش وەربیگرێت ، ڕۆیشتین له‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) هه‌تاکاتی ئێواره‌ وەختێك نزیك بووینه‌وه‌ له‌ ناوێك له‌

ئاوەکانی عەرەبی دەشت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کام پیاو پێشمان دەکەوێ بۆئەوەی حەوزەکە سواق بداو کون بڕی بکات خوێشی ئاو بخواتەوەو ئاویش بدات بە ئێمە، جابر دەڵێ: هەستام ووتم: ئەمە پیاوێکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کام پیاو لەگەڵ جابر دەبێت؟ {جباری کوڕی صخر} هەستا، ڕۆیشتین بۆ لای بیرەکە دولکەیی دوو دولکە ئاومان هەڵگۆست و کردمانە حەوزەکە، لە پاشدا قوڕمان دا، ئەمجا ئاومان تێکرد هەتا پرمان کرد یەکەم کەس گەیشتە لامان پێغەمبەر(ﷺ) بوو فەرمووی: ڕێگام ئەدەن؟ وتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، دەستەجڵەوی وشترەکەی شل کرد تا ئاوی خواردەوە، ئەمجا دەستی لێ توند کرد، وشترەکە لنگی بلاوکردەوە و میزی کرد، ئەمجا گێڕایەوە دواوەو بیخی دا، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) هاتە سەر حەوزەکەو دەست نوێژی لێگرت، دوای ئەوە منیش هەستام دەست نوێژم گرت لە شوێنی دەست نوێژەکەی پێغەمبەر(ﷺ) جباری کوڕی صخریش ڕۆیشت سەرئاوی هەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەستا نوێژبکات منیش بوردەکەیم لەبەردابوو ویستم چمکەکانی ڕاست وچەپ بکەم نەگەیشتەوە بوردەکە ڕیشوی هەبوو وەری گێڕامە لای ڕاستی خۆی، دوایی جباری کوڕی صخریش هات دەست نوێژی گرت و لای چەپی پێغەمبەر (ﷺ) وەستا ئەمجا ملم بۆ کورت کردەوە و بەملم کرتم بۆ ئەوەی نەکەوێ ئەمجا هاتم لەلای چەپی پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هەردووکمانی گرت و پاڵیناین هەتا لەدوای خۆی یەوە ڕایگرتین و پێغەمبەر(ﷺ) چاوی تێبڕیبووم من هەستم پێنە دەکرد، تا دواتر تێگەیشتم مەبەستی چی یە؟ بەدەستی ئاماژەی کرد، وەك ئەوەی بڵێ: ئاومڕاستت ببەستە لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) لێ بوویەوە فەرمووی: ئەی جابر وتم: گوێڕایەڵتم ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئەگەر بووردەکەت گەومر بوو ڕاست وچەپەکەی بهێنەرەوە سەریەك، ئەگەر تەسك بوو لەسەر کەلەکەت ببیەستەڕۆیشتین لە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) خواردنی ڕۆژانەی هەریەك لە ئێمە دەنکە خورمایەك بوو، دەیمژی و لە پاشا لەناو

جله‌کانیدا گرێی نه‌دا ، به‌که‌وانه‌کانمان گه‌ڵا دارخورمامان دەوەراند دەمان خوارد هەتا شەوێگەمان بریندار بوو ،سوێند دەخۆم ڕۆژێ یەکێکیان نە بیر چو بوو، بردمان بۆلای خورما بەدەس هەڵمان دەگرت ، شایەتیمان بۆدا کە خورمای پێنەدراوە، پێیدرا، هەستا و وەریگرت ڕۆیشتین لە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەتا گەیشتینە شیوێکی فراوان ، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ پێویستی سەرئاو جەوەنوەیەکئاوم بەدوا دابرد ، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشای کرد شتێکی نەدی خۆی پێ بشارێتەوە، دوو درەخت لە کەناری نەو شیوەدا هەبوون ، پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆیشت بۆلای یەکێکیان لقێکی لێگرت و ڕایکێشا و فەرمووی بۆم دانەوە بەفەرمانی خوا ، لقەکە بۆی دانەوی وەك وشتری مەهارکراو کە بەدوای خاوەنەکەی دا دەڕوات ، نەمجا چوو بۆ لای درەختەکی تر ، لقێکی نەویشی ڕاکێشا و فەرمووی : بۆم دانەوە بە فەرمانی خوا ، نەویش دانەوی لەگەڵیا بە هەمان جۆر، هەتا لە ناوەڕاستی هەردووکیاندا گەیاندی بەیەك و فەرمووی : بەیەکەوە بنوسێن لەسەر من بە فەرمانی خوا نوسان بەیەکەوە جابر دەڵێ : من بە پەلە لەو شوێنە دوور کەوتمەوە نەکو پێغەمبەر(ﷺ) هەست بکات بەنزیکی من و دوور بکەوێتەوە دانیشتم خەیاڵم لەگەڵ دەروونی خۆم دەکرد ، لەناکاو سەرێکم هەڵبری پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو ڕووی من دەهات و درەختەکانیش لێك جیابوونەوە ، هەریەك لەسەربنکی خۆیان وەستابوون، پێغەمبەرم(ﷺ) بینی هەڵویستەیەکی کردو ئاماژەی بەسەری کرد { أبو نیسماعیلی (راوی) یە بە سەری خۆی ئاماژەی لای ڕاست و چە پی کرد نە پاشدا بەرەو ڕووم هات ، کاتێ گەیشتە لام فەرمووی : نەی جابر دیت لە کوێدا وەستا بووم ؟ وتم : بەڵێ نەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : بڕۆ بۆ لای نەو دوو درەختە ، لەهەریەیان لقێکی بڕەو بیانهێنە تا دەگەیتە شوێن وەستانەکەی من لەوێدا لقێکی بەلای ڕاستتەوەو لێقێکی بەلای چەپتەوە بەربدەوە ، جابر دەڵێ : هەستام بەردێکم هەڵگرت و شکاندم و تیژم کردو بۆم تیژبوو ،

چووم بۆلای هەردووک دەرخته‌که‌و نه هەر یه‌که‌یان لقێکم بڕی ، هاتم و بەدوای خۆمدا ڕامده‌کێشان هەتا نه شوێن وەستا نه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وەستام لقێکم به‌ردایه‌وه بەلای ڕاستمدا و لقێکیش بەلای چەپدا ، نەمجا چووم بۆ خزمەتی و پێم ووت : نەو کارەم نه نجامدا نەی پێغه‌مبه‌ری خوا نەوه له‌به‌رچی بو؟ فه‌رمووی : به‌ڕاستی من تێپەڕیم بەلای دوو قه‌بردا سزا دەدران ، حەزم کرد به تکای من هەندێ سزایان لەسەر هەڵگیرێ بەدانانی نەو لقه تەڕه هەتا به تەڕی مابن دەڵێ : هاتینه ناو سوپاکه پێغه‌مبەر(ﷺ) فەرمووی : نەی جابر هاوارکه بۆ ئاوی دەست نوێژ منیش هاوارم کرد : ئایا ئاوی دەست نوێژ نیه ؟ ئایا ئاوای دەست نوێژ نیه ؟دەڵێ: وتم : نەی پێغه‌مبری خوا لەم کاروانەدا یەک تەنۆک ئاوم دەست نەکەوتووه پیاوێکی نەنصاری هەبوو لە چەند کوندەیەکی کۆندا ئاوی بۆ پێغه‌مبەر(ﷺ) سارد دەکرد ، بەسیپایەکدا له لقی دارخورما پێکهاتبوو ، جابر دەڵێ : پێمی فەرموو : برۆ بۆ لای فلانی کوڕی فلانی نەنصاری تەماشا بکە ئایە کوندەکانی هیچ ئاویان تیادایه ؟ دەڵێ چووم تەماشایانم کرد هیچم تیادا نەدین جگه لە یەک تەنۆک ئاو که له هەنگڵی کوندەیەکیان دابوو ، نەگەر دامبکردایه نەدەگیشته دەمی کوندەکە ، هاتم بۆ خزمەتی پێغه‌مبەر(ﷺ) وتم : نەی پێغه‌مبەری خوا ئاوم دەست نەکەوت لەو کوندانەدا جگه له یەک تەنۆک لە هەنگڵی کونەدەیەکدا نەگەر ڕۆم بکردایه ووشکەکەی هەڵیدەمژی ، فەرمووی : بچۆ نەو کوندەیەم بۆ بهێنه، بۆم برد کوندەکەی بەدەستەوه گرت و شتێکی دەخوێند من نازانم چی بوو ؟ نەمجا بەدەستی خۆی گوشاردی دایه دەست من فەرمووی : نەی جابر بانگی تەشتێك بکه هاوارم کرد : نەی تەشتی کاروان هەڵیان گرت و بۆیان هێنام خستمەبەر دەستی پێغه‌مبەر(ﷺ) دەستی خستە ناو تەشتەکه و بلاوی کردەوه و پە نجەکانی لێك جیا کردەوه و نه مجا له بن تەشتەکه دا داینا و فەرمووی : نەی جابر کوندەکه بگرەو ئاوبکه بەسەر دەستمدا وبڵێ { بسم الله} ئاوم کرد بەسەر دەستیدا و

ووتم : { بسم الله } دیم ئاو هه‌ڵده‌قوڵا له نێو په نجه‌کانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له پاشدا ته‌شته‌که به تونده‌ی ئاوی لێ هه‌ڵده‌قوڵاو ئاوه‌که سووڕی ده‌خوارد، هه‌تا پڕبوو ، ئه‌مجا فه‌رمووی : ئه‌ی جابر بانگ بکه کێ پێویستی به ئاو هه‌یه ده‌ڵێ :

خه‌ڵك هاتن ئاویان خوارده‌وه هه‌تا پاڕاو بوونه‌وه وتم : ئایه که‌س ماوه پێویستی به ئاو ببێ ؟ پێغه‌مبه‌ر ده‌ستی ده‌رهێنا له ته‌شته‌که هێشتا پڕبوو خه‌ڵك هاواری برسیه‌تیان برد بۆ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی : نزیکه خوای گه‌وره خواردنتان بۆ بنێرێت :هاتینه سه‌ر که‌ناری ده‌ریا ، ده‌ریاکه شه پۆلێکی دا گیانلبه‌رێکی فڕیدایه ده‌ر ئاگرمان له‌سه‌ر لایه‌یه‌کی کرده‌وه کولاندمان و برژاندمان و خواردمان تا تێربووین جابر ده‌ڵێ : من و فلان و فلان پێنج که‌سی ژماردچووینه ناو کالانه‌ی چاویه‌وه‌که‌س نه‌یبینین تا هاتینه ده‌ر ، په‌راسوویه‌کمان هێناو خوارمان کرده‌وه گه‌وره‌ترین پیاوی ئه‌و کاروانه‌مان ، بانگ کردو گه‌وره‌ترین وشتر له کاروانه‌که‌دا گه‌وره‌ترین کۆپان واته : ئه‌و پیاوه‌یی سواری ئه‌و وشترو کۆپانه بوو چوو ژێر ئه‌و په‌راسووه سه‌ری دانه ده‌خست [٢٧٠]

موعجیزه‌ی (٢٥٣) هه‌رکه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بانگی کرد هێشووه دارخورما که به‌ته‌کاندان هاته خزمه‌تی:

ئیمامی ترمذی له عه‌بدوڵلای کوڕی عه‌باسه‌وه- خوا لێ یان ڕازی بێ – ده‌گێڕێته‌وه و ده‌ڵێ : پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به پیاوێکی ده‌شته‌کی وت : {أرأيت إن دعوت هذا العذق من هذه النخلة أتشهد أني رسول الله} واته : ئه‌گه‌ر به‌و هێشووه خورمایه بڵێم : وره و نه‌ویش بێت

---

[٢٧٠] پوخته‌ی صحیحی موسلیم به‌رگی ٢ لاپه‌ره ٢٥٤ـ ٢٦٠

، ئایا شایەتمان دەهێنیت کەمن پێغەمبەری خوام ؟ وتی بەڵێ : پێغەمبەر(ﷺ) بانگی کرد ، هێشوومکەش بەتەکاندان هاتە خزمەتی، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : بگەڕێوە نەویش گەڕایەوە جێی خۆی [٢٧١]

بەڕاستی پێویستە ئیمانداران بەو موعجیزە گەورەو ناودارانەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر دڵخۆش بن و شانازی بکەن بەوەی کەخوای گەورە کردوونی بە ئوممەتی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە وەهەوڵ بدەن ئەو موعجیزانە پێشکەش بە مرۆڤە سەرگەردانەکان بکەن کە ئەوەش گەورەترین دیاری یەو مایە سەرفرازی دنیاو دواڕۆژە .

موعجیزەی (٢٥٤) پێغەمبەر(ﷺ) بەوەنەوزەوە بەڕیگادا دەڕۆیشت درەختێك هاتە ڕێی یەکسەر دەرەختەکە دووکەرت بوو :

ئیمامی ئیبن فەورەك کە زانای هەرە گەورەی چەرخی خۆی بووە و لەبەر ئەوەی کە خاوەنی فەزڵ و ئیجتیهادی تەواوبووە بە شافیعی دووەم ناویان بردووە ئەم پیاوە زاناو خواناسە دەگێڕێتەوەودەڵێ : لە شەوێك لە شەوەکانی غەزای تائیفدا ، پێغەمبەر(ﷺ) بەوەنەوزەوە بەڕیگادا دەڕۆیشت درەختێك هاتە ڕێی ، یەکسەر درەختەکە دووکەرت بوو ، پێغەمبەریش (ﷺ) لە نێوانیانەوە تێپەڕیو تا نێستاش ئەم درەختە هەربە دوو لەتی ماوەتەوە بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەو ناوداراە [٢٧٢]

---

(٢٧١) صحيح رواه الترمذي وغيره

(٢٧٢) الشفا ١ / ٢٠١ نسيم الرياض ٣ / ٥٧

موعجیزه‌ی (٢٥٥) پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌ ئاسمانه‌وه‌ خواردنی بۆ ده‌هات:

ئیبن سه‌عد (ج٧،ص٤٢٨) له‌ فه‌رموده‌ی ئه‌شعه‌ثی کوڕی شوعبه‌ له‌ ئه‌رته‌ئه‌ی کوڕی مونزیر له‌ ضه‌ مرەی کوڕی حوبه‌یب له‌ خالیدی کوڕی ئه‌سه‌دی کوڕی حه‌بیب له‌سه‌له‌مه‌ی کوڕی نوفه‌یله‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت /: پرسیارم کرد له‌ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وتم : له‌ئاسمانه‌وه‌ خواردنت بۆ هاتووه‌ ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ ، وتم : ئایا هیچت لێ زیاد مایه‌وه‌ ؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ ، وتم چی لێ هات ؟ فه‌رمووی : به‌رزکرایه‌وه‌ بۆ ئاسمان ، هه‌روه‌ها حاکم له‌ (ج٤،ص٤٤٧) له‌سه‌له‌مه‌ی کوڕی نوفه‌یلی سکونیه‌وه‌ که‌ له‌ هاوه‌ڵانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بوو هێناویه‌تی ده‌ڵێت ئێمه‌ لای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بووین که‌که‌سێك هات و وتی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا ئایا له‌ ئاسمانه‌وه‌ خواردنت بۆ هاتووه‌ ؟ فه‌رمووی : {اتیت بطعام مسخنة} خواردنێکی گه‌رم بۆ هێنرا وتی : ئایا هیچت لێ زیاد بوو؟ فه‌رمووی : به‌ڵێ وتی چی لێ هات ؟ فه‌رمووی : به‌رزکرایه‌وه‌ بۆ ئاسمان وسروشی بۆ ده‌هێنام که‌من که‌م که‌م له‌ نێوانتاندا ده‌مێنمه‌وه‌ تا ده‌ڵێن تاکه‌ی ؟ پاشان به‌رمو ڕووی به‌هه‌ڵه‌ زانین ده‌بنه‌ومو یه‌کدی له‌ ناوده‌به‌ن ، له‌به‌ردم ڕۆژی دواییدا مه‌رگانێکی سه‌خته‌ دوای ئه‌وه‌ سالانی بوومه‌له‌رزه‌ دێن[٣٧٣]

---

[٣٧٣] حاکم ده‌ڵێت ئه‌م فه‌رموده‌ له‌سه‌ر مه‌رجی بوخاری و موسلیم سه‌حیحه‌و ئه‌یانهێناوه‌ زه‌هه‌بی ده‌ڵێت :هه‌والله‌که‌فه‌رموده‌که‌ له‌غه‌ریبه‌ سه‌حیحه‌کانه‌ له‌ (الاصابه‌ ج٢ ص٦٨) دا له‌باسی ژیانی سه‌له‌مه‌ی کوڕی نه‌وفه‌یلدا هاتووه‌

موعجیزه‌ی (٢٥٦) له‌ قاپه‌ حه‌لوایه‌ك سێ سه‌د كه‌س تێریان خوارد قاپه‌كه‌ش هه‌ر پڕبوو هیچی لێ كه‌م نه‌بوو بوو :

ئه‌نه‌سی كوڕی مالیك –خوا لێی رازی بێ– ده‌ڵێ :پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ژنی گواسته‌وه ،ده‌ڵێ: {ئوم سلیم}ی دایكم حه‌لوای دروست كردو كردیه قاژانێكی گه‌وره‌ی مسه‌وه و پێی وتم : ئه‌نه‌س ئه‌م حه‌لوایه ببه بۆ پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) وپێی بڵێ دایكم ئه‌مه‌ی بۆ ناردوویت و سڵاوێشی لێده‌كردی‌و ده‌یوت : ئه‌مه بۆ به‌رێزتان له‌ لایه‌ن ئێمه‌وه . شتێكی كه‌میشه منیش بردم بۆ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) پێم وت دایكم سلاوت لێده‌كات و ده‌ڵێ:ئه‌مه بۆ به‌رێزتان له‌ ئێمه‌وه ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) كه‌میشه فه‌رمووی : دایێ پاشان برۆ فلانه كه‌س و فلان وفلان و هه‌ركه‌سێكی ترت پێگه‌یشت بانگیان بكه ناوی چه‌ند پیاوێكی تریش برد ده‌ڵێ : ئه‌وانه‌ی ناوی بردن و هه‌ركه‌سێكی تریش پێم گه‌یشت بانگم كردن، ڕاوی ده‌ڵێ : پرسیم له‌ ئه‌نه‌س ژماره‌یان چه‌ند كه‌س بوون ؟ ووتی نزیكه‌ی سێ سه‌د كه‌س ، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی: ئه‌ی ئه‌نه‌س قاژانه‌گه‌وره‌مكه بێنه خه‌ڵكه‌كه چوونه ژووره‌وه تا هه‌یوانی مزگه‌وت و ژووره‌وه‌ش پڕبوو پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی : ئاده‌ی ده‌كه‌س ده‌كه‌س ئه‌ڵقه ببه‌ستن باهه‌ركه‌سێ له‌لای خۆیه‌وه بخوات ئیتر هه‌موویان نانیان خوارد هه‌تا تێربوون كۆمه‌ڵێ ده‌چوونه ژووره‌وه و كۆمه‌ڵێ ده‌هاتنه ده‌ره‌وه هه‌تا هه‌موویان تێربوون پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی : ئاده‌ی ئه‌نه‌س قاژانه‌كه لابببه ئه‌نه‌س ده‌ڵێ : قاژانه‌كه‌م لابرد نه‌مده‌زانی ئه‌وه‌كاته‌ی دامنا زۆر تری تێدا بوو یان ئه‌وكاته‌ی هه‌ڵمگرت؟ ده‌ڵێ چه‌ند كه‌سێكیان له‌ مانی پێغه‌مبه‌ردا مانه‌وه‌و ده‌ستیان كردبه قسه كردن پێغه‌مبه‌ریش دانیشتبوو ، هاوسه‌ره‌كه‌شی ڕووی كردبوه دیواره‌كه ئه‌و حاڵه‌یان له‌لاگران بوو له‌ سه‌ر دڵی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)، پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) سڵاوی له‌ خێزانه‌كانی كردو گه‌ڕایه‌وه هه‌ستیان

کرد لەسەر دڵی قوورس بوو ، ئەنەس دەڵێ : بەخێرایی ڕوویان کردە دەرگاکەو هەموویان چوونە دەرەوە پێغەمبەریش﴿ﷺ﴾ هات و پەردەکەی دادایەوە هاتە ژوورەوە من لە ژوورێك دا دانیشتبووم ، زۆری پێنەچوو تەشریفی هاتە دەرەوە لای من بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : {یأیهاالذین أمنوا لاتدخلوا بیوت النبي إلا أن ئوذن لکم إلی طعام غیر ناظرین إناه ولکن إذا دعیم فادخلوا فإذا طعمتم فانتشروا ولا مستانسین لحدث إن ذلکم کان ئوذی النبي } پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ چووە دەرەوەو ئایەتەکەی خوێندەوە بۆ خەڵکەکە ئەمە ماناکەیەتی : ئەی گرۆی نیمانداران مەڕۆنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە﴿ﷺ﴾مەگەر مۆڵەتتان پێ بدرێ بۆنان خواردنێك بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بن،بەڵام ئەگەر بانگهێشت کران بڕۆنە ژوورەوە ئەگەر نانتان خوارد بڵاوی لێبکەن و بەدیار قسەو باسەوە دامەنیشن ،چونکە ئەو کارەتان ئازاری دڵی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ دەدات جا شەرمیشتان لێدەکات، بەڵام خواشەرم لەهەق و ڕەوا ناکات ئەگەر داوای کەل و پەلیشتان لە هاوسەرانی پێغەمبەر کرد ئەوە لە پشتی پەردەوە داوا بکەن [٣٧٤]

بەڕاستی بەتەنها ئەو موعجیزەگەورەیە و بەناوبانگە بەسە بۆ کەسانێك کە دوورن لە پەیامی ئەم پێغەمبەرە ﴿ﷺ﴾ بۆ ئەوەی گومان و دوو دڵی لە ناو دڵەکانیان نەمێنێ و بەتەواوی دڵنیابن .

---

[٣٧٤] صحیح رواەالبخاری النکاح رقم : ٤٨٦٨ ، ٤٨٧٢

موعجیزه‌ی (٢٥٧) هه‌ر پارووپه‌کیان هه‌ڵده‌گرت له‌ بنه‌وه‌ زیادی ده‌کرد زیاتر له‌ پاروووه‌که‌:

له‌ عه‌بدوڕحمانی کوڕی ئه‌بوبه‌کره‌وه‌ ده‌ڵێ: { أصحاب الصفة} چه‌ند که‌سێکی هه‌ژار بوون ، پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ جارێکیان فه‌رمووی : هه‌رکه‌س خواردنی دوانی لا هه‌یه‌ باسیان به‌رێته‌وه، هه‌رکه‌س چواری لاهه‌یه‌ با پێنج،شه‌ش به‌رێته‌وه‌ یان شتێکی له‌م جۆره‌ی فه‌رموو: ئه‌بوبه‌کر هاته‌وه‌ به‌سێ که‌سه‌وه، پێغه‌مبه‌ر ﷺ ڕۆیشت به‌ده‌که‌سه‌وه، ئه‌بوبه‌کر به‌سیانه‌وه ، وتی : ئه‌و و من و باوکم و دایکم ، نازانم ئایه‌ وتی : خێزانم و خزمه‌تکارێک له‌ نێوان ماڵی ئێمه‌و ماڵی ئه‌بوبه‌کردا ، وتی :ئه‌بوبه‌کر نانی ئێواره‌ی خوارد له‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر ﷺ پاشان له‌وێ مایه‌وه‌ هه‌تا نوێژی عیشا کرا، دیسان گه‌ڕایه‌وەو مایه‌وه‌ تا پێغه‌مبه‌ر ﷺ خه‌و دایگرت ، هاته‌وه‌ دوای ئه‌وەی شه‌و ئه‌وندە لێ ڕۆیی که‌ خواویستی ، خێزانه‌که‌ی پێی وت: چی دوای خستیت له‌میوانه‌کانت ؟ نانیان نه‌خوارد تا تۆ بێیته‌وه نانیشیان بۆ دانان، به‌ڵام قسه‌ی خۆیان سه‌ر خست ، عه‌بدوڕه‌حمان ده‌ڵێ : من ڕۆیشتم خۆم شارده‌وه‌ له‌ ترسی باوکم بانگی کردم ئه‌ی ره‌زیل ، ئه‌ی نه‌زان دووعای لێکردم و قسه‌ی پێوتم وتی نان بخۆن عافیه‌تتان نه‌بێ {والله} من قه‌ت له‌گه‌ڵتان ناخۆم ، عه‌بدوڕه‌حمان ده‌ڵێ : سوێندم به‌خوا هه‌ر پارویه‌کمان هه‌ڵده‌گرت له‌ بنه‌وه‌ زیادی ده‌کرد زیاتر له‌ پاروووه‌که‌ ، ده‌ڵێ: هه‌تا تێرمان خوارد زیاتر بوو له‌ جاران ، ئه‌بوبه‌کر –خوای لێ ڕازی بێ –ته‌ماشای کرد وەك خۆی مابوو یان زیاتر ، به‌ خێزانه‌که‌ی وت : ئه‌مه‌چی یه‌ ئه‌ی خوشکی { بني فراس } ؟ واته‌ وتی: نه‌خێر چاووم ڕوون نێستا سێ قات زیاتره‌ له‌ جاران ، عه‌بدوڕه‌حمان ده‌ڵێ : ئه‌بوبه‌کر لێی خواردوو وتی : ئه‌وه‌ یش له‌ شه‌یتانه‌وه‌ بوو ، مه‌به‌ستی سوێنده‌که‌ی بوو، له‌ پاشدا پارووپه‌کی لێخواردو بردی بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ شه‌و تا به‌یانی لای ئه‌و مایه‌وه ،

دەڵێ : لە نێوان نیمەو قەومێك پەیمانێك هەبوو ماوەیەکەی تەواو بوو هاتن بۆ مەدینە دوانزە کەسمان لێکردن بە عەریف هەریەکێ لەوانیش چەند کەسێکیان لەگەڵ بوو خوا دەزانێ یەکی چەند کەسیان لەگەڵ بوو ، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) بە واندا خواردنەکەی نارد بۆیان هەموویان بەگشتی لێیان خوارد [٣٧٥]

موعجیزەی (٢٥٨) جگەری مەڕێك بەرەکەت داربێ و بەشی خەڵکێکی زۆر دەکات :

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر – خوا یان لێ ڕازی بێ –دەڵێ :سەدو سی کەس لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین، فەرمووی: ئایە کەستان خواردنتان پێ یە ؟ پیاوێك مەنێ ،یان نزیکی مەنێ خواردنی پێبوو کرایە هەویر ، دوای ئەوە پیاوێکی موشریکی قژ گڤی درێژ هات بڕگەیەك مەڕی دابوو لەبەر، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی :فرۆشتنە یان بەخشینە؟ ووتی :نەخێر فرۆشتنە مەڕێکی لێکڕی کرابەمەرگە نەمجا پێغەمبەر(ﷺ)فەرمانی دا جگەرەکەی ببرژێندرێ عەبدوڕەحمان دەڵێ: سوێندم بە خوا ئەو صەدو سی کەسە کەس نەماوە پێغەمبەر(ﷺ) پارچەیەك لەو جگەرەی بۆ لێ نەکاتەوە ئەگەر نامادەبووایە پێی دەدا ئەگەر لەوێش نەبوایە بۆی هەڵدەگرت دەڵێ :هەر لەو مەڕە دوولەگەن چێشتی دروست کرد هەموو لێمان خوارد و تێر بوین لێشی مایەوەو خستمە سەر پشتی وشترەکە [٣٧٦]

---

(٣٧٥) صحيح رواه البخاري مواقيت الصلاة رقم ٥٧٧

(٣٧٦) صحيح اخرجه البخاري / الهبة رقم ٢٤٧٥

موعجیزه‌ی (٢٥٩) پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ هه‌شتا که‌سی تێر کرد به پێخۆرێکی زۆر که‌م :

موسلیم له‌ (ج٢، س ١٧٨) له‌ ئه‌نه‌سه‌وه- خوای لێ رازی بێ – هێناویه‌تی ده‌ڵێت : ئه‌بو ته‌ڵحه‌ به‌ ئوم سوله‌یمی وت : ده‌نگی پێغه‌مبه‌رم ﷺ بیست که‌ لاواز بوو برسێتیم لێ به‌دی کرد ،هیچمان هه‌یه‌ بۆخواردن تا بانگی بکه‌م ، وتی : به‌ڵێ چه‌ند مشتێك گه‌نمی ده‌رهێناو دواتر په‌ڕۆیه‌کی هێناو پێچایه‌وەو خستیه‌ ژێر کراسه‌که‌م و دواتر گێڕایه‌وه، ئینجا ناردمی بۆلای پێغه‌مبه‌ر ﷺ چووم و سه‌یرمکرد پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌گه‌ڵ خه‌ڵکیدا دانیشتبوو، له‌ لایان وەستام پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی: ئه‌بو ته‌ڵحه‌ تۆی نارد :وتم : به‌ڵێ فه‌رمووی : بۆ خواردنێکه؟ وتم به‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر ﷺ به‌وانه‌ی چواردەوری فه‌رموو هه‌ستن که‌وتنه‌ڕێ و منیش له‌ پێشیانه‌وه‌ چووم تا چوومه‌ لای ئه‌بوو ته‌ڵحه‌و و پێم وت :ئه‌بوته‌ڵحه‌ وتی :ئه‌ی ئوم سوله‌یم پێغه‌مبه‌ر ﷺ له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵانیدا هاتووه‌ هیچمان نیه‌ دەرخواردیان بدەین وتی : خواو پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی باشتر دەزانن ئه‌بوته‌ڵحه‌ چووتا گه‌یشته‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر ﷺ وله‌گه‌ڵی هات تا هاتنه‌ ژووره‌وه‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمووی: {هلمی ماعندك یا ام سلیم} واته‌ :ئوم سوله‌یم چیت لایه‌ ئاده‌ی بیهێنه‌ ،ئه‌ویش ئه‌و نانه‌ی هێنا پێغه‌مبه‌ر ﷺ فه‌رمانی کرد پێی و ووردی کردو ئوم سوله‌یم جامێکی ڕۆنی هێناو پاشان پێغه‌مبه‌ر ﷺ هێنده‌ی خوا بیه‌وێت شتی له‌سه‌ر فه‌رموو، پاشان فه‌رمووی: {أذن لعشرة} واته‌ :ده‌که‌سیان بانگ بکه‌ بۆ ژووره‌وه‌ مۆڵه‌تی دان و هاتن و تێریان خواردوو چوونه‌ ده‌ره‌وه،دواتر فه‌رمووی: {أذن لعشرة} ئه‌وانیش هاتن و تێریان خواردو چوونه‌

دەرموەئه مجارەیش فەرمووی: مۆڵەتی دە کەسیان بدە بەو جۆرە هەموویان هاتن و تێریان خوارد هەموویان حەفتا یان هەشتا کەس بوون [٣٧٧]

بەڕاستی موعجیزەیەکی گەورەیە سوپاس بۆخوای گەورە وە دروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرمکەی﴿ﷺ﴾.

موعجیزەی (٢٦٠) نان و خواردنێکی پڕ پیت و بەرەکەت لە ڕۆژی خەندەق دا :

بوخاری لە جابرموە هێناویەتی و دەڵێت : لە ڕۆژی خەندەق چاڵمان هەڵدەکەند شتێکی ڕەق هاتەبەردەممان ، هاتن بۆلای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ووتیان : ئەم شتە ڕەقە لە چاڵەکە دا هاتووەتە ڕێمان ، فەرمووی : { انا نازل } واتە: من دادەبەزم بۆی پاشان هەستاو سکی بەبەردێك بەستبوو سێ ڕۆژ مابنەوە هیچمان نەخوارد پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ پێکەکەی هەڵگرت و لێیدابە تونڈی گەڕایەوە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا مۆڵەتم بدە بۆ ماڵەوە بەژنەکەم وت: پێغەمبەرم﴿ﷺ﴾لەبارێکدا دی کە هی خۆگرتن نەبوو،هیچ خواردن هەیە؟وتی گەنم و بزنم هەیە،بزنەکەم سەربڕی و گەنمەکەم هاڕی وکردمە هەویرو تا گۆشتەکەمان ئامادە کرد دواتر هاتم بۆ لای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و هەویرەکە ئامادەبوو و گۆشتەکەش لەسەر دوو بەردبوو ، خەریکبوو پێدەگەیشت، وتم سووکە نانێکم ئامادەکردووە ئەی پێغەمبەری خوا خۆت و کەسێك یان دووکەس ومن فەرمووی : چەندێکە ؟ وتم : ئەوەندەیە فەرمووی :{ کثیر طیب قل لها لاتنزع البرمة والخبز من التنور حتی اتی}واتە: زۆرپاکە، بەژنەکەت بڵێ

(٣٧٧) بوخاریش لە ئەنەسەوە بەو جۆرە هێناویەتی لە (البدایة والنهایة ج ٩ س ١٠٥ دا هاتووە

گلێنه‌که‌و نانه‌که له ته‌نوورمکه دەرنه‌کات تادێم فه‌رمووی هه‌ستن کۆچه‌ران و پیشتوانان و هاوده‌مانیان هاتن / کاتێك چوو بۆ لای ژنه‌که‌ی وتی: قوربه‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) کۆچه‌ران وو پشتیوانان وهاوده‌مانی هێناوه وتی: مه‌گه‌ر پێت وت ؟ وتی:به‌ڵێ فه‌رمووی : { ادخلو ولاتضاغطوا} واته: بچنه ژووره‌وه و قه‌ره‌باڵغی مه‌که‌ن نانه‌که‌ی پارچه‌پارچه دەکردو گۆشتی له‌سه‌ر دا دەناو گلێنه‌و ته‌نوورمکه‌ی دەخسته‌کارو دەیدا به هاوه‌ڵانی و داوتر لایدەبرد، به‌و جۆره وایدەکرد تا هه‌موو تێر بوون و هه‌مووی مایه‌وه، فه‌رمووی {کلی هذا واهدی فان الناس اصابتهم مجاعة} واته : بخۆو ببه‌خشه چونکه خه‌ڵکی تووش برسێتی بون ئه‌م فه‌رموودەیه بوخاری هێناویه‌تی و، هه‌روەها به‌یه‌قی له {الدلائل} له جابره‌وه به زیاتر هێناویه‌تی و تیایدا دەڵێت : که پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) به‌بڕی خواردنه‌که‌ی زانی به‌هه‌موو موسڵمانانی وت{قوموالی جابر} واته : هه‌ستن بچن بۆلای جابر، جابر دەڵێت : تووشی شه‌رمێك بووم که ته‌نها خوا دەیزانێت ، وتم : له‌سه‌ر مشتێك بڕێ گه‌نم و شتمان بۆ هات ، چووم بۆلای ژنه‌که‌م ووتم : حه‌یات چوو ، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) هه‌موو خه‌ڵکی خه‌نده‌قی هێناوه وتی : برسیاری لێ کردیت خواردنه‌که چه‌نده ؟وتم به‌ڵێ : وتی دەی خواو پێغه‌مه‌رمکه‌ی باشتر دەزانن ، دەڵێت: به‌ومژنه‌که‌م خه‌فه‌تێکی زۆری له‌سه‌ر لابردم پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی : بزنێك زۆره قه‌ره‌باڵغی مه‌که‌ن پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) سه‌رقاڵی چاککردنی گۆشته‌که بوو دەیدا به‌خه‌ڵکه‌که‌تا هه‌موو تێربوون و پرتر له‌سه‌ره‌تا مابویه‌وه پاشان فه‌رمووی : {کلی واهدی } واته : بخۆو به‌دیاریش بنێره ، نه‌و ژنه‌ش به‌ردەوام دەیخواردو نه‌وەڕۆژەش دەیبه‌خشی ، هه‌روەها ئیبن شه‌یبه هێناویه‌تی له کۆتاییه‌که‌یدا دەڵێت : پێی وتم نه‌وان هه‌شت سه‌د که‌س بوون [٢٧٨]

---

(٢٧٨) صحیح .له: البداية والنهاية) ج ٤ ص٩٧ دا وا هاتوه

بەڕاستی ئەوە موعجیزەیەکی نەوەندە گەورەیە کە وەك ڕۆژی ڕووناك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەسەلمێنێت و دڵنیایی وناسودەیی تەواو دەبەخشێ بە دڵ وەدەروون .

موعجیزەی (٢٦١) سێ سەد کەس تێربیان خوارد لە خواردنەکەی ئوم سولەیم کەچی وەك خۆی مایەوەو کەمی نەکرد :

هەر شەش کتێبە صەحیحەکانی فەرمووە لە پێش هەموویانەوە ئیمامی بو خاری و موسلیم لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە دەگێڕنەوە کەدەڵێ : پێغەمبەر(ﷺ) ژنی هێناو دایکم {ئوم سولەیم} خواردنێکی بەم بۆنەیەوە دروووست کرد کە پێی دەڵێن {حەیس} کە خواردنێکە لە خورماو ڕۆن و کەشك دروووست دەکرێت ئینجا خستیە ناو دەفرێکەوەو وتی : بڕۆ ئەمە ببە بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) و عەرزی بکەو : دایکم سەلامی لێ دەرکردیت و ئەمەی بۆ ناردیت و عەرزیشی بکە : ئەمەی کە ئێمە هێناومانە زۆر کەمە ئەنەس دەڵێ : بردم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی: بڕۆ فلان وو فلان وفلان و هەرکەسێکی تریش لە ڕێگا دا پێی گەیشتی بانگیان بکە، منیش ڕۆیشتم ئەوانەی پێغەمبەر(ﷺ) ناوی بردن و هەرکەسێکی ترم بینی بانگم کردن کاتێ گەڕامەوە بینیم ماڵەکە پڕبووە لەم کاتە دا یەکێك لەئەنەسی پرسی ژمارەیان چەند بوو ؟ وتی : نزیکەی سێ سەد کەس دەبوون پاشان وتی:چاوم لێ بوو پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پیرۆزی لەسەر خواردنەکە داناو چی خوا حەزیکات خوێندی بەسەریداو پاشان دەکەس دەکەسی بانگ دەکردن بۆ خواردن و پێی دەفەرموون:ناوی خوا بهێنن و هەرکەس لەبەردەمی خۆیەوە بخوات ئەوانیش ئەوەندەیان خوارد هەتا تێربوون،بەم جۆرە دەستەیەك دەهات و دەستەیەك دەڕۆیشت تا هەموویان

تێربوون،ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : ئەنەس وەرە هەڵی بگرە ، ئەنەس دەڵێ: نازانم کە یەکەم جار دامنا زیاتر بوو یان کە هەڵمگرت[٢٧٩] بەڕاستی زۆر سەیرمو جێگای سەرسوڕمانە بەدبەختانی دوور لە دین ئەو موعجیزە گەورەو ناوداراە دەبینین کەچی ئیمان ناهێنن و ڕێگای ڕاست ناگرنە بەر و بەرەو هەڵدێری و گومڕایی هەڵدەخلیسکێن.

موعجیزەی (٢٦٢) پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆمەڵێکی زۆری لە خەڵکی تێر کرد لەیەك مشت خواردەمەنی خواردەمەنیەکەش وەك خۆی مایەوە کەمی نەکرد :

ئیمای ئەحمد لە { المسند} دا (١/ ٥٩) لە ئیمامی عەلیەوە – خوای لێ ڕازی بێ- هێناویەتی کە فەرموویەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەوەی عەبدولموتەلیبی کۆکردنەوە ، یان بانگی کردن، کە کۆمەڵێکی زۆر بوون و هەریەکەیان {جذعە} یەکی دەخوارد، {جذعە} بەو ئاژەڵە دەوترێ کە لاو و بەهێزبێ، جا ئەو وشترەی کە پێی نابێتە ساڵی پێنجەم نەو مانگاو بزنەی پێیان نابێتە ساڵی دووەم و ، ئەو مەڕەی کە ساڵێکی تەواوکردبێ پێی دەڵێن {جذعە} یەك فەرمقیشی نەخواردووە {فەرمقیش } پێوانەیەکە کە شازدە ڕەتل دەبێتو یەك ڕەتڵیش دوازدە مشتە ئەوە بوو یەك مشت خواردەمەنی بۆ لێ نان ، هەر هەمەوویان دەستیان بە خواردن کردو تێریان خواردو خواردەمەنیەکەش وەك خۆی مایەوە، هەروەك دەستی لێنەدرابێ ، پاشان داوای دۆلکەیەکی بچووکی کرد ،هەموویان تێریان خواردەوەو خواردنەوەکەش وەك خۆی مایەوە ، هەروەك دەستی لێ نەدرابێ، یان لێی نەخورابێتەوە ،

(٢٧٩) صحيح رواه البخاري و مسلم وغيرهما

فەرمووی : { یابني عبدالمطلب إني بعثت إليكم خاصة و إلى الناس عامة ، فقد رأيتم من هذه الآية ما رأيتم ، فأيكم يبايعني على أن يكون أخي و صاحبي ؟} واتە : فەرمووی: ئەی نەوەی عەبدولموتە من پێغەمبەری پەوانە کراوم بە تایبەتی بۆلای ئێوەو بەگشتیش بۆلای هەموو خەڵکی ، موعجیزەی نەو نان و ئاوەشتان بەچاوی خۆتان بینی جا کێتان بەیعەتم دەداتێ هەتا براو هاوڵم بێت دەفەرموێ: تاقە کەسێك هەڵ نەستایەوە ئیمامی علی دەڵێ من کە بچوك ترینی خەڵکەکە بووم هەستامەوە بۆلای و فەرمووی : دانیشە پاشان نەمەی سێ جار فەرموو ، هەموو جارێك هەڵ دەستام و پێمی دەفەرموو دانیشە هەتا جاری سێ یەم نەوەبوو دەستی دا بەسەر دەستم دا [٢٨٠]

موعجیزەی (٢٦٣) هەموو نەوانەی لەخواردنەکەیان خوارد موسڵمان بوون و بەیعەتیان لەگەڵ پێغەمبەر دا ﷺ کرد :

کاتێ پێغەمبەر ﷺ کۆچی بۆ مەدینە کرد ، میوانی نەوبو نەبیوبی نەنصاری بوو، رۆژێکیان نەبو نەبیوب خواردنێکی بۆ پێغەمبەر ﷺ و نەبوبەکر دروست کرد ، نەوەندەی بەشیان بکات ، پێغەمبەر ﷺ بە نەبوو نەبیوبی فەرموو: { أدع ثلاثين من أشراف الأنصار } واتە: سی کەسم لە پێاو ماقوولانی یاریدەدەران بۆ بانگ بکە، نەویش بانگی کردنو هاتن و تێریان خواردو لێیان مایەوە، ئینجا فەمووی: {ادع ستين} واتە : شەست کەسی ترم بۆ بانگ بکە ، نەوانیش تێریان خواردوو لێیان مایەوە ، پاشان فەرمووی {ادع سبعين }

(٢٨٠) التفسير لابن كثير ٢ /٢٥٠ شرح حياة الصحابة ١ /٢٠٢ ـ ٢٠٤ هيثمي له ٨ / ٣٠٢ دا وتويه تى رواه احمد ورجاله ثقات

واتە: حەفتا کەس بانگ بکە ، ئەوانیش بە هەمان جۆر تێریان خواردوو لێشیان مایەوە، هەموو ئەوانەی کە هاتن و لەو خواردنەیان خوارد

موسڵمان بوون و بەیعەتیان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دا کرد جا ئەبوو ئەییوب – خوای لێ ڕازی بێ – دەڵێ : سەدو هەشتا کەس لەو خواردنەی منیان خوارد [٣٨١]

موعجیزەی(٢٦٤) ئەگەر نەیان پێوایە هەرلێیان دەخواردوو بەشیشی دەکردن :

لە صەحیحی موسلم و کتێبی { الشفا} و جگەلە وانیش چەسپاوە کە جابیر - خوا لێی ڕازی بێت – دەگێڕێتەوە کە جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)و داوای خواردنی لێ کرد ،ئەویش نیویار جۆی پێ دا،ئەم پیاوە خۆی و ژن ومیوانی ماوەیەکی زۆر لێیان دەخوارد ، هەتا جارێك بۆ ئەوەی بزانن چەندەی کەم کردووە پێوایان ،پاش پێوانەکە،دەرکەوت بەرەکەتە کەی نەماو وورە وورده کەم بووەوە ، ئینجا هاتە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)و بۆی گێڕایەوە ،ئەویش فەرمووی {لولم تكله لاكلتم منه ولقام بكم } واتە : ئەگەر نەتپێوایە هەر لێتان دەخواردو بەشیشی دەکردن [٣٨٢]

---

(٣٨١) رواه الطبراني والبيهقي (الشفا ٢٩٢/١

(٣٨٢) صحيح رواه مسلم

موعجیزەی (٢٦٥) قاپە گۆشتێك هەر لە بەیانی تا شەو دەستە بەدەستە خەڵك لێیان دەخواردوو و دەڕۆیشتن :

کتێبە صەحیحەکانی فەرموودە وەك (ترمذی و ، نەسائی ،.بەیهەقی و ، کتێبی { الشفا} لەسەموورەی کوڕی جوندو بەوە دەگێڕنەوە کە : جارێکیان قاپێك خواردنیان بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) هێنا کە هەندێ گۆشتی تێدا بوو، ئینجا هەر لە بەیانی یەوە تا شەو دەستە دەستە خەڵك دەهاتن لێیان دەخواردوو دەڕۆیشتن [٣٨٣]

موعجیزەی (٢٦٦) کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر لە خواردنەکەی دایکی جابیر یان خوارد لێشی مایەوە:

تەبەڕانی لە جابرەوە هێناویەتی دەڵێت :دایکم خواردنێکی ئامادەکردو وتی: بڕۆ بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) داوای میواندارای بکە، دەڵێ : چووم بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) و وتم : دایکم شتێکی ئامادەکردووە ئەومیش بە هاوەڵانی فەرموو : هەستن پەنجا کەس لەگەڵی هەستان لەبەر دەرگا دانیشتن و پێغەمبەر(ﷺ) فەرموو: {ادخل عشرة عشرة } واتە : دە دە بیانبەرە ژوورەوە ، خواردیان تا تێر بوونو لێی مایەوە [٣٨٤]

---

(٣٨٣) صحیح رواه الترمذی

(٣٨٤) هەیسەمی لە ج٨ ل٢٠٨ دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن

موعجیزەی (٢٦٧) خوای گەورە وەڵامی داواکاریەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دا دەداتەوە :

بەیەقی لەواسلەی کوڕی نەسقەوە هێناویەتی دەڵێت : ڕەمەزان بوو ئێمەش خەڵکەکە نەهلی صوفە بووین ڕۆژوومان گرت ، لە کاتی ڕۆژوو شکاندندا هەرکامەان لەگەڵ نەهلی بەیەقتدا ، دەچووین، شەوێك کەس نەیبردینەومو بەیانیمان کردەوە و هەموومان کەس نەهات بمانباتەوە چووین بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) ووتمان چی بووە ، ئەویش ناردی بۆلای هەریەك لە ژنەکانی تا پرسیاریان لێ بکات هیچیان لایە ؟ هەرکامیان هەرچی لابوایە لە ماڵەکەیدا دابەشی دەکرد ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : کۆببنەومو نزای کردوو فەرمووی : { خوایە داوای فەزڵ و ڕەحمەتی خۆت لێدەکەم ، چونکە بەدەستی خۆتە و جگەلە تۆ کەس بەدەستی نیە } هێندەی نەبرد هەرکەس داوای مۆڵەتی کرد بەرخێکی برژا و کولاو یشی هێنا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد خرایە بەردەستمان تا تێرمان خوارد پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : ئێمە داوای فەزڵ ڕەحمەتمان لە خوا کرد ئەمەش فەزڵیەتی و ڕەحمەتەکەش بۆمان لەلای ماوە [٣٨٥]

موعجیزەی (٢٦٨) ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەویش بهاتبانایە بەشی دەکردن :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع و ئەبووهورەیرە و عومەری کوڕی خەتتاب – خوایان لێ ڕازی بێ – دەیگێڕنەوە لە یەکێك لە غەزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) برسێتی ڕووی کردە ئەو خەڵکەی کە

---

٣٨٥) حدیث حسن لە (البدایة والنهایة) ج٦ ص ١٢٠ دا وا هاتووە

لە خزمەتی دا بوون، پێغەمبەر(ﷺ) داوای لێ کردین هەرچی خواردنیان پێ ماوە بیهێنن ، جا هی وا بو مشتێك یان زیاتری پێ مابوو ، دەیهێنا ئەوەی کە زۆری پێ مابوو صاعێك خورمایپێ مابوو دەیهێنا ، بەم جۆرە تا هەمووی هێنراو ئامادەکرا ئینجا لەسەر پارچە یەك کۆی کردنەوە سەلەمەی کوڕی ئەکوەع دەڵێ : قەبارەی بزنێك بەچۆکدا هاتبێت چەندەجێ دەگرێت ، ئەو خورماو خواردەمەنیەش هێندە جێ یان گرتبوو، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) داوای لەسوپاکەی کرد دەفرەکانیان لێ پربکەن ، بەڕادەیەك کە هیچ تووڕەکەو دەفرێك لە سوپاکە دا نەما پڕ نەکرێت ، سەرەڕای ئەمەش ، بەئەندازەی ئەوەی یەکەم جا کۆکرایەوە یان زیاتر ی لێ مابوویەوەخۆ ئەگەر هەموو خەڵکی سەر زەویش بهاتنایە بەشی دەکردن(٣٨٦)

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە کە بەدبەختانی دوور لەدین ئەم هەموو بەڵگەو موعجیزە گەورانە دەبینن کەچی هانیان نادات بۆ ئیمان هێنان بەرەو هەڵدێری و گومڕاییی هەڵدەخلیسکێن و ڕێگای ڕاست ناگرنەبەر .

موعجیزەی (٢٦٩) وەك چۆن یەکەم جار دانرابوو هەروەها بوو بەڵام جێگای پەنجەکانی تێدا دیاربوو :

چەند کەسێکی باوەڕ پێکراو وەك نووسەری پەرتووکی { الشفا} و ئیبن ئەبی شەیبەو تەبەرانی و چەند زانایەکی لێکۆڵەری تریش بەسەنەدێکی بەهێز و باشەوە دەگێڕنەوەکە ئەبوو هورەیرە – خوای لێ ڕازی بێت – دەڵێ : پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێد ام هەموو ئەهلی (صوففە) ی بۆ بانگ بکەم ئەهلی صوففەش هەژارە کۆچ کردووەکان بوون کەلە سەد

(٣٨٦) صحيح رواه البخاري ومسلم

که‌س زیارت ده‌بوون و له صوففه‌دا که سه‌کۆیه‌کی مزگه‌وت بوو نیشته‌جێ بوو بوون ، ئه‌بو هوره‌یره ده‌ڵێ : یه‌که یه‌که به شوێنیان دا گه‌ڕام تا هه‌موویانم کۆکرده‌وه‌و هێنامن ، ئینجا قاپێك خوارد نمان له به‌ردم دا دانرا ، ئێمه‌ش هه‌تا توانیمان لێمان خوارد ، که لێبوینه‌وه وه‌ك چۆن یه‌کەم جار دانرابوو ، هه‌روه‌ها بوو ، ئه‌وه‌نده نه‌بێت که جێگای په نجه‌کانی تێدا دیاربوون[٢٨٧]

موعجیزه‌ی (٢٧٠) باوه‌ڕدار له‌یه‌ك قاپدا ده‌خوات به‌ڵام بێباوه‌ڕله حه‌وت قاپدا ده‌خوات :

ته‌به‌رانی له مه‌یموونه‌ی کچی حارسه‌وه هێناویه‌تی : ده‌ڵێت : سائێکی ووشکه سائی هات و ده‌شته‌کیه‌کان ده‌هاتن بۆ مه‌دینه ، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمانی به هاوه‌ڵان دەکرد هه‌رکه‌سه‌و ده‌ستی یه‌کێك بگرێت و بیباته‌وه بۆ ماڵه‌وه‌و شه‌و میواندارى بکات ، شه‌وێکیان ده‌شته‌کیه‌ك هات ، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) خواردنێکی سادەو بڕێ شیری لابوو ، ده‌شته‌کیه‌که هه‌مووی خواردوو هیچی بۆ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) نه‌هێشته‌وه،شه‌وێك یان دووشه‌و مایه‌وه‌و نه‌ویش هه‌موو خواردنه‌که‌ی ده‌خواردن منیش به پێغه‌مبه‌رم(ﷺ) وت : خوایه به‌رەکەت نه‌ده‌یته نه‌م ده‌شته‌کیه، نانه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌خوات و به‌شی ناهێلێت ، پاشان شه‌وێکی دیکه هێنایه‌وه‌و ته‌نها که‌میکی خوارد به پێغه‌مبه‌رم(ﷺ) وت : مه‌گه‌ر نه‌مه هه‌ر نه‌و نیه به موسڵمانی هاتبوویه‌وه فه‌رمووی : { ان الكافر يأكل فى سبعة امعاء و إن المؤمن يأكل فى معى واحد} واته : بێباوەڕ له حه‌وت قاپدا ده‌خوات و باوەڕدار له‌یه‌ك قاپدا ده‌خوات[٢٨٨]

---

(٢٨٧) رواه الطبراني باسناد حسن

(٢٨٨) صحيح ده ڵێه می له ج ٥ س ٢٢ ده ڵێت ، ته به رانی به ته واوه تی هیناویه تی نه حمه د کۆتایيه که ی هیناوه که سه کانی سه نه دی ته به رانی سه حیحن

موعجیزه‌ی (٢٧١) پێی فەرموو بخۆو بەشی مالّ منداڵەکەشت بدە :

ئیبن جەریر لە حەسەنەوە – خوای لێ ڕازی بێ – هێناویەتی دەڵێت : لە {دومە تولجە نزیک} قاپێکی هێنا ئەو خواردنەی تێدابوو کە بینیتان پێشکەشی پێغەمبەرم(ﷺ) کرد ، ئەوکات سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) و خێزانەکانی پێویستیان پێ بوو کەلە نوێژ بووبووە بەکەسێکی فەرموو تا بیگێڕێت بەسەر هاوەڵەکانیدا ، کەس هەبوو دەستی دەبردە ناوی و بڕێکی دەردەهێناو دەیخوارد و هێنای بۆ خالیدی کوڕی وەلید دەستی بردە ناوی وتی : ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی یەکجار هەڵیانگرت من دووجار فەرمووی : { کل واطعم اهلك} واتە : بخۆو بەشی مالّ و منداڵەکەش بدە [٣٨٩]

موعجیزه‌ی (٢٧٢) ئەوە ڕزق و ڕۆزیەکە خوا بۆی دەرکردن :

بەیهەقی لە ڕێگەی ئەبو زوبەیر لە جابرەوە – خوایان لێ ڕازی بێ - هێناویەتی وەك لە { البداية والنهاية ج٤ ص٢٧٦} دا هاتووە دەڵێت : پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرکردایەتی ئەبو عوبەیدە ناردینی بۆ گەیشتن بە کاروانێکی قوڕەیش و بارێك خورمای پێداین کە جگەلە وەمان بۆ ئەبو ، ئەبو عوبەیدە بەدانە دانە پێیدەداین ، ئەبو زوبەیر وتی منیش وتم ئێوە چیتان پێدەکرد؟ جابر وتی : وەك منداڵ دەمانمژی دواتر ئاومان بەسەردا دەخواردەوە بەیانی تا ئێوارە ئاومان بۆ هەبوو، لەکەناری دەریادا شتێك وەك بەرزایەکی گەورە هەبوو

---

(٣٨٩) لە کنز العمال ج٤ ص٤٧ دا وا هاتووە

چووین سەیرمان کرد ئاژەڵێکە پێی دەوترێ {عەنبەر} ئەبوعوبەیدەوتی : مردووە مردارەوەبووە پاشان وتی نا ، بەڵکو ئێمە ئێردراوی پێغەمبەری خواین لە ڕێ خوادا ، ئێوەش ناچارن دەی بخۆن مانگێ بەسێ سەد کەس لێمان خوارد وەك گایان پارچە گابوو ، ئەبو عوبەیدە سیازە کەسمانی لای چاویەوە داناو پارچە ئێسکیکی گرت و

ڕێکی کردەوە ، دواتر گەورەترین وشتری هێنایە ژێری ، چەند پارچە گرشتێکمان بەزەرکراوی هەڵگرت ، کەهاتینە مەدینە چوینە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) و بۆمان باسکرد ، ئەویش فەرمووی :ئەوە ڕۆزیەك بوو خوا بۆی دەرکردن ، ئایا هیچ لە گۆشتەکەیتان پێ یە دەرخواردمان بدەن ؟ هێنامان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لێی خوارد [٣٩٠]

موعجیزەی (٢٧٣) ئەگەر وازی لێ بهێنابایە تا ڕۆژی دوایی دەستهارەکە دەیهارِی :

ئەحمەد لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت : کەسێ چوو بۆ لای مالْ و منداڵی و بینی پێویستیان هەیە چوویە دەر بۆ شت پەیدا کردن ، کاتێ ژنەکەی بینی هەستا بۆلای دەستهارەکەو داینا تەنوورەکەی گەرمکرد دواتر وتی : خوایە ڕۆزیمان بدە ، سەیری کرد تەشتەکە پڕبووە ، چوو بۆلای تەنورەکەش ئەویش پڕبووە ، پیاوەکە گەڕایەوەو وتی دوای من هیچتان دەسکەوت ژنەکەی وتی : بەڵێ لە پەروەردگارمانەوە هەستان بۆلای دەستهارەکە ئەوەی باسکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی {اما إنه لولم يرفعها لم تزل تدور إلى يوم القيامة }

---

(٣٩٠) موسلیم و ئەبو داود لە ئەبو زویەیرەوە هێناویانە وەك لە (البداية والنهاية) چ٤ ل٢٧٦) دا وا هاتووە

واته‌ : ئه‌گه‌ر به‌رزی نه‌کردایه‌ته‌وه‌ به‌رده‌وام تا ڕۆژی دوایی ده‌سوڕایه‌وه‌ { هه‌ یثه‌ می له‌ ج ١٠ ص ٢٥٦} دا ده‌ڵێ : ئه‌حمه‌د و به‌زار هێناویانه‌ و ده‌ڵێت : ژنه‌که‌ی وتی : خوایه‌ ئه‌وندەمان پێببه‌خشه‌ تا بیکه‌ین به‌ ئاردو هه‌ویرو نان سه‌یریکرد ته‌شته‌که‌ پڕله‌نانو ده‌ستهاڕمکه‌ش ده‌سوڕێ و ته‌نوورمکه‌ پڕبووه‌ له‌ نانی برژاو ، مێرده‌مکی وتی هیچتان لایه‌ ؟ ژنه‌که‌ی وتی : ڕۆژی خوایه‌ ، کابرا ده‌ستهاڕمکه‌ی هه‌ڵگرت ونه‌وەی چواردەووری کۆکرده‌وه‌ ، پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێی فه‌رموو ئه‌گه‌ر وازت لێبهێنابایه‌ تا ڕۆژی دوایی ده‌یهاڕی[٣٩١]

موعجیزه‌ی(٢٧٤) : ده‌رکه‌وتنی گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌و نیشانه له‌سه‌ر ڕاستی و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) :

به‌یه‌قی له‌ ئه‌بو هوره‌یره‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت : له‌ ئیسلامدا تووشی سێ موسیبه‌ت بووم که‌شتی وا سه‌ختم تووش نه‌بووه‌ ، مردنی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ که‌من هاوده‌می بووم ، شه‌هید بوونی عوسمان و تۆنشووه‌که‌ی ، ووتیان ئه‌بوهوره‌یره‌ تۆنشومکه‌ چی یه‌ ؟ وتی ئێمه‌ له‌سه‌فه‌رێکدا له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ بووین که‌ فه‌رمووی ئه‌ی ئه‌بوو هوره‌یره‌ ئایه‌ هیچت پێبیه‌ ؟ وتم : به‌ڵێ خورما له‌ تۆنشووه‌که‌مدا یه‌ ،فه‌رمووی:بیهێنه‌ منیش خورماکه‌م ده‌رهێناو هێنام بۆ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ ده‌ستی موباره‌کی لێداو نزای له‌سه‌ر کرد دواتر فه‌رمووی ده‌که‌س بانگ بکه‌ ده‌که‌سم بانگ کرد له‌ خورماکه‌یان خوارد تا تێر بوون، پاشان به‌و جۆره‌ بوون تا هه‌موو سوپاکه‌ نانیان خواردوو خورمایه‌که‌م بۆ مایه‌وه‌ له‌ تۆنشووه‌که‌مدا پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾فه‌رمووی: ئه‌ی ئه‌بو هوره‌یره‌ ئه‌گه‌ر ویستت شتیکی لێ

---

(٣٩١) ئه‌به‌رانی له‌ (المعجم الاوسط) دا به‌ هه‌ مان شیوه‌ هیناویه‌ تی که‌ سه‌ کانی سه‌ له‌ ده‌ که‌ ی سه‌ حیحن

وەربگریت دەست ببەرە ناوی و هەڵیمەدەرموە ، منیش لەسەردەمی پێغەمبەرو﴿ﷺ﴾ نەبو بەکر و عومەر و عوسمانداا لێم خوارد کە عوسمان شەهید کرا نەوەی لە دەستم دابوو نەوەی لە تۆیشوەکەمدا بوو بە تاڵان چو ، پێتان بڵێم چەندم لێ خوارد ؟ زیاتر لە دووسەد کۆڵم لێ خوارد [٢٩٢]

{ اللّٰه أكبر} لەو موعجیزە گەورە و بەناوبانگە بەڕاستی دەبوو نەو کەسانەی کە لە نەوپەڕی گومان و دوودڵی دان و لەئایینی نیسلام دوورن کە نەو موعجیزە گەورەیە دەبینن بەبێگومان بەتەواوی دڵنیابن و ڕووبکەنە نەو بەرنامە پاك و پیرۆزەی نیسلام سوپاس بۆ خوای گەورە وە درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾

موعجیزەی (٢٧٥) بەرەکەتێکی گەورە و ناودار بەهۆی نزای پێغەمبەری خوا( ) :

نەحمەد لە نەبوعەمری نەنساریەوە – خوا لێ ی ڕازی بێت – هێناویەتی دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لە غەزایەکدا بووین خەڵکە تەواو تووشی برسیەتی بوون لای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ داوای مۆڵەتیان کرد تا ولاخەکانیان سەر ببڕن وتیان خوا بەوە دەمانگەیەنێت ، کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب بینی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەیەوێت مۆڵەتیان بدات بەسەر بڕینی هەندێ لە ولاخەکانیان وتی : نەی پێغەمبەری خوا نەی نەگەر سبەینێ بەکەسی برسی بەدوژمن گەیشتین چۆن دەبین، بەڵکو نەگەر پێت باشە نەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ نزامان بۆ بکەیت نەو خۆراکەی ماویانە کۆی بکەیتەوە و لای خوا نزای بەرەکەتی بۆ بکەیت ، نەوا خوا بەنزاکەت دەمانگەیەنێ یان بەرەکەت

---

(٢٩٢) لە (البداية والنهاية) ج٦ س١١٦) دا وا هاتووە نەبو نەعیم لە (الدلائل س١٥٥) لە نەبو هورەیرەوە بەهەمان شێوە و ترمذی و نە حمە دیش بە کورتی بە و واتایە لێوەی هێناوە

ده‌خاته‌ نزاکه‌ت بۆمان پێغه‌مبه‌ر ﷺ داوای کرد چی ماوه‌ لایان بهێنن خه‌لکی تیکه‌ و دوو تیکه‌ زیاتر خواردنیان ده‌هێنا ، زۆرترینیان نه‌وه‌بوو مشتێ خورمای هێنا ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ کۆیکرده‌وه‌ و ئینجا هه‌ستا هێنده‌ی خوا بیه‌وێ نزای کرد دواتر داوای کرد سوپاکه‌ قاچاخه‌کانیان بێنن و لێیببه‌ن هه‌موویان قاپه‌که‌یان پرکردن و نه‌وه‌نده‌ش مایه‌وه‌ ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ پێکه‌نی تا دانه‌کانی پێشه‌وه‌ی ده‌رکه‌وتن و فه‌رمووی : (شایه‌تی ده‌دم هیچ په‌رستراوێك نیه‌ جگه‌ له‌خوا و منیش پێغه‌مبه‌ری خوام، هه‌ربه‌نده‌یه‌کی باوه‌ڕدار به‌و دووانه‌ بگاته‌وه‌ به‌خوا ، نه‌وا له‌ڕۆژی دواییدا دۆزه‌خی له‌سه‌ر قه‌ده‌غه‌ ده‌کرێت . [٣٩٣]

موعجیزه‌ی (٢٧٦) زه‌ماوه‌نده‌که‌یان پڕ پیت و به‌ره‌که‌ت بوو:

به‌ڕیوایه‌تێکی صه‌حیح چه‌سپاوه‌ که‌ : کاتێ پێغه‌مبه‌ر ﷺ فاتیمه‌ی کچی له‌ ئیمامی عه‌لی ماره‌ کرد ، فه‌رمانی فه‌رموو به‌ بیلال بچێت چوار پێنج مشت خۆراك له‌ قاپێکدا ئاماده‌ بکات و یه‌کسه‌ر حوشتریش بهێنێت تا سه‌ری ببڕێت بۆ ئاهه‌نگ و زه‌ماوه‌نده‌که‌یان بیلال ده‌ڵێ هێنامن و پێغه‌مبه‌ر ﷺ وشتره‌که‌ی سه‌ربڕی و پاشان فه‌رمانی فه‌رموو که‌ میوانه‌کانی ده‌سته‌ ده‌سته‌ بێنه‌ ژووره‌وه‌ ، نه‌وانیش هاتن و له‌ خواردنه‌که‌یان خوارد هه‌تا تێربوون ، ئینجا به‌شێکی لێ زیاد بوو ، پێغه‌مبه‌ر ﷺ دووعای به‌ره‌که‌تی به‌سه‌ردا خوێند و فه‌رمانی دا ببڕێت بۆ خێزانه‌کانی و پێی فه‌رموون : خۆتان و نه‌وانه‌ش دێن بۆلاتان لێ ی بخۆن . [٣٩٤]

---

[٣٩٣] نه‌سائی به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی له‌ (البدایة والنهایة ج٦ ، ص١١٤)دا هاتووه‌ ، ئیبن سه‌عد (ج١.ص١٨٠) له‌ ئه‌بو عه‌مره‌وه‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی ، ئه‌بو نه‌عیم له‌ (الدلائل ، ص١٤٨) له‌ ئه‌بوهوره‌یره‌ و جابره‌وه‌ و موسلیمیش له‌و دوانه‌ هێناویانه‌ ، ئه‌حمه‌د و موسلیم و نه‌سائی له‌ ئه‌بوهوره‌یره‌وه‌ به‌هه‌مان شێوه‌ هێناویانه‌ له‌ (البدایة والنهایة ج٦ ، ص١١٣) دا واهاتووه‌ .

[٣٩٤] الشفا ٢٩٧/١ .

موعجیزه‌ی (٢٧٧) هەزار و چوار سەد کەس لێیان خوارد کەچی کەمی نەکردبوو و وەك خۆی مابوو:

نەبو یەعلا لە ئیاسی کوڕی سەلەمەوە لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت : ئێمە لە غەزای خەیبەر لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بووین ، فەرمانی پێکردین چیمان پێیە کۆی بکەینەوە ، واتە : خورما ، ئێمەش شتێکمان ڕاخست و لەسەری بلاوماں کردەوە و وەستام سەیرم کرد و دەورمدا وەك پەچەی مەڕ و ئێمەش چوارده سەدی بووین ، واتە : هەزار و چوارسەد کەس لێمان خوارد و دواتر سەریم کردەوە وەك خۆی مابوو ، ئینجا فەرموودەی بەرەکەتی ناوەکە دێنێ. (٣٩٥)

موعجیزه‌ی(٢٧٨) دەعوەتێکی ناودار و پڕ پیت و فەڕ :

ئیمام جەعفەری صادق لە ئیمام موحەممەدی باقری باوکیەوە ئەویش لە ئیمام زەینولعابیدینی باوکیەوە ئەویش لە ئیمامی عەلیەوە- خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێ – دەگێڕێتەوە کە : فاتیمەی کچی پێغەمبەر ﷺ قازانێك خواردنی بۆ خۆی و ئیمامی عەلی لێنابوو ، پاشان داوای لە ئیمامی عەلی کرد بچێت بەدوای پێغەمبەردا ﷺ تاکو ئەویش بەشداری ئەو خواردنەیان بکات ، کاتێ کە پێغەمبەر ﷺ تەشریفی هێنا فەرمانی بە فاتیمەدا – خوا لێ ی ڕازی بێ – بۆهەریەکە لە خێزانەکانی قاپێك تێ بکات ، ئینجا خۆی و

---

(٣٩٥) موسلیم لە ئیاس لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت : نانمان خوارد تا تێزبووین ، ئینجا جوێکانە و شتەکانمان پڕ کردن ، لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٥)دا هاتووە .

نیمامی عەلی و بۆ فاتیمە ، پاشان کە خواردنەکە هەڵگیرا ، قازانەکە هەر لێوان لێوبوو فاتیمە – خوا لێ ی ڕازی بێ – دەڵێ:تا خوا حەزبکات لێمان خوارد . (٣٩٦)

موعجیزەی (٢٧٩) هەموو خەڵکەکە لە خواردنەکەیان خوارد تەنها سێ یەکیان لێ خوارد دوو بەشی لێ مایەوە .

تەبەڕانی لە عەبدوڵلای کوڕی عەباسەوە - خوا لێ ی ڕازی بێ – هێناویەتی دەڵێ : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ خەندەقی لێدەدا و هاوەڵان لەتاو برسیەتی بەردیان لەسەر سکیان بەستبوو ، کاتێ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەوەی بینی فەرمووی : ﴿ هل دللتم على رجل يطعمنا أكلة ﴾ واتە : ئەرێ کەس دەناسی شتێ خوارد نمان پێ بدا؟ کەسێ وتی : بەڵێ فەرمووی : نا بڕۆ و بمانبە بۆڵای چوو بۆ ماڵی کابرا و نەو لەخەندەقەکەدا پشکی خۆی وەردەگرت ، ژنەکەی هەوالی نارد با بێتەوە، چونکە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هاتووە بۆ لامان و کابرا خێرا هاتوو وتی بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم ، بزنێکی هەبوو کارێکیشی هەبوو گرتی ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : ﴿ البحدى من ورائها ﴾ کارەکەی لە دواوەیە نەویش کارەکەی سەر بڕی و ژنەکە هەویرێکی بۆ شێلا و نانی کرد و کردی بە تریت و لەبەردەم پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ و هاوەڵانیدا خواردنەکەی دانا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پە نجەی خستە ناوی و فەرمووی : ﴿ بەناوی خوا خوایە بەرەکەتی بخەیتە ناو ، بخۆن ﴾ ، هەموو خواردیان و تەنها سێ یەکیان لێ خوارد و دوو بەشی مایەوە ، نەو دەکەسەی لەگەڵی بوون ڕایسپاردن بچن و دوای نەوان هێندەی دی بێنن ، دە کەس دە کەس تا هەموویان تێربوون ، پاشان هەستاو نزا ی کرد بۆ ژنی ماڵەوە و ناوی خوای هێنا لەسەر ژنەکە و خێزانەکەی پاشان چوو بۆ خەندەقەکەو

---

(٣٩٦) الشفاء ٢٩٤/١ .

فەرمووی : ﴿ بمان بەن بۆلای سەلمان ﴾ بەردێك لەبەردەستی دابوو بۆی نەدەشکا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی :

﴿ وازم لێ بێنن با من یەکەم کەس بم لێی بدەم ﴾ فەرمووی : بەناوی خوا لێیدا سێ یەکی شکا فەرمووی : اللە أکبر سوێند بە پەروەردگاری کەعبە کۆشکەکانی شام ، پاشان دیسان لێیدا و بەشێکی دیکەی شکا و فەرمووی : سوێند بە پەروەردگاری کەعبە کۆشکەکانی فارس ، ئەو کات دوو رووەکان وتیان ئێمەش خەندەق لێدەدەین و ئەویش بەلێنی کۆشکەکانی فارس و رۆممان پێدەدات.[٣٩٧]

موعجیزەی (٢٨٠) قاپە خورماکە و موعجیزەیەکی گەورە و ناودار :

ئیبن عەساکیر لە عربادەوە – خوا لێ ی رازی بێ – هێناویەتی دەڵێت : من لەسەفەر و ماڵەوە لەبەردەرگای پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ بووم شەوێك لە تەبووك بووین یان بۆ پێویستیەك چووین گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ سەیرمان کرد خۆی و ئەوانەی دەوری نانیان خواردووە ، فەرمووی : لە ئێوارەوە لە کوێ بوون ؟ منیش هەوالم پێدا جوعالەی کوڕی سوراقە و عەبدوللای کوڕی مەعقەلی موزەنی دەرکەوتن ، ئێمە سێ کەس بووین هەموومان برسی بووین ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ چوویە ماڵی ئوم سەلەمە و داوای شتێکی کرد تا بیخۆن ، بەڵام هیچی لادەست نەکەوت بیلالی بانگ کردوو فەرمووی : هیچ شتێ نیە ؟ ئەویش قاپە پێستینەکەی هەڵگرت و حەوت خورمای کۆ کردەوە و خستیە قاپێك پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەستی

---

[٣٩٧] لە (البداية والنهاية ج٤ ، ص١٠٠)دا هاتووە .

لەسەر دانان و ناوی خوای هێنا و فەرمووی : بەناوی خواوە بخۆن ، ئێمەش خواردمان ، من پە نجا و چوار خورمام ژمارد هەموویان دەژمارد و ناوکەکەشیانم لەدەستەکەی دیکەمدا بوون ، دوو هاوڕێکەشم هەمان شتیان دەکرد ، هەرکامیان پە نجا خورمایان خوارد دەستمان بەرزکردەوە سەیرمان کرد حەوت خورماکە وەك خۆی ماون ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : ﴿ یا بلال ارفعهن فی جرابك ﴾ واتە : ﴿ بیا نخەرە قاپە پێستینیەکەت ﴾ بۆ بەیانی خستیە قاپێك و پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی : بەناوی خواوە بخۆن و ئێمەش خواردمان تا تێربووین ، ئێمەش دە کەس بووین ، دەستمان هەڵگرت خورماکان وەك خۆیان بوون، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی:﴿ نەگەر شەرم کردنم لە پەروەردگار نەبوایە لەم خورمایانەم دەخوارد تا کاتێ دەگەڕێینەوە مەدینە ﴾ کاتێ گەڕایەوە مەدینە گەیشت بە غولامێ لە خەڵکی مەدینە و خورماکانی دا بەو غولامە.نەویش خورماکانی دەمژی و دەچوو . [394]

بەڕاستی موعجیزەیەکی گورە و بەناوبانگە سوپاس بۆ خوای گەورە وە درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەرەکەی ﴿ﷺ﴾.

موعجیزەی (٢٨١) سێ مشتە جۆ شەش مانگ لێیان خواردوو هیچی کەم نەکرد :

حاکم لە (ج٣،ص٢٤٦) لە نەوفەلی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولوتەلیبەوە هێناویەتی ، بۆ هاوسەرگیری داوای یارمەتی لە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ کردووە نەویش نافرەتێکی لێ مارە کردووە نەویش بۆ شتێ گەڕاو هیچی دەست نەکەوت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەوبو ڕافع و نەبو

---

[394] لە (البداية والنهاية ج٦ ، ص١١٨)دا هاتووە .

ئه‌ییوبی به قه‌ڵغانه‌که‌ی نارده لای جوله‌که‌یه‌ك به‌سێ مست جۆ به‌ڕه‌هنیدا ، پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ خواردنه‌که‌ی دا به من و نیو سانْ لێمان خوارد دواتر کێشامان ، سه‌یرمان کرد وه‌ك سه‌ره‌تای وایه نه‌وفه‌ل وتی : ئه‌وم باسکرد بۆ پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی : ئه‌گه‌ر نه‌تکێشایه تا دەمایت لێت ده‌خوارد . (٣٩٥)

به‌ڕاستی ئه‌وه موعجیزه‌یه‌کی ئه‌وه‌نده گه‌وره‌یه که وه‌ك ڕۆژی ڕوونه‌اك پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ دەسه‌لێنێ وه گومان و دوودڵی لا ده‌بات له‌ناو دڵه‌کاندا .

موعجیزه‌ی (٢٨٢) خورماکان به‌ده‌وری جله‌که‌دا ده‌که‌وتن له‌به‌ر زۆری :

ئه‌بو نه‌عیم له (الدلائل ص١٨٠) له سه‌عیدی کوڕی مینائه‌وه هێناویه‌تی کچی به‌شیری کوڕی سه‌عد خوشکی نوعمانی کوڕی به‌شیر وتی : عه‌مره‌ی کچی ڕه‌واحه بانگی کردم و پڕی دوو مشت خورمای کرده ناو چاکم و وتی : کچی شیرینم ئه‌وه ببه بۆ باوکت و خاڵت ، عه‌بدوڵلای کوڕی ڕه‌واحه تا نانه‌که‌یان بخۆن ، منیش گرتم و که‌وتمه ڕێ و دام به‌لای پێغه‌مبه‌ردا ﴿ﷺ﴾ کاتێ بۆ باوکم و خاڵۆم دەگه‌ڕام پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی : بیهێنه منیش کردمه دەستی پێغه‌مبه‌ر و پڕی کرد ، فه‌رمانی کرد جلێ ڕاخراو خورماکانی له‌سه‌ر دانا‌و له‌سه‌ر جله‌که بوو ، پاشان به‌که‌سێکی لای خۆی فه‌رموو (له‌ناو خه‌ڵکی خه‌نده‌قدا هاوار بکه‌ن ومرن بۆ نان خواردن خه‌ڵکی خه‌نده‌ق له‌سه‌ری کۆبوونه‌وه و لێیان ده‌خوارد خورماکه‌ش زیادی ده‌کرد تا هه‌موویان لێبوونه‌وه و خورماکه‌ش به چواردەوری جله‌که‌دا دەکه‌وت له‌تاو زۆری . (396)

---

(396) له (البداية والنهاية ج٦ ، ص١١٦) له ئیبن ئیسحاق له سه‌عیدەوه به هه‌مان شێوه هێناویه‌تی . به‌ڵام واهاتووه : فه‌رمانی کرد جلێ ڕاخرا پاشان خورماکه‌ی داواکردوو له‌سه‌ر جله‌که ڕشتی .

موعجیزه‌ی (٢٨٣) تێشووی سواره‌کانی تیره‌ی ئه‌حمه‌س و ڕوودانی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره :

پێشه‌وایانی وەك : ئه‌بو داود و ئه‌حمه‌دی کوڕی حه‌نبه‌ل و به‌یهه‌قی له‌ دووکه‌ینی ئه‌حمه‌سی کوڕی سه‌عیدی موزه‌ینه‌وه‌ و له‌ نوعمانی کوڕی موقه‌ڕرینی ئه‌حمه‌سی موزه‌ینه‌وه‌ که‌ خۆی و هه‌ر شه‌ش براکه‌ی به‌ هاوه‌ڵیه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ شه‌رمفه‌مه‌ند بوون هه‌روه‌ها له‌ ڕیوایه‌تی جوره‌یر و چه‌ند ڕێیه‌کی تره‌وه‌ دەگێڕنه‌وه‌ که‌ : پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمانی به‌ عومه‌ری کوڕی خه‌تابدا- خوا لێ ی ڕازی بێ - تێشوو به‌چوار سه‌د سواره‌ی تیره‌ی ئه‌حمه‌س بدات عومه‌ر عه‌رزی کرد : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا هه‌رچیه‌ك هه‌یه‌ ته‌نها چه‌ند صاعێکه‌ پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ فه‌رمووی : برۆ بیانده‌ێ عومه‌ر ڕۆیشت و له‌و خورمایه‌ی که‌ به‌ئه‌ندازه‌ی جێ ی به‌چکه‌ وشترێك که‌ (یخ بووبێت) جێگای گرتبوو ، به‌شی هه‌موویانی داو پاشان وەك خۆیشی مایه‌وه‌ . [397]

موعجیزه‌ی (٢٨٤) په‌رداخه‌ شیره‌که‌ گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تیه‌ :

ئه‌بو هوره‌یره‌ - خوا لێ ی ڕازی بێ – ده‌ی وت : سوێند به‌و خوایه‌ی هیچ په‌رستراوێکی به‌هه‌ق نیه‌ جگه‌ له‌و هه‌ندێکجار له‌به‌ر برسیه‌تی زۆر ده‌یدا له‌ جه‌رگم و دادەنیشتم له‌سه‌ر زه‌وی ، هه‌ندێ جار به‌ردم ده‌به‌ست به‌سه‌ر سکمه‌وه‌ له‌به‌ر برسیه‌تی ، ڕۆژێکیان له‌و سه‌ره‌

---

[397] (رواه أحمد والطبراني ، ورجاله رجال الصحيح .

ڕێیه‌ دادەنیشتم که‌ مسوڵمانان پێیادا تێدەپەڕن ، ئەبوبەکر - خوا لێ ی ڕازی بێ - تێپەڕی پرسیارێکم لێ کرد دەربارەی یەکێ لە ئایەتەکانی قورئان بۆ ئەوەش بوو کە خواردنێکم بداتێ و تێربببم و تێپەڕی و هیچی نەدامێ پاشان عومەر - خوا لێ ی ڕازی بێ - تێپەڕی و پرسیارێکم لێ کرد دەربارەی قورئان بۆ ئەوە بوو تێرم بکات ، بەڵام ڕۆیشت و هیچی نەدامێ پاشان ئەو (أبوالقاسم) پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ تەشریفی هێنا کاتێ بینیمی زەردەخەنەیەك گرتی زانی چی لەدڵ و ڕوخسارم دایە پاشان فەرمووی : ئەی (ئەبو هر) لەبەر خۆشەویستی بەو جۆرە بانگی کردووە وتم : لە خزمەتتدام ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی : وەرە بەدوامدا ، ڕۆیشت و چووم بەدوایدا ، چووە ماڵێك و مۆڵەتی خواست و مۆڵەتی منیشی دا ، پەرداخێ شیری دەستکەوت فەرمووی : ئەم شیرە لەکوێوە دەستکەوتووە ؟ وتیان : فلانە کەس بەدیاری بۆتی ناردووە ، فەرمووی : (أبو هر) وتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی : بچۆ لای (أهل الصفة) بانگیان بکە بۆ لام ئەبو هورەیرە - خوا لێ ی ڕازی بێ - دەڵێ :

(أهل الصفة) میوانانی ئیسلام بوون ، بێ خێزان و بێ ماڵ و بێ کەس بوون ، هەرکات خێرێ بهاتبایە بۆ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ هیچی لێ هەڵنەدەگرت و هەمووی دەنارد بۆ ئەوان ، هەرکات دیاریەکیشی بۆ بهاتبایە هەندێکی بۆ ئەوان دەنارد و بەشداری دەکردن ، منیش ئەمەم پێناخۆش بوو ، بۆیە وتم جا ئەم چۆرە شیرە چ سودێك بە (أهل الصفة) دەگەیەنێ ؟ مەبەستی ئەوە بوو پەرداخێك شیر بۆ خەڵکێکی زۆر چۆن بەش دەکات ؟ ئەم شیرە بۆمن باشە ، بیخۆمەوە و گۆڕێکم بەبەردا بێنێ ، بەڵام کە فەرمانی پێدام دەبوا شیرەکەیان بۆ بگێڕم بیرم کردەوە کە ئەم چۆرە شیرە چ سودێکی دەبێت ، بەڵام هەر دەبێ گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بم ﴿ﷺ﴾ بەهەر حاڵ چووم بۆ لای (أهل الصفة) و بانگم کردن و هاتن و مۆڵەتیان خواست و مۆڵەت دران و لە ماڵەکەدا دانیشتن ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : (أبو

هر) عەرزم کرد : بەڵێ لەخزمەتدام ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : شیرەکە هەڵگرە و بیاندەرێ ئەبو هورەیرە دەڵێت : پەرداخە شیرەکەم هەڵگرت و دەستم کرد بە گێرانی و یەکە یەکە دەمدا بە پیاوەکان و هەریەکەیان لێ ی دەخواردەوە تا تێر دەبوو پاشان پەرداخەکەی دەدامەوە و بەهەمان جۆر دەمدا بە یەکێکی تریان تا تێر دەبوو ئەویش دەیدامەوە بەو جۆرە تا گەیشتمە سەرەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پەرداخەکەی گرت و خستیە سەر دەستی ، سەیرێکی منی کرد و ، زەردەخەنەیەکی کردوو فەرمووی : (أبو هر) عەرزم کرد : بەڵێ لە خزمەتدام ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : من و تۆ ماوین عەرزم کرد : ڕاست دەفەرموویت ئەی پێغەمبەری خوا ، فەرمووی : دانیشە تۆش بخۆرەوە دانیشتم و شیرەکەم خواردەوە فەرمووی : بخۆرەوە خواردمەوە بەردەوام دەیفەرموو : بخۆرەوە تا گەیشتە ئەوەی وتم : نەخێر : سوێند بەو زاتەی تۆی بەهەق ڕەوانە کردووە ، ئیتر جێ نەما تا بەڕێکەم فەرمووی : دەی پەرداخەکەم بدەرێ ، منیش پەرداخەکەم دایە دەستی ، ئەویش سوپاس و ستایشی خوای کردوو ناوی خوای بردو پاشماوەی شیرەکەی خواردەوە.[398]

بەڕاستی تەنها ئەو موعجیزە گەورە و بەناوبانگە بەسە تا گەورەترین بەڵگە بێ لەسەر ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ پێویستە بڕواداران بە بینینی ئەو موعجیزانە زیاتر دڵخۆش بن و بڕوایەکەیان پتەو تر بێ وە هەوڵ بدەن ئەوموعجیزە ناودارانە پێشکەش بە مرۆڤە سەرگەردانەکان بکەن کە گەورەترین دیاریە و مایەی سەرفرازی دنیا و قیامەتە .

---

[398] (پوختەی صەحیحی بوخاری لاپەرە ٩٠٨ – ٩٠٩) .

موعجیزەی ﴿٢٨٥﴾ ئافرەتەکە ناوی لە پێغەمبەری خوا ﷺ نابوو موبارەک :

بەیهەقی و ئیبن عەساکیر لە ئەبوبەکرەوە - خوا لێ ی ڕازی بێ – هێناویانە کە فەرموویەتی : لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککەوە کەوتینە ڕێ لەگەشتی کۆچکردندا تا گەیشتینە ئاوەدانیەکی عەرەب پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری مانێکی کرد لە کەنارەوە و ڕووی لێنا کە دابەزین ،

تەنها ئافرەتێکی لێ بوو نەویش وتی : ئەی بەندەی خوا من ئافرەتم و کەسیشم بەلاوە نیە ، ئەگەر میواندارێتان نەوێ بچن بۆلای سەرداری هۆز پێغەمبەری خوا ﷺ بەگوێ ی نەکرد نەمەش لای نێوارەوە بوو کوڕێکی ئافرەتەکە چەند بزنێکی خۆی دابووە بەر و هاتەوە دایکی پێی وت ڕۆلە ئەم بزن و چەقۆیە بەرە بۆ ئەو دوو پیاوە و پێیان بڵێ : دایکم دەڵێت : ئەم بزنە سەر ببڕن و خۆتان تێر گۆشتی لێ بخۆن و بەشی نێمەش بدەن کاتێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ﴿ انطلق بالشفرة وجئني بالقدح ﴾ واتە : چەقۆکە بەرەوە و قاپێکم بۆ بهێنە وتی : نەلەوومڕاوە و شیری تێدا نیە فەرمووی : بڕۆ کوڕەکە ڕۆیشت و قاپێکی هێنا پێغەمبەر ﷺ دەستی بەگوانی بزنەکەدا هێنا پاشان شیری دۆشی هەتا قاپەکەی پڕ کرد پاشان فەرمووی : ﴿ انطلق به الى أمك ﴾ واتە : ببیە بۆ دایکت ئافرەتە کە تێر شیری خواردەوە پاشان کوڕەکە قاپەکەی هێنایەوە و فەرمووی : ﴿انطلق بهذه وجئني بأخرى ﴾ واتە : ئەم بزنە بەرەوە و یەکێکی ترم بۆ بهێنە وهەاشی بەمیش کرد و ئەبوبەکری لە شیر تێر کردو بزنێکی تری هێناو وهەاشی بە میش کردو پێغەمبەریش لەشیر تێر بوو نەو شەوە لەوێ ماینەوە و پاشان کەوتینە ڕێ نەو ئافرەتە پێغەمبەری ﷺ ناونابوو

موبارەك ئەومبوو مەڕەکانی ئەوەندە زۆر بوون جەڵەبێکی لێیان هێنا بۆ مەدینە لەو کاتەدا ئەبوبەکر تێپەڕی و کوڕی نافرەتەکەش چاوی پێکەوت و ناسیەوە وتی : دایە گیان ئەمە ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ موبارەکدا بوو ، دایکیشی هەستا بۆلای و وتی : ئەی بەندەی خوا ئەو پیاوەی کە لەگەڵتدا بوو کامەیە ؟ وتی : نازانی کێیە ؟ وتی : نەخێر، وتی : ئەوە پێغەمبەرە ﴿ ﷺ ﴾ وتی : دەبمبە بۆلای ئەبوبەکر بردیە خزمەتی و پێغەمبەریش ﴿ ﷺ ﴾ دەعوەتی کرد و دیاری پێشکەش کرد نافرەتەکەش هەندێ کەل و پەلی نەعرابی پێشکەش کرد و پێغەمبەریش ﴿ ﷺ ﴾ جل و بەرگی بۆ کرد و دیاری تری دایە نەویش مسوڵمان بوو .
(399)

موعجیزەی (٢٨٦) نوم مەعبەد و موعجیزەی گەورە و ناوداری شیرەکە :

هەر لەرێ ی مەدینەدا پێغەمبەر و هاوەڵانی بەلای چادرەکەی نوم مەعبەدا تێپەڕین کە لەوێش موعجیزەیەکی تری گەورە و بەناوبانگی تری پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ دەرکەوت زۆرێك لە نیمامانی فەرموودە بەتایبەت نیمامی بەیهەقی لە حوبەیشی برای نوم مەعبەد و هاوەڵی پێغەمبەری خواوە ﴿ ﷺ ﴾ ریوایەتی کردووە کە وتویەتی کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئەبوبەکر و عامیری کوڕی فوهەیرە کۆچیان کردوو کوڕی نوورە یقیطیش رێگای پیشان ئەدان گەیشتنە (قودەید) و

لایان دایە لای نوم مەعبەد : عاتیکەی کچی خالیدی کوڕی خولەیدی خوزاعی دا کە نافرەتێکی پاك داوێنی بەسالاچووی بەهێز بوو و بە بۆنەی زۆری تەمەنیەوە نەئەچۆ پەنای

---

(399) قال ابن كثير : سنده حسن كذا في الكنز ٣٣٠/٨ .

پەردەوە و لەبەردەم چادرەکەیدا دادەنیشت و هەرکەس لەوێوە تێپەڕی بکردایە لە نان و ئاو تێری دەکرد جا پێغەمبەر و هاوەڵانی لە بەرگرانی سائەکە و کەم خۆراکی خواردنەکەیان تەواو بوو بوو ، لەبەر ئەوە پرسیاریان لێ کرد کە ئایا شیر یان گۆشتی بەڵاوە هەیە بیکڕن ؟ کەچی هیچی بەڵاوە نەبوو وتی : بەخوا ئەگەر شتێکم بەڵاوە ببوایە دەمامنکردە میوان داری بۆتان پێغەمبەری خوا ﴿ ﷺ ﴾ سەیری مەڕێکی کرد کە لەلایەکی چادرەکەدا بوو بە بۆنەی لاوازی و بێهێزییەوە لەڕان بەجێ مابوو ، پرسیاری لێکرد (هل بها من لبن ؟) واتە : ئەوە شیری تێدایە ؟ وتی زۆر لاوازترە ، فەرمووی : ﴿ أتأذنين لي أن أحلبها ﴾ واتە : ماومم دەدەی بیدۆشم ؟ وتی : بەڵێ دایك و باوکم بەقوربانت بن ئەگەر شیری تێدا شك نەبەی بیدۆشە . فەرمانی دا مەڕەکەیان هێناو گرتی و دەستی بەگوانی مەڕکەدا هێنا لە ڕیوایەتێکی تردا دەستی بە پشتی داهێنا و ناوی خوای لێهێنا لە ڕیوایەتێکی تردا دوعای بەسەردا خوێند ئیتر پێی بلاو کردنەوە و شیری تێ هات و داوای قاپێکی وەهای کرد کە کۆمەڵێك لە شیر تێر بکات شیرێکی زۆری دۆشیە ناو قاپەکە و هاوەڵانی لە شیر تێر کردوو ئوم مەعبەدیشی لە شیر تێر کرد ، پاشان لە دوای هەموویان شیری خواردەوە و فەرموشی : (ساقي القوم أخرهم شربا) واتە : ئەو کەسەی شیر دەرخواردی خەڵك نەدات خۆی لەدوای هەموویان نەخواتەوە پاشان جارێکی تر قاپەکەی پرکردەوە و هەر هەموویان دووبارە خواردیانەوە و پاشان بۆ سێهەم جار پڕی کردەوە لە لای ئوم مەعبەد جێی هێشت لە ڕیوایەتێکی تردا پێی دەفەرمووێ : (ارفعي هذا لأبي معبد اذا جاءك) واتە : ئەمەش هەڵگرە تا ئەبو مەعبەد بێتەوە پاشان سواری وڵاغەکانیان بوون و ڕۆیشتن زۆری پێنەچوو ئەبو مەعبەدی مێردی هاتەوە و چەند بزنێکی لاوازیش لەبەردەمیەوە لەبەر لاوازی لارە لار بەڕێوە ئەچوون و ئێستانیشیان مۆخی تێدا نەمابوو کە ئەبو مەعبەد چاوی بەشیرەکە کەوت سەری سوڕما و وتی : ئوم مەعبەد ئەوە چیە ؟ ئەمەت لەکوێ بوو ؟ خۆ مەڕەکە نەلەوەڕاوە و سکیشی پڕ نیە و مەڕی شیر دەریش

لەماڵدا نیە وتی : نا بەخوا بەڵام پیاوێکی موبارەك کە ناوەها و ناوەها بوو لێرەوە تێپەڕی کردوو وتی : ئوم مەعبەد وەصفی بکە بۆم بە سەلیقەیەکی یەکجار زۆر وردەوە وەصفی پێغەمبەری خوای ﴿ ﷺ ﴾ کرد وتی : (رأيت رجلا ظاهر الوضاءة ، مبلج الوجه ، حسن الخلق ، لم تعبه ثجلة ، ولم تزر به صحلة ، وسيم قسيم ، في عينيه دعج ، وفي أشفاره وطف ، وفي صوته صحل ، أحور ، أكحل ، أزج ، أقرن ،شديد سواد الشعر ، في عنقه سطح ، وفي لحيته كثاثة ، اذا صمت فعليه الوقار ، واذا تكلم سما وعلاه البهاء ، وكأن منطقه خرزات نظم يتحدرن ، حلوالمنطق ، فصل ، لانزر ولا هذر ، أجهر الناس ، وأجمله من بعيد ، وأحلاه وأحسنه من قريب ، ربعة لاتشنؤة من طول ، ولا تقتحمه عين من قصر ، غصن بين غصنين ، فهو أنضر الثلاثة منظر ، وأحسنهم قدرا ، له رفقاء يحفون به ، إذا قال استمعوا لقوله ، وإذا أمر تبادروا لأمره، محفود محشود ، لا عابس ، ولا مفند) واتە : پیاوێکم دی کە دیمەنی جوان و ڕێك و پێك و ، دەم و چاوی گەشاوە و ڕەوشت جوان بوو نەوەندە ورگی نەبوو کە بۆی عەیبە بێ کە ناشیرنی بکات نەوەندەش سەری بچووك نەبوو، جوان و پێ کەوتوو بوو ، چاوەکانی زۆر ڕەش و برژانگی چاوەکانیشی درێژبوون ، دەنگی کەمێك گربوو ، بەڵام بەناسکی ، سپیایی چاویشی زۆر سپی و پێڵوەکانی ڕەش و بڕۆی درێژ و باریك و هەردوو بڕۆی بەیەکەوە نووسابوون ، قژی سەری یەکجار ڕەش و ، ملی بەرز و درێژ ، ڕیشی پان و پڕ بوو ، گەر بێدەنگ بوایە ویقاری پێوە دیاربوو ، گەر فەرمایشتیشی بکردایە گەوهەری لەدەم دەباری ، وەك دوڕ و یاقووت بە شێوەیەکی جوان بهۆنێتەوە ، پیاوێکی زمان شیرن بوو، لەسەرخۆ فەرمایشتی دەفەرموو ، نە کەم گۆ و نە فرە گۆ بوو ، بەبێ زیادەڕۆی دەنگی لەهەمووان بەرزتر بوو ، لە دوورەوە لەهەموو کەس جوان تر و ، لە نزیکیشەوە لەهەموو کەس شیرین تر و چاك تر بوو ، چوار شانەیەك بوو کەلەبەر بالاّ بەرزی کورتە بالاّیی لەبەرچاو نەدەکەوت ، لقی گوێکە لەنێوان دوو لق دا ، کە ئەو لەسێ کەسەکەدا

گەشاوەترین دیمەن و چاکترین ڕێزی هەیە ، کۆمەڵە هاوڕێیەکی هەن کە دەورەی لێنەدەن ، گەر فەرمایشت بکات ئەوانە گوێ بۆ دەگرن و گەر فەرمانیش بکات بە پەلە نە نجامی ئەدەن ، پیاوێکە کە هاوەڵانی خزمەتی ئەکەن و ، قەڵەبالغی بەدەوردایە ، نە ڕوو گرژوو نە گلەیکەرە ئەبو مەعبەد وتی : بەخوا ئەوە کاکەی قوڕیشیەو ، گەر بە خزمەتی بگەیشتمایە شوێنی دەکەوتم و تا بۆشم بکرێ هەوڵی ئەوە ئەدەم . (400)

موعجیزەی (٢٨٧) کە دەستی موبارەکی بە گوانی مەڕەکە داهێنا شیر هات پاشان بە گوانەکەی فەرموو کۆبەرەوە ئەویش کۆبووبەوە :

ئەحمەد لەئیبن مەسعودەوە هێناویەتی دەڵێت : من مەڕم دەلەوەڕاند بۆ عوقبەی کوڕی موعیت ، پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بەلامدا هات و ئەبوبەکری لەگەڵدا بوو ، پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ فەرمووی : ﴿ یاغلام هل من لبن ؟ ﴾ واتە : غولام هیچ شیر هەیە ؟ وتم بەڵێ ، بەڵام هی خۆم نیە ، فەرمووی : ئەی مەڕێ هەیە بەران نەچووبێتە سەری ، منیش مەڕێکم هێنا پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ دەستی هێنا بەگوانیدا و شیر هات کردیە قاپێك و لێی خواردوو بەشی ئەبوبەکری دا پاشان بە گوانەکەی فەرموو : ﴿ أقلص ﴾ واتە : کۆبەرەوە ، ئەویش کۆبوبەوە ، پاشان دوای ئەوە هاتم بۆلای وتم ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ نەو قسەیە چی بوو ؟ ئەویش دەستی هێنا بەسەرمدا و فەرمووی : ئەی غولام ڕەحمەتی خوات بەرکەوێت ، چونکە تۆ زانا و فێر خوازیت ﴾ بەیەقی بەو واتایە لێوەی هێناوە و تیایدا دەڵێت :

---

(400) شرح المواهب ١/٤١٠ – ٤١٦ البداية والنهاية : ٣/١٩٢ – ١٩٣ .

سه‌ره‌ مه‌ڕێکم هێنا و نه‌وێش ڕایگرت و ده‌ستی هێنا به‌گوانیدا نزایکرد نه‌بوبه‌کریش ته‌شتێکی بۆ هێنا، پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ شیرمکه‌ی کرده‌ ناوی به‌شی نه‌بوبه‌کری دا و دواتر خۆی شیرمکه‌ی خواردەوه. (401)

موعجیزه‌ی (٢٨٨) کوندە ناوی پیره‌ژنه‌که‌ و ده‌رکه‌وتنی نیشانه‌یه‌کی گه‌وره‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تی :

عیمرانی کوڕی حصین - خوا لێ ی ڕازی بێ – ده‌ڵێت : ئێمه‌ له‌گه‌شتێکدا له‌خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ردا ﴿ﷺ﴾ بووین ، شه‌و ڕەویمان دەکرد هه‌تا کۆتایی شه‌و ، خه‌و دایگرتین ، هیچ خه‌وێك نه‌وەنده‌ خۆش نیه‌ بۆ کاروانچی ، له‌خه‌و خه‌به‌رمان نه‌بوویه‌وه‌ هه‌تا گه‌رمای خۆر هه‌ڵی سساندین ، یه‌کەم که‌س که‌ له‌خه‌و هه‌ستا فلانه‌که‌س بوو پاشان فلانه‌ که‌س ، پاشان عومه‌ری کوڕی خه‌تتاب - خوا لێ ی ڕازی بێ – چواره‌م که‌س بوو ، پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ کاتێ دەنووست که‌س خه‌به‌ری نه‌دەکردەوه‌ هه‌تا خۆی هه‌ڵده‌ستا ، چونکه‌ نه‌مانده‌زانی له‌ خه‌وەکه‌یدا چی دەبینێت کاتێ عومه‌ر هه‌ستا و بینی چی به‌سه‌ر نه‌و خه‌ڵکه‌ هاتووه ، پیاوێکی تونده‌ و تۆڵ و چالاکیش بوو ، ته‌کبیری کردوو دەنگی به‌رز کردەوه ، به‌رده‌وام ته‌کبیری دەکرد به‌دەنگی به‌رز ، هه‌تا پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ به‌دەنگی نه‌و خه‌به‌ری بوویه‌وه ، کاتێ خه‌به‌ری بوویه‌وه‌ سکالایان کرد له‌خزمه‌تیدا ، له‌وەی که‌ به‌سه‌ریان هاتووه ، فه‌رمووی : (قه‌یناکا زەرەری نیه‌) نیتر ڕێکه‌وتن ، ڕۆیشتن دوورکه‌وتنه‌وه ، پاشان دابه‌زی و داوای ئاوی دەستنوێژی کرد ، بانگدرا بۆ نوێژ ، پێشنوێژی بۆ کردین ،کاتێك له‌ نوێژکه‌ بوویه‌وه

(401) حدیث حسن له‌ (البدایة والنهایة ج٦ ص١٠٢) دا هاتووه .

دەبینێت پیاوێك گۆشە گیرە و نوێژی لەگەڵ نەوان نەکردووە ، فەرمووی : (چی رێگر بووە نەی فلان کەنوێژ لەگەڵمان نەکەیت ؟) وتی : تووشی لەشگرانی بووم و ئاویش نیە ، فەرمووی : (ئەوە خۆڵ و خۆڵت بەسە) پاشان پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ کەوتە ڕێ ئینجا خەڵکەکە سکالایان کرد لە تینوێتی؟ دابەزی و بانگی فلانی کرد بانگی عەلی - خوا لێ ی ڕازی بێ - کرد و فەرمووی : (بڕۆن بگەڕێن بەدوای ئاودا) بۆی دەرچوون گەیشتن بە ئافرەتێك کە دوو کونە ئاوی پێبوو بە سەر و شتێکەوە ، پێیان وت : کەواتە وەرە بابڕۆین ، وتی بۆ کوێ ؟ وتیان بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﴿ ﷺ ﴾ وتی : ئەوەی کە پێی دەڵێن صابیئی ؟ وتیان ئەوەیە کەتۆ مەبەستە ، با بڕۆین بۆ خزمەتی ، هێنایان بۆ خزمەت پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ قسەکانیان بۆ گێڕایەوە ، فەرمووی : (لەسەر وشترەکەی دایگرن) پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ داوای قاپێکی کرد ، دەمی کوندەکەی کردەوە و ئاوی لێ ڕۆ کرد ، ئینجا بانگی خەڵکەکەیان کرد ئاو بخۆنەوە و ئاویش هەڵگرن ، هەندێك خواردیانەوە و هەندێکیش ئاویان هەڵگرت ، دواین کەس قاپێکیان دا بەو کەسەی کە لەشی گران بوو ، فەرمووی : بچۆ ئەم ئاوە بکە بەخۆتا) ئافرەتەکەش ڕاوەستاو سەیری دەکات کەچی دەکەن بە ئاوەکەی ، سوێند بەخوا لەڕاستیدا وامان بەرچاوکەوت کە ئێستا زۆرتری تێدایە لەوکاتەی کە هێنای ، ئینجا پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ فەرمووی : (شتێکی بۆ کۆبەنەوە) ئینجا هەندێ ئارد و شیر و خۆراکیان بۆ کۆکردەوە و کردیانە جلێکەوە ، خستیانە سەر پشتی وشترەکەی و جلەکەشیان خستە بەردەست ، ئەوسا فەرمووی : (دەزانی ئێمە هیچمان لە ئاوەکەی تۆ لا نەداوە، خوای گەورە ئاوی دەرخواردداوین) ئینجا گەڕایەوە بۆ ناو کەس و کارەکەی کە دوا کەوتبوو لە گەرانەوەی بۆ لایان ، وتیان : چی دوای خستی ئەی فلان ؟ وتی : سەیر و سەمەرە ، دوو پیاو پێم گەیشتن ، بردمیان بۆلای ئەوەی کە دەڵێن بووە بە (صابئة) بەو کەسە دەڵێن کە لەئایینی باب و باپیری لادەدا) ئەویش ئاوا و ئاوای کرد ، سوێند بەخوا ئەوەیان چاوبەسی لەخەڵکی دەکرد لەنێوان ئەمە و

ئەومدا - بەهەردوو پە نجە ئاماژەی بۆ ئاسمان و زەوی کرد- یان لەڕاستیدا ڕەوانەکراوی خوایە ، دوای ئەوە مسوڵمانەکان کاتێك هێرشیان دەبرد بۆ سەر موشریکەکانی ئەو دەور و بەرە ، ئەدەچوونە سەر ئەو خێڵەی ئافرەتەکەیان تێدا بوو ، ئینجا ئافرەتەکە وتی بە قەومەکەی: واناببینم کە ئەو قەومە واتە :(مسوڵمانەکان) زۆرتان لێبکەن تا مسوڵمان بن ، ئەی باشە ناتانەوێ مسوڵمان بن ؟ ئەوسا بەگوێیان کردوو هەموویان مسوڵمان بوون . (402)

بەڕاستی موعجیزەیەکی زۆر گەورە و ناوادارە .

موعجیزەی (٢٨٩) مەسینەکەت بپارێزە بۆمان لەبەرنەوەی ناوبانگێکی گەورەی دەبێت :

ئەبو قەتادە - خوا لێ ی ڕازی بێ - دەڵێ پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ وتاری بۆ دەداین فەرمووی :(ئێوە بەڕێگاومن ئەمشەوەتان ، خوا حەزکات سبەینێ دەگەن بەئاو) خەڵکەکە دەرچوون ، کەس لای نەدەکردوە بۆ کەس ، ئەبو قەتادە دەڵێ : ئە کاتێکدا پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بە ڕێگادا دەڕۆیشت هەتا نیوەی شەو ڕۆیشت و منیش لە تەنیشتیەوە بووم دەڵێ: پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وەنەوزی دەدا ، لاربوویەوە لەسەر وڵاغەکەی دەڵێ : منیش خێرا ڕاستم کردەوە و خەبەریشم نەکردەوە دەڵێ : ئینجا ڕۆیشت هەتا زۆربەی شەوەکە ڕۆیشت دووبارە بەسەر وڵاغەکەیەوە لاربوویەوە دەڵێ : راستم کردەوە لەسەر وڵاغەکەی بەبێ ئەوەی خەبەری بکەمەوە ، ئینجا ڕۆیشت هەتا کاتی کۆتایی پارشێو ، لە مجارەیان زۆر لاربوویەوە زیاتر

---

(402) پوختەی مەحیحی بوخاری لاپەرە ٩٩ – ١٠١ .

له‌دووجارەکه‌ی پێشوو هه‌تا خه‌ریك بوو بکه‌وێته خوارەوه خێرا هاتم راستم کردەوه سه‌رزی به‌رزکردەوه فه‌رمووی : ئه‌وه کێیه ؟ ئه‌بو قه‌تاده ده‌ڵێ فه‌رمووی له‌که‌یه‌وه ئاوا له‌گه‌ڵ منداى له ڕێگادا؟ وتم : هه‌موو ئه‌مشه‌و له خزمه‌تتدا بووم ، فه‌رمووی : (خوا بتپارێزێت چۆن تۆ پارێزگاری پێغه‌مبه‌ره‌که‌ت کرد) ئینجا فه‌رمووی : (ئایا وا ده‌بینی ئێمه دیار نه‌بین له خه‌ڵکیه‌وه ؟) ئینجا فه‌رمووی : ئایا که‌س ده‌بینی ؟ وتم : ئه‌وه سوارێکه ، ئینجا وتم : ئه‌وه سوارێکی تره هه‌تا کۆبووینه‌وه بووینه حه‌وت که‌س ، ده‌ڵێ : پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ له ڕێگاکه لایدا سه‌ری خسته سه‌ر زەوی ، ئینجا فه‌رمووی : (ئاگاتان له نوێژه‌کانتان بێت) یه‌کەم که‌س که هه‌ستا پێغه‌مبه‌ری خوا بوو ﴿ﷺ﴾ خۆریش له پشتیه‌وه بوو ، ده‌ڵێ : خێرا هه‌موو هه‌ستاین به شڵه‌ژاوی ، ئینجا فه‌رمووی : (سواربن) ئێمه‌ش سواربووین و که‌وتینه ڕێ هه‌تا خۆر به‌رز بوویه‌وه دابه‌زی ، ئینجا داوای مه‌سینه‌یه‌کی کرد که من پێم بوو که‌میك ئاوی تێدا بوو ، ده‌ڵێ : سوکه دەست نوێژێکی گرت ، که‌میك ئاوی تێدا بوو ، ئینجا به ئه‌بو قه‌تاده‌ی فه‌رموو : (مه‌سینه‌که‌ت بپارێزه بۆمان ئه‌وه ئاوبانگێکی گەوره‌ی ده‌بێت) ئینجا بیلال بانگی داو پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ دوو ڕکات نوێژی کرد ، پاشان نوێژی به‌یانی کرد ، هه‌روه‌کو ڕۆژانی ڕابردوو ده‌ڵێ : پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ سوار بوو ، ئێمه‌ش له‌گه‌ڵیا سوار بووین ده‌ڵێ : هه‌ندێکمان به چپه به‌هه‌ندێکمان وت : ئایا که‌فاره‌تی ئه‌وه‌ی که نوێژه‌که‌مان دوا خستبوو ده‌بێ چی بێت ؟ ئینجا فه‌رمووی : (ئایا من سه‌ر مه‌شق نیم بۆ ئێوه) پاشان فه‌رمووی : (ئاگادار بن خه‌وتن نابێته که‌مته‌رخه‌می ، به‌ڵکو که‌مته‌رخه‌می ئه‌وه : که‌سێك نوێژێك نه‌کات هه‌تا کاتی نوێژێکی تر دێت ، هه‌رکه‌س وای کرد با هه‌رکاتێ بیری که‌وته‌وه نوێژه‌که بکات ئه‌گه‌ر که‌وته‌وه سبه‌ینێ با له‌کاته‌که‌ی خۆیدا بیکا) پاشان فه‌رمووی : (ئه‌و خه‌ڵکه چیان کرد؟) ئینجا فه‌رمووی : خه‌ڵکی ڕۆژیان لێبوویه‌وه ، پێغه‌مبه‌ره‌که‌یان لێ ون بوو بوو ئه‌بوبه‌کر و عومه‌ر – خوایان لێ ی ڕازی بێ – وتیان :

پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لەدواتانەوەیە ، ئەو زۆر ددواناکەوێ لێتان ، خەڵکەکە وتیان : پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ لێتان پێشکەوتووە ، ئەگەر گوێڕایەڵی ئەبوبەکر و عومەر بن بەهەڵە داناچن ، قەتادە دەڵێ : زۆری پێنەچوو گەیشتین بە خەڵکەکە ، کاتێ خۆر بەرز بوویەوە هەموو شتێ گەرم بوو بوو خەڵك دەیان وت : ئەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ فەوتاین ، تینومانە ، فەرمووی : (نافەوتێین) ئینجا فەرمووی : (جامەکەم بۆ دەربێنن) داوای مەسینەکەی کرد ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئاوی ڕۆکردە جامەکە و ئەبو قەتادە دەیدانێ کاتێ خەڵکی مەسینەکەیان بینی کەڵەکەیان کرد لەسەری پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : (باش پڕی کەن ، هەمووتان تێر ئاو دەبن) قەتادە دەڵێ : بەقسەیان کرد ، پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئاوی ڕۆکردوو منیش ئاوەکەم دەدانێ هەتا کەس نەما من و پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نەبێ ، دەڵێ : ئینجا ئاوی تێکردوو بەمنی فەرموو : بخۆرەوە ، منیش وتم : ناخۆمەوە هەتا تۆ نەخۆیتەوە ئەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : (ئاو دێری خەڵکی دەبێ لەدوای هەموویان بخواتەوە) منیش خواردمەوە ئینجا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ خواردیەوە ، ئینجا خەڵکەکە تێر ئاو بوون و پشوویان دا ، عەبدوڵڵای کوڕی ڕەباح دەڵێ : من لەمزگەوتدا ئەوە فەرموودەیەم بۆ خەڵکەکە دەگێڕایەوە عیمرانی کوڕی حوصەین وتی : وریابە ئەی گەنج بزانە چۆن ئەو فەرموودەیە دەگێڕیتەوە لەڕاستیدا من یەکێك بووم لەو کاروانەی ئەو شەوە، عەبدوڵڵا دەڵێ وتم : کەواتە تۆ زاناتری بەم فەرموودەیە وتی : تۆ کێی ؟ وتم : لە ئەنصارەکانم، وتی : کەواتە تۆ بیگێڕەرەوە ،ئێوە زاناترن بە فەرموودەکەتان دەڵێ: گێڕامەوە بۆ خەڵکەکە عیمران وتی : لەو شەوەدا من لەوێ بووم واهەستم نەکردووە کە کەسێك هەبێت لەمن باشتر ئەو فەرموودەیەی لەبەر کردبێت . (403)

---

(403) پوختەی صەحیحی موسلیم لاپەرە ١٣٨ .

بەڕاستی بەتەنها ئەو موعجیزە گەورە و ناوداره بەسە کە گەورەترین بەڵگەیە و وەك ڕۆژی ڕوونـاك پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەسەلمێنێ و ئاسوودەیی و دڵنیـایی تـەواو دەبەخشێت بـە دڵ و دەروون .

موعجیزەی (٢٩٠) کانیاوەکەی تەبووك بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای پێغەمبەرایەتیە :

مەعـازی کوڕی جەبەل - خوا لێ ی ڕازی بێ - دەڵێ : دەرچووین لە خزمـەت پێغەمبـەردا ﴿ﷺ﴾ سـاڵی غـەزای تـەبووك ، نوێـژەکانی کـۆدەکردەوە نیـوەڕۆ و عەسـری پێکـەوە کـرد ، مەغریب و عیشایشی پێکەوە کرد ، هـەتا ڕۆژێـك نوێژەکـەی دوا خست ، لـە پاشـدا دەرچـوو مەغریب و عیشای پێکـەوە کـرد ، ئـەمجا فـەرمووی : (ئێـوە سبـەینێ - ان شـاءالله تعـالی - دەگەنە سەر کانیاوی تەبووك ، ناشگەنە ئەوێ کە خـۆر بـەرز دەبێتـەوە ، هەرکـەس لـە ئێـوە چووە سەری دەست نەدا لەئاوەکەی تـا خۆم دێم) گەیشتینە سەر کانیەکەو دوو پیاومان پـێش ئێمە کەوتبوون ، ئاوەکە وەك سیرمەی کەوش باریك بوو ، کەمێ ئاوی لێ هەڵدەقوڵا ، مەعـاذ دەڵێ : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەو دوانـەی پرسـی (ئایـا دەستتان داوە لـە ئاووەکـە ؟) وتیـان بـەڵێ ، پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ نەوەنـدەی خـوا حـەزیکات قسـەی پـێ وتـن دەڵـێ : لە پاشـان خەڵکەکە بەدەستیان کـەم کـەم لـە کانیاوەکـەیان هەڵگۆست و هـەتا کۆبوویـەوە لەشتێکدا مـەعـاذ دەڵـێ : پێغەمبـەری خـوا ﴿ﷺ﴾ لـەو شتەدا هـەردوو دەست و دەم وچـاوی شـۆرد ، لە پاشدا ئاوەکەی ڕۆکردەوە ناو کانیەکە ،کانیەکە تەقی بە ئاوێکی لافـاو ، یـان وتـی : زۆر باوکی عەلی لە گومانداییـە کامیـانی فـەرموو هـەتا خـەڵك گشـتی ئـاوی خـواردەوە ، ئـەمجا

فه‌رمووی : (ئه‌ی مه‌عاذ دوور نیه ئه‌گه‌ر ته‌مه‌نت درێژ بوو ئه‌م ده‌شه‌ره ببینیت پڕبووه له باخ و باخات . (404)

موعجیزه‌ی (٢٩١) هه‌ڵقوڵانی ئاو له‌ناو په‌نجه پیرۆزه‌کانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ :

له ئه‌نه‌سی کوڕی مالیکه‌وه - خوا لێ ی ڕازی بێ - ده‌ڵێ که پێغه‌مبه‌ری خوا و ﷺ یارەکانی له (زوراء) دا بوون، ده‌ڵێ (زوراء) جێگایه‌که له‌مه‌دینه لای بازاڕ و مزگه‌وتدایه له کاتێکدا له‌وێ بوو بانگی کرد جامۆڵکه‌یه‌ك ئاوی بۆ بهێنن له پی خسته ناو ئاوەکه ، ئاو له‌نێوان په نجه‌کانی هه‌ڵده‌قوڵا ، هه‌موو یارەکانی ده‌ستنوێژیان گرت ، (قه‌تاده) ده‌ڵێ : وتم چه‌ند که‌س بوون ئه‌ی باوکی حه‌مزه ؟ واتی ئه‌ندازه‌ی سێ سه‌د که‌س ده‌بوون ، به‌ڕاستی زۆر سه‌یره و جێگای سه‌ر سوڕمانه که به‌دبه‌ختانی سه‌ر لێشێواو و دوور له‌دین سه‌رەڕای بوونی ئه‌و موعجیزه گه‌ورانه که‌چی ڕێگه‌ی ڕاست ناگرنه به‌ر و واز له‌سه‌رکه‌شی و گومڕایی ناهێنن . (405)

---

(404) پوخته‌ی سه‌حیحی موسلیم لا په‌ڕه ٧٤٢ – ٧٤٤ .

(405) پوخته‌ی سه‌حیحی موسلیم لا په‌ڕه ٧٤٢ .

موعجیزه‌ی (٢٩٢) هه‌ر که پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ ده‌ستی خسته ناو کونده‌که‌وه یه‌کسه‌ر ئاو له‌نێوان په‌نجه‌کانیه‌وه وه‌ك کانی هه‌ڵده‌قوڵێ :

له صه‌حیحی بوخاری و موسلیمدا چه‌سپاوه که له‌سالیمی کوڕی ئه‌بولجوعد له جابیری کوڕی عه‌بدوڵڵاوه ده‌گێڕێته‌وه و ده‌ڵێ : له‌ڕۆژی حوده‌یبیه‌دا خه‌ڵك زۆریان تینوو بوو ، پێغه‌مبه‌ریش ﴿ﷺ﴾ کونده‌یه‌ك ئاوی له‌به‌ر ده‌ستدا بوو ده‌ستنوێژی لێگرت ، ئینجا خه‌ڵکه‌که هه‌موو به‌ره‌و ڕووی پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ ڕۆیشتن ئه‌ویش فه‌رمووی : (چی ڕوویداوه ؟) وتیان : ئاومان لانیه چ بۆ ده‌ست نوێژ چ بۆ خواردنه‌وه مه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی به‌رده‌ستت ، پێغه‌مبه‌ریش﴿ﷺ﴾ ده‌ستی خسته ناو کونده‌که‌وه یه‌کسه‌ر ئاوی له‌نێوان په نجه‌کانیه‌وه وه‌ك کانی هه‌ڵقوڵا ئێمه‌ش تێرمان لێخوارده‌وه و ده‌ستنوێژمان لێگرت ، سالم ده‌ڵێت: له جابیرم پرسی : چه‌ند که‌س بوون ؟ له ولأمدا وتی : ئه‌گه‌ر سه‌د هه‌زار که‌سیش بوینایه به‌شی ده‌کردین . هه‌زار و پێنج سه‌د که‌س بووین .[406]

(الله أكبر) له‌و موعجیزه گه‌وره و ناوداره به‌ڕاستی ده‌بوو ئه‌وانه‌ی که له‌وپه‌ڕی گومان و دوودڵی دان و دوورن له ئیسلام که ئه‌و موعجیزه‌یان به‌رچاو ده‌که‌وێ ده‌بوو به‌ته‌واوی دڵنیا بن و گومان و دوودڵی لاچێ له ناو دڵه‌کانیان .

---

[406] صحيح رواه البخاري و مسلم .

موعجیزه‌ی (٢٩٣) دەستی پیرۆزی لە تەشتەکە هەڵگرت هێشتا هەر پڕبوو :

صەحیحی بوخاری و موسلیم و صەحیحەکانی تر لە غەزای (بواط) دا دەگێڕنەوە کە جابیر وتوویەتی: پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ بەمنی فەرموو : (ئاد بوضوء) واتە : داوای ئاوی دەست نوێژ لە خەڵك بکە ، عەرزم کرد : ئاو دەست ناکەوێ ، پێغەمبەریش ﴿ ﷺ ﴾ داوای ئاوێکی زۆر کەمی کرد ، بۆیان هێناو دەستی خستە ناوی و شتێکی لەبەر خۆیەوە فەرموو نازانم چی بوو پاشان فەرمووی : (ئاد بجفنة الركب) واتە : داوا بکە تەشتێك بهێنن ، منیش هێنام و لەبەردەستیدا دامنا جابیر دەڵێ : پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ دەستی خستە ناو تەشتەکەوە و پە نجەکانی تێدا بلاوکردەوە و ئینجا جابیر ئاوەکەی کرد بەسەر دەستی پێغەمبەردا ﴿ ﷺ ﴾ و پێغەمبەریش ﴿ ﷺ ﴾ فەرمووی : (بسم الله) جابیر دەڵێ : دەمبینی ئاو لەنێوان پە نجە پیرۆزەکانیەوە هەڵدەقوڵا هەتا تەشتەکەی پڕ کرد ، ئینجا فەرمانی دا خەڵکەکە بێن ئاو ببەن ، ئەوانیش تا تێر ئاو بوون لێیان خواردەوە ، منیش وتم : ئایا کەس نەماوە پێویستی بە ئاو بێت ؟ ئینجا پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ دەستی لەتەشتەکە هەڵگرت هێشتا هەر پڕبوو.[407]

---

[407] صحيح رواه مسلم في حديث طويل .

موعجیزەی (٢٩٤) بیرە ئاوەکەی حودەیبیە و ڕوودانی موعجیزەیەکی گەورە :

ئیمامی بوخاری لە (بەڕێ) و سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە و کتێبە صەحیحەکانی تریش لە چەند ڕێیەکی ترەوە دەگێڕنەوە کە ئەو هاوەلانە دەڵێن : لە ڕۆژی حودەیبیەدا هەزار و چوارسەد کەس دەبووین حودەیبیەش بیرێکە هەڵمان گۆزی و دڵۆپێک ئاومان تێدا نەهێشت ئینجا پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ لەسەر لێواری بیرەکە دانیشت و داوای ئاوی کرد ، بۆیان هێنا پاشان دەمی پیرۆزی بە ئاوەکە تەڕکردوو ئینجا کردیەوە ئاو بیرەکە ئێمەش زۆرمان پێنەچوو ئاومان لێ هەڵگۆزی بەجۆرێ کە خۆمان و وڵاخەکانمان تێراوبووین . [408] (بەڕێ) دەڵێ : پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ فەرمانی دا دۆلچەیەك ئاوی بۆ بهێنن ، ئەویش ئاوی دەمی پیرۆزی خۆی تێکردوو دووعای بەسەردا خوێند پاشان دۆلچەکەی کردە ئاو بیرەکەوە ئیتر بیرەکە تەقیەوە و تا لێواری پڕ بوو لەئاو خەڵکەکەش تێریان لێخواردەوە و وڵاخەکانیشیان لێ ئاودا .

بەڕاستی ئەوە موعجیزەیەکی ئەوەندە گەورەیە کە وەك ڕۆژی ڕووناك بە بێ گومان و دوو دڵی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام ﴿ ﷺ ﴾ دەسەلمێنێ ، هەزاران درود بۆ گیانی پاکی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە خاوەنی موعجیزاتی گەورە و ناودار .

---

[408] صحيح رواه البخاري ومسلم وأحمد .

موعجیزەی (٢٩٥) لەسەر سوپاکەش نەبێ بەولاوە نەباری :

ئیبن خوزەیمە فەرمووەکەی ئیمامی عومەر - خوا لێ ی ڕازی بێ - لەبارەی (جیش العسرة) وە دەگێڕێتەوە و باسی ئەوە دەکات کە ئەوەندە تینوێتی تەنەگی پێهەڵچنیبوون پیاوی وا هەبوو لەناچاریدا وشترەکەی سەردەبڕی و ئاوەکەی ناو گەدەی دەخواردەوە ، لەوکاتەدا ئەبوبەکر - خوا لێ ی ڕازی بێ - داوای لە پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ کرد دووعا بکات پێغەمبەریش ﴿ ﷺ ﴾ دەستەکانی بەرز کردەوە و داینەنان تا هەور ڕووی ئاسمانی گرت و ئەوەندە باری تا دەفرمکانیان لێ پڕکرد ، لەسەر سوپاکەش نەبێ بەولاوە نەباری . (409)

موعجیزەی (٢٩٦) ئەوانەی دەست نوێژیان گرت لە ئاوەکە خەملاندم بە حەفتا تا هەشتا کەس :

ئەنەس - خوا لێ ی ڕازی بێ- دەڵێت : پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ داوای دەفرێك ئاوی کرد قاپێکی دەم پانیان بۆ هێنا کەمێك ئاوی تێدا بوو ، پەنجەی خستە ناو ئاوەکە ، منیش سەیرم کرد لەنێوان پەنجەکانیەوە ئاو هەڵدەقوڵا ،ئەوانەی دەست نوێژیان گرت لەو ئاوە خەملاندم بە حەفتا تا هەشتا کەس . (410)

---

(409) حديث صحيح رواه البزار والطبراني وابن خزيمة وابن حبان والحاكم والبيهقي .

(410) پوختەی سەحیحی بوخاری لاپەرە ٢٨ .

موعجیزەی (٢٩٧) پەڵە هەورێك هاتوو تێراوی كردن پاشان لەباران بارین كەوت :

لە غەزایەكی پێغەمبەردا ﴿ ﷺ ﴾ خەڵكەكە تینوویان بوو ، ئیمامی عومەریش - خوا لێ ی ڕازی بێ- داوای لە پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ كرد دووعا بكات ، ئەویش دووعای كرد پاشان پەڵە هەورێك هات و تێراوی كردن و پێویستی نەهێشتن ، پاشان لەباران كەوت وەك بڵێی هەورەكە فەرمانی پێدرابوو تەنها ئەو سوپایە تێراو بكات .[411]

بەڕاستی موعجیزەیەكی گەورەیە .

موعجیزەی (٢٩٨) فەرمووی ئادەی وەرن بۆ دەست نوێژگرتن و بەرەكەت لە خواوە :

ئەبو نەعیم لە (دلائل ، ١٤٤) لەئیبن مەسعودەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ لە سەفەرێكدا بووین كە كاتی نوێژ هات و تەنها شتێكی كەمان پێبوو لەناو پێغەمبەر ﴿ ﷺ ﴾ داوای بڕێ ئاوی كردوو كردیە ناو تەشتێك و دەستی خستە ناوی ئاو لە نێوان پە نجەكانیەوە هەڵدەقوڵا ، پاشان هاواری كردوو فەرمووی : (الا هلم الی الوضوء والبرکة من الله) واتە : (ئادەی وەرن بۆ دەست نوێژگرتن و بەرەكەت لە خواوە) خەڵكی هاتن و دەستنوێژیان گرت و منیش دەست پێشخەریم دەكرد بۆ ئاوەكە و دەمكردە ناو سكم لەبەر فەرمایشتی (والبرکة من الله) [412]

---

[411] رواه البیهقي والحاکم وصحیحه

[412] بوخاری بەهەمان شێوە لێوەی هێناوە وە لە (البدایة والنهایة ج٦ ، ص٩٧) دا هاتووە .

موعجیزه‌ی(٢٩٩)نیشانه‌یه‌کی گه‌وره‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تی له‌بار‌ه‌ی ئاوه‌وه:

نه‌نه‌س - خوا لێ ی ڕازی بێ – ده‌ڵێت : کاتی نوێژ هات هه‌رکه‌س له مزگه‌وته‌وه نزیك بووین هه‌موو هه‌ستان چوون بۆ ماڵه‌وه بۆ ده‌ستنوێژ شۆردن چه‌ند که‌سێك مانه‌وه ، ده‌فرێکی به‌ردینیان هێنا بۆ پێغه‌مبه‌ر ﴿ ﷺ﴾ که ئاوی تێدا بوو ، ده‌ستی خسته ناو ، به‌ڵام نه‌وه‌نده بچووك بوو نه‌یده‌توانی له‌پی ده‌ستی له‌ناویدا بنێت ، خه‌ڵکه‌که هه‌موویان ده‌ستنوێژیان له‌و ئاوه شۆرد وتیان : چه‌ند که‌س بوون ؟ وتی : زیاتر له هه‌شتا که‌س ده‌بوون .[413] به‌ڕاستی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره‌یه سوپاس بۆ خوای گه‌وره وه درود بۆ گیانی پاکی پێغه‌مبه‌ره‌که‌ی ﴿ﷺ﴾ .

موعجیزه‌ی (٣٠٠) قاپه پێسته‌که‌ی به‌رده‌ستی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) هه‌زار و پێنج سه‌د که‌س ئاویان لێ خوارده‌وه و ده‌ستنوێژیان لێگرت :

بوخاری له جابری کوڕی عه‌بدوڵڵاوه (خوایان لێ ڕازی بێ) هێناویه‌تی ده‌ڵێت : خه‌ڵکی ڕۆژی هه‌یبی تینوبووون و پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) قاپه پێسته‌یه‌کی له‌به‌ر ده‌ستدا بوو ده‌ست نوێژی ده‌گرت خه‌ڵکی به‌ره و ڕووی هه‌ڵپه‌یان بوو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) فه‌رمووی : چیتانه ؟ وتیان ئاومان نییه بۆ ده‌ست نوێژو خواردنه‌وه جگه له‌وه‌ی له‌به‌ر ده‌ستتدایه پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌ستی خسته ناو ئاوه‌که و ئاویش له نێو په نجه‌کانیه‌وه وه‌ك کانیاو ده‌ته‌قی نێمه‌ش ئاومان

---

[413] پوخته‌ی صه‌حیحی بوخاری لاپه‌ره ٧٧ .

خواردەوە و دەست نوێژمان گرت وتم : چەند کەس دەبوون ؟ وتی : نەگەر سەد هەزاریش بووینایە بەشی دەکردین ئێمە پانزە سەدی بووین [٤١٤]

الله أكبر لەو موعجیزە گەورە و بەناو بانگە سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە وە دروود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری پایەداری ئیسلام (ﷺ) .

واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين
وصلى الله على حبيبنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(٤١٤) موسلیم هێناویەتی لە (البداية والنهاية ج٦ ص٩٦) دا وا هاتووە نەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٤٤) و ئیبن سەعد (ج٢ ص٩٨) بەو واتایە لێومی هێناوە

سه‌رچاوه‌کان

١ـ قورئانی پیرۆز .

٢ـ پوخته‌ی ته‌فسیری قورئان / ماموّستا موحه‌ممه‌د باموّکی .

٣ـ پوخته‌ صه‌حیحی بوخاری / وه‌رگێڕانی لێژنه‌یه‌ك .

٤ـ پوخته‌ی صه‌حیحی موسلیم / تالیف زکی الدین عبدالعظیم عبدالتوی المنذری / وه‌رگێڕانی لێژنه‌یه‌ك .

٥ـ التاج الجامع للاصول فی احادیث الرسول (ﷺ) داندراوی ماموّستا شێخ مه‌نصور علی ناصف / وه‌رگێڕانی نوری فارس حه‌مه‌ خان چاپی چواره‌م به‌یروت ـ لوبنان .

٦ـ مختصر صحیح البخاري / دانراوی أبی العباس زین الدین الزبیدی / وه‌رگێڕانی نوری فارس حه‌مه‌ خان .

٧ـ معجزات ودلائل النبوة سیدالانباء والمرسلین (ﷺ)/ تالیف یوسف محمد فارح یوسف.

٨ـ السیرة النبویة والمعجزات / للقاضی الشیخ محمد بن أحمد کنعان .

٩ـ معجزات الرسول (ﷺ) / الدکتور مصطفی مراد کلیة الدعوة جامیعة الأزهر .

١٠ـ موسوعة معجزات النبي (ﷺ) / امام الدعاة فضيلة الشيخ محمد متولى الشعراوي .

١١ـ صحيح معجزات النبي (ﷺ) /أبي عمر محمد عبدالملك الزغبي .

١٢ـ حياة السعداء / أعدها أبو اسلام صالح بن طه عبدالواحيد .

١٣ـ الشفا بتعريف حقوق المصطفى/للقاضي عياض أبي الفضل عياض بن موسى بن عياض.

١٤ـ دلائل النبوة / بقلم سعيد بن عبدالقادر باشنفر .

١٥ـ زاد المعاد في هدى خير العباد / ابن القيم الجوزية محقق على منهج العلامة الشيخ محمد ناصرالدين الالبانى.

١٦ـ الصحيح المسند من دلائل النبوة / تأليف أبى عبدالرحمن مقبل بن هادى .

١٧ـ الروضة البهية فى معجزات النبي (ﷺ) والشمائل المحمد ية / اعداد الدكتور أحمد مصطفى متولى .

١٨ـ دلائل النبوة فى ضوء السنة / الدكتور أحمد محمود أحمد شيمي.

١٩ـ ژیانی نازیزمان (ﷺ) / نووسینی مامۆستا حەبیب موحەممەد سەعید .

٢٠ـ حياة الصحابة كاندهلوي / تەحقیقی فەرموودەكان شێخ موحەممەد ناصرالدين ئەلبانى / ومرگێڕانی نیهاد جەلال .

٢١ـ موعجیزات ئەحمەدی / بەدیع و زززمان سەعیدی نوورسی وەرگێڕانی فاروق ڕەسوڵ یەحیا.

٢٢ـ نوسراوەکانی ئەندازیار عوسمان موحەممەد ڕەشید .

٢٣ـ کۆیاسەکانی میحراب / مامۆستا شەماڵ عەبدوررەحمان موفتی .

لە گەڵ چەندین سەرچاوەی تر

ناوەڕۆک

موعجیزەی (١) ڕووداوی گەورەی نیسرا و میعراج و دەرکەوتنی سێ موعجیزەی پایەدار : ٣٣
موعجیزەی (٢) هەردوو دەستی بەبەردەکەوە ووشك بوون : ٤٣
موعجیزەی (٣) پیاوە ئیراشیەکە قەرزەکەی وەرگرتەوە: ٤٨
موعجیزەی (٤) خوای گەورە چاوی لە ناستی پێغەمبەردا لە بینین خست : ٤٩
موعجیزەی (٥) خوای گەورە پارێزگاری لەپێغەمبەرەکەی دەکات لەپیلانێکی شەیتانیانەی بێ باوەڕە قوڕەیشی یەکان : ٥١
موعجیزەی (٦) هەرکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە ناو ئەشکەوتی پەد ور سێ موعجیزەی گەورە دەرکەوتن: ٥٦
موعجیزەی (٧) ئەسپەکەی سوورِاقە دەستەکانی ڕۆدەچێ بەناخی زەویداو دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە : ٥٨
موعجیزەی (٨) پیاوەکە سامی ووشەی (الله) ی لێنیشت و لەرزی لێهات شمشێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە : ٦٣
موعجیزەی (٩) ئەرِبەدی کوڕی قەیس وعامری کوڕی تۆفەیل پیلانێك دژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دادەڕێژن خوای گەورەش پیلانەکەیان پووچەڵ دەکاتەوە: ٦٥
موعجیزەی (١٠) خوای گەورە مەلائیکەت دەنێرێ بۆیارمەتی دانی پێغەمبەر (ﷺ) لەجەنگی بەدردا : ٦٧
موعجیزەی (١١) خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەردەخات لەغەزای خەندەق دا بەڕەشەبا: ٧٢

موعجیزەی (١٢) جبیرل دەچێتە سەر قەڵای جوولەکەی بەنی قورەیزە: ٧٤
موعجیزەی (١٣) خوای گەورە فریشتەکانی دەنێرێ بۆ یارمەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەجەنگی حونەین دا: ٧٥
موعجیزەی (١٤) بەوێنەی بروسکە پارچە ئاگرێکی بۆ دێ لەترسان دەست بە چاوبەوە دەگرێت :..... ٧٩
موعجیزەی (١٥) دەستی لەسەر سنگم لانەبرد،هەتا وام لێهات لەبەدی هێنراوانی خوادا هیچ شتێك نەبوو لەو خۆشەویست تر بێ بەلامەوە:..... ٨٠
موعجیزەی(١٦) پیلانی جوولەکەکان سەری نەگرت : ٨١
موعجیزەی (١٧) گوێی لە دەنگی پێغەمبەر (ﷺ) بوو ، کەچی بەچاو نەیدەبینی: ٨٢
موعجیزەی (١٨) شوانەکە دڵی مۆرکراو لەبیری چۆوە :..... ٨٢
موعجیزەی (١٩) لەلای باشترین مرۆڤ هاتووەتەوە :..... ٨٣
موعجیزەی (٢٠) ئیتر زانیم کەس چاری تۆ ناکات و تۆ لەسەر هەقیت: ٨٣
موعجیزەی (٢١) پارێزگاری خوای گەورە لە پێغەمبەر (ﷺ) :..... ٨٥
موعجیزەی (٢٢) پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەوالّ دەدات بە ئەبوجەهل کەبەبێ باوەڕی وسەربڕاوی کۆتایی بەژیانی دێت: ٨٧
موعجیزەی (٢٣) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) کەخوای گەورە ئایینەکەی خۆی سەردەخات و ئاشتی و ئاسوودەیی بەرقەرار دەبێ: ٨٨
موعجیزەی (٢٤) هەوالّ دانی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەنووسراوەکەی کابە کەمۆرانە خواردوویەتی جگە لەووشەی بەرزو بڵندی خوای گەورە: ٨٩
موعجیزەی (٢٥) هەوالّ دانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەپەیدا بوونی درۆزنێك و خوێن رێژێك لەهۆزی سەقیف:.....٩١
موعجیزەی (٢٦) هەوالّ دانی پێغەمبەر(ﷺ)سەبارەت بەچارەنووسی بەدی موسەیلەمەی درۆزن:.....٩٣

موعجیزه‌ی (٢٧) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی (أم الحرام)ی کچی (ملحان) که‌به‌شداری غه‌زا ده‌کات له‌سه‌رده‌ریا: ٩٤
موعجیزه‌ی (٢٨) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) سه‌باره‌ت به‌پلانێکی عومه‌یری کوڕی وه‌هب و صه‌فوانی کوڕی نومه‌یه: ٩٥
موعجیزه‌ی (٢٩) هه‌واڵ دانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌کوژرانی نومه‌یه‌ی کوڕی خه‌له‌ف: ٩٧
موعجیزه‌ی (٣٠) به‌شوکو ڕۆژێك بێت نه‌و پیاوه هه‌ڵوێستێکی وای ببێت که‌دڵی تۆی پێ شاد بێت: ٩٨
موعجیزه‌ی (٣١) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)به‌عه‌بباس سه‌باره‌ت به‌و پاره‌یه‌ی که‌له‌ای (أم الفضل) دای نابوو به‌نهێنی: ١٠٠
موعجیزه‌ی (٣٢)سه‌رکرده‌کانی قوڕه‌یش به‌بینینی موعجیزه‌یه‌کی گه‌وره له پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)موسڵمان ده‌بن: ١٠٠
موعجیزه‌ی (٣٣) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی کیسرا که کیسرای تری به‌دوادا نایه‌ت: ١٠٢
موعجیزه‌ی (٣٤) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی عه‌ممار ی کوڕی یاسر که‌ده‌سته‌یه‌کی یاخی بوو شه‌هیدی ده‌کەن: ١٠٣
موعجیزه‌ی (٣٥) له‌وانه‌یه بمێنیته‌وه تاکو چه‌ند قه‌ومێك سوودت لێ وه‌رده‌گرن وچه‌ند قه‌ومێکی تریش له‌تۆوه تووشی زیان ده‌بن: ١٠٣
موعجیزه‌ی (٣٦) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)له‌باره‌ی نه‌و قسه نهێنیه‌ی که‌ئه‌بو سوفیان به‌هاوسه‌ره‌که‌ی ووت: ١٠٤
موعجیزه‌ی (٣٧) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌مانه‌وه‌ی عه‌بدوڵڵای کوڕی سه‌ڵام له‌سه‌ر نیسلام نامردن: ١٠٥
موعجیزه‌ی (٣٨) هه‌واڵدانی پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) به‌ماوه‌ی خه‌ڵافه‌تی ڕاشدین: ١٠٦
موعجیزه‌ی (٣٩) هه‌والّ دانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) له‌باره‌ی نامه‌که‌ی (حاطب بی کوڕی أبو بلتعه) وه: ١٠٧

موعجیزەی (٤٠) هەواڵدانی پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی کە (پابتی کوری قیس)شەهید دەبێ: ١٠٨
موعجیزەی (٤١) پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنگ و باسی غەزای مۆنتە بۆ یەعلای کوڕی نومییە باس دەکات: ١٠٩
موعجیزەی (٤٢) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەعەدی کوڕی حاتەم لەبارەی سێ ڕووداوی گەورە: ١١٣
موعجیزەی (٤٣) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ)لەبارەی نەبوو زەری غەففاری کەپێی فەرموو:بەتەنهایی دەڕۆیت و بەتەنهایی دەمرێت و بەتەنهاییش زیندوو دەکرێیتەوە: ١١٩
موعجیزەی (٤٤) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ)بەوەی کە ئوکەیدەری پادشای (دوفە الجندل) لەکانی ڕاوی گاکێویدا دەستگیر دەکرێت: ١٢٠
موعجیزەی (٤٥) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ)بەوەی کە قوڕەیش دوای جەنگی ئەحزاب هێرش ناهێننە سەر موسڵمانان: ١٢١
موعجیزەی (٤٦) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەفەتحی مەدائین: ١٢١
موعجیزەی (٤٧) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێکەوتنی حەسەن و معاویە: ١٢٢
موعجیزەی (٤٨) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بە فەتحی ئیسلامی: ١٢٢
موعجیزەی (٤٩) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە فاتیمەی کچی بەکەم کەس دەبێت لەئاڵی بەیت لەدوای پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی دەکات: ١٢٣
موعجیزەی(٥٠) هەواڵدان لەبارەی زەیدی کوری صووهان بەوەی کەئەندامێکی پێش خۆی دەچێتە بەهەشت: ١٢٤
موعجیزەی (٥١) خرێی بەکێستان لەدوزەخدا هێندەی چیای ئوحود دەبێت: ١٢٤
موعجیزەی (٥٢) هەواڵدانی لەبارەی پیاوێك کە دوزەخی یە: ١٢٥

موعجیزەی (٥٣) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی شوێنی نیاچوونی بتپەرستانی قورەیش لەجەنگی بەدردا: ١٢٦
موعجیزەی (٥٤) هەواڵدانی لەبارەی مردنی نەجاشی: ١٢٧
موعجیزەی (٥٥) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی تەمەنی عەبدوللاڵی کوری بەسر بەوەی کە صەد ساڵ دەژی: ١٢٨
موعجیزەی (٥٦) هەواڵدانەکەی سەر شاخی ئوحود: ١٢٩
موعجیزەی (٥٧) هەواڵدانەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی جەنگی حونەین دا: ١٣٠
موعجیزەی (٥٨) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبارەی کەسێک کەزەوی ڕاگیری ناکات: ١٣٠
موعجیزەی (٥٩) هەواڵدانی دەربارەی کەسێک کە دزی لە دەستکەوتی غەزاکردبوو: ١٣١
موعجیزەی (٦٠) هەواڵدانی لەبارەی پیاوێک وخێزانەکەی سەبارەت بەڕێزگرتنی میوانێکی پێغەمبەر (ﷺ) : ١٣١
موعجیزەی (٦١) هەواڵدانی لەبارەی ووشترەکەی لەغەزای تەبووکدا: ١٣٢
موعجیزەی (٦٢) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی قسەو باسی مونافیقان لەغەزای تەبووکدا: ١٣٣
موعجیزەی (٦٣) هەوڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهەڵکردنی بایەکی بەهێز لەغەزای تەبووکدا: ١٣٦
موعجیزەی (٦٤) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەپەیدا بوونی دووکۆمەڵ کەنەهلی ناگرن: ١٣٧
موعجیزەی (٦٥) هەواڵدانی لەبارەی بەفیرودانی نەمانەت: ١٣٨
موعجیزەی (٦٦) هەواڵدانی بەنەمانی حوکمی ئیسلامی و پاشان نوێژکردن: ١٣٩
موعجیزەی (٦٧) هەواڵدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهێرشی دووژمنان بۆ سەر موسڵمانان: ١٣٩

موعجیزەی (٦٨) هەواڵدانی بەشوێنکەوتن و چاولێکردنی گاورو جولەکە:..... ١٤٠
موعجیزەی (٦٩) هەواڵدانی بەبڵاوبوونەوەی سوو خواردن:..... ١٤١
موعجیزەی (٧٠) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کە شوانەوێڵەو پێخواسەکان دەبنە خاوەنی کۆشک و تەلار :..... ١٤٢
موعجیزەی (٧١) هەواڵدانی لە بارەی فرۆشتنی نافین بە کەل وپەلی دنیا :..... ١٤٢
موعجیزەی (٧٢) هەواڵدانی لەبارەی پەیدابوونی پۆلیسی خراپ و ستەمکار:..... ١٤٣
موعجیزەی (٧٣) هەواڵدانی لە بارەی ڕۆیشتن بە ناو مزگەوتدا و نوێژ نیایدا نەکردنی :..... ١٤٤
موعجیزەی (٧٤) هەواڵدانی لەبارەی نزیک بوونەوەی زەمان و کەمی بەرەکەت لەکاندا :..... ١٤٤
موعجیزەی (٧٥) هەواڵدانی بەوەی کە نەبوبەکر وعومەر دەبنە جێنشین:..... ١٤٥
موعجیزەی (٧٦) هەواڵدانی بەوەی کە خەڵافەت لە دوای خۆی سی ساڵ بەردەوام دەبێت پاشان دەبێتە بەپاشایەتی یەکی گەزندە :..... ١٤٦
موعجیزەی (٧٧) فەرمووی بازرگانیەکەت قازانجی کرد :..... ١٤٦
موعجیزەی (٧٨) هەواڵ دانێکی ڕاست ودرووست لەحەجی ماڵناوایدا:..... ١٤٧
موعجیزەی(٧٩)هەواڵدانی لەبارەی چارەنووسی عومەیری کوڕی حومام:..... ١٤٨
موعجیزەی (٨٠) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی چارەنووسی کافرە موشرێکەکان لە غەزای بەدردا :..... ١٤٩
موعجیزەی (٨١) هەواڵ دانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی شەهید بوونی خوبەیبی کوڕی عەدیی :..... ١٥٠
موعجیزەی (٨٢) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی چارەنوسی عەبدوڵڵای کوڕی عمروی کوڕی حرام :..... ١٥٥
موعجیزەی (٨٣) هەواڵدانی لەبارەی تەسەکردنی ئەبوهورەیرە لەگەڵ شەیتان:..... ١٥٦

موعجیزەی (٨٤) هەواڵدانی بەبوونی شەیتان لە ماڵی قەتادەی کوڕی نوعمان دا : ١٥٨
موعجیزەی (٨٥) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) بەوەی کەفریشتە گوێی لەقورئان خوێندنی نوسەیدی کوڕی حوجەیر گرتووە : ١٥٩
موعجیزەی (٨٦) هەواڵدانی لەبارەی شۆردنی حەنزەڵە لایەن فریشتەکان لەجەنگی ئوحوددا : ١٦٠
موعجیزەی (٨٧) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی دابەزینی فریشتەکان لەبەر خاتری سەعدی کوڕی موعاژ : ١٦١
موعجیزەی (٨٨) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی سزاو نەشکەنجەی نەبوجەهل لە ژیانی بەرزەخدا : ١٦٣
موعجیزەی (٨٩) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی بوونی کەسێکی ڕەش پێست کە یەکێك لەقۆڵەکانی وەك مەمکی نافرەت وایە لەناو کۆژراوانی خەواریج دا : ١٦٤
موعجیزەی (٩٠) هەواڵدانی لەبارەی فەتح کردنی قوستەنتینیە: ١٦٥
موعجیزەی (٩١) هەواڵدانی بەوەی فەرمووی : هەتا عومەر لە ژیاندا مابێت فیتنەوە ناشووب هەڵناگیرسێت : ١٦٥
موعجیزەی (٩٢) لەپاش سێ ساڵ چۆنی فەرموو وەها هاتە دی: ١٦٦
موعجیزەی (٩٣) نەتەوەکەم بەموڵك و دەستەڵاتداری نەو جێگایانە دەگەن کەهێنرانە بێش چاوم :..... ١٦٦
موعجیزەی (٩٤) هەواڵدانی لەبارەی دەست و پێڕی قەدەری یە : ١٦٧
موعجیزەی (٩٥) هەواڵدانی لەبارەی چەند پیاوێکی وڵاتی فارس کە شەیدای زانست وزانیارین : ١٦٧
موعجیزەی (٩٦) هەواڵدانێکی گەورە لەغزای خەندەق دا :..... ١٦٨
موعجیزەی (٩٧) سێ هەواڵدانی گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) : ١٦٩

موعجیزەی (٩٨) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی پەیدابوونی ئاگرێك لەخاکی حیجاز کەگەردنی ووشتر لەشاری بوصرای شامەوە ڕووناك دەکاتەوە: ١٧٠
موعجیزەی (٩٩) هەواڵدانی لەبارەی نەوگەلەی جاوو لوت بچکۆلە وروومەت سوڕن :..... ١٧١
موعجیزەی (١٠٠) هەواڵدانی بەوەی کەقەڵای خەیبەر فەتح دەکرێت: ١٧٢
موعجیزەی (١٠١) هەواڵدانی بەوەی کەپادشاوسەرکردەی نەمەوییەکان ستەمکار دەبن : ١٧٣
موعجیزەی(١٠٢)هەواڵدانی کەعەببباسیەکان بەناڵای ڕەشەوە پەیدا دەبن:..... ١٧٤
موعجیزەی (١٠٣) هەواڵدانی بەوەی کەخلیفە عوسمان لەکانیێکدا شەهید دەکرێت کەقورئان دەخوێنێت : ١٧٤
موعجیزەی (١٠٤) هەواڵدانی لەبارەی چارەنووسی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر: ١٧٥
موعجیزەی (١٠٥) هەواڵدانی لەبارەی ناشووربەکانی جەنگیزخان و هۆلاکۆ: ١٧٦
موعجیزەی (١٠٦)هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی حوسەینی کوڕی علی کەلە (الکف) واتە کەربەلا شەهید دەکرێت : ١٧٦
موعجیزەی (١٠٧) هەواڵدانی لەبارەی چەند هەرزەیەکی قوڕەیش کەستەمکارو دڵڕەقن : ١٧٧
موعجیزەی (١٠٨) هەواڵدانی پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی سزای جوولەکەکان لەناو گۆڕدا: ١٧٧
موعجیزەی (١٠٩) پێغەمبەر (ﷺ) ڕای سپاردووم نەمرم تا دەسەڵات دەگرمە دەست : ١٧٨
موعجیزەی (١١٠) هەواڵدانەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەزیلجە و شەنی چەبابی دەقاو دەق دێتەدی : ١٧٩
موعجیزەی (١١١) دووعاکردنی بۆ هۆزی پەقیف گیرا دەبێ : ١٨٠

موعجیزەی (١١٢) دووعای پێغەمبەر (ﷺ) گیرا دەبێ لە ستەمکارەکانی قورەیش: ١٨٠
موعجیزەی (١١٣) داواکارم خوای گەورە شێرەکەیت بۆ بنێرێ: ١٨١
موعجیزەی (١١٤) لەدەستدانی چاویان بەهۆی نزای پێغەمبەر(ﷺ) : ١٨٣
موعجیزەی (١١٥) نزای پێغەمبەر(ﷺ) لە عەبدوللای کوڕی قەمینە گیرا دەبێ: ١٨٣
موعجیزەی (١١٦) دووعا کردنی لە پادشای فارس گیرا دەبێ : ١٨٤
موعجیزەی (١١٧) دووعاکردنی لەهۆزی (مُڕ) گیرا دەبێ : ١٨٤
موعجیزەی (١١٨) نەی خوایە لە موحەللیم خۆش مەبە : ١٨٥
موعجیزەی (١١٩) لەدوای نەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووعای لێکرد دەستی ڕاستی بۆدەمی بەرزنەکردەوە : ١٨٦
موعجیزەی(١٢٠)دوعاکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ سائیبی کوڕی یەزید: ١٨٦
موعجیزەی (١٢١) ئەگەر خۆڵی بکڕیبایە قازانجی دەکرد : ١٨٧
موعجیزەی (١٢٢) دەرگا و حەوشەی ماڵەکە وتیان ئامین کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دووعای کرد بۆ ئالی عەباس: ١٨٧
موعجیزەی (١٢٣) جێگیر بوونی جەریر لەسەر ئەسپەکەی بەهۆی نزای پێغەمبەر (ﷺ): ١٨٨
موعجیزەی (١٢٤) فراوان بوون و زۆر بوونی ڕزق و ڕۆزی ماڵەکەی عەبدوللای کوڕی بوسر بەهۆی نزای پێغەمبەرەوە (ﷺ) : ١٨٩
موعجیزەی (١٢٥) پێدانەوەی بینایی بەهۆی نزای پێغەمبەری خواوە (ﷺ) : ١٨٩
موعجیزەی (١٢٦) چاوەکەی قەتادە چاك دەبێتەوەو بینایی زیاد دەبێ بەهۆی نزاکەی پێغەمبەر (ﷺ) : ١٩٠
موعجیزەی (١٢٧) دەزووی دەکرد بەدەرزیدا کاتێ تەمەنی هەشتا ساڵ بوو چاوەکانیشی سپی بوون : ١٩١

موعجیزەی (١٢٨) پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزا بۆ نابینایەك دەكات ، خوای گەورەش چاوەكانی چاك دەكاتەوە : ١٩٢
موعجیزەی (١٢٩) نزاكردنی بۆ عەبدورەحمانی كوڕی عەوف : ١٩٣
موعجیزەی (١٣٠) عەبدوڵڵای كوڕی جەعفەر بەرەكەت دەكەوێتە كەسابەتەكەیەوە هەرچی یەكی دەكڕی قازانجی لێ دەكرد : ١٩٣
موعجیزەی (١٣١) خوایە هەركاتێك سەعد لێت پارایەوە دووعای گیرا بكە : ١٩٤
موعجیزەی (١٣٢) لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا مرد وەك تەمەنی پازدە ساڵ بێ وابوو : ١٩٤
موعجیزەی (١٣٣) سەرماوگەرما كاریان تێ نەدەكرد چونكە پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ كردبوو : ١٩٥
موعجیزەی (١٣٤) سەدو بیست ساڵ ژیا كەچی دەم وددانی لەهی هەموو كەسێك جوانتر بوو ، ددانیشی نەكەوت : ١٩٥
موعجیزەی (١٣٥) دووعاكردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ فاتیمەی كچی گیرا دەبێ : ١٩٦
موعجیزەی (١٣٦) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزای بۆكرد هیچی لەبیر نەدەچۆوە : ١٩٦
موعجیزەی (١٣٧) نزاكردنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەعد دەبێتە هۆی چاك بوونەوە : ١٩٧
موعجیزەی (١٣٨) خوای گەورە دووعاكەی پێغەمبەر (ﷺ) گیرا دەكات و عومەری كوڕی خەتتاب موسڵمان دەبێ : ١٩٧
موعجیزەی (١٣٩) دووعا كردنی بۆعەبدوڵڵای كوڕی عەببباس : ١٩٨
موعجیزەی (١٤٠) عوسمانی كوڕی عاص قورئانی لەبیرنە دەچۆوە چونكە پێغەمبەر (ﷺ) دووعای بۆكردبوو : ١٩٨
موعجیزەی (١٤١) نزاكەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەنەس گیرا دەبێت: ١٩٩
موعجیزەی (١٤٢) خوا بەرەكەت بخاتە ئەو شەوەتانەوە : ١٩٩

موعجیزەی (١٤٣) خوای گەورە لەبەر هەوڵ و تێکۆشانی پێغەمبەرەکەی فریای گەنجێك دەکەوێت و لە نەهامەتیەکی گەورە ڕزگاری دەکات : ٢٠١
موعجیزەی(١٤٤) بەهۆی نزای پێغەمبەر(ﷺ) جولەکەیەك موسڵمان دەبێ : ٢٠٢
موعجیزەی (١٤٥) دووعاکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ گوفهیلی کوڕی عەمری دەوسیی: ٢٠٢
موعجیزەی (١٤٦) بەرەکەتی دەستی موبارەکی پێغەمبەرو دوو موعجیزەی زۆر گەورەو بەناوبانگ: ٢٠٥
موعجیزەی (١٤٧) هیزە ڕۆنەکەی نوم مالیك و موعجیزەیەکی گەورە: ٢٠٦
موعجیزەی (١٤٨) هیچ بیرێك لە مەدینەدا بە ئەندازەی نەوبیرە ئاوە ئاوەکەی خۆش و سازگار نەبوو : ٢٠٧
موعجیزەی (١٤٩) کەسەرنجی خورماکانی دا هەر دەتوت هیچی لێ کەم نەبۆتەوە : ٢٠٨
موعجیزەی (١٥١) باران بارین بەهۆی دووعای پێغەمبەر (ﷺ) ٢١٠
موعجیزەی (١٥٢) مسوڵمان بوونی دایکی نەبو هورەیرە بەهۆی دووعای پێغەمبەر(ﷺ): ٢١١
موعجیزەی (١٥٣)پێغەمبەری خوا فوو دەکات بە قاچی سەلەمەی کوڕی ئەکوەع بریندەکەی سارێژ دەبێ:- ٢١٣
موعجیزەی (١٥٤) سپی نەبوونی سەری سائیبی کوڕی یەزید بەهۆی دەست لێدانی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ٢١٣
موعجیزە ی (١٥٥) : چاك بوونەوەی زمان گیرانی بەشیر بەهۆی چارەسەرکردنی لەلایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) : ٢١٤
موعجیزەی (١٥٦)تەمەنی هەشتا سانّ بوو نیشانەی پیری لێ دەرنەکەوتبوو: ٢١٥
موعجیزەی (١٥٧) هیچ ئافرەتێك نەبینراوە دەمووچاوی نەوەندە جوان بێت:- ٢١٥

موعجیزەی (١٥٨) لەتەمەنی سەد ساڵیدا کۆچی دوای کرد کەچی جێگای دەستەکەی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بەرەشی مابۆوە:- ٢١٦
موعجیزەی(١٥٩)کەسێکی ناشیرین بوو بەڵام بە بەرەکەتی دەستی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بوو بە پیاوێکی کەڵەگەت و جوان:- ٢١٦
موعجیزەی(١٦٠)نەو جێ دەستەی سپی و دیار بوو : ٢١٧
موعجیزەی (١٦١) ڕووخساری بریقەی لێوە دەهات بە بەرەکەتی دەستی پیرۆزی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾: ٢١٧
موعجیزەی (١٦٢)ساڕێژ بوونی برینەکەی قەتادە بە دەستی شیفا بەخشی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾: ٢١٨
موعجیزەی (١٦٣)چاك بوونەوەی دەستە قرناوەکەی موعەوەد ژی کوڕی عەفرا لە غەزای بەدردا : ٢١٨
موعجیزەی (١٦٤)پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ فوی کرد بەسەر شانی خوبەیبی کوڕی یەساف لە غەزای بەدردا خوای گەورە شیفای بۆ ناردوو چاك بووەوە: ٢١٩
موعجیزەی (١٦٥)پێیە شکاوەکەی علی کوڕی حەکەم چاك بووەوە بێ ئەوەی لە نەسپەکەش دابەزی: ٢١٩
موعجیزەی (١٦٦)ئیمامی علی نازارێکی هەبوو پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دووعای بۆ کرد ئیتر چاك بووەوە ٢٢٠
موعجیزەی (١٦٧)پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەستی پیرۆزی بەناو لەپی داهێناو تا نەو لووەی هەڵگرت و هیچ شوێنەوارێکی نەما: ٢٢٠
موعجیزەی (١٦٨)مرۆڤێکی هێنندە ژیر دەرچووکە لە خەڵکی ژیر تر بوو: ٢٢١
موعجیزەی (١٦٩)برینەکەی موحەمەدی کوڕی حاتەب ساڕێژ بوو بە فووی دەمی پیرۆزی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾: ٢٢١
موعجیزەی (١٧٠)چاك بوونەوەی زمان گیرانی منداڵێك: ٢٢٢
موعجیزەی (١٧١)نەوەندە شەرمن و بەحەیا دەرچوو کە لەشاری مەدینەدا هیچ نافرەتێکی تر نەبوو هێندەی نەو بەشەرم و حەیا بێت: ٢٢٢

موعجیزەی (١٧٢)منداڵێکی ساوا دێتە قسەو شایەتی بۆ ڕاستگۆی پێغەمبەر(ﷺ) دەدات: ٢٢٣
موعجیزەی (١٧٣) هەر کە پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پیادا هێنا هیچ شوێنەوارێکی نەما : ٢٢٤
موعجیزەی (١٧٤)پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست بەسەر حەنزەلەدا دێنێ و دووعای بۆ دەکات: ٢٢٤
موعجیزەی (١٧٥)خوایە سەرمایان لە ڕووەدا بشکێنە: ٢٢٥
موعجیزەی (١٧٦)خوایە جوانی بکەو دڕێژە بە جوانیەکەی بدە تەمەنی گەیشتە سەد ساڵ زیاتر، ناڵە مووی سپی لە ڕیشیدا نەبوو کەمێک نەبێت: ٢٢٥
موعجیزەی (١٧٧)کە مووسیبەت دەهات ڕێی فرمێسکی لە چاوانی دەبینی، بەڵام نەدەڕژایە سەر کوڵمەکانی : ٢٢٦
موعجیزەی (١٧٨)هەروەک بەناو حەمام دا بەڕێوە بچم لە بەر کەرماوابوو: ٢٢٧
موعجیزەی (١٧٩)چیا و بەردەکان سەلامیان لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد: ٢٢٨
موعجیزەی (١٨٠)بەردێک لە مەککەدا دەناسمەوە: ٢٢٩
موعجیزەی (١٨١)مینبەرەکە کەوتە لەرینەوەو تەکاندان: ٢٢٩
موعجیزەی (١٨٢)ناماژەی بۆ هەربێک دەکر یەکسەر دەکەوت: ٢٣٠
موعجیزەی (١٨٣)پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هات و پەڵە هەورێکی بەسەرەوە بوو سێبەری بۆ دەکرد هەر کە دانیشت سێبەرەکە هات بۆ لای: ٢٣١
موعجیزەی (١٨٤) بەدرێژای تەمەنی شانازی بەم شمشێرەوە دەکرد: ٢٣٢
موعجیزەی (١٨٥)پەلە دارخورمایەکی دایەو لە دەستیدا بوو بەشمشێر: ٢٣٢
موعجیزەی (١٨٦)نەو تیرانەی کە نووکیشیان نەبوو وەک نەوەی باڵیان گرتبێت لە کەوان دەردەچوون: ٢٣٣
موعجیزەی (١٨٧)کچێکی مردوو وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) دەداتەوە: ٢٣٤
موعجیزەی (١٨٨)کە خستیانە ناو گۆڕەکەیەوە قسەی کرد: ٢٣٤

موعجیزەی (١٨٩)لە کاتێکدا کە مردبوو ژنان لەسەری دەگریان هاتە قسەو پێی ووتن بێدەنگ بن: ٢٣٥
موعجیزەی(١٩٠)جوبریل ومیکائیل پاریزگاری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن: ٢٣٦
موعجیزەی (١٩١)ئەوە جبریلە کە ئاینەکەتان فێر دەکات: ٢٣٦
موعجیزەی (١٩٢) هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) جیبریل لەسەر شێوەی کەسێک دەبینن ٢٣٧
موعجیزەی (١٩٣) ڕوناکییەک لەگەڵ لەدایک بوونی پێغەمبەر (ﷺ) بینراوە: ٢٣٧
موعجیزەی (١٩٤)سێبەرکردنی هەور بۆ پێغەمبەر (ﷺ) : ٢٣٨
موعجیزەی (١٩٥) هەر کە پێغەمبەر (ﷺ) لای دایە ژێر سێبەری دەرختەکە یەکسەر دەوروبەری سەوز بوو: ٢٣٩
موعجیزەی (١٩٦) ئەگەر لەگەڵیاندا خواردنی بخواردایە هەموویان تێر دەبوون: ٢٣٩
موعجیزەی (١٩٧)فەڕو بەرەکەت دەکەوێتە ناو مەڕو ماڵات و ووشترەکانیەوە: ٢٤٠
موعجیزەی (١٩٨) هیچ کاتێک لەدەست برسیەتی و تینوویەتی سکاڵای نەکردووە: ٢٤٠
موعجیزەی (١٩٩)کتێبە ئاسمانیەکان شاهێدی لەسەر ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) دەدەن. ٢٤١
موعجیزەی (٢٠٠) پێغەمبەر(ﷺ) لە پشتەوەشڕا بینیویەتی: ٢٤٦
موعجیزەی (٢٠١) گۆڕەکەی فرێی دایە دەرەوە : ٢٤٧
موعجیزەی (٢٠٢) ترس خستنە دڵی ناحەزەکانی : ٢٤٨
موعجیزەی (٢٠٣) سەرکەوتن بەتاڵە مووەکانی پێغەمبەر (ﷺ): ٢٤٨
موعجیزەی (٢٠٤) پرشنگەکە مایەوە تاچوونەوە لای داکیان : ٢٤٩
موعجیزەی (٢٠٥) پەنجەکانی ڕۆشناییان دەبەخشی : ٢٥٠

موعجیزه‌ی (٢٠٦) خه‌ڵکی له‌ماڵه‌کانیان گوێیان له‌ده‌نگی بوو : ٢٥٠
موعجیزه‌ی (٢٠٧) خوای گه‌وره دڵی موسڵمانان پەیوەست دەکات
به‌یه‌که‌وه : ٢٥١
موعجیزه‌ی (٢٠٨) پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ سێ جار به‌هێزترین بیاو ده‌دات به
نه‌رزدا که ناوی ڕۆکانه بوو..... ٢٥٢
موعجیزه‌ی (٢٠٩) خواردەمەنی نەسبیحاتی خوا دەکات: ٢٥٥
موعجیزه‌ی (٢١٠) نەسبیحاتی بەرد لە دەستی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾.....٢٥٦
موعجیزه‌ی (٢١١) دار عەصا ڕۆشنایی دەدات: ٢٥٧
موعجیزه‌ی (٢١٢) خوای گەورە ترس دەخاتە دڵی ناحەزانی
پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ یەك مانگ پێش نەوەی کە بگاتە لایان. ٢٥٨
موعجیزه‌ی (٢١٣) زۆر بوونی ئیمانداران بەهۆی بەرەکەتی پێغەمبەری
خواوە﴿ﷺ﴾:.....٢٥٨
موعجیزه‌ی (٢١٤)لەت بوونی مانگ مەعجیزە گەورەو ناوداركە : ٢٦٠
موعجیزه‌ی (٢١٥) کوڕی پیرژنەکە زیندوو دەبێتەوە: ٢٦١
موعجیزه‌ی (٢١٦) نەگۆڕانی لاشەی دوو هاوەڵی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ لەناو
گۆڕدا:..... ٢٦٣
موعجیزه‌ی (٢١٧) بۆنی میسك لە گۆڕی هاوەڵی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾
سەعدی کوڕی موعاز دێت: ٢٦٧
موعجیزه‌ی (٢١٨)ڕۆچوون بەناخی زەویدا : ٢٦٧
موعجیزه‌ی (٢١٩)دەنگێکیان بیست نەیاندەزانی کێیە: ٢٦٨
موعجیزه‌ی (٢٢٠) باڵندەیەك چووە سەر تەرمەکەی هاوەڵەی پایەداری
پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئیبن عەببباس و لەگەڵی چووە ناوگۆڕ: ٢٦٨
موعجیزه‌ی (٢٢١) سەوادی کوڕی قارب بەهۆی بینینی موعجیزەیەك
موسوڵمان دەبێت: ٢٦٩
موعجیزه‌ی (٢٢٢) عوسمانی کوڕی عەفان بە بینینی موعجیزەیەك
موسوڵمان بوو:.....٢٧٢

موعجیزه‌ی (٢٢٣) ڕاهیبێك پێی وت: چاكترینی پێغەمبەرانە نەكەی هیچ كەسێ پێشت بكەوێ بۆ لای: ٢٧٢
موعجیزه‌ی (٢٢٤) لەخەوەكەیدا بینی كەسێك هات بۆ لای و فڕێی دەدایە ناو ئاگر پێغەمبەریشی ﴿ﷺ﴾ بینی دەیگرت تا نەكەوێتە ناوبەوە: ٢٧٤
موعجیزه‌ی (٢٢٥) لەخەوەكەیدا بینی كە ڕووناكیەك لە كەعبەوە دەركەوت تا شاخی بەسرێبی ڕونك كرد: ٢٧٥
موعجیزه‌ی (٢٢٦) نەم ووشانە لە تێر و تەواویدا گەیشتونەتە بەرزترین پلە: ٢٧٨
موعجیزه‌ی (٢٢٧) لەتكردنی سنگی پیرۆزی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾: ٢٨١
موعجیزه‌ی (٢٢٨) مۆری پێغەمبەرایەتی لەسەر شانی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەبوو: ٢٨٤
موعجیزه‌ی (٢٢٩) مانگایەك شایەتی بۆ ڕاستگۆیی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەدات: ٢٨٥
موعجیزه‌ی (٢٣٠) هەركە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ گۆڕانەكەی دا لەووشترەكە نەوەندە خێرابوو پێش ووشترەكانی تر دەكەوت: ٢٨٦
موعجیزه‌ی (٢٣١) ڕێگای بۆچۆڵ كەن و وازی لێ بێنن لەبەرنەوەی فەرمانی پێ كراوە: ٢٨٧
موعجیزه‌ی(٢٣٢) تیژ ڕەوەبوونی نەسپەكەی نەوبو تەلحە: ٢٨٩
موعجیزه‌ی (٢٣٣) تا پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە نوێژەكەی بووەوە نەسپەكە هیچ نەندامێكی خۆی نەجوڵاند: ٢٩٠
موعجیزه‌ی (٢٣٤) سكاڵای وشترێك لە خزمەتی پێغەمبەردا ﴿ﷺ﴾ ٢٩٠
موعجیزه‌ی (٢٣٥) لە پاش وەفاتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ووشترەكەی وازی لە خواردن و خواردنەوە هێنا و مانی گرت: ٢٩١
موعجیزه‌ی (٢٣٦) ئاسكێك شاهێدی دەدات كە خوا تاك و تەنهایە و موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە: ٢٩٢

موعجیزه‌ی (٢٣٧) بزن مژه‌یه‌ك شاهیدی بۆ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌دات و دێته‌ قسه‌کردن به‌هۆی نه‌و موعجیزه‌یه‌ گه‌وره‌ ناوداره‌ هه‌زار که‌سی دوور له‌ دین موسڵمان ده‌بن :..... ٢٩٢
موعجیزه‌ی (٢٣٨) گورگێك قسه‌ ده‌کات وشاهیدی له‌سه‌ر ڕاست کۆیی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ده‌دات :..... ٢٩٥
موعجیزه‌ی (٢٣٩) وتی نه‌گه‌ر نه‌و موعجیزه‌یه‌ له‌مه‌ککه‌دا باس بکرێت که‌سی تێدا نامێنێت و چۆڵ ده‌بێت..... ٢٩٦
موعجیزه‌ی (٢٤٠) کۆمه‌ڵه‌ گورگێك دێنه‌ خزمه‌تی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) داواکاری یه‌کانیان ده‌خه‌نه‌ڕوو:..... ٢٩٧
موعجیزه‌ی (٢٤١) هه‌رکه‌باسی پێغه‌مبه‌ری خوای (ﷺ) لای شێره‌که‌ کرد شێره‌که‌ زیانی پێ نه‌گه‌یاندو ڕێگاکه‌ی پیشاندا:..... ٢٩٨
موعجیزه‌ی (٢٤٢) کۆتره‌کانی شاری مه‌ککه‌ سێبه‌ریان بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) کرد :..... ٣٠٠
موعجیزه‌ی(٢٤٤) هیچ‌ عه‌ترو میسکێك بۆنی له‌ عه‌ره‌قی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) خۆشتر نه‌بووه :..... ٣٠١
موعجیزه‌ی (٢٤٥) نووری ڕووخساری پیرۆزی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌ده‌وشایه‌وه‌و ڕووناکی ده‌به‌خشی :..... ٣٠١
موعجیزه‌ی (٢٤٦) گریانی بنه‌ داربێك له‌ تاو دووری‌که‌وتنه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) لێیه‌وه :..... ٣٠٢
موعجیزه‌ی (٢٤٧)شایه‌تی دانی دره‌ختێك له‌سه‌ر ڕاست کۆیی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ):..... ٣٠٥
موعجیزه‌ی (٢٤٨) جیبریل – سه‌لامی خوای له‌سه‌ر بێ – موعجیزه‌یه‌ك پیشانی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌دات :..... ٣٠٧
موعجیزه‌ی (٢٤٩) دارو به‌رده‌کان داواکاری یه‌کەی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) جێبه‌جێ ده‌که‌ن:..... ٣٠٨

موعجیزه‌ی (٢٥٠) دره‌ختێك ڕوخسه‌ت وه‌رده‌گرێت له‌ پێغه‌مبه‌ر ﴿ﷺ﴾ تا سه‌لامی لێ بکات : ٣٠٩
موعجیزه‌ی (٢٥١) دره‌ختێك هه‌واڵی دا به‌پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ که‌جنۆکه‌کان ده‌یانه‌وێت بێنه‌ خزمه‌تی : ٣٠٩
موعجیزه‌ی (٢٥٢) مل که‌ج بوونی دار و دره‌خت بۆ پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ ٣١٠
موعجیزه‌ی (٢٥٣) هه‌رکه‌ پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ بانگی کرد هێشووه دارخورما که‌ به‌ته‌کاندان هاته‌ خزمه‌تی: ٣١٦
موعجیزه‌ی (٢٥٤) پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ به‌وه‌نه‌وزه‌وه‌ به‌ڕێگادا ده‌ڕۆیشت دره‌ختێك هاته‌ ڕێی به‌کسه‌ر ده‌ره‌خته‌که‌ دووکه‌رت بوو :..... ٣١٧
موعجیزه‌ی (٢٥٥) پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ له‌ ئاسمانه‌وه‌ خواردنی بۆ ده‌هات: ٣١٨
موعجیزه‌ی (٢٥٦) له‌ قاپه‌ حه‌لوایه‌ك سێ سه‌د که‌س تێریان خوارد قاپه‌که‌ش هه‌ر پڕبوو هیچی لێ که‌م نه‌بوو بوو : ٣١٩
موعجیزه‌ی (٢٥٧) هه‌ر پارووێه‌کیان هه‌ڵده‌گرت له‌ بنه‌وه‌ زیادی ده‌کرد زیاتر له‌ پاروووه‌که: ٣٢١
موعجیزه‌ی (٢٥٨) جگه‌ری مه‌ڕێك به‌ره‌که‌ت داربێ و به‌شی خه‌ڵکێکی زۆر ده‌کات : ٣٢٢
موعجیزه‌ی (٢٥٩) پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ هه‌شتا که‌سی تێر کرد به‌ پێخۆرێکی زۆر که‌م : ٣٢٣
موعجیزه‌ی (٢٦٠) نان و خواردنێکی پڕ پیت و به‌ره‌که‌ت له‌ ڕۆژی خه‌ندەق دا : ٣٢٤
موعجیزه‌ی (٢٦١) سێ سه‌د که‌س تێریان خوارد له‌ خواردنه‌که‌ی ئوم سولەیم که‌چی وه‌ك خۆی مایه‌وه‌و که‌می نه‌کرد : ٣٢٦
موعجیزه‌ی (٢٦٢) پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ کۆمه‌ڵێکی زۆری له‌ خه‌ڵکی تێر کرد له‌یه‌ك مشت خوارده‌مه‌نی خوارده‌مه‌نیه‌که‌ش وه‌ك خۆی مایه‌وه‌ که‌می نه‌کرد : ٣٢٧

موعجیزه‌ی (٢٦٣) هه‌موو نه‌وانه‌ی له‌خواردنه‌که‌یان خوارد موسڵمان بوون و به‌یعه‌تیان له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر دا ﴿ﷺ﴾ کرد : ٣٢٨
موعجیزه‌ی(٢٦٤) نه‌گه‌ر نه‌یان پێوایه هه‌رلێیان ده‌خواردوو به‌شیشی ده‌کردن :..... ٣٢٩
موعجیزه‌ی (٢٦٥) قاپه‌ گۆشتێك هه‌ر له‌ به‌یانی تا شه‌و ده‌سته‌ به‌ده‌سته‌ خه‌ڵك لێیان ده‌خواردوو و ده‌ڕۆیشتن : ٣٣٠
موعجیزه‌ی (٢٦٦) کۆمه‌ڵه‌ خه‌ڵکێکی زۆر له‌ خواردنه‌که‌ی دایکی جابیر یان خوارد لێشی مایه‌وه: ٣٣٠
موعجیزه‌ی (٢٦٧) خوای گه‌وره‌ وه‌ڵامی داواکاریه‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر﴿ﷺ﴾ دا ده‌داته‌وه : ٣٣١
موعجیزه‌ی (٢٦٨) نه‌گه‌ر هه‌موو خه‌ڵکی سه‌ر زه‌ویش بهاتبانایه به‌شی ده‌کردن :..... ٣٣١
موعجیزه‌ی (٢٦٩) وه‌ك چۆن یه‌کەم جار دانرابوو هه‌روه‌ها بوو به‌ڵام جێگای په‌نجه‌کانی نێدا دیاربوو : ٣٣٢
موعجیزه‌ی (٢٧٠) باوه‌ڕدار له‌یه‌ك قاپدا ده‌خوات به‌ڵام بێباوه‌ڕله‌ حه‌وت قاپدا ده‌خوات : ٣٣٣
موعجیزه‌ی (٢٧١) پێی فه‌رموو بخۆو به‌شی مالّ منداڵه‌که‌شت بده : ٣٣٤
موعجیزه‌ی (٢٧٢) نه‌وه‌ رزق و ڕۆزیه‌که‌ خوا بۆی ده‌رکردن : ٣٣٤
موعجیزه‌ی (٢٧٣) نه‌گه‌ر وازی لێ بهێنابایه تا ڕۆژی دوایی ده‌ستهاڕه‌که‌ ده‌یهاڕی :..... ٣٣٥
موعجیزه‌ی(٢٧٤) : ده‌رکه‌وتنی گه‌وره‌ترین به‌ڵگه‌و نیشانه‌ له‌سه‌ر ڕاستی و دروستی پێغه‌مبه‌رایه‌تی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) :..... ٣٣٦
موعجیزه‌ی (٢٧٥) به‌ره‌که‌تێکی گه‌وره‌ و ناودار به‌هۆی نزای پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) : ٣٣٧
موعجیزه‌ی (٢٧٦) زه‌ماوه‌نده‌که‌یان پڕ بیت و به‌ره‌که‌ت بوو: ٣٣٨

موعجیزەی (٢٧٧) هەزار و چوار سەد کەس لێیان خوارد کەچی کەمی نەکردبوو و وەك خۆی مابوو: ٣٣٩
موعجیزەی(٢٧٨) دەعوەتێکی ناودار و پڕ پیت و فەڕ : ٣٣٩
موعجیزەی (٢٧٩) هەموو خەڵکەکە لە خواردنەکەیان خوارد تەنها سێ یەکیان لێ خوارد دوو بەشی لێ مایەوە ٣٤٠
موعجیزەی (٢٨٠) قاپە خورماکە و موعجیزەیەکی گەورە و ناودار : ٣٤١
موعجیزەی (٢٨١) سێ مشتە جۆ شەش مانگ لێیان خواردوو هیچی کەم نەکرد : ٣٤٢
موعجیزەی (٢٨٢) خورماکان بەدەوری جلەکەدا دەکەوتن لەبەر زۆری :..... ٣٤٣
موعجیزەی (٢٨٣) تێشووی سوارەکانی تیرەی نەحمەس و ڕوودانی موعجیزەیەکی گەورە : ٣٤٤
موعجیزەی (٢٨٤) پەرداخە شیرەکە گەورەترین بەڵگەی پێغەمبەرایەتیە : ٣٤٤
موعجیزەی ﴿٢٨٥﴾ نافرەتەکە ناوی لە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ نابوو موبارەك :..... ٣٤٧
موعجیزەی (٢٨٦) نوم مەعبەد و موعجیزەی گەورە و ناوداری شیرەکە : ٣٤٨
موعجیزەی (٢٨٧) کە دەستی موبارەکی بە گوانی مەڕەکە داهێنا شیر هات پاشان بە گوانەکەی فەرموو کۆبەرەوە نەویش کۆبوویەوە : ٣٥١
موعجیزەی (٢٨٨) کوندە ناوی پیرەژنەکە و دەرکەوتنی نیشانەیەکی گەورەی پێغەمبەرایەتی : ٣٥٢
موعجیزەی (٢٨٩) مەسینەکەت بپارێزە بۆمان لەبەرنەوەی ناوبانگێکی گەورەی دەبێت : ٣٥٤
موعجیزەی (٢٩٠) کانیاوەکەی تەبووك بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای پێغەمبەرایەتیە :..... ٣٥٧
موعجیزەی (٢٩١) هەڵقوڵانی ئاو لەناو پەنجە پیرۆزەکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ :..... ٣٥٨

موعجیزەی (٢٩٢) هەر کە پێغەمبەر ﷺ دەستی خستە ناو کوندەکەوە یەکسەر ئاو لەنێوان پەنجەکانیەوە وەك کانی هەڵدەقوڵا : ٣٥٩
موعجیزەی (٢٩٣) دەستی پیرۆزی لە تەشتەکە هەڵگرت هێشتا هەر پڕبوو : ٣٦٠
موعجیزەی (٢٩٤) بیرە ئاوەکەی حودەیبیە و ڕووداتی موعجیزەیەکی گەورە : ٣٦١
موعجیزەی (٢٩٥) لەسەر سوپاکەش نەبێ بەوڵاوە نەباری : ٣٦٢
موعجیزەی (٢٩٦) نەوانەی دەست نوێژیان گرت لە ئاوەکە خەڵاندم بە حەفتا تا هەشتا کەس : ٣٦٢
موعجیزەی (٢٩٧) بەڵە هەورێك هاتوو نێراوی کردن پاشان لەباران بارین کەوت : ٣٦٣
موعجیزەی (٢٩٨) فەرمووی ئادەی وەرن بۆ دەست نوێژگرتن و بەرەکەت لە خواوە : ٣٦٣
موعجیزەی (٢٩٩) نیشانەیەکی گەورەی پێغەمبەرایەتی لەبارەی ئاوەوە: ٣٦٤
موعجیزەی (٣٠٠) قاپە پێستەکەی بەردەستی پێغەمبەر (ﷺ) هەزار و پێنج سەد کەس ئاویان لێ خواردەوە و دەستنوێژیان لێگرت : ٣٦٤



خوێنەری بەڕێز :

لەم کتێبەدا ٣٠٠ موعجیزە لە موعجیزە گەورەو بەناوبانگەکانی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) خراونەتەڕوو لە فەرموودە صەحیحەکاندا لە چەندین بواری جۆراوجۆردا کە هەریەکێك لەو موعجیزانە خۆی لەخۆیدا گەورەترین بەڵگەو نیشانەیە لەسەر راست و دروستی پێغەمبەرایەتی ئەم پێغەمبەرە پایەدارە(ﷺ) جا هیوادارم ئەم موعجیزانە زیاتر ببنە مایەی دڵخۆش بوون و پتەوبوونی بڕوای بڕواداران و بەڵگەیەکی زۆر گەورەش بن بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕێبازی ئەو پێغەمبەرە(ﷺ) دوورن ببنە هۆی ڕەواندنەوەی گومانی ناو دڵەکانیان و ئاشنابوونیان بە ڕێبازی سەرفرازی و بەختەوەری ئیسلام.

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

نرخی (٧٠٠٠) دینارە

ژمارەی سپاردن (٦٩٢)